بووژاندنەوەی

# مێژووی زانایانی کورد

لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بووژاندنەوەی

# مێژووی زانایانی کورد

لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە

دانراوی

**محەمەدعەلی قەرەداغی**
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

**بەرگی هەشتەم**

ناوی کتێب: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە – بەرگی هەشتەم
دانانی: محەمەدعەلی قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٤٧
پیت لێدان: کوردستان کەیفی + بەسۆز هیمداد + دارا ئەحمەد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٠٨٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی
دراوەتێ

# وتەیەك

لەم بەرگەیشدا بە یارمەتی خودا –وەك بەرگەكانی دی– ناوی چەند حوجرە و مەدرەسەی شار و شارۆچكە و گوندەكانی كوردستان تۆمار دەكەم كە لە سەردەمی جیا جیادا مەڵبەندی ڕۆشنبیریی بوون و، هەر یەكەیان لە چەرخ و سەردەمی خۆیدا دەورێكی كاریگەری لە بڵاوكردنەوە و گەشەپێدانی ڕۆشنبیریدا دیوە. ئەم حوجرە و مەدرەسانەی لەم بەرگەدا ناویان دێت، پێبزانم، هیچیان لە بەرگەكانی دیدا بەم شێوەیە و مێژووەی ئێرە ناویان نەهاتووە، بۆیە ئەمانەیش دەرخەری بەشێكی دی لە نەخشەی خوێندنی حوجرە و مەدرەسەكانی كوردستان دەبن، لەو سەردەمانەدا كە بنكەی ڕۆشنبیری بوون و جێگەی فەقێ و خوێندن بوون.

## حوجرە و مەدرەسەكان

### پیتی ئەلف

١– ١٠٩/س دانراوێكی شەرعە بە زمانی فارسی دانراوی ئیمامی غەزالییە، ڕۆستەمی كوڕی عوثمانی كوڕی ئەحمەدی ئەسغەر لە گوندی **(ئەڵەبجە)** لە خزمەتی مەولانا یوسف لە فەرمانڕەوایی **(ئیبراهیم پاشادا)** نووسیویەتیەوە.

٢– ٤٤/ ٣٥٩ تەفسیری بەیضاویی، محەمەدی كوڕی شێخ عەبدوڵڵای كرێوەیی ساڵی ١٢٣٤ لە مزگەوتی **(ئیبراهیم ئاغا)** نووسیویەتیەوە.

٣– ٢١٩/ ١ حیسامكاتی، محەمەدی كوڕی محەمەد ساڵی ١٢٨٣ لە مزگەوتی **(أولی جامیعە)** لە كەركووك نووسیویەتیەوە.

٤– ٤٤/ ٣٥١ شەرحی جامی، بەشێكی صالح لە گوندی **(ئەوێهەنگ)** ساڵی ١٣٠٣ نووسیویەتیەوە.

٥– ٤٤/ ٣٥١ شەرحی جامی، بەشێكی صالح ساڵی ١٣٠٤ لە گوندی **(ئەحمەد ئاوا)** نووسیویەتیەوە.

٦– ٤٤/ ٣٠٩ –ع حاشیەی قزڵجی، ڕەسووڵی كوڕی خضری كوڕی محەمەد ساڵی ١٣٢٨ لە مەدرەسەی مەلا محەمەد **(ئەسوەد)** لە گوندی سێدالآن نووسیویەتیەوە.

## پیتی بێ

١- ٥٤٨/ خ- (الوافي في العروض والقوافي) دانراوی ماموٚستا مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی ساڵی ١١٧٩ لە گوندی **(بێتووشی)** هاوینە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حکوومەتی یوسفیدا نووسیویەتیەوە.

٢- ٤٤/ ٣٥٩ تەفسیری بەیضاوی محەمەدی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کرێوەیی ساڵی ١٣٢٦ لە گوندی **(بنەخوێ)** نووسیویەتیەوە.

٣- ٤٤/ ٣١٠- ٣ حاشیەی زێباریی ئەحمەدی کوڕی عەبدوڕەحیمی دەرەهەردیی ساڵی ١٢٨٨ لە گوندی **(بۆکان)** نووسیویەتیەوە.

٤- ٤٤ ٣١٠ - ١ حاشیەی میر ئەبولفەتح، ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوڕەحیمی دەرەهەردیی لە گوندی **(بۆکان)** نووسیویەتیەوە.

٥- ٤/ ٢٧٢ کۆمەڵێك دانراوە بەم شێوەیە:

١- ئیساغوٚجی.

٢- تذکرة العوام.

٣- الأشکال الأربعة.

٤- تەرجەمەی چەند حەدیث بەفارسی.

٥- حاشیەی چۆڕیی بەسەر تەصریفەوە.

٦- إعلال التصریفی ئیبراهیمی شارانی.

٧- الإعراب عن قواعد الإعراب.

عەبدولقادری کوڕی سەید مەحموودی حەدادی هەنگەژاڵیی ساڵی ١٣٠٦ لە **(بانە)** نووسیویەتیەوە.

٦- شەرح موغنی، دانراوی محەمەدی کوڕی عەبدوڕەحیمی عومەریی میلانی، عەزیزی کوڕی مەلا محەمەدی بالیکەدەرەیی لە خزمەتی مەلا ئەمینی بالیکەدەریدا- دیارە لە مزگەوتی **(بالیکەدەریی)** بووە لە سلێمانی - ساڵی ١٣٠٧ نووسیویەتیەوە.

٧- ١/ ٢١٨- ٤ (الإستعارة) دانراوی مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی.

محەمەد ئەمینی باغجەلەیی ساڵی ١٣٤٣ لە **(باغجەلە)** نووسیویەتیەوە.

٨- ٤/ ٢٢٤ (الأندلسی) لە عەرووضدا دانراوی ئەبوعەبدوڵڵای محەمەدی مەعرووف و

ناسراو بە (أبوالجیش الأنصاری) لە گوندی **(بیسکا)** لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی گەردیدا نووسراوەتەوە.

٩- ٤٤/ ٣٥٩ تەفسیری بەیضاوی، محەمەدی کوڕی شیخ عەبولڵای کرێوەیی لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی بانەییدا لە شارۆچکەی **(بانە)** نووسیویەتیەوە.

١٠- ٤٤/ ٣٥٩ تەفسیری بەیضاوی محەمەدی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کرێوەیی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نەصروڵڵا سوڵتانی کوڕی سوبحان وێردیی سوڵتاندا لە شاری **(بەڕۆژە)** نووسیویەتیەوە.

## پیتی پێ

١- ٤٤/ ٣٥١ شەرحی جامی، صالح لە گوندی **(پایگەڵان)** نووسیویەتیەوە.

## پیتی تێ

١- ٩/ خ **أنوار - التنزیل** - تەفسیری بەیضاویی. حاشیەی مەلا عەبدوڵڵای (خضری) بەسەرەوەیە، لە شوێنێکیدا دەڵێ: لە گوندی تاڵەبان نووسیمەوە، کاتێك لە دەست تاعوون هەڵهاتبووین، ئەحمەدی کوڕی عەبدوڕەسووڵی بەرزنجیش تا سێ جار موقابەلەی کردووە، جاری سێیەم ساڵی ١٢٧٩ بووە.

## پیتی دال

١- ١٤٥/ خ- المحاکمات، دانراوی ئەحمەدی کوڕی حەیدەر، ئیبراهیم ساڵی ١١٣٣ لەبەرخاتری خاڵی لە گوندی دیڤین- دیوین نووسیویەتیەوە[١].

٢- ٨٩/ خ- فەرائیضی قازی زەکەریا مەحموود لە گوندی **(دۆڵەبی)** نووسیویەتیەوە.

لە شوێنێکی دیدا نووسراوە: لە گوندی چالاوەدا لە ماڵی خضری کوڕی ئیسماعیلی کیژانی ١٢٨٨.

٣- ٤٤/ ٣٠٢ فەنناریی عەبدولکەریمی بەیرەمی ساڵی ١٣٣١ لە مزگەوتی **دارۆغە** نووسیویەتیەوە.

## پیتی ڕێ

١- ٤٤/ ٣٠٩- ٧ (أجزاء القضیة) عەبدولعەزیزی سابڵاخی ساڵی ١٣٢٨ لە مزگەوتی **(ڕۆستەم بەگ)** لەبەر خاتری مەلا عەبدوڵڵا نووسیویەتیەوە.

(١) ڕەنگە ئەم نووسەرەوە هەمان نووسەرەوە بێت کە لە لاپەڕە (٣٣)ی بەرگی (٢)دا ناوی هاتووە.

## پیتی سین

١- ٣٢٥/ خ حاشیەی سەید شەریف بەسەر شەرح شەمسیەوە. ئەحمەدی کوڕی ڕۆستەمی کوڕی ئیبراهیمی ناسراو بە(البیدري) ساڵی ١٠٩٧ لە گوندی **(سووورداش)** کاتێك سولەیمان بەگ چووەتە سەر سووورداش نووسیویەتیەوە.

٢- ٥١٩/ خ- مەقاماتی حەریری، مەحمـوودی کوڕی سولەیمانی ئالانی، میرضیائەدین، ساڵی ١١٩٦ لە گوندی **(سووورداش)** نووسیویەتیەوە.

٣- ٥٩٢/خ - دلائل الخیرات، مەحموودی کوڕی ئیبراهیم بەگ ساڵی ١٢٧١ لە تەکیەی پیرۆزی **(سوورێن)** نووسیویەتیەوە.

٤- ١٦٨/خ (حاشیة أحمد بن موسی الخیالي) لەسەر عەقائیدی نەسەفی، محەمەد لە **(سلێمانی)** بۆ مەلا ئەمینی نووسیوەتەوە.

٥- ١٤٧/ خ- حاشیەی قزڵجی بەسەر تەصریفی مەلا عەلییەوە، لوطفوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای ئەنصاریی تاڵشی دۆلابی ساڵی ١٣٢٦ لە گوندی **(سنەی)** سەر بە سەقزی کوردستان نووسیویەتیەوە.

٧- ١١٥/ خ- حاشیەی تەفتازانی بەسەر موختەصەری مونتەهاوە، محەمەدی کوڕی ڕەسوڵی کوڕی سەید محەمەدی بەرزنجی ساڵی ١٢٥٠ لە شاری **(سلێمانی)** نووسیویەتیەوە، حاشیەی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی بەسەرەوەیە.

٨- ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥/ خ- کۆمەڵێك دانراوە. ساڵی ١٢٦١ محەمەدی ناسراو بە مەعرووفی کوڕی سەید ڕەسوڵی کوڕی سەید محەمەدی بەرزنجی ڕۆژی هەینی، کاتی عەسر ١١/ج لە شاری **سلێمانی** نووسیویەتیەوە.

## پیتی قاف

١- ٢٢٥/٤- مەلا پیرۆت- شەرحی تەصریفی مەلا عەلی، محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی فەتاحی، کوڕی ئیبراهیمی، کوڕی خضری، کوڕی عەبدوڵڵای **(قەرە سالمی)** ساڵی ١٣٦٥ لە گوندی **(قەرە سالم)** نووسیویەتیەوە.

## پیتی کاف

١- ٤٤/ ٢- بەشی چوارەمی (محرر) جەمالی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی جەمالی کوڕی خضری کوڕی عەلی سەنجەریی لە هۆزی (دهلی) یان (دیکی) لەبەرخاتری فەقێ

وەتمانی میراوایی ساڵی ١١٥٠ لە گوندی **(گڵەزەردە)** نووسیویەتیەوە.

١- ٣/ ٦٩/ خ- (الربع الثالث من تحفة المحتاج) محەمەدی کۆڵەساریی ساڵی ١٢٦١ لە گوندی **(کۆڵەسار)** لە خزمەتی مەولانا ئەحمەدی خالیدی نەقشبەندی موجەدیدیدا نووسیویەتیەوە، ئەمەش بە فەرمانی شێخ عوثمانی خالیدیی نەقشبەندیی بووە.

٢- ٢٤٦/ ١/ ع ریسالەی (محەمەد ئەمین) بەسەر جیهەتی وەحدەتەوە، عوثمانی دەوژانی ساڵی ١٢٩٣ لە شاری **(کەرکووک)** نووسیویەتیەوە.

٣- ٤/ ٢١٨/ ع تەصریفی مەلا عەلی محەمەد ئەمینی باغچەلەیی ساڵی ١٣٢٧ لە گوندی **(کەندەڵان)** نووسیویەتیەوە.

٤- ٢١٨/ ٣/ ع (تخفیف الهمزة) دانراوی قزڵجی، محەمەد ئەمینی باغچەلەیی لە گوندی **(کانی کەوە)** نووسیویەتیەوە.

٥- ٤. ٤/ع کۆمەڵێك دانراوە بەم شێوە:

١- عصام الدین، مەلا عوثمانی خورمڵەیی ساڵی ١٣١٧ لە گوندی **(کۆزەپانکە)** نووسیویەتیەوە.

٢- سەید شەریف، عوثمانی خورمڵەیی ساڵی ١٣١٧ لە گوندی کۆزەپانکە نووسیویەتیەوە.

٣- (رسالة الوضع) عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانی کۆیی لەبەر خاتری مەلا عوثمانی خورمڵەیی نووسیویەتیەوە.

٤- (الإستعارة) مەلا عوثمانی خورمڵەیی لە گوندی خورمڵە ساڵی ١٣١٦ نووسیویەتیەوە.

٥- شەرحی ئیستیعارەی شێخ مەحموودیی مەلا عوثمانی خورمڵەیی ساڵی ١٣١٦ لە گوندی **(خورمڵە)** نووسیویەتیەوە.

٦- ١/ ٣٠٨ خ (حاشیة میر أبي الفتح) لە پەراوێزەکانیدا نووسراوە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم و عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕۆستەم لە گوندی **(کامریان)** نووسیویانەتەوە.

## پیتی هێ

١- ٤٤/ ٣٥١ شەرحی جامی، بەشێکی صاڵح ساڵی ١٣٠٣ لە **(هوش بدارانی)** لە خزمەتی مامۆستا شێخ نیعمەتوڵڵای هەزارکانیانیدا نووسیویەتیەوە.

٢- ٢٢٨/ ع دانراوێکە لە نەحودا محەمەدی کوڕی خوسرەو لە چەند شوێندا لەوانە: خۆشناو (**هەرتەل**)، کۆیسنجەق نووسیویەتیەوە.

## پیتی یێ

١- ١/ ٢٢١/ ع تەرجیعبەندی فارسی، ئەحمەدی قەندۆڵی ساڵی ١٢٩٤ لەبەر خاتری مەحموود، لە مزگەوتی (**یوسف پاشا**) لە محەللەی مەڵکەندیی، لە خزمەتی مامۆستا مەلا مەحمووددا نووسیویەتیەوە.

# له خزمەت دەستخەتی قورئانی پیرۆزدا

له سەرەتاوە حەزم کردووە ناو و وێنەی بەرهەمی خۆشنووسانی کورد کۆ بکەمەوە و، نووسین و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەم و، قۆناغەکانی نووسین و خۆشنووسیی لە کوردستاندا لەبەر رۆشنایی ئەو دەق و دەستخەتانەی لە دەستدان دیاریی بکەم، بەڵام کە رەستەی ئەم بابەتەیشم، وەك کەرەستەی بابەتەکانی دیکەی (**بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد...**) لە شوێنێك یان لە چەند شوێنێکدا بە خڕیی و حازریی دەست نەکەوتووە، بۆیە بۆم نەلواوە ناو و وێنەی شوێنەواری خۆشنووسانی کورد لە یەك شوێندا کۆ بکەمەوە و، بە جۆرێك لە جۆرەکان رێکیان بخەم و بابەتبەندییان بکەم، بەڵام هەرچۆن هەیە و چۆن بۆم گونجابێت وەها دەستخەتەکانیانم کۆ کردوەتەوە و لە سەریانم نووسیوە، بەمە کەرەستەی بابەتەکەم لە چەند بەرگ و جێگەدا کۆ کردووەتەوە و لەسەریانم نووسیوە، لەمەولایش هەرچیم دەست بکەوێت بەسەریدا ناڕۆم، بەڵکو لە ئەنجامدا بتوانم یەکیان بخەم و، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەسەریان بنووسم.

خۆ ئەگەر تەمەنی منیش بە بەریەوە نەبوو و، مەرگ مۆڵەتی ئەنجامدانی کارەکەی نەدام وەك خۆم دەمەوێت، ئەوە کەرەستەکان لەبەردەستدان و، هەر کەسێکی شارەزاو کارامە و لێهاتوو بیەوێت دەتوانێ ئەوەی من نەمتوانی ئەنجامی بدەم ئەو درێژەی پێ بدات یان تەواوی بکات. لەم بەرگەیشدا هەنگاوێ لەسەر رێگەی کۆکردنەوەی وێنە و زانیاریی لەسەر خۆشنووسانی کورد و شوێنەوارەکانیان دەنێم.

لەم بەرگەدا –جگە لەو دەستخەتە قورئانانەی لەملاولا دیومن و دەستم کەوتوون– سەردانی کتێبخانەی مەلیك عەبدولعەزیزم لە مەدینەی مونەوەرە کرد و، لەوێ چەند قورئانی دەستخەتی شوێنەواری زانا و خەتخۆش و میر و دەستەڵاتدارانی کوردم دی، دەکرێ ببن بە بەشێك لە شوێنەواری خەتخۆشانی کورد و کەلەپووری کورد.

دیارە لەمەوپێش و لە ساڵانی کۆندا، کە هێشتا چاپ پەیدا نەبوو بوو، قورئان لە هەموو شوێنێك نەبووە و بە ئاسانی دەست نەکەوتووە، بۆ ئەم مەبەستە ئەوانەی چوون بۆ حەجی ماڵی خودا باشترین دیاریی کە بردبێتیان بۆ ئەو شوێنە پیرۆزانە قورئان بووە کە لەوێ وەقفیان کردوون و، لەو شوێنانەدا موسوڵمانان دەوریان تێدا کردوونەتەوە.

وەك نموونەی بەروبوومێکی ئەو کارە سامانی گەورەی قورئانی دەستخەتی یەك

مەکتەبەی شاری مەدینەی پیرۆزە کە زیاتر لە (١٨٧٠) قورئانی جۆراوجۆری گەورە و بچووکی دەستخەتی تێدایە، دەتوانین بڵێین گەورەترین قورئانی دەستخەت لەو کتێبخانەدایە کە کێشەکەی (١٥٥)کغم. جگە لەوەیش دەیان جۆر و رەنگ و شێوە و خەتی تێدایە.

لە ناو ئەو قورئانە دەستخەتانەدا چەندین شوێنەواری خەتخۆشانی کورد دەبینرێت، وەك چەند قورئانیش دەبینرێت کە میر و دەستەڵاتدار و ناودارانی کورد لەو شوێنانە وەقفیان کردوون و ماونەتەوە.

لە چاوگێڕانێکی زۆر بەپەلە و کورت بە لیستی ئەو دەستخەتانەدا کە لەو کتێبخانەدان چەندین قورئانی دەستخەتم بینی، کە یان دەستخەتی خۆشنووسانی کوردن، یان میر و ناودارانی کورد بۆ ئەو شوێنانەیان وەقف کردوون. لەبەرئەوەی ئەو شوێنەوارانە لای ئێمە هیچ باسێکیان نەکراوە و، ئاگاشمان لە مێژووی خاوەن و نووسەرەوەکانیان نییە و، بەشێکی مێژووی ئەو کەسانەمان بۆ دەردەخەن.. لێرەدا لە خزمەتی هەر یەکێك لەو قورئانانەدا کەمێك دەوەستم و، شتێکی کورتیان لەسەر دەنووسم و، ئەگەر گونجایش لە هەر یەکێکیان یەك دوو وێنە دەخەمە ڕوو. ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کە:

– دیارە لە ناو ئەییووبیاندا خەتخۆش هەبووە و رەنگە زۆریش بووبن و، لەوانەیە کەسی وایشیان هەبووبێت خەتخۆشیی کردبێت بە پیشەی خۆی، وەك لە ناو ئەم چەند خەتخۆشەدا دوو خۆشنووسی ئەییووبی دەبینرێن، یەکێکیان دوو قورئانی نووسیوەتەوە. هەروەها یەکێك لەو ئەییووبیانە وزە و توانایەکی لە رادەبەدەری بووە، بەجۆرێك کە خۆی دەڵێت: بڕواناکەم کەس پێشی دابمەوە، راستیش دەکات: کێ هەیە بتوانێ بەوجۆرە نایابە کەموێنە قورئانێکی تەواو لە ماوەی دوو مانگدا بنووسێتەوە؟

وێنەی سەرەتا و کۆتایی ئەم قورئانانەم لەسەر (سیدی) وەرگرتووە، هەندێکیان ژمارەیان بەسەرەوە نییە، هەندێکیشیان لە ژمارەیەك زیاتریان بەسەرەوەیە، هەروەك ئەندازە و باسیان نەنووسراوە، منیش ئەوەی لە وێنەکان وەردەگیرێ دەینووسم و، بەگوێرەی کۆنی و دێرینیی تەمەنیان ریزیان دەکەم.

هەروەها لەگەڵ ئەمانەیشدا چەند قورئانی دەستخەتی دیکەم لەملاولا دەستکەوتووە، وێنەم لێ وەرگرتوون و لەسەرم نووسیون، ئەوانیشم لەگەڵ ئەماندا یەکخست و بابەتی دەستخەتەکانی قورئانم لەم بەرگەدا لێ پێکهێنان، بۆ جیاکردنەوەی قورئانەکانی سعوودییە لە پاڵ هەر ژمارەیەکدا (م،م)م داناوە، واتە قورئانی دەستخەتی مەدینەی مونەوەرە.

## قورئانی دەستخەتی سیروزی

**١** (م، م)

ئەم قورئانە میر عەبدوڵڵای (محب إسماعیل بکزادە سیروزی) وەقفی کردووە بە مەرجی ئەوەی لە حەرەمی نەبەویدا بپارێزرێ، ئەمەیش لە ساڵی ١٢٦٤دا بووە، لە کۆتایی وەقفنامەکەوە مۆری (محب عبداللە)ی پێوەیە.

ئەم قورئانە لاپەڕەکانی یەکەم و دووەمی زەڕکەفتکارییەکی زۆر جوان کراوە، لە زەڕکەفتکارییەکەدا ڕەنگی شین دیار و ئاشکرایە، کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەی تەڵایی دیاریی کراوە، ناوی سوورەتەکان بە مەرەکەبی سپیی لە ناو پانکۆڵەیەکی تەڵایی بە ڕەنگی شین ئەملاولا گیراودا نووسراوە.

ئەم قورئانە دەروێش محەمەدی کوڕی مستەفا دەدەی کوڕی حەمدوڵڵای ناسراو بە (إبن الشیخ) لە مانگی (ربیع الآخر)ی ساڵی ٩٦٠دا نووسیویەتیەوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم
مالك يوم الدين اياك نعبد واياك
نستعين اهدنا الصراط المستقيم
صراط الذين انعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين


كتبه درويش محمد بن مصطفى دده بن حمد الله
المعروف بابن الشيخ حامدا لله و مصليا على
نبيه محمد و آله اجمعين في شهر ربيع
الآخر سنه ستين وتسعمايه
والمأمول من الكرام العفو
عن زلل الأقلام لأن الإنسان
جبل بالنقصان فها أنا
الموصوف بالعصيان
والنسيان فرحم
الله من أنصف فعفا
ونظر فدعا

## قورئانە دەستخەتەکەی شێخ عەبدوڵڵای ئەلی پەکانی

### ٢

بیستم لە ناحیەی (باوەنوور) لای مامۆستایەك قورئانێکی دەستخەت هەیە، هەوڵم داو هەلیان بۆ ڕەخساندم(١).

ڕۆژی ١٢/ ١١/ ٢٠٠٧ چووم بۆ باوەنوور بۆ زیارەتی قورئانەکە. بەڵێ چووینە باوەنوور لە ماڵی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای ئەلی پەکانی کە پیاوێکی بە تەمەنی بەڕێز بوو، قورئانەکەی پیشان دام زیارەتیم کرد، بەڵێ کە بینیم بۆم دەرکەوت لەوە زیاتر دەهێنێ کە لە سلێمانییەوە بچم بۆ باوەنوور بۆ دیتنی.

داوام لە مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا کرد کە قورئانەکەم بداتێ لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە بۆ سلێمانی، تا بە شێنەیی سەرنجی بدەم و لەسەری بنووسم، مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا، بۆ ئەمەیش، دەستی بەڕوومەوە نەناو قورئانەکەی دا پێم لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە بۆ سلێمانی.

### باسێکی دەستخەتەکە

قورئانەکە دەستخەتێکی نایابی جوان و باش پارێزراوە، قەوارەکەی بچووکە. پێوانەکەی (١٤ × ٩)ە، لاپەڕەی (١٦) دێڕی تێدایە.

لە پێش لاپەڕەی یەکەمەوە وێنەیەکی جوانی زەڕکەفتکراوی بە ئاوی زێڕە، ڕەنگەکانی ڕەش و سوور و شین کراوی تێدایە.

لاپەڕەکانی یەکەم و دووەمیشی زەڕکەفتکاریی و نەخشکارییەکی جوان کراون، سوورەتی (الفاتحة) لە دوو لاپەڕەی سەرەتاییدا لە ناو ئەو زەڕکەفتکارییەدا بە مەرەکەبی سپی نووسراوە. سەرەتای سوورەتی (البقرة) لە لاپەڕەی سێیەمدا بەزەڕکەفتکاریی و نەخشێنراو بە گوڵ و گەڵای جوان رازێنراوەتەوە، ناوی سوورەتەکە و ژمارەی ئایەتەکانی

(١) لاوی دڵسۆزی خەمخۆری شوێنەواری کۆن کاك هاواری شێخ ڕەئووفی تیمار ئەم هەلەی بۆ ڕەخساندم و، لەتەك کاك شێخ محەمەدی شێخ طەهادا لەگەڵما هاتن بۆ باوەنوور و، شارەزایان کردم بۆ ماڵەکە و ناساندنی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا و، لە چوون و هاتنەوەدا بە ئۆتۆمبیلی خۆیانەوە هاورێتییان کردم، خودا وێنەیان زۆر کات.

بە مەرەکەبی سپی نووسراوە. لاپەڕەی یەکەم و دووەمی سوورەتی (البقرة) ناودێڕەکانی بە ئاوی زێڕ جۆگەلە – جۆگەلە کراوە.

نیشانەکانی تەجوید بە مەرەکەبی سوور نووسراون. هەموو لاپەڕەکان لە ناو دوو چوارچێوەی تەلا و مەرەکەبی سوور و مەرەکەبی رەشدا دانراون، لە نێوان ئەو دوو چوارچێوەدا جیاوازیی قیرائەتەکانی بە مەرەکەبی ڕەش و سوور نووسراوە.

سەرەتای حزب و جوزئەکان بە ئەستێرەیەکی تەلایی دیاری کراوە. شوێنی سوجدەکان بە گەلایەکی تەلایی و مەرەکەبی رەش و سوور و شین دیاریی کراوە.

لە پاڵ هەندێ سوورەتدا تایبەتمەندییەکانی بە فارسی لە قەراخەوە نووسراوە. ناوی هەموو سوورەتەکان تا کۆتایی قورئانەکە لە ناو پانکۆڵەیەکی تەلاییدا بە مەرەکەبی سپی نووسراوە. لە کۆتایی قورئانەکەوە بە خەتی نووسەرەوەی قورئانەکە دۆعایەکی کورتی (خەتمی قورئان) نووسراوە، بەڵام لە دوای ئەوەوە بە خەتێکی دی و لە کاغەزێکی دیدا (٢١) لاپەڕە زیاد کراوە بۆ دوعای خەتمی قورئان و، باسی مامۆساتایانی قیرائەتەکان و چەند بابەتی دی.

قورئانەکە لەم دواییەدا جزوبەند کراوەتەوە، لەو جزوبەندکردنەوەدا لە سێ لاوە لێی بڕاوە و بەوە کەمێك لاپەڕەکانی تاشراون. مامۆستا شێخ عەبدوڵلا دەڵێ: لەو جزوبەندکردنەوەدا پەڕەیەك زیاتری کەوتووە و، لەو پەڕەدا مێژووی نووسینەوەی قورئانەکەی تێدا بووە کە (تنزيل من رب العالمين = ١٠١٨)[٢] بووە رەنگە ناوی نووسەرەوە و شوێنی نووسینەوەکەیشی تێدا بووبێت.

ئەم قورئانە دەستخەتە لای خاڵۆی (بابا عەلی) تیمار بووە، داویە بە دایکی (بابا عەلی) کە (بابا عەلی) گەورە بوو تیایدا بخوێنێ. ئەم قورئانە دەستخەتە لەگەڵ ئەوەدا تەمەنی لە (٤٠٠) چوارسەد ساڵ زیاترە هێشتا لە حاڵێکی باشدایە و باش هەڵگیراوە، ڕەنگە ئەگەر ئەو جزوبەندە نەکرایەت باشتر بمایەتەوە.

---

(٢) بەپێی لێکدانەوەی مامۆستا شێخ عەبدوڵلا کە لە لاپەڕەی کۆتایی قورئانەکەدا نووسیویە (تنزيل من رب العالمين) دەکاتە ساڵی (١٠١٨) بەڵام بەپێی ئەو حسابەی من کردم دەکاتە (١٠٢١).

## قورئانێکی دەستخەتی بنەماڵەی شێخ محێدینی کەرکووک

٣

ئەم قورئانە یەکێکە لە قورئانە دەستخەتە کۆنەکانی کوردستان کە ساڵەها پشتاوپشت و دەستاودەست بە ئەوپەڕی ڕێزەوە پارێزراوە و، لەسەر ئەو شێوەی کە ئێستا لەسەریەتی ماوەتەوە.

ئەم قورئانە لە قەوارەیەکی بچووکدا نووسراوەتەوە و، پێوانەکەی (١٤/٥ × ٨,٥)ە، بەرگێکی جوانی زەرکەفتکاری کراوی نەخشێنراو بە گوڵی جوان و لە بەرگێکی قاوەیی چوارچێوەی تەلادا نەخشێنراوی هەیە، دیارە بەهۆی کۆنی و زۆر بەکارهێنانیەوە بنی بەرگەکەی دڕاوە و جارێکی دیکە بنی تێ گیراوەتەوە. لاپەڕەی یەکەمی زەرکەفتکارییەکی زۆر جوان کراوە و، بە گوڵی جوان و مەرەکەبی شین و سوور رازێنراوەتەوە، پەڕەی دووەمی کە سەرەتای سوورەتی (البقرە)یە تێدا چووە و، بە خەتێکی دی نووسراوەتەوە. هەموو لاپەڕەکانی دی لە چوارچێوەی تەلادا نووسراونەتەوە، کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەیەکی تەلایی دیاریی کراوە، نیشانەکانی تەجوید بە مەرەکەبی سوور نووسراون، لە قەراخی لاپەڕەکانەوە بەشکردنی جوزئەکانی قورئان دیاریی کراون، وەك (خمس)، (عشر) ، (نصف)، (جزء)، (حزب) ئەمانە هەموو بە مەرەکەبی تەلایی نووسراون، سەرەتای سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور و بە خەتی (ثلث) جیاکراونەتەوە. ئەم قورئانە ساڵی ١٠٥١ نووسراوەتەوە، نووسەرەوەکەی محەمەد باقری (حافظ)ە. لەم رووەوە نووسیویە:

«وتمت كلمة ربك صدقا وعدلا لامبدل لكلماته وهو السميع العليم، في شهور سنة ألف وإحدى وخمسين، كتبه القاصر محمد باقر الحافظ عفى عنه.»

دەبێ ئەوەش نەبوێرم ئەم قورئانە لە (کیفێك) بەرگێکی پێستی قاوەیی باشدا پارێزراوە و، پێستەکە کۆنە و دڕاوە و دوایی چاك کراوەتەوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن
الرحيم مالك يوم الدين
اياك نعبد واياك نستعين
اهدنا الصراط المستقيم صراط
الذين انعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين



سورة الناس ست آيات

بسم الله الرحمن الرحيم

قل أعوذ برب الناس ملك الناس إله الناس

من شر الوسواس الخناس الذي يوسوس

في صدور الناس من الجنة والناس

وتمت كلمة ربك صدقا

وعدلا لا مبدل لكلماته

وهو السميع العليم في

شهور سنة ألف واحدى وخمسين

كتبه القاصر محمد باقر الحافظ عفي عنه

## قورئانی دەستخەتی مصطەفای ئەییووبیی - یەکەم

٤ (م، م)

ئەم دەستخەتەیش لە وێنەکەدا ژمارەکانی دەرنەچووە، واتە ئەو لاپەڕەی کە ژمارەکانی دەستخەتەکەی لەسەر تۆمار کراوە وێنەکەی لای من نییە. بە خەتێکی (نسخ)ی جوان نووسراوەتەوە، دوو لاپەڕەی سەرەتای بە زەڕکەفتکارییەکی زۆر جوان بە هەموو ڕەنگەکانی مەرەکەب- زیاد لە ئاوی زێڕ- و، بە جۆرەکانی گوڵ و مڵ و گەڵا نەخشێنراون، کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەیی تەڵا دیاریی کراوە. سەرەتای سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراوە، جگە لە دوو لاپەڕەی سەرەتا، سەرەتای سوورەتەکانی دی بە مەرەکەبی سپی لە ناو پانکۆڵەیەکی تەڵایی ئەملاولای بە گەڵا و گوڵ و ڕەنگە جۆراوجۆرەکان نەخشێنراودا نووسراوە. لە گەلێ جێگەدا لە خوار ئەو پانکۆڵە و پێش (بسم الله الرحمن الرحیم)ی سەرەتای سوورەتەکەوە نووسراوە (وقف) ئەم قورئانەیش مستەفای کوڕی عومەری ئەییوبی لە کۆتایی مانگی شەعبانی ساڵی ١٠٦٦دا نووسیویەتیەوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين
الرحمن الرحيم مالك يوم الدين
اياك نعبد واياك نستعين
اهدنا الصراط المستقيم صراط
الذين انعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين



سابق
قاپودان دریا ابهتلو
دولتلو محمد علی پاشا حضرتلرینك
مدینهٔ منوره نورها الله اهالی
کرامندن ومستحقیندن بر ذاته ویریلوب
قرائت اولنمق اوزره بیع وهبه وتملیك
وبر وجهله تغییر وتبدیل اولنمامق
شرطیله وقف صحیح ایله وقف
بیوردقلری مصحف
شریفدر

## قورئانی دەستخەتی مصطەفای ئەییووبیی - دووەم

٥

ئەم قورئانە لە لایەنی دەریاوانی کۆن محەمەد عەلی پاشاوە وەقف کراوە بۆئەوەی خەڵکی مەدینەی مونەوەرە و موستەحەقان دەوری تێدا بکەنەوە. مێژووی وەقفکردنەکە نەنووسراوە. لە کۆتاییەوە مۆری: (السید محمد علی) پێوەیە.

ئەم دەستخەتە لە لایەنی شەریفە ئەمینەی هەمشیرەی ڕەشید پاشاوە وەقف کراوە لەسەر مەدینەی مونەوەرە.

ئەم قورئانەیش بە خەتێکی نوسخی جوان نووسراوەتەوە، دوو لاپەڕەی سەرەتای بە ئاوی تەلاو هەموو ڕەنگەکانی مەرەکەب بە جۆرەکانی گوڵ و گەڵا نەخشێنراون. ئەم قورئانە مستەفای کوڕی عومەری ئەییوبی ساڵی ١٠٨٠ نووسیویەتیەوە. لە کۆتاییەوە لە دوای نووسینی ناو و مێژووی نووسینەوەکەوە مۆری (شەریفە ئەمینە)ی پێوەیە.

دەستخەتەکە (٣٠٠) لاپەڕەیە، لاپەڕەی (١٥) دێری تێدایە.



بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم
مالك يوم الدين إياك نعبد
وإياك نستعين اهدنا
الصراط المستقيم صراط
الذين أنعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين



يكن له كفوا احد ۝ سورة الفلق خمس آيات

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الفلق ۝ من شر ما خلق ۝ ومن شر

غاسق اذا وقب ۝ ومن شر النفاثات في العقد

ومن شر حاسد اذا حسد ۝ سورة الناس وهي ست آيات

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس ۝ ملك الناس ۝ اله الناس

من شر الوسواس الخناس ۝ الذي يوسوس

في صدور الناس ۝ من الجنة ۝

والناس ۝

كتبه العبد الفقير المعترف بالعجز والتقصير

مصطفى بن عمر الأيوبي حامدا لله تعالى على نعمه

ومصليا على نبيه محمد وآله سنة ثمانين بعد الألف

من هجرة النبوية عليه افضل التحية

والحمد لله اولا وآخرا

تكبير

تكبير

تكبير

## قورئانی بابا محەممەدی ئەسکۆیی (أسوکوی)

٦

هەواڵی ئەم قورئانە دەستخەتەم لە لاوی تێکۆشەری ڕۆشنبیر هاواری شێخ ڕەئووفی تیمارییی بیست، وتی: لای شێخانی گەڕەزیل قورئانێکی دەستخەت هەیە، منیش داوام لێ کرد هەلی ئەوەم بۆ بڕەخسێنێ زیارەتێکی قورئانەکە بکەم و شتێکی دەربارە بزانم و بنووسم، بەڵێ زۆری نەخایاند ڕۆژێك کاك هاوار لەگەڵ کاك شێخ ڕەئووفی شێخ کەمالی تیماردا تەشریفیان هات و قورئانە دەستخەتەکەشیان هێنابوو. کاك شێخ ڕەئووف وتی: ئەم دەستخەتە پاشماوەی گەلێ دەستخەت و کتێبی نایابە کە بە گەلێ کارەسات تێدا چوون، دوا کارەساتیان (ئەنفال) بوو!

کاك شێخ ڕەئووف وتی: ئەم قورئانە هەروا بە پەرپووتی لە ماڵەوە مابوو منیش نەمدەزانی دەستخەتە تا دوای سەرنجدانی و ئاگادارکردنەوەم لە لایەنی کەسانی شارەزاوە ئەوسا زانیم دەستخەتە و ئیتر باشتر پاراستم.

بەڵێ ئەم قورئانە دەستخەتێکی نایاب بووە و هەوڵی باش بۆ نووسینەوەی دراوە و، کۆششی باشتر بۆ ڕازاندنەوەی کراوە، بەڵام دواتر کەمتەرخەمی لە ئاستیدا کراوە و، پەرپووت و شپرزە بووە و، جزوبەند و شیرازەی تێکچووە و، پەڕەکانی لە شوێنی خۆیاندا نەماون، لەگەڵ ئەوەدا خۆشبەختانە دوا پەڕەی کە ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی تێدایە بە دڕاویی و شپرزەیی ماوەتەوە. قورئانەکە بە خەتێکی نوسخی مامناوەندیی نووسراوەتەوە، هەموو لاپەڕەیەکی دوو چوارچێوەی بۆ کراوە، یەکێکیان سوور و ئەوی دییان شین، نیشانەی کۆتایی ئایەتەکان و، نیشانەکانی تەجوید و بەشکردنی (جزء) و (حزب)ەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراون. هەروەها سوورەتەکان- واتە سەرەتای سوورەتی نوێ و ژمارەی ئایەتەکان و باسی مەککی و مەدەنیی و زانیارییەکانی دیش- بە مەرەکەبی سوور نووسراون.

بێگومان لەو شپرزەبوونەیدا لێی لەناوچووە، بەڵام لەبەرئەوەی کاغەزەکەی ناسکە و بە دەستکاریکردنی زیاتر زیان دەگات بە پەڕەکانی، زۆر دەسکاریم نەکرد و، وەك خۆی هێشتمەوە بەڵکو دەستێکی شارەزای بۆ بڕەخسێت و باش ڕێکی بخاتەوە و جزوبەندی بکاتەوە.

دەربارەی ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی لە لاپەڕەی دواییدا نووسراوە:

«تم بالخير في ١٨ شهر ربيع الأول على يد الحقير بابا محمد أسكوى القرآن ١١٦٧».

پێوانەکەی (٢٨ ×١٩)سم ه.

## قورئانی قازیی زادەی ئەییووبی

٧ (م،م)

ئەم قورئانە لە لایەنی (قاسم الخرسانی الهروی ابن رحمت الله) ەوە وەقف کراوە، لە ژێر وەقفنامەکەیدا مۆری (وقف کتبخانە روضە حضرت خیر البریە )ی پێوەیە .

قورئانەکە بەخەتێکی (نسخ )ی زۆر جوان نووسراوەتەوە، دوو لاپەڕەی سەرەتای زەرکەفتکارییەکی زۆر نایاب کراوە و هەموو ڕەنگەکانی مەرەکەبی، زیاد لە ئاوی زێڕ، تێدا بەکارهێنراوە، بەگەلێ جۆری گوڵ و گەڵا نەخشێنراوە.

لەکۆتایی ئەم دەستخەتەوە دەقێك نووسراوە، جگە لەناوی نووسەرەوەکەیی و مێژووی نووسینەوەکەی، گەلێ شت دەردەخات کە جێگەی سەرنجن، لە ڕووی جوانی نووسینەوە و کەمیی کاتی نووسینەوەکەیی و، شتی کەیشەوە ...بۆیە وام بە باش زانی دەقەکەی وەك خۆی بنووسم :

**" بدئ هذا المصحف الشريف بمشورة الأحباء الكرام، صانهم الله الكريم عن كدورات الأوهام، يوم عاشوراء عاشر المحرم الحرام، عام اثنين وسبعين ومائة وألف من الأعوام، وتم وكمل وحسن وجمل ليلة الإثنين ليلة مولده عليه الصلاة والسلام، من ذلك العام، في اثنين وستين يوماً من الأيام، على يد أفقر من وشى بالأقلام، ومشى بالأقدام، قاضي زاده أحمد الايوبي، ابن خليل، ابن مصطفى، غفر لهم الخطايا والآثام.**

**إخال لم أسبق بمثله من النساخ الكرام، والخطاطين العظام، والأساتذة الفخام ،لكونه إعانة لحفظ القرآن على ذوي الأفهام، تقبل الله الملك العزيز العلام، وعفا عما تخلل من تزين أو تصنع لغيره من الأنام، ثم ألوف التحية وآلاف التصلية وكثيرات البركات ومزيد السلام، على من أنزل عليه بالإجلال والتعظيم والإكرام، وعلى آله وأصحابه العظام وأزواجه أمهات الأهل سلام، إلى يوم الحشر والقيام، والحمد لله ذي الجلال والإكرام ".**


سورة فاتحة الكتاب مكية
بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم
مالك يوم الدين اياك نعبد واياك
نستعين اهدنا الصراط المستقيم
صراط الذين انعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين
وهي سبع ايات
الجزء الاول


بدئ هذا المصحف الشريف
بمشورة الاحباء الكرام صانهم الله الكريم عن كل ذل
الاوهام يوم عاشوراء عاشر المحرم الحرام عام اثنين وسبعين ومائتين ١٢٧٢
والف من الاعوام وتم وكمل وحسن وجمل ليلة الاثنين ليلة مولد
عليه الصلاة والسلام من ذلك العام في اثنين وستين يوما من الايام
على يد افقر من وشى بالاقلام ومشى بالاقدام قاضي زاده [illegible]
ابن خليل بن مصطفى غفر له الخطايا والاثام اخا المسبوق [illegible] النساخ
الكرام والخطاطين العظام والاساتذة الفخام لكونه اعانة بحفظ القرآن
على ذوي الافهام تقبل الله العزيز العلام وعفا عما تخلل من ترك
او تصنع لغيره من الانام ثم الوف التحية واكمل التصلية وكثيرات
البركات ومزيد السلام على من انزل عليه بالاجلال والتعظيم والاكرام
وعلى آله واولاده واصحابه العظام وازواجه امهات اهل الاسلام
الى يوم الحشر والقيام والحمد لله ذي الجلال
والاكرام

## قورئانی مەعرووفی سابڵاغی

٨ (م،م)

ئەم قورئانەیش حاجی مەعرووفی کوڕی حاجی مەحموودی کوردیی شافیعیی وەقفی کردووە بۆ مزگەوتی پێغەمبەر ... .

لەسەر وەقفنامەکە مۆری (مظهر نور الهی معروف )ی پێوەیە. لەشوێنێکی دیشدا ئەم وەقفیە بە درێژیی نووسراوە و لەوێدا مەعرووفی کوڕی مەحموودی کوردیی سابڵاخی ...نووسراوە. لە کۆتایی وەقفیەکەیشەوە نووسراوە:

"کتبت الوقفیة وشهد بذلك مدیر بیت المال في أیالت بغداد معمار زاده حسین الأنصاري القادري .اللهم ارزقنا زیارة حبیب "

قورئانەکە لە سەرەتاوە زەرکەفتکارییەکی زۆر جوان کراوە. بە جۆرەکانی مەرەکەب و تەلا بە ڕەنگەکانی گوڵ و گەڵا نەخشێنراوە. لە ژێر دێڕەکانیەوە بە مەرەکەبی سوور و بە خەتی (نستعلیق) تەرجەمەی قورئانەکە بە فارسی نووسراوە. حسەین عەلی قەزوێنی ساڵی ١٢٢٩ نووسیویەتیەوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم مالك
يوم الدين اياك نعبد واياك نستعين اهدنا
الصراط المستقيم صراط الذين انعمت عليهم
غير المغضوب عليهم ولا الضالين


بسم الله الرحمن الرحيم
قل هو الله احد الله الصمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له
كفوا احد
سورة الفلق خمس ايات مكية
بسم الله الرحمن الرحيم
قل اعوذ برب الفلق من شر ما خلق ومن شر غاسق اذا وقب
ومن شر النفاثات في العقد ومن شر حاسد اذا حسد
سورة الناس مكية
بسم الله الرحمن الرحيم
قل اعوذ برب الناس ملك الناس اله الناس من شر الوسواس
الخناس الذي يوسوس في صدور الناس من الجنة والناس

## قورئانەکەی مامۆستا محەمەد مصطەفا، یان حاجی مەلا سەعید

٩

پێش ئەوەی بێمە سەر باسی قورئانەکە و شێوەی خەت و نووسینەوەی، بە پێویستی دەزانم بەسەرهاتێك تۆمار بکەم کە یەکەم بەسەرهات و دوا بەسەرهات نییە و، ئەو بەسەرهاتانەیش گەلێ لەوە زۆرترن من بتوانم بەتۆمارکردنیاندا بگەم. بەڵام هەرچۆن هەیە ئەم تاکوتەرا من دەیاننووسم لە لایەکەوە بەڵگەی زیانی گەورە و بێ ئەندازەن کە لە سامانی کەلەپووری ئایینی و ڕۆشنبیریی و نەتەوایەتیمان کەوتوون. لە لایەکی دیشەوە هیوادارم هاندەر بن بۆ کەسانێك کە لەو جۆرە بەسەرهاتانەیان دیوە یان بیستووە، بیاننووسنەوە و تۆماریان بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش ببن بە هاوبەشی من و شایەتی ئەو زیانە گەورانەی لە سامانی کەلەپووریمان کەوتوون:

مامۆستا محەمەد مصطەفا کە پیاوێکی بەتەمەن و ڕۆح سووك و ئێسك سووك و بیرتیژ و قسە ڕەوان و حازر بەدەستە، خۆی زەحمەتی کێشاو تەشریفی هێنا بۆ ماڵمان و، قورئانە پیرۆزەکەی بۆ هێنام. خۆی باسی ئەوەی گێڕایەوە کە قورئانەکەی چۆن دەستکەوتووە.

فەرمووی: حاجی مەلا سەعید (باوکی قادر ئاغا، کە پێی دەڵێن قادراغای حاجی مەلا سەعید ) لە ئەستەمبۆڵ نائیب بووە، دیارە دوای خانەنشین بوونی، یان دوای تەواو بوونی کار و دەوری لەو بوارەدا، کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی کتێبخانەیەکی نایابی بووە، دیارە بەشی زۆری دەستخەت بووە، (دەبێ پیاوێك لە ئەستەمووڵدا بووبێت و، حەزی لە کتێب و دەستخەت بووبێت چی کۆکردبێتەوە ؟) دوای کۆچی دوایی خۆی کتێبەکانی خراونەتە سێ چوار سندووقی گەورەی جگەرە قامیشەوە (لەو سەردەمەدا جگەرەی قامیش هاتووە بۆ کوردستان وتۆپە جگەرەکان بۆ ئەوەی نەشکێن و نەژاکێن لە سنووقی گەورەدا هێنراون ) لە هۆدەیەکی پشتەوەی ماڵەکەیاندا بێ ناز و بێ خەمخواردنیان دانراون. مشك و مۆرانە زۆریانیان خواردوون، دوایی کۆمەڵێك لە (الأزهر )ەوە هاتوون بە ئارەزووی خۆیان چییان بە دڵ بووە لەو دەستخەتانەیان بردووە، مامۆستا محەمەد مصطەفاش لەو کاتەدا پێداگەیشتووە و، چاوی گێڕاوە دڵی ئەو قورئانەی گرتووە، کە بەتەواوی نەشیزانیوە چییە و بایەخی چەندە، قورئانەکەی هەڵگرتووە و لەو کاتەوە تا ئێستا پاراستوویەتی.

ئەمەم بە کورتیی بۆ ئەوە نووسی بەڵگەیەکی دی بێت بخرێتە سەر دەیان بەڵگەی باسکراو و باس نەکراوی ئەو زیانە گەورانەی لە کەلەپووری کورد کەوتوون .

**باسێکی قورئانەکە**

ئەم قورئانە دەستخەتە کە قەوارەکەی (۱۵×۹)ە یەکێکە لە دەستخەتە نایابەکانی قورئانی پیرۆز و، نیشانەی بایەخدانی گەورەی خۆشنووسانی بە قورئانی پیرۆز پێوە دیارە. جگە لەو نەخشاندن و زەرکەفتکارییەی کە بۆ گەلێ لە قورئانە دەستخەتەکان کراوە، ئەم قورئانە گەلێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ کارامەیی نووسەرەوەکەیی و، ئەزموونی زۆری لە نووسینەوەی قورئانی پیرۆزدا، چونکە لە کۆتاییەوە دەڵێ: ئەمە بیستەم قورئانە کە نووسیوویەتیەوە. لاپەڕەی یەکەم و دووەمی بە زەرکەفتکارییەکی زۆر نایاب ڕازاندوەتەوە، چوارچێوەکانیانی بە گوڵ نەخشاندووە، شوێنێکی درێژکۆڵەی بۆ ناوی سوورەتەکان بڕداوە و، زەمینەکەی بە ئاوی تەڵا جیاکردوەتەوە ، لە ناو ئەو جێگە بڕدراوەدا ناوی سوورەتەکە و ژمارەی ئایەتەکانی و، سوورەتەکە (مەککی )یە یا (مەدەنی)یەی.. بە مەرەکەبی سوور نووسیوە.

لەم دوو لاپەڕەدا جگە لە ڕەنگی تەڵا ڕەنگەکانی: ڕەش و، سوور و، سەوز و، شین و، پەمەیی و، پیرۆزەیی بەکارهێناوە. دوای ئەوە لە سووچی سەرەوەی لای ڕاستی هەموو لاپەڕەکاندا بە مەرەکەبی سوور لەناو گوڵێکی تەڵاییدا ناوی سوورەتەکەی نووسیوە. لە کۆتایی ئایەتەکانەوە خڕکەیەکی بە ڕەنگەکانی شین و سوور و تەڵایی داناوە بۆ نیشانەی کۆتایی ئایەتەکە.

سەرەتای (جزء ) و (نصف جزء) و (حزب)ەکان بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی جوان و، بۆ هەر یەکەیان شێوە گوڵی تایبەتی خۆی دیاری کراون. هەموو لاپەڕەکان لە چوارچێوەیەکی نەخشێنراو بە ڕەنگەکانی تەڵایی و ڕەش و شین و سووردا دانراون. نیشانەکانی تەجوید بە مەرەکەبی سوور نووسراون. لە هەر شوێنێکی قورئاندا ناوی پێغەمبەر (د.خ) هاتبێت، لە ڕاستی ناوەکەدا لە دەرەوەی چوارچێوەکە لە گوڵێکی جواندا و لەسەر زەمینەیەکی تەڵایی بە مەرەکەبی سوور (صلی الله علیە وسلم )ی نووسیوە .

لە پێشی هەموو سوورەتەکانەوە لە دێڕێکدا لەسەر زەمینەیەکی تەڵایی بە مەرەکەبی سوور و بە خەتی (ثولث) ناوی سوورەتەکە و ژمارەی ئایەتەکانی و شوێنی نازڵبوونی –مەککییە یا مەدەنییە–ی نووسیووە .

بەرگێگی پێستی قاوەیی ئەصڵی هەیە، لە هەردوو لای بەرگەکەوە نەخشێکی جوان هەڵکۆڵراوە.

ئەم قورئانە، وەك گوتم ، بیستەمین قورئانە کە ئەو خۆشنووسە بەڕێزە کە جگە لەوە نووسیویەتی ناوی سولەیمانە هیچی تری نەنووسیوە، لەساڵی ١٢٣٥ ك دا ١٧ی مانگی (جمادی الأولی) نووسیویەتیەوە، لە دوای ناوەکەی خۆیەوە نووسیویە (لأجل...) واتە لەبەر خاتری ... نووسیویەتیەوە، بەداخەوە دەستێکی چەپەڵ ئەو ناوەی کوژاندوەتەوە کە ئەم قورئانەی بۆ نووسیوەتەوە.

لەمەوە دەردەکەوێت ئەم خۆشنووسە بەڕێزە کاری ئەوە بووە بەو خەتە خۆشەی قورئانی بۆ کەسانی ناودار و بەدەسەڵات نووسیوەتەوە و ئەوانیش لەسەر کارەکەی خەڵاتیان کردووە .

بەڵکو لەمەولا لە ڕێگەی ئەو قورئانانەی دییەوە کە نووسیونیەوە زانیاریمان دەربارەی شوێن و ڕەگەز و بەسەرهاتی دەست بکەوێت. تا ئەو کاتە ئێمە ئەم قورئانەیش بە قورئانێکی کوردستانیی دادەنێین.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العلمين الرحمن الرحيم
ملك يوم الدين اياك نعبد
واياك نستعين اهدنا الصرط
المستقيم صرط الذين انعمت
عليهم غير المغضوب
عليهم ولا الضالين
لا يمسه الا المطهرون



وتب علينا انك انت التواب الرحيم وصلى الله على
سيدنا محمد واله اجمعين والحمد لله رب العالمين
اللهم زينا بزينة القران واكرمنا بكرامة القران
وشرفنا بشرف القران والبسنا بخلعة القران
وعافنا من كل بلاء الدنيا وعذاب الاخرة
بحرمة القران اللهم اجعل القران لنا في الدنيا قرينا
وفي القبر مونسا وفي القيمة شفيعا وعلى الصراط
نورا والى الجنة رفيقا ومن النار سترا وحجابا
والى الخيرات كلها دليلا واماما
بفضلك وجودك وكرمك
يا اكرم
الاكرمين
لله الحمد حمدا وتفضيلا وله الشكر بكرة واصيلا على ما شرفنا بكتابه
تنزيلا وامرنا بقراءته ترتيلا وصدق الله ومن اصدق من الله قيلا
قد وقع الفراغ من تنميقه بحسن توفيقه بيد سليمان الاجل
١٧ شهر جمادى الاولى وهذا جلد العشر
سنة ١٢٣٥

## قورئانی یەحیای خەولانی

۱۰(م، م)

ئـەم قـورئـانـە کە دەستخـەتی (یـەحیـای کوڕی ئیسمـاعیلی خـەولانـیی)یـە یـەکێکە لـە دەستخەتە جوان و ڕازاوەکانی شوێنەواری مامۆستایانی کورد، مامۆستای نووسەرەوەی ئـەم قـورئـانـە تـا ئـێستـا لـە سەرچـاوەکـانـی بـەردەستی ئێمـەدا نـاوی نـەهـاتووە و وەك زانایەکی کورد نەناسێنراوە.

قورئـانـەکە لـە ڕێگـەی عـەتیفـەی سەید عـەبدوڵڵای کوڕی حسـەینـی صـافییەوە ۱۷ی ڕەمەزانی ساڵی ۱۲۹۳ی کۆچی وەقفی حەرەمیی مەککیی کراوە. بەڵام قورئـانـەکە ساڵی ۱۲٤٤ لە لایەنی مامۆستا مەلا یەحیای کوڕی ئیسماعیلی خەولانییەوە نووسراوەتەوە .

خەتەکەی زۆر خۆش نییە و لەپلەی خۆشنووسانی یەکەمدا نییە ، لە نێوانی (نسخ) و (ثلث) دایە. بەڵام خۆی زۆر پێوە ماندوو کردووە و، زەرکەفتکاریی و نەخشاندنی جوانی بۆ ئەنجامداوە. وابزانم ئەمە دووەم جارە بەم شێوە دەبینم سوورەتی (الفاتحة) لە دوو لاپـەڕەدا نـووسرابـێتـەوە، لـەمـلاولای لاپـەڕەکـانـیـەوە قـیرائـەتـەکـانـی نـووسیوە، سەرەتا و کۆتایی (جزء) و (حزب)ەکانی لە ناو گوڵی زێڕیندا دیاریی کردووە. لە کۆتاییەوە دۆعایەکی درێژی خەتمی قورئانی نووسیوە .

ئەوەیش نەزانراوە ئەم دەستخەتە چۆن لە کوردستانەوە گەییوەتە مەککەی موکەڕەمە، ئایا مامۆستا مەلا یەحیا خۆی چووە بۆ ئەوێ و لەوێ ماوەتەوە و قورئـانـەکەشی لەوێ مـاوەتەوە تـا دوایی دوای دەستـاودەست گەییوەتە لای ئەو ئافرەتە و وەقفی کردووە؟ یـان کەسێك لە کوردستانەوە بردوویە بۆ ئەوێ و لەوێ وەقف کراوە. لە لاپەڕەیەکی تایبـەتدا بە مەرەکەبی سوور و ڕەش و زەرد نیشانەی بۆ حەوت قیرائەتە باوەکە داناوە.

قورئانەکە لە کتێبخانەی (الحرم الملکي)دا بە ژمارە (۳٤۹) پارێزراوە. صادقی کوڕی عەلەویی صافی شایەتیی لەسەر وەقفکردنەکە داوە.


سورة الفاتحة


تم المصحف المبارك بعون الله وحسن توفيقه بخط
الفقير الحقير المقر بالذنب والتقصير الراجي
عفو الملك القدير * يحيى ابن اسمعيل الخولاني
غفر الله له ولوالديه ولجميع
المسلمين * وكان الفراغ
من هذا المصحف ظهر يوم
الاثنين ٢٧
جمادى آخر
سنة
١٢٤٤

## قورئانی محەمەد حەسەن

### ١١

ئەم دەستخەتەم لە ڕێگەی برای خۆشەویستم کاك عوثمانی موفەتیشی ئەوقافەوە بینی، دەستخەتێکی کەمێك گەورەیە قەوارەکەی (٢٩ × ١٩)ەیە، بە خەتێکی نوسخی مامناوەندیی نووسراوەتەوە، لاپەڕەی یەکەمی کەوتووە، لاپەڕەی دووەمی سەرەتای سوورەتی (البقرة) ڕەنگاوڕەنگە، لاپەڕەکانی دی لە ناو چوارچێوەدان، کەم کەمە هەڵە لە نووسینەوەیدا هەیە.

کۆتاییيەکەی ئاوایە:

«قد اختم في تأريخ شهر رمضان المبارك من شهور سنة ١٢٤٧ قرآن ششم. حرره العبد الأقل الأحقر محمد حسن إبن خير الحاج حاجي إبراهيم خان غفرالله لهما ولوالديهما بمحمد واله الأخيار الأطهار الأبرار، في (!) صدق الله العظيم وصدق رسوله النبي الكريم، ونحن على ذلك من الشاهدين والشاكرين والحمد لله رب العالمين».

## قورئانی ئیسماعیل حەقی

١٢ (م، م)

ئەم قورئانە دەستخەتە ٢٥ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٣٠١ لە لایەنی ئیسماعیل حەقی ئەفەندییەوە وەقف کراوە لەسەر حەرەمی شەریفی مەدینەی مونەوەرە. قورئانێکە بە خەتێکی جوانی (نسخ) نووسراوەتەوە، دوو لاپەڕەی یەکەمی زەڕکەفتکارییەکی نایاب کراوە، لاپەڕەی یەکەمی سوورەتی فاتیحایە، لاپەڕەی دووەمی سەرەتای سوورەتی (البقرة)یە.

لە کۆتاییەوە نووسراوە:

«کتب الفقير الحقير، بعناية الله الملك القدير، أضعف ضعفاء عبادالله الجدير بحافظ القرآن علي الرمزي بمحروسة روسجقي لسنة ١٢٥٨»

لە کۆتاییشیەوە وەقفی سەید ئیسماعیل حەقی و مۆری ئەوی پێوەیە، جگە لە وەقفی کتێبخانەی (روضة خير البرية) و مۆری (صبار)ەیەك.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين
الرحمن الرحيم مالك يوم الدين اياك
نعبد واياك نستعين اهدنا الصراط المستقيم
صراط الذين انعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا
الضالين



وقف اولدیغی

صاحب ممالك ینبع البحر فتحی قضاسی اولان

اسمعیل حقی افندی مدینهٔ منوره حرم

شریفه ده وقف اولمشدر اولمغله

شرح و تحریر قلندی ١٥ ربیع الاول سنه

## قورئانی سولەیمانی کوردیی کاتڕاگری مزگەوتی پێغەمبەر -د-

۱۳ (م، م)

ئەم قورئانە لە لایەنی (الرئیس سلیمان[۱] بن سلیمان الکردي موقت الحرم النبوي) ساڵی ۱۲٦۷ وەقفی حەرەمی نەبەوییی کراوە. قورئانەکە زەڕکەفتکارییەکی زۆر جوان کراوە، لە سەرەتای دوو لاپەڕەی سەرەتاییەوە، گوڵدانێکی سوور کراوە، گوڵێکی زەردی جوان خراوەتە ناوی، زەمینەیەکی سەوزی بۆ کراوە، پشتی گوڵەکان بە زەمینەیەکی شینی جوان نەخشێنراوە، کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەی زەرد دیاریی کراوە، لە کۆتاییەوە ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی دیاریی نەکراوە.

---

(۱) هەروەك گومان ئەوەندە دەنووسم (سلیمان) ناوێکمان هەیە ساڵی (۱۲٦٦ك) لە ئەستەمبۆل دیوانی شیعری خۆی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە، شاعیر و خۆشنووس بووە، ئەو ناوی باوکی خۆی نەنووسیوە، هەر نووسیویەتی (سلیمان کوردستان بابان) نازناوی شیعریشی (کاتب) بووە. (بڕوانە ژمارە ۸۹ی گۆڤاری سلێمانی).



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ۝ الرحمن الرحيم

مالك يوم الدين ۝ اياك نعبد واياك

نستعين ۝ اهدنا الصراط المستقيم

صراط الذين انعمت عليهم ۝ غير

المغضوب عليهم ۝ ولا الضالين


أستعيذ بالله
بسم الله الرحمن الرحيم
فمن بدله بعد ما سمعه فإنما إثمه
على الذين يبدلونه إن الله سميع عليم
صنف ثاني ١٢٢
عدد
١٢٥
١٩١

## قورئانی دەستخەتی عوثمانی فەهمی خەرپووتی

١٤(م،م)

عوثمانی فەهمی خەرپووتی وەقفی کردووە لەسەر مزگەوتی پێغەمبەر بە مەرجی ئەوەی لە رەوضەدا بخوێنرێتەوە. قورئانەکە بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە، زەرکەفتکاریی نەکراوە، تەنیا چوارچێوەی بە مەرەکەب سوور بۆ کراوە، کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەیەکی مەرەکەبی سوور جیاکراوەتەوە. لە کۆتاییەوە نووسیویە کە عوثمانی فەهمی خەرپووتی خۆی قورئانەکەی ساڵی ١٢٩٢ نووسیوەتەوە و، وەقفی کردووە لەسەر (روضة مطهرة) و، هەر لەوێش نووسیویەتیەوە.


قد وقف
هذا المصحف الشريف
بعون الله الملك اللطيف على يد
العبد الضعيف اعني به عثمان
الفهمي الخربوتي وقفا صحيحا
لا يباع ولا يرهن ولا يوهب بشرط ان
يقرأ في الروضة المطهرة التي في المحراب
النبوية فمن بدله بعد ما سمعه
فانما اثمه على الذين يبدلونه ان الله
سميع عليم

عدد
١٤٣
صنف ثالث
٤٠

## سورة الناس مدنية وهي ست آية

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس • ملك الناس

اله الناس • من شر الوسواس

الخناس • الذي يوسوس في صدور

الناس • من الجنة •

والناس •

الله اكبر

الحمد لله الواقف على كل حال • المطلع على ما جال بالبال

والصلاة والسلام على مولينا ارباب الكمال • محمد نبي العز والجلال

وعلى آله واصحابه ما تعاقب الغدو والآصال • كتبه ووقفه هذا المصحف الشريف

في الروضة المطهرة • العثمان الفهمي الخربوتي غفر الله له ولوالديه سنة ١٢٩٢

دعاء هذا

## قورئانی محەمەدی حەسەنی دیاربەکری

۱۵ م،م

ئەم قورئانە ژمارە (۱۵/ ۷)ی بەسەرەوەیە. محەمەدی کوڕی حەسەنی دیاربەکریی کردوویە بە وەقفی کتێبخانەی (محمودیە) قورئانەکە بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە، دوو لاپەڕەی سەرەتای بە ڕەنگی شین و پەمەیی و تەڵایی ڕازێنراوەتەوە، کۆتایی ئایەتەکانیش بە خڕکەی تەڵایی دیاری کراوە. لە کۆتایی قورئانەکەوە لە سووچێکی دوا لاپەڕەیدا نووسراوە:

«قید الحقير المحتاج إلى القدير موسى أفندي بن إبراهيم العريف بفق زاده».

لە کۆتاییەوە نووسراوە کە سەید حافظ عەلی ناسراو بە (سجاوندی) لە قوتابییەکانی سەید حافظ محەمەد نووری نووسیویەتیەوە، مێژووی نووسینەوەکەی دیاریی نەکراوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن
الرحيم مالك يوم الدين
اياك نعبد واياك نستعين
اهدنا الصراط المستقيم صراط
الذين انعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين



وقف كتبخانهٔ مدرسهٔ محمودية

قد وقف هذه الختمة الشريف رضاء الله ولرسوله الكريم العظيم المختار
محمد بن الحسن الديار بكري وقفا صحيحا بحيث لا يباع ولا يرهن
على كتبخانهٔ محمودية غفر الله له ولوالديه ولجميع المؤمنين والمؤمنات بجاه
سيد الكائنات أجمعين
بأجمعين الـ...

اصحاب البسملة بين السورتين دب ن رجو فجاز لهم الاوجه الثلثة
واصحاب الوصل فقط فخل واصحاب الوصل والسكت فقط
اك على القول الصحيح واصحاب الوصل والسكت والبسملة ج ح ع
فجاز لهم الاوجه الخمسة واصحاب الصلة دجوج ويخلف ب هذه
الروايات ما افاده الكتب المصنفة في هذا الفن

البسملة | وصل فقط | البسملة والوصل والسكت
دب ن رجو | فخل |

اوراق ٣٠٤

سطر ١٥

وصل سكت
ك شع

وخلف في الارض مختلفا الوائله على سكت الاولى في الثانية وقفا السكت ...
ودرجا السكت والتحقيق وللخلاد على سكت الاولى في الثانية ...

## قورئانی بەکر صیدقی

**١٦ (م، م)**

ئەم قورئانە ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە، بە خەتێکی (نسخ)ی مامناوەندی نووسراوەتەوە، سەرەتاکەی بە ڕەنگەکانی سەوز و شین و ڕەش و سوور بە گوڵ نەخشێنراوە، هەموو لاپەڕەکانی تر لە چوارچێوەی زەرددا دانراون. لە کۆتاییەوە بە تورکی نووسراوە کە (قول آغاسي) بەکر صیدقی ئەفەندی وەقفی کردووە.





هذا دعاء ختم القران

اللهم زيّنا بزينة القران وأكرمنا بكرامة القران وشرّفنا
بشرف القران وألبسنا بخلعة القران وأدخلنا الجنة
مع القران وعافنا من كل بلاء الدنيا وعذاب الآخرة
بحرمة القران وارحم جميع أمة محمد بحق القران
اللهم اجعل القران العظيم لنا في الدنيا قرينا وفي القبر مونسا
وفي القيمة شفيعا وعلى الصراط نورا وإلى الجنة رفيقا
ومن النار سترا وحجابا وإلى الخيرات كلها دليلا
وإماما بفضلك وجودك وكرمك يا أكرم الأكرمين
اللهم اهدنا بهداية القران وعافنا بعناية القران
ونجّنا من النيران بكرامة القران وأدخلنا الجنة بشفاعة
القران وارفع درجاتنا بفضيلة القران وكفّر عنا
سيئاتنا بتلاوة القران يا ذا الفضل
والإحسان اللهم بلّغ ثواب ما قرأناه ونور ما تلوناه
إلى روح محمد صلى الله عليه وسلم

## قورئانی عوثمانی کوردی

**١٧** (م،م)

قورئانێکی دەستخەتی جوانە، بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە، دوو لاپەڕەی سەرەتای خراونەتە ناو چوارچێوەی پانی تەڵاوە، بە مەرەکەبی سوور سەرەتای سوورەتەکان نووسراوە. کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەی تەڵا جیاکراوەتەوە. وەقف کراوە لەسەر مەدرەسەی (شفا) لە مەدینەی مونەوەرە. ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی دیاریی نەکراوە. عوثمان ناوێك وەقفی کردووە، لە کۆتاییيەوە نووسراوە:

(وقف عثمان كردي في سبيل، وجعل مقره رباط الشفا).


سورة فاتحة الكتاب

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ۝ الرحمن الرحيم

مالك يوم الدين ۝ إياك نعبد و

إياك نستعين ۝ اهدنا الصراط

المستقيم ۝ صراط الذين أنعمت عليهم

غير المغضوب عليهم ولا الضالين ۝

وهي سبع آيات



غاسق اذا وقب • ومن شر النفاثات في العقد •

سورة النا ومن شر حاسد اذا حسد س وهي ست

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس • ملك الناس • اله الناس

من شر الوسواس الخناس • الذي يوسوس في

صدور الناس • من الجنة والناس •

صدق الله العظيم • وبلغ رسوله الكريم • ونحن

على ذلك من الشاهدين •

وقف عثمان كردي في سبيل وجعل مقره

رباط الشفا

## قورئانێکی دەستخەتی بنەماڵەی مەردۆخی لە مەریوان

۱۸

ئەم قورئانە باوکی مامۆستا مەلا سەعیدی موسك ناسراو بە حاجی مامۆستا مەلا عەبدورەحمانی ئەشعەریی بۆ مەرحوومی شێخ سەعدوڵڵای مەردۆخیی کوڕی حاجی شێخ عەبدولکەریمی دەگاشێخانیی مەردۆخی نووسیوەتەوە. لە لاپەڕەی دوایی دەستخەتەکەدا (حامید)ێك دەخوێنرێتەوە، ڕەنگە باوکی نووسەرەوەی دەستخەتەکە بێت.

لە گوندی (بەیضە)ی قیبلەی شاری مەریوانەوە، کە خەریکە لەگەڵ مەریواندا تێکەڵ دەبێت نووسراوەتەوە.

دەستخەتی ئەم قورئانە ئێستا لە لای شێخ محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ نەجمەدینی کوڕی باباشێخی کوڕی شێخ برایمی کوڕی حاجی شێخ عەبدولکەریمی مەردۆخی دەرگاشێخانیی لە شاری مەریوان پارێزراوە.

---

(۱) ئەم زانیارەم بەپەلە لە دانیشتنێکا لە مەریوان شەوی ۲۲/ ٦/ ۲۰۰٦ وەرگرت.

## نامەیەکی محەمەد عەلی عەونی بۆ حەفصە خانی نەقیب(*)

٤٩٠

دەڵێن: «لە شیوە کۆڵەدا ماسیی بە نەهەنگ نابێت».

بە دووری مەگرە بڵێین ئەمە بۆ کوردستان پڕ بە پێست بووە و، خاکی کوردستان بۆ ڕۆڵە هەڵکەوتووەکانی خۆی جێگەی حەوانەوە نەبووە و، بۆیان نەلواوە بە ئارامیی لە کوردستاندا پەرە بە بەهرە و وزە و تواناکانیان بدەن و، خۆیان پێبگەیەنن و، ئەو سوود و قازانجەیش لە توانا و لێهاتووییان وەردەگیرێ بۆ گەل و خاکەکەی خۆیان بگەڕێتەوە و، ئێرە جێگەی ئەوە نییە سەرژمێری ئەو زانا و ناودارانە بکەین بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ کوردستانیان بەجێ هێشتووە و بە وڵاتانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و، لە هەرکوێیەکدا گیرسابنەوە زوو ئەستێرەیان درەوشاوەتەوە و، بوون بەخێر و بێر و ڕژاون بەسەر ئەو ناوچانەدا.

**خۆزگە کەسانێك دەبوون قۆڵی لێ هەڵماڵن و کێوماڵی وڵاتانی جیهان بکەن و سۆراخی زانایانی کورد لە وڵاتانی جیهاندا بکەن تا بمانزانیایە چەند نەهەنگمان لە دەریای بەرینی ئەم جیهانەدا ئاوارە و ئاوا و ئاو کەوتوون!**

**بەپێچەوانەیشەوە زۆر بە دەگمەن و ڕێکەوتووە هەڵکەوتووی نەوەی گەلانی دی هاتبنە کوردستان و، لە سووچێکی ئەم وڵاتەدا حەوابنەوە و ئەستێرەیان درەوشابێتەوە و، خزمەتیان بەم گەل و خاکە کردبێت!**

وڵاتی میصر یەکێکە لەو وڵاتانەی لەکۆنەوە زانا و ناودارانی کورد ڕوویان تێ کردووە و، تیایدا حەوانەتەوە و، هەریەکەیان لە بواری خۆیدا دەوری کاریگەری بووە و بینیوە و، خزمەتی شیاو و شایستەی بەو ناوچە کردووە و تیایدا ئارامی گرتووە(١).

---

(*) لە ژمارە (٦٤)ی گۆڤاری (سلێمانی)دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) لەم وتارەدا ناوی دوو مامۆستای کوردی بەڕێوەبەری (رواق الاكراد) لە (الازهر)دا دێنم و، لەم پەراوێزەیشدا ناوی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حاجی سولەیمانی ئەربیلی کە لە رواقی کوردانی ئەزهەردا(*) بووە دەخەمە پاڵ و دەڵێم: ئایا دەزانی (رواق الاكراد) کە لە ئەزهەردا دامەزراوە؟ تا کەی دەوامی کردووە؟ چەند مامۆستای کورد بەر و دوا لەو شوینەدا سەرۆکایەتیی و بەرپرسیاریەتی ئەو شوێنەیان بەدەستەوە بووە و؟ چەند قوتابیی کورد لەو شوێنەدا خوێندوویانە و بڕوانامەیان وەرگرتووە؟ ئایا ناکرێت ئێستە قوتابییەکی زرنگ و پشوو قووڵی کورد قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵێ =

ئەگەر زۆر نەڕۆین و بە مێژوودا قووڵ نەبینەوە لە ئیبنولحاجیبەوە (٥٧٠- ٦٤٦ك- ١١٧٤- ١٢٤٩ز) بیگرە تا دەگاتە مامۆستا مەلا حسەینی و ئەخلاطیی و کوڕەوەکەی بۆ میصر و، مامۆستا شێخ محەمەد ئەمینی ئەربیلی و، مامۆستا شێخ عومەر وەجدی و، عەباس مەحموود عەقاد و، شێخ محەمەد عەبدە و، ئەحمەد شەوقی و، عەبدولباسیط عەبدولصەمەد و، محەمەد عەلی عەونی و.. چەندین و چەندینی دی کە یان ئێمە ناویانمان نەبیستووە، یان لێرەدا جێگەیان نابێتەوە، باسیان بکەین. هەموویان لەو وڵاتەدا- وەك زانایانی دیکەی کورد لە وڵاتانی دیکەدا بە ماوەیەکی کەم ئەستێرەیان درەوشاوەتەوە و، خزمەتی گەورەیان بەو شوێنانە کردووە کە تیایاندا بوون و، دواتریش لەو وڵاتانەدا تواونەتەوە و، کەمیان ناوی ئەوەیشیان پێوە ماوە کە ئاماژە بۆ شوێن و ڕەچەڵەکی پێشوویان بکات.

ئەم نامە و باسە برینی قەتماخە بەستووی کۆنی کولانمەوە و، داخی کۆنی خەفەبووی ناو دڵمی هێنایەوە سوێ و، ناوی ئەو هەموو زانا مەزنەی کوردی هێنایەوە بیر کە هەریەکەیان دوای ئەوەی ماوەیەکی- کەم تا زۆر خزمەتی باشی ناوچەکەی کردووە لە ئاوارەییدا بێ ناز سەری ناوەتەوە و، ئێمەیش هەواڵێکمان لێیان نییە.

لێرەدا بەکورتیی دوو بەسەرهات دێنمەوە یاد:

یەکەم: مامۆستا مەلا حسەینی ئەخلاطیی کە دوایی لە میصر بە مەلا لازیوەردیی- لاجیوەردیی-ش ناسراوە شەرەفخانی بەدلیسی ئاوا باسی دەکات:

یەکێك لەوانە سەید حوسێنی ئەخلاتییە، کە هەم شێخ و هەم مەلا بووە و، لە (جەفری جامیع) زانیدا لە دنیادا ناوبانگی هەبووە: بە زەبری جەفر زانیویە کە جەنگیزخان پەیدا دەبێ و ئێران و تووران تێکدەدا و، هەر پێشەکی بەر لەوە بێن دوازدە هەزار ماڵی خزم و دۆست و پەیڕەوانی شوێن خۆی داوە نیشتیمانیان جێ هێشتووە و، چوونەتە میصر و تا چەنگی جەنگیزی مەرگ بەرگی ژینی لێ دادڕی هەر لەوێ بوو، ئێستاش گومبەزی پیرۆزی لەوێ جێگەی نیازانە و، لە میصر گەڕەکێك هەیە ناخی ئەخلاتیانی ناوە (شەرەفنامە ٦٦٦)[٢].

---

= ورد ورد لەسەرخۆ بە سەرچاوەکانی ئەزهەردا بگەڕێت و، بڕوانامەیەکی بەپێز لەسەر (رواق الاکراد الازهریون) وەربگرێت و کتێبخانەی کوردیشی پێ دەوڵەمەند بکاتەوە؟

(*) هەمان سەرچاوە بەرگی سێیەم، ل: ٣١٨.

(٢) بڕوانە: مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، ل: ١٠٩.

دیاره ئەو دوازده هەزار ماڵە کورده لەوێ تواونەتەوه و، ڕەنگە تاك و تەرایان لێ گەڕابێتەوه کوردستان. من لێرەدا بە ئەنجامی هەندێك لێکۆڵینەوه و بە بۆچوونی خۆم بۆ ئەوه دەچم کە زۆر لە تیره جۆراوجۆرەکانی کورد لە ناو ئەم کۆڕەوەدا بووبن و، هەندێکیان بۆ ماوەیەکی درێژ و بگره تا ئیستەیش- بێ ئەوەی چینی ئێستەیان بزانن- نیسبەتی خۆیان بۆ ئەو هۆزانە پاراستبێت و، وا دەزانم یەکێك لەو هۆزانە هۆزی- یان تیرەی- (زیادی)یە، کە ئێستەیش لە میصردا هەن و، یەکێك لەوانە (مصطفی الزیادی)یە کە بەزۆری شەوانە کاتژمێر (١١)ی شەو (حصاد الیوم الاخباری) لە ڕادیۆی (بی بی سی)دا دەخوێنێتەوه. هەروەها مامۆستا (نورالدین- عەلی) کوڕی یەحیای (زیادی)ش کە لە یەك دوو جێگەدا بە درێژی باسیم کردووه لەو تیرەیە[٣].

دووەم: بەسەرهاتەکەی نێوان مامۆستایان شێخ محەمەد عەبده و، شێخ محەمەد ئەبولوەفای کوردی و، زویربوونی مامۆستا ئەبولوەفا و، دەستهەڵگرتنی لە سەرۆکایەتی بەشی (رواق الاکراد)ی (الازهر) و، چوونی بۆ (قلیوبیه) و، بوونی بە جێگەی ڕێز لەوێ و، بوونی بە خاوەنی خێزان و مانەوەی لەوێ تا کۆچی دوایی و، ئەنجامی ئەو ڕێزەی کە گەییە ئەوەی:

دەگێڕنەوه کاتێ کۆچی دوایی دەکات هەموو بنەماڵەکانی گوندەکە- کە هەر بنەماڵەیەك بەشە گۆڕستانی تایبەتی خۆی هەبووه- هەوڵ دەدەن مامۆستا ئەبو وەفا لە گۆڕستانی ئەواندا بە خاك بسپێرن و، ئەو پیرۆزییە بەوان ببڕێت، دوای کێشە و بەرەیەکی زۆر و هاورد و بردێك کە نزیك دەبێت هەرای لێ بکەوێتەوه، پیاوێکی ناودار و بە دەستەڵاتی گوندەکە کە ناوی (ابولفتوح حسن سرحان) دەبێت بەسەر کێشەکەدا سەردەکەوێت و، مامۆستای کوردیی لە بەشە گۆڕستانی خۆیدا ئەسپەردەی خاك دەکات[٤].

ئەمانە نموونەن و دەیان نموونەی دیکەش هەن و، نموونەی - خوالێخۆشبوو- (محەمەد عەلی عەونیی)ش نموونەیەکی دیکەیە و، نامە جوان و ڕازاوەکەی ئەو- کە ئاماژەم بۆ کرد- هێنامیە ناو ئەم باسە. ئەو نامەی کە لێرەدا دەقەکەی دەخوێنیتەوه، نیشانەی پێوەندییەکی پتەوی نێوان کوردانی ئاواره و دانیشتووی میصر و کوردستانی عێراق- بەتایبەتی سلێمانی-، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوه- وەك لە نامەکەوه دەردەکەوێ- حەفصەخانی نەقیب دیاریی ناردووه بۆ ئەو مامۆستا و قوتابییە

(٣) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل: ١٠٠.

(٤) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، بەرگی چوارەم، ل: ٣٠٤.

کوردانەی کە لە ئەزهەردا بوون، بەڵام بەداخەوە نازانین دیارییەکانی چی بوون، وەك نایشیزانین ئەو مامۆستا و قوتابییانە کێ بوون! کەمتەرخەمیکردنی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئاستی شوێنەوار و بەڵگەنامە و کەلەپووری گەلەکەماندا هەموو ئاستێکی گرتووەتەوە، دەنا بۆ دەبێ شاژنێکی وەك حەفصەخان کە لەو سەردەمەدا ئەوەندە بەتەنگ هاتوو بووبێت پێوەندیی پتەوی لەگەڵ (الازهر)دا بووبێت، دەبێ هیچ نەبێ تۆمارگە و دەفتەری (صادر) و (وارد)ی نەبووبێت؟ دەبێ کە ئەو دیارییانەی ناردووە بۆ میصر بە نامەیەك نەیناردبێت کە وێنە و ژمارەی لای خۆی پاراستبێت؟ بەڵام کوا و؟ ئێمە چی لەو بارەوە دەزانین؟

داخ و کەسەری مێژووی ناودارانی کورد لە ڕوویەکەوە نییە و، دەردگرانی و کارسەختی مێژوو نووسی کوردیش کە بیەوێ شتێك بۆ لایەنێك لە لایەنە فرەکانی مێژووی تۆمار نەکراو و لە بیرکراوی کورد بکات.. لە ڕوویەکەوە نییە و، چەندین کۆسپ و هەڵدێر و نشێوی وای لە ڕێگەدایە کە برینی هەر قۆناغێکیان– ئەگەر لە تواناادا بێت– تەمەن و وزەی تایبەتی دەوێت.

یەکێك لەو دەردە سەختانە زوو توانەوەی کوردی ئاوارەیە– بە ئێستەیشەوە– کە نازانین هۆی چییە نەوەی کوردی ئاوارە بۆ ئەوەندە ئامادەیە زوو زوو زمانی زگماکی خۆی لەبیر بکات و، خۆی بلکێنێ بەو گەل و وڵاتەوە کە ڕێی تێیان دەکەوێت؟

خوالێخۆشبوو محەمەد عەلی عەونیی خاوەنی نامەکە و باسەکەمان کە خاوەنی ئەو هەست و سۆزی کوردایەتییە بووە کە لە نامەکەیدا دەیخوێنینەوە و، خاوەنی ئەو خزمەتە گەورە و بەبرشتانەی بووە کە لە شەرەفنامە و، (مشاهیر الكرد)ی ئەمین زەکی بەگدا ڕەنگ دەدەنەوە (درية– دوڕیە) خانمی کچی کە ڕێگەی کەوتووەتە کوردستان، جگە لە ڕێزی بۆ باوکی و ئەو گەلەی باوکی لێی کەوتووەتەوە نیشانەیەکی دیکەی کوردایەتی پێوە نەمابوو!

جا کە نەوەی ئەو پیاوە ئاوا دەبێ ئەوەی کەسانێکی دی خاوەنی هەست و بیر و سۆزی وەك محەمەد عەلی عەونیی نەبووبن چۆن بن و چییان بەسەر هاتبێ؟

هەرچۆن هەبێت ئەم نامە مێژووییە کە ئاماژە بەو لایەنانە دەکات و لە لای مامۆستایان و دۆستانەوە دەستم کەوت دەکەم بە دیاریی ئەم جارە بە هیوای ئەوەی دوانامە نەبێت و کەرەستەی باس و بابەتی تێر وتەسەل بێت لەم بوارانەدا. دەمێنێتەوە

ئەوە بڵێم: یەك دوو نامەی مامۆستا محەمەد عەلی عەونییم لایە کە بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵی ناردوون و شێوەی ئیمزاکەی ئەویّ و ئێرە لە یەك دەچن و بەوەدا دەڵێم: ئەمەی ئێرەیش نامەی مامۆستا (عەونیی)یە. بەڵام بێگومان دەستخەتەکە دەستخەتی خۆشنووسێکە کە بۆ ڕازانەوەی نامەکە هەڵبژێرراوە.

دەقی نامەکە

**سەرتاجا ئیبتیهاجا کوردان و خۆشەویستا هەموویان**

**جەنابی حەفصەخانی نەقیب**

**پاش پێشکەشکردنیا ئیحتیرام و تەقدیمی سوپاس و قەدر گرانیا خۆمان، دەستتان ماچ دەکەین. ئەو دیاریا نایابانە کە لوطف فەرموویبوون کەیفمان خوەش و دڵیمان گەش کردو، چاومانیش پیّ زۆر ڕووناك بوو؛ چونکە بۆنا وەڵاتی موقەدەسیمان لێ دەیهات.**

**خانم و منداڵەکانی بەندە و هەموو کوردانی (الجامع الازهر) و میصر دائیما یادی لوطف و ئیحسانی ئێوە دەکەن و، سوپاسکاری و ثەناخوانیی جەنابتان خەریك دەبن، لەبەرئەوە کە ئێوە دائیما بە خدماتی میللەت و تەربیەی منداڵانی وەڵات مەژوول دەبی و، بۆ پێشکەوتنا وان شەو و ڕۆژ بە هەموو جۆر دەکۆشی. تکایمان لە خوا هەیە کو ئەم ڕێگەی چاکەدا ثابت قەدەم و موەفەق بی.**

**ئیتر بۆ خدمەتتان هەر ئامادەیم**

محەمەد عەلی عەونی

١٤ی صەفەری ١٣٦٧ – ٢٧ دیسەمبەری ١٩٤٧

سوتاجا ابتهاجا کوردان وخوشی وسنا همویا؟

جناب حفصه خان نقیب

پاش پیشکش کردنا احترام وتقدیم سوپاس وقدر گرانیا خوما ،
دستان ماچ ئەکیە . ئەو دیاریا نایابانە کە لطف فرموبون . کیفمان
خوەشی ودلیما گەش کرد وچاومان پی زور رونال بو ؛ چونکە
بونا وەلات بقدسی مان لی دەبیات .

خانم ومنالەکانی بنره وهمو کوردانی الجامع الازهر مصر ئیما بادی لطف
واحسانی ئیوە دکیە وسوپاسکاری وثناخوانی جنابتان خەریک ئەبە .
لبرادە لە ئیوە ئیما بخدمت ملت وتربیە منالان وەلات مژول ابی . دبو پیشکوتنا وی
تیدوداو بە همو جهد دکوشی .

تکای مان لە خودابە کو ئەم دیکەی جاکەدا تابقدم وموفق بی .
ایتر بو خدمتتان هر آمادە یم >

محمد صفوت

١٤ صفر ١٣٦٧ - ٢٧ دیسمبر ١٩٤٧

## ٤٩١

بدر العلات في كشف المقولات

ئەم کتێبەیش یەکێکی دیکەیە لە دانراوەکانی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغیی.

«نحمدك يا جاعل جواهر العقول مكيفة بالعلوم، ونصلي على هيولى صور المنطوق والمفهوم، وعلى الصائرين بالاضافة الى كمية أوضاعه كالنجوم، وأصحابه المنفعلين بتزكية النفوس عن الفعل المذموم. وبعد: فيقول المحتاج الى اللطف المتين، عمر ابن الشيخ محمد أمين القرەداغى عفى عنهما الهادي: لما كانت رسالة المقولات للمولى القزلجي-- رحمه الله... وسميته ببدر العلات في كشف المقولات...»

«.. قد وقع اختتامه لعشر خلت من رمضان جعلنا عن عتقائه بحرمة سيد المرسلين سنة الف وثلاثمائة وتسعة (!) وعشرين، وقد وقع الفراغ من تحرير هذه النسخة المسماة ببدر العلات المنسوبة الى الفاضل المدقق الشيخ عمر المشهور بابن القرەداغي بيد العبد الاثيم علي كمال، في ٢٨ رمضان ١٣٣٩».

دەستخەتەکە (٤٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دەستخەتەدا ئەوەیە وەك دەبینی لەم کۆتاییەدا دەڵێ (علي كمال) نووسیویەتیەوە، بەڵام لە لاپەڕەی یەکەمدا چەند دێڕێك لەسەر شێوەی نامە بۆ مامۆستا مەلا ئەبوبەکر نووسراوە و کوردییەکەی ئاوایە:

بەڕێز جەنابی مەلا ئەبوبەکر خودا پایەداری بکات، عەرزی بەڕێزتان دەکەم:

بەڵێنم دابوو حاشیەکانی مەقوولات بە کۆششێکی تەواو بنووسمەوە، بەڵام ئەوەم بۆ نەگونجا و، پێنج ڕۆژ گرێ و گرفت هاتە ڕێم ئێستە زۆر بە پەلە و شپرزەیی کۆتایی حاشییەکانم نووسی، داوای چاوپۆشی دەکەم و، بەپێی وتەی «العذر عند كرام الناس مقبول» داوای لێبوردن دەکەم. (يحيي المحمودي) ٤ شەنبە.

لە دوا لاپەڕەیشدا لە دوای یەك دوو بەیت شیعرەوە لە مێژووی (١٣٤٠)دا ناوی (يحيي الباني) نووسراوە، دەگونجێ (يحيى البانى) و (يحيى المحمودى) یەك کەس بن، بەڵام کە بۆ مامۆستا مەلا ئەبوبەکری نووسیوەتەوە بۆ ساڵێك لە دوای ئەوە لە لای بووە؟

لە چەند شوێندا مۆری کتێبخانەیەکی پێوەیە، بەڵام مۆرەکە کوژێنراوەتەوە.

شایانی باسە ئەم دەستخەتەم لای مامۆستا خالص لە هەولێر بینی.

ئەم کتێبە لەتەك (گلنبوی برهان)دا لە میصر چاپ کراوە. (٣٣/ع)



سميت بتنوير العينين في اختلاف الامامين الشافعي والحنفي رحمهم الملك المنان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي انزل قرآنه والصلاة والسلام على حبيبه الذي اوضح بيانه

وعلى اله واصحابه الشاهدين برهانه وبعد فهذه رسالة

تعلم بها ادلة مسائل الخلاف بل تظهر بها ثمرة الاختلاف بين مذهب

المجتهدين على الاطلاق في مسئلة النكاح والطلاق وهما ابو حنيفة

والشافعي عليهم الرحمة والرضوان واجعل اللهم مكانهما في الجنان بحرمة

محمد سيد ولد عدنان جمعتها باشارة بعض العلماء في زماننا رحمهم الله

من الكتب المعتبرة المعمول بها فيها ليسهل حفظها على المقلدين بهما

بعد ان عرضتها عليه قبل اثباتها وذكرته له اني لا احب ان اثبتها

الا بعد ان تنظر فيها فان قبلتها ابقيتها وان لم ترضها محوتها فاني

بحمد الله احب الوفاق واكره الخلاف لا سيما في قواعد الدين

وان كان الاختلاف رحمة بقوم آخرين والمرجو من الناظرين

يمن على بصالح الدعوات ويعفوا عما عثر عليه من العثرات لان نوع

## منيحة الاحباب على صفيحة الاسطرلاب
## دانراوى ماموّستا شێخ عومەرى قەرەداغى

٤٩٢

سەرەتاكەى:

نحمدك يا من ارتفعت درجات عرفانك عن احاطة علوم العقلاء، ونصلى ونسلم على من سمعت مقنطرة ارتفاعه سماء الاصطفاء، محمد الذى هو سيد الرسل وخاتم الانبياء.

كۆتاييیەكەى:

«هذا آخر ما أراد إيراده الفقير المحتاج إلى عفو ربه القدير عمر الغفاري الشهير بابن القرداغي غفر الله ولوالديه ولمشايخه من شرح الصحيفة المشتهرة بالاشارات، والحمد لله مفيض الكمالات على من اختاره من الممكنات، والصلاة والسلام على سيدنا أشرف المخلوقات وعلى آله واصحابه الفائزين منه بزي مراتب الشرف والتقي وحسن الصفات مادامت الارضون ودارت حولها السماوات. وذلك الاختتام لاثني عشر خلت من ربيع الاول سنة الف وثلاثمائة واثنين وخمسين من هجرة سيد المرسلين. وصلى الله عليه وعليهم اجمعين الى يوم الدين، وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين. كتبه وسوده الفقير الحزين جلال الدين ابن ملا أحمد ابن ملا صالح ابن ملا عثمان غفر الله لهم ولسائر المسلمين في خانقاه الملا عثمان في البلدة السليمانية سنة الف وثلاثمائة وتسع وخمسين من هجرة سيد المرسلين، خلت من جمادى الاخرة ثمانية عشر اللهم...»

## الدرة المنجية على الفرائض القزلجية

٤٩٣

ئەم كتێبەیش یەكێكى دى لە دانراوەكانى ماموّستا شێخ عومەرى قەرەداغییە.

سەرەتاكەى ئاوايە: (دواى صەلات وسەلام)

«وبعد: فيقول الفقير عمر ابن الشيخ محمد امين القرداغي عفا عنهما الملك الهادي: لما كان فرائض المولى على القزلجي مشتملا على فوائد خلا عنها كثير من الشروح وريح التحقيق منها تفوح، وكان في غاية الايجاز بنحو يعد من الالغاز، ولم يوجد لها شرح.. اردت ان اكتب عليها... وسميته بـ(الدرة المنجية على الفرائض القزلجية..)

ئەم دەستخەتە (٦٠) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە و، بە دەستخەتی مامۆستا عەبدولکەریمی بیارەیە و، کۆتاییەکەی ئاوایە:

«الحمد لله ماتعاقب الليل والنهار والصلاة والسلام على الرسول المختار، وعلى آله واطهار (!) مادامت الفجار في النار وتنعمت في الجنة الابرار، قد وافق اختتامه يوم الجمعة لست بقين من رجب بتأريخ اذا نقص منه عدد الوارثين... اي سنة الف وثلاثمائة وتسع وعشرين هجرية. والداعي تم استنساخي لهذا الشرح الشريف اولا في خدمة الشارح ابان تحصيلي للعلوم في بلدة السليمانية سنة الف وثلاثمائة واربعين هجرية، وثانيا في حجرة المدرس بجامع سيدنا الغوث الاعظم عبدالقادر الگيلاني قدس سره في بغداد، سنة الف واربعمائة و واحدة، شهر ربيع الاول ضحوة الثلاثاء رابع عشرة الموافق للعشرين من كانون الثاني سنة الف وتسعمائة واحدى وثمانين ميلادية، وصلى الله على روح سيدنا وشفيعنا محمد صلى الله عليه وسلم وعلى باقي الانبياء والمرسلين، عدد خلقه ورضى نفسه، وزنة عرشه، ومداد كلماته، وعلى آله واصحابه وسلم، وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين، وانا عبدالكريم محمد الكردي الشهرزوري، غفرالله له ولوالديه آمين».

وەك بینیمان مامۆستا مەلا عەبدولکەریم دوو جار ئەم کتێبەی نووسیوەتەوە، من وێنەی ئەم نوسخەی دووەمەم لە لایەنی برای خۆشەویستم مامۆستا مەلا حیسامەددینی قەلاتییەوە دەستکەوت و، نوسخەیشیم دا بە برای قوتابی مەلا عوثمانی گرێزەیی بۆ ئەوەی ئامادەی بکات بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستێر لەسەری.

## دانراوێکی شێخ عەبدوڵڵای قوطبی قەرەداغی

## ٤٩٤

گەلێ جار گوتوومە و نووسیومە کەم گەل و نەتەوە هەیە بە ئەندازەی گەلی کورد خەمسارد و بە تەنگەوە نەهاتوو بێت بەرامبەر بە زانایان و ناودارانی کە ئێستە باوە و بەدەم هەندێ کەسەوەیە و دەیڵێنەوە: «کورد زیندوو کوژی مردوو پەرستە» ڕەنگە تەنها بۆ ئەم سەردەمەی دوایی و چەندساڵێك لەمەوبەر بگونجێت و، بگوترێت. ئەگینا بۆ پێشینانمان هەرگیز وا نەبووە و لەوانەیە لە هەندێ کاتدا بە پێچەوانەوە بووبێت و، گەلێ زانا و کەسی وامان هەبووە لە سەردەمی خۆیدا ڕێزی خەڵکی دەوروبەری بۆی لە سنوور دەرچووە و، گەیشتووەتە ڕادەی نیمچە پەرستنێك، بەڵام هەر ئەوانەی کە لە ژیانی خۆیدا دەست بە سنگەوە و بە چۆکا هاتوو و دەست لەسەر ئەژنۆ بەرامبەری ملکەچ بوون، پاش ئەوەی ئەستێرەی ئەو کەسە ئاوا بووە و، ماڵئاوایی لە جیهان و دەوروبەری کردووە،

کەسانێك لەو دەوروبەرەی نەهاتوون ئەو قەناعەتەی خۆیان بەرامبەری و، ئەو پلە و ڕێزەی لای خەڵك بوویەتی، بەچەند دێڕێك بخەنە سەر لاپەڕەیەك کاغەز و، دوای خۆی ناوی زیندە بپارێزن.

شێخ عەبدوڵڵای قوطبی قەرەداغی یەکێکە لەو زانا مەزنانەی گەلی کورد، کە لە سەردەمی خۆیدا لە ڕوانگەی تەصەوفەوە پێیان گوتووە قوطب و، بە قوطبی سەردەمی خۆیان داناوە و، وەك دەگێڕنەوە و، دیاریشە کەڵە زانای سەردەمی خۆی بووە.. چیمان لەسەر ژیانی لەدەستدایە؟ تەنانەت مێژووی لە دایکبوونی هیچ، دەزانین کەی و لە کوێ کۆچی دوایی کردووە؟ یان بەرهەمی چی هەبووە؟ یان شوێنەوارەکانی کامانەن و ئەگەر ماون لە کوێن؟ ئەم پرسیارانە تا ئێستە بێ وەڵام بوون، منیش کە لە دەرگای ئەم باسە دەدەم وەنەبێ دەستم پڕ بێت و، وەڵامی هەموو پرسیارەکانم پێ بێت. بەڵام ئەوەندە هەیە بەڵگەیەکی بچووکی ئەوەم دەستکەوتووە کە ئەم مامۆستایش خاوەنی دانراو بووە و، لەوانەیە چەند دانراوی دی هەبووبێت و، چاوی چاوەڕوانیی لە دەرگای کتێبخانەکان کەلا ناکەین، بەڵکو داهاتوو زانیاری زیاتری بۆ لە ئامێزی نادیاردا هەڵگرتبین.

برای خۆشەریستم مامۆستا عوثمانی موفەتیشی ئەوقاف چەند دەستخەتی بۆ هێناوم، بۆ بینینیان، لە ناویاندا دەستخەتێکی بچکۆڵەی دوو لاپەڕەیی هەبوو کە لە کۆتاییەوە نووسراوە:

«تمت الرسالة شیخ عبدالله یان عبداللطیف؟ بید الغریب احمد»

نامیلکەکە لە باسی (وضع) دایە و مێژووی پێوە نییە. هەر لە پێش ئەمەوە نامیلکەیەکی دیکەی (وضع) هەیە لە کۆتاییەوە نووسراوە:

«تمت شد فی سنه هزار و دوصد وهفتاد، ببلدة کوی فی سیم رجب المرجب، بعد از وفاة ملا بکر آغا- رحمه الله وایانا آمین- وهم وقف تدارك گرفتن اغلب فقهای کوی وغوراه واهل کوی و چند قدری از غرباء برای غزای مبارکه... اللهم انصر من نصرالدین، واخزل من خزل الدین، اللهم ارزقنا ثمرة الغزاتین آمین».

سەرەتای نامیلکەکەی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵایش ئاوایە:

«بسم الله الرحمن الرحیم وبه نستعین. الحمد الله وکفی والصلاة والسلام علی عباده الذین اصطفی، سیما محمد المصطفی. اما بعد: فاللفظ الموضوع ای المعنی وضع کل...»

دەمێنێتەوە ئەوە بزانین مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (علماؤنا فی خدمه العلم والدین)دا دەربارەی ئەم مامۆستا نووسیویەتی: شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ

عەبدوللەطیفی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عوثمانی کوڕی شێخ مەعروفی دەرەقووڵەیە. لە دەوروبەریساڵی (١٢٤٤)دا لە دایك بووە و، لە سەردەمی شێخ عوثمانی سیراجەدینی مامۆستا و مورشیددا کۆچی دوایی کردووە. مامۆستای مودەڕیس جگە لە باسی ئەوەی کە دەفەرمووێ:

پیاوێکی لە خودا ترس و زانا و ئەهلی ئیرشاد و تەریقەت بووە و گەییوەتە پلەی (قطب)یەت، شتێکی دی دەربارەی پلەی زانیاریی و دانراو و شوێنەواری ناڵێت(١).

## حامیدی قەرەداغی کێیە؟(*)

٤٩٥

**دەستخەتێك و هەندێك زانیاریی مامۆستا و شاعیرێکی نەناسراوی تەکیەیی قەرەداغیی**

گەلێ جار گوتوومە و نووسیومە و هەر دەبێ بیشیڵێم و بیشینووسم: دۆزینەوە و پشکنینی هەر دەستخەتێکی کۆنمان لاپەڕەیەکی نەزانراو و شاراوەی مێژووی دێرینمان بۆ هەڵدەداتەوە، بەڵکو هەر دەستخەتێکی کۆنمان گەنجینەیەکی گرانبەهای مێژووی زانایان و ناودارانی کوردە و، کۆکردنەوەی ئەو گەنجینانە کۆکردنەوەی کانی و جۆگەلە پەرتەوازەکانە کە سەرچاوەی ڕوونی مێژووی ئەدەب و زانیاری و زانستی گەلی کورد پێکدێنن. سوپاس بۆ خودا– هەرچەند ئەوانەی کە تێدا چوون لە ژمارە نایەن و قەوارەیان نازانرێت– ئەوەندەمان لەو گەنجینانە لەملا و لەولا ماون، پشکێنەر دوای گەڕان و پشکنین بە هەناسە ساردیی ناگەڕێتەوە و، ئەوەندەی دەست دەکەوێت ئارەقی ماندوێتی پێ وشك بکاتەوە.

ئەمجارەیش دەچینە خزمەتی یەکێك لەو گەنجینە بێ وێنانە و، چەند دانە مرواریی کەس نەدیوی لێ وەردەگرین بۆ ئەو ملوانکە گرانبەهایەی دەکرێتە گەردنی بەرزی مێژووی زانایانی کورد.

لە چەند نووسینی پێشوودا باسی ئەوەم نووسیوە کە شاری بەغدا یەکێك بووە لەو شارانەی ساڵەها و ماوەی درێژ– ئەگەر بە درێژایی مێژوویەکی زۆر نەبووبێت– بەیداخی زانست تیایدا بە شەکاوەیی بە دەست کەڵە مەلای کوردەوە بووە و، تا ئەوان هەبووبن– کە هەمیشەیش زۆر بوون– کەسی دیکە شیاوی ئەوە نەبووە ناوی ئەوە

(١) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو. ل: ٣٥٧.

(*) لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری ئەکادیمیدا بڵاوبوەتەوە.

بەرێت کە بەیداخداری زانست بێ لە پایتەختی زانستدا. ئەم دیاردەیەش تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە(١).

## باسێکی دەستخەتەکە

ئەم دەستخەتە چەند دانراوی لەخۆ گرتووە لەوانە:

١- لە سەرەتای کتێبەکە- دەستخەتەکە-وە دوو نامیلکە هەڵەوگێڕا و تەجلید کراون:

یەکەمیان: نامیلکەیەکە لە زانستی (البیان- الاستعارة)دا و، ئەم تەواو دەبێت بێ ناوی کەس و مێژووی نووسینەوە، دوای ئەمە نیو لاپەڕە کەمتر لە بابەتی (وضع)دا نووسراوە.

دووەمیان: حاشیە بەسەر فەنناریییەوە، ئەمیش ناوی کەسی بەسەرەوە نییە.

٢- کتێبی- یان حاشیەی- (میر ابو الفتح)ە لە ئادابدا، ئەم کتێبە بە خەتی دوو سێ کەس، یان بە دوو سێ خەتی جیاواز لە یەك نووسراوەتەوە، گەلێ حاشیەی گەلێ مامۆستایانی کوردی بەسەرەوەیە، لەوانە: محەمەد حسەینی حەریری و، ئیسماعیلی بانەیی، ئەم دەستخەتە ساڵی (١١٩٠) بە خەتی ئیسماعیل نووسراوەتەوە، بەڵام نازانم ئەم ئیسماعیلە و ئیسماعیل بانەیی، کە حاشیەی بەسەر کتێبەکەوە هەیە، یەك کەسن یان نا؟

٣- ڕیسالەیەك لە ئادابدا ساڵی (١١٨٥) نووسراوەتەوە، ناوی نووسەرەوەی بەسەرەوە نییە، حاشیەی چەند مامۆستای بەسەرەوەیە.

٤- حاشیەیەك بەسەر (میر ابو الفتح)ەوە ساڵی (١١٨٦) نووسراوەتەوە، ناوی کەسی بەسەرەوە نییە، حاشیەی چەند مامۆستای بەسەرەوەیە(٢)، لەوانە (عبدالکریم البرزنجي).

٥- (قول احمد) بەخەتی حەیدەری قەرەداغی نووسراوەتەوە، لە کۆتاییییەوە نووسیویە:

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە: دانراوێکی گۆرانیزادەی موفتی بەغدا، محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، ل: ١٤٨.

(٢) لە پەڕاوێزی ئەم کتێبەوە نامیلکەیەکی مامۆستا مەلا عەبدڵڵای کوڕی حەیدەری- حەیدەریی بە خەتێکی وردی جوان نووسراوەتەوە، کۆتایی نامیلکەکە دیاریی نەکراوە.
ئەم نامیلکە یەکێکە لەو بابەتانەی سەردەمی پێشوو لە حوجرەکانی کوردستاندا بە دەرز خوێندراون و دەیان نوسخەیان لە کتێبخانەکاندا هەیە. بڕوانە: لاپەڕە (٢١٩)ی بەرگی شەشەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە.

«الحمد لله اولا وآخرا، والصلاة على رسوله محمد الذى كان للحق ناشرا، وعلى آله واصحابه المؤيدين بالمعجزات الباهرات.

قد وقع الفراغ من كتابة هذه الحاشية المنسوبة الى المولانا قول احمد، يوم الاثنين في الشهر المحرم الحرام، في يوم سادس عشر، في بلدة بغداد، صانه الله. في مدرسة العادلية، في قرب دار العصر القضا، في سنة (١٢١٥). على يد احقر العباد حيدر النجاري الكردي القرداغي الشافعي. لااله الا الله»[٣].

له پاڵ ئەم نووسینەدا مۆری (حامد)ی پێوەیە، کە دواتر بە درێژیی باسی دەکەین. لە مۆرەکەی نووسراوە:

«حامد بلطف حق توكل كرد ١٢٢١».

ئەم دانراوەیش حاشییەی گەلێ لە مامۆستایانی کوردی بەسەرەوەیە، لە هەموویان زیاتر عەبدوڵلای کوڕی حەیدەری، حەیدەریی، دوای ئەو ئیبراهیمی کوڕی حەیدەری حەیدەریی و، شەرانشیی و، شەوەکیی و، نوورەدین و عەبدوڕەحیم و، محێدین و، یوسف الأصم، عبدالصمد و، عومەری کوڕی ئەحمەد، .... جگە لە ناوی مامۆستاکانی خاوەن حاشیەکان، نووسەرەوە لە هەندێ جێگەدا وردەشتی نووسیوە، تۆمارکردنی هەندێکیان لێرەدا سوودی خۆی دەبەخشێت و، نووسراوەکان بە دەقەکانی خۆیان دەگوێزمەوە ئێرە:

* كاتبه حيدر في وقت شدة الحر. لااله الا الله.
* كاتبه حيدر في وقت الصبح يوم الجمعة في آخر شهر المحرم الحرام. ١٢١٥.
* نمقه حيدر وقت الظهر في مدرسة العادلية.

نمقه حيدر في بلدة بغداد حرسه (!) الله من الآفات.

* كاتبه حيدر قبل الظهر في مدرسة العادلية.
* حرره في بلدة قرداغ، في شهر شوال، في خزمتى (!) شيخ علي.

آه الف آه من فراق اخوان، خصوصا استاذي مولانا ملا محمد امين.

---

(٣) لە دوای ئەم لاپەڕەوە کە ئەم دەقەی تێدایە لە لاپەڕەیەکی دیکەدا هەمان دەقی دووپات کردووەتەوە:

«الحمد لله اولا وآخرا، والصلاة على رسوله محمد الذي كان للحق ناشرا. وعلى آله واصحابه المؤيدين بالمعجزات الباهرة.

ووافق الفراغ من تسويده يوم الاثنين في شهر محرم الحرام، في يوم سادس العشر (!) في مدرسة العادلية. في دار السلام بغداد. على يد خادم الفقراء حيدر الكردي الشافعي في سنة ١٢١٥».

بەڵام ئەو خەتەی ئەمەی پێ نووسراوە لە خەتی حەیدەری نووسەرەوەی دەستخەتەکە ناچێت.

* آه من الموت وحالاته احرق قلبي بحراراته. وقع الطاعون في الموصل في سبع من ذي الحجة في سنة الف ومأتين واربعة عشر (!) وصار خوفا عظيما بالبغداد. اللهم احرسها بحرمة النبي المختار. وسليمانية بسنة قبل الموصل وقع الطاعون فيه، كاتبه حيدر الكردي.
* كتبه حيدر في المدرسة العادلية.
* نمقه صالح، آه من فراق اخي حقيقة استادي ملا محمد امين لاجل قراءتي.
* كتبه حيدر وقت الاستواء في الصيف في مدرسة العادلية في قرب دار القضاء.
* كتبه الغريب في مدرسة العادلية قرب دار القضاء.
* كتبه حيدر يوم الثلثاء في شهر الصفر المظفر في بغداد في مدرسة العادلية في خدمة مولانا عبدالله گراوي، آه من الموت و حلالاته...
* * كاتبه حيدر النجاري الكردي الشافعي التكيي. آه من الموت. آه.
* حرره في يوم العيد القربان (!) آه من فراق اخوان في بلدة السليمانية.
* * كاتبه حيدر يوم الخميس في شهر صفر المظفر في مدرسة العادلية قرب دار القضا التي انشأتها زوجة الوزير سليم العادلين...[٤] الكبير في سنة (١٢١٥).
* آه من فراق اخي استادى لاجل فهم محل بحث (وتالاوتر!)[٥].
* تدبر. عبدالصمد حرره في السليمانية بعد فراق كاك فتح الله.
* عمر بن احمد. حرره بعد الظهر في السليمانية. آه من فراق اخوان.
* عمر بن احمد. حرره صالح. من فراق اخوان.
* قد وقع الفراغ من تنميق هذه الحاشية المنسوبة الى الفاضل مولانا عبد (كذا) بن حيدر الماوراني...[٦] الآبادي. وانا الحقير حيدر الكردي القرداغي الشافعي من اوله الى آخره. لا اله الا الله محمد رسول الله.

---

(٤) لێرەدا دوو وشەم بۆ نەخوێنرایەوە.

(٥) ئەمەم وەك خۆی ڕوونووس كرد، نەمزانی مەبەستی چییە.

(٦) لێرەدا وشەیەكم بۆ نەخوێندرایەوە، بەڵام بەپێی ئەوەی لە شوێنەكانی دیدا دەنووسێت و ئەم بنەماڵە نازناوی كۆنیان وایە دەبێ (حسین آبادی) بێت.

* عمر بن احمد آه من فراق استاذي مولانا ملا محمد امين لاجل فهم نكتة(٧). حرره في السليمانية.

* حرره صالح في السليمانية، آه الف آه بعد الف آه من فراق من في قلبي.

لێرەدا دانراوی (قول احمد) تەواو دەبێت، لە دوا لاپەڕەیدا- کە دووبارە بووەتەوە- بە مەرەکەبی سوور نووسراوەتەوە:

«ابتدا کردم باین نسخە٬ نافعەء نادرە، روزي چهار شنبه ماه محرم الحرام در بلدەء سلیمانیة، از خذمت اولوی مولوی مولانا شیخ عبدالقادر برادر شیخ عبدالصمد القاضی. خداوندی تبارك وتعالی بمقصود خودشان برسانند، واین حقیر نیز بمقصود خود برساند، سنة (١٢٢٦)(!)(٨) مقصود ومطلب این بنده بغیراز خداوندي عالمیان کس نداند(٩)، ونمی خواهم که اشکارا نمایم مگرپس از رسیدن بمقصود، یان ان مقصود را بدهي».

(٧) ئەم مامۆستا مەلا محەمەد ئەمینە دیارە مامۆستایەکی زیرەك و ورد بووە و، بۆ دۆزینەوەی نوکتەی ورد بیرتیژ بووە. لە چەند جێگەدا حامید هاوار بۆ دووریی و نەبوونی لە کاتی پێویستدا دەکات و مامۆستا حەیدەر بە برای حەقیقی خۆی دادەنێت.

(٨) لێرەدا مێژووەکە کوژاوەتەوە بە (١٢٢٣)ش دەخوێنرێتەوە.

(٩) لە پەنای ئەم نووسینەی مامۆستادا نووسینێکی مامۆستا محەمەدی (عیونی) بەرزنجی شاعیر و خۆشنووسم بیرکەوتەوە، کە ئەویش لە بەغدا فەقێ بووە و، لەسەر لاپەڕە دەستخەتە نایابەکەی ئاماژەی بۆ کردووە. (بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی دووەم، ل: ١٨١ و بەرگی سێیەم، ل: ٢٤١ و، شایانی باسە یادگارێکی دیکەی نایابی ئەم مامۆستام دۆزییەوە و، بە ڕەنج و زەحمەتێکی زۆر توانیم وێنەی بگرمەوە و، وێنەکەیم بە ئەمانەت دا بە خوالێخۆشبوو، مامۆستا شوکور مستەفا، بەڵام دوای کۆچی دوایی مامۆستا شوکور هەواڵی دەستخەتەکەم پرسی کەچی بێ سەر و شوێن بوو. وێنەی دەستخەتەکە بریتییە لە وێنەی دیوانی شاعیری نەناسێنراوی کورد (صاحیب) – عەبدوڕەحمان ئاغای دزەیی، کوڕی حەوێز ئاغای، کوڕی حەمزە ئاغای، کوڕی حاجی ئاغای، کوڕی عەبدولقادر ئاغای، کوڕی حاجی ئاغای گەورەی، کوڕی زەینەدینی میر ئاخوڕی سوڵتان مورادی دووەم- ئەم دەستخەتەیش بە خەتی مامۆستا (عوییونی) بەرزنجییە و، ساڵی (١٢٥٧) لە بەغدا نووسیویەتیەوە.

گومانی زۆر بۆ ئەوە دەچێت دەستێك ئەم دەستخەتەی لە کتێبخانەکەی مامۆستا شوکور مستەفا دەرهێنابێت لەتەك هەندێ شتی دیکەدا کە کاتی خۆی مامۆستای خوالێخۆشبوو بۆی باس کردووم، لەوانە گەلێ نامەی تایبەتی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی کە بۆ مامۆستا شوکوری ناردوون و گەلێ شتیان تێدایە.

هیوادارم ئەمانە بگەڕێنەوە کۆڕی زانیاری کوردستان کە شوێنی شیاو و شەرعی ئەو شتانەن!

دوای ئەمە لاپەڕەیەك شیعری فارسیی نووسراوە دوای ئەم ڕیسالەی ناسراو بە (محمد امین علی جهة الوحدە) هەر بە خەتی مامۆستا حەیدەری قەرەداغییە.

ئەم دانراوەیش حاشیەی چەند مامۆستایەکی کوردی بەسەرەوەیە، لەوانە مامۆستا مەلا ڕەسووڵی شەوەکیی لەپاڵ پەراوێزەکانیشدا هەندێ وردە شتی نووسیوە- دیسان- وەك خۆیان دەیاننووسین:

* كما قال ههنا رسول افندي شوكي مد ظله.

* كاتبه حيدر في مدرسة پاچەچي.

* كذا مثله قدس سره، وفي حواشي شرح الرسالة الشمسية رسول افندي الشوكي مد ظله علينا.

لە کۆتایی ئەم کتێبەیشەوە نووسیویە:

«قد وقع الفراغ من تسويد هذه الرسالة المشهورة بين المحصلين، المنسوبة الى مولانا محمد امين، الواقعة على جهة الوحدة الفنارية. على يد احقر العباد، تراب اقدام الطلبة الزمان، حيدر بن استاد سيف الله بن استاد حسين الكردي الشافعي مذهبا، في يوم الثلثاء اول شهر ربيع الاول، في مدرسة الصياغة في خدمة مولانا رسول الشوكي الحريري مد ظله السامي».

هەر لەم لاپەڕەدا لە جێگەیەکیدا دوای حاشیەیەك نووسراوە: (كتبه محمد مركی- مەرگەیی).

دوای ئەمانە سەرەتای نامیلکەیەك دێت کە باسی ئیعتیراض و تەعلیقە لەسەر حەدیثی (كنت كنزا مخفيا فاحببت ان اعرف، مختلف...)

بەمە باسێکی کورتی ناوەرۆکی دەستخەتەکە تەواو دەبێت، بەڵام گەلێ شتی دی هەیە دەبێ بگوترێن، لەوانە:

لە شوێنێکدا حاشیەیەکی بەسەرەوەیە لە کۆتاییەوە نووسراوە:

(كتبه الخرپانی) واتە خەرپانەیی- کە مەبەست شێخ عەبدوڵڵای خەرپانییە- نووسیویەتیەوە. جا دەبێ کەی ئەم کتێبە کەوتبێتە دەست شێخ عەبدوڵڵا؟ یان هەر بە ڕێکەوت چاوی پێی کەوتووە و ئەوەی نووسیوە؟ یان پێوەندیی نێوان مامۆستا حەیدەر و شێخ عەبدوڵڵا، کە هەردووکیان تەکیەیین، وای کردووە یەك ببینن و لەسەر کتێبی یەك

بنووسن(١٠)؟ یان هەر كتێبەكە ماوەیەك لای شێخ عەبدوڵڵا بووە؟ ئەمانە هەر بۆچوونن؛ چونكە ئەم دەستخەتە گەلێ دەستی دیوە و، ئەملاو لای زۆر كردووە. یەكێكی دی لەوانەی دەستخەتەكەی بە كڕین كەوتووەتە لا مەلا سولەیمان ناوێك بووە و، لەم بارەوە لە لاپەڕەیەكی سپیدا بە خەتێكی خۆش نووسراوە:

«قد انتقل بشراء صحیح الی ملك الحقیر المذنب الراجي سلیمان».

لەسەر لاپەڕەی یەكەمیشی دوو سێ باسی تەڵاق و قەرز و شتی وەها نووسراون.

دوای ئەم باسی ناوەڕۆكی دەستخەتە، كە جارێكی دی و لە ڕوویەكی دییەوە سەرنجی ئەو شتانە دەدەین كە دەكرێ لەم دەستخەتەیان وەربگرین، یەك دوو شتی گەلێ بەبایەخ لە دوو توێی دێڕ و لاپەڕەكانەوە دەبینین، لەوانە:

**یەكەم**: مامۆستا مەلا ڕەسووڵی شەوەكی كە لە مەدرەسەی (الصیاغە) مامۆستا بووە و، مامۆستا مەلا حەیدەر لە خزمەتیدا خوێندوویەتی كێیە؟ بەپێی گەڕان و ئاگاداری من ئەمە یەكەم جارە ناوی ئەم مامۆستا لە ناو مامۆستای مزگەوتەكانی بەغدادا دێت و، یەكەم جارە دەزانین ئەم مەدرەسە ناودارەی شاری بەغدا خوێندنگای كوردان بووە و، مەلا و فەقێی كورد تیایدا زانستیان بڵاو كردۆتەوە. دوای ئەمەیش كۆمەڵێ پرسیاری دیكە سەر هەڵدەدەن: دەبێ ئەم مامۆستا مەلا ڕەسووڵە و ڕەسووڵی سورچی یەك كەس بن؟ دەبێ مامۆستامان تاكەی لە بەغدا مابێتەوە و؟ دەبێ وەك زۆربەی مەلایانی دیكەی كورد تا دوا قۆناغی ژیانی هەر لەوێ مابێتەوە و لەوێ كۆچی دوایی كردبێ؟

دەربارەی ئەو پرسیارەی: كە ئایا دەبێ لەتەك مامۆستا ڕەسووڵی سوورچیدا یەك كەس بن؟ دوای گەڕان بە سەرچاوەكاندا بۆم دەركەوت دوو مامۆستا مەلا ڕەسووڵمان هەیە. یەكەمیان مامۆستا مەلا ڕەسووڵی سوورچی، ئەم مامۆستا ساڵی (١٠٢٠)ك لە ژیاندا بووە و فەقێ بووە و كتێبی نووسیوەتەوە(١١). دووەمیان مەلا ڕەسووڵی شەوەكییە كە لێرەدا باسی دەكەین، ئەم مامۆستا- ئێستە- ئەوەندەی دەربارە دەزانین كە ساڵی (١٢١٥) لە بەغدا لە مەدرەسەی (صیاغە) مامۆستا بووە و دەرزی گوتووەتەوە، ئیتر دوای ئەوە شتێكمان لە

---

(١٠) شایانی باسە ئەم مامۆستا- حەیدەری قەرەداغی- هاوچەرخی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای خەڕپانی بووە.

(بڕوانە: محمدعلی القرەداغی، الشیخ عبدالله الخرپانی من خلال مخطوطات مكتبته، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد الثاني، السنة الثانیة).

(١١) بڕوانە: مێژووی زانایانی كورد، بەرگی: ٦، ل: ١٠٩.

دەستدا نییە و دەبێ چاوەڕوان بین بەڵکو ڕۆژانی داهاتوو شتی وایان پێ بێت تارمایی و تەمی ڕێگەی مێژووی ژیانی بڕەوێنێتەوە.

**دووەم**: مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گراویی. ئەم مامۆستایش کە مامۆستا مەلا حەیدەر لە خزمەتیدا خوێندوویە و، مامۆستا لەو کاتەدا لە مزگەوتی (عادلیە) بووە کە یەکێك بووە لە مزگەوتە ناسراوەکانی بەغدا و، خێزانی وەزیر لەو سەردەمەدا دروستی کردووە... ئەمیش ئەمە یەکەم جارە– من بزانم– ناوی لە مێژووی زانایانی کورددا تۆمار دەکرێت و، پێش ئەمە نە لە کوردستاندا و نە لە دەرەوەی کوردستاندا ناوی نەهاتووە.

ئەم مامۆستایش دووبارە نازانین تا کەی لە بەغدادا ژیاوە و، ئایا هەر لەو مەدرەسەدا بووە یان چووتە مەدرەسەی دی؟ ئایا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان یان تا کۆتایی ژیانی لەوێ ژیانی بەسەر بردووە؟

**سێیەم**: مامۆستا مەلا عەبدولقادری برای مامۆستا شێخ عەبدولصەمەدی قاضی. ئەم مامۆستایش بە پێی زانینی من تا ئێستە لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا ناوی نەهاتووە و مێژووی زانا و ناودارانی کورد ئاگای لێی نییە. ئەم مامۆستا کە برای شێخ عەبدول صەمەد بێت کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە، شێخ عەبدول صەمەدی برای بە (فەضلەدین) ناسراوە و، لە چەند جێگە و سەرچاوەدا ناوی هاتووە(١٢).

**حامیدی قەرەداغی کێیە؟**

دوای ئەم گەشتە خێرا بەم گەنجینە پڕ گەوهەر و مرواریيەدا کردمان دێینەوە لای ناونیشانی سەرەکی باسەکەمان کە باسی حامیدی شاعیرە. ئەم مامۆستایش ئەمە یەکەم جارە– بە پێی ئاگاداری من– ناوی لە سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەب و زانیاریی کورددا هاتبێت. لە دەستخەتەکەیەوە چەند شتێك وەردەگیرێ، لەوانە:

یەکەم: ئەم مامۆستا لە ساڵی (١٢١٥)ك دا لە بەغدا بۆ ماوەیەك کە نازانین چەند بووە– فەقێ و خوێندکار بووە.

دووەم: ئەم مامۆستا ناوی حەیدەری کوڕی سەیفوڵڵای کوڕی حسەین بووە.

سێیەم: لە پاڵ ناوەکەیدا وەك نازناوی خۆی یان هۆز و تیرەکەی ناوێك دەنووسێ بە (النجاری) و (البخاري) دەخوێنرێتەوە، بە دروستیی بۆم دەرنەکەوت کامیانە.

(١٢) بڕوانە: محمدعلي القرداغي، محمد فيضي الزهاوي، نبذة عن حياته وشيء من آثاره، الطبعة الاولى، دار آراس للطباعة والنشر، حي خانزاد، اربيل كردستان العراق، ٢٠٠٤ ص:١٣٢.

چوارەم: لە گەلێ جێگەدا لە پاڵ ناوەکەی خۆیدا (قەرەداغی) دەنووسێ و گومان لەوەدا نییە کە قەرەداغی بووە. یەك جاریش بە ڕوونی نووسیویە (تەکیەیی) بەڵام ئەوەم بەلاوە جێگەی قسەیە کە تەکیەییە ناوی (سەیید) یان (شێخ)ی لە پاڵ ناوی خۆی و باوك و باپیریدا نەنووسیوە، بەڵکو نووسیویە (استاذ)، دەبێ مەبەستی لەم (استاذ)ە وەستا بێت؟ دەبێ ئەم پیاوە لە سەیدەکانی تەکیە نەبێت و لە هۆز و تیرەیەکی دی بێت کە لە تەکیە نیشتەجێ بووبن؟

پێنجەم: لە پاڵ ناوی خۆیدا کە حەیدەرە مۆری داناوە و، مۆرەکەی نازناوی تێدایە و، لە پاڵ ئەو نازناوە و لە ژێر ئەو نازناوەدا شیعری فارسی گوتووە و، لە سەرووی شیعرەکانەوە کە نازناوی (حامد)یان تێدایە نووسیویە (لراقمە) واتە شیعرەکان هی ئەو کەسەن کە نووسیونیەوە.

### نموونەی شیعری حامید

**لراقمە**

**باز شراب کهنم آرز و ست**
**مستی و واله شدنم آرز و ست**
**صحبت سمین تن حور وشان**
**بوسەء غنچه دهنم آرز وست**
**نیست شبیه لب لعلت عقیق**
**بوسه ازان لب زدەنم آرز وست**
**تاکه نەبینم (نزرا) نزد رقیب**
**روح کشیدن ز تنم آرز وست**
**مشك خطا دم زده از طره ات**
**رفتن ملك خطنم آرزوست**
**خلد برین است تمنای غیر**
**صحبت تو در جهنم آرز وست**
**گر بزنی تیغ جفا صد هزار**
**پیش تو قربان شدنم آرز وست**

نـرگس شهـلاست تمنــا هـمـه
دیـدەء نــازك بـدنم آرز وسـت
گـر بـروی پـیش نـظر لحظـه
خـاك بسر ریختنم آرز وست
گـر تـو بـیـای سر تـربـتم
گـور كـفـن بر... نم  آرز وسـت
شاد مـبـادا دل (حـامد) دمـی
بی تو اگر من وطنم آرز وست

لراقمه حامد

ای قــد سرو عــرعـری
از مــن چـرا رنجیـدەء؟
ای گـلبن پـیـغـمـبـری
از مــن چـرا رنجیـدەء؟

***

ای دلـبـر جـانـانـەام
تو شمع من پروانه ام
امشب  بیا  كاشانەام
از (...) چرا رنجیدەء؟

***

دل بی قرار بی سكون
روحم زتن آمد بیرون
ای دلبر رخ  لاله گون
از مــن چـرا رنجیـدەء؟

***

عـــاشق شدم از روی تـــو
بـارك شدم چون موی تو

استــادهام در کــوی تــو
از مـــن چـــرا رنجیــدهء؟

***

بالله که من یار توام
عــاشق بـرخسار تـوام
عـبـدم خـریدار تـوام
از مـن چـرا رنجیـدهء؟

***

قربان شوم نازك بدن
ای دلـبـر سیـمـن ذقـن
وی یوسف گل پیرهن
از مـن چـرا رنجیـدهء؟

***

روز شبـــان زاری کــنـــم
خون از دلم جاری کنم
بی تو من این کاری کنم
از مـــن چـــرا رنجیــدهء؟

رباعی حامد

جان دل دادم یك بوسه بدی
تو بدی بوسکی ای جان دلم
صد صفا دارد یك بوسك تو
چه بگویم چه نویسم خجلم؟

وله فرد

یـارب چـهکـنـم گر نـه شوم همدم یـارم
مجنون صفت از وادی و کوه آه برارم؟

وله فرد

شب دیجور اگر باشد جمال یار چون حوری
نباشد احتیاج افروختن از شمع کافوری

***

هرچند زنم نعره چو بلبل زبهاران
هرچند که ریزم ز مژه اشك چو باران
حاصل نشود وصل دل (حامد) مسکین
با خال خط زلف ورخ دلبر و یاران

وله

گر نه بینم هفته آن نازنین
بگذرد آهم ز چرخ هفته‌مین

لراقمه حامد

گر گذارم شکر تا روز حشر
با زکات عشر عشراش ناورم

***

آه از فراق رویت ای نور هرد و دیده
رفته بعرش رحمن هفت آسمان دریده

اليقيني بخلاف الآخرين ولهذا حصل المضرة العمدة

في البرهان ان جعلنا الله تعالى في جملة ا

الواصلين الى حق علم اليقين لا من اهل

معتني بعناية منه لا من اليقين

والحمد لله اولا واخرا والصلوة

على رسوله محمد الذي كان للحق

ناشرا وعلى اله واصحابه للو

بيين بالمعجزات البينات

فوقع الفراغ من كتبة

هذه الحاشية للفقير الى

مولانا فضل احمد

يوم الاثنين في

شهر المحرم الحرام

في يوم سادس

عشر في بلدة

بغداد صانها

في مدرسة القادرية

في قرب دار العصا

القضا في

سنة

١٢٣٥



على يد احقر العباد حيدر البنجاري الكردي القرداغي الشافعي لا زال

# حسەینییەی شێخ عومەری قەرەداغی

٤٩٦

لە بەرگی دووەمی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)دا باسی دانراوێکی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغیم کرد کە پێشتر لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا باسی نەبوو و ناوی نەبرابوو، چەند جاریش مامۆستا باسی کتێبێکی بۆ کردووم کە ناوی (حسەینی)یە و دانراوی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغییە، بەڵام نەمدەزانی کام مامۆستا شێخ عومەرە و کتێبەکە چییە و چۆنە.

لەم ماوەدا مامۆستا حەمە بۆر وێنەی ئەم دەستخەتەی بۆ هێنام کە ئەم وێنەم دی یەکسەر بۆم دەرکەوت کە ئەمیش دانراوێکی دیکەی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغییە و، وام بە باش زانی لەم هەلەدا شتێکی لەسەر بنووسم و مێژووی زانایانی کوردی لێ ئاگادار بکەم و، ئەگەر مامۆستا حەمە بۆر بڵاوی نەکردەوە بە یارمەتی خوا هەوڵی بڵاوکردنەوەی بدەم.

ناساندنێکی ئەم دانراوە:

ئەم دانراوە فەرهەنگۆکێکی عەرەبی- کوردییە بە هۆنراوە و، مامۆستا دوای (الاحمدیه)ی شێخ مەعرووفی نۆدێیی داناوە و، مامۆستای نۆدێی سەردەقشکێن بووە، مامۆستا شێخ عومەر پێشەکییەکی کورتی بە فارسیی بۆ هۆنراوەکەی نووسیوە ئەمە پوختەکەیەتی بە کوردیی:

«کە زانای پایە بەرزی تووتیزبان شێخ مەعرووفی نۆدێی کتێبێکی بە زمانی کوردیی لە عەرەبییەوە بۆ سەید ئەحمەدی کوڕی داناوە، چونکە ئەم هۆنراوەی بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك هۆنیبووەوە و لە باری دڵاندا بوو.. کوڕەکانم کە ئەمەیان بیست بێ ئەوەی کتێبەکەی ئەویان دیبێ زۆر ئارەزوویان کرد، ڕۆژانە داوایان لێ دەکردم کە کتێبێکی وایان بۆ دابنێم، لەبەر دڵی ئەوان گەلێ هەوڵم دا بۆ پەیداکردنی ئەو کتێبەی شێخی نۆدێ بەڵام هەرچیم کرد چەند بەیتێك بەولاوە هیچم بۆ پەیدا نەکرا.

بۆیە ناچار ئەم بێچارەی لاوازە هەرچەند لەوەو پێش هیچ کاری وام نەکردبوو، بە بەرەکەتی شێخی ناوبراو ئەو کارەم ئەنجام دا و چەند بەیتێکم وەك هۆنراوەکەی ئەو بۆ

کوڕە خۆشەویستەکانم عەبدولعەزیز و حسەین و عەلی- خودا تەمەنیان درێژ بکات- دانا و هۆنراوەکەم ناو نا (حسەینییە) لە خودا دەخوازم ئەوانیش و منداڵانی دیش لەم هۆنراوە بەهرەمەند بکات»(١).

ئەم دەستخەتە بە خەتی خوالێخۆشبوو نەجمەدین مەلایە، ١٦ لاپەڕەیە تێکڕا (٩٢١٧) بەیتە سەرەتاکەی ئاوایە:

**شەبعـان تـێرە جـووعـان برسیی**
**(مـــاذا تسأل): چـــی دەپـــرسی؟**
**(عـیـن) و (أنـف) چـاو و لـووتـە**
**(وتـر): تـاقـە (زوج): جـووتـە**
**(شارب): سمـــێڵ (شفـــە) لـــێوە**
**(دلب): چـــنـــار (کـــرم) مـــێوە**

کۆتاییەکەشی ئاوایە:

**(ضعف): لاوازیی (ضعف) دوو چەندانە**
**(معمع): یانی صەبر لەسەر فرمانە**
**(بـاشق): واشەیـە (بـنـدق): بـنـدقـە**
**(حـذعل): یـانـی چـی ژنـی ئـەحمـەقـە**
**(رمص): ریـپـۆقـە (مـقـلـە) گـلـێنـە**
**(دمع): فرمێسك (دم) ئیسمی خوێنە**
**(قنطار): ماڵ زۆرە، یا هەزار دینار**
**(محفل): مـەجلیسە (کـالئ): ئاگادار**
**(دافـع): دەفـع کـەر (قـاخـل): لاوازە**
**(نـوادی): مـەجـلیس (شادی): ئـاوازە**

وێنەی ئەم هۆنراوەیە بە قەڵەمی نەجمەدین نووسرایەوە بۆ هۆشەنگ پێشکەشە. ٣/ ٥/ ١٩٤٣.

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، ل: ١٩٩.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين الصلوة والسلام على خير خلقه محمد وآله اجمعين
اما بعد چونکه آن طوطی شکرزبان شکرستان نکته پروری وعندلیب
عذب اللسان گلستان سخن وری واختر برج فصاحت وسرور اقلیم
بلاغت حضرت قطب العارفین من اولاد سید المرسلین الشیخ معروف البرزنجی
کتاب از لغات عرب ترجمهٔ آن بزبان کردی برای ولد امجد کامکار خود السید احمد
طول الله عمره چون جواهر آبدار بتنظیم کمال بدایع نگار در سلک نظم در انتظام
پذیرفته بود درحینی که بسمع فرزندان ارجمندان حقیر رسید که شیخ کتابی چنین
انشا کرده نادیده ونشنیده رغبت تام بران انداختند هر روز بلکه هر ساعت
التماس کتابرا ازین بیچاره می نمودند حسب الخواهش ایشان هرچند جد وجهد
وشتاب در پیدا نمودن آن کتاب نمود زیاده از پنج شش بیت بدست نیامد بنا علی
هذا از صورت ناعلاجی این ضعیف نحیف عمر بن الشیخ عبد اللطیف هرچند پیش ازین
هیچ چیزی در رشتهٔ نظم نیاورده بود ومنظومه نداشت نهایت ببرکت شیخ
معظم الیه لوی قصد در آورد برافراشت چند بیتی بدان نسق وداد سخن جهة
فرزندان قرة العینان عبد العزیز وحسین وعلی طول الله عمرهم در حیط
نظم در آورد واورا بحسینه نام نهادیم مستدعیست از جناب رب الارباب
ایشان واطفالان یگانه وخویشان فایز وبهره یاب ازان منظومه باشند
آمین یا مجیب السائلین : ـــ
شبعان تیره جوعان برسی ماذا تسئل چی ده پرسی

## چەند دانراوێکی قزڵجی

# حاشیەی قزڵجی بەسەر تەصریفی مەلا عەلییەوە

٤٩٧

سەرەتاکەی:

الحمد هو الاصل، والاصل مقدم عليه، لكنه هو الأصل، تأمل!

کۆتاییيەکەی:

قوله: زدتها، والفارق بين المرأة والنوع القرائن أيضا.

قد وقع الاستراحة من تسويد هذه النسخة الشريفة المسمى بقزلجى تسمية باسم مكان مؤلفه. بيد أحقر العباد محمد أسعد بن ملا محمد امين الهوائى في سنة سيصد چهل از جامع مولانا وأولانا شيخ محمد سلمه الله في الدارين.

**حاشیەی قزڵجیی بەسەر تەصریفی مەلا عەلی (تتميم الزنجانى)یەوە**

سەرەتاکەی

قوله الحمد لله الحمد هو الاصل مقدم عليه لكنه هو الاصل.

کۆتاییيەکەی:

ق: زدتها والفارق بين المرأة والنوع بالقرائن ايضا. تمت الحاشية المنسوبة الى مولانا المدقق ومخدومنا المحقق الفاضل الكامل الشهير بملا علي القزلجي. رحمه الله.

# حاشیەی قزڵجی بەسەر (الفوائد الضيائية)ەوە

٤٩٨

سەرەتاکەی:

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على محمد وآله اجمعين قوله: الحمد، اللام للجنس الاستغرافي على التقديرين.

کۆتاییيەکەی:

قوله بقوله هو فيه لطافة... اصبع على اتبع في بيان المعنى الاصلي وهو مقدم.

وقد وقع الفراغ من تحرير هذه المباركة[١] المسماة بقزلجي على الفوائد الضيائية المسماة المشهورة بالجامي، على يد اضعف الطلاب المرجو من الكريم الوهاب بكرامة اولى الالباب ان يعطيه على الاعداء والشياطين وثاب، ويصير قلبه في الدنيا طياب. وفي الآخرة عن النبي سقاب. امين يمنى في المدرسة (شمو... بيلي) وەك لە شوێنی دیكەدایە ساڵی (١٣٢٣) نووسیویەتیەوە. ئەم دەسخەتە (ئەمین یومنیی) نووسیویەتیەوە. (٢٥/ ٥/ ع).

## دانراوێكی مامۆستا مەلا محەمەدی تورجانی قزڵجی

٤٩٩

پێشتر لە چەند بۆنەدا باسی بەرهەمی مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجیم كرد[١]. دوابەدوای ئەو باسانە لەم ماوەدا دەستخەتێكی بچكۆلەم دەست كەوت كە ئەمیش دانراوێكی دیكەی هەمان مامۆستایە و، وا چاكە هەل لە كیس نەدەم و، ئەم دانراوەیش بە مێژووی زانایانی كورد و بەرهەمەكانیان بناسێنم. مامۆستای قزڵجیی ناوی بۆ ئەم دانراوەی دانەناوە. دانراوەكە لە زانستی (فەلەك و هەیئەت) دایە و، سەرەتاكەی ئاوایە:

«الحمد لله الذي تقدست درجات ارتفاع عزه وسلطانه عن منطقة بروج الافكار، وتباعد قطر مدار شمس كبريائه عن افق بصائر ذوي الميول والرغبات عن النظار، والصلاة والسلام على الاصل المطلق معدل نهار الدين. منور صراط الحقيقة ومرى السعادة للعالمين. سيدنا محمد على آله واصحابه طوالع التوحيد، واقطاب التجريد، ناشري مكارم الاخلاق في اقاليم الارض، ومعلمي الحقيقة في الآفاق بالطول والعرض.

وبعد: فيقول الحقير الجاني (محمد الترجاني): هذه ابكار افكار، وآثار انظار في خلوات الليل والنهار، ترفع حُجُب الشك والريب، عن جُل اعمال الجيب، حداني الى تحريرها وتدوينها قصور الرسائل المؤلفة في هذا الفن من اقامة البراهين. واثبات اعماله بالوجه المبين».

كۆتاییيەكەیشی ئاوایە:

---

(١) وادیارە كەلیمەی (الحاشیە)ی لەبیرچووە.

(١) بڕوانە: بەرگی چوارەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی كورد لە ڕێگەی دەستخەتەكانیانەوە، ل: ١٢٦.

هەروەها بەرگی پێنجەم، ل: ٢٩٧. دواتریش خودا یارمەتی دام زیاتر لەسەر ژیانیم لە كتێبی (في رحاب اقلام وشخصيات كردية)دا –كە بنكەی ژین چاپی كرد– نووسی.

«وانظر شيئا من الارض فيه على الهدفين والربع بحاله فما بين موقفك وذلك الشيء يساوي عرض النهر، وبراهين اعمال هذا الفصل مذكورة في الكتب المتداولة فليراجع هذا. وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.

سوده الحقير (احمد آكوى) من رسالة المكتوبة بخط المؤلف في خمسة مضى من الشهر(!) جمادي الاول ١٣٥١».

ئەم ناميلكە (١٦) لاپەڕەيە بە خەتێکی نوسخی جوان نووسراوەتەوە. بە مەرەکەبی ڕەش و سوور. لاپەڕەی (١٣) دێری تێدایە. پێوانەکەی (٢٢ × ١٧)ە.

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانە بچکۆلەکەی خۆمدایە.


بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي تقدست درجات ارتفاع عزه وسلطانه عن منطقة بروج الافكار

وتباعد نظر مدار شمس كبريائه عن افق بصائر ذوي الميول والرغبات نحو النظار والصلوة

والسلام على الاصل المطلق محمد كاسر نهار الدين منور صراط الحقيقة ومرى السعادة الابدية

سيدنا محمد وعلى آله واصحابه طوالع التوحيد واقطاب التجريد ناشري مكارم الا

خلاق في اقاليم الارض ومعلمي الحقيقة في الآفاق بالطول والعرض وبعد فيقول

الحقير الجاني (محمد الزرجاني) هذه ابكار افكاري وآثار انظاري في خلوات الليل والنهار رفع

حجب الشك والريب عن حل اعمال الجيب حلا ادى الى تقريبها وقلد منها قصور الرسائل

المؤلفة في هذا الفن من اقامة البراهين واثبات اعماله بالوجه المبين ولقد كانت

نفوس على التوق مشتاقة للاكتناه حقائقها وتائقة الى جناء دقائقها فوقفت بعض

الساعات واستخرجت تلك المكنونات واهديت الى الاخوان ذوي العرفان عن

درر تثلج الصدور وعرائس تسكن لديها النفوس وابرزت من صراح فكري نفاح

## ماموٚستا مەلا محەممەدی کوڕی داودی (کرڤی - گەرەویی)ش

## ماموٚستایەکی دیکەی ناو ونبووی کوردە(*)

٥٠٠

ئەم ماموٚستایش یەکێکە لەو ماموٚستایانەی ناو و ژیاننامە و شوێنەوار و ناوی بەرهەمی لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا نابینرێت و، مێژووی زانا و ناودارانی کورد –تا ئێستە– بانگی بە گوێیدا نەداوە.

خوٚشبەختانە لە دوو دەستخەتی لای خوٚمدا ترووسکایییەکم دەستکەوت کە شوێنپێی پێ هەڵبگرم و، توولە ڕێگەیەك بەرەو ژیانی ئەم ماموٚستای پێ بدوٚزمەوە.

لە دەستخەتی یەکەمیانەوە کە بە ژمارەی (٤٤/٣٣٣) لە کتێبخانە بچکوٚڵەکەی خوٚمدایە دەردەکەوێ ئەم ماموٚستا ساڵی (١١٣٣) ماموٚستایەکی گەورە و جێگەی ڕێز بووە و کتێبی بوٚ نووسراوەتەوە.

ئەم دەستخەتە دەستخەتێکی کوٚنە، چەند نامیلکەی مەنطیقی تێدایە، زوٚریان لەسەریان نەنووسراوە دانراوی کێن، گومانم بوٚ ئەوە دەچێت دانراوگەلی زاناکانی بنەماڵەی حەیدەریی بن. هەروەها دانراویشی لە عیلمی کەلامدا تێدایە.

بەشی زوٚری دەستخەتەکە عەبدوڵڵای کوڕی تاجەدین نووسیویەتییەوە نووسەرەوە دەفەرموێ: لەبەر خاتری ماموٚستا و برا محەمەدی کوڕی فەقێ داودی (گرڤی) لە ساڵی (١١٣٣)دا نووسیویەتیەوە.

لە کوٚتایی یەکێك لە دانراوەکانەوە دەنووسێ ڕوٚژێك دوای مردنی بایەزید بەگ تەواو بوو.

لە کوٚتایی یەکەم نامیلکەیشەوە کە لە باسی (خلق افعال العباد) دایە و لەسەر داوای مەولانا سەعدەدین محەمەدی (استرابادی) دانراوە و کە دانەرەکەی ماموٚستای دەوانییە نووسراوە:

لە قاشان داینـاوە، نـووسەرەکـەی– کـە دەبـێ دانـەرەکـەیشی بـێت، چـونکـە دەڵـێ: موسوەدەکەی لەوێ تەواو بووە– دەفەرموێ: لە گوندی (دیڤین– دیوین) لە ویلایەتی

(*) لە ژمارە (٢٤)ی (خوٚری ئیسلام)دا بڵاوبووەتەوە.

(سهران– سۆران) لەبەر خاتری مەولانا محەمەدی کوڕی داود لە گوندی (ماقران) نووسیویەتیەوە.

ئەوا لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەم مامۆستا لەم ساڵە و لەم شوێنەدا مامۆستا و کەڵە مەلا و جێگەی ڕێزی فەقێ و مەلا و مەلاچاکان بووە. بەڵام لێرەدا لەمە زیاترمان لەدەستدا نییە.

خۆشبەختانە دوای پشکنین و سەنگ و سووژنکردنی دەستخەتەکانی کتێبخانەکەی خۆم پاشماوەی دەستخەتێکی پڕ بایەخ و کەموێنەم دۆزییەوە، کە بە خەتی ئەم مامۆستا بەڕێزە محەمەدی کوڕی داودە و، مامۆستا لەمەلا و لا و کۆتایی باس و بابەتەکانی ناو دەستخەتەکەیدا گەلێ مێژووی تۆمار کردووە و، گەلێ زانیاریی بەسوودی نووسیوە، بۆ ئەمڕۆی ئێمە، کە لە ژیانی ئەم دەکۆڵینەوە، نرخی ئەو زانیارییانە هەر تەواو نابێت! بە گوێرەی دەستخەتەکە دەبێ مامۆستا گەرەویی بۆ سەفەری حەج چووبێت و، لە ڕێگەی حەجدا ئەم دەستخەتەی نووسیبێتەوە و، لەوانەیە دەستخەتەکە کاتی خۆی تۆمارگەی ئەو سەفەرە پیرۆزەی مامۆستا بووبێت، بەڵام بەهۆی لەناوچوونی بەشێکیەوە گەلێ زانیاریمان لەکیس چووبێت. ئەوەی کە ماوە هێشتا زۆرە و، چەند قۆناغێکی ژیانی مامۆستامان بۆ روون دەکاتەوە لەوانە:

١– مامۆستامان ناوی محەمەدی کوڕی داودی کوڕی محەمەدە.

## ئیجازەکانی مامۆستا

٢– ئیجازەی لەچەند مامۆستا لەچەند عیلمدا وەرگرتووە، ئینجازەیەکیانی لە مامۆستا ئەحمەدی کوڕی حەیدەر وەرگرتووە کە رشتەی ئیجازەی زۆربەی مەلایانی کورد لەوانەوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی کەمێك جیاوازیی لەم دەقی ئیجازەدا هەیە، بۆ پیرۆزی لێرەدا تۆماری دەکەین، وەك خۆی نووسیویە:

«قرأ الفقير إلى اللّه تعالى محمد بن داود عفا اللّه عنهما الملك الودود على الأستاذ الكامل أحمد بن حيدر الثاني، وهو قرأ على أبيه حيدر الثاني، وهو قرأ على والده أحمد الأول تلميذ مولانا زين الدين الكردي البلاتي، تلميذ نصر اللّه الخلخالي، تلميذ خواجه جمال الدين محمود الشيرازي، تلميذ المولى المحقق جلال الملة والدين محمد بن أسعد الصديقي الدواني».

وقرأ أحمد بن حيدر تتمة المعقولات على أستاذ الكل في الكل مولانا محمد بن شروين،

تلميذ مولانا أحمد المجلي، تلميذ ميرزا مخدوم، تلميذ ميرزا جان، تلميذ خواجه جمال الدين محمود الشيرازي، تلميذ المحقق الدواني. وأيضاً قرأ الوالد (أحمد بن حيدر) درسين من أول تفسير البيضاوي على أفضل معاصري زمانه مولانا شيخ الكردي الأشنوي، وأخذ منه الإذن في التفسير، بل مطلق التدريس. وهو تلميذ مولانا ميرزا جان الشيرازي، وهو تلميذ خواجه جمال الدين محمود الشيرازي، وهو تلميذ المحقق الدواني، تلميذ محي الدين الكشكناري، تلميذ العلامة الشريف الجرجاني –قدس سره– تلميذ مولانا مباركشاه البخاري، تلميذ المحقق قطب الدين الرازي، تلميذ العلامة الشيرازي، تلميذ نصيرالدين الطوسي.

وكان أيضاً للكتاب القزويني، تلميذ الأمام فخرالدين الرازى، تلميذ حجة الإسلام محمد بن محمد الغزالي. تلميذ إمام الحرمين عبدالملك يوسف الجويني، تلميذ الشيخ أبي طالب المكي، وهو أخذ الإنابة والإرادة، ولبس الخرقة عن أبي عثمان المغربي، وهو من أبي عمر الزجاجي، وهو من سيد الطائفة جنيد البغدادي، وهو من أبي الحسن السري بن مغلس السقطي، وهو من الشيخ معروف الكرخي، وهو من أبي سليم داود الطائى، وهو من الحبيب العجمي، وهو من الحسن البصري، وهو من حضرة الأمام والخليفة علي بن أبي طالب القرشي الهاشمي، وهو من حضرة المصطفى– صلى اللّه عليه وسلم– وهو من أمر ذي القول المبين بواسطة روح الأمين الممتاز من بين الملائكة المقربين برسالة رب العالمين، إلى الأنبياء والمرسلين جبرئيل عليه السلام.

وقرأ أحمد بن حيدر مشكاة المصابيح إلى باب الأعتصام بالكتاب والسنة على الشيخ عبدالملك العصامي، وأخذ منه الأذن، وهو من والده تلميذ الشيخ أحمد بن محمد بن حجر المكي الهيتمي، تلميذ قاضي زكريا محمد بن الأنصاري، تلميذ الجلال المحلي، تلميذ الجلال البلقيني، تلميذ الأمير الحافظ شارح البخاري ابن حجر السقلاني»

ماموٚستا میٚژووی بوٚ ئەمە دانەناوە و کەمێکیش جیاوازیی لەتەك خەتی خوٚیدا هەیە.

٣– ئیجازەی (حزب الأمام النووی) لە شیخ عەبدولکەریمی شەرباتیی وەرگرتووە. ئەویش لە شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی ناسراو بە (النخلی) مەکیی وەرگرتووە، ئەویش لە شێخەکانی خوٚی.

ماموٚستا لەخوار ئەم ئیجازەوە نووسیویە: لە حەڵەب لە ماڵی عەبدولقادر ئاغا ساڵی (١١٤٢) نووسیویەتی. واتە دەبێ کاتی گەڕانەوەی لە حەج بوو بێت.

٤– ئیجازەی حەدیثی پیروٚزیشی لە موٚستا مەلا محەمەد حەیاتی سندی مەدەنیی

وەرگرتووە. ئەمە دەقەکەیەتی:

«قد اجزت لأخي الشيخ محمد بن داود بن محمد بكل مايجوز لي اجازته من البخاري ومسلم وبقية كتب الحديث. كان اللّه تعالى لنا في كل حال. صلى اللّه على سيدنا محمد وآله وصحبه وسلم، كما يحب و يرضى. كتبه أفقر العباد محمد حياة السندي ثم المدني عفا اللّه عنه».

ئەمە شێوەی گەلێ لە مامۆستایانمان بووە کە سەفەریان کردووە، لە ڕێگەدا ئیجازەیان بە مامۆستایان داوە و ئیجازەیشیان لێ وەرگرتوون، دەتوانین وەك نموونە ناوی مامۆستایان عیسای بەندەنیجی و مەلا یەحیای مزووریی بەرین(١).

## حەجکردنی

ئەم دەستخەتەی مامۆستامان بەشێکی لە شاری مەدینەی پیرۆز و مەککەی پیرۆزدا نووسراوەاتەوە، بەڵام مامۆستامان لەم بەشەی کە لەدەستماندایە باسی حەجکردنی خۆی و دەرچوونی لە کوردستان بەرەو شوێنە پیرۆزەکان ناکات. دەستخەتەکە شپرزەیە و کەوتن و پاش و پێشی تێدایە، گومانی زۆرم بۆ ئەوە دەچێت زۆری لەناوچووبێت و، لەو بەشە لەناوچووەیدا باسی حەجکردنەکەی تێدا چووبێت.

هەر چۆن هەبێت چەند مێژوویەکی تێدایە لەتەکیاندا دەڕۆین و، لێیانەوە شتگەلێکمان چنگ دەکەوێت:

یەکەم مێژوو لەم بابەتەوە دەفەرموێ، دوای نووسینەوەی پەراوێزێك: نووسەرەوەکەی محەمەدی کوڕی داود، لەسەر بانی (المسجد الحرام) ڕۆژی چواردەی سەفەری ساڵی (١١٤١).

دیارە ئەمە دوای بەجێهێنانی مەناسیکی حەجەکەیەتی.

دوای ئەمە لە شوێنێکی دیدا دەفەرموێ: نووسەرەوەکەی محەمەدی کوڕی داود لە (مدونە)یەکی وەرگرتووە لە شاری مەدینەی پیرۆز لەسەر نیشتەجێکەی کە پێغەمبەرە گەورەترین درووود. ڕۆژی چوارشەممەی ٢٣ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی (١١٤١). هەروەها ٢٤ی ڕەبیعولئەوەل.

لە شوێنێکی دیدا دوای نووسینێکی دەفەرموێ: (کاتبە محمد في حضرة النبي –صلى

(١) بڕوانە: محمدعلي القرداغي، ورود الكرد في حديقة الورود، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣ ل: ١١٢، ١٤٥.

اللّه عليه وسلم) ڕۆژی چوارشەممەی ٣٠ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی (١١٤١).

دوای ئەمانە لە شوێنێکدا دەنووسێ:

«كاتبه محمد بن داود من مدونة في الروضة المباركة الشريفة على ساكنها أفضل الصلاة والسلام. يوم الثلاثاء السادس من الربيع الآخر سنة الف ومائة واحدى واربعين. غفر اللّه لكاتبه ولمن دعا له ولمن قال آمين، ببركة حضرة سيد المرسلين آمين والحمد لله رب العالمين».

ئەمە دوا مێژووی بوونی مامۆستا گەرەوییە لەو شوێنە پیرۆزانەدا و، بەم پێیە لەوانەیە مامۆستا بە شەش ڕۆژ لە شاری مەککەوە گەیشتبێتە مەدینەی پیرۆز، ئیتر نازانین چەند لە مەدینە ماوەتەوە و کێی دیوە لەوێ. دوا مێژوو دوای ئەمانە ئەو مێژووەیە کە دەڵێ: ساڵی (١١٤١) ئیجازەیەکی لە مامۆستا عەبدولکەریمی شەرباتیی لە شاری حەڵەب وەرگرتووە. واتە دەبێ بەلای کەمەوە هەشت نۆ مانگ لەنێوان مەدینە و حەڵەبدا بووبێت، بەڵام بەداخەوە ئەمانە هەموو ئەڵقەی ونبوون بەهۆی تێداچوونی بەشێکی دەستخەتەکەوە.

لە دوو شوێنی دیدا مێژووی ساڵی (١١٤٣) نووسراوە، بەڵام شوێن دیاریی نەکراوە.

لە شوێنێکی دی ئەم دەستخەتەدا نووسەرەوەیەك کە ناوی زوبەیری کوڕی یوسفە هەندێ شتی بۆ مامۆستا نووسیوەتەوە و، لە کۆتاییەوە دەڵێ: لەبەر خاتری مامۆستا محەمەدی کوڕی داود نووسیمەوە، ساڵی (١١٤٥) لە نووسینەوەی بوومەوە.

دوای ئەمە مامۆستامان خۆی شتێکی نووسیوە و دوایی نووسیویە: ساڵی (١١٤٦) لە مزگەوتی (وارکون- وارە کۆن) نووسیمەوە.

لە چەند جێگەدا حاشیەی مامۆستا خۆی هەیە. لە جێگەیەکیشدا حاشیەی مامۆستا شێخ ظاهیری کوڕی مامۆستا مەلا ئیبراهیمی شارانیی مەدەنی هەیە، کە دیارە هاوچەرخ بوون و زۆر نزیکە ماوەیەکی باش لە شاری مەدینەی پیرۆز بەیەکەوە بووبن(٢).

جگە لەمانەیش لە شوێنێکدا مێژووی ساڵی (١١٥١)ی نووسیوە.

هەروەها چەند شت دەنووسێ و لە دوایانەوە دەنووسێ لە خەتی مامۆستا مەلا ئیلیاسی کوردییم وەرگرتوون.

---

(٢) بۆ کەمێك دەربارەی ژیانی ئەم مامۆستا بڕوانە: محەمەد علی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی چوارەم، ل: ٢٦٠. بەغدا چاپخانەی (الخنساء) (١٤٢٢ك-٢٠٠٢ز).

ئەم مامۆستا ئیلیاسە مامۆستا ئیلیاسی گۆرانییە، کە لە ساڵی (١١٣٥)دا ئیجازەی داوە بە مامۆستای باسەکەمان مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی داودی گەرەویی. ئەم ئیجازەم لە بەرگی شەشەمی ئەم کتێبەدا نووسی. ل:٥٢.

هەروەك زانیاریی دەربارەی ئەم مامۆستا: بەپێی دەستخەتی ژمارە (٣٧٤)ی کتێبخانەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، ئەم مامۆستا ساڵی (١١٢٨) مەدرەسەی هەبووە لە گوندی تەلەی سەر بە ناوچەی حەریر.

## ڕووداوێکی مێژوویی

دوور نییە مامۆستامان لەم دەستخەتەیدا- و لە دەستخەتەکانی دیشیدا- چەندین ڕووداوی مێژوویی پڕ بایەخی بۆ تۆمار کردبین، بەڵام -ئێستە- هیچیانمان لە دەستدا نییە. ڕووداوێك نەبێ کە یەك لاپەڕەی ئەم دەستخەتەی بۆ تەرخان کردووە و ئەمە کورتەی باسەکەیە بەکوردیی:

سوپاس بۆ ئەو خودایەی سەربازەکانی خۆی سەرخست و سەربڵند و سەرفرازی کردن بە پیرۆزیی نەخشەی سوڵتانی گەورە سوڵتان مەحموودی کوڕی سوڵتان مصطفا بەسەر طائیفەی شاهییەی ناسراو بە (قزڵباش)دا، بە کوێرایی چاوی سەرۆکە سەرکەش و کەللە ڕەقەکەیان (تەهماس) لە ساڵی (١١٤٦)دا، ڕۆژی یەکشەممەی شازدەی سەفەر، دوای ئەوەی نزیکی نیو ساڵ گەمارۆی بەغدایان داو، کاری وایان بە موسوڵمانان کرد لەوانە بوو ئاسمان لە عاستیدا شەق ببات و کێوەکان دابڕووخێن. سوپاس بۆ خودا لەسەر ڕووخانیان و سەرنەکەوتنیان و پەرت و بڵاوبوون و شکستخواردنی کۆڕ و کۆمەڵیان.

دوای شکان و ڕووخانیان بەسەر کوردستاندا گەڕانەوە و، بەڵایەکی گەورە بوو خودا بەسەریا هێنایین و، موسوڵمانان بڵاوەیان کرد و بەرەو کێوەکان هەڵاتن. ئێمەیش ئەو زستانەمان لە گوندی وارەکۆن بەسەر برد.

مامۆستا دوای ئەمە لە لای لاپەڕەکەوە قسەیەکی نووسیوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

«وقد قدرتُ غاية عمري بعد ذلك عشر سنين فانظر واعتبر»

کە دەبێ ماناکەی وا بێت: تەخمینی کۆتایی تەمەنی خۆم دوای ئەو مێژووە بە دە ساڵ کرد. جا سەیرکە و پەند وەرگرە.

دەبێ مامۆستا لەو کاتەدا تەمەنی چەند ساڵ بووبێت و چۆن ئەم قسەی کردبێت؟

### باوکی مامۆستا مەلا ئەحمەدی گەرەوییە:

پێویستە لێرەدا ئیشارە بۆ ئەوە بکەین کە ئەم مامۆستا بەڕێزە باوکی مامۆستای ناوداری کورد مامۆستا مەلا ئەحمەدی گەرەوییە کە کتێبی سەعدوڵڵای شەرح کردووە و شەرحەکەی لە سەردەمی خۆیدا بووە بە کتێبی مەنهەجیی و مامۆستایانی کورد بە دەرز بە فەقێیانی خۆیان گووتووەتەوە و دەیان نوسخەی ئەم شەرحە –ئێستەیش– لە کتێبخانەکانی کوردستاندا ماوەتەوە.



مع بعض آخر غير متناهٍ وبالجملة الأدلة الدالة على التسلسل المذكورة تلزم التسلسل وهو ترتب امور غير متناهية والا

فلا يلزم اصلا وجود الامور الغير المتناهية بناء على ذلك التوجيه فضلا عن التسلسل وكذا يلزم التسلسل بناء على الجواب

الذي ذكره بعض الأذكياء فلذلك لا يجري على النظام والامور الغير المتناهية الموجودة في الخارج معا ليست بمجتمعة

كالنفوس الناطقة البشرية والامور المترتبة الموجودة في زمانه معا بالذات توافق برهان التطبيق الذي هو

العمدة في إبطال عدم تناهيه والامور الغير المتناهية المترتبة اذا كانت اجزاء عقلية متحدة على متى ابرزه بحسب

الوجود الخارجي فلا يمكن اجراء سائر براهين التطبيق فيحتاج الى تخصيص الكلام ههنا بالى العقليات الى ما يكون

تعقلها سواء كانت تلك الاجزاء مترتبة اولا وقد عرفت ما فيه مفصلا ومنه يعلم ما ذكره ا

المحقق الرازي من وجوده لله بر تمت الرسالة بعون الملك في سنة ١١٣٣

كاتب الكتب محمد عبد الامين تاج الدين الاجل السادة واخر العزيز ملا محمد بن قتبة داود المشهور بالكربابي

دنیا بنای بگرد سرای دو در است

هر لحظه بیرون قافله بار و در است

زنهار فریب زال دنیا نخوری

زین در که در آمدی از ان در بدر است

## الرسالة الشهيرة بسيف اللّه القاطعة

## شوك عناد المعاندين بدين اللّه

٥٠١

ئەم کتێبە دانراوی مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی محەمەدی کەوانەدۆڵییە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد خاتم النبيين وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد: فيقول الفقير إلى اللّه الولي محمد بن الملا محمد الكوانه دولي، يسر اللّه حالهما وأحسن مآلهما».

٣٢ لاپەڕەیە. کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

«فان كان عندكم شيء من هؤلاء البراهين فأتوا به، وإن لم تفعلوا– ولن تفعلوا– فاتقوا النار التي وقودها الناس والحجارة. وأشرقت الأرض بنور ربها و وضع الكتاب بعون اللّه الملك الوهاب. وسميته بسيف اللّه. قد تم تحرير الرسالة الشهيرة بسيف اللّه القاطعة شوك عناد المعاندين بدين اللّه، للفاضل المجتهد المحروق في اللّه، والحبر الكوانهدولي، الموسوم باسم رسول اللّه. في قصبة حاجي قرة، بيد عبدالسميع الچناريي، معينا من اللّه الملك الباري». سنة (١٣١٠).

ئەم دەستخەتە بەژمارەی (١٩١) لە کتێبخانەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵدا پارێزراوە.

# مەجمەر شاعیرێکی نەناسراوی کوردە

٥٠٢

لە بەرگی پێنجەمی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)دا باسی (مەجمەر) مامۆستا مەلا یوسفی گەبەییم کرد، پێش ئەو باسە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ناوی نەهاتبوو، لەم ماوەیەشدا برای بەنرخم مامۆستا عوثمانی موفەتیشی ئەوقاف چەند دەستخەت و پاشماوەی کتێبی پیشان دام، یەکێك لەو پاشماوە دەستخەتانە، کە لە دوو سێ جێگە کۆم کردنەوە و یەکم خستن، بوو بە دیوانێکی ناتەواوی شاعیرێکی کوردی نەناسراو بە ناوی (مەجمەر) واتە ئەمە دووەم شاعیری کوردە کە نازناوی (مەجمەر)ە.

بەداخەوە دیوانەکە سەرەتا و کۆتایی نەماوە و، لە ناوەوەیشیدا لە زیاتر لە جێگەیەکدا پەڕە و زیاتری کەوتووە.

* – دیوانەکە لەسەر ڕزی پیتی هیجا نووسراوەتەوە.

* – دیوانەکە لە دوو جۆر کاغەزدا نووسراوەتەوە.

* – گومانی زۆرم بۆ ئەوە دەچێ دیوانەکە بە خەتی شاعیر خۆی بێت؛ چونکە لە گەلێ جێگەدا گۆڕین و ڕاستکردنەوەی وەها هەیە کە نووسەرەوە لە دیوانی شاعیراندا کاری وا ناکات.

* گومانیشم بۆ ئەوە دەچێت ئەم شاعیرە یەکێك لە زانایانی بنەماڵەی بێتووشیی بێت؛ چونکە دیوانەکە لەناو پاشماوەی کتێبخانەی بێتووشییەکاندا بوو، بەڵام بۆم ساغ نەبووەتەوە کام لەو زانایانەیە.

* دیوانەکە بە سێ زمانە: فارسی و، کوردی و، عەرەبی. بەشی زۆری دیوانەکە فارسییە.

* ئەو مەبەستانەی شاعیر شیعری تێدا گوتوون دڵداریی و، تەصەوف و، پاڕانەوە و، کۆمەڵایەتیی و...ن

لەم هەلەدا مەبەستم ئەوەیە ئەم شاعیرە بە مێژووی ئەدەبی کوردیی بناسێنم و، چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی بخەمەڕوو، بەڵام لێرەدا چاوی چاوەڕوانیی بۆ یەکجاریی لێك نانێم و، بە هیواوە سەیری ئاسۆی هەوڵ و کۆشش و پشکنینی کتێبخانە و دەستخەتەکان

دەکەم، بەڵکو لەمەولا زانیاریی زیاتر و، بەرهەمی دیکە و، زانینی سەردەمی ژیانی شاعیرمان دەست بکەوێت.

## باسێکی دەستخەتەکە:

دەستخەتی دیوانی (مەجمەر) کە یەکەم نوسخەیەتی تا ئێستە هەواڵی زانرابێت و، گومانیشم بۆ ئەوە دەچێت– وەك گوتم– کە دەستخەتی شاعیر خۆی بێت، زۆر شپرزە بووە و، گەلێکی لێ لە ناو چووە و، دڵۆپە لێی داوە و، بەشێکی مشك خواردوویەتی.

ئەمەی کە ماوە و لە دەستدایە و کۆم کردووەتەوە، بەش بەش بوو، لە دوو سێ جێگە کۆم کردەوە و، دوایی، پاش ئەمبەرە و بەر و ئەمسەرە و سەرکردنی پەڕەکان، بە شێوەیەك دامنان و ژمارەم بۆ دانان، بەڵام بە بۆنەی ئەوەوە لاپەڕەکان کاتی خۆی ژمارەیان بۆ دانەنراوە و، تەنها بە پشت بەستن بە کۆتایی لاپەڕەیەك و سەرەتای لاپەڕەی دوایی دانراون و، تێداچوونی چەند بەشی ئەو کۆتاییانە ئەمەی کە ماوە .. بە وردیی و وەك پێویست ڕێك نەخراوەتەوە.

ئەوەی کە ماوە (٧٢) لاپەڕەیە، لە سەرەتاوە لێی کەوتووە و ناتەواوە، هەروەها لە ناوەڕاستیشدا لە چەند جێگەدا ناتەواوی هەیە.

پیتەکانی (د، ذ، ر) دیار نین، بە شێوەی کاغەزی دەستخەتەکەدا وا دەردەکەوێ دوو جار نووسرابێتەوە و، ڕەنگە بگوترێ بەشێکیان وەك (مسودە) وایە و دەبێ شاعیر ویستێتی جارێکی دی دیوانەکەی بنووسێتەوە.

زۆر بە ناو شیعرەکاندا گەڕام بەڵام شتێکم نەدی ناو یان ناونیشانێکی شاعیریان تێدا بێت، ئەوەندە هەیە لە کۆتایی هەموو پارچە شیعرەکانەوە بە ڕوونی نازناوی شاعیر (مەجمەر) نووسراوە و، شێوەی کاغەزەکە کۆن دیارە و، شێوازی نووسینەوە و خەتەکەی وا دەردەخات تەمەنی دەستخەتەکە (١٥٠) تا دوو صەد ساڵ ببێت.

لەم دەرفەتەدا کە ئەم شاعیرەیش بە مێژووی ئەدەبی کوردیی دەناسێنین و، ناوی دەخەینە ناو ناوی زانایان و شاعیرانی کوردەوە، یەك دوو نموونە لە شیعرەکانی بە هەر سێ زمانەکە دەخەینە ڕوو، بەڵام ئەمە جێگەی ئەوە ناگرێت دیوانەکەی بە لێکۆڵینەوەوە بڵاو بکرێتەوە و، سووچێکی کتێبخانەی کوردیی پێ پڕ بکرێتەوە.

## بەشی کوردی:

١

ڕەحمێ (بنداman) و کەرەم کە (بنداman)
خو روحە ندامان لەبها زو بزامان (!)
فریاد رەسم تۆی و دەوای هەموو دەردان
ئامان وەرە قوربان شیفای دەری زامان
عاشق چە دەچێ باغ بە سەیری گوڵ و شەبنم
ڕوومان گوڵی سوورە عەرەقیش بۆتە نەدامان
ماری سیە ئاوێختەی سەروی ریاضە
یا زوڵفی سیاهی تووە هاتۆتە ئەدامان؟
سەرگەردی سەری بووم و وەهای گوت لەسەر ناز:
صەد عاشقی وەك تۆ بووە ئەمڕۆکە فیدامان
گەر ماهە لەبەرچی لەسەر فێس و کولاهە
شمشاڵە ئەگەر دێت و دەچێ بۆچی خەرامان؟
دێوانە دڵی (مەجمەر)ە بەستووتە بە زوڵفت
یا کەبکی دەری کەوتووە بۆ دانە ئەدامان؟

٢

باڵای دین و جان باڵای ئامین
شیفای دەردی دڵ لەبهای ئامین
بەدینی ئەو درا ئیمانی زاهید
ئەویش وەك من بووە ڕسوای ئامین
(بەشەر رض!) مەلایك بێخود و مەست
سەمایان دا لەبەر سیمای ئامین
وێران بوو بێ خەطا ئیقلیمی ماچین
وەکو یەغما لەبەر یەغمای ئامین

زیـــان و دڵ لـــە ذیـکـر و فـیـکـر دایـم
یـەکـێ لاڵـە، یـەکـێ شەیـدای ئـامین
قـیـامـەت قـامـەتـی صۆفـی بـەطـاڵـە
لـە قـەد و قـامـەتـی ڕەعـنـای ئـامین
بـریـنـداره تـەن و، دڵ چـاکـچـاکـە
بـە تـیـری غـەمـزە و ئـیـمـای ئـامین
دەکا حۆریی طەڵەب صۆفی لە مەحشەر
دەڵـێ (مـەجـمـەر) بـەزاریی: وای ئـامین!

بەشی عەرەبی:

٣

ساقـيـا! ارحـم بمغـمـوم سقـيـم
اعــط كــاسا ربي غـفـار رحيم
ذقت نـــار الـــعشق متّ عـــاشقـــا
ان شهيد ليس لي خوف الجحيم
رقّة الـقـلـب جـمـيـل لاقـبـيـح
كن رحيما بابتلائى يا سليم
حـبّـكـم لاعـيب فـيـه غـيـر ان
يـخـرج عن قلبي احباب القديم
كــل مـــأمــول لــديك حـــاصل
فاعطنى وصل الحبيب يا كريم
هل تجد مثلى أليما فى البلاد؟
فـي الـبلاد هـل تجد مثلـي ألـيم؟
زار قــبــر (المجــمــر) قــتّــالــهُ
بـــعـــد مـــا.. صاروا رمـــيـــم

٤

نـصيـبـنـا الـنـوح مـن الـفـراق
هــب قُبلة يــا قبلة العشاق
مشتــاقــكـم بشريــه احــتــاج
بقطرة ارحــم بــذا المشتــاق
بـــنـــارك احـــتـــرق فؤداي
فـصب عـلـيـه الماء يـا حـرّاق
والـلـه وصف وجـهـه الـصبـيح
انــتشر في الــســن الآفـاق
جــاء لــطــوف بــابــه العلي
زوار جــابــلــقــاء والــوقــواق
قـد يـجلس فـى اوصافه بـالبكم
من كان في الفصاحة كالعمعاق
لـظـلـمكم هـاجـرتـكم ذلـيـلا
ونــرجــو عــفـوكـم مـن الخلاق
كـالمجـمـر بطنى امـتـلا من نـار
يــكــاد جسمي مــن احــتــراق

بەشی فارسی

٥

ای رواج دودمـــــان حـــيـــدری
وی کــه سادات جــهــان را سروری
خاك (بابان) از تو (ناز دی!) بچين
(سرچــنــار) از تــو شراب کــوثــری
ای کــه در درج سعــادت گــوهــری
وی کــه بــر بــرج سيــادت اخــتــری

از جـمـــال پـــاك تـــو ای پـــاك زاد
فــخــرهـــا دارنـــد نـــژاد جـعــفــری
فضل بی چون را کمالی در کمال
ای کـمـــالاتت عـرض تـو جـوهـری
ای ز... صاف رای انـــــــــورات
صد خـــجـــالت دادهء بـــا انـــوری
در دبستـــان کـمـــالت کـودکی است
عـنـصر از عـنـصل نـدانـد عـنـصری
شوکت شانـــی بـــطـــوفـــان دادهء
کـردی یـغـمـا بـوفـراس بـحـتـری
دولت خسرو گــرفـــتـــی خستـــگـــی
خستـهوحیـران ز تـو چـون اختری
از خـــیـــال صائـبت شد بـــی نـــوا
صد نـــوای خـــادمت شد قـــنـــبـــری
حسرت از حسرت بآهی خانده است
ســـوخـــت در آزر روان آزری
خاموشی از نعت تو اولی که من
هـر چـه نـعـتـی گویمت زان بـرتـری
مـن چــه بـــاشم گـر نمایـد نـعت تـو
حـــضرت روح الامین بـــاشد حـــری
تا چهارم آشیان است جای مرغ
پـــادشاهـــانت نـمـــایـنـد چـاکـری
بـــیـــدلان را آرزوی بـــیـدل است
بس بـــجـــا بـــاشد بـــجـــایش آوری
چـون بـبـوسد نـامـه ام دامـان تـو؟
رشك افــزایـــد روان (مـــجـــمـــری)!

زان ز سیّد بـنـده دارد الـتـجـا
انکـه که کـاهش بخاطر آوری[1]

٦

مـحـرم اسرار سبحـان است شیـخ
مـظـهـر انـوار یـزدان است شیـخ
گر چه با ما خاکیان در گفتگو است
بـاده نـوش عـالـم جـان است شیـخ
بـهـر قـتـل دیـو نـفس پـر فسون
همتش چون پور دستان است شیخ
بـلـبـلان آشیـان خـانـقـاه...
نـوگـل گـلـذار رضوان است شیـخ
دیـو رهـزن ره بـدلشان کـی بـرد؟
حـامـی جمـع مریدان است شیـخ[2]
شهسوار شرعُ دیـنُ مـعـرفت
عرصه اش گردون گردان است شیخ
پـیـر و صدیـقُ عـثـمـان عـمـر
خـاکـراه شاه مـردان است شیـخ
من چه گویم وصف ذات پاك او؟
فـرد عـصرُ قـطب دوران است شیـخ
(مـجـمـر) مذنب بـرایش جـانسپـار
ضـامـن حـور او غـلـمـان است شیخ

(١) دیاره ئەم پارچە شیعرەی وەك نامەیەك بۆ کەسێك ناردووە، کە لەسەر پارچە شیعرەکە ناوی نەنووسراوە و، لە ناوەرۆکی شیعرەکانیشیەوە شتێکی وا وەرناگیرێت، ئەوەندە هەیە پارچە شیعرەکەی کردووە بە مەیدانی ناوهێنانی کەسان و شاعیرانی کۆنی فارس و کەسانی دی و، ناوی (انوری) و (اختری) و (بحتری) و (خسرو) و (خسته) و (حسرت) و (صائیب) و (آهی) و (قنبر) و کێ و کێ لە ستایشی ئەو کەسەدا کە نامەکەی بۆ ناردووە دەگونجێنێ.
(٢) ئەم پارچە درێژ بوو تەنیا سەرەتا و کۆتاییەکەیم نووسی.



## (شافية البلية)ی محەممەدی کوڕی ئەبوبەکر

٥٠٣

لە بەرگی شەشەمی ئەم کتێبەدا باسی کتێبێکی بچکۆڵەی مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی ئەبوبەکرم کرد کە بریتی بوو لە شەرحی چل فەرمایشتی پێغەمبەر -د- ئەم دانراوە ئەوەندەمان لێ وەرگرت کە ساڵی (١٢٩٣) نووسرابووەوە لە شاری سلێمانیی.

دوای ئەوە دانراوێکی دیکەی ئەم مامۆستام دەستکەوت بە ناوی (شافية البلية) کە هۆنراوەیەکە بە زمانی عەرەبیی لە باسی بەشداربوونی جەنگی بەدردا و بە پیرۆزیی ناوی ئەوان لە خودا دەپاڕێتەوە.

دەستخەتەکە (١٩) لاپەڕەیە سەرەتا و کۆتایی تەواوە، مامۆستا عەبدولغەفووری کوڕی مصطەفای کوڕی عەبدوڵلای واعیظی کەرکووکیی ساڵی (١١٩٧) لە شاری کۆیە نووسیویەتیەوە.

دەستخەتەکە دوو هۆنراوەی دی تێدایە بە خەتی هەمان مامۆستا،

یەکەمیان: چامەیەکی (میم)یەی ئیبنولفاریضە، سەرەتاکەی ئاوایە:

**هل نار ليلي بدت ليلا بذي سلم**

**ام بارق لاح في الزوراء فالعلم؟**

دووەمیان: چامەیەکی (جیم)یەیە، نازانم شیعری کێیە، سەرەتاکەی دڕاوە، ئاوا دەست پێ دەکات:

**ما بين معترك الاحداق والمهج**

**انا القتيل بلا اثم ولاحرج**

ئەم چامە (٤٤) بەیتە هەمان مامۆستا ساڵی (١١٩٦) نووسیویەتیەوە. دەستخەتەکە سەرجەم (٢٩) لاپەڕەیە، وادیارە لە دەستخەتێکی گەورە دەرهێنراوە. خەتی مامۆستای کەرکووکیی خۆشە و سەر و بۆری بۆ شیعرەکان کردووە و، حاشیە و پەراوێزی بۆ گەلێ شوێنی بەیتەکان کردووە.

**سەرەتای (شافیة البلیة):**

**یقول افقر الوری محمد**
**نجل ابي بكر حماه الصمد:**
**اعوذ باللـه من الشیطان**
**ونطلب العون من الرحمن**
**باسم الالـه باعث الاموات**
**وراحم العباد بالهبات**
**وهو الذي یحي العظام البالیة**
**بجنده اهلك جیشا طاغیة**

دوای (١٦) بەیت بەم شێوە باسی نامیلکەکەی و ڕێبازی لە دانانیدا دەکات:

**فهذه ارجوزة حوت علی**
**من شهد البدر من الصحب العلی**
**تضمنت اسماءهم بالسرد**
**خلاف من قد جمعوا بالعد**
**لانهم قد سردوها مجملا**
**ففرقوا بوضع احرف عُلی**
**وانني جعلتها اقساما**
**وكل قسم قد حوی الاسامی**
**ذكرت مع اسمائهم اسماءا**
**آبائهم ممیزا ابناءا**

**تا دەفەرموێ:**

**سمیتها (شافیة البلیة)**
**دواؤها صحابة بدریة**
**لاسیما اقحمت فیها الادعیة**
**تفتت الجبال بالعلانیة**

فـانـظـر الـيـهـا نـظـر الحـبـيـب
وداو داء الــحسْد كــالــطــبــيـب
وارجـو مـن الـلـه بـهـا الآمـالا
فــلا تــرد خــائــبــا سؤالا
واشكـر خـتـام مـا بـه عـنـيـت
ولا تــؤاخــذنــي بما نسيت
وان وقفت الشين فاصلح خللا
مـن بـعـد إمـعـان يبين الـعـلـلا
عودا على بدء له الحمد على
مـا انـعـم الـلـه تـعـالـى وعـلا
اسنــى صلاة الـلـــه والسلام
على النبي في البدء والختام

تمت المنظومة البدرية من يد عبدالغفور ابن مصطفى ابن عبدالله الواعظ في الكركوك (!) في بلدة كوه في سنة (١١٩٧).

(كتبه وقابلت في نسخة المصنف)

له دهستخهتهكهوه شتێكمان دهربارهی دانهرهكهی دهست نهكهوت، بهڵام به پێی ئهم قسهی دوایی دوور نییه دانهرهكهی خهڵكی ئهو ناوچه بێت و، لهوانهیشه هاوچهرخی نووسهرهكهی بێت، یان كهمێك پێش ئهو سهردهمه بووبێت.

لاسيما الكرد نهاه قاصر | كردي طبع فر من يناصر
ذلك فضل الله من يشاء | يؤتيه فعال لما يشاء
عطاؤه أحاط بالعباد | يحدق كالعرب على الأكراد يلحق بالعرب
لعل إن كان لأهل بدر | لديك يا رب علو القدر
تكون عز سببي أشرف العرابي | يحق أن تعبد في الكنائس
لاسيما الجهات فيها أدعية | تفتت الجبال بالعلانية
فانظر إليها نظر الحبيب | وداوها الحسن كالطبيب
وأرجو من الله بها الآمال | فلا ترد خائبا سؤالا
واشكو حنانه ما به عنيت | ولا تؤاخذني بما نسيت
وإن وقعت الشين فاصفح خللا | من نجل امفاني بين العلماء
عود على بدء له الحمد على | ما أنعم الله تعالى وعلا
أسنى صلاة الله والسلام | على النبي في البدء والختام

تمت المنظومة البديعة [illegible]
ابن مصطفى ابن عبد الله
الواعظ في [illegible]
في بلدة [illegible]
في
١١٩٧

كتبه وقابلته [illegible] المصنف

## پرۆژەی کۆکردنەوەی نامەکانی
## مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس(*)

٥٠٤

### بەبۆنەی کۆچی دواییەوە



یەکێك لە خزمەتە گەورەکانی مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس نامە جوان و بەپێز و پڕ ماناو زۆر و زەوەندەکانی بوو، کە لەم ڕەوەیشەوە مامۆستا ماندووبوونی نەدەزانی و ماندوویێتی نەناس بوو، بەجۆرێك هەر کاتێك هەر کەسێك بچوایەتە خزمەتی و داوای یارمەتیی لێ بکردایە بۆ کارێك یان مەبەستێك بێ دواخستن و تیاوەستان دەستی دەدایە ئووچەکەیی و بە خەتە خۆشەکەی نامەیەکی بە گوێرەی پێویست و ڕێ و شوێن دەڕازاندەوە و دەیدایە دەست ئەو کەسە.

دەبێ لێرەدا ئەوەیش لە بیر نەکەین کە گەلێ جار نامەکانی لەوە کاریگەرتر دەبوون کە خۆی تەشریفی بچوایەت بۆ جێبەجێکردنی کارەکە.

ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیشەوە مامۆستا زۆر بە وەفا و خزم و دۆست- دۆست بوو، پێوەندیی هاوڕێتی و هاوفەقێتی و خزمایەتی زۆر بڵند ڕادەگرت، لەم ڕووەوە کە دەیبیست دۆستێ یان هاوەڵێ یان خزمێکی کۆچی دوایی کردووە، بێ سێ و دوو تەعزیە نامەیەکی جوانی ئاراستەی کەس و کارو پێوەندیدارانی ئەو مردووە دەکرد. ئەمانەیش و ئەوانەیش جگە لە نامەی هەواڵ پرسین و ، وەڵامی نامەی دۆستان و، فتوای شەرع و،

(*) لە ژمارە (٦٢)ی گۆڤاری (سلێمانی)دا بڵاوبووەتەوە.

نامەی زۆری دیکە کە دەیناردن بۆ لای دۆستان و مامۆستایان و بنەماڵەکان بۆ پرسیار دەربارەی مامۆستایان و، شەجەرەی بنەماڵە شێخەکان و، ڕشتەی ئیجازەی مامۆستایان و.. چەندین لاو هۆ و بۆنەی دی کە هەموویان گەنجینەیەکی پڕ گەوهەر و مرواریی لە کولتوور و کەلەپووری لەبن نەهاتووی مامۆستای مودەڕیس پێکدێنن، کە ئەگەر – ئەوەی کە ماوە– کۆ بکرێتەوە لایەنێکی دیکەی مێژووی تێکۆشانی بێ وچانی مامۆستا دەخاتە سەر خەرمانی مێژووە شکۆمەندە پڕ لە شانازییەکەی.

لێرەدا بەم بۆنەوە دوو نامە لەو نامە زۆر و زەبەندانەی مامۆستا دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز.

ئەم دوو نامە بۆنەیەکی تایبەتییان هەیە و نموونەیەکی کەم وێنەی بە تەنگەوە هاتنی مامۆستان بۆ کاری دۆستان و ناسراوانی.

مامۆستا بە نامەیەك کە بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ جەمیلی موفتیی ناردبوو– بەداخەوە نامەکە تێداچووە– خوازبێنی هاوسەرم لوطفیە خانی بۆ کردم. مامۆستا شێخ جەمیل ڕەزامەندی پیشان دا. بەڵام بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە مامۆستا شێخ جەمیل نەخۆش کەوت و کۆچی دوایی کرد.

دوای کۆچی دوایی مامۆستا شێخ جەمیل کەسانێك دەستیان لە کارەکە وەردا و، ویستیان هەڵی بوەشێننەوە. خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا کەریم دووبارە تێ کەوتەوە و چەند هەوڵی دا، یەکێك لە هەوڵەکانی مامۆستا ئەم نامانە بوو کە لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە. دەبێ هەر بۆ دەرخستنی بە تەنگەوە هاتنی مامۆستا و بەدەنگەوە چوونی بۆ کاری دۆستانی ئەوە تۆمار بکەم، دوای ئەوەی هەوڵەکانی مامۆستا سەریان گرت و، ماڵی خەزوورم هاتنە سەر ئەوە بەڵێنەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ جەمیل بەرنە سەر وتیان: بە مەرجێك ڕازیی دەبین کە مامۆستا مەلا کەریم شەخصی خۆی بێت بۆ خوازبێنی، مامۆستا مەلا کەریم کە من پێ بزانم، لە دوای جێگیربوونیەوە لە بەغدا، دوو جار سەفەری سلێمانی کردووە تا کۆچی دوایی، جارێك لەو دوو سەفەرەی بۆ ئەم خوازبێنییە بوو.

لێرەدا قسەیەکی خۆشی مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ جەلالیشم بیرکەوتەوە دەیخەمە پاڵ باسەکە: ئەو ڕۆژە کە بووکیان بۆ گواستمەوە و، دانیشتین بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، مامۆستا شێخ محەمەد دوای ئەوەی دەستی شت وتی:

ئێستە زۆر کەس دەستی لێ دەشوا و یەك کەس دەستی بۆ دەشوا!

## نامەی یەکەم

## دەقی نامەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

## بەڕێنووسی ئێستە

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**برای خۆشەویستم شێخ نوورەددین، وە برازای موحتەرەمەم طەیبە خان، وە نووری چاوەکانم نەجمەدین لەپێش هەموو شتێکا دوعای عیزەت و حورمەت و صیحەتتان ئەکەم، ئومێدم وایە بە خۆشی رابوێرن.**

**عەزیزەکانم ئەوسا یاسا بوو ڕەئیسی عائیلە هەر وەعدێکی بدایێ ئەو وەعدەیە زۆر بە حورمەت تەماشا دەکرا. وەختی خۆی مەرحووم خوالێخۆشبوو جەنابی شێخ جەمیل– رحمه الله– کە من نامەم بۆ نووسی بەهۆی کاری خێری نووری چاوم شێخ عەلییەوە قسەکەی منی وەرگرت، بەس وادەی دوو مانگی دانا بۆ ئەوە کە ئیشەکە ئیظهار بکرێ. دا ئەوە (دیارە دوای ئەوەیە) دەرەجەی عالی بوو، وە ئەم ماوەیە لەبەر ئەوە ئێمە بێدەنگ بووین. ئێستەیش من بە موخلیص و دۆست و خێرخواهی خۆتان بزانن، ئەوەڵی تا ئاخر من خێرخوای ئێوە بووم.**

**شێخ عەلی کوڕێکی عالم و نەجیب و بە حورمەت و بە ئەخلاقە وە خزمی خۆتانە، وە مەعاشی موناسبی هەیە، وە موستەقبەلێکی ڕووناکی لە پێشەوەیە، وە لە بەغدادا دامەزراوە... ئەمانە هەموو حسێبن، وە هەر ڕۆژێ بتانەوێ چاوتان بە منداڵی خۆتان دەکەوێ.**

**ئەمجارە بە ئیخلاصەوە دەڵێم: حەق وایە قسەی مەرحووم جێبەجێ بکرێت، وە وەعدیێ دابنێن بەڵکو (انشاءالله) ئەم مەسئەلە خێرە جێبەجێ ببێ.**

**ئیتر جوابی دۆستانەتان ئینتیظار دەکەم.**

**چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم**

مامتان وە دڵسۆزتان

(عبدالكريم المدرس)

بسم الله الرحمن الرحیم

برای خۆشەویستم شێخ نورالدین وە برای محترمم طیب خان وە نوری چاوەکانم

نجم الدین لە پێش هەموو شتێکا دوعای عزت و سەلامەتی و صحت تان ئەکەم

لە منیشەوە وایە بە خۆشی رابوێرن :

عزیزەکانم ئەوسا یاساو رئیسی علماء هەر وەعدێکی بدایە ئەو وەعدەیە

زۆر بە صەرەحەت تماشا ئەکرا وەختی خۆی مەرحوم خوالێخۆشبوو جنابی شێخ جمیل

رحمه الله کە من نامەم بۆ نوسی بەهۆی کاری خێری ئێوەی چۆنی شێخ علی بە دە

قسەکەی منی وەرگرت بەس وادەی دوو مانگی دانا بۆ ئەوەی کە تێیشەکە ئاڵوگۆڕی

رائەدە وە رەچەی عالی بو وە ئەم ماوەیە لە بەرئەوە نیە بچەوە لەگەڵ برێ :

ئێستەش من بە مخلص و دوست و خێرخواهی خۆتان بزانن ئەوەڵ تا آخر من

خێرخوای ئێوە بووم :

شێخ علی کوڕێکی عالم و نجیب و بە صەلاحیەتی زۆر بە اخلاقە وە خزمی خۆتانە وە مفاتشی

مناسبی هەیە وە مستقبلێکی رووناکی لە پێشە دوایە وە لە بەغدادا دامەزراوە

ئەمانە هەموو حسابی : وە هەر رۆژی بتانەوێ بە رۆژی چاوتان

بە منداڵی خۆتان ئەکەوێ :

ئەمجارە بە خلاصەوە ئەڵێم حق وایە قسەی مەرحوم جێ بەجێ بکرێت

وە وەعدەکەی دابنێن بەڵکو ان شاء الله ئەم مسئلە خێرە جێ بەجێ بێ

ئیتر جوابی دوستانەتان ئنتظار ئەکەم چاوی ئێوەکان ماچ ئەکەم

ماشانەوە دڵسۆزتان

عبدالکریم المدرس

## نامەی دووەم

١ جمادی الاولی ١٣٩٠هـ

١٩٧٠/٧/٣م

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**نووری چاوم و هێزی ئەژنۆم کاکە حاجی شێخ خالید- حفظه الله تعالی- لە پاش سەلام و ئیحتیرام:**

**مەعلووم ئاگاداری کە وەختی خۆی ئێمە کاغەزمان نووسی بۆ مەرحوومی کاکت لە خوصووصی خوازبێنی ژنەوە بۆ نووری چاوم شێخ عەلی حاجی شێخ محەمەد(*)، وە کاکت موافەقەی فەرموو، بەڵام ئەو حادیثەی وەفاتەی بەسەرا هات.**

**ئێستەیش بەهەرحاڵ وە هەر وەضع من وا دەزانم عەمیدی ئەو عائیلە ئێوەن. (الحمد لله) ئەهلی عیلم و مەعریفەت و دین و ئیحتیرامن. وە خانەدانی ئێوە بە شوێن عیلم و دینا گەڕاون نەك بە شوێن دنیادا. وە ئەم شێخ عەلییە بە فەهمی من گەلێ بۆ موستەقبەل ئینسانێکی باش و هەڵکەوتوو دەبێ، وە چونکی خزمی خۆتانە وە ئەهلی عیلمە ڕجا دەکەم لەسەر ئەمرەکەی مەرحوومی کاکت (حتی الامکان) سەعی بفەرموون وە ئەم کارە خێرە جێبەجێ بکەن وە موافەقەیان پێ نیشان بدەن. ئیتر چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم.**

مامت عبدالکریم المدرس

### بانگەوازێك

لە دامێنی ئەم نووسینەوە ڕووی دەمم دەکەمە خوێنەرانی ئازیز و خەمخۆرانی کەلەپوور و مێژووی کورد و دەڵێم:

بە هیوام نامەکانی مامۆستا کۆ بکەمەوە و، لە شێوەی کتێبێکدا لە بەرگێك، یان چەند بەرگێکدا بڵاویان بکەمەوە.

لەم ڕووەوە هاریکاریی و یارمەتیدانم لەم بوارەدا خزمەتی مێژوو و کەلەپووری کوردە.

---

(*) شێخ عەلی و محەمەد عەلی قەرەداغی یەکێکن و ناوەکە مورەکەبە.

## نامەیەکی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
## بۆ مامۆستا عەلادین سەجادی(*)

٥٠٥

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم پێوەندیی گەرم و پتەوی لەتەك مامۆستایانی کوردی بەغدادا هەبوو، لە بۆنەی جیاجیادا سەردانی دەکردن، ئەوانیش زۆر ئەهاتنە خزمەتی.

لە تەك مامۆستا عەلادینی سەجادیدا پێوەندیی تایبەتیی هەبوو، کە دەگەیشتن بەیەك قسەی خۆش و، نوکتەی بەتام و، باسی ڕابوردوو کۆڕەکەیانی گەرم دەکرد.

ئەم نامە نیشانەی ئەو پێوەندییە پتەوەیە و، دوای ئەوەی نامەکە نووسراو (نوور)ەکە دەست مامۆستا کەوت، ئەم نامە لەلای من مایەوە.

مامۆستا مێژووی مانگ و ڕۆژەکەی بەڕوونیی نووسیوە، بەڵام مێژووی ساڵەکەی تەواو نەکردووە. ساڵەکەیش ساڵی ١٩٨٤ بوو، مامۆستای سەجادی بەماوەیەکی کەم دوای ئەم مێژووە کۆچی دوایی کرد.

ئەم نامە یەکێکە لە صەدان نامەی لەم شێوە و شێوەگەلی دیکەی مامۆستای مودەڕڕیس کە ئەگەر هەموویان یان بەشی زۆریان کۆبکرێتەوە لایەنێکی دیکەی پرشنگداری ژیانی مامۆستا دەخەنە سەر ئەو هەموو ڕوو و لایەنە جۆراوجۆرانەی مامۆستا، کە هەر یەکەیان لە لای خۆیەوە باسێکە پڕ لە شانازیی و سەروەریی و مایەی شادمانیی گەلەکەی.

**دەقی نامەکە**

١٧/١٠/٩٨

| | |
|---|---|
| **کاکە عەلای بە تەجەللا** | **خاوەن فکری شێخ و مەلا** |
| **دوور بی لەهەر مەکری مەلا** | **وا (عەلی)م نارد بۆ لای (عەلا)** |

چاوەکەم خۆت ئەزانی دنیا زستانە، گەرمیان کوێستانە، ژیری ئەمڕۆیش لە مەستانە، نەزان بەرزی دەبوستانە، دنیا وایە و واتر دەبێ.

بەکوردیی زۆر پێویستم بە(نور الانوار)ەکە هەیە بۆ حەفتەیێ، ئەوسا بە مەمنوونیی وەکو دوڕڕی ناسوفتە بۆت ئەنێرمەوە. بە عەلیدا بۆم بنێرە. ئەنا بەخوای ئەحمەدی کۆر، بەرەنگ کاری ئەنواعی بۆر. چەن جار دێم بەچارەی شۆر، تا (نوور)ەکەت لێ وەرئەگرم، ئیتر بەخوا لە سەرمادا لەمە زیاتر لەغوە، نازانم!

عبدالکریم المدرس

(*) لە ژمارە (٧٨)ی گۆڤاری سلێمانیدا بڵاوکرایەوە.

کاکە عەلای بە تەجەلا      خاوەنی فیکری شێخ وەلا
دووربێ لە هەر سەکری مەلا      واعەلیهم نارد بۆلای عەلا

چی وەکوم   حەوت ئەزانی دنیا زستانە گەرمیان و کوێستانە

ژیری ئەمرۆش لە بەستانە   ئەزان بەرزی رەبوستانە   دنیا وایە
واش دەبێ

بەکورتی زۆر پێویستم بە نورالانوارەکەیە بۆ هەفتەی ئەوتا
بە مەمنونی وەکو گوڕێ ناشکفتە بۆت ئەنێرمەوە   بە عەلیدا بۆم بنێرە
ئەونا بە هیوای اهریمەنکور بەرەنگ کاری انواعی بدر چەرخی
دیم بە چارەی شوێن   تا ئەوەندەکەت لێ وەرئەگرم   ئیتر
بە خوا لە سەرتادا هەمە زیاتر لە عوزە نازانم .

عبدالکریم
المدرس

علادی

# باجی سەروەری و تاجی سەروەری

٥٠٦

شەوقیی وتوویە:

**دقات قلب المــرء قائــلـة لــه: ان الحياة دقــائق وثــوان**
**فــارفع لنفسك بعد موتك ذكرهــا فــالذكر للانسان عمر ثــان**

لای خۆیشمان باوە: تەمەنی پان نەك درێژ.

زۆرمان گەلێکمان دیوە خاوەنی کۆشك و تەلارو، زەویی و زار و، سەروەت و سامانی بێ ئەژمارو، کوڕو کچی جوامێرو نازدار بوون، کاتێ تەمەنیان کۆتایی هات و، شەربەتی مەرگیان نۆشیی و، تەرمیان بەرەو ئارامگای هەمیشەیان بەڕێ کرا، نە ماڵ و نە کوڕ هیچیان لە تەکیانا نەچوونە گۆڕ، زۆریشی پێ نەچوو ماڵ و سامانەکەیان بەسەر میراتگراندا دابەش کراو، کەمیشی پێ چوو ناویان کوێر بووەوەو، وەك هەر گوزەریان بە دنیادا نەکردبێت وایان بەسەرهات.

جا تەمەندرێژو دەوڵەمەندی راستیی کێیە؟

ئەمڕۆ لە خزمەتی زاتێکدا دەژین کە هەرچەندە ماڵ و سامانی مشەی لێ بەجێ نەماوە، کۆشك و تەلاریشی سەریان لە هەوری نەدەداو، بگرە ئەو تەختەو قەرەوێڵەیش کە گیانی لەسەریان بە خودای خۆی سپاردەوە ماڵی خۆی نەبوون. بەڵام ئەوا دوای کۆچی دوایی ژیانێکی نوێ دەست پێدەکاتەوەو، نەك ئەم کۆڕەی ئێمە دەیگرین وە هەر چەند گەورە بێت بۆ رێزی ئەو بچووکە، دەیان و دەیان کۆڕی دیکەی بۆ دەگیرێت و، هەتا دنیا دنیایە و کورد کوردە شانازیی بەو پیاوەوە دەکرێت.

ئەم سەروەرییەی بە چی بە دەست هێنا؟

من مەبەستمە لەم وتارەدا زۆر بە کورتیی لە دامێنی ئەم خاڵەدا بۆ چەند دەقیقەیەك کاتی بەڕێزتان بگرم.

سەرەتای قسەکانیشم بەوە دەست پێدەکەم : ئێمە لە کۆڕ و کۆمەڵێکی وادا کە دەوەستین و یاد دەکەینەوە با یادکردنەوەکەمان تەنها بۆ پیاهەڵدان نەبێت. یەکێك لە سوودەکانی

یادکردنەوە ئەوەیە کە سوود لە یادکردنەوەکە وەربگرین. بیر لە ژیان و رابوردووی خاوەن یادەکە بکەینەوە، ئەو خاڵە ئیجابیی و جوانانەی کە ئەو لە ژیانیدا لە سەریان ژیاوە کردبوونی بە بەرنامەی ژیانی، چەندن و چۆنن و، ئەو چۆن پیادەی کردبوون؟ بێگومان گەورە پیاوان و کەڵە زانایانی مێژوو لە خۆیانەوە تاجی سەروەرییان نەناوەتە سەر، زەحمەتیان کێشاوە، رەنجیان داوە، بەماندووبوون بەرەو لووتکەی سەربەرزیی سەرکەوتوون. ژیانی مامۆستای خوالێخۆشبوو، مامۆستای مەزن و نەمری راستیی، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم پڕە لەو خاڵانەی کە ئەگەر بە وردیی سەرنجیان بدرێت و، کۆبکرێنەوەو، لێکبدرێنەوە دەکرێ ببنە بنەمای قوتابخانەی پێگەیاندنی هەڵکەوتووان. دیارە لە وتارێکی وادا ئەوە شیاو و گونجا و نیە. بەڵام کۆڕەکە بە چەند خاڵێك لەو خاڵە گەش و ورشەدارانە دەڕازێنمەوە:

**یەکەم:** دنیانەویستیی و بە شوێن دیمەن و کەشخە و ناو و شۆرەت نەگەڕاندا: لەسەر ئەم خاڵە دەکرێ دەیان نموونەی زیندوو رز بکرێت. من یەکێك لەو خاڵانەی کە دەیان جار بەچاوی خۆم دیومە و لەسەریشی بەدەنگ هاتووم باسی دەکەم:

زۆر لەو بەڕێزانەی لێرەدا دانیشتوون پێش تەعمیرکردنەوەی (باب الشێخ)و لە ساڵەکانی ٧٠و ٨٠کاندا ئەو ژوورەتان دیوە کە ناوی ژووری مامۆستا بوو، هەم مەدرەسەی بوو، هەم دیوەخانی بوو، هەم جێگەی خەو و خواردن و حەوانەوەی بوو.

مامۆستایش کە پێشنوێژو مامۆستای ئەو بارەگا گەورەو پیرۆزە بوو، جگە لەوەی هەر کوردێك رووی بکردایەتە بەغداو زیارەتی بارەگای گەیلانیی بکردایەت ئەگەر زیارەتی مامۆستای مودەڕیسیشی نەکردایەت ئەوا زیارەتەکەی بەلاوە قوبووڵ نەبوو.. هەر میوانێکی دەرەوەی وڵاتیش لە زاناو سەفیر و پیاوی ئاینی و ناودار سەردانی ( باب الشیخ)یان بکردایەت دوای زیارەتی گەیلانی دیاریترین کەس مامۆستا بوو کە جێگەی شانازیی بێت و، شیاوی ئەوە بێت بە رووسوورییەوە ئەو میوانانە رایی بکات و، کاریان تێ بکات و، دیمەنی گەشی زانستییان لە شێوەیەکی وادا بۆ بنوێنێ بە یادگار لە مێشکیاندا ساڵەها بمێنێتەوە.

مامۆستا لەو ژوورەدا بوو، ئەو هەموو میوانە روویان دەکردە ئەو ژوورە، کە چەند تەختە قەنەفەی کۆنی تێدا بوو، چەرچەفی کۆن و رزیو و پواویان پێوە بوو، رۆژێك یەکێك لە میوانەکانی هەڵسا دەستی چوو بە درزو شەبەقی چەرچەفی قەنەفەکەدا! دوای

ڕۆیشتنی میوانەکە عەرزی مامۆستام کرد: ئەمە جوان نییە و ئەگەر بە سەید یوسف -کە ئەو کاتە موتەوەلی گەیلانی بوو- بڵێین بە مەمنوونی قەنەفەکانیشت بۆ تازە دەکاتەوە نەك چەرچەفەکانیان، کەچی مامۆستا فەرمووی: ڕۆڵە ئەوان خۆیان نەیبینن من پێیان ناڵێم!

ئەمە لە کاتێکدا بوو ژووری تەنیشتی ژووری مامۆستا ژووری (كمال الدين طائي) بوو، ڕازاوەترین ژوور بوو، جوانترین تاقم و فەرشی تێدا بوو، (كمال الدين)یش ئەگەر لە حەفتەیەکدا دوو سێ ڕۆژ بهاتایەت یەك سەعات بە ناو دەرزی دەگوتەوە. هەر لە ژوورەکەی مامۆستایش چەند هەنگاوێك بەولاوە، ژووری (عبدالوهاب طعمة) بوو کە ئەگەر بە فەقێی فەقێی مامۆستا دابنرایەت لەوانە بوو ئەو فەقێ سەری خۆی هەڵبگرێت وڵات بەجێ بهێڵێت! کەچی ژووری (عبد الوهاب)جگە لەوەی نایابترین فەرش و تاقمی ئەو سەردەمەی تێدا بوو، هەموو دیوارەکەی لە باتی بۆیە بە تەختەی صاج ڕووپۆش کردبوو، کورسی و مێزی میرانەی هەبوو، ثورەیای نایاب بەسەر سەریدا شۆڕ بووبوەوەو، تەلەفوون- کە لەو کاتەدا دەگمەن بوو- لە مدیو و ئەودیویەوە دانرابوو. ئەگەر مامۆستای مودەڕیسیش ئیشێکی زۆر پەلەو پێویستی ببوایە بە یەکێکمانی ئەفەرموو: بڕۆن لای (عبدالوهاب)ەوە تەلەفوونێك بکەن!

**دووەم:** دڵ نەشکاندن و ڕوونەشکاندنی کەس:

مانای فەرمایشتێکی پێغەمبەر هەیە درودی خودای لەسەر بێت، - هەرچەند هەندێ کەس بە لاوازی دادەنێن- دەفەرموێ: ئێمە بە ڕووی کەسانێکەوە پێدەکەنین و دڵیشمان لە عاستیاندا خوێن دەدەڵێنێ.

مامۆستا لە ژیانیدا ئەم فەرمایشتەی بە ڕێکیی پەیڕەویی دەکرد. گەلێ جار دیومە کەسانی وا هاتوونەتە خزمەتی، لە ڕێگەی ژیانیانەوە لەتەك مامۆستاداو ڕابووردوویان لە عاستیدا، زانیومە مامۆستا حەزی لە چارەیان نییەو خۆشی ناوێن، کەچیی کە هاتوونەتە خزمەتی مامۆستا بە جۆرێك ڕەفتاری لەگەڵدا کردوون ئەگەر کەسێکی ناشارەزا ئەو دیمەنەی بدیایەت وایدەزانی هیچ ناکۆکییەك لە نێوانیاندا نییەو موو بە بەینیاندا ناچێت. هەر لە مانای ئەمەیشدایە ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ: (دەستێ نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم).

بۆیە وا دەزانم چەند لە خزمەتی مامۆستادا بووم لەبیرم نایەت دڵی کەسی شکاندبێت.

ئەوە ناڵێم ئەگەر جار- جار فەقێی وا هەبوایەت دەرزەکەی باش حازر نەکردبوایەت، یان کەمتەرخەمیی لە پێداچوونەوەو رەوانکردنی دەرزەکانیدا بکردایەت، مامۆستا لە رووی دڵسۆزییەوە لێی تووڕە ببوایەت.

**سێیەم**: بەرنامەی خواردنی:

فەرمایشتێکی پێغەمەر هەیە (د.خ) ماناکەی وەهایە:

هیچ کەسێك نییە ئەو رۆزییەی خودا بۆی بڕیار داوە نەیخوا و بمرێ. کوردیش دەڵێ: (هەرکەس زۆر بخوا زۆر ناژی) وابزانم مامۆستا ئەم فەرمایشتەی بە جۆرێکی دی مانا کردووە. هەر چەند درێژیی و کورتیی تەمەن بە دەست خودایە. مامۆستا وەهای لەیەکداوەتەوە ئەو ئەندازە خۆراکەی خودا بڕیاری داوە کەی تەواو بوو ئادەمیزادەکەیش تەمەنی کۆتایی دێت. وەك بڵێین: خودا بۆ زەلامێکی داناوە لە درێژایی تەمەنیدا (١٠) دە تەن خواردن بخوات، ئەگەر بە پەنجا ساڵ بیخوات ئەوا تەمەنی پەنجا ساڵ ئەبێت و ئەگەر بە حەفتا ساڵیش بیخوات ئەوا تەمەنی (٧٠) ساڵ دەبێت. مامۆستا ئەو برە خواردنەی خۆی وا بەش کردبوو بەشی (١٠٠) ساڵ زیاتری بکات. چونکە بە راستیی ئەو کەسەی بە وردیی سەرنجی بەرنامەی خواردنی مامۆستای بدایەت سەرسام دەبوو کە مامۆستا چۆن قنیات بەو ئەندازە خواردنە دەکات و چۆن پێی دەژی . بەیانیان هێلکەیەك یان تۆزێ هەنگوین یان پارچە پەنیرێ یان شتێکی وەهای دەخواردو هێشتا هەتاو گزنگی نەدابوو دەستی دەکرد بە دەرزوتنەوە تا نیوەڕۆ، یان تا دەرزەکان تەواو دەبوون سەر گەرمی دەرزی فەقێیان دەبوو، ئەگەر پێش نیوەڕۆ دەرز تەواو ببوایەت ئەوا دەستی دەدایە کتێبێك یان بە خوێندنەوە یان بە نووسینەوە خەریك دەبوو، ئەگەر میوانی نەهاتایەت.

کاتی نیوەڕۆیش خواردنەکەی ئەوە بوو بریتی بوو- بە زۆریی- لە برنج و شلەیەك کە لە سەفەرسازێکدا لە ماڵەوە بۆی دەهات. کاتی نیوەڕۆ گەرم دەکرایەوەو، بڕوا ناکەم نیوەڕۆیەك بووبێت یەکێك و دووان هاوبەشی خواردن نەبووبن لە تەکیدا بۆ ئەو خواردنە کەمە، هەرچەند زۆر جار وا ئەبوو کەسانێك هەبوون خۆیان پەنا دەدا تا کاتی نانخوارنەکەی مامۆستا لەو کاتەدا لە پڕو بێ خوڵك و مەوعید سەلامون عەلەیك و بەرانبەری مامۆستایان لەسەر سفرەکەی دەگرت، ئیتر سا ئەگەر مامۆستا شتێکی لەو خواردنە کەمە بەربکەوتایەت هەر ئەوە بوو دەیخواردو هەڵدەستا. دوای ئەوەیش ئیتر تا

بەیانیی رۆژی داهاتوو، تۆزێك میوەی لێ دەرچێت كە شەو بەر لە خەو دەیخوارد، هیچ خواردنێكی نەدەخوارد.

**چوارەم**: خەوتنی مامۆستا:

دەبێ ئەوەیش لە بیرنەكەین كە مامۆستا تەشریفی هەڵدەستا بۆ نوێژی بەیانیی ئیتر نەدەخەوتەوەو، پیشەی رۆژانەی وەها بوو دوای نوێژ رزێك ویردی رۆژانەی هەبوو وردە–وردە بەدەم پیاسە و گەڕانەوە دەیخوێندن تا كاتی چا خواردنی بەیانانی دەهات. دوای ئەوە– وەك وتمان– تا نیوەڕۆ سەرقاڵی دەرزگوتنەوە دەبوو كەم سەر شتی دیكەی دەپەرژا. دوای نانخواردنی نیوەڕۆیش كاتێ رۆژگار درێژدەبوو، وەك بەهار و هاوین، دەرگای ژوورەكەی دادەخست و ماوەیەك رادەكشا، لەو ماوەیشدا –ئەگەر بیانهێشتایە بنوێ– پاش كەمێك هەڵدەستا دەزنوێژی دەگرت و خەریكی نووسین دەبوو.

كە دەڵێم ئەگەر بیانهێشتایە مەبەستم ئاماژەیە بۆ حاڵەتێك كە مامۆستا هەمیشە هاواری بوو لە دەستی، ئەویش ئەوە بوو ئەو، ماوە كەمەی دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، كە دەیویست رابكشێت، چەند جار لەسەر یەك دەیاندا لە دەرگای ژوورەكەی، ئیتر زەلامێك ئەو كاتە زیارەتی شێخ عەبدولقادری بۆ گونجابوو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ هەولێر یان سلێمانیی ئەگەر زیارەتی مامۆستایشی نەكردایەت زیارەتەكەی بەتەواو نەدەزانی. یان ئەو كاتە گەیشتبووە بەغدا و نەخۆشی بۆ لای دكتۆر هێنابوو، ئەیویست پێش ئەوەی بچێت بۆ عەیادە بچێتە خزمەتی مامۆستا و مامۆستا دۆعای خێری بۆ بكات و ناونیشانی دوكتۆرێكی باشیشی بداتێ.

دەبێ لە بارەی خەوی مامۆستاوە ئەوەیش لەبیرنەكرێت مامۆستا كە دوای نوێژی عیشا دەرگای لەسەر خۆی دادەخست ئیتر نەدەچووە ژێر لێفەو ناو جێگەی گەرم و نەرم و بخەوێت تا بەیانی. بەڵكو وەك دەڵێن (شەو قەڵای مێردانە) مامۆستا بە وردیی حسابی بۆ ناو ئەو قەڵا دەكرد. تەنانەت دەیفەرموو: كاتی وەها هەیە شەو تا دوای سەعات دووی سەرلە بەیانیی خەریكی نووسین دەبم. هەر لەم روەیشەوە فەرمووی : لە نووسینی یەكێك لە كتێبەكانیدا دوای ساڵی ١٩٩٠ چاوی لە دەستداو بینایی چاوی زەرەری هێنا، چونكە پێش ئەو مێژووە گەلێ جار چوومەتە خزمەتی شیعرێك یان بابەتێكی وردی دەستخەتم بۆ نەخوێندراوەتەوە.. مامۆستا كە یارمەتیی داوم بۆ خوێندنەوەی بێ عەینەك خوێندوویەتیەوە.

لێرەدا بە کورتیی ئاماژە بۆ شتێ دەکەم:

کەڵە زانایان و گەورە هەڵکەوتووانی جیهان دەکرێن بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان بەش و بارەیەکی خوایی هەبووە لە زیرەکیی و بلیمەتیدا، دەستی بۆ هەرچی بردبێت زوو توانای بەسەریدا شکاوەو زانیویەتی و، رەنجی زۆری بۆ تێگەیشتنی نەکێشاوە.

بەشێکیشیان ئەو بەهرەو توانایان نەبووە، بەڵام قەرەبووی ئەوەیان بە هەوڵ و کۆششی بێ وچان و نەبڕاوەیان کردووەتەوەو گەلێ جار لە بەهرەوەرەکان پێش کەوتوون.

دەتوانین مامۆستای مودەڕیس لەم بەشەیان دابنێین و ئەوەندەی من ئاگاداری ژیانی مامۆستا بووم و، لە نزیکەوە لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی شارەزا بووم، کەم کەسم دیوە بە ئەندازەی مامۆستا حسابی بۆ کات کردبێ و کاتی بە فیڕۆ نەدابێت. بە جۆرێك سوودی تەواوی لەو تەمەنە پیرۆزەو درێژەی بینیوەو، هەمووی لە خزمەتی زانستدا بەسەر بردووەو، بە خوێندنەوەو دەرزوتنەوەو نووسین خۆی پێگەیاندووە.

ئەو کتێبانەی لە سەردەمی ئەودا باو بوون و فەقێ بە دەرز دەیانخوێندن مامۆستا ئەوەندەی گوتبوونەوە هەموویانی لەبەر بوو، کتێبی وا هەبووە لە کتێبە گەورەکانی وەك: موطەوەل و، تەهذیب و، شەرح مەواقیف و... دەیان جار، تەنانەت کتێبی وایان هەبووە هەشتا نەوەد جار سەرلەبەری بەدەرز گوتوەتەوە. ئەمانەیش جگە لەوەی کە مامۆستا لە سەردەمی فەقێتی خۆیدا زۆر کۆششی کردووە و، یەکێك بووە لە فەقێ هەرە ساعیەکانی سەردەمی خۆی و، هەر کتێبێکی خوێندبێت مەتنەکەی بەتەواویی لەبەر کردووەو، دوایش نەیهێشتووە لە بیری بچێتەوە. گەلێ جار کە لە خزمەتیا بووین و دەرزی گوتوەتەوە مەتنەکانی فەریدەو، فەرائیضی شێخ مەعرووفی نۆدێیی و، تەلخیص و، مەتنی تەهذیب و چەندین مەتنی دیکەی لەبەر دەورکردوەتەوە.

**پێنجەم**: لە خۆبایی نەبوون:

گەلێ لە مامۆستایانمان کە لە خوێندندا پێشکەوتوو بوون و، ماوەیەکی زۆر دەرزیان گوتوەتەوە، ئیتر پێیان وا بووە ئەوان لەوە دەرچوون دەرزی هەموو کتێبێك بڵێنەوە و، دەبێ لە ئاخر مادەکان زیاتر نەڵێنەوە. ئەم مامۆستایانە لە حوجرەکانی کوردستاندا نموونەیان کەم نەبووە. بەڵام مامۆستای مودەڕیس بەرانبەر بەم خوەیش لە خەڵکی دیکە

جیابوو، هەرکەس بچوایەتە خزمەتی بۆ هەر دەرزێك دەستی بەڕوویەوە نەدەناو بەگوێرەی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی لە دەریای زانستی مامۆستا سوودمەند دەبوو. رۆژێك چوومە خزمەتی، منداڵێك لە خزمەتیا بوو دەرزی سوورەتی (القارعە)ی پێدەگوت. عەرزم کرد: قوربان کەسێك نییە ئەم دەرزەی پیٚ بڵێت و جەنابت خۆتی پێوە ماندوو نەکەیت؟ فەرمووی: بۆ من چیمەو کیٚ لە من باشتر پێی دەڵێت؟

**شەشەم**: دامەزراویی لە سەر بیروڕایی و موساوەمە نەکردنی لەسەر حەق:

مامۆستا دەربارەی ئەو شتانەی باوەڕی پێیان هەبوو و بەشێك بوون لە بیروباوەڕی شەرعیی و عەقیدەیی، ئامادە نەبوو بە هیچ جۆرێك و بۆ هیچ کەسێك – لەهەر پلەیەکدا بوایەت– موویەك لەوەی خۆی باوەڕی پێیەتی– دیارە باوەڕەکەیشی باوەڕی پیاوێکی موسوڵمانی بڕواپتەو بوو– لابدات و سازش لە سەری بکات. وەك نموونە: لە هەشتاکاندا باسێك لە ئەوقاف کەوتە ناو بەناوی (ئیستیبدالی زەوی و خانووی وەقف). باسەکە خرایە بەردەمی (مجلس الاوقاف الاعلی) کە بەزۆریی لە زانایانی ئاینیی پێکهاتبوو. ژمارەیان لە دەوروبەری ٩ کەسدا بوو. ئەندامانی ئەو مەجلیسە جگە لە مامۆستای مودەڕیس بە تێکڕای دەنگ ئەوەیان پەسەند کرد کە دروستە ئەو خانوو و زەوییانە بفرۆشرێن و بە پارەکەیان شتی دی بخرێتە شوێنیان. بەڵام مامۆستا بڕوای وابوو قسەو مەرجی واقیف– ئەو کەسەی لە بنەڕەتدا ماڵەکەی وەقف کردووە– وەك نەص و دەقی شەرع وایە و گۆڕانی دروست نییەو، بە تەنها مامۆستا ئەو بڕیارەی ئیمزا نەکردو گوێی لە هیچ هەڕەشەو مەترسیی و دەرئەنجامێك نەبوو.

**حەوتەم**: بەتەنگەوە هاتنی نەداران و هەژاران:

مامۆستا بە حوکمی ئەوەی لەو جێگە گەورە و پیرۆزەدا بوو و خۆیشی پیاوێکی ناودار و ناسراو بوو، دەستڕۆیشتووان و خێرۆمەندان پارە و خێر و زەکاتیان بۆ ئەهێنا، مامۆستایش بیٚ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی شتێك لەو پارە هەڵبگرێت، چاوی دەگێڕاو بێدەنگ و، بەدزیەوە هەژاران و نەبووانی دەستنیشان دەکردو، مانگانەی بۆ دەبڕینەوەو، لە رێگەی تایبەتیی خۆیەوە بۆی دەناردن. ئاگاداری گەلێك لەوانەم و لە کاتی نەبوونیی خەڵکی سلێمانیدا، دوای راپەڕین، دەیان کەس و خێزان هەبوون لە سلێمانی و دەوروبەریدا مامۆستا دەستگرۆیی دەکردن، بە کۆچی دوایی مامۆستا ئەو سەرچاوە وشکی کرد و ئەو خێزانانە ئەو هیوایان نەما.

## دوای کۆچی دواییشی(*)

٥٠٧

گەلانی جیهان شانازیی گەورەیان لەوەدایە پیاوی زاناو ناودار و بلیمەت و هەڵکەوتوویان هەبێت، تا خۆیانیان پێوە هەڵبکێشن و، بەهۆیانەوە شان لە شانی گەلانی پێشکەوتووی جیهان بدەن و، ناوی وڵاتیان و زاناکانیان لە رزی پێشەوەی شوێنی شانازیدا تۆمار بکرێن.

بەڵام گەلی کورد وا باوە و بووە بەپەند لە ناوماندا کە دەڵێین: «زیندوو کوژی مردوو پەرست!» وا بزانم هەر ئەمەیشە قانیعی شاعیری وا لێ کردووە بڵێت:

**وەختە زەمانە منیش کا بەپیاو**

**بمباتـــە رزی پیـاوانی بەنـاو**

کەچی بەداخەوە دەڵێم: وەختە بچینە سەر ئەو برِوایە بۆ ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرِیس، دوای کۆچی دواییشی رێزی لێ نەگیراوە و، وەك پێویست لای لێ نەکراوەتەوە.

ئـــەوەی کـــە زۆر جـێگـــەی داخـە: دوای رووخـــانـــی رژێمـــی سەدام پـێی بـەرپـرسان و لێپرسراوانی کورد بۆ بەغدا کرایەوە، جاری وا هەبوو مانگ و کەمتر و زیاتر لە بەغدا دەمـانـەوە و، سەردانـی چـەنـد کـەسیـان بـەئـاشکراو نـهێنی ئەکرد، بـەڵام نـەمـانبیست و نەمانبینی یەکێکیان بیر لەوە بکاتەوە سەردانێکی -با زۆر کورتیش بێت- ماموٚستای مودەرِیس بکات!

ئێستە چەند خۆش دەبوو ئەگەر وێنە و سلاید و تەسجیلی ڤیدیۆی کاك مەسعوود، یان مام جەلال، یان هەر بەرپرسێکی دییانمان لە خزمەت ماموٚستادا لە دەستدا بوایەت و هۆڵ و جێگەی ئەم ڤیستیڤاڵە، یان هەر جێگەیەکی دیکەی وەهامان، بۆ بۆنەو ئاهەنگێران و رێزلێنان پێ برِازاندایەتەوە! ئەوەندەی من لە خزمەت ماموٚستادا ژیاوم و، ئاگاداری هەڵسوکەوت و، رەفتاری لەتەك خەڵکاو، پلەی زانیاریی و، خزمەتگوزاریی و، دنیانەویستی و، لێبوردوویی و، چاوپۆشیکردنی و، دڵسۆزیی بۆ گەل و وڵات و ئایین و، بەتەنگەوە بوونی بۆ مەلاو فەقێ و حوجرە و خوێندن و، خۆ بەکەمزانینی و، دووربینیی و... بووم، بێ سێ و

(*) ٣١ ئازاری (٢٠٠٦)لە کەلار لە میهرەجانی ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرِیسدا خوێندمەوە.

دوو دەڵێم: لەم چەرخەی ئێمەدا هاوتای نەبووەو، لەگەڵێ روویشەوە لەمەوپێشیش وێنەی لە مێژووی کورددا رانەبوردوەو، گومانیشم لەوەدا هەیە لەمەولایش وێنەیەکی وەها لە رووی ئەو گشتگیرییەوە، کە باسمان کرد، لەناو کورددا هەڵبکەوێتەوە. بەڵام بەداخەوە چەند خۆی خاکیی و بێ فیزو هەوا بوو، هەر وەهایش ماڵئاوایی لێ کردین و، ئێمەیش –وەك پێویست – رێزمان لێ نەگرت و، ئەوەی شیاویەتی بۆمان نەکرد.

گومانم لەوەدا نییە ئێستەیش مامۆستا تەشریفی بێتەوە ناومان و، عەرزی بکەن کە دوای کۆچی دواییشی شتێکی وامان بۆ نەکردووە کە شیاوی پلەو پایەی ئەو بێت، هەر گلەییمان لێ ناکات، چونکە ئەو بە خواستی خۆی ئەو رێگەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، بەڵام دەبێ ئێمەیش بۆ رێزی خۆمان ئەوەندە کەمتەرخەم بین؟ دەبێ پیاوی هەڵکەوتووی وامان تێدا بووبێت و، کاری وای بۆ نەکەین بە جیهانی بناسێنین؟

بەڵێ مامۆستا بە بەرهەمەکانی و بە دانراوە نەوازەو نایابەکانی، نەك لای ئێمە لەلای گەلێ لە گەلانی جیهانیش زیندووتریش دەمێنێتەوەو، رۆژ بە رۆژ پلەو پایەی بەرزتر دەبێتەوەو، زیاتر دەناسێنرێت، بەڵام ئەمانە و زۆر لەمانەیش زیاتر بری ئەوە ناکەون کە ئێمەی خاوەنی مامۆستا، وەك گەلی کورد و، قەرزارانی کۆڕی دەرس و حوجرەیش، وەك فەقێ و مەلاو سەدان و هەزاران کەس سوودی دیوە لەخزمەتی ... هەر کەس لە عاستی خۆمانەوە وەفامان بۆی هەبێت و، سووچێك لەو قەرزەی بدەینەوە کە لە ئەستۆماندایە.

بۆیە هیوادارم ئەم ڤیستڤاڵە بچکۆلە، کە زۆر بچووکەو، گەلێ درەنگیش ئەنجام دەدرێت، هەر بۆ قسەو پیاهەڵدان نەبێت و، ئەوەیش نەبێت کە ئێستە هەندێ قسە بکرێت و، دوای بڵاوەکردنی ئەم خەڵکە قسەکانیش لە بیربچنەوەو، وەك هیچ نەکرابێت وابێت.
بەڵێ مامۆستا وەك گوتم لە رووی بەرهەمی زانستی و ئەدەبی و، مێژوویی و، ئایینەوە ، ئەمانە هەموو شتێك نەبوون لە ژیانی مامۆستا داو، گەلێ لایەنی گەورەو پڕبایەخی دیکە هەبوون لە ژیانی مامۆستادا، زۆریان بە هۆی کەمتەرخەمیکردنی ئێمەوە لە عاستیاندا لەکیسمان چوون و، تێداچوون و، دەبێ هەر داخیان بۆ بخۆین و، بکێشین بە رانی خۆماندا. زۆرمان باش دەزانین مامۆستا لە رووی بیر و هۆش و ذاکیرەو لە بیرنەچوونەوەی ئەوانەی کە لە ژیانیدا دیبوونی، هاوتای کەم بوو.

مامۆستا بیرەوەریی ٩٠ ساڵ زیاتری لە مێشکدا بوو، هەرکەس لە خزمەتیا بوایەت و، گوێی لە قسە و باس و گێڕانەوەکانی بگرتایەت، لە لایەکەوە تێری لە دانیشتن لە خزمەتیدا نەدەخوارد، لەولایشەوە سەرسام دەبوو لەو هەموو باس و ناو و مێژوو و

زانیارییانەی لە مێشکیدا بە ئەمانەتەوە پارێزرابوون و، لە کاتی پێویستدا وەك خۆیان دەیگێڕانەوە. من زۆر زوو هەستم بەمە کردبوو، ئاواتم ئەوە بوو مامۆستا بتوانێ بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوەو، لە کۆتایی کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين)یشەوە ئیشارەم بۆ سووچێکی ئەمە کردووە.

کاتێکیش زانیم مامۆستا لەوە کەوتووە پێدا ڕابگات بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی هەر شتێك بکەم و، زەرەر با – نەك لە نیوەی – لە صەد یەکیشی بگەڕێتەوە هەر باشە. بۆیە ساڵی ١٩٩٨ ئەم باسەم لا درکاندو عەرزم کرد: ئەگەر بفەرمووی حەفتەی دوو سێ شەو دێمە خزمەتت و، تەسجیل دادەنێم و، پرسیاری جۆراوجۆرت عەرز دەکەم و، وەڵامەکانی جەنابت تۆمار دەکەم و، دوایی خۆم بە شێنەیی دەیانخەمە سەر کاغەز، مامۆستا فەرمووی: باشە با نەختێ هەوا فێنك بکات و شەوگار درێژ ببێت، پارەی تەسجیلەکەیش لەسەر خۆم! بەڵام بەداخەوە کۆسپ و تەگەرەی وەها هاتنە پێش نەمتوانی ئەم ئاواتەیش بێنمە دی. هەرچەندە کە جار جار ئەچوومە خزمەتی تەسجیلی بچووکم لەگەڵ خۆمدا دەبردو، ئەگەر بارو دۆخ گونجاو بوایەت پرسیارم لێ ئەکردو وەڵامەکانیم تۆمار دەکرد. بەڵام ئەمە بێ سەر ئێشە نەبوو و، جارێکیان زەلامێك چاوی لێ بوو تەسجیلم بە دەستەوەیەو، مامۆستا چاوی کز بوو بوو تەسجیلەکەی نەدەبینی ... زەلامەکە کردی بە هەراو کارەکەمی بە شتێکی خراپ و ناشایستە دایە قەڵەم. ئێستەیش قسە زۆرن و، نامەوێ کاتی ئەو مامۆستا بەڕێزانە بگرم کە دەیانەوێ لەم بۆنە پیرۆزەدا بەشداریی بکەن و، کە بۆنەکە بۆ ڕێزلێنانی مامۆستایە –وەك گوتم– هیوادارم هەر ئەوە نەبێ قسە بکرێت و دوایی لە بیربچێتەوە، بۆیە من لە عاستی خۆمەوە یەك دوو پێشنیاز دەکەم:

**یەکەم:** مامۆستا مەلا کەریم بەڵێ کەڵەزاناو بلیمەتی کورد بوو، بەڵام خزمەتەکەی تەنها بۆ نەوەی گەلی کورد نەبوو، مامۆستا نزیکەی نیوصەدە لە بەغدادا خزمەتی کردو، ئەو خزمەتکردنەی، بەشێکی زۆری، بە خەڵکی بەغدا و ناوەڕاست و خوارترو نەوەکانیان بوو، بە دەرسوتنەوە و، فەتواو، چارەسەرکردنی گیروگرفتیان و، بەشداریکردنی کاروباری کۆمەڵایەتییان و، چەندین لایەنی دیکەیش، ئەوەبوو دواییش ئەوێی گۆڕییەوە بەکوردستان و، ئارامگاو گڵکۆی هەمیشەیی خۆی لەوێ هەڵبژارد، کەچی ئەوانیش وەك ئێمە سووچێکی ئەو قەرزانەی مامۆستایان نەدایەوە، کە دەبوو– هیچ نەبێ– یەکێك لە دانشگا گەورەکانی بەغدایان بەناوی ئەوەوە ناو بنایەت و، چەند هۆڵ و شەقام و شوێنی دیاریش بەناوی مامۆستا برازایەنەوە.

ئێمەی کوردیش حەق وابوو، کە مامۆستا سەر بە پارێزگای سلێمانییە، دەروازەی شارمان بە پەیکەری مامۆستا بڕازانایەتەوەو، عەموود و کۆڵەکەکانی، لە باتیی هەڵگرتنی هەندێ وێنەو تابلۆی دی، بە تابلۆی دیوانی: نالیی و، مەحویی و، مەولەویی و، کتێبەکانی: یادی مەردان و، بنەماڵەی زانیاران و، تەفسیری نامی و، شەریعەتی ئیسلام و، بەهارو گوڵزارو... بەرهەمەکانی دیکەی مامۆستا بڕازایەتەوەو، ئێستەیش نەچووە بچێت و، با بە شەرمەزاریی و لەتەك داوای لێبووردندا لەگیانی پاك و بەرزی مامۆستا، بابدەینەوە بەلای ئەم ئەرکە پیرۆزەداو، سەروەریی ئەم لایەنە لە کیس خۆمان نەدەین، چونکە ئەمڕۆ بێ یا سبەی کەسانێك دەبن – وەك شیاویەتی – ڕێز لە مامۆستا بگرن و ئەمانەو زیاتریشی بۆ بکەن .

**دووەم:** بەشێکی دی لە قەرزدانەوەمان بۆ مامۆستا فریاکەوتنی پاشماوەی شوێنەوارەکانیەتی بۆ ئەمەیش چەند ڕێگەیەك هەیە:

١– یەکێك لە ڕەوشتە بەرزەکانی مامۆستا وەفای بۆ هاوەڵان و دۆستان و ئەو کەسانە بووە، کە لە کوردستاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان ناسیونی، ئەمەیش لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە مامۆستا ئەو ماوە دوورو درێژەی لە بەغدادا بوو ئەو هاوەڵ و دۆستانەی لە بیر نەچووبوو، کوردستانی فەرامۆش نەکردبوو، گەلێ جار لە خزمەتیا بووم یەکێکی خەڵکی سلێمانیی ئەهاتە خزمەتی هەواڵی دۆست و مامۆستا و ناسراوانی لێ دەپرسی، وا دەبوو ئەو زەلامە عەرزی دەکرد: فلانەکەس کۆچی دوایی کرد، ئیتر مامۆستا دوای خەفەتخواردن و خوێندنی (انا لله وانا اليه راجعون) دەستی دەدایە ئووچەکەی و، پەڕەیەك کاغەزی بە لەپی دەستی و پەنجەکانی دەگرت و، هەر بەدەم قسەکردنیشەوە لەتەك میوانەکانیدا، کە کەم وا دەبوو ژوورەکەی بێ میوان بێت، نامەیەکی زۆر جوانی تەعزیە نامەی بۆ کەس و کاری ئەو کۆچکردووە دەنووسی، ئەمە جگە لە دەیان نامەی کۆمەڵایەتیی و، چارەسەرکردنی کێشەو گرفت و ناکۆکیی نێوان کەسان و تایفە و هۆزەکان، کە بە خەتە جوانەکەی خۆی بۆی نووسیون و بۆی ناردوون. یەکێك لەو لایەنانەی وەفا بۆ مامۆستا کە من بیرم لێ کردووەتەوە کۆکردنەوەی نامەکانیەتی و، بۆ ئەم مەبەستە هەر زوو دوای کۆچی دوایی مامۆستا وتارێکم بە ناونیشانی «بەرەو پرۆژەی کۆکردنەوەی نامەکانی مامۆستا مەلا عبد الکریمی مودەڕیس» نووسیی و ناردم بۆ گۆڤاری (سلێمانیی) کەچی بێئەوەی من ئاگام لێ بێت و ڕازیی بم و، گومانیشم لەوەدا نییە مامۆستای کۆچکردوویش پێی ناڕازییە، ناونیشانەکەیان کردبوو بە «چلەی ماتەمینی مامۆستا!!». من ئێستەیش لە

عاستی خۆمەوە هەر لەسەر قسەی خۆمم و، بەهیوام بە یارمەتیی خودا ئەو پرۆژە جێبەجێ بکەم و، داوا لە هەموو دۆستان و مامۆستا دۆستان و، خۆشەویستانی دەکەم، هەرکەس نامەیەکی لە لایە بۆمانی بنێرێ تا ئەو « گەنجینەی وەفا»ی مامۆستا لە وناوچوون رزگار بکەین.

٢–لایەنێکی دی لە ژیانی مامۆستادا کۆڕو کۆمەڵی حوجرەکەی بوو، کە دوای تەواوبوونی دەرسەکانی دەبوو بە دیوەخانێکی گەرمی کەم وێنە. ئەو حوجرەی کە هەمیشە دەرگای بۆ هەموو کەس باز و والا بوو و، ئەگەر لە بری مامۆستای مودەڕیس کەسێکی دی بوایەت، دەبوو پاش گوزەراندنی دوو سێ پرسگەو ئیستیعلامات، ئەوسا یەکێك کە بیەوێ بیبینی بیگەیشتایەتێ، ئەو حوجرە دوای دەرس کۆڕی هەموو بابەتێکی بە سوودو خۆش بوو، یەکێك بۆ پرسیاری شەرع و داوای فەتوا دەهات ، یەکێك بۆ باسی ئەدەبیی و زانینی ماناو مەبەستی قەصیدەیەك یان شیعرێکی شاعیرێکی کورد دەهات، یەکێك لە رشتەی باو و باپیری کۆنیدا هەندێك سەرە دوای لەدەستدا بوو هاتبوو مامۆستا بۆی بدۆزێتەوە، یەکێك نەخۆشی هێنابوو بۆ لای دکتۆرو هاتبوو مامۆستا رێنومایی بکات و دۆعای خێریشی بۆ بکات... ئەمانە و ئەوانە و چەندینی دی، جگە لەوەی هەرکەسێ لە کوردستانەوە بچوایەتە بەغدا و، زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی بکردایەت، ئەگەر زیارەتی مامۆستای مودەڕیسی نەکردایەت زیارەتەکەی شێخ عەبدولقادری بەدڵەوە نەدەنووسا... ئەم کۆڕو کۆمەڵانە گەرم دەبوون و، قسە قسەی رادەکێشاو، دەریای بیرەوەرییەکانی مامۆستا دەجۆشاو، شەپۆلی یادگارەکانی بەرەو بناری هەورامان و، ملەگای چنار و، خانەقاکانی بیارە و تەوێڵە بازرەقەیان دەبەست و، سەرگوزەشتەگەلی وەهایان لێ بەرجەستە دەبوو، ئەگەر تۆمار بکرایەن، سەربەسەر بە تەلاو گەوهەر بۆ مێژووی کورد هەرزان بوون. دیارە ئەو کاتانە ئەوانە نەکران، بەڵام گومانم لەوەدا نییە صەدان کەس هەیە دوای ئەوە بەشداری ئەو کۆڕو کۆمەڵانە بووبوون هەر کەس بەش بەحاڵی خۆی بەهرەمەند بووەو، دانەیەك یان زیاتر گەوهەرو مرواریی لەوانەی لە دەمی پیرۆزی مامۆستا کەوتوونەتە خوارەوەی هەڵگرتوەتەوە. جا پێش ئەوەی ئەوانەی لە سنگی ئەو کەسانەدان بچنە سکی خاکەوە، وەك ئەوانەی لە سنگی مامۆستادا بوون، هەوڵی کۆکردنەوەیان و یەکخستن و بابەتبەندییان بدرێت، بەمەیش بەشێك لە (گەنجینەی دیوەخانی مامۆستای مودەڕیس) دەخرێتە سەر خەرمانی کەلەپوور و شوێنەواری مامۆستای مودەڕیس.

## دوا خاڵ

لەگەڵ داوای لێبووردندا لە دانیشتوانی بەڕێز، کە دەترسم سەرم ئێشانبن و زەیادەڕەویم لە بەشی خۆم کردبێت، لە عاستی ئەم خاڵەدا دەوەستم و، داوایەك و پێشنیازێك دەکەم، وا دەزانم بەوە گیانی مامۆستا لە ئارامگای هەمیشەییدا لە هەموو شت زیاتر شادو ئاسوودە دەبێت : دوای کۆچی دوایی مامۆستامان، ئێمەیش و جیهانیش، مامۆستا لە ڕێگەی دانراوەکانیەوە دەناسین و. یادی بە زیندوویی لە دڵ و دەروون و کۆڕو کۆمەڵماندا دەمێنێتەوە. هەموویشمان دەزانین دانراوەکانی مامۆستا لەو جۆرە دانراوانە نین کە بە جارێك چاپکردن و خوێندنەوەیان کاتیان بەسەر بچێت و، خوێنەر کاری پێیان نەمێنێت. بەڵکو دانراوەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشاوەترو زیندووتر دێنە پێش چاو و، پێویستی خەڵك پێیان زیاتر دەبێت، ئەوەتا دەبینین گەلێك لەو بەرهەمانە یەك لەدوای یەك چاپ دەکرێنەوەو، خەڵکیش زیاتر بە دوایاندا دەگەڕێن. سەرگوزەشتەی چاپکردنی بەرهەمەکانی مامۆستا کتێبێکی سەربەخۆی دەوێت. کەم کەسیش بەئەندازەی من لە نزیکەوە ئەو سەرگوزەشتە دەزانێت، مامۆستا ئاواتی گەورەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی بوو، بەڵام ئامادەیش نەبوو منەتی کەس هەڵبگرێت بۆ ئەرکی لە چاپدانیان، هەر ئەمەیش بوو وای کرد لە من کە دڵسۆزانەو، بێ تەمای پارەو پوول، ئەو ڕەنجەی بۆ بدەم کە گەلێ جار دەیفەرموو: ئەوەی تۆ بۆت کردووم کوڕەکانم بۆیان نەکردووم. بەڵام کەسانێکیش بوون وایان دەزانی مامۆستا من دەگرێتە ئاڵتوون و، کە دەیانبینی سادە دەژیم دەیانوت: ئەی مامۆستا سەیارەی بۆ نەکڕیوی؟!

ببوورن لەم قسە زیادەم لەبەر مێژوو کردم.

هەر لەبەر ئەوە بوو کە مامۆستا زۆر بە تەنگ دانراوەکانیەوە بوو وەصیەتنامەی بۆ نووسیم دەربارەی چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی دوای خۆی و، ئەو وەصیەتنامە لە لام پارێزراوە.

لەم ڕووەوە یەك یادگاری مامۆستام لایە- لەگەڵ داوای لێبووردندا- وەك ئەمانەت دەیگێڕمەوە:

دوای ڕووخانی ڕژێم و، هاتنەوەم بۆ سلێمانیی، مامۆستا ئەحمەدی نەذیریی سەردانی کردم و وتی: خاوەنی (انتشاراتی کوردستان) لە سنە کتێبەکانی مامۆستا چاپ دەکاتەوەو، پارەی باشی لێیان دەست دەکەوێت و، ئامادەیە وەك مافی چاپکردنەوە شتێك پارە بدات بە مامۆستا، منیش دوای ئەوە چووم بۆ بەغداو، چوومە خزمەتی مامۆستاو،

باس و مەبەستەکەم وەك خۆی عەرز کرد. فەرمووی: کتێبەکانی من چاپ دەکەنەوە؟ عەرزم کرد : بەڵێ. سێ جار فەرمووی: ئۆخەی ،ئۆخەی، ئۆخەی! دوایی فەرمووی: نەوەڵڵا هیچم ناوێ، پێیان بڵێ: کێ چاپیان دەکاتەوە باچاپیان بکاتەوە، بەمەرجێك دەستکارییان نەکات و، هیچیان لێ نە گۆڕێت.

لێرەدا پێشنیازی ئەوە دەکەم لە کوردستاندا دەزگایەك بە ناوی (دەزگای مەلا عبدالکریمی مودەڕیس) دابمەزرێنرێت، ئەرکی ئەوە بێت سەرجەمی بەرهەمەکانی مامۆستا بە شێوەیەکی پوخت و رێکوپێك و زانستییانە چاپ بکرێنەوەو، بەیەك ڕیزو دەورەو، بەرگی قەشەنگ و شیاوەوە بخرێنە کتێبخانەی کوردیی و بەردەستی خوێنەرانی کورد.

## (انذار الإخوان)ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیف

٥٠٨

خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کە باسی ئەم مامۆستا مەلا عەبدولکەریمە دەکات دەفەرموێ: چەند دانراوی باش و پڕ بایەخی هەیە. بەڵام تەنیا باسی تەفسیری قورئانی پیرۆزی دەکات کە تا سوورەتی (النحل)ی کردووە لە سێ بەرگدا. ئیتر باسی دانراوی دیکەی نەکردووە. ئەوەندە هەیە نووسیویە: بەتەمام کتێبێك لەسەر ئەم مامۆستا واتە مەلا ئەبوبەکری باوك، یان عەبدولکەریمی کوڕی بنووسم، بەڵام فریای هیچیان نەکەوت و، لەسەر ئەم مامۆستایش شتێکی زیادی نەنووسیوە.

کاتێك بۆم لوا بە گەشتێك بەناو دەستخەتەکانی کتێبخانەی مامۆستای خاڵدا چاوم ڕوون ببێتەوە، چەند دانراوێکی چەند مامۆستای کوردم بینی کە باسیان نەکراوە و، منیش پێشتر ناویانم نەبیستبوو. یەکێك لەو دانراوانە ئەم کتێبەی مامۆستا مەلا عەبدلکەریمی ناسراو بە (مفسر)ە، کە مامۆستای خاڵ تەنیا لە فیهرەستەکەیدا بۆ دەستخەتەکانی کتێبخانەی خۆی نووسیوە و، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا بڵاوی کردووەتەوە، ناوی ئەم دانراوەیشی نووسیوە.

بۆیە لێرەدا بە کورتیی شتێك لەسەر ئەم کتێبە دەنووسم. کتێبەکە (١٩٣) لاپەڕەیە. پێوانەکەی (٢١,٥ × ١٥,٥)ە. لاپەڕەی (١٦) دێڕی تێدایە. عەبدوڵلەطیفی کوڕی محەمەد سەعید شەریف لە مانگی ذیلقەعدەی ساڵی (١٢٤٦)دا لە گوندی قزڵباغی سەر بە

ناوچەی سارالّی دەوروبەری کوردستان (سنە)دا نووسیوییەتیەوە.

سەرەتاکەی:

«احمد الله على ما افاض علينا من بحار كرمه وجوده سلسال الصدق والصواب، واقدرنا على استنباط المعاني الشريفة والنكتة اللطيفة من النصوص والاحاديث الواردة في انذار الخلايق، وتذكيرهم في كل باب...»

دوای ماوەیەك دەفەرمویّ:

«اما بعد: فيقول العبد الذليل المحتاج الى عفو الملك الجليل عبدالكريم بن سيد حسن الحسيني: اني لما فكرت في قوله تعالى: (وترى كثيرا منهم يسارعون في الاثم والعدوان. واكلهم السحت لبئسما كانوا يصنعون) رايت وعيدا شديدا...»

پاش ماوەیەك لە پێشەكیی و هۆی دانانی كتێبەكە دێتە سەر بابەتێك كە جێگەی بایەخە و، شیاوی ئەوەیە لێرەدا دەقەكەی وەك خۆی بگوێزمەوە بۆ ئێرە، چونكە ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو كاتە و، بایەخدانی میرانی كوردی ئەو سەردەمەیە بە زانیاریی و زانایان و، لەولایشەوە ڕێزلێنانی مامۆستایانی كوردە لە میرانی كورد، ئەوەتا ئەم مامۆستا مەزنە كتێبەكەی بۆ هەلّۆخانی میری ئەردەلاّن داناوە و پێشكەشی ئەوی كردووە و، ئەم مەبەستە لە پێشەكی كتێبەكە دەگوێزمەوە ئێرە:

«ثم بينا أنا في ذلك القصد والارادة، اذ خطر ببالي الحديث المروي عن رسول الله– صلى الله عليه وسلم: (من لم يشكر الناس لم يشكر الله) وقد كنت غريقا في بحر احسان الامير الكبير صاحب الدولة القاهرة والسلطنة الباهرة، مطلع انوار السعادة الأبدية، ومعدن آثار الكرامة السرمدية، مرجع الامراء، والسلاطين، كهف الفقراء والمساكين، ملجأ اهل العلم و العرفان، ملاذ الخلق ومدار الدوران، ظل الله على اهل الزمان، السلطان القهرمان (هلوخان اردلان) خلد الله ملكه وحفظه من حوادث الدوران، ببقائه ما قر القطب ودار الفرقدان. فرأيت بمقتضى الحديث شكر انعامه واجبا، ومكافات احسانه لازما، فاستقر رأيي بعد التردد بين الاعمال الموجبة لشكره، ان اجعل ذلك الكتاب المعزوم عليه بعد التيمن بحمد الله، والصلاة على رسوله متبركا باسمه الشريف، وثنائه وذكره المنيف، شكرا لانعامه ومكافاتا لشمة من احسانه، رجاء ان يدوم ذكره في الايام، ويدور اسمه على ألسنة الانام الى يوم القيام».

كۆتاییەكەشی ئاوایە:

«فهذا ما اردناه في باب التذكير والتنصيح، وقد ظفرنا بالمقصود والمراد. فالحمد لله على توفيق الاتمام، والصلاة على محمد خير الانام، وعلى آله واصحابه الكرام وازواجه».

## منیش دەربارەی بەرهەمە ٧٠٠ لاپەڕەییەکەی مەولەوی قسەم هەیە(*)

٥٠٩

ئاگادارییی من لە سەرگوزەشتەی ئەم بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی (٥)ی ساڵی-٢٠٠٥- کاتێك چووم بۆ بینینی نمایشگای کتێبی تاران.

لەو نمایشگادا بەدیداری چەند ماموستای ڕۆشنبیر و پایەبەرزی کوردی ئێران شاد بووم و، گەلێ سوودم لێ وەرگرتن.

یەکێك لەو سوودانە لە دیداری مامۆستایان باقری ضیائی و، مەدەنی فەڕەوە سەرچاوەی گرت، کە پاش ناسینیان و شادبوون بەدیداریان لە گەرما و گەرمی نمایشگاکەدا (همایشی علم عرفان و هنر در هورامان) لە پیر شالیار ساز دەکرا، منیشیان بۆ ئەو بۆنە دەعوەت کرد و، لە تارانەوە هاتینەوە بۆ هەورامان، هاوڕێی ئەو سەفەرەم، جگە لە چەند مامۆستای بەڕێزی دیکە، مامۆستایان مەدەنی فەڕ و، باقری ضیائیی بوو، بە درێژایی شەوێك کە لە فڕۆکە و ماشیندا بووین مامۆستای مەدەنی فەڕ باسی هەورامانات و مێژووی ئەو ناوچە و، بنەڕەتی ناوی گەلێ لە چیا و دۆڵەکان و، شتی دیکەی بۆ کردم. لە ناو ئەو باسانەدا باسی دەستخەتی بڵاو نەکراوەی مەولەویی بۆ کردم و، کە دەیانەوێ چاپی بکەن و، کەس ناچێتە ژێر باری لە ئەستۆگرتنی ئەرکی چاپەکەی.

بەڵێ من بەڵێنم دا کارێکی بۆ بکەم. کە دووبارە گەڕاینەوە بۆ تاران لەتەك مامۆستا عەبدوڕەحمانی یەعقووبیی خاوەنی (نەشری ئیحسان)دا دانیشتم و، بە درێژیی لەو بارەوە قسەم بۆ کرد، تا هاتە سەر ئەوە بەڵێنی دا بە هاوکاریی من کتێبەکە چاپ بکات.

کتێبمان فۆتۆکۆپی کرد و، من نوسخەیەکم لەتەك خۆمدا هێنایەوە، کە لە ماڵەوە بەوردیی بۆی دانیشتم و، سەرنجی ناوەڕۆك و کۆتایی کتێبەکەم دا، بۆم دەرکەوت، کە ئەم دەستخەتە دەستخەتی مەولەویی تاوگۆزیی نییە و، دانراوی مەولەوییەکی دییە پێش مەولەویی تاوگۆزیی، بە ماوەیەکی درێژ، بۆیە بە تەلەفۆن مامۆستا عەبدوڕەحمانی یەعقووبیم ئاگادار کردەوە و، دواتریش بۆ عەمەلیاتی چاوم لە مانگی شەشدا چوومەوە بۆ تاران و باسەکەم بە درێژیی تێگەیاند و، ئەویش لە چاپکردنی کتێبەکە خاو بووەوە. دواتر

(*) لە ژمارە (١٠)ی هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوبووەتەوە.

بیستم سەید موحسینی تاوگۆزیی دیوانێکی مەولەویی بە خەتی خۆی دۆزیوەتەوە. بە تەلەفۆن لێم پرسی، بۆم دەرکەوت کە هەر هەمان کتێبە کە وێنەی لای منە. پاش ماوەیەك چووم بۆ هەولێر و تەلەفوونم بۆ کرد هات بۆ کۆڕی زانیاریی کوردستان و، لە دانیشتنێکدا کە مامۆستا حەمەی حەمە باقیش بەشدار بوو، قسەم بۆ کرد و وتم: من دیراسەی ئەو دەستخەتەم کردووە و، بەوردیی لێیم کۆڵیوەتەوە و گومانم لەوەدا نەماوە کە دانراوی مەولەویی تاوگۆزیی نییە و، دانراوی مەولەوییەکی دیکەی کوردە، کە پێش ئەم مەولەوییە ژیاوە و، لەم بارەوە وتارێکم نووسیوە لە گۆڤاری (هەزار مێرد)دا بڵاو دەبێتەوە[١]. تەنانەت پێشنیاریشم کرد کە کاك سەید موحسین دەستخەتەکە بدات بە کۆڕی زانیاریی کوردستان بەڵکو کارێکی بۆ بکرێت. لەسەر ئەم بناغەیە دانیشتنەکەمان تەواو بوو و، لەیەك جیابووینەوە، بەڵام کە لە ژمارە (٨)ی ڕۆژی سێشەممەی ٢٨/٢/ ٢٠٠٦ی هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا ئەو وتارەم خوێندەوە کە بەناونیشانی (٧٠٠ لاپەڕە بەرهەمی بڵاونەکراوەی مەولەویی لە ئێران دەدۆزرێتەوە) و، دواییش ناوەڕۆکەکەیم خوێندەوە، کە ئەو دەستخەتە بە دانراوی مەولەویی تاوگۆزیی دانراوە.. باسەکەم کەمێك بەلاوە جێگەی سەرنج بوو.

جا لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لە گۆڤاری (هەزارمێرد) پڕ تیراژترە و، خەڵکێکی زۆر ئەم بابەتەیان خوێندۆتەوە و، ڕادیۆی یەکگرتوویش بابەتەکەی لە ئینتەرنێتەوە وەرگرتووە و، چەند جار خوێندوویەتیەوە و، تا ئەندازێك خوێنەران و گوێگران ورووژێنراون و، لەوانەیشە هەر لەم چاوەوە کار بۆ ئەم بەرهەمە بکرێت.. بە پێویستم زانی– تا وتارەکەی هەزارمێرد بڵاو دەبێتەوە– چەند تێبینییەك لەسەر ئەم بابەتە بخەمە بەردەستی خوێنەران:

### باسێکی دەستخەتەکە

بە داخەوە ئەم دەستخەتە لە هەردوو سەرەوە ناتەواوە و، بەمەیش زیانێکی گەلێ گەورە لە مێژووی ناوداران و زانایان و کەلەپووری ئەدەبی کوردیی کەوتووە.

لە سەرەتاکەیەوە، جگە لە پێشەکییەکەی– کە درێژی و کورتییەکەی نازانین– پیتی ئەلف و بەشێکی پیتی بێشی کەوتووە. ئەوەی ئێستە ماوە (٦٨٧) لاپەڕەیە.

دانراوەکە فەرهەنگێکی (عەرەبی– فارسی)یە، مەولەویی لە کارەکەیدا شوێنپێی (ابو نصری فراهی) لە (نصاب الصبیان)ەکەیدا هەڵگرتووە. بەڵام ئەم کارەکەی فراوانتر

(١) وتارەکەی ناردوومە بۆ گۆڤاری هەزار مێرد و بەهیوام لەم ژمارەدا کە ئێستە لە ژێر چاپدایە بڵاوببێتەوە.. بەناونیشانی (مەولەویی یەکەم .. مەولەویی دووەم)ە.

کردووه و، چەند ئەوەندەی دانراوەکەی ئەوی لێ زیاد کردووه. ئەمیش وەك ئەو لە زیاتر لە بەحرێك لە بەحرەکانی (عەرووض) وەك بەحرەکانی: (رمل) و (هزج) و (خفیف) و (متقارب) سوودی وەرگرتووە. دەستخەتەکە خۆشخوێنە و، گومان بۆ ئەوە دەچێت دەستخەتی مامۆستا مەولەویی خۆی بێت.

لە پێشدا لەسەر یەك دوو خاڵی وتارەکەی (ئاوێنە) دەدوێم و دەڵێم:

**یەکەم**: کە دەڵێ: (ئەم بەرهەمە تازەیە پتر لە ٧٠٠ لاپەڕەیە و بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و کوردییەکی تێکەڵ بەو دوو زمانە...).

من دەڵێم: دەستخەتەکە بە زمانی کوردیی هیچی تێدا نییە و، کەمتر لە (٧٠٠) لاپەڕەیە و، لاپەڕەکانی ژمارەیان بەسەرەوە نەبوو، ئێمە لە ماڵی مامۆستا مەدەنی فەڕ لە ڕێگەی خزمێکی ئەوەوە، ژمارەمان خستە سەر لاپەڕەکان و، تێکڕاکەی (٦٧٨) لاپەڕەیە.

**دووەم**: کە دەڵێ (چەندین لاپەڕەیشی لەسەر فەلسەفە و تەسەوف و ژیربێژی تێدایە..)

منیش دەڵێم: بابەتی کتێبەکە سەرجەم فەرهەنگ و قامووسە و، مەگەر موفرەداتی ئەو بابەتانەی تێ کەوتبێت.

**سێیەم**: کە دەڵێ: (ئەم بەرهەمە بڵاونەکراوەیەی مەولەویش تێکەڵەیەکە لە هەمان ئەو بابەتانەی کە لە بەرهەمە شیعرییەکانی تریدا ڕەنگی داوەتەوە و ئەو لە نێو تاوێرەکانی...)

منیش دەڵێم: ئەم قسەیش لەوەوە هاتووە کە بەوردیی ناوەرۆکی فەرهەنگەکەیان هەڵنەسەنگاندووە، ئەگینا نە تێکەڵەو، نە شیعری تازەی مەولەویی لەو فەرهەنگەدا ناخوێنرێتەوە.

**چوارەم**: کە دەڵێ: (مەولەویی لە کۆتایی کتێبەکەیدا ناوی خۆی بردووە و باس لەوە دەکات کە ڕەنگە...)

منیش دەڵێم: ئەم قسە یەکێکە لەو بەڵگانەی کە دەری دەخەن کە دانراوی مەولەویی تاوگۆزیی نییە؛ چونکە لە هەموو بەرهەمەکانی تاوگۆزییدا ئەوە نابینین بە خۆی بڵێت (مەولەویی) تەنیا (مەعدوومی) بەکاردەهێنێت، بەڵام لە دەستخەتەکەدا دەڵێ:

**ابا او جاهلان نخونند بقـه قـه**

**بگویند (مولوی) نثرش کنی خه!**

**پێنجەم:** کە دەڵێ: (... مەولەویی لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا ئەم بەرهەمەی نووسیوە و بە مەبەستی بڵاوکردنەوە...)

منیش دەڵێم: هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە کە مەولەویی لەو تەمەنەدا ئەو کتێبەی نووسیبێت و، بەڵکو بەڵگەی پێچەوانەی لە قەڵەمی خودی دانەرەکەوە ئاشکرایە، وەك دەڵێت:

**نخست از عمر کردم عمر تزییف**
**در آخر عمر کردم عزم تصـنیف**

خۆ ئاشکرایشە مەولەویی تەمەنی ٤١ساڵە و دوای ئەوەیش کۆتایی تەمەنی نەبووە و نزیکی هەشتا ساڵ ژیاوە.

شەشەم: ئەگەر مەبەست لەو قسەیش کە گوتراوە: «لەبەرئەوەی کە نەبووەتە دەستەگوڵی ئەوان دەبیستم لەملا و لا خەریکی گومان دروست کردنن» من بێت ئەوا دەڵێم: لە سەرجەمی نووسینەوە ئەدەبییەکانمدا بایەخێکی باشم بە شیعری مەولەویی داوە و، گەلێ چەپکە گوڵی ڕەنگینم خستوەتە سەر گوڵزاری هەمیشە ڕەنگینی مەولەویی و، ئەو کەسەی بە بەرهەمەکانمدا بگەڕێت گەلێ جار بە بۆن و بەرامەی چەپکە گوڵی ڕەنگینی مەولەویی چاو و لووت و مێشکی زاخاو دەدرێتەوە و، هەر بۆ نموونە (شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەویی [٢]دا) یەکێکە لەو چەپکە گوڵانە و، عەقیدەی مەولەویش کە جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٧ لە کۆڕی زانیاریی کورد و جاری دووەم بە لێکۆڵینەوەیەکی نوێوە ساڵی ١٩٩٣ لە ژمارە ١٣٠ی ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوبوەوە. جێگەی شانازیشمە کە تاکە نوسخەی نایابی دەستخەتی هۆنراوەی (فوائح)ی مەولەویی، کە بەختی مەولەویی خۆیەتی، لە ڕێگەی منەوە دۆزرایەوە و، من بووم کتێبی (فوائد الفوائح)م پێ ڕازاندەوە، ئەگەر ئەم باسەیش من کردوومە و دەیکەم (گومان دروستکردن) بێت، با خوێنەری بەڕێز کەمێك لەتەك مندا بە باسەکەدا بچێتەوە.

من دەڵێم: ئەو بەرهەمەی مەولەویی یەکەم کە بە بەرهەمی مەولەویی- مەعدووم- دانراوە بە لای کەمییەوە چوار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەعدووم- بە پێی ئەو مێژووەی ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویەتی کە (١٢٢١)هـ-[٣] نووسراوەتەوە. بەڵگەی ڕوونی ئەم ڕاستییەش لە خودی دەستخەتەکە وەردەگرم.

(٢) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەویدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

(٣) بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مدرس، دیوانی مەولەویی، (و) چاپی سنە (١٣٧٨)ی هەتاویی.

مامۆستا مەولەویی یەکەم دەربارەی مێژووی دانانی کتێبەکەی دەنووسێ:

**ازو یابد کلام زیب وزینت**

**زمان ختم این نسخه (غریز) است**

**(غزیر) ایضا که بر مردم عزیزاست**

مامۆستا هەر خۆی لە پاڵ بەیتەکەدا نووسیویە (١٢١٧) مەبەستیش لە (غریز) و (غریز) هەر بە حسابی ئەبجەد ساڵی (١٢١٧)ەیە، بەم شێوەیە: (غ١٠٠٠ + ر ٢٠٠ +ی ١٠ + ر٧= ١٢١٧).

وەك لە وتارەکەی ئاوێنەدا هاتووە دەستخەتەکە بە خەتی مەولەوییە، بەڵێ منیش دەڵێم: دەستخەتی مەولەوییە، بەڵام مەولەویی یەکەم نەك مەولەویی دووەم.

خۆشبەختانە وەك وتم- دەستخەتی مەعدوومەمان لە دەستدایە و، بە بەراوردکردنی لە تەك دەستخەتی بەرهەمە (٧٠٠) لاپەڕەییەکەدا، کە دانەرەکەی ناوی ناوە (ترجمة المنظومة) ڕوون دەبێتەوە کە دانراوی مەعدووم نییە.

هەروەها جۆر و تەمەنی مەرەکەب و کاغەزیش کە (ترجمة المنظومة)کەی خۆی پێشکەش بە (أمان اللە خان)ی کوڕی خوسرەو خانی والیی ئەردەڵان کردووە و، لێکدانەوەی ئەم مێژووەیش بەڵگەیەکی ڕوونی دیکەیە کە بۆ مەولەویی یەکەم دەشێ نەك دووەم. با هەر لە قەڵەمی مەولەویی یەکەم خۆیەوە مەبەستی ئەم لایەنەیش وەرگرین:

**چو (خسرو) رفت بر جایش، سه فرزند**

**بجا مانده شده، هر سه برومند**

**ز فضل حق یکیشان شد سرآمد**

**بجای باب وجدی خود بر آمد**

**(امان اللە) حق داده امانش**

**ز لطف خویش کرده کامرانش**

**(امان اللە) یارب در امان باد**

**مصون ز آفت مکر زمان باد**

**(امان اللە) یارب در زمانه**

**بماند کامران و شادمانه**

**کــه بــعــد از رحــلت مــغــفــور (خسرو)**

**بشد بــــاز اردلان زۆ تــــازه و نـــــو**

هەر لە ڕووی ئەو دەستخەتەوە کە باسی دەکەین چەندین بەڵگە دەست دەخەین لەسەر ئەوەی کە فرێ بەسەر مەولەویی تاوگۆزییەوە نییە. یەکێکی دی لەو بەڵگانە ئەوەیە لە مێژووی ژیانی مەولەویدا نەمانبیستووە لە شاری سنەدا مامۆستا و مودەڕیس بووبێت، وەك نەمانبیستووە دوا دوایی تەمەنی لەوێ بە نەداریی و نەبوونیی بەسەر بردبێت و، داوای ماڵ و پارەی زۆر بە ڕوونی ڕەنگ دەدەنەوە و، بۆ نموونە با پێکەوە ئەم بەیتانە بخوێنینەوە:

**چه گویم تا مرا چندی بدی غم؟**
**غمم بر غم بدی هم بر سری هم!**
**ز یکسو فکر برگ و جستن نان**
**ز یکسو فکر درس و ورد و قرآن**
**ز یــکسو درد اهــل نــامــوافــق**
**زیــکسو غــصهٔ یــار مــنــافــق**
**زیــکسو فــرقت ازیــاران واخــوان**
**زیکسو رنج جار و طعن نسوان**

لە شوێنێکی دیدا دەڵێ:

**بــفــضلك یــا امــیــر انــظــر بــحــالــی**
**ولــو لــم تــنــظــر ای والــی فــوالــی**
**بــبین در (اردلان) جــائــی نــدارم**
**کــه از لــطــفت بــود جــای قــرارم**
**بود صد حیف از عدلت که چون من**
**نــدارد ز (اردلان) جــای نشیــمــن**

**دوا بەڵگە:**

من ئەم بەڵگانەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە خوێنەری ئازیز هیچ گومانێکی لە باسەکە نەمێنێ و، بە دوودڵییەوە لە خوێندنەوەی وتارەکە نەبێتەوە، ئەگینا بە لێکدانەوەی یەك وتەی ناو وتارەکەی (ئاوێنە) ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت و گومان لەوەدا نامێنێت کە دانراوی مەولەویی تاوگۆزیی نییە، چونکە لە وتارەکەدا نووسراوە کە (مەولەویی بەر لە ١٦٤ ساڵ و لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا ئەم بەرهەمەی نووسیوە و...)

مەولەویی وەك وتمان ساڵی ١٢٢١ لە دایك بووە، دەبێ لە ساڵی ١٢٦٢دا تەمەنی ٤١ ساڵ بوو‌بێت، گومانیشمان لەوەدا نەهێشت کە ئەم دەستخەتە ساڵی (١٢١٧) نووسراوەتەوە، واتە دەکاتە ٤٥ ساڵ پێش ئەو مێژووەی کە لە ڕۆژنامەکەدا دیاریی کراوە.

**وتەیەك:**

کە لێرەدا ئەم تێبینییانەم دەربارەی ئەم کتێبە نووسیی مەبەستم پشت ساردکردنەوە نییە و، نامەوێ بڵێم: بەوەی کە ئەو کتێبە دانراوی مەولەوییی– مەعدوومی– نییە ئیتر دەبێ پشتگوێ بخرێت و، شیاوی چاپ و بڵاوکردنەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەوەی کە دانراوی مامۆستایەکی مەزنی کوردە و، بە دانراوەکەیشی فارسی بێت، کارەکەی ئامێتەی سۆزێکی کوردانەیە و، ئەو ستایشکردنەی بۆ میری ئەردەڵان و، ئەو پیاهەڵدانەی بە (أمان الله) خان و (خسرو) خانی باوکیدا بەسە بۆ ئەوەی کارێك بۆ بەرهەمەکەی بکرێت و، فەرهەنگەکەی وەك بەرهەمی زانایەکی مەزن و نەناسێنراو و لەبیرکراوی کورد چاپ و بڵاوبکرێتەوە و، سووچێکی کتێبخانەی پێ پڕ بکرێتەوە.

کە دەڵێم: پیاهەڵدان مەبەست پیاهەڵدانێکی بی جێگە و ڕێگە نییە، بەڵکو مەبەست پیاهەڵدانێکی شیاو و جێگەی خۆیەتی، وە هەر لەو سەفەرەی ئێراندا ڕێگەم لە شاکارێکی مامۆستای مەزنی کورد (مەلا خدری رواریی) کەوت کە بریتییە لە کتێبی (القاموس المحیط) کە مامۆستای رواریی نووسیویەتییەوە بەخەت و شێوەیەکی کەموێنە، ئەو مامۆستایش وەك مەولەوییی یەکەم بە شێوەیەکی گەلێ باڵاو ڕەسا بەشان و باڵی (أمان الله) خاندا هەڵدەدات و، باسی ئەوە دەکات لە سەروبەری ئەودا وڵات ئاسوودە و، خەڵك کامەران و، زانایان لە ژیانی باش و گەشەپێدانی ڕۆشنبیریدا و، هەرکەس لە بواری پێشخستنی وڵاتدا سەرگەرمی پێویستی سەرشانی خۆیەتی.

**پەڕاویزێك:**

کە باس باسی بەرهەمی مەولەویی و شوێنەواریەتی لە ئێراندا، وا بەباش دەزانم بەسەر هەلدا نەڕۆم و ئەڵقەیەکی نەزانراوی ژیانی مەولەویی مەعدوومیی بخەمە ڕوو.

هەر لەو سەفەرەی ئێرانمدا لە شاری سنە سەرم لە کتێبخانەی شارەوانیی سنە دا و، هەواڵی دەستخەتم پرسی، بەرپرسی کتێبخانەکە -ماڵی ئاوا بێت- وتی: هەندێ دەستخەتمان لە لایە.

کە دەستخەتەکانی پیشان دام بینیم پاشماوەی یان دەستخەتەکانی کتێبخانەی خوالێخۆشبوو ئاغای حەمدیی - خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدولکەریم- ن. دەستخەتەکان بە زۆریی بەرهەمی زانایانی کورد و شوێنەواری مەلایانی کوردستانن.

یەکێکیان دەستخەتە نایابەکەی (القاموس المحیط)ی نووسراوەی دەستی مامۆستا مەلا خدرە، وەك باسم کرد و، لە شوێنی دیشدا بە درێژی لە سەریم نووسیوە. لەناو ئەو دەستخەتانەدا دەستخەتێکم بینی سێ دانراوی تێدایە بەم جۆرە:

یەکەم: (أیها الولد)ی ئیمامی غەزالی.

دووەم: (الأنوار الساطعة في شرح الفریدة الجامعة في العقائد النافعة) دانراوی صاڵحی کوڕی صدیقی نمازیی.

سێیەم: (شرح قصیدة بردة المدیح).

ئەم دەستخەتە مامۆستا عەبدوڕەحیمی مەولەویی، کاتێ ساڵی ١٢٤٨ لە شاری سنە فەقێ بووە، بۆ مامۆستا مەلا محەمەدی مینبەریی نووسیوەتەوە، ئەم دەستخەتە بە ژمارە (٣٢) پارێزراوە.

ئەم مێژووی فەقێیەتییەی مەولەویی لە شاری سنەدا لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس نەکراوە و، بەڵکو لەمەولایش شتی دی بدۆزێتەوە و، ژیانی مەولەویی باشتر و ڕوونتر بنووسرێتەوە.

هەر لەناو ئەو دەستخەتانەدا دەستخەتی ژمارە (١٠)یش دوو دانراوی مەولەویی تێدایە، بەم شێوەیە:

یەکەم: الفضیلة.

دووەم: الفوایح.

ئـەم دەستـخـەتـەیش مـامـۆستـا نـەقشبـەنـدیـی ساڵـی (١٣١٩) بـەخـەتـێکـی جـوان نووسیویەتیەوە.

تـێکـڕای ئـەم دەستـخـەتـانـە (٣٦) دەستـخـەت زیـاترن و بـەشێکیـان بـە خـەتـی ئـاغـای حەمدیی خۆی نووسراونەتەوە کە خەتێکی زۆر خۆشی هـەبووە، بەشێکیشیان فەقێ و هـاوەڵانی بۆیان نووسیوەتەوە، بەشەکەی دیشی بە کڕین یان بەخشینی کەوتوونەتە لای و، ئـەم دەستـخـەتـانـە بـەشێکـی دیـن لـە شوێنـەواری زانـایـانـی کـورد و، لاپـەڕەیـەکـی پڕشنگداری مێژووی شارراوەی دانراو و بەرهەمی مەلایانی کورد دەگێڕنەوە.

## مەولەویی یەکەم(*) - مەولەویی دووەم

### ٥١٠

چەند جار ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە زیاتر لە دوو شاعیر یەك نازناویان بەکار هێناوەو، گەلێ جاریش نازناوی شاعیری وام دۆزیوەتەوە کە شاعیرێکی دی باسی کردووە جێگەی سەرسامیی و سەرسوڕمانی خوێنەر بووە. بۆ نموونە کە شێخ محەمەدی دۆلاشیی ناسراو بـە (قـانـیـع) یـەکـەم کـەس نـەبـووە نـازنـاوی قـانـیـعـی بـەکـارهـێـنـاوەو، شاعیرێکـی دیـکـەم دۆزییەوە کە نازانم ناوی چی بووە پتر لە ١٠٠ صەد ساڵ پێش ئەم قانیعە ئەو – ئەو نازناوەی بەکارهێناوە. دیارە ئەم باسەیش لێرەدا کۆتایی نایێت و، ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبات و، ڕەنگە چەندین نموونەی دیکە بدۆزرێتەوە. نازناوی (مەولەویی) لەناو شاعیرانی غەیری کوردا زۆرە و زیاتر لەیەك کەس ئەو نازناوەی بەکار هێناوە. بەڵام لەناو شاعیرانی کوردا تەنها مامۆستا مەلا عەبدوڕەحیمی تاوگۆزیی بەو ناوە ناسراوەو کەسی دیمان نەناسیوە ئەو نازناوەی بەکار هێنابێت. لەم ماوەدا بۆ سەردانی هەژدەمین نمایشگای

(*) وەك لە باسەکەدا هاتووە دوای گەڕانەوەم لە نمایشگای تاران ئەم بابەتەم نووسیی و ناردم بۆ گۆڤاری هەزارمێرد، بەڵام بابەتەکە لەوێ دواکەوت و تەنگ و چەڵەمەی هاتە ڕێ و تا ئێستەیش هەر بڵاو نەبووەتەوە. لەو ماوەدا سەیید موحسینی تاوگۆزیی بابەتێکی لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا نووسیی و خاوەنیەتی ئەم کتێبەی دایە پاڵ مامۆستا عەبدوڕەحیمی مەولەویی، منیش بۆ ئەوەی چەواشەکاریی دروست نەبێت و ڕاستیی نەشێوێت، بە بابەتێك بە ناونیشانی «منیش دەربارەی بەرهەمە ٧٠٠ لاپەڕەییەکەی مەولەویی قسەم هەیە» وەڵامی نووسراوەکەی سەیید موحسینم دایەوە.

ئەم بابەتەیش کە بڵاو نەبووەوە لە ناوەڕۆکدا لەو بابەتەی دی دەچێت، بەڵام جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە و، هەندێ شت لێرە هەیە لەوێ نییە، بۆ ئەوەی ئەمیش سوودی خۆی ببەخشێت لەم دەرفەتەدا بڵاوی دەکەمەوە.

کتێبی تاران بەرەو ئەو وڵاتە ڕێکەوتم و، بەسەر سنەدا ڕۆیشتم . لەو شارەدا کە وا باوە جێگەی کەلەپووری کوردییەو، کارەساتی خانومان سووتێنی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووەو، وا چاوەڕوان دەکرێت شوێنەواری گەلێك لە مامۆستایانی کوردی تێدا پارێزرابێت.. بە چاوساغیی مامۆستا مەلا صاڵحی شێخی ویستم سەردانی چەند شوێنێك بکەم. تەنها بۆ سەردانی مامۆستا مەلا حسەینی گورجیی دەرفەتم دەستکەوت. ویستم سەردانی مامۆستا حسامەدینی موجتەهیدیی ئیمام جومعەی شاری سنە بکەم، بەتایبەتیی کە ئەیانوت فەرهەنگی (نصاب الصبیان)ی دانراوی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحیمی مەولەویی دەست دەکەوێت، بەڵام بە داخەوە نەگونجا و، نەمتوانی بە خزمەتی بگەم، بەتایبەتیی لە بەر کورتیی کات و ماوەی مانەوەم لەو شارەدا. شارم بەجێهێشت، بەهیوای ئەوەی لە هەلێکی دیدا شوێن ئەو مەبەستە بکەوم و، بەدیتنی ئەو بەرهەمە نەوازەو نەناسراوەی مەولەویی چاوم ڕوون ببێتەوە.

لە تاران بە دیداری مامۆستا شێخ عومەری مەدەنی فەرِ شاد بووم. کە مامۆستایەکی زاناو شارەزاو قسە خۆش و ئەدەب دۆست و حازر بە دەست و بیرتیژو پڕ بیرەوەرییە، بەڵکو دەبێ بڵێین: گەنجینەیەکی پڕ لە بیرەوەرییەکانی مێژووی کوردستان و، ئاگادار لە بەسەرهاتی زانا و ناوداران و، زانا بە ناو و بۆنەو بەسەرهات و هۆی ناونان و ڕووداوەکانی ناوچەکانی کوردستان و، بەتایبەتیی مەریوان و دەوروبەریەتی، کە لە خزمەتیدا بەو شوێنانەدا دەگەڕێیت و، بەلای چیاو بەندەن و دەربەن و هەورازو نشێوو دۆڵ و شیودا دەڕۆیت، لە هەر یەکەیان بەسەرهات و ڕووداوگەلی نەزانراو و تۆمار نەکراوت دەدا بەگوێداو، دەڵێی سنگی تۆمارگەیەکی کۆنی لەخشە لێ نەکەوتووی ئەو ناوچەیە. ماوەیەکی بەپێزو پڕ پیت و بەرەکەت لە خزمەتی ئەم مامۆستادا بووم و، سوودی زۆرم لە بیرەوەرییەکانی وەرگرت و، گەلێ باس و خواست هاتنە ناو قسە و دانیشتنەکانمان. یەکێك لەو باسانە باسی مەولەوی و بەرهەمەکانی بوو، تا قسە سەری کێشا بۆ لای ئەو بەرهەمەی کە بە ناوی (نصاب مەولەوی) ناوبانگی دەرکردبوو. مامۆستا شێخ عومەر فەرمووی: ئەو بەرهەمە لە لای منەو، بڕیار وابوو مامۆستا عەبدوڕەحمانی یەعقووبیی خاوەنی( نەشری ئیحسان) ئەو کتێبە چاپ و بڵاو بکاتەوە، بەڵام هەندێ ساردە لە عاستی ئەو کارەدا.

لەتەك مامۆستای یەعقووبیدا دانیشتم و گەلێ هانم دا و، سوورم کرد لەسەر ئەوە کە ئەو کارە کارێکی گەورەو پیرۆز و پێویستەو، دەبێ هەتا زووترە ئەنجام بدرێت.

ماموستای یەعقووبیش راکەی پەسەند کردم و، هاتە سەر ئەوە لە زووترین کاتدا تیایدا دەستبەکار ببێت.

تائێستە و ئێرە لەسەر بڕوای ئەوان و ئەوەی وا باو بوو کە ئەو دانراوە دانراوی ماموستا مەلا عەبدوڕەحیمی(مەعدوومی مەولەویی)یە. بەڵام کە هاتمەوە سلێمانیی و چەند لاپەڕەی وێنەی دەستخەتەکەم ئەمدیو و ئەودیو کردو، بە شێنەیی سەرنجی ناوەرۆك و زانیارییەکانی ناویم دا، شتێکی نەزانراو و نەبیستراوم دۆزییەوە، ئەویش ئەوە بوو کە دوو (مەولەویی)مان هەیە. ماموستا عەبدوڕەحیم مەولەویی دووەمەو، خاوەنی ئەم دانراوەی کە باسی دەکەین مەولەویی یەکەمە، بە بەڵگەی چەند زانیاریی کە لە خودی دەستخەتەکە وەردەگیرێن، لەوانە:

یەکەم: ماموستا مەولەویی دەفەرموێ: ساڵی ١٢١٧ لە تەمەنی پیرییدا ئەم کتێبەم داناوە. بۆ چەسپاندنی ئەم مەبەستەیش بەیتێکی نووسیوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**زمانی ختم این نسخه (غریز) است**

**(غزیر) أیضا که بر مردم عزیز است**

لە سەروژێری وشەکانی (غریز)و (غزیر)یشدا بە ژمارە (١٢١٧)ی بۆ حسابی (ئەبجەد)ی پیتەکان داناوە.

دووەم: دەڵێ کتێبەکەم پێشکەش کردووە بە یەکێك لە سێ کوڕەکەی خوسرەوخانی والی ئەردەڵان کە( أمان الله خان) بووەو، دوای کۆچی دوایی ئەم بووە بە جێگەداری. دیاریشە کە ئەم رووداوە دوای ساڵی ١٢٠٠ی کۆچیی بووە.

سێیەم: ماموستا مەولەویی لە دانراوەکەیدا گلەیی لە ماموستا شێخ محەمەد قەسیم دەکات. لەناو زانایانی بنەماڵەی سنەییدا بەلای کەمەوە سێ شێخ محەمەد قەسیم هەیە، ئەوەی ماموستا مەولەویی گلەیی لێ دەکات، دەبێ سێیەمیان بێت کە ساڵی ١٢٠٩و دوای ئەو ساڵە لە جیهاندا بووە.

چوارەم: ماموستا مەولەویی کە باسی خۆی و دانراوەکەی دەکات دەڵێ: لە سەردەمی پیریدا دایناوە و، ساڵی دانانەکەیشی ١٢١٧بووە. بە پێی ئەم بەڵگانە ناگونجێ ئەم ماموستا مەولەوییە ماموستا مەلا عەبدوڕەحیمی مەولەویی بێت و، دەبێ ئەم مەولەویی یەکەم بێت و، ماموستا مەلا عەبدوڕەحیم مەولەویی دووەم بێت. جا ئەم ماموستا مەولەویی یەکەمە کە تا ئێستا هیچیی دەربارە نەزانراوە و، ئەمە یەکەم جارە بانگی

دەدرێ بە گوێی مێژووی ئەدەبی کوردیداو، هیچ سەرچاوەیەکمان لە بارەیەوە لە دەستدا نییە، دەبێ چی لەم دانراوەی باشتر بێت بۆ تیشك خستنە سەر چەند روویەکی ژیانی؟

**مەولەوی و دەستخەتەکەی:**

بەداخەوە ئەم دەستخەتە لە هەردوو سەرەوە ناتەواوەو بەمەیش زیانێکی گەلێ گەورە لە مێژووی ناوداران و زانایان و کەلەپووری کوردیی کەوتووە. لە سەرەتاکەیەوە جگە لە پێشەکییەکەی- کە درێژیی و کورتییەکەی نازانین- بەشێکی پیتی (بێ) و پیتی (الف)یشی کەوتووە، ئەوەی ئێستە ماوە (٦٧٨) لاپەڕەیە.

دانراوەکە فەرهەنگێکی (عەرەبیی فارسیی)یە مامۆستا مەولەویی لەم کارەیدا شوێنپێی (ابو نصری فراهی) لە (نصاب الصبیان)ەکەیدا هەڵگرتووە، بەڵام ئەم کارەکەی فراوانتر کردووە و، چەند ئەوەندەی دانراوەکەی ئەوی لێ زیاد کردووە. ئەمیش وەك ئەو لە زیاتر لە بەحرێك لە بەحرەکانی (عەرووض) سوودی وەرگرتووە وەك بەحرەکانی: (رەمل) و (هەزەج) و (خەفیف) و (متقارب). دەستخەتەکەی خۆشخوێنەو، گومانم بۆ ئەوە دەچێت دەستخەتی مامۆستا مەولەویی خۆی بێت و، لەو بەشەی دەستخەتەکە کە ماوە، ئەڵبەتە لە کۆتاییيەوە سوود وەردەگرین و وردە وردە لەتەك بەیتەکانی دەڕۆین: لەکۆتایی ئەم دانراوەدا گەلێ بە شان و باڵی میری ئەردەڵان (امان الله خان)دا هەڵدەدات و باسی ئەوە دەکات کە لە کۆتایی تەمەنیدا ئەم کتێبەی داناوە و، رەنجی زۆری تێدا داوە و بۆ منداڵی داناوە و، ناوی ناوە (ترجمە المنظومة)و، داوا لە خوێنەران دەکات کە بەیتەکان باش بخوێننەوە و، ئەگەر هەڵەیان تێدا دی چاکی بکەن و، ئەگەر نەیانکرد چاوپۆشیی لێ بکەن، چونکە لە کاتی نەبوونیی و بێ دەرامەتیی و هەژارییدا کارەکەی کردووەو، نەیتوانیوە سەرلەنوێ پاکنووسی بکاتەوەو هەڵەگیریی بکات و پوختی بکات.

لەبەر ئەوەی ئەم نوسخە تاکە نوسخەی ئەم کتێبەیە -ئێستە- لە دەستدا بێت و، ئەمە یەکەم جاریشە ئەم مامۆستایە بەمێژووی ئەدەب و زانیاریی کورد دەناسێنرێت، وا بەباش دەزانم ئەو بەشەی لە کۆتایی کتێبەکە ماوە، وەك خۆی و، چۆن بۆم ساغ دەکرێتەوە لێرەدا تۆماری بکەم، بە هیوای ئەوەی رۆژێك بێت زانیاریی زیاترمان دەربارەی ئەم مامۆستاو، ئەم بەرهەمەی و، بەرهەم و دانراوی دیکەی، ئەگەر هەبێت، و سەردەم و مامۆستاو قوتابیی و هاوەڵانی... دەست بکەوێت.

اگر گویم نمی دانی برنجد ‌‌ ‌ ‌ ‌ ‌ وگر گویم تو موزون خوان نسنجد
جدا این وصف آن و یار است ‌ ‌ ‌ ‌ وگرنه من بدینسانم چه کار است
از ایشان بگذر اصلاً نیست باکم ‌ ‌ ‌ ‌ ولی از شیخ بی حد دردناکم
سقیم از گفتهای شیخ قسیم ‌ ‌ ‌ ‌ زبی لطفی او دل پر ز بیم
بد گر نیک گو بد نیک را بد ‌ ‌ ‌ ‌ بود مقبول گر دیده سر آمد
و را خدمت نمودم اندر آخر ‌ ‌ ‌ ‌ ز قول بد بد از من گشت ظاهر
بدنبال مهر من اندر دل وی ‌ ‌ ‌ ‌ جز ایزد کی نشاند کی بود کی
خدایا ده کلامم را رواجی ‌ ‌ ‌ ‌ بوی هر کس بجوید آشنای
خصوصاً نزد شیخ پاک طینت ‌ ‌ ‌ ‌ از و یابد کلامم زیب و زینت
عزیزا عاجزم از قول مردم ‌ ‌ ‌ ‌ ز فکرت خویشتن را گزده ام گم
که بعضی کس چو این تألیف خواند ‌ ‌ ‌ ‌ ز کج خوانی بمن طعنه رساند
جدا گمند ندانم از ندانم ‌ ‌ ‌ ‌ ز کس خویش می دانند دانم
نبیند تا که کردم جمع تألیف ‌ ‌ ‌ ‌ بسی کردم دل و خود عمر ضعیف
چگویم تا مرا چندی بدی غم ‌ ‌ ‌ ‌ غمم بر غم بدی ماهم برس ری یم
نیکسو فکر برگ و جستن نان ‌ ‌ ‌ ‌ زیکسو فکر درس و ورد قرآن
زیکسو

زمان ختم این نسخی عزیز سنه ۱۲۱۸
ختم نسخه ایضاً که بر مردم عزیز سنه ۱۲۱۸

## خاتمه الکتاب بالخیر والصواب

لك الحمد علی ختم الکلام
صلاة اللهْ علی خیر الانام
علی آلهْ وصحبهْ أجمعینا
وتابع تابعین التابعینا
له المنه که از لطف خداوند
رسید آخر چنین تالیف دل بند
له المنه که از فضل الهی
رسید آخر بهر خواهی نخواهی
نخست از عمر کردم عمر تزییف
د رآخر عمر کردم عزم تصنیف
چو الفاظ عرب بس خوش عجیب است
عجم بعضی ازو دان بی نصیب است
بگفتم: در لغة سازم کتابی
عجم کردند ازو مر بهره یابی
یکی تألیف کردم بهر ایشان
اگر چه دل حزین بودم پریشان
بنظم آوردمش تا سهل و آسان
بود از بهر حفظ و طبع صبیان
کتابیست اندرو بس رنج بردم
بترتیب هجایش جمع کردم
بفضل ایزدی کردم تمامش
نهادم (ترجمة المنظومة) نامش
دری آمیخته با لفظ تازی
ز فکرت خوان تو اورا نیست بازی
چه خوش تألیف اما یك طرق نیست
همه ابواب او بریك نسق نسیت

چو نظم هر کتابش نسیت یکسان
تأمل کن نباشد سهل و آسان
ز کتب معتبر گردیده منقول
تفکر کن درو ای مرد معقول
نه بهر فخر گفتم گر بدانی
رجا دارم یك الحمدی بخوانی
تو این نسخه نخوانی بی تأمل
چنان سهل است ظاهر نیز مشکل
بود امیدم ای دانای عاقل
بدین تألیف اگر کردی تأمل
ز لفظ یا معنی ار بینی خطایی
نسازی ظاهرش از خود نمایی
نخست از لطف در اصلاح کوشی
وگر اصلاح ننمایی بپوشی
کسی بی عیب نبود جز خداوند
که بی عیب است و بی مثل است و مانند
کلام ایزدی دان هست بی عیب
جز او بی عیب نی بی شك و بی ریب
غرض معنی است ای دانای کامل
بجونه همچو حاسد از تجاهل
بعمدا شعرها را کج بخواند
تبسم بکند و طعنه رساند
ابا او جاهلان نخونند بقه‌قه
بگویند (مولوی) نثرش کنی خه(!)
اگر گویم نمی دانی برنجد
وگر گویم تو موزون خوان نسنجد

حسد آیین و وصف آن دیاراست
وگرنه من بدیشانم چه کار است؟
ازیشان بگذر اصلا نیست باکم
ولی از شیخ بی حد دردناکم
سقیم از گفتهای شیخ (قسیم)م
ز بی لطفی او دل پر ز بیمم
ببدگر نیك گوید نیك را بد
بود مقبول گردیده سر آمد
ورا خدمت نمودم اندر آخر
ز قول بد بد از من گشت ظاهر
نهال (!) مهر من اندر دل وی
جز ایزد کی نشاند کی بود کی؟
خدایا ده کلامم را روایی
بوی هرکس بجوید آشنای
خصوصا نزد و شیخ پاك طینت
ازو یابد کلامم زیب و زینت
زمان ختم این نسخه(غریز) است

۱۲۱۷

(غزیر) ایضا که بر مردم عزیز است
عزیزم ... عاجزم از قول مردم
ز فکرت خویشتن را کرده ام کم
که بعضی کس چو این تألیف خواند
ز کج خوانی بمن طعنه رساند
جدا نکند ندانم از ندانم
ز کسر خویش می داند ندانم
نبیند تاکه کردم جمع تألیف

بسی کردم درو خود عمر تزیف

چه گویم تا مرا چندی بدی غم

غمم بر غم بدی هم بر سری هم

ز یکسو فکر برگ و جستن نان

ز یکسو فکر درس و ورد و قرآن

ز یکسو درد أهل ناموافق

ز یکسو غصة یار منافق

ز یکسو فرقت از یاران و اخوان

ز یکسو رنج جارو طعن نسوان

ز یکسو کینهء نفس خسیسم

ز یکسو درد سر بود از رئیسم

غرض... با عجز بسیار این نوشتم

چه حاصل زانکه بی تصحیح هشتم

اگر توفیق باشد از خداوند

نمایم دورش از لحن ای خرد مند

یکی نسخه نویسم از سر نو

برم تحفه... پی فرزند خسرو

دعاء للأمیر صاحب البر والاحسان امان الله خان بن المرحوم خسرو خان

عزیزا زین سپس کن مدح والی

دعای دولت و عمرش توالی

چو (خسرو) رفت بر جایش سه فرزند

بجا مانده شده هر سه برومند

ز فضل حق یکیشان شد سرآمد

بجای باب و جدی خود بر آمد

(امان الله) حق داده امانش

ز لطف خویش کرده کامرانش

(امــان الــلــه) يــارب در امــان بــاد
مـــصون از آفت     مـكـر زمـان بـاد
(امــان الــلــه) يــارب در زمـــانـــه
بمانــد كـــامـــران و شادمـــانـــه
كـه بـعـد از رحـلت مـغـفـور (خسرو)
بشد بـــاز اردلان زۆ تـــازه‌و نـــو
ز عـــدل او ۆ از لـــطـــف الـــهـــی
نموده ظـــلـــم رو انـــدر تـــبـــاهـــی
ز عـدل أو ستـم رو بـر عـدم كـرد
ستـمـگـر در جـهـان     آواره     و فـرد
ز عـدل او بـخسپـد گـرك بـا مـيش ..
عـدو آيد     بـرام  از جـنـبش خـويش
خـدايـا  تـا  بـود گـردون گـردان
همه    آفات     از وی دور گـــــردان
خـدايـا عـمـرو إقـبـالش فـزون بـاد
حسود جـاه‍ ومـلـكش سرنـگـون بـاد
خـدايـا در جـهـانش شادمـان دار
بـعـقـبـی از عـذابش در أمـان دار
ز احسان و دهش زو خـــلـــق شادان
مـرا يـارب ز جـودش شاد گـردان
بـعـالـم هـركـه بـر وی هست دشمـن
شود زيـر زمـيـنش جـاو مسكـن
بـفـضلك يـا امـيـر انظر بـحـالـی
ولـو لـم تـنـظـر ای والـی فـوالـی

بـــبین در (اردلان)جـــای نـــدارم
کــه از لــطــفت بــود جــای قــرارم
بود صد حیف از عدلت که چون من
نــدارد ز (اردلان) جــای نشیـــمــن
نـگــویـم از ریــا یــا خــود پسنـدی
چـو مـن نـی ز اردلان اخـلاصمـنـدی
کـنـون یك بـارهء هـم بـر درم نـیست
تهی شد کیسه در وی یك درم نیست
شده مستـغـنـی از دیـنـار و درهـم
بـجـودت عـالمان راجـیّ و مـاهـم
تــوقــع دارم از لــطــف الــهــی
رسی بـر رتـبـهء أعـلـی کـمـا هـی
بـزرگـی خـورده بـر خـوردان نـگیـری
یـکـی پـنـدت دهـم شایـد پـذیـری
بـغـیـراز اسپ انسان هـیـچ حـیـوان
یـکـی بـهـتـر مـدان زان از هـزاران
تـو بـهـتـر از هـزاران مـرد کـامـل
ولـی مـنـمـای کـاری بـی تـأمـل
سعـادتـمـنـدی داریـن چـو خـواهـی
تـخـلـق کـن بـاخـلاق الـهـی
یـکـی ز أوصافـهـای او حـلـیـمـی
تـرحـم خـوش بـود وصف رحـیـمـی
گـنـه بـخشا کـه ایـزد هست غـفـار
بـپـوشان عـیب ألـلـه هست ستـار

عـدالت كـن عـدالت بـهـتـريـن است
خـــداونـــدت مـــحب المقسطين است
ستـم مـنـمـا ولـيـكـن بـر ستـمـگـر
ستـم بـنـمـا، بـوى كـان هست بـهـتـر
جـــوانمردى نما يـــعـــنـــى فتوة..
كـــــه ممسك دور بـــــاشد از مروة..
كـريمى تـــو كـريميّــت عــيــان است
سرايت درگــــه دار الامـــــان است
بـــاحسان مـــردمـــان را در أمـــان دار
بـــاحسان قـــيـــد انسان شد سزاوار
بـهـر عـهـدى كـه كردى در وفـا كوش
(واوفــوا الــعــهـد)را مـنـمـا فـرامـوش
خـــدايـــا ده كـــتـــابم را روايـــى
بـــــوى والـــــى نمايـــد آشناى
بـلـطـف خـويش گـيـرد در كـنـارش
بـفـرمـايـد كـه بـدهـنـد انـتشارش
نـيـم شايستـــهء وصف و ثـــنـــايش
كـنـم خـتـم كـلامـم بـر دعـــايش
بـــصدق قـــول گـــويـــم از سر سوز
دگر ز اخلاص خوانم در شب و روز:
خـــداونـــدا بـــاسمـــاى عـــظـــامت
بـــذات پـــاك و مـــجـــمـــوع كـــلامت
بـاسرافـيـل و مـيـكـائـيـل و جـبـريـل
بتورية و زبـــور و صحـــف و انجيـــل

بقرآن جامع جملهء کلام است
بأحمد هادی و خیر الانام است
نبی ما که ختم المرسلین است
بعیسایی که أبیل آبلین است
بحق چار یار پاك گوهر
بحق آل واصحاب پیمرّ
بحق کرسی و عرش عظیمت
بحق نار جنات النعیمت
بحق انجم و مهر منور
بحق أرض اغبر چرخ أخضر
تو والی را از آفت دور داری
دلش را دایما مسرور داری
حسود جاه او مهجور داری
همه اعدای او رنجور داری
درین دنیا دلش را شاد داری
بعقبایش ز جرم آزاد داری
الهی دور داری از ملالش
رسد از حد فزون جاه و جلالش
همه احباب او میسورو مبرور
همه اعدای او رنجور و مقهور
بفر ایزدی گشته سزاوار
کجا یابد ضرر از کید اشرار
بشأن او شده منشورو مسطور
توجه حیث شئت انت منصور

ئەو کاتە کە نووسیم: مەولەویی شاعیری عەقیدە و سروشت و تەصەووفە[١] و، بە پلەی یەکەم بە شاعیری عەقیدەم دانا، دوور نەڕۆیشتبووم و مەبەستم پێکابوو؛ چونکە ئەوەتا مەولەوی زۆرترین و بەپێزترین بەرهەمی لەو بوارەدایە و، ئەوەندەی سەرگەرمی نووسین بۆ ئەو لایەنە بووە هیچکام لە لایەنەکانی دی بەو جۆرە نین. بۆیە سەیر نییە شاکارەکانیشی هەر لەو بوارەدا بن.

تا ئێستە ئاگامان لە دانراوەکانی (الفضیلة)[٢] و (عەقیدەی مەرضیە)[٣] و(زوبدەی عەقیدە)[٤] و (عەقیدەی مەولەویی)[٥] و، (الفوائح)[٦] بووە و هەیە، بەڵام ئەوەی کە باسی نەکراوە و، بەبیری کەسدا نەهاتووە ئەوەیە مەولەویی پەخشانی کوردی هەبێت[٧].

(١) بەناونیشانی (عبدالرحیم المولوي شاعر العقیدة والطبیعة والتصوف) وتارێکم نارد بۆ گۆڤاری (الادب الاسلامي) دوای ئەوەی وشەی (والتصوف) و ئەوەی پێوەندیی بە تەصەووفەوە هەیە لێیان لابرد، لە ژمارە (١٥) ساڵی ١٤١٨– ١٩٩٧ی ئەو گۆڤارەدا بڵاو بووەوە.

(٢) ئەم کتێبە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شەرحێکی لێ کردووە بە ناونیشانی (الوسیلة في شرح الفضیلة) ساڵی ١٣٩٢هـ – ١٩٧٢م لە (مطبعة الارشاد) لە بەغداد چاپ بووە.

(٣) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شەرحی لەم کتێبەیش کردووە و ساڵی ١٤٠٧هـ– ١٩٨٨م لە چاپخانەی (الخلود) لە بەغدا چاپ بووە.

(٤) بڕوانە: حەمەصاڵح حاجی مەلا موحەممەدی گەڵاڵە، زوبدەی عەقیدە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٠ی زاینی، ٢٧٠٠ی کوردی.

(٥) ئەم کتێبەیش نامیلکەیە بە شیعری کوردی سۆرانی، من دوو جار چاپم کردووە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٧ لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا. جاری دووەم لە ژمارە ١٣٠/١٩٩٣ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا لە بەغدا.

(٦) ئەم کتێبەیش بە زمانی فارسییەو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شەرحێکی لێ کردووە بە ناوی (فوائد الفوائح) ساڵی ١٤١٦هـ – ١٩٩٥م لە چاپخانەی (دار الحریة) لە بەغدا چاپ بوو.

(٧) بەڵێ پەخشانی زۆری کوردیی مەولەویمان تا ئێستە نەدیوە بەڵام خۆشبەختانە شەرەفی ئەوەم پێبڕا یەکەم کەس بووم نموونەی کەمی پەخشانی کوردیی مەولەویی بخەمە سەر لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردیی. (بڕوانە ژمارە ٦ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، محەمەد عەلی قەرەداغی شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەویی دا).

ماوەیەکە بە بۆنەی ئەوەوە کە چەند سەرچاوەی نایابی دیوانی مەولەویم دەستکەوتووە لە لایەکەوە کە دەکرێ کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی باشی دیوانی مەولەویی بن و، لە لایەکی دیشەوە تا ئێستە دوو سێ کاری نوێ بۆ دیوانی مەولەویی کراون هیچیان لە ئاستی ئەوەدا نین کاری لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوییان لە دوا قۆناغ نزیك کردبێتەوە[٨].....

بیر لەوە دەکەمەوە منیش خۆم لەو بوارەدا تاقی بکەمەوە و، هەوڵ بدەم لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانەدا کە لە دەستمدان و، ئەو تەجرەبانەیش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەدا بەدەستم هێناون، کارێکی نوێ بۆ دیوانی مەولەویی بکەم.

لەم ڕووەوە لەگەڵ چەند کەسدا ڕام ئاڵوگۆڕ کردووە و، ئەوانەیش بزانم سەرچاوەیان لە لا دەست دەکەوێ داوای یارمەتیم لێ کردوون، یەکێك لەوانە برای خۆشەویستم مامۆستا حەمەی حەمە باقییە کە لەم ماوەدا لە ئێران کۆمەڵێك سەرچاوەی نایابی دەستخەتی کوردی بەدەست هێنابوو و، وێنەیانی دا بە کۆڕی زانیاری کوردستان. یەکێك لەوانە ئەو دەستخەتەی دیوانی مەولەویی بوو کە نووسەرەکەی نووسیویە لەبەر دەستخەتی مەولەویی نووسیویەتیەوە.

داوای وێنەی ئەم دەستخەتەم لە مامۆستا حەمەی حەمە باقی کرد، پاش ماوەیەك عەسرێك تەشریفی هێنا بۆ ماڵمان و، وێنەی دەستخەتەکەی بۆ هێنابووم، لەتەك وێنەی دەستخەتەکەدا وێنەی کەشکۆڵێکی بۆ هێنابووم. سەرەتا سەیری دیوانی مەولەویم کرد کە لەو کەشکۆڵەدا لە دیوانی هەموو شاعیرانی دیکە بایەخی زیاتری پێدرابوو و نزیکەی (١١٤) پارچە شیعری مەولەویی تێدابوو، دوای ئەوە کە سەرنجی بابەتەکانی دیم دا بەشێك لە (عەقیدەی مەرضیە)کەی مەولەوی بەشپرزەیی تێدا بوو، دوای ئەوە پەخشانێکی کوردیم لە بابەتی عەقائیددا بینی، کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی سەرەتاکەی، دوای خوێندنەوەی دوو سێ دێڕ هاتمە سەر ئەو بڕوایە دانراوی مەولەوییە.

کە زیاتر سەرنجیم دا و لەگەڵ دێڕەکانیدا ڕۆیشتم بینیم زۆر نزیکە لە عەقیدەی مەرضیەکەوە، بۆیە عەقیدەی مەرضیەکەم هێناو کەوتمە بەراوردکردنی لەتەك دەستخەتەکەدا، پاش کەمێك بەراوردکردن بەتەواوی بۆم ڕوون بووەوە و گومانم نەما کە دانراوی مەولەوییەو، لە ناوەرۆکیدا زۆر لە عەقیدەی مەرضیەکەوە نزیکە و وا پێدەچێت یەکێکیان لە یەکێکیان وەرگیرابێت و، هەندێ جار گومان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم

(٨) وەك کارەکانی مامۆستایان صدیقی بۆرەکەیی و، حەکیمی مەلا صالح و، دوا کاریش مامۆستایان حەسەن گۆران و، محەمەد حیجازیی.

دانراوەیانی دوای عەقیدەکە دانابێت و، هەندێ لە شیعرەکانی ئەوی کردبێتەوە بە پەخشان.

ئەم دانراوە قۆناغێکی دی لە پەخشانی کوردی لەسەر دەستی شاعیری گەورەی کورد مەولەویی دیاری دەکات. کە تا ئێستە لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی نەکراوە و، مێژووی ئەدەبی کوردی لێی بێ ئاگایە.


بسم الله الرحمن الرحیم وبه نستعین

## باسێکی دەستخەتەکە

باسی ئەم دەستخەتەم لە وتارێکدا نووسیوە ڕەنگە لە گۆڤاری (کاروان)دا بڵاو ببێتەوە. بەڵام باسی ئەو بەشەی کە ئەم دانراوەی مەولەویی تێدایە بەم جۆرەیە:

ئەم بەشە چوار لاپەڕەی دەستخەتە کە هەر لاپەڕەیەکیان دوو لاپەڕەی بەیاضەکەی تێدایە. پێوانەی وێنەی دەستخەتەکە هەردوو لاپەڕەکە بەسەر یەکەوە (٨×٣٠)ە. لاپەڕەکان ناوبڕیان هەیە و بەسەریەکەوە نین، تەنها ئەوەندە نەبێ سەرەتاکەی ماوە. ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی دیار نییە.

بە خەتێکی وردی جوان نووسراوەتەوە، بەڵام وێنەکە باش نەگیراوە و ڕەش دەرچووە.

دیارە کاتی خۆی نوسخەیەکی زۆر باش بووە و بایەخێکی تایبەتی بە بەرهەمی مەولەوی تێدا دراوە و، ئەم کتێبە و عەقیدەی مەرضیە و بەشێکی باشی لە دیوانی مەولەوی تێدا بووە. بەڵام بەداخەوە ئەم کتێبە بەشی زۆری تێداچووە و، ئەو چەند لاپەڕە پەرتەوازەی ماوەتەوە. بەگوێرەی سەرباسەکانی عەقیدەی مەرضیەکە ئەم چەند لاپەڕەیە چەند بەشێکی لە چوار (مبحث)ی ئەوێ گرتوەتەوە و بەشەکانی دی تێداچوون.

ئێمە هەرچەند تەواوی کتێبەکەمان لە دەستدا نییە و ناتوانین بەتەواوی کارەکە هەڵبسەنگێنین بەڵام وەك دەڵێن: مشتێ نموونەی خەروارێکە و، لە ڕووی ئەم چەند لاپەڕەوە دەردەکەوێ مەولەوی وەك شاسواری بواری شیعر بووە، لە بواری پەخشانیشدا لە سەردەمی خۆیدا کەموێنە بووە و، لەو سەردەمەدا سەلماندوویەتی کە زمانی کوردی زمانی نووسین و فێرکردن و کتێب نووسینە و، ئەگەر کەسێ بێ و خاوەنی بێ، هیچی لە زمانەکانی دی کەمتر نییە.

مەولەوی لەم کتێبەیدا بەو زاراوە کوردییە صافە بێ گرێی خۆی، بەشێوەیەکی زۆر ڕەوان، باسێکی گرانی وەك عەقیدەی خستووەتە بەر باس و لێکدانەوە و، سەرکەوتووانە بابەتەکەی ئەنجامداوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم کتێبەیدا هیچ پێشەکی و سەرەتای نەنووسیوە و، یەکسەر چووەتە ناو باسەکە، ئیتر ئەوە نازانم کاتی خۆی هەر وابووە، یان وای بەسەرهێنراوە؟

هەرچۆن بێ وا دیارە ئەم کتێبە کتێبێکی گەورە بووە و، ڕەنگە لە قەوارەدا لە عەقیدەی مەرضیەکە کەمتر نەبووبێت و، ئێستەیش هەر چاوەڕوان دەبین بەڵکو نوسخەی تەواوی دەست بکەوێت و، ئەمەیش وەك بەرهەمەکانی دی چاوی خوێنەرانی کورد ڕوون بکاتەوە

و، کتێبخانەی کوردیش جێگەی تایبەتی بۆ شاکارێکی دیکەی مەولەوی تەرخان بکات.

ئەمەیش ئەو بەشەی کتێبەکە بە دەقەکەی خۆی دوای ئەوەی بەگوێرەی توانا و بۆچوونی خۆم هێناومەتەوە سەر ڕێنووسی کوردی:

**دەقەکە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**«بزانە ئەی کەسێ کە طەلەبی ڕێگەی حەق دەکەی، حیکمەت لە خەلقی ئینس و جیندا عیبادەتکردنی بۆ خودایە، عیبادەتکردنیچ تەوەقوفی بەستگە لە ئیمان. هەر کەس کە ئیمانی نەوێ عیبادەتکردنیچی دروست نییە، ئەگەر چ تەکلیفی لێ دەکرێ. ئەمجار هەر وەختێ ئیمان شەرط بێ بۆ دروستی عیبادەت واجبە لەسەر کوللی موکەللەفێ لە ئەووەڵەوە مەعنای لوغەویی و شەرعی ئیمان بزانێ ئیمانیچ...**

**ئەمما ئیمان لە ئەصلی لوغەتدا: کڕیانە بە صاحێب ئێمنی، یا کڕاندنی غەیرە ئێمن(٩).**

**ئەمما لە عورفی لوغەتدا: ئیسمە بۆ تەصدیق، یانی باوەڕکردنی دڵ. لەبەر ئەم موناسەبە ئەو تەصدیقە ناو نریاگە ئیمان. هەرکەسێ بیەوێ خۆی ئێمن دەوێ لە عەذاب و خوذلان، غەیریچ ئێمن دەکا لە تەکذیب و لە موخالەفە.**

**ئەمما لە شەرعدا: بارەڕکردنێکی قایمە بە دڵ بە هەرچی حەضرەت–صلی الله علیه وسلم– لە طەرەفی خوداوە ئاوردوویەتی، هەرچە ئیجمالە بەئیجمال و هەر چە تەفصیلە بە تەفصیل؛ چونکە ئیمان ئەمرێکی مەخفیە تەلەفوظکردن لەگەڵ قودرەت بە کەلیمەی شەهادەت شەرطیە. بەڵێ ماباقی بەحثی ئیمان وەك ئەمە یێژن زیادی و نوقصانی دەبێ یا نابێ، عەمەل داخلیە یا خاریجیە، تەقلیدی ئیعتباری پێ هەیە یا نییە... ئەوە حەواڵەی کتێبی طوولانیە. (ان شاء الله) عومر وەفای کرد دەیخوێنین.**

**ئەمما بزانە لەبەر ئەمە (لێرەوە)(١٠) بەعزێ جار وتمان: ئیمان باوەڕکردنی دڵە، بەعزێ جار وتمان: باوەڕکردنی قائیمە بە دڵ. یەعنی مەعریفەتی رووت هیچ نەفعێ نادا. بۆچی کافر فرەیان بووگن مەعریفەتی حەقیان بووگە وەکوو تریچ هەر کافر بووگن. بەڵکو ئیمان ئاوردن بە تەسلیمی باطینی و بە ئینقیادی قەلبیی بەبێ عینادی دەوێ، کەوا لە فارسییا پێی دەوێژن (گرییودن) ڕاستگوی داشتەن.**

---

(٩) ئەم تەعریفە لوغەوییە بۆ ئیمان کردوویەتی لە هیچ کام لە کتێبەکانی دیدا نەمدیوە.

(١٠) ئەم وشەم بە باشی بۆ نەخوێنرایەوە بەنزیك لە ڕێنووسەکەی خۆی روونووسم کرد.

ئەم باوەڕکردنیچە کەوا بەعیبارەتی تر پێی دەڵێن: ئیذعان ئیعتیقادێکە ثابت و یەقین و جەزمێکی بێ تەردید، لە دوای فەضلی خودای تەعالا (وبیده التوفیق والتأیید) ئیمان دەشێ موکتەسەب بێ یا: لە کەشف، یا لە ویجدان، یا لە دەلیل، یا لە تەقلید. خوڵاصەی کەلام ئەگەر چە ئیمان لە کەیفیاتە، بێ ئیختیاریە، ئەمما ئەسبابی تەحصیلی ئەو کەیفیەتە چونکە ئیختیاریە بینا لەوە تەکلیف بەئیمان واقیع بووگە.

لەدوای ئەمە مەعنای لوغەویی و شەرعیی ئیمانمان زانی و، زانیمان ئاوردن چلۆن دەبێ بزانە ئەو ئەصلانە کەوا واجبە ئیمان پێ ئاوردنیان شەشن:

ئەوەڵەمینمان: ئیمان ئاوردنە بەخودای تەعالا، یەعنی باوەڕت ببێ کە خودای تەعالا زاتێکە (واجب الوجود)ە، هیچکەس ئەوجوودی ناوردگە، هەر بەزاتی خۆی مەوجوودە، هەر ئەوە کە مەعبوود و مەقصوود و مەوجوودی بە حەقە. هەر ئەوە بێ شەریك و بێ نەظیر و تەنیای موطلەقە. حەقیقەتێکە[١١]، بێ چەند و چۆن، لە دائیرەی زانینی عەقڵ و خەیاڵی هەموو عاقڵێ بیروون، ئەزەلیی و ئەوەلییێکە بێ بیدایەت، ئەبەدیی و ئاخرێکە بێ نیهایەت، نەصوورەتییە نەهەیوولاتیی، نەجیسمیە نەجیسمانیی، نەزەمانییە نەمەکانیی، نەزەمینیە نەئاسمانی، نە عەرەضە و نە جەوهەرە، لە جیهەت و حەییز ئەودەرە، غەیرە موتتەصیفە بە حادیث، هەر خۆیە، نە ئنتیحادی بۆ ثابتە نەحلوولی هەیە، (من حیث الذات) لە هەموو چشتێ دوور و تەریکە، بە موقتەضای صیفات بەهەموو چشتێ نزدیکە، مووجیدی عالەم لە عەدەم، خالیقی مومکینات سەرجەم. (مؤثر في الوجود) هەر ئەوە و بەس (جل جلاله وتعالى جنابه الاقدس)

بێ وێنە و مادە، بێ مودە و ئالەت.
وەبێ ماندەگیی و عەجز و مەلالەت.
ئاوردیە وجوود گشت ئەجزای عالەم
لە عەدەم، دیسان دەیواتۆ عەدەم
لە ئەزەل ئەو بوو نەهیچ بوو نەکەس
بەبێ چوون لەگەڵ هەموو چتیچ هەس

پاك و...[١٢] لە عەیب و نەقص و زەوال، مەوصووفە بەهەموو صیفەتێکی کەمال، چ

(١١) لێرەدا دوو لاپەڕەی یەکەم کە بەیەکەوە وێنە گیراون تەواو دەبێ.
ئەم باسە لە لاپەڕە (١٤٥)ی عەقیدەی مەرضیەدا –لەتەك جیاوازییدا– بەشیعر هەیە.
(١٢) ئەم وشەم بۆ نەخوێنرایەوە لە عەقیدە مەرضیەکەدا (موقەدەس) نووسراوە، بەڵام لە دەستخەتەکەدا، هەرچەند بۆم نەخوێنرایەوە، وا نییە و شتێکی دییە.

صیفەتی جەلال و چ صیفەتی جەمال، صیفاتی خودای ئیحاطەی پێدا نادرێ. بەڵێ لە چەند صیفاتی وجوودیە و ذاتیە قسە دەکرێ کە هەموویان هەروەکوو ذاتن. یانی خاریجی دەرکی مەخلووقاتن، ئەزەلین و ئەبەدین و بێ کەیفیەت، نە موشابەهەتیان بەصیفاتی مەخلووقات هەیە و نە موناسەبەت.

حەیاتە و ، عیلمە و، ئیرادە و، قودرەت،
سەمعە و، بەصەرە و، کەلام، ئەمە هەفت
صیفەتی هەشتەمین (بقا)یە یا (تکوین)

حەیات: یەعنی خودای تەعالا زیندەگیی هەیە ئەمما نەك وەك باقیی زیندەگانە، کە بە نەفەس و رۆح و میزاج دێ، بەڵکو زیندەگی هەر بەذاتی خۆیە. حەیاتیچ چونکە صیفەتێکە عیلم و ئیرادە -بەشکو گشت صیفات- لەگەڵ ئەودا بێ یەك نین (امام الصفات)ی پێ دێژن، ئەگەر چ بەرو دوا لە صیفاتی ئەودا نییە، تعالی شأنه.

علیم: یەعنی زانین، زانینی چ صیفەتێکە وەحشەتی پێ مونکەشیف دەوێ، وەختێ کە تەعەللوقی پێوە بوەسێ. یەعنی خودای تەعالا عیلمێکی هەیە موحیطە بە جەمیعی ئەشیادا، چە واجب، چە مومتەنیع، چە مومکین، چە کوللی، چە جوزئیی، لە حەیثیەتی تەعەللوقەوە لە باقیی صیفات شامیلترە.

ئیرادە: یەعنی خواهش، صیفەتێکە ئەزەلی، هەر لە ئەزەلدا تەعەللوقی بەستگە بە وجوودی جەمیعی کائیناتەوە، لە (لایزال)دا (کل فی وقته)یێتە وجوود، پەس و پێشێ کە لە وجوودی (مرادتدا!)[١٣] هەیە موقتەضای عالەمی ظاهیرە. وەئیللا بووگە، هەیە، دەوێ، صبحەینێ، ئەمڕۆ و دوێ بەلای خوداوە نییە (عند ربی لا صباح لا مساء). صیفەتێکە تابیعی عیلمە و موخەصیصی یەکێ لە دوو طەرەفی مەقدوورە بە وقووع، ئایا شەڕ ئایا خێر. بینا لەمە خودای تەعالا موریدی شەڕ و خێرە. لاکین[١٤]. حەضرەتی رەببولعالمین هیچ واجب نییە، نە ئەصلەحی دنیا، نە ئەصلەحی دین. نە لوطفێ کە ئینسان نزیك کاتەوە بەطاعەت دووری خاتەوە لە مەعصیەت، نە عیوەض لە هەردەرد و ئازاران، نە ثەوابی طاعەتگوزاران، نە عیقابی گوناهکاران، نە (هیچ کامیتر!) لە باقی ئەشیان، حەتتا بۆی هەیە عەذابدانی موطیعان، ئەووابدای عاصیان، ئازاردنی منداڵان، ئای

(١٣) ئەمەیشم بە دروستی بۆ نەخوێنرایەوە.

(١٤) لێرەیشدا دوو لاپەڕەی دیکەی دەستخەتەکە تەواو دەبێت.

حەیوانی بەستە زوان. بەڵکو ئەگەر ثەوابی دانیە لەسەر طاعەت مەحضی فەضلە، ئەگەر عیقاب و عەذابیە لەسەر مەعصیەت عەینی عەدلە.

لە هیچ کەس تەکلیف ناکا بە طاعەت

زیـادە لـە حـەد و ویسعـەت و طـاقـەت

غـوفـرانـی بـۆ گشت گـونـاهـان دەوێ

گـەورە یـا بـچـووك ئـیـلـلا شیرك نـەوێ

مـەئـالـی مـوئـمین بـەهـەشتـە و نـەعیم

مـەسکـەنـی کـافـر حـەمـیـمەو، جەحیم

لە وەعدەی حەق تەعالادا بە ئیتیفاقی هەموو لایێ، لە وەعیدیچیدا (عند اهل الحق) خولف هەرگیز ناوێ.

ئـیـحـتـیـمـال هـەیـە ئـایـاتـی وەعـیـد

مەحموول بن هەموو لە ئینشای تەهدید

شان و حـالاتـی بـێ حـەد شەرەفـنـاك

لە نیسبەت بەحاڵ مەخلووق پاك و چاك

دەمـێ جـەلالـی و، دەمـێ جـەمـاڵـی

مـەشغـووڵـی نـاکـا ئـەم حـاڵ لـەو حـاڵـی

لـەلای قـەولـی مـوخـتـار روئـیـەتـی حـەضرەتـی پـەروەردگـار جـائـیزە، ئـەمما وقـووعـی لـە دنیادا بە بێداری و بەچاوی سەر بەغەیر لە سەییدی سەروەر -علیه الصلاة والسلام من الله الأكبر- بۆ کەس نەبووگە و ناوێ.

حەتتا روئیەتێ کە بۆ ئەویچ بوو

دەڵێن وەختێ بوو لە دنیا دەرچوو

ئەولیا -قدس سرهم- کە ئیظهاری روئیەتیان فەرمووگە، ئەوە شوهوودیان قەلبیە بووگە، مەست بووگن، دینیان بۆ روئیەت چووگە.

بـەڵـێ بـە نـەقڵـی تـەشکیك نـەمـاگە

بۆ زۆر بزورگان بەخەو رووی داگە

ئەمما ڕۆژی قیامەت بێ کەیفیەتی موقابەلە و جیهەت روئیەتی (واجب الوجود)ی موطلەق، بۆ جەمیعی موسوڵمانان واقیع بوونی بێ تەشکیکە موحەققەقە. (وجوه یومئذ ناضرة الی ربها ناظرة).

عیلمی کونهی ذات بۆ کەس روونادا
نە لە دنیادا نە لە عوقبادا
ئەر بێژی: روئیەت بوو، دەلیل چیە؟
روئیەت موفیدی حەقیقەت نیە!
ذاتێ نیشانەی بێ نیشانی بێ
دەشێ عیلمی کەس چی لێ زانی بێ؟
ئەوە بێتە ضەبط ذەین و مەعریفەت
هەر وجوودە و سەلب ئیضافە و صیفەت
«لاتقل کیف هو ولا ما هو
جل من لا الە الا هو»

...ئەمەتە باوەڕت بوێ وە یەقین کە بۆ حەق تەعالا هەیە نەوعێ لە بەندەکان کە مەلایکەیە.

بە فارسیی پێیان دەڵێن: فریشتە
جیسم نوورانیی و لەطیف سروشتە
پاک و بێ گوناو فەرمانبەردارن
موطیعی فەرمان پەروەردگارن
هەر ئەمرێ بکا و هەرچە فەرمووگە
نا فەرمانییان ناوێ و نەبووگە
ئەو قیصصەی لەگەڵ رەببولعالەم بوو
پرسین لە حیکمەت خەلقی ئادەم بوو
تا حاڵیی ببین گشت لە حیکمەتی
هیچکام نەمێنێ عوقدەی شوبهەتی

نـه ڕەخـنـه لـه فـیـعـل (رب الـعزة) بـوو
نه دەرحەق ئادەم طەعن و غەیبەت بوو
ئـەرێ مـەلیکـەین، هـارووت و مـارووت
کـەس بـۆ ئـیـعـتـراض نـاوێسێتـه ڕووت
وەر مــەلــەکــەیــن، ئــەمــه جـەوابـه
ئازارن[١٥]      عــەذاب نـیـه عـیـتـابـه
قـیـصصەی سیـحـریـان بـێ تـان و پـۆیـه
حـیـکـایـەتـەکـەیـچ هـەمـوو درۆیـه
ئـیـبـلـیس چـون لـەنـاو مەلـەکاندا بـوو
لـه صوحبـەتیـاندا خـەیـلێکی پـێ چوو
بـه تـەغـلـیب نـاوی بـه مـەلـەك بـریـا
ئـیستیـثـنـای لـه جـەمـع ساجیدان کریا
ئــەر نــه خـۆ (جـن)ە ئــەو (الخنـاس)ە
شاهیدیچـی قەول ئیـبـن و عــەبـاســه (رضی الله عنهما)
فــەرمـووگـیـه: جین، ئـەو زومـرەیـانـه
وەلـەدیـان دەبـێ ئـیـبـلـیس لـەوانـه[١٦]
..........      ...............      .................
چـه لـه صیـفـاتـدا چـه لـه ئـەفـعـالـدا
ئــەمما ئــاگــا بــەو خــاص بـزانـه
ئـەم قـەیده قـەیدی هـەر سه مـەعـنـانه

ئەسمای حیسانی خودای تەعالا ئەگەر چە بە هەزار و یەك مەشهوورن، وە بە موافیقی شەرع و سوننەتیچ نەوەد و نۆیان مەذکوورن، ئەمما ئەوانیچ هەر وەك صیفات بێ

(١٥) لە دەستخەتەکەدا وەك ئەوەیە کە نووسیم، بەڵام لە چاپەکەدا (ئازاریان)ە ڕەنگە دەستخەتەکە هەڵە بێت.
(١٦) لێرەیشدا دوو لاپەڕەی دیکەی دەستخەتەکە تەواو دەبێت.

نیهایەت و غەیرە مەحصوورن، بۆچی ئەگەر ئەسمایە ئەگەر صیفاتە هەموو مەنشەئیان کەمالاتە، کەمالاتێ نیهایەتی لە مەحالاتە، هەر ئیسمێ کە شەریعەت ئیذنی نەداوێ، ئیطلاقی ئەو ئیسمە بەسەر خودای تەعالادا جایز نییە و ناوێ، ئەم قەولە موختارە و زۆر ظەریفە، بۆیە وتگیانە ئەسمائوڵڵا بینای لەسەر تەوقیفە.

ئیطلاق بە عەقڵی کێ دەیتوانی؟
هەر خاصە شەرع و ئەدەب بزانی

بەعزێکیچ وتگیانە: ئیطلاقی بیلا تەوقیف بە طەریقی تەسمیە جائیز نییە، نەك بە طەریقی تەوصیف.

لە لای بەعزێکیچ ئیطلاق هەر دەوێ
ئەگەر مووهیمی نالایق نەوێ
میثالی مووهیم وەك عاریف بیرە
هەرگاە وەلی بێ جایز [مدیرە!]
بەعزێ تریچ هەن مەزهەبیان وەیە
ئیطلاق -موطلەقا- جەوازی هەیە
قەولی هەموویان صاحیب خەلەلە
هەر وا کە وتمان موختار ئەوەڵە!

ئەم نیزاعیچە کە لە بەینی عولەماندایە نەك لە ئیطلاقی ئەسمای عەلەماندایە، بۆچی کوللە واحیدێ لە طائیفان هەریەکێ بە عەلەمێ بە لوغەتی خۆیان، وەك لەفظی (الله) وەك لەفظی (یەزدان) ناوی حەق تەعالایان بردگە، هیچ کەسێکیچ لە بوزورگان ئینکاری نەکردگە، مەعلووم بووگە ئیطلاقی ئەمە بە ئیجماعی سکووتیە، ئیجماعی سکووتیچ بۆ ئیذنی شەرع کافیە. ئەویچە کە شەرع مانیعی ئەویە یا ئەبێ مورادیفیە، وەك ئەوە کە خۆی یا مورادیفی مەوریدی ئیذنی شەرعیە، ئەڵبەتە ئەویچ جێی نیزاع نیە، بەشکو نیزاعیان لە ئیسمێکدایە کە مەئخوذ لە صیفەت و فیعلی حەق تەعالایە. وە بە حەسەبی شەرع نەبۆ ئەو ئیسمە نەبۆ مورادیفی [نە اذن دار دبووی!] نە مەنع، هەرچە کە ظاهیری شەرع پێی وارید بوو وێ و مەعنای حەقیقی، حەقیقیی دەرحەق بە خودا تەعالا دروس نەوێ وەکو: ئیستیواو، یەد و، وەجهـ و، عەین... ئەوە لە مەعنای حەقیقیی ظاهیریەکەی تەنزیهی حەق تەعالا دەکەین، ئەمجار یا تەفویضی دەکەین و ئیمانی پێ تێرین (على مراد الله) هەر چلۆنێ کە مەذهەبی سەلەفە (رحمهم الله) یا تەئویلی دەکەین بە موجازات

و تەمثیل، هەرچلوونێ کە مەزهەبی خەلەفە –علیهم الرحمة– مەذهەبی ئەوەڵ ئەسلەمە، مەذهەبی دووەم ئەحکەم و ئەعلەمە.

ئەفعالی عەجائیبی حەق تەعالا هەموو بێ غەرەض و بێ عیللەتن، ئەمما پڕ لە حیکمەت و مەنفەعەت و مەصلەحەتن، هەر ئایە و حەدیثێ کە وەهمی عیللەتی لێ ببرێ لە لای ئەهلی تەحقیق تەئویل بە حیکمەت و مەصلەحەت دەکرێ. هەر چشتێ کە پەردەی عەدەمی لەسەر هەڵگیریاوێ، هاتوێتە وجوود، لەهەر جێگەیێ، بەهەر وەزعێ دانریاوێ، لەم جیهەتەوە کە عیلمی حەق تەعالا مونتەفیە ئیرادەی ئەوێ، موخەصیصیەی قودرەتی ئەوێ، موبریزیە، هەروەها دەبێ و بە مەوقیعی خۆیە لەوە بەدیعتر و ظەریفتر نیە کە هەیە. (مالك الملك) بەحەق بێ رەیب، حەکیم و عەلیم و بێ نەقص و عەیب، هەر تەصەڕوفێ بکاتە موڵکی شەهادەت و غەیب، ئەگەر قەبضە، ئەگەر بەسطە، ئەر رەحمەتە، ئەر زەحمەتە، ئەر نیعمەتە ئەر نیقمەت... هەمووی حیکمەتە فەضلە و عەدالەتە، مونەززەهـ لە نیسبەتی ظولم و قوبح و جەهالەتە، ظوڵم و ستەم و مالیکی عالەم؟ هەر قسەی شەطەطە! قەبیح و صاحیب فیعلی مەحموود و مەلیح؟ [ای!] وەهم و غەڵەطە!. غەیری ئەبدەع و وەضعی بێ مەوقیع حەضرەتی حەکیم و عەلیم؟ (استغفرالله العظیم استغفر الله العظیم)

فیعلەن و حوکمەن دوورە لە فەحشا
موڵکیچ موڵکی خۆی، (یفعل مایشا)

بەر لە وروودی شەرعی شەریف حوکم بە حوسن و قوبحی ئەفعالی ئەهلی تەکلیف کە ئەمیە حەسەنە سەبەبی مەدح و ثەوابە، ئەویانە قەبیحە سەبەبی ذەم و عیقابە نازانێ و نییە، بەڵکو هەر شەریعەتی حەقە موثبیتیە و موبەینیە...

ئەوە ئەر گێڕای حەسەن و قەبیح،
مەثەلا، قەبوول واجبە و صەریح
هەر حوسن و قوبحێ بەو مەعنا وێتە
عەقڵ بێ حوکمە و تێیدا شێتە
غەیری حەق حاکم نیە لەوێدا
نەك هەر لەوێدا بەڵ لە گشت جێدا
هەر چلۆنێ حوکم هەر حوکمی ئەویە
حوکمی کەسیچی وەسەردا نیە
لەسەر.......

# نامە و مۆر و ئیمزای مەولەوی(*)

٥١٢

لە مێژووی ژیانی هەر شاعیر و زانا و ناودارێکی کۆنماندا دەیان ئەڵقەی ونبوو و نادیار و نەزانراو هەیە، کە هەر یەکێکیان- ئەگەر بدۆزرێتەوە- تیشك دەخاتە سەر ئەو لایەنە و، ئەو زانامان بەجۆرێکی دی پێ دەناسێنێت و ئەوەی بیرمان بەلایدا نەچووە لە لامان ڕوون و ئاشکرا دەبێت.

دۆزینەوەی ئەو ئەڵقانەیش کات و وزە و بیندرێژیی دەوێت تا لە هەر شوێنێك شتێك لەوانە هەبێت بدۆزرێتەوە و لە شوێنی شیاوی خۆیدا دابنرێت و سوودی خۆی بگەیەنێت.

مەولەویی یەکێکە لەو شاعیرە مەزنانەی کورد کە جگە لە شاعیرییەکەی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی و خۆشەویستی بۆ دۆستان و هاوەڵانی زۆر فراوان و بەگوڕ و تین بووە، بەشێوەیەك ئەگەر ئەو نامە و پارچە شیعرانەی لەو بوارانەدا نووسیونی و ناردوونی بەملاولادا، بدۆزرێنەوە و کۆبکرێنەوە سامانێکی کەمۆینەمان لە خۆشەویستی و وەفا و دڵسۆزیی و ڕاستیی و پاکیی لێ دەست دەکەوێت، سامانێك دەکرێ ببێت بە بنەمای قوتابخانەیەکی گەورەی پڕ سوود و نەبڕاوەی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی.

بەڵام- هەموو جارێ هەر دەبێ بڵێین- بەداخەوە هەواڵی زۆری ئەو نامانە لە دەستدا نین و، بێگومان فرەیان تێداچوون و، کەمێکیشیان ئەگەر مابن لای ئەم و ئەو و، ئەو بنەماڵە و ئەو خێزانە ماون کە ڕێزیان ناگرن و وەك پێویست نایانپارێزن و بایەخیان نازانن.

جار جار لەملا و لا شتێکیان دەدۆزرێتەوە جێگەی خۆیەتی زوو بناسێنریت و بڵاو بکرێتەوە، تا لە لایەکەوە لە لەناوچوون ڕزگار بکرێت و لە لایەکی دیکەیشەوە هاندەر بێت بۆ ئەوەی ئەگەر کەسانێك شتێکی لەو شێوەیان لەلا بێت خەمی بخۆن و بیپارێزن و ڕزگاری بکەن.

لەم ماوەدا نامیلکەیەکی باریکەلەی بچکۆلەی ئەم مامۆستا مەزنەم دەستکەوت کە بۆ مەلا عەلی ناوێکی نووسیوە، بەڵام بەداخەوە گەلێ لایەنی شارراوە لە نامەکەدایە ئەگەر وا نەبوایەت گەلێ سوودی زیاتر دەبوو، لەوانە: نازانین ئەو مەلا عەلییە کە لەو سەردەمەدا فەقێ بووە و مەولەویی زۆر بەپەرۆشی خۆیندن و هەواڵی کاروباریەوە بووە کێ بووە؟ ئەگەر هەندێ ڕواڵەتی نامەکە نەبوایە، وەك ئەوە وایە نامەی باوك بۆ کوڕ بێت.

(*) لە ژمارە (٨١)ی گۆڤاری سلێمانیدا بڵاو کرایەوە.

هەروەها دەبێ مەلا عەلی لە کوێ خوێندبێتی؟ لە چ ساڵێکدا بووبێت؟ هەروەها کە مەولەویی بەتەنگی دانراوی شێخ وەسیمەوە بووە کام شێخ وەسیمی مەبەستە؟ چونکە بەلای کەمییەوە سێ وەسیممان هەیە(١).

جگە لەوانەیش شێوەی مۆری مەولەویی لە نامەکەوە دەردەکەوێت. وەك نووسرا. لە خوار ئەو نووسینەیشەوە دووجار ئیمزای کردووە بەئیمزایەکی بچووك.

**دەقی نامەکە وەك خۆی:**

**جناب مخدومم ملا علی را بسیار سلام خود هم فرستاد**

**چندی است که رفته اید نەپیامی نه سلامی نه سفارشی نه نگارشی... هیچکدامت معلوم نشد! چیست مانع وکیست؟ جانا مگر این قاعده درشهر شما نیست؟! با هرکس که زود خواهد آمد خبر سلامتی خودت بفرستید. واگر بدستت می افتد نسخهء کلام شیخ وسیم را، می گویند در آنجا هست، یا بنوشتن صحیح بی غلط بنویس و بفرست، یاهمان نسخه در پیش هرکه هست پیدا وروانه نماید، تا دراینجا نسخەاش میگیریم باز برای صاحبش خواهیم فرستاد.**

**ونمیدانیم درین مدهء غیبتت چه خواندهء؟ چه کردهء؟ چه گونه گذران نمودهء؟ در چه مدرسه بودهء؟ و بعد ازین هم چه میکنی؟ خبرات را همگی بفرستید، زیاده چه نویسم؟ از دعای خیر فراموشمان نفرماید، فراموشی نه شرط دوستان است.**

**عبد الرحیم المعدوم الحسینی(٢)**

**وسعی بکن بلکه نسخهء شرح تهذیب شیخ قادررا بصحیح وخوب باخودش (ومنه) بنویس، یا از صاحبش بگیر و بفرست تاما نسخه این بگیریم».**

---

(١) یەکەم شێخ وەسیمی یەکەمی ئەردەڵانیی کە لە قەڵاچوالان مامۆستا بووە و، هەر لەوێ ساڵی ١١٧١ ك. بە چاوەقووڵە کۆچی دوایی کردووە.

دووەم: شێخ وەسیمی دووەم ساڵی ١١٩٧ لە ژیاندا بووە و کتێبی (ئاشنانەوە)ی داناوە.

شێخ محەمەد وەسیمی سێیەم ١٢١٩ لە دایك بووە ساڵی ١٢٧٥ کۆچی دوایی کردووە.

بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، ئاشنانەوە لە کوردستاندا. گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە (٧).

(٢) ئەم نووسراوە وەك مۆر وایە، ئاوا نووسیویە:

**الحسینی**

**المعدوم**

**عبدالرحیم**

لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەخوێنرێتەوە. لە ژێریەوە ئیمزایەکی بچووکی کردووە.



لە پشتی نامەکەوە دوو دێڕ نووسراوە یەکەمیان ناخوێنرێتەوە، شێوەکەی ئاوایە:

**«جنهب و جنمانی بحکة»**

دێڕی دووەم:

**«بخدمت مخدومی ملا علی برسد»**

**پوختەی نامەکە بە کوردی**

سەلامی زۆرم بۆ جەنابی مەلا عەلی نارد

لەو کاتەوە ڕۆیشتوویت نە نامەیەك نەپەیامێك نە ڕاسپاردەیەك... هیچت دیار نییە، هۆی چییە و کێیە؟ گیانە ڕەنگە لە وڵاتی ئێوە یاسا وابێت! هەر کەسێك ڕێك کەوت زوو هەواڵی سەلامەتی خۆت بنێرە. ئەگەر دەستت کەوت نوسخەیەك کەلامی شێخ وەسیم، کە دەڵێن لەوێ دەست دەکەوێت، یا بەنووسراوەیی بێ هەڵە بۆمی بنێرە، یا ئەو نوسخەی کە لەوێ دەستدەکەوێت پەیدای بکە و بینێرە بۆم تا لێرە نوسخەی لەبەر بگرمەوە و بینێرمەوە بۆ خاوەنەکەی.

نازانم ئەم ماوە کە ڕۆیشتوویت چیت خوێندووە؟ چیت کردووە؟ لە چ مەدرەسەیەك بوویت؟ ئێستەیش چی دەکەیت؟ هەرچی هەواڵت هەیە ڕەوانەی بکە، چی تر بنووسم؟ لە دۆعای خێر لەبیرمان نەکەیت. لەبیرکردن شێوەی دۆستان نییە.

عەبدوڕەحیمی مەعدوومی حوسەینیی

هەوڵیش بدە بەڵکو نوسخەی شەرحی تەهذیبی شێخ قادر خۆی و (منە)کانی ڕاست و جوان بنووسیت، یان نوسخەکە لە خاوەنەکەی وەربگرە و بینێرە تا لێرە نوسخەی لەبەر بگرمەوە.

# مەولوودنامەی مامۆستا مەلا محەمەد عەلی

# حیسامەدینی هەولێری(*)

٥١٣

ئەگەر لە تواناادا بووایە بزانرێت چەند کتێبخانەی میر و گەورە و کەڵە مەلای ناوداری کورد بەر بای فەنا کەوتووە و، چەپۆکی چەپگەرد دار و بەردی بەسەر یەکەوە نەهێشتووە و، کارەساتە یەك لە دوای یەکەکانی هاوڕێی جەنگەکان و دوای جەنگەکانی سەر خاکی بەرینی کوردستان بەدرێژایی مێژوو تۆزیان بردووە بە ئاسماندا، یان دەستی نەفام و نەزانی ناو گەلی کورد خۆی بەو دەردەی بردوون کە هەر چۆن باسی بکەین داخ و کەسەرمان زیاد دەبێت... یان.. ئەگەر سووچێکی ئەمانەیش لە تواناادا بوایە ئەوسا دەمانزانی چ زیانێك لە سامانی کەلەپووریی و ڕۆشنبیریی ئەم گەلە کەوتووە و، دەردی کوشندە و دێرینی ئەم گەلە چەند سەختە(١).

نیو سەدە لەمەوپێش دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزیش بە دەستی نەوەکانی ئەم گەلە، بەناوی بەربەرەکانی کردنەوە لە کۆنەپەرستیی و دەربەگایەتی هێرشێکی گشتگیر و خان و مان وێرانکەر کرایە سەر گەلێ لە کتێبخانە گەورەکانی کوردستان و، زۆریان تەخت و تاراجیان تێکدرا و داریان بەسەر بەردیانەوە نەما و، گەلێکیشیان ئاگری نەفامیی وای لێ کردن جگە لە کەمێك خۆڵەمێش ئاسەواریان نەما.

یەکێك لەو کتێبخانانە کتێبخانەی بنەماڵەی مەلا گچکەی هەولێر بوو، کە پتر لە ٥٠٠ ساڵ میراتی باوك بۆ کوڕی لەو بنەماڵەدا زانیاریی و کەرەستەی زانیاریی بووە، کە کتێب و دەستخەت بوو. کتێبخانەی ئەم بنەماڵە یەکێك لە گەورە کتێبخانەکانی جیهان بوو و دەیان و سەدان دەستخەت و بەڵگەنامەی وەهای تێدا بوو کە لە شوێنانی دیکە وێنەیان نەبوو.

---

(*) لە ژمارە (٢٣)ی گۆڤاری (خۆری ئیسلام)دا بڵاوبووەتەوە.

(١) بۆ نموونە سووچێکی بچکۆڵەی کتێبخانەی عەبداڵ خانمان لە دەم و قەڵەمی مێژوونووسێکی ناحەزی کوردەوە دەستکەوتووە و زانینی هەواڵی تەنیا ئەو کتێبخانە مایەی شانازیی گەلێك و وڵاتێکە، جا ئەگەر هەواڵی هەموو کتێبخانەکانی میر و گەورە و زانا ناودارەکانی کوردستان بزانرایەت دەبوو چەند مایەی شانازیی لەو جۆرەمان بزانییایەت؟

بڕوانە: العمادية في مختلف العصور، تألیف عباس العزاوي، تحقيق حمدي عبدالمجيد السلفي، عبدالكريم فندي، مطبعة وزارة الثقافة– أربيل ١٩٩٨. ل: ٤١.

بۆ نموونە نامەی دەستخەتی سوڵتان صەلاحەددینی ئەیووبی تیدا بووە کە ناردوویەتی بۆ میری ئەو سەردەمەی هەولێر و، ئەو نامە یەکێك بووە لە چەندین نامەی لەو جۆرە، ئەمانە جگە لە سەدان دەستخەتی نایابی جۆراوجۆر، کە زانایانی بنەماڵەکە بە پارە و بەنووسینەوە و بەدیاریی و چەندین شێوە دەستیان کەوتووە و دەستیان خستووە.

ئەم کتێبخانە لە ساڵی ١٩٥٩دا بە دەردێك برا هیچ دوژمنێك وا لە ماڵی دوژمنی خۆی ناکات! تا تالان کرا تالان کرا، چی بە ژێر پێوە کراو شێوێنرا کرا، چیش مایەوە. نەوەك شتێکی لێ دەرچێت! ئاگری پێوەنرا و، سامانی کەلەپووریی و مێژوویی و ئایینی و... (٥٠٠) ساڵی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بەو دەردە برا. ئەوەیش تەنیا شوێن نەبوو بەو دەردە چوو، چەندین کتێبخانەی دیکەیش بەر بای ئازادیی و شیووعییەت و ڕزگاربوون لە کۆنەپەرستیی کەوتن و، تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتا و، ژێرخانی ڕۆشنبیری و کەلەپووریی کوردیان لە تەخت و تەملەك پێ هەڵتەکێنرا و، هەرگیزاو هەرگیز لەوانە نییە جارێکی دیکە قەرەبووی سووچێکی ئەو زیانانە بکرێتەوە!

دەگەڕێمەوە بۆ لای کتێبخانەی (بنەماڵەی مەلا گچکە) کە دەڵێن بەشێك لەو کتێبە نایابانەی تالان کراون لە ماڵاندا ئاگریان پێ کراوەتەوە و حەمام و تەنووریان پێ داخراوە، بەشێکیان دەست چەقاڵ و بەقاڵی ناو بازاڕ کەوتوون و بەهارات و پاقڵەیان تێدا فرۆشتوون، بەشێکی کەمیشیان دەست کەسانێ کەوتوون زانیویانە ئەو شتانە بایەخیان هەیە و نەسووتێنرێن باشترە و لەوانەیە پارە و پوولێکیان لێ چنگ بخرێت.

لە ماوەی چاوگێڕانم بە دەستخەتەکانی (د.ع)دا چەند دەستخەتی زۆر نایابم دیوە کە دوای قوتاربوونیان لەو کارەساتە و، دوای چەند ساڵ بەو کتێبخانە فرۆشراون، دەستخەتی وام دیوە مامۆستای ئەو بنەماڵە بەدانسقە لە ئەستەموول بە پارەیەکی باشی ئەو سەردەمە کڕیویەتی و وەك جوانترین دیاریی هێناویەتییەوە بۆ کوردستان، لەتەك چەند دەستخەتی دیدا کە لەبەر ڕێزی پیاوانی بنەماڵەکە مەلا و فەقێیانی سەردەمی خۆیان بۆیان نووسیونەتەوە.

بەهەرحاڵ ژمارەی هەندێك لەو دەستخەتانەم لای خۆم پاراستووە. ئەوەی لەم هەلەدا دەمەوێ باسی بکەم و نەمبیستووە تا ئێستە کەس باسی کردبێ، دانراوێکی مامۆستایەك لە مامۆستایانی ئەم بنەماڵەیە. ئەم دانراوە بۆ مێژووی ئەدەب و زمانی کوردیی و، پەخشانی کوردیش بەتایبەتی، بایەخێکی زۆری هەیە.

الأكرم أبي القاسم الأمين محمد المصطفى صلى الله تعالى عليه
وسلم وعظم وشرف وكرم • اللهم وإلى أرواح باقي إخوانه
من الأنبياء والمرسلين• صلوات الله وسلامه على
نبينا وعليهم أجمعين• وإلى أرواح العلماء العاملين
والأولياء الكاملين• والتابعين لهم بإحسان
إلى يوم الدين• على الخصوص إلى روح [redacted] من كان
سببا لقرائته ولجامعه وأمواتهما وأموات الجماعة الحاضرين
والمسلمين• عفى الله تعالى عنا وعنهم أجمعين •

والى حضرة روح النبي صلى الله عليه
وسلم [redacted] وآله وأصحابه
وأرواح [redacted] المسلمين الفاتحة
مع الصلوات

جمعته هذا القدر اليسير من كتب معتبرة
وأنا الفقير الذليل محمد علي الحاجي ابن الحاجي
المدرس [redacted] رحمهما الله الملك الجليل
سنة ثمانية وثلثمائة وألف

**مەولوودنامە:**

ئاشکرایە کە خوێندنەوەی مەولوودنامە و ڕێزگرتن لە یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام– دروودی خودای لەسەر بێت– لە شاری هەولێری دێرینەوە سەری هەڵداوە و، میری هەولێر ئەو نەریتەی داهێناوە و بایەخی گەورەی پێ داوە و، ئەو نەریتە سەدان ساڵ پارێزراوە و، لە کوردستان و جیهانیشدا بڵاوبووەتەوە و، تا ئێستەیش بەشکۆمەندیی ساڵانە ئەو یادە لە جیهاندا بەرز ڕادەگیرێ و، لە هەولێریشدا ڕێزەکەی گەلێ تایبەتمەندیی هەیە.

مامۆستا محەمەد عەلی حیسامەدینیش کە یەکێکە لە زانا گەورە و ناودارەکانی بنەماڵەی مەلافەندی –مەلا گچکە– بۆ ڕێزلێنانی ئەم یادە و بە دەنگەوە چوونی پێداویستی ڕۆشنبیریی خەڵکی هەولێر و، دوای ئەوانیش کوردستان، مەولوودنامەی نووسیوە. مەولوودنامەکەیش هەرچەند یەك بابەت و یەك ناوەڕۆکە بە سێ زمان نووسیویە: فارسیی، تورکیی، کوردیی. خۆشبەختانە لەو سەردەمەدا هەلم بۆ ڕەخسا و، وێنەی دەقە فارسی و کوردییەکەیم گرتەوە و، لەم دەرفەتەدا دەقە کوردییەکەی بە خوێنەران و مێژووی ئەدەب و زمانی کوردیی دەناسێنم.

بەڵام پێش ئەوەی کورتە ناسنامەیەکی دەقە کوردییەکە پێشکەش بکەم دەڵێم: ئەم دەقەیش وەك دەیان دەقی دیکەی کۆنی کوردیی بێ ناز کەوتوومان شایان و شیاوی ئەوەیە بە لێکۆڵینەوەوە ببووژێنرێتەوە و، لە چنگی مۆتەکەی لەناوبردن و لەناوچوون قوتار بکرێت و، کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیی پێ پڕ بکرێتەوە.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

دەستخەتی دەقە کوردییەکە ٦٣ لاپەڕەیە، وادیارە ڕەشنووسە، چونکە لە هەندێ جێگەدا کوژاندنەوە و چاککردنی تێدایە. وادیارە بە خەتی دانەرەکەیەتی. لاپەڕەی ١٧ دێڕ و ١٨ دێڕ و کەمتر و زیاتری تێدایە.

نووسینەکە بەعەرەبی و کوردییە، سەرەتاکەی بەعەرەبی دەست پێدەکات، دوایی دەفەرموێ:

**«ئیبنو جەوزیی فەرموە: موجەڕەبە هەرکەس مەولوود بیکا ئەو ساڵ لە موصیبەت ئەمین و مەقصود و مەطلوبی زوو حاصڵ دەبی.**

**حەسەنی بەصریی فەرموە: کاشکی بە قەدەر کێوی ئوحود زێڕم بوایە صەرفی مەولوودی شەریفم بکردبایە.**

**هەولێر کە لە قوربی موصڵە نیو شارەکە، حاکمێکی بوو موظەفەر ناو، زاتێکی عادیل و شەجیع بووە، تەنیا هەولێر و شەهرەزووری بەدەست بووە، هەموو ساڵ سێ سەد هەزار دینـاری سەرفی مـەولید دەکرد، بەحیسابی ئێستا قەریبی سەد هەزار لیرا دەکا. لە تەئریخی شەش سەد و سیدا بەڕەحمەتی خودا شاد بووە»**

مامۆستا نزیك لە دەقی ئەو مەولوودنامانەی کە نووسراون وەك مەولوودنامەی مامۆستا شێخ حسەینی قازیی و، مەولوودنامەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جەلیی -مەلای کۆیە- و کەسانی دی دەقەکە دەنووسێ، بەڵام ئەوەیش لەبیر ناکات کە هەندێ کەس لە هەندێ جێگە ئەم یادە پیرۆزە دەکەن بەمایەی کردنی کاری بێ شەرعیی و لادان لە ڕێگەی ئیسلام و، لەم ڕووەوە دەفەرموێت:

**«ئیبنو حەجەری مەککیی فەرموە: بۆ ئیظهاری فەرەح و سوروور ئەوەندە کیفایەتە پیاوچاك و قوڕڕا جەمع بکرێ، ئیطعامی طەعام و تەصەددوق بەوان بکەن، ئەگەر زیادە لەمە بوو مەدحی حەضرەت -صلی الله علیه وسلم- بخوێنرێ. ئێستا لە زۆر جێیان مەولوود دەکەن، ژن و پیاو تێکەڵ دەبی، لەهوو لەعب و غەیبەت دەکەن (مع هذا) سەلاتی سویح لەبەر نەنووستن ناکەن، ئەو نەوعە مەولوودە حەرامە، پارەیان بێهوودە دەچێ، گوناهیش بۆیان دەنووسرێ».**

کۆتاییەکەی:

دوابەشی کوردیی ناو دەستخەتەکە ئەمەیە:

**«لەو حینەدا کە ئەو جەماعەتە طویوورە تەشریفیان هێنا حەضرەتی ئامینە خاتوون- رضی الله تعالی عنها- مەشریق و مەغریبی چاوپێکەوت، دیتی عەلەمێك- یەعنی ئاڵایەك- لە مەشریق، ئاڵایەك لە مەغریب، ئاڵایەك لەسەربانی کەعبە چەقاوە، ئیشارە بەوە بوو کە ئوممەتی حەضرەتی فەخری عالەم -صلی الله علیه وسلم- بە جەمیعی دنیا ئیحاطەدا، لەسەر ڕووی زەمین لە هەموو جێگا مەشهوور و موعەڕەف دەبێ»**

کۆتایی دانراوەکەیشی بەم جۆرە هێناوە.

**«جمعت هذا القدر اليسير من كتب معتبرة، وأنا الفقير الذليل محمد علي الحسامي أبن أبي بكر المدرس بـأربل رحمهما اللّه الجليل، سنة ثمانية(!). و ثلاثمائة والف».**

ئەم مەولوودنامە لە (د.ع)دا بە ژمارە (٣٢٤٥٢) پارێزراوە، بەڵام پێوەی دیارە بەشێك بووە لە دەستخەتێکی گەورە و دەستی چەپەڵی تەماع لە بەشەکەی دی دابڕیوە!

مەولوودنامە فارسییەکەیشی بەژمارە (٣٢٤٧٤) پارێزراوە.

تورکیەکەیشی بەژمارە (٣٠٧٣١) پارێزراوە.

**شوێنەواری دی:**

لە کتێبخانەی ناوبراودا چەند دەستخەتی شوێنەواری سەر بەم بنەماڵەم دیوە و ژمارەکانیانم تۆمار کردووە، بەڵام ئەمانە هەموو ئەو شوێنەوارانە نین کەوتوونەتە ئەوێ و ئەوانە گەلێ لەوە زیاترن لێرەدا نووسراون، وا بەباش دەزانم بەسەریاندا نەڕۆم و تۆماریان بکەم، وەك بەڵگەی ڕێزی ئەو بنەماڵە. لە هەمان کاتیشدا بەڵگەی کارەساتێك کە بەسەر کتێبخانەکەیاندا هاتووە:

١- دەستخەتی ژمارە (١٧٧٦٩) ئیجازەی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری ناسراو بە (کچك ملا)ی دووەمە داویەتی بە مەلا محەمەدی (بربیانی) مێژووی ساڵی ١٣٢٣ی پێوەیە.

٢- دەستخەتی ژمارە (٤/١٥١٨٣) (الفوائد الحسنية في عمل جانبي الربع المجيب والمقنطر)ە دانراوی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری ناسراو بە (کچك ملا)ی دووەم کوڕی مەلا عومەر ئەفەندیی.

٣- دەستخەتی (١٨٣٩٢) هەمان دانراوی پێشوو عەبدوڕەحمان فەیضی ساڵی ١٣٥٢ لەبەر خاتری مەلا محەمەدی باداوە نووسیویەتیەوە.

٤- دەستخەتی ژمارە (١٦٢٢٦)ش هەمان دانراوە مصطەفای کوڕی عەزیزی مەمەنداوی لە ناحیەی شەقڵاوە ساڵی ١٣٥٣ نووسیویەتیەوە.

٥- دەستخەتی ژمارە (٨١٣٧ و١/٢٠٣٠٣ و ٢/٢٠٣٥٩) یش نوسخەگەلی هەمان دانراون. دیارە ئەم دانراوە لەکاتی خۆیدا کتێبی خوێندنی مەنهەجیی بووە و فەقێیان بە دەرز خوێندوویانە و نوسخەیان بۆخۆیان و مامۆستایانیان نووسیوەتەوە.

٦- دەستخەتی (١٨٠٢٨)ش (الربع المقنطر والمجيب)ی دانراوی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری (کچك مەلا)یە حەسەنی حسەینی باغ شێخانیی ساڵی ١٣٦٢ نووسیویەتیەوە.

٧- (البديعة)یش دانراوێکی دیکەی هەمان مامۆستایە دوو ژمارەی هەیە یەکەمیان صالحی گڕاویی لەبەر خاتری مامۆستا شێخ عارف نووسیویەتیەوە. ئەمە بە ژمارە

(٢/١٩٦٠٠) پارێزراوە. دووەمیان بە ژمارە ٢/٢٤٦٠٨ پارێزراوە و ناو و مێژووی پێوە نییە.

٨- دەستخەتی ژمارە (١٩٠٨٦) ئیجازەی مامۆستا مەلا عومەری کوڕی کوڕی ئەوبەکری کوڕی عوثمانی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی عومەری ئەربیلییە داویە بە مەلا حسەین ئەفەندی ئەربیلی.

٩- دەستخەتی ژمارە (٣٣٤٥٩)ش کۆمەڵە دانراوێکی مەلا عومەری ئەربیلییە.

١٠- دەستخەتی ٢٩٩٧٤یش دانەیەکی نایاب لە (مەکتووباتی ئیمامی ڕەببانی)یە کاتی خۆی لە کتێبخانەی مەلا ئەفەندیدا بووە و دوای کارەساتەکە گەییوەتە کتێبخانەی ناوبراو (د.ع).

١١- دەستخەتی ژمارە (٣٨٦٤٨)یش کۆمەڵێك دانراوە لە زانیاریی ئەستێرەناسیدا یەکێکیان (البدیعة)ی مامۆستا مەلائەبوبەکری (کچك ملا)یە عەبدولقادری کانی دڵبەندیی دوای نوێژی بەیانی ساڵی ١٣٤٩ لە شەقڵاوە لەکاتی هاتنی ئەمیر غازیی کوڕی مەلیك قەیصەڵدا بۆ شەقڵاوە نووسیویەتیەوە. (ئالەتی فەلەکیی لەتەکدایە).

## چەند زانیارییەکی پەڕاگەندە

٥١٤

گەلێ جار لە بارەی ئەوەوە دواوم کە هەرگیز ناتوانین بزانین چەند زانا و ناودار و مامۆستامان بووە لە کات و سەردەمی خۆیاندا کەڵەزانا و گەورە و ناوداری چەرخی خۆیان بوون و، لە سەردەمی خۆیاندا ناو و شۆرەتیان دەڤەرێکی بەرینی گرتووەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەوە شوێنەواریان نەپارێزراوە و، مێژووی ژیانیان نەنووسراوەتەوە، بەماوەیەکی کەم پاش خۆیان ئەستێرەیان کوژاوەتەوە و ناو و شۆرەتەکەیشیان لە بیری چینی دوای خۆیان چووەتەوە.

هەندێ جار بەڕێکەوت لەمەلا و لەولا لە پەنای دەستخەت و پەراوێزی دانراوی مامۆستایانماندا بەڵگە و نیشانەی مامۆستا و مامۆستا گەلی ناوداری وا دەبینین کە لەو مامۆستا گەورانەی سەردەمی خۆیان بوون کە شوێنەواریان نەماوە و ناویان کوێر بووەتەوە.

هەروەها هەندێ جاریش ڕێکەوتووە دانراوێ یان شوێنەوارێکی یەکێ لەو مامۆستایانەم دیوە ناوی خۆی و دانراوەکەیم لای خۆم یادداشت کردووە بەهیوای ئەوەی

زانیاریی زیاترم دەربارەی دەست بکەوێت، یان ئەگەر هیچم دەست نەکەوت بەشێنەیی بگەڕێمەوە سەر ئەو دانراوە و چی دەکرێ و دەگونجێ بۆی بکەم، نەمدەزانی کارەساتی ناهەمواری چەرخی بەدرەفتار لەو سەرچاوە بێ پەیەم دادەبڕێت و ماوەی سوودوەرگرتنی دووبارەم لەو دەریا بەرینە وا پێناچێت بەم زووانە ماوەم ببێ بگەڕێمەوە سەریان، بۆیە وا بەباش دەزانم ئەو بابەت و ناوە جیاجیانە لە دوو تویێی ئەم وتارەدا کۆبکەمەوە، سا ئەگەر هەل ڕەخسا و مەچەك چەرخا جارێکی دیکە بتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای سەرچاوەکان لە (د.ع) ئەوە ئەو کاتە چی دیم بۆ بکرێت دەربارەیان دەیکەم، ئەگەر ئەوەیش نەگونجا ئەوە سەرچاوەکان دیاریی کراون بۆ لەمەولا بەڵکو دڵسۆزێك –یان دڵسۆزانێك– ئەو ئەرکە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆی خۆی و لە هەلی لەبار و گونجاودا بابەتەکان تێرو تەسەل بکات.

١– لەلای مامۆستا حیسامەدین کوڕی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای قەڵاتێ چەند دەستخەتێکم بینی هەندێك لەو زانیارییانەیان تێدایە ئێمە بەشوێنیاندا دەگەڕێین وەك دەستخەتی (الرسالة الحنفية في الآداب) کە عەبدوڵڵای کوڕی ڕەسووڵی کوڕی عومەری کوڕی ڕەسووڵی گەڵاڵەیی ساڵی ١٢٦٠ لە شاری ڕەواندوز لە فەرمانڕەوایی ڕەسووڵ پاشادا لە خزمەتی مامۆستا مەلا ئەحمەدی شێخ مەموودیدا نووسیویەتیەوە.

پێشتر باسی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای شێخ مەموودیم کردووە و شتێکم لە بەسەرهاتی ژیان و دانراوی نووسیوە بەڵام –ئەوەی لەبیرم بێ– ئەمە یەکەم جارە باسی مامۆستا مەلا ئەحمەدی شێخ مەموودیی دەنووسم و، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵایش کە کتێبەکەی لە خزمەتیدا نووسیوەتەوە دەڵێ «وفي خدمة مولانا...» ئەمەیش لەو سەردەمەدا وشەی ڕێز و پلەی بەرزی ئەو مامۆستا بووە کە ئەو زاراوەی بۆ بەکارهێنراوە.

دەمێنێتەوە ناوی نووسەرەوەکە کە دەڵێ: «عبدلله بن رسول ابن عمر ابن رسول الگلالي» وشەی (گلالي) بەڕێنووسی کۆن دوو مەبەست هەڵدەگرێت:

یەکەمیان: نیسبەت بێت بۆ لای گوندی گەڵاڵە و، ئێمەش ئەمەمان بەلاوە پەسەند بوو لەبەر نزیکیی لە ڕەواندزەوە.

دووەمیان: نیسبەت بێ بۆ لای تیرەی گەڵاڵی کە بەشێکن لە هۆزی گەورەی جاف.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەڵاڵەیشمان هەیە کە خاوەنی چەند کەشکۆڵی ڕەنگین بووە کە خۆی نووسیونیەوە.

٢– هەر لای مامۆستا حیسامەدین دەستخەتێکی دیم بینی کە چەند دانراوی تێدایە لەوانە:

(تقريب الفوائد مختصر مصباح الهداية ومفتاح الولاية) دانراوێ (شيخ علوان

الحموی). ئەم دانراوە ساڵی ١٠٦٨ نووسراوەتەوە، دوای ئەم لاپەڕەیە ئەمە نووسراوە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

**وبعد: فقد أجزت سيدنا و حبيبنا السيد أحمد بن ابراهيم بقراءة هذا الكتاب وأوراد مؤلفه سيدنا الشيخ علوان الحموي، قدس روحه وأنفعنا ببركاته آمين يا رب العالمين. وقد أخذت الإجازة من شيخ إسماعيل الزاژلي رضى اللّه تعالى عنه. الفقير يعقوب الگوراني».**

دوای ئەمەیش کتێبێکی دی هەیە لەسەری نووسراوە:

«كتاب شعاع مصباح الهداية، وسن مفتاح الولاية، تأليف الشيخ الأمام الولي سيدي الشيخ علوان الحموي، جزاه اللّه عن المسلمين أفضل الجزا بمنه وكرمه آمين».

لە کۆتاییشیەوە نووسراوە:

**«تم الكتاب بعون الملك الوهاب تأليف الشيخ علوان الحموي، رحمه اللّه تعالى، على يد العبد الحقير محمد بن زين الدين الأخناني، راجيا ممن يقف عليه أن يدعو له بأن اللّه يرحمه و يرضى عليه، بجاه من قبل البعير قدميه».**

سەرەتا ئەوە ناشارمەوە کە گومانم بۆ ئەوە دەچێت مامۆستا عەلوانی حەمەویی کورد بێت. ئەگەر وایش نەبێت ئەوا لێرەدا ناوی دوو سێ مامۆستای کوردمان دەستکەوت کە لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا ناویان نەهاتووە.

یەکەم: مامۆستا مەلا یەعقووبی گۆرانیی کە ئیجازەی داوە بە مامۆستا مەلا ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم کە نازانین لە چ گەل و هۆزێکە و دوور نییە ئەویش کورد بێت و، مامۆستا مەلا یەعقووب کە ئیجازەی داوەتێ پێی دەڵێ «سیدنا و حبیبنا» و ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دیارە چی دەگەیەنێ.

دووەم: مامۆستا مەلا ئیسماعیلی ژاژڵەیی کە مامۆستای مەلا یەعقووبی گۆرانیی بووە و ئیجازەی داوەتێ و، دیارە ئەمیش خۆی بۆ خۆی یەکێك بووە لەو زانا مەزنانەی ناویان چووەتە ڕزی ئیجازەدەرانەوە.

سێیەم: مامۆستا محەمەد کوڕی زەینەدینی ئەخنانی کە کتێبی (شعاع مصباح الهدایە...)ی نووسیوەتەوە.

وەك گوتمان ئەم مامۆستایانە لە لای ئێمە نەناسراون و یەکەم جارە ناویان دەچێتە

مێژووی زانایانی کوردەوە و، لەوانەیە لە چەرخی خۆیاندا دەوری باڵایان گێڕابێت و، لەوانەیشە دانراو و بەرهەمی باش و شیاویان هەبووبێت، بەڵام یان تێدا چوون، یان ئێمە ئاگامان لێیان نییە و لە پێچ و پەنادان.

٣- دەستخەتی ژمارە (٣٣٦٥٨ د.ع) کە (تأريخ التفسير)ی عەباس عەزاوییە لە لاپەڕە (١١٤)دا باسی ئیبنو لەببان دەکات کە زانا و پێشەوا محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدولمؤمینی (الأسعردی) سعرتیی کۆچکردوو لەساڵی ٧٤٩ ك دا کتێبی (تفسير أبن اللبان)ی هەیە نوسخەیەکی نایابی لە کتێبخانەی (الخدويه)دا بەژمارە (٩) هەیە.

٤- دەستخەتی ژمارە (٥٧٦٨ د.ع) کتێبی (الكواكب الجلية في ذكر الخصائص العلية من خواص خير البرية)ە کە دانراوی مامۆستایەکی کوردە پێشکەشی کردووە بە سولەیمان پاشای بابان ساڵی ١٢١٥ نووسراوەتەوە، لەوانەیە نوسخەی دانەرەکەی بێت، ناوی دانەرەکەیمان نەزانی.

لە ڕێگەی بنەماڵەی سنەیییەوە پێشکەش کراوە بە (د.ع).

٥- لە دەستخەتی ژمارە (٢٧٢٧٧ د.ع)دا نووسراوە:

هەر لەوانەیە پیاوی خوداناس و پیاوچاك ئەمیر عەلی کوڕی ئەمیر حەسەن کە لە نەوەی جەلالەدینی گۆرانیی خاوەنی (الكفاية في شرح الهداية)یە.

٦- لە لاپەڕە (٧)ی دەستخەتی ژمارە (١١٢٥٨ د.ع)دا ناوی (زين العابدين الأردلاني المسفر) هەیە، هەروەها باسی دانراوێکی هەیە لە بابەتی (كفر الرافضة)دا.

٧- دەستخەتی ژمارە (٦٨٣٠ د.ع)ش کتێبی (كنز العرفان في أحاديث نبي الرحمن)ی دانراوی محەمەدی فەخرەدینی کوڕی سەید ئەسعەدی ئەفەندیی ئەربیلییە. کتێبەکە بەزمانی تورکییە.

٨- دەستخەتی (٣٣٤٥٩)ش حاشیەیە بەسەر (عبدالحكيم) و شەرحی (جداول الشمسية)ی مەولانا عومەری ئەربیلییەوە.

٩- ئەحمەدی کوڕی ڕەسووڵی کوڕی صیبغەتوڵڵا حاشیەی هەیە بەسەر دەستخەتی (١٨٠٤٨د.ع)ەوە کە ساڵی ١١٨٤ نووسراوەتەوە.

١٠- دەستخەتی ژمارە (١٢٢٣٦)ی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی بەغدا (رسالة الطيف)ی بەهادین ئەبولحەسەن عەلی کوڕی عیسای ئەربیلیی کوردیی کۆچکردووی ساڵی ٦٩٢ی ك ساڵی ١٩٨٦ بەلێکۆڵینەوەی عەبدوڵڵا جبووریی چاپ کراوە.

١١- دەستخەتی ژمارە (٢/٢١٠٤٥ د.ع)ش شەرحی چوار حەدیثی پێغەمبەرە (د.خ) و حەدیثەکان ئەمانەن:

أ- انما الأعمال بالنيات.

ب- فابكوا فإن لم تبكوا...

ج- من حسن اسلام المرء تركه ما لايعنيه.

د- الاحسان أن تعبد اللّه...

ئەم نامیلکەیە دانراوی جەمالەدین یوسفی گۆرانییە. مێژووی پێوە نییە.

١٢- دەستخەتی ژمارە (١٠٣٩١د.ع) شەرحی ضیائەدین حەیدەرە بەسەر نامیلکەی (الاستعارة)ی مەلا ئەحمەدی گەرەوییەوە.

## پێشتر دەستخەت چۆن بەدەست هێنراوە و ئێستەیش چۆن بایەخی پێ دەدرێت؟(*)

٥١٥

ئەم نامەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە چەند لایەن دەگرێتەوە، مەبەستی سەرەکیی لە نامەکە ئەوەیە مامۆستا ڕەئووف ناوێك نامەی بۆ مامۆستا شێخ محێدین ناوێك، کە لەو سەردەمەدا لە بیارە بووە، نووسیوە و، داوای ئەوەی لێ دەکات بەئەمانەت و خواستن نوسخەی دەستخەتی کەشکۆڵی بەهائیی- کە مەبەست کەشکۆڵی بەهادینی عامیلییە- ی بۆ بنێرێ. دەڵێ: لە نامەی پێشوودا ئەم داوام کردبوو وا ئێستەیش دووپاتی دەکەمەوە، هەرچۆن هەیە دەبێ بۆمی بنێری و، خۆم نوسخەیەکی نایابم لایە کە لە سەرەتا و کۆتاییەوە ناتەواوە، لەبەر نوسخەکەی تۆ تەواوی دەکەم و، بێ دواکەوتن بەگیانی تۆو بەسەری پیرۆزی حەزرەتی شێخ بۆتی دەنێرمەوە، دڵت لەو بارەوە هیچ نەکات؛ چونکە ئەگەر تۆ لەمنی هەژارەوە سوودمەند نەبی هەرگیز زەرەرمەند نابی. لای ئێمە نوسخەی کەشکۆڵ نە چاپ و نە دەستخەت دەست ناکەوێت، ئەگینا ئێوەم دڵتەنگ و ناڕەحەت نەدەکرد.

وەك دەبینی بەم شێوەیە دەستخەتێك خوازراوە تا نوسخەی لەبەر بنووسرێتەوە، ڕەنگە بۆ خوازبێنی کچێکیش هەر بەو جۆرە نامە نووسرابێت! بەڵام بەداخەوە دواتر کار گەییە

(*) لە ژمارە (٧٠)ی گۆڤاری سلێمانیدا بڵاوکراوەتەوە.

ئـەوە ئـەو دەسـتـخـەتـانـە– وەك مـامـۆسـتـايـانـی پـێشوو دەيـاننووسی و لـێی دەترسـان–[١] بەنرخی پياز فرۆشران و ئاوارەی وڵات كران و، وڵاتيان لێ چۆڵ كرا!

لايەنێكی دی لـەم نامەدا ئەوەيە مامۆستا مەلا ڕەئووفی نووسەری نامەكە داوا لە مامۆستا شێخ محێدين[٢] دەكات هەرچۆنی كردووە بيارە بەجێ نەهێڵێت و، لە هەر كات و وەرزێكدا بێت ئەوە بۆ قازانجی دين و دنيای باشترە و، خۆيشی چاكتر لەوە گەيشتووە.

مـامـۆسـتـا شێخ عـەبـدوڵـلـەطـيـف كـە لـە نـامـەكـەدا نـاوی هـاتـووە مـامـۆسـتـا شێخ عەبدوڵلەطيفی قەرەداغييە، كە كوڕی شێخ محەمەدی كوڕی شێخ عەبدوڵلەطيفی گەورە بووە، كە لە هەڵەبجە بووە و مامۆستای مزگەوتی پاشای هەڵەبجە بووە[٣].

مامۆستا شێخ محەمەدی وانيش يەكێكی دی لە مامۆستايانی ئەو ناوە بووە و، لە بنەڕەتدا خەڵكی كوردستانی توركيا بووە و، هاوەڵی گيانيی مامۆستا بابا ڕەسوڵ بووە و، مامۆستا بابا ڕەسووڵ لە شيعردا ناوی هێناوە.

(ڕەوف) كە نووسەری نامەكەيە لەوە زياتری نەنووسيوە و، نازانم كێيە، گومانم بۆ ئەوە دەچێت كە ڕەوف صائيب بێت، كە سەردەمێك لە تەك مامۆستا بابا ڕەسوڵدا دۆستی گيانی بوون و، موريدی شێخ نەجمەدينی بيارە بوون و، پێكەوە شيعريان بە دووقۆڵيی بۆ شێخ نەجمەدين وتووە.

دەربارەی (خلە بەراز)يش كە لە دوا بڕگەدا ناوی هاتووە و بڕياری ئيعدامكردنی دەرچووە و، مامۆستای نووسەری نامەكە زۆر خەفەتی بەو كارە خواردووە و، هاواری بووە لەدەست (ئيعدام) و (ئيجاد)ی ڕۆمييان...

هەواڵيم پرسی كەريم بەگی هەمەوەند لەو بارەوە دەڵێ: (خلەبەراز) نييە و، (خلەپەزە)يە و، ڕاستە فەرمانی ئيعدامكردنی دەرچووە لەتەك (نالە پێ پان)دا، نالە پێ پان ئيعدام كراوە و، خلەپەزە ئيعدام نەكراوە.

---

(١) مامۆستايانی پێشوومان كە دەستخەتيان نووسيوەتەوە لە كۆتاييیەوە نووسيويانە:

كورديیەكەی: دەستخەتم نووسييەوە بەسەد عيزز و ناز، ئەترسم دوای خۆم بيفرۆشن بەنرخی پياز!

(٢) ئەم مامۆستا شێخ محێدينە لە شێخەكانی خوڕخوڕەی لای سەقزە، موريدی شێخ نەجمەدين بووە و، دوايی بووە بە مامۆستای مزگەوتی خانم لە هەڵەبجە و، لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی ١٣٣٢ی ك لەوێ كۆچی دوايی كردووە. دەستی شيعر و ئەدەبيشی بووە.

بڕوانە: يادی مەردان بەرگی دووەم. ل: ٥٨٩.

(٣) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو. ل: ٥٨٦.

(ملای بزرگ)یش کە لە دوا ڕستەدا ناوی هاتووە، مەبەست مامۆستا مەلا قادری کانی کەوەیی ناسراو بە مەلای گەورەیە.

ئەم نامەیش بەشێکە لە کۆمەڵێك نامە لەناو کۆمەڵە دەستخەتێکدا کە بەژمارەی (٢٠) پارێزراوە، لە (کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانی)دا هەڵگیراوە.

## دەقی نامەکەی وەك خۆی

«جان شیرین کاکه شیخ محی الدین أدامه اللّه لمرضاته بالخیر في جمیع أوقاته، قبل أزین بوساطت جناب مستطاب کاکه شیخ عبداللطیف عریضه خصوصیه ارسال خدمت کردەام، انشاءاللّه تاحال بنظر رسیده، إینبار هم تأکید آنمکتوبرا لازم و مناسب دانستم چون جناب شیخ محمد وانی تفصیل حال و کیفیت أقامت آنجنابرا بیان فرمودند. و فیما قبل چنان دانسته بودەام که در البجه سکونت و مسکنت میفرمایند. فی الحقیقه بقای شماٴ در بیاره در هر فصل باشد نشان سعادت میتواند بود، چون أز منافع و فوائد و خدمات دینی و دنیوی خالی نیست، البته خودت بیشتر أین معانی را تعقل فرمودەاند. آری یدر طریقت هر چه پیش سالك آید خیر اواست. بالخصه مرجواست.

فقیر را در حضور پر نور شیخین هیچ وقت فراموش نکنند، و محرك سلسله اتحاد باشند، ورشتهء محبت و داد مرا همه أدا بمقام خویش موصول فرموده نگذاراند نسیان حکمفرما باشد.

در مکتوب سابق– که تا حال نائل خدمت شده – خاصه برای (کشکول بهائی) بوجه عاریت نوشتەام، انشاء الله سریعا و عاجلا و بدون توقف و تردد و بلا تأخیر و تعویق برایم روانه میفرمایند، همچنانکه نوشتەام نسخهء دستخط پیدا کردەام، ولی أول و آخرش نقصان میباشد، وخیلی نایابست، بعون الله همان که أکمال نواقص آن کردم بدون آهمال، بجان توسوگند، و بفرق مبارك حضرت شیخ ادامه الله برایت اعاده و ارسال میکنم، قطعا خطره نفرمایند، چون شما از فقیر منتفع نشوند البته متضرر هم نمیشوند، در اینجا نیز نسخهء کشکول نه طبع و نه خط دسترس نمیشود، و الا شمارا تصدیع و ملول نمیکردم. لهذا همراه کسی و أمین زود بفرستند. واز وکالت فقیر دامن حضرت شیخ را تلثیم و تبجیل، ودست مخدومانرا تقبیل فرموده، وأین ورقهرا بحضور حضرت شیخ تبلیغ فرموده جان من! والسلام.

روف

(ئەودیوی پەڕەکە):

«فردا خله براز نام همموند که در وادی فرار بوده گرفته اند و اعدام میکنند، خیلی دهشت را موجب است. آه از دست اعدام و ایجاد رومی! عرض عبودیت در خدمت شیخ انور واز التفات و عنایات أو إلی الأبد مسرور و ممنونم. و شیخ جمیل را دست بوسم. توخوا اگر از وکالت من زیارت دست مبارك ملای بزرگ نکنند!!»


جان شیرین کاکه شیخ محی الدین ادام الله لرضاته بالخیر فی جمیع اوقاته

# سەرچاوەیەکی دیکەی کەلەپووری ئەدەبی کوردی

# (کەشکۆڵی نەناسراو)

٥١٦

بەیاض و کەشکۆڵی شاعیران لە سەردەمێکدا دەوری بڵاوکراوەی ئەدەبییان بینیوە، بەڵام ناوی مانگانە، یان وەرزانە، یان حەفتانەی پێوە نەبووە و، کات و شوێنی بڵاوکردنەوەی کەوتووەتە دەست نووسەرەکەیی و، نووسەرەکانیشیان یەکێك و دووان، یان چین و توێژێکی سەر بەلایەن و کۆمەڵێك نەبوون. جاری وا هەبووە میرزای خەتخۆش و ئەدیب و شارەزا ئەم کارەی ئەنجام داوە، جاری وایش هەبووە کۆلکە مەلا و نیمچە خوێندەوار و نەشارەزا خۆی پێوە خەریك کردووە، وەك وەهایش بووە کەسێك یان چەند کەسێك لە ناوچەیەکدا پیشەیان ئەوە بووە یەك لەدوای یەك کەشکۆڵیان بۆ میر و مامۆستا و شێخ... نووسیوەتەوە. نموونەی ئەمەی دواییمان زۆر نییە، بەڵام ئەوەی زانرابێ بەلای کەمییەوە دوو ئەستێرەی ورشەداری ئەم بوارەمان دیارن و، تا ئێستەیش شوێنەوارەکانیان لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردییدا درەوشاوەن و، نووسەران و لێکۆڵەرەوان لەبەر ڕۆشناییياندا کارگەلی بەپێز ئەنجام دەدەن:

یەکەمیان: نەجمەدین مەلا؛ ئەم پیاوە ئەدەب دۆستەی کورد جگە لە دەرس وتنەوەی لە قوتابخانەکەی (کەشتی نووح)دا کاری کۆکردنەوە و نووسینەوە و زیندووکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کورد بووە، باس و بابەتێکی سەربەخۆی دەوێ تا یەکێکی کارامە و بە پشوو لەسەر بەرهەمەکانی بنووسێت و، دیارییان بکات.

ئەوەی من لە بەرهەمی ئەم پیاوە دیومە و وێنەشیانم لایە: ئەوراقی پەرێشان، سۆزی نیشتیمان، مینای شکستە. جگە لەمانەیش دیوانی چەند لە شاعیرانی وەك کوردیی و، نالیی و، شاعیرانی دیکەی نووسیوەتەوە، سێ دوا شتی من دیومن ڕەنگە کەسانی دیکە ئاگایان لێیان نەبێت:

١- کەشکۆڵێکی گەورەی ٦٠٠-٧٠٠ لاپەڕەی بوو، کە لەلای مامۆستا صادق بەهادین بوو، کاتێك خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی وەفایی بووم ساڵی ١٩٧٥ داوام لێ کرد بۆ ماوەیەك بە ئەمانەت بمداتێ و بۆ کارەکەم سوودی لێ وەربگرم، بەڵێ کەشکۆڵەکەی بۆ هێنام بۆ کۆڕی زانیاریی کورد، کەشکۆڵەکەم وەرگرت و دەستم کرد بەسەیرکردنی

ناوەرۆکەکەی، لەپڕ لەناو کەشکۆڵەکەدا پاسەپۆرتێکی تەزویرکراوی ئیبراهیم ئەحمەدم بینی، منیش بۆ ئەوەی ئەمانەت بپارێزم چووم مامۆستا صادقم لە ژوورێکی دی دۆزییەوە و، وتم: ئەم پاسەپۆرتە لەناو کەشکۆڵەکەدا بوو، کە ئەوەی دی بەپەلە کەشکۆڵەکەی لێ وەرگرتمەوە و نەیهێشت هیچ سوودێکی لێ وەربگرم!

٢- کەشکۆڵێکی گەورە کە لەلای موصلیح جەلالیی بوو، ئەویش بۆی هێنام و سوودم لێ وەرگرت و، دوایی دامەوە دەستی و نازانم چیی بەسەر هات و، ئەم کەشکۆڵەم لە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا باس کردووە.

٣- دەستخەتێکی گەورەی نایابی شاعیری گەورەی کورد حەمدی بەگی صاحیقبەران کە دوای ساڵی (٢٠٠٠) فرۆشرا بە کتێبخانەی (دار صدام للمخطوطات) بە (٢٥٠٠٠) دیناری طەبع!

دووەمیان: مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵەیی ئەوەی لە شوێنەواری ئەم مامۆستا من دیومە دوو کەشکۆڵی نایابە و، دوای خۆیشی نەوەکانی کەشکۆڵیان نووسیوەتەوە و شوێنەواریان هەیە.

لە پەنای ئەم سەربازە ناسراوانەدا سەربازگەلێکی گومناو و نەناسراو هەن، ناساندنێکی تێر و تەسەلی هەر کەسێکیان و بەرهەمەکەی -یان بەرهەمەکانی- خستنەڕووی سەرچاوەیەکی نوێ و کەرەستەیەکی پڕ بایەخی ئەدەبی کوردیی دەبێ بۆ کاری لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شاعیران و ئەدیبانمان نرخی تەواو نابێت. لەو چاوەوە ئەمجارەیش لە خزمەتی بەرهەمی مامۆستایەکی گومناو و نەناسراوی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا ماوەیەك دەژین.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

دەتوانین بەم دەستخەتە بڵێین: بەری ڕەنجێکی فەرهادانەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لەتەك ئەوەدا نووسەرەوەی کەشکۆڵەکە کورد زمان بووە زۆری کات و توانای خۆی و ڕووبەرێکی فراوانی دەستخەتەکەی بۆ شیعری شاعیرانی فارس، یان شیعری فارسی شاعیرانی کورد زبان تەرخان کردووە!

ئەگەر بهاتایەو وەها نەبوایەت، یان هیچ نەبێ نیواونیو شیعری شاعیرانی کوردیشی تێدا بووایەت، ئەوا ئەم کەشکۆڵەیش یەکێك لە گەنجینە گرانبەهاکانی سەرچاوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی دەبوو، هەرچۆن هەبێت ئێستەیش بەسەرچاوەیەکی پڕ بایەخی ئەدەبی کوردیی دادەنرێت و، سوودی باشی بۆ مێژووی ئەدەبی کوردیی هەیە.

دەستخەتەکەی تێکڕا (٥٢٣) لاپەڕەیە، پێوانەکەی (٢١×١٤)ە، لاپەڕەی (١٥) بەیت، زیاتر و کەمتری تێدایە.

لەوە ناچێت لە سەرەتا و کۆتاییيەوە هیچی لێ لەناوچووبێت. ماوەیەك کەمتەرخەمیی لە پاراستن و هەڵگرتنیدا کراوە، لە دوو پەڕەی سەرەتایەوە سووچی سەرەوەیان قرتاوە، وەك ئەوە وایە ناوی نووسەرەوە، یان پێشکەشکردن بەیەکێکی پێوە بووبێت و، ئەو ناوەی بڕاوە و پینە کراوەتەوە. بەرگێکی پێستی جوانی تێ گیراوە.

یەکێك هاتووە لە سەرەتاوە بەخەتێکی نوێ فەرهەنگی ناوی شاعیرانی لە ١٤ لاپەڕەدا بۆ کردووە.

تێکڕا ناوی (٢٢٦) شاعیری فارس و کوردی تێدایە.

بەرهەمی کوردیی ئەم شاعیرانەی تێدایە:

١- ئاهی.

٢- ئەختەر.

٣- بیمار.

٤- مەلا عوثمان کە (تخلص)ی لە پێشا (حەزین) بووە دوایی بووە بە (فائق).

٥- خەستە.

٦- ڕەمزیی.

٧- سالم.

٨- صابیریی.

٩- فەتحیی.

١٠- فیکریی.

١١- قادر.

١٢- ناڵیی.

١٣- هیجریی.

١٤- مەحویی.

جگە لەمانەیش شیعری فارسیی کۆمەڵێك شاعیری کوردیی زبانی تێدایە، لەوانە:

١- عارف صائیب.

٢- طاهیر بەگ.

٣- خاکیی.

٤- شێخ ئیسماعیلی هەنارانیی.

٦- مەولانا خالید.

دوور نییە گەلێکی دی لەو ناوانە کە شیعریان لە دەستخەتەکەدا هەیە و ئێمە نایان ناسین لەبەرئەوەی شیعری فارسییان هەیە، لە بنەڕەتدا کورد بن.

لە ناو بەرهەمی ئەو شاعیرە کوردانەدا کە لێرەدا ناویانم نووسی بەرهەمی بڵاونەکراوەی چەند شاعیرێکیان دەبینرێت کە تا ئێستە بۆیان نەلواوە بڵاو بکرێنەوە. لەم دەرفەتەدا پارچەیەك شیعری بڵاونەکراوەی (ئاهیی) دەکەم بە دیاریی دەستم، تا کاتی ئەوە دێت سوودی باش لە بەرهەمی شاعیرەکانی دیکە لە کاتی لێکۆڵینەوەی دیوانەکانیاندا وەردەگیرێ؛ چونکە ئەم کەشکۆڵە یەکێکە لە کەشکۆڵە نایابەکانی سەرچاوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی و، نووسەرەوەکەی شارەزا و ورد و کارامەی کارەکەی بووە و، بە سەلیقەیەکی ئەدەبیی ڕەساوە کەشکۆڵەکەی نووسیوەتەوە.

وێنەی ئەم کەشکۆڵە لە کتێبخانەکەمدا هەیە.

ئاهیی

**نەمام بیللا بە گۆشەی چاو و غەمزە و تیری موژگانی**
**پەشێو حاڵم (بە لەهجەی !) پێکەنین و عیشوە و ئانی**
**بڵێن ئەمڕۆ قەدەم بێنێ دەخیلی بم پەرێشانم**
**خەلاصم کا ئەگەر دەمکا بە قۆچی جەژنی قوربانی**
**بڵا بەس بێ جەفای دووریی غەریب و بێکەس و زارم**
**ئەتۆ ظاڵم وەها مەعلوومە، بەخودا، ناموسوڵمانی**
**دەمێکە ڕەنجەڕۆ و گیرۆدەی دەردی فیراقی تۆم**
**بە وەصڵت ساعەتێ شادمکە تۆ بێی و غەوثی گەیلانیی**
**چ حەق بەرداره وەڵڵاهی پێ دەزانێ دوشمنی خوێنیش**
**کە حاڵی چۆنە، لێی پرسە، ئەتۆ و ئەو بیت و ئیمانی!**
**مەڵێ حوسنی نییە ئەم نەوعە ئەطوارە لەکن دانا**
**بچن سەیری دوو چاوی کەن لەگەڵ کاکۆڵی ئەفشانی**

بـە ئـەوەڵ مـەرتـەبـە گـەر ئـەهـلـی دڵ بـێ شك و شوبـهـە
لە هۆش و دەرك و ڕۆح و دین و ئیمانت دەبی فانیی
عـیشق ڕەسمێکـە (دایـرنك!) لـە بـەیـنـی ئـێمـەدا، بـەڵکـە
لـە پـێشیـنـان بـەجـێ مـاوە؛ بـرا نـەددیـوە مـەیـزانـی!
بەڵێ هەرکەس نەچێژێ (ئاهیی) لەم بادەیە لابوودد
دەبـێـتـە مـانـیـعـی ئـێمـە بـە بـەنـد و پـەنـدی نـادانـیـی



## دەستخەتی (١٠/ع) ئەم چەند زانیارییەی تێدایە

٥١٧

١- هاتنی مەحموود خانی هەورامیی لەو مانگەدا بوو کە ئەم کتێبەی تێدا تەواو بوو، ساڵی ١٣٤٠، هەروەها دووچار بوونی بە مەحموود خانی مەریوانیی لە خزمەتی شێخ مەحموودی سلێمانیی لە مانگی (ذي الحجة)دا لە ساڵی ١٣٣٧، بەڵام مەحموود خانی مەریوانیی لە ساڵی ١٣٣٨دا ڕزگاری بوو.

ڕۆستەم خانی بانەیی لە ساڵی ١٣٣٧دا بە فەرمانی (شريعة الدولة) کوژرا.

کوژرانی مەحموود خانی بانەیی ساڵی ١٣٤٤ بە فەرمانی حکوومەتی ئێران لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕەزا شای پەهلەویدا.

## سەما و زەمین

٥١٨

١١/٥/ ع -٥١٣-

دانەرەکەی- یان وەرگێڕەکەی لە فارسییەوە- نەزانراوە.

سەرەتاکەی:

**یاران زەمینەن یاران زەمینەن**
**سەیر گفتوگۆی سەما و زەمینەن**
**موقەدیمەی طەرح بەزم ڕەنگینەن**
**مەعرەکەی مەصاف سەما و زەمینەن**

کۆتاییەکەی:

**هەرچەند عیصیانم جە حەد بەرشییەن**
**دەفتەری ئەعمال حیسابش نییەن**
**شەوم بەد عەمەل هەم بێ طاعەتم**
**مەبۆ ساعبای پەی شەفاعەتم**

محەمەدی نۆتشیی ٢٢ی شەعبانی ١٣٤٨ لە حوجرەی سۆڵەی چرچەقەڵا نووسیویەتیەوە.

## کەشکوڵی (گەرمیان)یش سەرچاوەیەکی کەموێنەی ئەدەب

## و کەلەپووری کوردییە(*)

٥١٩

یەکێك لەو کەشکۆڵانەی ماوەیەکی زۆرە لە بەردەستمدایەو، گەلێك جار دەستم داوەتێ شتێکی لەسەر بنووسم و دوایی لێی ساردبوومەتەوە و دامناوەتەوە.. کەشکۆڵێکی گەورەی ناوچەیەکی کوردستانە. هۆی کار تێدا نەکردنەکەیشم بۆ شتگەلێك دەگەڕێتەوە، لە سەروویانەوە دوو هۆی سەرەکیی هەیە. یەکەم: شپرزەیی و ناتەواویی کەشکۆڵەکە.

دووەم: بوونی هەندێك شیعرو پارچە شیعری تورکیی کە مانایان نازانم و توانام بەسەریاندا ناشکێ.

ئەگەر وا نەبوایەت دەکرا ئەم کەشکۆڵەیش ببوایەت بە بەرگێك لە بەرگەکانی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی. بەڵام هەرچۆن هەیە با لایەکی کورت لەم کەشکۆڵەیش بکەینەوەو، بانگی بە گوێی مێژووی ئەدەب و کەلەپووری کوردیدا بدەین.

پێش هەموو شتێك ئەم کەشکۆڵە سەرەتا و کۆتایی نەماوەو، نازانین کەی و لە کوێ نووسراوەتەوەو، چەندی لێ لەناو چووەو، بەرهەمی کێی دیکەی تێدا بووە. بەڵام ئەوەی ڕوونە تیایدا شیعری چەند شاعیرێکی ناوچەی گەرمیانی تێدایە بۆیە – جارێ – ناومان نا( کەشکۆڵی گەرمیان). وەك گوتم کەشکۆڵەکە شپرزە و بێسەروبەرەو پەڕەپەڕە و شیرازە پساوەو، گەلێکی کەوتووەو، لە چەند شوێنیدا پچڕان و لە ناوچوون ئاشکرا دیارە.

لەم هەلەدا گەشتێکی کورت بە ناویدا دەکەین و ناوەرۆکەکەی دەنووسین. بەڵکو ئەگەر خودا یارمەتیی دا لە هەلێکی دیدا شتێکی باشتری بۆ بکەین.

بەڵام پێش ئەوەی گەشتەکە بەناو دەستخەتەکەدا بکەم وا بەباش دەزانم چەند سەرنجێکی کەشکۆڵەکە بدەم و لە چەند ڕوویەکی لاپەڕەکانی بڕوانم:

– ئەم کەشکۆڵە لەتەك ئەوەدا زیاتر لە ٢٦٠ لاپەڕەی ماوە لە ١٠–١٥ جێگەیدا کەوتن و بچڕان و لەناوچوون هەیەو، ڕەنگە بەو بۆنەوە زۆر زۆری لەناو چووبێت و لەناوچووەکانی چییان لەوەی کە ماوە کەمتر نەبێت. بۆیە دەڵێین: ئەگەر ئەم کەشکۆڵە

(*) لە ژمارە(٤)ی گۆڤاری (نەوشەفەق)دا بڵاو بووەتەوە.

تـەواو بـوایـەت و سەروبـەری دروستـی بـزانـرایـەت دەبـوو بـە تـۆمـارگـەیـەکی گەورەی شاعیرانی ناوچەی گەرمیان و، لە ڕووی ئەم کەشکۆڵەوە ناوو شۆرەتی بەشێکی زۆری شاعـیـرانـی گـەرمـیـانـمان لـەم سەرچـاوەوە دەزانی. ئێستـەیش ئـەمـەی کـە مـاوە– ئـەڵڵا بەرەکەت دا– شتێکی کەم نییەو، گەنجینەیەکی کەموێنەی شیعری کوردییە تا ئێستە کە ناوی دەخـەینە نـاو نـاوان و بـانگەوازی دۆزینـەوەی دەدەین بـە گوێی مێژووی ئـەدەبی کوردییدا کەس بیری بەلایدا نەچووەو، بەتەمای شتی وا نەبووە.

– ئـەم کـەشکـۆڵـە بـەشی زۆری بـەزمـانـی کـوردییـەو، بـەشە زۆرەکـەیشی بـە زاراوەی زەنگنەو گۆرانییەو، لەمەیشەوە ئاشکرایە کە ئەم کەشکۆڵە مێژووی زاراوەی ئەدەبیی ئەو ناوچەمان وا بۆ دەگێڕێتەوە کە تا ماوەیەکی درێژو، تا ئەم دواییانە زاراوەی گۆرانیی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە.

– ئەم کەشکۆڵە لەتەك ئەوەدا شیعری زۆری چەند شاعیری ناوچەی گەرمیانی لەخۆ گـرتـووە، لـە هـەمـوویـان زیـاتـر شیـعـری دوو شاعـیـری تـێدا جێگە کراوەتـەوە: خـەلیل مونـەووەرو، گریـانیی. خـەلیل مونـەووەر دیوانـەکـەی چاپ کراوەتەوە، بەڵام دەربـارەی گریانیی شتێکی ئەوتۆمان لە دەستدا نییەو، شیعرەکانی ئەم شاعیرەیش تەڕو پاراون و، سۆزو هەستی وردو بەرزیان تێدایە.

– لە شیعرەکانی (گریانی)دا باس و خواستی دیلیی و زیندانیی هەیەو، وا پێدەچێت ماوەیەك لە بەغداو کەرکووك زیندانی کراوەو، هەوێنی بەشێکی شیعرەکانی ئەو دیلیی و ئاوارەیییەیە.

– زۆربـەی شیـعـرەکـانـی گـریـانـیی بـە گۆرانین، لـەتـەك ئـەوەیشداشیعری فـارسیی و تورکیشی کەم نییە.

– بـەگـوێرەی هـەنـدێك لـە شیعرەکـان گومـان بـۆ ئـەوە دەچێت گریـانـی نـاوی یوسف بووبێت.

– هۆی وتنی شیعرەکان جارجارو ناوبەناو گوتراوە ، ئەگەر ئەم بابەتە زیاتر بوایەت لاپەڕەگەلێکی روونتری مێژووی ئەدەبی کوردیی ناوچەی کەرکووك و گەرمیانمان لە دەستدا دەبوو.

– وەك دەبینی ناوی زۆربەی ئەو شاعیرانەی لەم کەشکۆڵەدا شیعرو باسیان هەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا بێ سەروسۆراخن . ئیتر نازانم بە بۆنەی تاك و تەرا شیعرو

پارچە شیعرەوە– بەزۆر– بڕرابێتن بەسەر گەلانی فارس و تورکدا و ئەوان مێژووی ئەدەبی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردبن.

– نووسەرەوەی کەشکۆڵەکە خەتخۆش بووە لەتەك ئەوەیشدا خۆی شاعیر بووەو بە خۆی دەڵێ (میرزا) بۆیە هەندێ جار گومانم بۆ ئەوە دەچێت دەستخەتی خلیل مونەووەر بێت، بەڵام کە هەندێ جار دەنووسێ (فرمودن میرزا خلیل) ئەو گومانەم خاو دەبێتەوەو دەڵێم: نابێ نووسەرەوە (فرمودن) بۆ خۆی بەکاربێنێت. هەرچوون هەیە شیعرەکان باش و دروست و کەم هەڵەن.

– گەلێ پارچە شیعری خەلیل مونەووەری تێدایە کە لە دیوانە چاپەکەیدا نین.

سەرەتا لەم دەرفەتەدا ناوەرۆکی – ئەوەی ماوەی– کەشکۆڵەکە دەخەینە بەردەستی خوێنەران و شەیدایانی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی.


١– میرزا طرفندن سید شوقی یە غزلدر ١

٢– شوقی افندینك طرفندن ٤

٣– میرزا افندینك جانب عالیسندن ٧

٤– شوقی افندی طرفندن ٨

٥– میر لوا اسلحە قوماندانی سعادتلو یوسف پاشا مدحی ١٠

٦– تلمغارلی اوستا چو بانك حضور عالینە ١١

٧– (بچڕان) خلیل یا کەریم. دوور نییە بۆ خلیل منەووەر بێ ١٢

٨– میرزا افندی طرفندن ملا رحمت اللە یە جواب ١٤

٩– دلدار غدار بدرفتاریك اوزرینە غزلدر ١٦

١٠– علی آغا طرفندن استرجانامە میرزا افندیك ١٧

١١– تلمغار درەسزە دوشدیکم وزلیل احوال اولدیغمە والدمە غزل ٢٠

١٢– دایەی بێ مەیلم ٢٢

١٣– علی آغایە کوندر دیکم غزلدر ٣٠

١٤– اون ایکی امام رضوان اللە اوصافیە سیدر ٣٤

١٥– خواب دیدن میرزای کاتب الاشعار ٣٥

| | |
|---|---|
| ١٦– فرمودن ميرزا محمد خليل شاعر سنة ١٣١٢ | ٣٦ |
| ١٧– دلدار غدارك ترزيلكى اوزرينه غزلدر | ٣٩ |
| ١٨– مصطفى يمينك طاوغى اوزرينه غزلدر | ٣٩ |
| ١٩– فرمودن شعراء الزمان نورس افندى | ٤٨ |
| ٢٠– فرمودن ميرزا خليل غزل لطيفه تركى | ٤٨ |
| ٢١– هجو نفرين كردن ميرزا صاحب جمالى را | ٤٩ |
| ٢٢– بخذمت جناب شيخ محمد رؤف طالبان | ٥٠ |
| ٢٣– غزل جگرسوز محنت فروز شادى اندوز | ٥٤ |
| ٢٤– اشعار مضمون زار گل عزار جگرسوز مدر | ٥٥ |
| ٢٥– فرمودن جناب كاتب الحروف | ٥٥ |
| ٢٦– كلام ميرزا مولوى رئيس الشعراء رحمهالله | ٥٦ |
| ٢٧– غزل محبت آميز تركى فرمودن ميرزا | ٥٨ |
| ٢٨– فرمودن شيخ قضاى!– رضاى– طالبانى | ٦٠ |
| ٢٩– سيد أمين أفندى طرفندن ميرزا افندى يه | ٦٧ |
| ٣٠– معشوقدن (يرشئ!) طلب ايلمك غزل | ٦٨ |
| ٣١– قوريه دره بيطال رستم كلك اوزرينه غزلدر | ٦٩ |
| ٣٢– شيخ محى الدين مرحومده زوجەى شوخنيك تزويج غزلى | ٧١ |
| ٣٣– كركوك باسن قوللوغى عباس چاوشه استدعا صورتى | ٧٣ |
| ٣٤– ميرزا افندى طرفندن | ٧٤ |
| ٣٥– شوقى افندى طرفندن ميرزايه جواب | ٧٦ |
| ٣٦– غزل جگرسوز شكايت از دنيا | ٧٧ |
| ٣٧– جدى سيد بكر ايله محمد على قلعەلى اوزرينه غزل | ٧٧ |
| ٣٨– درويش لكەزاده برادرم محمد امنيك اوزرينه سويلديمكدر | ٧٩ |
| ٣٩– برفساده به دعا ايملك غزلى | ٨٠ |

٤٠- میرزای وفادار روزگار طرفندن ٨١
٤١- غزل داد بیداد فریاد از دست معشوقه ٨٤
٤٢- تعزیت نامهء جناب مرحوم صوفی أمین خردز ٨٥
٤٣- میرزا خلیل ٨٦
٤٤- میرزا افندینك طالعسز لفی اوزرینه غزل شكایت بدل ٨٨
٤٥- شعر عتابەی عربی ٩٠
٤٦- مكتوب عربی ٩٢
٤٧- گریانی- نازناوی شاعیرێكه چەند پارچە شیعری گۆرانیی بەسەر یەكەوە نووسراوە ٩٨
٤٨- موناجاتی میرزا خەلیل ١١٤
٤٩- گریانی ١٢٥
٥٠- بچڕان- گریانی ١٢٨
٥١- گریانی ١٢٨
٥٢- بچڕان- گریانی ١٣٠
٥٣- بچڕان - گریانی ١٣١
٥٤- گریانی - توركی ١٣٩
٥٥- گریانی (بچڕان) فارسی ١٤٦
٥٦- گریانی (گورانی) بچڕان ١٤٧
٥٩- شیخ رضا ١٥٠
٦٠- گریانی - توركی ١٥٣
٦١- گریانی( بچڕان ) ١٥٥
٦٢- بچڕان ١٥٦
٦٣- حیكایەتی مشك و پشیله ١٥٨
٦٤-(بچڕان ) توركی ١٦٥
٦٥- كركوكلی قوریه ده ساكن كرد ملا علینك ١٣١٧ تأریخزه مرحوم سید امین شوقینك
حقزه سویلدیكی كوردی غزلیدر (حافظ)

٦٦- ١٣١٦ تاريخيله مؤرخ سيد امينك كركوك سنجاغى لواسزه موقوف اولان محلده
عاجز لكمزن غزليدر ١٧١
٦٧- گريانى ١٧٤
٦٨- گريانى (بچڕان) ١٨٠
٦٩- (بچڕان) فرمودن ميرزا خليل اشعار مجازى لفظ تركى ١٨٧
٧٠- وله ايضا اخبار چگونگى لطيفه ١٨٧
٧١- (بچڕان) ميرزا ١٩١
٧٢- گريانى ١٩٣
٧٣- (بچڕان) گريانى ١٩٥
٧٤- شيخ رەزا ١٩٩
٧٥- وەڵام بۆ شێخ رەزا ٢٠٠
٧٦- گريانى ٢٠١
٧٧- بچڕان- شوقى ٢١٣
٧٨- گريانى ٢١٣
٧٩- (بچڕان) گريانى ٢١٤
٨٠- (بچڕان)طرف اشرف دلداردن يدن اوزريمه كلان هديه غزل يدر ٢٢٣
٨١- سيد بكرو كاسب محمد علي افندى يدن اوزريمه كلان غزل ٢٣١
٨٢- ديگر ٢٣٣
٨٣- گريانى ٢٣٦
٨٤- گريانى بۆ ميرزا خەليل ٢٣٧
٨٥- غزل محبت بدل گفتار ازل ٢٣٨
٨٦- (بچڕان) ٢٣٩
٨٧- ميرزا خليل افندى لسانندن ٢٤١
٨٨- احمد كنوش طرفندن غزل ٢٤١

٨٩- ترجللی علی آغا طرفندن میرزا خلیل افندی غزل ٢٤٣
٩٠- ینه ترجللی علی آغا طرفندن غزل فارسی ٢٤٤
٩١- میرزا خلیل افندی فرمودن غزل ٢٤٤
٩٢- ینه میرزا خلیل افندی طرفندن غزل ٢٤٦
٩٣- تکرار وایضا شعرای زمان طرفندن ٢٤٦
٩٤- میرزا خلیل افندی لساننده غزل ٢٤٨
٩٥- (بچڕان) پاشماوەی مشك و پشیله ٢٤٩
٩٦- فرمودن میرزای کاتب الحروف ٢٥٢
٩٧- دخانیه قولچیلرندم سلیمانیەلی احمد آغایه کوندر دیکم غزلدر ٢٥٦
٩٨- کرکوك مستنطقلکی ملازم عمر افندی مجذوبی عمر افندی زاده عبدالله افندی ٢٥٧
٩٩- گریانی (بچڕان) ٢٥٨
١٠٠- فرمودن جناب حافظ رحمة الله ٢٥٩
١٠١- شوقی ٢٦١
١٠٢- کلام کردی رحمة الله علیه ٢٦٢
١٠٣ گوربەو مووش ٢٦٣

**نموونەگەلێك**

دوای ئەوەی ناوەرۆکی کەشکۆڵەکەمان بە کورتیی نووسی هەلی ئەوە لەکیس نادەین یەك دوو نموونەیش لە کەشکۆڵەکە بخەینە بەر دیدو دەستی خوێنەران:

لە نێوانی شێخ ڕەزا و (شوکری فەزڵی)دا

شێخ رەزای تاڵەبانیی کە کەم کەس لە دەمی شڕی و قەڵەمی بە بڕشتی ڕزگاری بووەو، فرە کەسی بە شیعرە ناسراوەکانی داشۆردووە.. مانای وا نییە ئیتر ئەو خۆی وەك بەرزەکی بانان بێ ئارەق بۆی دەرچوویێت و، کەس نەیوێرابێ یان نەیتوانیبێ شان لەشانی بدات و تۆزی پێی بشکێنێ. لە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا نموونەگەلێکم نووسی[١].

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی پێنجەم، لاپەڕە: ٣٠٢.

نووسەرەوەی کەشکۆڵی گەرمیانیش پارچەیەك شیعری شێخ رەزای بۆ نووسیوین و، لە دوایەوە پارچەیەك شیعری لەسەر هەمان کێش و قافیە نووسیوە، کە پارچەی دووەم بەرهەڵستی پارچە شیعرەکەی شێخ ڕەزای پێکراوە. لە دێڕێکەوە کە لە کۆتایی پارچە شیعری دووەمەوە نووسراوە وەردەگیرێت کە ئەو پارچە شیعری شوکری فەزڵیی بێت، بەڵام بە هۆی ئەوەوە سەرجەمی شیعرەکانی شوکریم لە دەستدا نییە نازانم ئەم پارچە شیعرە بڵاوکراوەتەوە یان نا؟ جگە لەوەیش پارچە شیعرەکەی شێخ رەزا جیاوازیی زۆرو دیاری لە تەك چاپەکەدا هەیە، بۆیە وام بە باش زانی پارچەکەی شێخ ڕەزا وەك دەستخەتەکەو، پارچەی دییش کە –وەك گوتم– بە شیعری شوکریی فەزڵی دەزانین، لەم هەلەدا لەتەك یەك دوو نموونەی دییدا بکەین بە دیاریی لەم کەشکۆڵەوە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردیی.

**شێخ رضا**

**دست خیاط ازل خرقه ناموس عفاف**
**خوش بریداست ببالای (نقیب الاشراف)**
**یعنی نعم الخلف حضرة کاك أحمد شیخ**
**آنکه با شیر زند پنجه بمیدان مصاف**
**مصطفی نام چراغی نصب مصطفوی**
**وارث هاشم نقد گمز عبد مناف**
**مدعی کو نزند لاف ز همسایهء او**
**تکیه برجای بزرگان نتوان زد بگذاف**
**ای ترا بندگی من نه اومیدی طمع است**
**ندهم وجه کریم تو بصد وجهکفاف**
**تکیه بر مسند جهدت ز تو اندیشه مکن**
**سر انگشت ندامت نگزد أهل خلاف**
**خصمرا تیغ زبان من شمشیر تو بس**
**وای ازان روز که این هردو در آیند زغلاف**
**بشکافت دم شمشیر تو از مهرهء پشت**
**بگذرد نوك سنان من از حقهء ناف**

کمترین جود تو أی زبدهء اولاد حسین
خزح ده سالهء دولت ز دولك خانهء جاف
امتیاز از دیگران داده خدایت بسه چیز:
همت عالی و، دست کرم، طینت صاف
بزیارتگه آیاد کرامش چ عجب
سر قدم ساخته آینه ملایك بطواف
تابود همچو (بنی أمیه) ب (آل علی)
چرخ دربارهء أرباب هنر بی انصاف
یاد آندم ننمودی تو به سجل قضا
عصف مأکول لایلاف قریش إیلاف

شوکری فەضلی لەدژی پارچە شیعرەکەی شێخ ڕەزا:

ای بتن چاك زده جامهء ناموس عفاف
پای تا سر سخنت بی ادب و خوئی خلاف
از غلطهای تو این است یك آخر که بدید
ماده روبائی که با شیر در آید بمصاف
صاحب عجب کجا همت عالیش بود
هر که دارد به جبین چین نه از طینت صاف
به غصب مالی یکی خوردن دادن بدیگر
نزد تو جود مگر این بود أی بی انصاف!؟
نه ترا هست سنان نه ورا باشد تیغ
نزد مردان بود اینها نه بلافست و گذاف
آن صفتها که تو گفتی همه لایق یکیست
بوی مردیش به عالم رفته از قاف بقاف
استخوانهای درشت میخوری از سعدی مگر
نشنیدی چون فروشد بگیرد تا در ناف!

**ز طمع یوسف طبعت شده بیقدر چنان**

**پیره زالان نخریدندش بیك نیمه كلاف**

**دم بزن مرد تو ام حالا بمیدان سخن**

**خاطری نظم مرا خنجر قلاد شكاف**

**باشد از وصف دل آزری أو صرف نظر**

**تا زمانی كه بقصد تو در آید ز غلاف**

**مختصر حال خودت روز جدل می بینی**

**كار هر مرد بكردار سر آید نه بلاف**

**گرکنم نسخهء ناموس تو برباد رضا**

**من بجانار در آتش شود مثل صحاف**(١)

**آبروی شعرا بردی بدین دو روی**

**هی بفرج حرمت میخ همه خانهء جاف**

## گریانی

کەشکۆڵی گەرمیان ناو و بەرهەمی گەلێ شاعیری کوردی تێدایە، بەشێکیان لەوانەن کە پێشتر ناویان لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی نەبینراوەو، بەرهەمیان بڵاو نەکراوەتەوە و، هیچیان دەربارە نەنووسراوە. کەمێکیشیان کەم و کورت، لەملاو لەولا ناویان هاتووە.

خەلیل منەووەر یەکێکە لەو شاعیرانەی دیوانەکەی چاپ کراوەو، بەشی زۆری ئەم کەشکۆڵەیش شیعری ئەوە، ئەو شیعرانەیش کە لەم کەشکۆڵەدان گەلێکیان لە دیوانەکەدا نین. شاعیرێکی دی کە شیعری زۆری لە کەشکۆڵی گەرمیاندایە شاعیرێکە نازناوی (گەرمیانیی)یە . تائێستە ئەم نازناوەم لە کەشکۆڵ و سەرچاوەگەلێکدا نەدیوە کە دیومن و باسم کردوون و لەسەریانم نووسیوە. واتە ئەمە یەکەم جارە ناوی گریانیی دەخوێنمەوە. لە کەشکۆڵەکەدا هیچ باسێك لە ناو و شوێنی گریانیی نەکراوە، بەڵام دوای ئەمسەرەوسەر کردن و خوێندنەوەی بەشێکی شیعرەکانی کەشکۆڵەکە یەك دوو شتم بۆ ڕوون بووەوە لێرەدا دەیاننووسم بەڵکو لەمەولا زیاترمان دەربارەیان دەست بکەوێت:

---

(١) لە ژێر ئەم دێڕەدا نووسراوە (لفظ شکری آتش است تو میشوی مثل صحاف).

یەکەم: پێش باسی کەشکۆڵەکە گەلێ جار لە مامۆستا حەمەبۆرم بیستووە ناوی کەشکۆڵی عەلیاغای نەوتچیی هێناوە. کە کەشکۆڵێکی نایاب بووەو، ئەو سوودی لێ وەرگرتووە. ئێستە نازانین ئەو کەشکۆڵە چی بەسەرهاتووە.

دووەم: لەم کەشکۆڵەدا –وەك بڵاوی دەکەینەوە– پارچەیەك شیعری خەلیل مونەووەر هەیە لەوە دەدوێت کە عەلیاغای نەوتچیی ناردوویە بۆ کەرکوك بۆ سەیر کردنی (انجی خان)، وا دیارە ئینجی خان خوێندەوار بووەو، مەلایشی پێ گوتراوەو، قوتابخانەی هەبووە. خەلیل مونەووەر بەهۆی زورەخانەوە توانیویەتی ئینجی خان ببینێ.

خەلیل مونەووەر دوای بینینەکەی نامەی بۆ عەلیاغا نووسیوە، یان بۆی باس کردووە. لە باسکردنەکەدا لە کۆتایی شیعرەکانیەوە دەڵێ:

**عومووم عالەم پەرێش بریان بۆ**

**سەرمەشق دەفتەر (عەلی گریان) بۆ**

من لەمەوە بۆ ئەوە دەچم کە (عەلی گریان) عەلیاغای نەوتچیی بێت.

سێیەم: مامۆستا عەباس عەزاویی کە باسی هۆزو تیرەکانی کەرکوك دەکات باسی (آل نفطچی) دەکات و، لە پەنای ناوەکەدا نووسیویە: ئەمانە لە جافن، لەخواریشەوە دەڵێ: لە (قرا اولوس) کە بەکوردیی پێیان دەڵێن قەڵەوز و قەڵەوزی. هەر دوای ئەوانەیش دەڵێ: وا باوە کە نەوتچییەکان زەنگنەن. بەڵگەی ئەوەیش پیشان دەدەن لە بنەڕەتدا لە (ئەناضول)ن.

چوارەم: بەگوێرەی هەندێك لە سەرباسەکان دەبێ عەلیاغا لە گوندی تەرجیل بووبێت.

بەسەر ئەوەیشدا نارۆم کە یەکێك لە شاعیرەکانی ناو کەشکۆڵی گەرمیان نازناوی (شەوقی)یە، ئەم نازناوەیش لە ناو شاعیراندا زۆرە بەڵام بە پێی ئەو پارچە شیعرەی گریانیی کە لەم وتارەدا بڵاوی دەکەینەوە دەبێ شەوقی ناوی سەیید ئەمین بێت.

**فرمودن میرزا محمد خلیل شاعر سنه ١٣١٢**

**جە شەهر کەرکوك ئەی عالی نەسەب**

**جە خانەی لەکەی ئیسماعیل لەقەب**

**کاغەزێ پەرێم کەردەبیت رەوان**

**بەحث بێوەفایی مەلا ئینجی خان**

وه هەم نووسنا بیت وه چەشم جادوو
سەیرکەر بەر روخسار نەونەمام نوو
بزان چە طەورەن حوسن و جەماڵش
چە وەزنەن میزان عەقل و کەماڵش
من وێنەی صەیاد صەیدگیر ئاهوو
پەرێ دیدەنش کەردم جستو چوو
وه لەیل و نەهار پارێز مبەردم
تەماشای روخسار ئینجی نەکەردم
وه رۆژ چە حوجرەی یەك مەکتەبخانە
بە وێنەی (بیغوش) هەر مگرت لانە
یەك پەشتەماڵی ئەحمەر نە وەرد
مەپۆشا وه بان روخسار و سەردا
غەیر چە شاگردان میرزا نەدی رووش
نەزانام چۆنەن شوعلەی رەنگ و بۆش
ئەو رۆژ کە سەفەر پەرێ کفری شار
کەردم تەدارەك زاناشان ئیظهار
واتم: زوره خان شای سۆسەن خاڵان
هەمشیرەی عەزیز صاحیب کەماڵان
عەلیاغا نووسنان کاغەز پەرێ من
کیانان وه دوو بەی زێدو زامن
واتن: ئامانەت بوین ئینجی خان
ئەی گەوهەر شوناس حەکیم حاڵزان
من چۆن ئینجی خان بوینووم دەخیل؟
تەدبیرێ بکەر پەی (میرزا خەلیل)

بزانوون چۆنەن چە تەور غەزالەن
تەئریخ عومرش چەند هەفتە ساڵەن
قانوون ئەدەب چە تەور موانو
وێش وە کام مەعشووق وەرین موانو
وە عەقڵ و حیلەی ئیختیفای پڕهۆش
واچە جە طەبەق بەردارۆ سەرپۆش
چونکە من ئیمشەو نەیجاکەم ئیظهار
سەحەر بەرمەشوون پەرێ کفری شار
بادا بوینوون دیدار دڵبەر
نەبۆ وە عوقدە جە بەند جگەر
بەڵکم مەدحش کەم رۆژو ماه و ساڵ
پەی (عەلی ئاغا) وەسفش کەم ئیرسال
زورەخان شنەفت وێنەی تەهمینە
دەر لەحظە فەرما بەو نازەنینە
(قرداشن ایودە یوقدر انجی خان)
نییەن بشۆرۆ کەس دەست میهمان
(مفر بدر کیجدر صوفی صلوات)
(ابرقی قالدر پشتمالی آت)
(مسافر فزك توك آلنە صو)
سا کە ئێد شنەفت نەونەمام نۆ
(طوعا و کرها) شای سیمین بەدەن
گرت وە دەستەوە مەسینەو لەگەن
قەدەم لەنجان کەرد بێ پەردەو حیجاب
دەستم غوسڵ دا وە صابوون و ئاب

وێنــەی مــاهــتــاب بــەرئــامــا وەبــەر
سەرکـێشا نـە بـورج خـورشیـد خـاوەر
مـن کـە دیـم وە چـەم جـەمـال دلـبـەر
شەوق شەعشەش عــالــەم گــرت نــەوەر
صەد صەللا عەلام جە دەم کەرد جاری
ئــافــەریــن بــۆ پــێت ئــەی جــەمــالــداری
نییەن جە کەرکووك میثل و ئەمثالش
وە عەقڵ و ئەدەب حوسن و جەمالش
دڵـبـەر دیـنـبـەر جـە حـوسنش مـاتـەن
شەمـع شاهـپـەسەنـد شاخ نـەبـاتـەن
(رەحمە) کەردەن کەچ پای زەنج زەردش
(زورەخـان) شەیدای لیمۆی بێگـەردش
(حـوسنـی) حـەسەدخـوار گرفـتـارشەن
(گـوڵـێ) لـێوەی لـەنـج قین و قـارشەن
(ئـیـنـجـی) هـەمشیـرەت کـەمـتـرینشەن
(تــا لــە) ئــارەزووی دیـدەی دیـنشەن
صۆفـیـی صەومـیعـەی خـەڵوەکێشێوەن
پـڕ عـیـلـم و ئـەدەب یـەك دەروێشێوەن
طـەریـقـەت پـەزێر سەوڵ سیـاچـەم
مەحرووم‌ەن جە رووی مەرد نامەحرەم
ئـەسپـەردەی بـارگـەی دوڵدوڵ سواربـۆ
پـارێز نـەفس فـیـتـنـەی بـەدکـار بـۆ
عـومـووم عـالـەم پـەرێش بـریـان بـۆ
سەرمـەشق دەفـتـەر(عـەلی گریـان) بـۆ

شەرت بـــۆ تـــا زیـــنـــدەی دەور زەمـــان بـــام

ئەنـاگـۆی عـیـصـمـەت ئـەو ئـیـنـجـی خـان بـام

## نامەی گریانیی بە هۆی شەوقیی (سەیید ئەمین)ەوە

شەوقیی شەوقت بام

سەیـیـد ئـەمین فـیـدای شین و شەوقت بـام
بـەو مـەهـر مـەحـبـووس وە بـێ ذەوقت بـام
نـــەو زاریـــی زەلـــیـل رەوق و طـــەوقت بـــام
فـــیـــدای زوبـــەیـــدەی سۆسەن خـــاڵت بـــام
وەی مـەحـکـوومـی مـیـهـر پـازدە ساڵت بـام
هـــاتـــوونـــی نـــەجـــای وەڵـــگـــەی ئـــامـــۆزم
بـــــەیـــــان کـــــەر سۆزان سۆز دڵسۆزم
مـــەعـــلـــووم کـــەر جـــەلاش ئـــەحـــواڵ دەردم
جـــە بـــەغـــداد زەمین هـــا گـــیـــان سپـــەردم
چـــون واریث واە قـــەیس چـــۆڵـــگـــەردم
شاعـــەن شوعـــاعـــەی نـــاڵـــەی نـــەوەردم
فـــیـــدات بـــام شەوقـــیـــی(بـــنـــای ) دڵدۆزم
بـــەیـــان کـــەر ئـــەحـــواڵ قـــیـــبـــلـــەی دڵسۆزم
بـــزانـــۆ وە حـــاڵ شێوەی فـــەریـــادم
زایـــەڵـــەو زاریـــی مـــەنـــدەی فـــەرهـــادم
ئـــەسیـر هـــیـــجـــران غـــەمـــان ئـــوفـــتـــادم
غـــەیـــر جـــە ذیـــکـــر یـــار نـــیـــیـــەن جـــە یـــادم
شەوقـــیـــی دەخـــیـــلـــەن سۆزیـــای سۆزم
بـــەیـــان کـــەر وەفـــای قـــیـــبـــلـــەی دڵسۆزم
بـــاچـــە دڵ غـــەمـــگین هـــەم غـــەمـــنـــاک نـــەبـــۆ

چون لەیل ثانیی خەستەی خاك نەبۆ
چون ماهی جەئەبر سیاناك نەبۆ
زوڵمات بێ شەوق رووی ئەفلاك نەبۆ
سەید ئەمین ئامان شای شەم ئەفرۆزم
مەعلووم کەر جەلای قیبلەی دڵسۆزم
قەسەم وە عەینەین سەواد کارییەن
خوناب دیدەم هەردەم جارییەن
(لاحول ولا) فەرمای بارییەن
(شەوقی) بەند تەوق زەوقم زارییەن
چون گڕەی گڕان نەوای نەورۆزم
نەورۆزی سۆزان دیای دڵسۆزم
سەید بە حاجەت زویەیدەی نازدار
بە قەوس قیبلەی لەیل رۆزگار
حەرفێ جە مابەین نەدەری هەشار
تا یەك طەرەف بۆ دڵەی ماتەموار
(گریانی)م بریان صاف نەورۆزم
مونتەظیر وە مەیل لەیل دڵسۆزم

**کاتب الأشعار**

کان کۆی کەمال (کاتب الاشعار)
برای پڕ فەهیم زەکیی وەفادار
سەرمەشق جەدوەل رەزم رۆزگار
نەتیجەی نەسەب سەید سادار
بەعید بالآی زویەید نازدار[١]
ئیمرۆ جە قووەی طولووع سەحە

جـه وەقت ضوحـا چـەنی یـەك عـەسكەر
كـیـانـای پـەی مـن شیـریـن نـامـەیێ
مـەضمـوون مـەرقـووم چـون شەمـامـەیێ
تـەحـریـر تـەمـهیـر تـار طـەنـبـوور وار
گـرفـتـم بـە دەست نـامـەی پـڕ ئـەشعـار
خـەیـلێ موطـالـەع مـەضمـوونش كـەردم
شنـەوای حـورووف مـەطعـوونش كـەردم
وانـــام سەراسەر وە جـــەرگ پـــڕ زام
چـۆكـدام وە زانـوو بـێ گـفـتـەی كـەلام
مەحزوون مەحرووم صینف بەشەر بی
تـەقـدیـم بـە دەعـوای رۆژ مـەحشەر بـی
خوصووص ئـەی بـەندە وە نـائـومێدیی
یـەعنی موحـتـاجـەن پـەرێ مـەجیدیی
وە یاخود مەدیوون مەرد مەئیووسەن
یەكجار ئیحتیاج پارەی مەحبووسەن
ئـازیـز! بـفـكـرە یـە رەفـتـار نـیـیـەن
یـە رەفـتـار وەخت صوب ئـێوار نـیـیـەن
بە عەقل نەزان نوقصانیش ئەرتەر (!)
یەعنی سەیید ئەمین [كندوسن كرتر !]
صاحـیب پـارەدەر ئـەبـو فـلـووسدەر
مەنشوور مەعرووف هەم پڕ ناموسدەر
بـزورگ بـەخشنـدەی ئـابـاو ئـەجدادەن
(دایـــم المدام) مـــەردیش وە یـــادەن
خوصوص كە بابۆش سەیید سەمینەن

وە بـەخشنـدەیـی جـە عـام مـویـنـەن
دەست سەخـــاوەت کـــەردەن وە کـــەرەم
شیـیـەن نـە مـەقـام حـیکمـەت حـاتـەم
بـابۆت ئەو کەسەن شوهرەت شیعارەن
دووکـانش جـە نـام کـفـریـی بـازاڕەن
وە بـــەخشنـــدەیـــی جـــە عـــام دیـــارەن
ذیـکـرو فـیـکـر ئـەو نـام بـیش پـارەن!
وەخـتـیێ بـواچـۆ (مـتـالك هـانـی !)
جـاریـی مـبـۆ ئـاو دەمش چـون کـانیی
قـــەمـــەریـــی پـــدەر، قـــەران بـــراشەن
مـەجیدیی لـە شۆن گشت ئـەقریبـاشەن
تـەهـرانـیـی لـە شۆن دیـن مـویـنش
مـەجـیـدیـی لـە جـای سەیـید ئـەمینش
لـە زڕەی مـەنـقـوور خـودا شوکـرشەن
بـێچـوو لـە تـەنـخوای ذیکرو فیکرشەن
شەخـصیێ جـە نـەوەی بـەقـاڵ زادە بـۆ
چـەمش وە حـیـلـەی عـالـەم نـادە بـۆ
یـەك سەوزی نـیـمـداشت بـوەسۆ وەسەر
بـەریێ ئـیـعـتـیـبـار عـالـەم سەراسەر
سەیـــیـدیێ پـــەریێ یـــەك یـــارم قـــەران
صەد قەسەم خۆر بۆ بەخوداو قورئان
تـەشبـیـە بـۆ وێـنـەی لـۆتـیی کرمـاشان
جـــەچـــەك عـــالـــەم بـــوڕۆ جـــە شان
ئـەفـعـالش وەیطـەور نـە ئـافـاق تـاق بـۆ

شەقـیـی و شەقــاوەت شۆن ئـەرزاق بـۆ
گــورك پسەرش چــون بــەخشنــدە بـۆ!
یـەعـەجـەب عـالـەم پـێش نـەخـەنـدە بۆ
ئــەو بــەقــاڵـزادە نـالایــەق وە حــەرف
نا مەقبووڵ چەنێش ئەوقات کەری صەرف
جینس وێت بشناس من جینس تۆ نیم
ئـینس وێت بشنـاس من ئینس تۆ نیم
ئـەبومـەجیدیـی مـن مـوحـتـاجت نیم
نـەوەی حـەدیـدی مـن لـە بـاجت نـیم
ئــەی تــازەکـیسە مـن رەفـیـقت نـیـم
عـەقـڵت خـەسیسە مـن شەفـیـقت نـیـم
ئـەی عـەقڵ تـاراج مـن جـە ئـەوان نیم
خۆراك [بولا ماج !] من جە ئەوان نیم
صاحـیب کـەرەم مـن جـە ئـەوان نـیـم
ئەی لۆتیی عەجەم من جە ئەوان نیم
ئــەی عـەطـادادە مـن هـەمـفـەردت نـیم
ئــەی بـەقـاڵزادە مـن هـامـدەردت نـیم
ئـەی عـەقڵ قـەلیل من جە ئەوان نیم
ئــەی پـدەر رەزیـل مـن جـە ئـەوان نـیـم
ئەی نەگبەت دەلیل من جە ئەوان نیم
غـەمـخـوار خـەلـیـل مـن جـە ئەوان نیم
مەحرووم مەئیووس من جە ئەوان نیم
مەحکووم مەحبووس من جە ئەوان نیم

**بەخشندەی فلووس من جە ئەوان نیم**

**صاحیب نامووس من جە ئەوان نیم**

**من جە ئەوانەم ئەی (قرة العین)**

**تەکەللوم مەکەن وە زەوج خیصیەین!**

**من جە ئەوانەم نامش دیارە**

**ئەصڵەن موحتاج نیم وە ئاقچ و پارە**

**خەرجیی ئەی بەندە مەخصووصەن وە یەك**

**وە ذاتی وێنەی میر سوڵتان بەگ**

**وە ذاتی وێنەی رەئیس شوان**

**عەطای کەرەمم فەرزە بە ئەوان**

**نەك بە وێنەی تۆ کیسە جە دیدی**

**وێت نیشان مدەی وە یەك مەجیدیی**

**وە صاحیب کەرەم نامش نیهادە**

**خۆ تۆ مەعلوومی ئەی بەقاڵزادە**

**(کاتب الحروف) جە زەوق بەعیدی**

**یە نووسنا لە داخ عەطای مەجیدیی**

**سەرچاوەکان :**


١- کەشکۆڵی گەرمیان- دەستخەتەکە -

٢- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

٣- شاعیری چەوساوەکان خەلیل منەووەر، هەردەوێڵ کاکەیی، مصطفی نەریمان. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحریة، بەغدا، ١٩٨٤.

[illegible]

هوم عالم پریشی بریان بو — سرشق دفتر علی گریان بو
شرطبوتا زنده در زمان بام — تا گوی عصمت اوانجی خان بام

دلدار ... رلك ترزیلكی وزرینه غزلدر

ای ال ورا اوله اوستا یابدیغی گوملك ایشی — آنی اوستا مولده یا بمز هیچ ملكه چی كیشی
آدمی حیران ایدر بو جوزده خورده نا قیشی — بو زمردلك ایله طولمش گوملكن هر ایكیشی
ایلمش جوخچه هم كه بو ترزی حسابا ایكی — بو ایله معلوم دور یار هر رعبا ترزی ایملكی
بوری یا انسی جن یا خود انسان نذر ایلكی — ایلكی ابیض ایله منقوش اولوبدر یاقیشی
آغزینی بیلیر آغزین حسابلك لقه یوزن ایغ — حق تعالا عمر بیلجه ایده طویل جانك صاغ
عاقلی لغزینه اوردی ضرب حكمت ایلمغ — یردی محمد علی گوملكی دیدم یا قیشی
ای خلیل یاندن جهانده آغزی جان ...ف — یره دوندی كنج عمرك اولدن اصلا شباب
بوغا فرقت زمانه یانشوه صاپدی تراب — بیك نفر سنك كیبی كلور بوردن صاوشی

... مصطفا بیمنك طاوغی اوزرینه غزلدر

ابتدا نام پادشای بیچون — مقتدر خدای امر كن فیكون
بی مثل شریك بنای كرمدار — آفریده وخت هم لیل نهار
قرارداده چرخ سبعه بی عمد — پادشاه شاهان الله الصمد

## ئەگەر کەس پێ لە هەڵەی خۆی نەنێت دەبێ
## قەڵەمەکانی ڕەخنە بشکێنرێن!(*)

٥٢٠

لەژیانی ئەدەبیی و تەمەنی خەریکبوونم بە نووسینەوەدا چەند جار–با وەك پیشە ڕەخنەگریش نەبم– لە شێوەی ڕەخنەگرتن و سەرنج دەربڕیندا، بە پێی بۆچوونی خۆم و، بە هیوای خزمەتکردن بە ڕەوتی ئەدەبی کوردیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، لە عاستی چەند دیوان و بەرهەمێکدا وەستاوم و، ڕای خۆم دەربڕیوەو، ئەوەی بەلامەوە هەڵە بووبێت ڕاستم کردووەتەوەو، ڕێنوماییم بۆ کاری باشتر و دەوڵەمەندتر بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەوە کردووەو، لەم بوارەدا ناوی دیوانەکانی نالی و، مەولەویی و، حاجی قادری کۆیی و، خەلیل منەووەرو، میرزا ئۆلقادرو ...(١) دێنم.

(*) ئەم وتارەم نارد بۆ (ڕامان) بڵاویان نەکردەوە.

(١) بۆ نموونە بڕوانە:

١– خوێندنەوەیەکی دیوانی نالی، بەیان، ژمارە ٤٧، شوباتی ١٩٧٨.

٢– نالی بۆ شیعری وا نالێ؟ ڕۆشنبیری نوێ ، ٥٠، ئابی ١٩٧٦.

٣– ڕێبازی لێکۆڵینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم جارەی دیوانی نالی ، هاوکاری ، ١٩٧٧/١٢/٢٢ .

٤– ئەنجامی پەلەکردن لە چاپکردنی دیوانی وەلی دێوانەدا. هاوکاری ٣٢٤، ١٩٧٦/٧/٢.

٥– چەند لکێك لە زمانی (سێبەری ئەسپەشێ )دا، هاوکاری، ٤٢٧، ١٩٧٨/٥/٢٢.

٦– شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی شەشەم، ١٩٧٨.

٧– دەستی ماندوویی لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی دا، هاوکاری ٤٧١، ١٩٧٩/٤/٢٣.

٨– هەواری ئەم جارەمان بەرینە لای ئەدەب، نووسەری کورد، ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٧٩.

٩– چەند پەراوێزێکی فەرهەنگی لەك و لوڕ، ڕۆشنبیری نوێ، ٧٩/ ١٩٨٠.

١٠– خوێندنەوەی (ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا) هاوکاری، ٦٦٥، ١٩٨٢/١٢/٩ و ١٩٨٢/١٢/١٦.

١١– بەرکوڵێکی دیوانی خادیم، نووسەری کورد، ١١خولی دووەم. ئازاری ١٩٨٣.

١٢– خوێندنەوەیەکی دیوانی خەلیل منەووەر، هاوکاری، ٧٤٣، ١٩٨٤/٦/٢١، هاوکاری ٧٤٤، هاوکاری ٧٤٥.

١٣– میرزا ئۆلقادر و هەڵسەنگاندنێك. العراق، ٦٧٦، ٢١/ ٦/ ١٩٨٤.

١٤– بۆ مێژوو، بەشی یەکەم هاوکاری ٨٤٥، ١٩٨٦/٦/٢٦. بەشی دووەم هاوکاری ٨٤٧، ١٩٨٧/٧/١٠.

١٥– چەند کەلێنێك لە لێکۆڵینەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی دا. کاروان (٦١)، ١٩٧٨.

چەند بابەتی دیکەیش.....

بەداخەوە، هەرچەند لەسەرخۆ و هێمنانە دەستم بۆ ئەو دیوانانە بردوەو، بەپارێزەوە سەرنجەکانم خستۆتە سەر کاغەز، گەلێ جار ئەو نووسینانەم سەرئێشەیان بۆ دروست کردووم و، خاوەنی ئەو کارانە لە بری ئەوەی سەرنجەکانم بە هەند لێ وەرگرن و، کارەکەم دڵسۆزانە لە قەڵەم بدەن دەمارگرژیی گرتوونی و، لەسەر هەڵەی خۆیان سوور بوون و، تەشەرو توانجیشیان تێ گرتووم!

یەکەم وتارێکم لەم قاڵبە دەرچووبێت درێژترین وتارم لەم بوارەداو، چڕترین وتارم بەسەرنج و راستکردنەوەی هەڵە، وتارێك بوو کە لەسەر کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخیی نووسیبووم.

ئەم وتارە بەسەرهاتێکی داستانئامێزی لەسەر دروست بوو. کە بە کورتیی ئەمەیە:

کە وتارەکەم نووسیی ناردم بۆ گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بۆ بڵاوکردنەوە، وتارەکەیان ناردبوو بۆ کەسێکی هەڵگری (د) ئەویش بێ ئەوەی ئەوە کاری ئەو بێت بە قەڵەم کەوتبوە وێزەی وتارەکەم و، بە ئارەزووی خۆی شەق و پەقی کردبوو. دواتریش نووسیبووی: وتارەکە ئەکادیمییانە نییە و، بۆ ئەوە ناشێت لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاو بکرێتەوە!

لەو تاوەدا نامەم بۆ مامۆستا ئەنوەری سوڵتانیی نووسیبوو کە هەندێ سەرنجم لەسەر چاپەکەی کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین نووسیوە. مامۆستا ئەنوەر وەڵامی دابووەوە کە پەنجەژمێریی بۆ ئەو ڕۆژە دەکات سەرنجەکان بڵاو دەبنەوە.

کە ئەو کۆسپە خرایە سەر ڕێگەی بڵاوبوونەوەی وتارەکەم، نوسخەیەکی وتارەکەم ، کە بە خەتی خۆم بوو، فۆتۆکۆپی کردو ناردم بۆ مامۆستا ئەنوەر.

لە بەغدایش کەوتمە شوێن ئەوە بزانم کێ وتارەکەمی بەو دە ردە بردووە، بەڵێ کەسەکەم دۆزییەوە و تێمگەیاند کە ئەو هەڵەیە و لە مەسەلەی وتارەکەی من نەگەیشتوەو، پەشیمانیی بە نامە دەربڕی و، پەشیمانییەکەی نارد بۆ گۆڤارەکەو نوسخەیەکیشی دا بەخۆم ، کە ئێستەیش پاراستوومەو، وتارەکەم ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پێدرا.

لەو لایشەوە مامۆستا ئەنوەر کە وتارەکەی پێگەیشتبوو– دیارە دوای خوێندنەوەی– بێ ئەوەی وشەیەکیش چییە لێی بگۆڕێ، یان کەم و زیادی تێدا بکات ناردبووی بۆ گۆڤاری (گزینگ)و لەوێ بڵاوبووەوە.

ئەم باسەم بۆ ئەوە نووسی کە لە پەراوێزیدا بڵێم: تا نەگەینە ئەو ئاستە و، تا بەو شێوە پێ لە هەڵەی خۆمان نەنێین زۆر زەحمەتە بگەینە ئاستی ڕووناکبیرو خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی دڵفراوان و، بە شوێن ڕاستیدا وێڵ.

ئەم سەرەتایەشم بۆ ئەوە نووسی گلەییەکی برایانەو دۆستانە لە مامۆستا حەکیمی مەلا صالّح بکەم لەسەر رادەربڕینێکم دەربارەی (دیوانی بێسارانی ) کە مامۆستا حەکیم بلاّوی کردوەتەوەو، ڕادەربڕینەکەیشم بریتی بوو لە چەند سەرنجێك کە لەسەر لاپەڕەکانی ژمارە (٦٤)ی گۆڤاری (ڕامان) بلاّوبووەوەو، دواتریش لە بەرگی پێنجەمی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد...» دا لەنگەری گرت.

لەو وتارەدا بە پێی بۆچوونی خۆم و لەبەر ڕۆشنایی یەك دوو کەشکۆڵدا هەندێ پێشنیار بۆ بلاّوکردنەوەی چاپی داهاتووی دیوانەکەو، هەندێکیش سەرنج و تێبینم لەسەر چاپەکە خستە ڕوو. سەرنج و تێبینییەکانم پشت بە بەڵگەی دیارو ڕوون دەربڕیبوو و، قسەی بەرزو نزم و بێ بناغەم تێدا نەکردبوو و، ئەوانەیش کە بە چاوی موشتەریی خوێندبوویانەوە پەسەندیان کردبوو. کەچی لەم ڕۆژانەدا ژمارە (٩٣-٩٤)ی هەمان گۆڤار نووسینێکی مامۆستا حەکیمی لە خۆ گرتبوو وتم: لەوانەیە دەنگی خۆی خستبێتە پاڵ دەنگی من و هەوڵ بۆ دەوڵەمەندترکردنی سەرنجەکان بدات و، خۆی بۆ دەوڵەمەندکردنی کارەکەی خۆی لە چاپی نوێی دیوانەکەدا ئامادە بکات. بەلاّم وا نەبوو و مامۆستا حەکیم، بە گوێرەی نووسینەکەی، پێی وایە ئەو (مەعصووم) و بێ هەڵەیەو، هەرچی نووسیوە دروستەو، جێگەی سەرنج و ڕەخنە نییە.

بۆ ئەمەیش ڕێبازێکی چاوەڕاوکردنی لە خوێنەر لە نووسینەکەیدا گرتووەتە بەرو، وای پیشانداوە وەلاّمی سەرنجەکانی منی داوەتەوەو، وتارەکەی بە ناونیشانی «مەحزوون و بێسارانی یەکێك نین» بلاّوکردوەتەوەو، بەمەیش ئیشارە بۆ بەشێك لە نووسینەکەی من دەکات کە پێشگیریی ئەوەم کردووە مەحزوون و بێسارانی، ئەوەی لە کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمیندان یەك کەسن.

جارێکی دی دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسەو بە کورتیی دەڵێم: چەندین جار هاوارم لە دەست ئەوە کردووە تائێستە (فەرهەنگی نازناوی شاعیرانی کورد)[٢]مان نییەو، نازانین فلاّن نازناو هی کام شاعیرەو، بە نووسین ئاڵۆزیی ئەم بابەتەم ڕوون کردوەتەوەو، بۆ نموونە جارێك وتارێکم نووسی بە ناونیشانی: «پێنج شاعیری کورد نازناویان فانی یە»[٣].

---

(٢)- بۆ نموونە ببلیۆگرافیای شیعری کوردی هەنگاوێکی پیرۆزی ئەدەبی کوردی یە، هاوکاری (٤٩٦) ١٥/١٠/ ١٩٧٩.

(٣)- بڕوانە: گۆڤاری بەیان، ژمارە: (٥٠)، ئابی ١٩٧٨.

هەر بەم شێوەیش چەند کوردی و، چەند جەفایی و، چەند قانیع و، چەند بێخود و... مان هەیە. وەك چەند شاعیریشمان هەیە زیاتر لە یەك نازناویان لە ژیانی شیعرییاندا بەکارهێناوە و (بیمار و سالم) وەك نموونەیەك دێنمەوە.

کردنەوەی گرێکوێرەی باسەکەی مامۆستا حەکیمیش بەزانینی ئەم ڕاستییە دەبێت و، چی تێدایە مەلا مستەفای بێسارانیی نازناوی (مەحزوون)ی بەکارهێنابێت و، مەلا مستەفای دۆڵاویش هەمان نازناوی بەکارهێنابێت؟ ئەگەر ئەم پاساوەمان نەبێت دەبێ چی بە نووسەرەوەی چەندین کەشکۆڵ بڵێین کە ئەو شیعرانەی لە ژێر نازناوی (مەحزوون)دایەیان بۆ مەلا مستەفای بێسارانی داناوە؟ تۆ بڵێی ئەوانە هەموویان بە هەڵەدا چووبن و ئێمە تازە بە تازە ئەوەمان دۆزیبێتەوە؟

دوای ئەمە نامەوێ جارێکی دی بکەومەوە کوڵك و موو شیکردنەوەو، لە عاستی نووسینەکەی مامۆستا حەکیمدا بوەستم و، وەڵامی خاڵ بەخاڵیان بدەمەوە. بەڵام ئەوەندەی پێ دەڵێم : باهەر خۆی جارێکی دی، کەمێ بە وردیی، بە سەرنجەکانی مندا بچێتەوەو، یەکە یەکە بیانژمێری و، دوایی بزانێ وەڵامی چەندیانی داوەتەوەو، وەڵامی چەندیان پێ نەبووە و، چاوی قووچاندووە، تۆ بڵێی ئەو هەموو سەرنجەی من بایی ئەوەندەیان تێدا نەبووبێت چەند هەڵەیەکی مامۆستا حەکیمیان تێدا ڕاست کرابێتەوە تا مامۆستا حەکیم دانیان پێدا بنێت و، سوپاسیم ناوێت ، تەنها ئەوەندە بڵێت: لەوەدا نەمپێکاوە؟بۆ دەبێ دووبارە بۆ ئەوە بگەڕێت هەڵە لە من بگرێت تا خۆی پێ دەرباز بکات؟ کەچیی لەوەیشدا بکەوێتە هەڵەوە ! هەڵەی چاپ بۆ من بکا بە بەڵگەی ڕەسەنیی کارەکەی خۆی . بۆ نموونە:

**تاهیر عیشقت پەی دەی تاونا**

**( تو شتبی ا) بە مەی بەلات داونا**

مامۆستا حەکیم جگە لە هەندێ مانا کە لە خۆیەوەو بێ پشت بەستن بە سەرچاوەو بەڵگە بۆ چەند وشەیەکی کردووە، هاتووە وشەی (تاهیر)ی بۆ ڕاست کردوومەتەوەو دەڵێ (ئاهیر) ڕاستەو، وەك مێشی لە کولۆرە داردا دۆزیبێتەوە وای پیشانداوە.

بەڵام من بە مامۆستا حەکیم دەڵێم: خۆشبەختانە من ئەو دەقەم لە بەرگی پێنجەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا بڵاو کردوەتەوەو، بابچێ لەوێ سەیری بکات بزانێ چۆنە . جگە لەوەیش من ئەگەر لە هەڵە بۆ ڕاستکردنەوەی خۆم بترسایەم وێنەی

دەستخەتی شیعرەکانم نەدەخستە بەر دەستی خوێنەران و، داوام لێ نەدەکردن بەشی خۆیانی تێبخەن بۆ ڕاستکردنەوەی دەقی شیعرەکان.

دوای ئەمانەیش مایەی خۆشحاڵیمە ئەگەر توانیبێتم لە چەندین پارچە شیعری شێوەی گۆرانیدا بێ هەڵەی گەورەو بە یەك دوو وردە هەڵەوە هەموویانم ساغ کردبێتەوە، ئەگەر بچێتە سەر ئەوانەی مامۆستا حەکیم بەهەڵەی داناون هەڵەبن. دوا وتەیش ئەچپێنم بە گوێی مامۆستا حەکیمدا: کەسمان بە شیری تاتە گۆش نەکراوین و، لە هەورامانی تەختدا زمانمان نەپژاوە، تا زمانی خۆڕسکی هەورامیی وەك بەچکە هەورامییەك بزانین و، نەفەرهەنگی رەساو تێرو تەسەلی زاراوەی گۆرانیشمان لە بەردەستدایەو، نە زمانی ستانداردی کوردیی- چ جای گۆرانیش- لە ئارادایە تا وشەو ڕستەکانمانی پێ لە قاڵب بدەین و، لە یاسای دەرنەچین و، هەموویشمان دەزانین نەك جیاوازیی زاراوەیەکی کوردیی لەتەك زاراوەیەکی دیدا چەند  زۆرە، جیاوازیی لە نێوانی شێوەی گفتوگۆی خەڵکی گوندێك لە تەك خەڵکی گوندێکی دراوسێیدا، کە هەردووکیان بە یەك زاراوە دەدوێن، ئەوەندە زۆرە کەسێ بەوردیی سەرنجیان بدات سەرسام دەبێت و، من پێش پتر لە چارەکە سەدەیەك لەلای خۆمەوە کێشەی ئەمەم بڕاندوەتەوەو، ئەوەم گوتوە، کە لە بارو دۆخی ئێستەی زمانی کوردیدا، ناتوانین بڵێین: کورد وا دەڵێ، یان وا ناڵێ !

ئەوەیش ماوە بیڵێم: مامۆستا حەکیم لە یەکەم دێڕی وتارەکەیدا کە ئاماژەی بۆ ئەو ژمارەی گۆڤاری ڕامان کردوە کە وتارەکەی منی تێدا بڵاوبوەتەوە (٦٤)ی کردووە بە (٤٦). تۆ بڵێی بۆ ئەوە وای کردبێت خوێنەر ڕێگە نەباتەوە سەر باسەکە تا بەراورد لە نێوانی هەردوو وتارەکەدا بکات؟ لە بەر گومانبرِیی بە خوێنەری ئازیز دەڵێم: وتارەکەی من لە ژمارە(٦٤)ی ڕاماندا بڵاوبوەتەوە نەك (٤٦) و، جارێکی دیش دەقی هەمان وتارم، پوختترو بێ هەڵەتر، لە بەرگی پێنجەمی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوەدا» بڵاو کردوەتەوە.

# چەند ڕووداوێکی مێژوویی

### ٥٢١

هەرچەند لەناو زانایانی کۆنی گەلی کورددا مێژوو نووسی بایەخدەر بە مێژووی کوردو کوردستان و زاناو ناودارانی کوردمان یان هەر نەبووە، یان ئەگەر بووبێت زۆر دەگمەن بووەو، مێژوونووسانی بە ڕەچەڵەك کورد بە تەنگ مێژووی گەلانی دییەوە هاتوون و، بیریان بۆ ئەوە نەچووە لا لە مێژووی گەلەکەیان بکەنەوەو، نموونەگەلی زەق و دیاری وەك ئیبنولئەثیری جەزەریی و، ئیبنوخەلەکان و، ئیسماعیل پاشای بابانیی و،.. چەندینی دیکە نموونەی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕایەن...مانای وا نییە لەناو زانایانماندا کەسی وا نەبووە هەستی ببزوێ و حەز بکات ڕووداو و کارەساتی ناو کوردستان و پێوەندیدار بە ناوداران و زانایانی گەلەکەیەوە زیندە رابگرێت و، لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو– با لە سووچێکی تەسکیشدا بێت– یادیان بپارێزێت.

بۆ ئەم مەبەستە مێژوونووسمان نییە بەڵام (ڕووداو نووس)مان هەیەو، گەلێ فەقێ و مامۆستای زرنگ و ژیرو بەبیری وامان هەبووە لە پەنای کتێب و دەستخەتەکانیاندا ڕووداوگەلی جۆراوجۆریان وەك شاهیدی عەیان– بە چاوی خۆدیتوو– یان ئەوانەی لە شاهیدانی وایان وەرگرتوون بۆ تۆمارکردووین و، دەکرێ بە یەکخستن و کۆکردنەوەو بابەتبەندیکردن و، کەووبێژنگکردنیان گەلێ کارەساتی مێژوویییان پێ ببووژێنینەوەو، گەلێکی دیش کە پێشتر دەمبڕو لە خۆوە بەهەڵە تۆمارکراویان پێ ڕاست بکەینەوەو، بیانکەین بە کەرەستەی نووسینەوەی مێژوویەکی دروستی کوردو زاناو ناودارانی.

پێشتر لەسەر لاپەڕەکانی بەرگەکانی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە» چەندین لاپەڕەی پڕبایەخم لەم جۆرە ڕووداوە تۆمارکراوانە خستوەتە ڕوو و، ئێستەیش لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوامم و، هەرچیم دەست بکەوێت، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکەم لاپەڕەی دی بدۆزمەوەو یەکیان بخەم، بڵاویان دەکەمەوەو، وەك پێشتریش نووسیومە وەك کەرەستەی خاوی بابەتی مێژوو دەیانخەمە ناو لاپەڕەکانی ئەو هەولانەی لەسەر ئەم ڕێگە دەدرێن.

ماوەیەك لەمەوپێش لە کاتی گەڕانم بە شوێن سەرچاوەی مێژوویی سەر بە بابەتی

(هوية كركوك الثقافية)دا چوومە دیدەنیی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای عووەینەو، ئەویش ماڵی ئاوابێت پاشماوەی کتێبخانەکەی خوالێخۆشبووی باوکی نایە بەردەستم و، ماوەی ئەوەی دام سوودیان لێ وەربگرم. جگە لەو سوودانەی بۆ ئەو مەبەستەم لێ وەرگرتن و، بەناوی مامۆستاوە لە بابەتەکەدا تۆمارم کردن، لاپەڕەیەك لەو لاپەڕانەم بینیی کە مامۆستایانی رووداو نووسمان تۆماریان کردوون، داوای ئەوەم لە مامۆستا کرد رێگەم بدات فۆتۆکۆپیی بکەم، بۆ ئەمەیش مامۆستا دەستی بە روومەوە نەناو ئەوەی ویستم ئەنجامم دا.

ئێستەیش لەم هەلەدا ئەو رووداوانەی مامۆستا تۆماری کردوون، دوای کردنیان بە کوردیی، لەتەك وێنەکەیاندا، دەخەمە پاڵ ئەو لاپەڕانەی دی کە لەمەوپێش بڵاوکراونەتەوە.

مامۆستا لە سەرەتای لاپەڕەکەوە نووسیویە (سنەء هجریە) واتە ساڵی کۆچی. دوای ئەوە بە زنجیرە بابەتەکانی رزکردووە و ئێمەیش لەسەر هەمان رزو شێوە بە تانیاندا دەچین.

پێش نووسینی زانیارییەکان دەبێ ئەوە نەبوێرین کە مامۆستای نووسەرەوەیان مامۆستا مەلا عوثمانی خورمڵەیی باوکی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای عووەینەیە.. یەکێك بووە لە مامۆستا بەتەمەنەکان و، نزیکەی ١٠٠صەد ساڵ ژیاوەو، ساڵی ١٩٥٠ز کۆچی دوایی کردووە.

| بابەتەکان | مێژووی رووداوەکان |
|---|---|
| ١- هاتنی عیززەت پاشا | ١٣٣٦ |
| ٢- یوسف پاشا | ١٣١٧ |
| ٣- ئیسماعیل پاشا | ١٣٠٤ |
| ٤- موتەصەڕیف پاشا | ١٣٢٧ |
| ٥- شەهید بوونی شێخ سەعیدی سلێمانیی | ١٣٢٦ |
| ٦- بەفرە گەورەکە | ١٣٢٧ |
| ٧- کوژرانی عەزیز ئاغای عوەینە | ١٣٢٦ |
| ٨- کوژرانی حەبیبی کوڕی برایم ئاغا | ١٣٢٥ |
| ٩- هاتنی ئینگریز | ١٣٣٧ |

١٠- هـاتنی گرانیی گەورە ١٢٩٦

١١- کۆچی دوایی غەوثی بەغدا ٠٥٤١

١٢- ساڵی ژەنگی یەکەم ١٣١٠

١٣- ساڵی ژەنگی دووەم ١٣٣٤

١٤- کۆچی دوایی شێخ ئەبوبەکر- قدس سرە- ١٣٢٩

١٥- کۆچی دوایی شێخ حەسەنی قەرەچیوار- قدس سرە- ١٣٢٤

١٦- جەنگی دەوڵەتی عوثمانیی دژی دەوڵەتە گەورەکان ١٣٣٢

١٧- کۆچی دوایی شێخ نوورەدینی بریفکیی - قدس سرە- ١٢٦١

١٨- گیرانی رەواندز لەلایەنی ( عروس) رووسەوە ١٣٣٤

١٩- کۆچی دوایی مەلا محەحەدی قوشتەپە ١٣٣٥

٢٠- کۆچی دوایی مەلا وەیسی کەپەنەك رەش ١٣٣٥

٢١- یەکەم گیرانی کەرکووك لەلایەنی ئینگریزەوە ١٣٣٦

٢٢- دووەم گیرانی کەرکووك لەلایەنی ئینگریزەوە ١٣٣٧

٢٣- گیرانی کۆپری لەلایەنی ئینگریزەوە ١٣٣٧

٢٤- کۆچی دوایی مەلا طاهای شەقڵاوە ١٣٣٩

٢٥- هـاتنی گرانیی بچووك ١٣٣٧

٢٦- کۆچی دوایی کاك ئەحمەدی شێخ ١٣٠٥

٢٧- کۆچی دوایی مەلا فەتاحی شوان ١٣٣١

٢٨- کۆچی دوایی شێخ محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ ئەبوبەکرو مەلا عەبدوڵڵای سەید عوبەید ١٣٣٢

٢٩- کۆچی دوایی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ ئەبوبەکر- قدس سرە- ١٣٣٤

٣٠- گیرانی بەغدا ١٣٣٥

٣١- سەفەر بەللك ١٣٣٣

٣٢- کۆچی دوایی شێخ محەمەدی چۆلیی ١٣٠٩

٣٣- (خبز الهواء) نانی با ١٣١١

## گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی بەسوود

ساڵی ١٩٦٥ مەلای رەمەزانی گوندی گەلاّباتی سەر بە ناوچەی (کفری) بووم. موختار و کوێخای گوندەکە خضەییری حاجی عەباس بوو، خضەییر- خودا لێی خۆشبێت- لە جەنگی (عێراق- ئێران)دا بە بۆنەی کارەساتی بەدیلگیران و شەهید بوونی کوڕەکانیەوە دڵی وەستاو بە خەفەتی ئەو رووداوە سەختەوە سەری نایەوە.

خضەییر دایکێکی بە سالاّچووی دنیادیدەی نوورانیی هەبوو، چەند جار گوێم لێی بوو کە خەڵك باسی بێ بارانییان دەکرد[١] ئەو باسی (خبز الهواء)ی دەگێڕایەوەو، ورەی بەرز دەکردنەوە و، بە بەزەیی خودای میهرەبان باوەڕیانی پتەو دەکردو، دەیگوت: ساڵی(خبز الهواء) یەك دڵۆپ باران نەباری، بایەکی فێنك جارجار هەڵی دەکرد، بەو بایە گیاو دەغڵ و دان روان و، خەڵك لە هاویندا دروێنەیان کردو، گەنم و جۆو بەرو بوومیان دووربیەوەو، بەو نانی بێ ئاوە ژیان!

دیارە کە مامۆستایشمان مێژووی ئەم رووداوەی تۆمار کردووە ئەو بەسەرهاتەی دیوەو، رەنگە ئەو بێ بارانییە عوەینەو دەشتی هەولێریشی گرتبێتەوە.

| | |
|---|---|
| ٣٤- کۆچی دوایی سوڵتان محەمەد رەشاد. | ١٣٢٦ |
| ٣٥- کۆچی دوایی مەلا فەتاحی خەتێ. | ١٣٢٩ |
| ٣٦- چاوە قووڵەی یەکەم | ١٣٠٧ |
| ٣٧- چاوە قووڵەی دووەم | ١٣٣٤ |
| ٣٨- لە سەر کار لادانی سوڵتان عەبدولحەمید خان | ١٣٣٧ |
| ٣٩- کۆچی دوایی شێخ قازانی | ١٣٢٤ |
| ٤٠- جیهادی کووت و عەمارەو بەصرە | ١٣٣٤ |
| ٤١- کۆچی دوایی شێخ صالحی ئەربیل | ١٣٣٦ |
| ٤٢- کۆچی دوایی کاك عەبدوڵلاّی عەلیاواو، شێخ صالحی کاریتان | ١٣٣٨ |

(١) لە گەرمیاندا بێبارانی هەموو ساڵێك خەڵکی خەفەتبار کردووەو، پێشتر نە جۆگەی درێژی ئاو و، نە بارانی دەستکرد هەبووەو، خەڵك تەنها چاویان بڕیوەتە ئاسمان و رەحمی خودا. لەم رووەوە دەگێڕنەوە کابرایەکی ئەو ناوچە لە سەرە مەرگدا دەڵێ: (ئۆخەی!) ئەوانەی لە دەوری دەبن دەڵێن: ئەو ئۆخەیە بۆچی دەکەیت؟ دەڵێ بۆ ئەوەی دەکەم نەجاتم بوو لە دەست نوێژو بێبارانیی!

٤٣- کۆچی دوایی شێخ عەلی عەلیاوە. ١٣٢٦

٤٤- کۆچی دوایی مەلا محەمەد ئەمین مەلا سەعید ئیرانیی ١٣٣٨

٤٥- کۆچی دوایی برایم بایز ١٣٣٨

٤٦- کۆچی دوایی مەلا ئەحمەدی ماوەرانیی ١٣٢٤

٤٧- جەنگی ئینگریز لەگەڵ عەرەبیی رەشید عەلی گەیلانیی ١٣٦٠ بەمێژووی زاینیش١٩٤١

٤٨- کۆچی دوایی حاجی مەلا محەمەد ئەمینی کونە فلووسە ١٣٦٠

٤٩- کۆچی دوایی مەلا ئەفەندیی ئەربیلیی ١٣٦١

٥٠- کۆچی دوایی شێخ جەلالی عوەینە...

# سنهٔ هجريه

| | |
|---|---|
| ١٣٣٦ | آمدنا عزت پادشاه |
| ١٣١٧ | يوسف پادشاه |
| ١٣٠٤ | اسماعيل پادشاه |
| ١٣٢٧ | متصرف پادشاه |
| ١٣٢٦ | شهيد شدنا شيخ سعيد سليمانى |
| ١٣٢٧ | برف كبير ...... |
| ١٣٣٦ | قتل عزيز آغاى جوانيه |
| ١٣٣٥ | قتل حبيب بن بريم آغا |
| ١٣٣٧ | آمدنى انكريز |
| ١٢٩٦ | آمدنا قحط كبير |
| ٠٥٤١ | وفات غوث بغدا |
| ١٣١٠ | سال زنگ اول |
| ١٣٣٤ | سال زنگ ثانى |
| ١٣٢٩ | وفات شيخ ابا بكر قدس سره |
| ١٣٢٤ | وفات شيخ حسن قره چيوار قدس سره |
| ١٣٣٢ | محاربهٔ دولت عثمانيه با دولت معظم |
| ١٣٦١ | وفات شيخ نور الدين بريفكانى قدس سره |
| ١٣٣٤ | گرفتن رواندز از طرف عروس |
| ١٣٣٥ | وفات ملا محمد قزلجه |
| ١٣٣٥ | وفات ملاويس كنبك رش |
| ١٣٣٦ | گرفتن كركوك اول من طرف انكريز |
| ١٣٣٧ | گرفتن كركوك ثانى من طرف انكريز |
| ١٣٣٧ | گرفتن كوپرى من طرف انكريز |
| ١٣٣٩ | وفات ملا طه شقلاوه |
| ١٣٣٧ | آمدنى قحط صغير |

| | |
|---|---|
| ١٣٠٥ | وفات كاك احمد شيخ قدس سره |
| ١٣٣١ | وفات ملا فتاح شدالى |
| ١٣٣٣ | وفات شيخ محمد امين بن شيخ ابابكر وطلا عبدالله سيده |
| ١٣٣٤ | وفات شيخ عبد الرحمن بن شيخ ابا بكر قدس سره |
| ١٣٣٥ | گرفتن بغداد |
| ١٣٣٣ | سفر بلك |
| ١٣٠٩ | وفات شيخ محمد جبورى |
| ١٣١١ | خبز الهواء |
| ١٣٣٦ | وفات سلطان ثانى محمد رشاد |
| ١٣٣٩ | وفات ملا فتاح خطى |
| ١٣٠٧ | طاعون اول |
| ١٣٣٤ | طاعون ثانى |
| ١٣٢٧ | خلع سلطان عبد الحميد خان |
| ١٣٣٤ | وفات شيخ قازانى |
| ١٣٣٤ | جهاد كوت وعماره وبصره |
| ١٣٣٦ | وفات شيخ صالح اربيل |
| ١٣٣٨ | وفات كاك عبد الله عليا ده وشيخ صالح كاريزى |
| ١٣٣٦ | وفات شيخ على عليا وه |
| ١٣٣٨ | وفات ملا محمد امين ملا رشيد ارانى |
| ١٣٣٨ | وفات مريم بايز |
| ١٣٣٤ | وفات ملا احمد هادرانى |
| ١٣٦٠ | محاربهٔ انكريز مع عربيه رشيد على گيلانى |
| ١٩٤١ | وبالتاريخ الميلادى |
| ١٣٦٠ | وفات الحاجى ملا محمد امين كنه فلوسه |
| ١٣٦١ | وفات ملا افندى الاربيلى |
| ١٣٦١ | وفات شيخ جلال عوينه |

## چەند زانیارییەکی دی

٥٢٢

ئەم وتارەم نووسیبوو ئامادەم کردبوو بۆ ناردنی بۆ بڵاوکردنەوەو، هەر ئەوەی مابوو بینێرم، لەو تاومۆدا بە شوێن لاپەڕەیەکدا دەگەڕام دەربارەی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری (مصنف) بزرم کردبوو، لە پڕ چاوم بە لاپەڕەیەکدا هەڵتۆقی کە نازانم کەی و لای کێوە دەستم کەوتووە، لاپەڕەکە وەك ئەمەی پێشوو زانیاریی مێژوویی تێدایەو، هەندێکیان بە سوودن و، گوتم کە باسەکەم باسی زانیاریی مێژووییەو ئەمیش هەمان بابەتە، چ عەیبێکی تێدایە ئەگەر لەتەك یەکدا بڵاویان بکەمەوە؟ بۆیە ئەمیشم پاڵ ئەوی دی خست و، لێرەدا دوای ئەوەی لە فارسییەوە دەیکەم بە کوردیی بڵاوی دەکەمەوە:

**ڕووداوی مێژوو**

| | |
|---|---|
| * چاوە قووڵە | ١٢٤٧ |
| * گرانیی | ١٢٩٧ |
| * کۆچکردنی خەڵك بەرەو سلێمانی | ١٢٦٢ |
| * ڕشانەوەی گەورە | ١٣٠٧ |
| * ڕشانەوەی بچووك | ١٣٢٢ |
| * هاتنی ئیسماعیل پادشا | ١٣٠٤ |
| * هاتنی موتەصەڕیف پادشا | ١٣٢٧ |
| * کۆچی دوایی شێخ سەعیدی حەفیدی کاك ئەحمەد | ١٣٢٦ |
| * کۆچی دوایی حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی ٣ی ڕەبیعولئەوەل | ١٣٢٦ |
| * کۆچی دوایی مەلا عەبدولفەتاحی شوان | ١٣٣٠[١] |
| * کۆچی دوایی شێخ ئەبوبەکر | ١٣٢٨ |
| * کۆچی دوایی شێخ ڕەزای برای شێخ عەلی کەرکووك | ١٣[٢] |

(١) لە دەقی یەکەمدا مێژووی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا فەتاحی شوان ساڵی ١٣٣١ بوو لەم دەقەدا ١٣٣٠یە.

(٢) لێرەدا مێژووەکە بە ناتەواویی نووسراوە و تەنها (١٣) نووسراوە.

* لەسەرکار لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید ١٣٢٧
* لە دایکبوونی ئیسماعیل کوڕی محەمەد ئەمینی برام ١٣٢٦
* لە دایکبوونی ئامینەی کچی محەمەد ئەمینی برام ١٣٣٠
* لەدایکبوونی ئەسمای کچی طاها ١٣٢٩
* لە دایکبوونی محەمەد صەدیقی برازام ١٣٣٠
* لە دایکبوونی رەسووڵی کوڕی محەمەد ئەمین ١٣٣٤
* کۆچی دوایی دایکم و پیرداودی برام لە مانگی (محرم الحرام)دا ١٣٣٣
* جیهادی بەصرەو.... ١٣٣٣[٣]
* جیهادی راوندز – ١٣[٤]

## رووداوی مێژوویی

لە کۆتایی دەستخەتی ٣١٥/٤٤ ەوە هەندێك زانیاریی بە فارسیی نووسراوە، بە پێویستم زانی بیانکەم بە کوردیی و لێرەدا تۆماریان بکەم:

بزانن لە ساڵی ١٣٢٩دا فەرتەنەیەکی ترسناك بە بۆنەی بارینی تەرزەو بارانەوە لە کووچە و بازاڕی بازرگانەکانی سلێمانیدا رووی دا، بە بۆنەی کەرامەتی سەیدە گەورەو بەڕێزەکانەوە، بە جۆرێك پتر لە صەد ماڵ لە ناوچوو، قەیسەرییەکانی بازاڕ پڕ بوون لە تەرزە و ئاو، دوکانەکان بە هەرچییەوە تیایاندا بوو تێدا چوون. زۆر لە... لافاو بردی، کاتی بەهار دوو ساڵ دوای شەهیدکردنی شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی کوڕی لە شاری موصڵ و، یەك ساڵ دوای گرتنی ساداتی وەك سەیدەکانی تیمارو گەڕەزیل و مردنیان لە بەندیخانەدا وەك: بابا رەسووڵ و، شێخ طاهاو، شێخ کەریمی برای. خودا لێیان خۆش بێت و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادیان کات.

(٣) لێرەدا وشەیەکم بۆ نەخوێنرایەوە.

(٤) ئەمەیش بەر سووچی خوارووی لاپەڕەکە کەوتووەو دڕاوە.

## خورشید و خاوەر

١١/٤/ع

٥٢٣

**دانەری نەزانراوە**

سەرەتاکەی:

**دومای حەمدی ذات جیهان ئافەرین**
**یاوام وە تەعریف شای خاوەر زەمین**
**شنەفتم نە پەند دانای هونەروەر**
**پادشاهێ بی نە موڵك خاوەر**

کۆتاییەکەی:

**لوان وە ستیقبال شەهزادەی خاوەر**
**وە بەزم شاد ئاماشان وە بەر**

محەمەدی نۆتشیی حەوتی شەوال ساڵی ١٣٤٨ لە حوجرەی سۆڵەی چرچەقەڵا نووسیویەتیەوە.

## وەفاتنامەی پێغەمەر(ص)

١١/٣/ع

٥٢٤

**دانەرەکەی نەزانراوە**

سەرەتاکەی:

**تاك تەنهای فەرد تاك ...فەرد**
**کەرەم بێشومار تاك تەنهای فەرد**
**قادر قەییوم هەوای گەرم و سەرد**
**نەیهێشتوە دەبێ تێدا نەبێ گەرد**

کۆتاییەکەی:

**کـــردیـــان نماز جـــەنـــازەی رەسوول**

**بە حوضووری دڵ بە صەف و ئوصوول**

**یـا رەب بــەحــاجــەت رەسوول سەروەر**

**بـبـەخشە گـونـاە ئـوممەتـان یـەکسەر**

هەشتی مانگی شەوالی ١٣٥٠ محەمەدی نۆتشیی نووسیویەتیەوە. (١١/٦/ع)

## شیرین و فەرهاد

٥٢٥

**دانەرەکەی نەزانراوە**

سەرەتاکەی:

**رۆزگـــــاران داد رۆزگـــــاران داد**

**[ومــن پــی ویــرد!] رۆزگــاران داد**

**پەی کەچیی دەوڵەت کەفتەکاران داد**

**پەی جە شەرتی شەرت شەهریاران داد**

کۆتاییەکەی:

**سەد رشتـەی بـەدەن مـکـەردی بـە نێش**

**هەرکەس بەدکارەن بەد مەیۆ نە رێش**

**تـەئریـخ گـوفـتـار (شدە) مـیـحـنـەتـبـار**

**هــەزارو یــەکـصەد هــەشتـادو چـەهـار**

محەمەدی نۆتشیی ١٣ مانگی دیلقەعدەی ساڵی ١٣٤٩ لە حوجرەی ئەبا عوبەیدە نووسیویەتیەوە.

وەك لەم دەقەی دواییەوە دەردەکەوێ کە ساڵی ١١٨٤ دانراوە ئەم دەقە یەکێکە لە دەقە کۆنەکانی ئەدەبی کوردیی.

## سيرة النبي به فارسى

٤/١١

٥٢٦

ئەم دەستخەتە هۆنراوەیەکی فارسییە بە ناونیشانی (سیرة النبي).

ناوی دانەرەکەی دیاریی نەکراوە پێدەچێ دانراوی غازیی ناوێ، یان غازیی نازناوێ بێت، چونکە لە بەیتێکی پێشەکیی کتێبەکەیدا دەفەرموێ:

**مگر زان نظر (غازى) جرم كار**

**ز دوزخ نجاتش دهــد كـردگــار**

هەروەها لە کۆتاییشدا دەفەرموێ:

**بــەعشق ار خـرد پـرورى گـوش كـن**

**كه (غازى) هم از عشق كف نوش كن**

یان هەر دوو بەیت لە دوای ئەمەوە دەفەرموێ:

**بەفضل خود اين بندگان شاد كن**

**تـو (غــازى) بـيــامرز آزاد كن**

دەستخەتەکە (٢٧١) لاپەڕەیە. ساڵی ١٣٥١ نووسراوەتەوە، نوسەرەوەکەی ناوی خۆی نەنووسیوە، سەرەتاکەی ئاوایە:

**بــنــام خـداى كـه در هــيــچ جـاى**

**نــبــود نــبــاشد جـز از وى خـداى**

**خـداى جـز از وى خـداونـد نـيست**

**خداى است كس هيچ مانند نيست**

کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

**چو ظاهر شود صبح روز لقا**

**مكن هيچ محروممان از دعا**

**بــهــر دم هــزاران درود سلام**

**بـجـان مـحـمـد عـلـيـه السلام**

**هزاران پيام و هزاران درود**

**ز مـا بـر مـحمد عليـه السرود**

وا دەزانم دانەرەکەی کوردە، سوننیی مەزهەبە و، کتێبەکەی لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوننەتە.

## رفع الحاجب في شرح اثبات الواجب

## دانراوی شێخ عبدولقادری موهاجیر(*)

٥٢٧

مامۆستا شێخ عەبدولقادری موهاجیر یەکێکە لەو زانا مەزنانەی کە دوای ئەوەی لە سلێمانیدا جێگیر بووە بایەخێکی باش بە خۆی وەك مامۆستاو مودەڕیس و، بە دانراوەکانیشی وەك کتێبی مەنهەجیی لە حوجرەکانی کوردستاندا دراوەو، خۆی دەرزی وتوەتەوە و، ئیجازەی تەدریسی بە فەقێیان داوە و، کتێبەکانیشی بایەخیان لە کتێبی گەلێ مامۆستای کۆن و نوێ زیاتر پێدراوەو، هەر ئەمەیش بووە ڕێگەی بۆ دانراوەکانی خۆش کردووە تا بگەنە قاهیرە و لەوێ ڕێگەی چاپخانە بگرنە بەر.

ئەم مامۆستا چەند دانەیەك لە دانراوەکانی ناسراون و باسیان کراوە، کەچی لە تەك ئەو بایەخپێدانەدا کە باسمان کرد، دانراوگەلی دیکەی هەبووە کەس هەواڵیان نازانێت و، یان هەر بە یەکجاریی تێدا چوون، یان لە شوێنی چەپەك و دوورە دەست و نزیکە مەترسیدا لە بەردەمی هەڕەشەی لەناوچووندان.

بەڵگەی ئەمەیش و. بەڵگەی ئەوەیش کە دانراوی ئەم وای بەسەر هاتبێ دەبێ دانراوی مامۆستایانی دانیشتووی کوێرە دێ و دوور لە ئاوەدانیی چییان بەسەر هاتبێت؟ دانراوێکی دیکەی ئەم مامۆستا بە مێژووی زانستی زانایانی کورد دەناسێنم و، لە پەنایشیدا هەندێك لە دانراوەکانی دیکەی.

سەر لە ئێوارەیەك بۆ گەڕان بە دوای هەندێ زانیارییدا دەربارەی کەرکوك بۆ ئەوەی بیانخەمە سەر چاپی دوەمی (هوية كركوك الثقافية والادارية) سەردانی بنکەی ژینم کرد،

(*) لە ژمارە (٧٦)ی پەیامی ڕاستیدا بڵاوبووەتەوە.

که چەند دەستخەتێکی کتێبخانەی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمینی ئیمام تابووری کەرکووکییان لەلایەو، لە ناویاندا زانیاریی دەربارەی کەرکووک و قوتابی و مامۆستا و مەدرەسەکانی کەرکووک هەیە. چاوێکم بە کتێبەکاندا گێڕاو هەندێ زانیارییم لێ وەرگرتن و خستمنە سەر چاپی دووەمی (هوية كركوك الثقافية والادارية) . لە ناو دەستخەتەکاندا چەند پەڕە پەڕەی شپرزەم بینی، سەرنجیان ڕاکێشام، کۆم کردنەوە، دوایی بۆم دەرکەوت دانراوی مامۆستا شێخ عەبدولقادری موهاجیرە. داوام لە مامۆستا ڕەفیق صاڵح کرد کە ئەو پەڕە پەڕانە بەرمەوە ماڵەوە بەڵکو شتێکیان لەتەکدا بکەم و یەکیان بخەمەوە، بەڵێ هێنامنەوە ماڵەوەو بەشێنەیی لە تەکیاندا خەریك بووم، توانیم سەروبەریان بگرمەوەو یەکیان بخەمەوە، خۆشبەختانە سەرەتاو کۆتایی تەواو بوو، لە ناویشەوە، ئەگەر لێی کەوتبێ، زۆری لێ نەکەوتوە.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

دەستخەتەکە (١٣٧) لاپەڕەیە. لاپەڕەی(٢٠) دێڕی تێدایە، پێوانەکەی (٢٠,٥× ١٤,٥سم)ە، بەخەتی دانەرەکەیەتی، موسوەدەیە، ساڵی ١٢٧٣ك لە دانان و پوختەکردنی بووەتەوە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

« بسم الله الرحمن الرحيم. الحمد لله الذي لم يكن له شريك في الملك وخلق كل شئ فقدر تقديرا، الذي يعلم ما يلج في الارض وما يخرج منها وهو معكم اينما كنتم فكبروه تكبيرا. والصلاة والسلام الاتمان على نبيه الذي أرسله بالهدى ودين الحق الى كافة الانام بشيراً ونذيراً، وعلى آله وأصحابه الذين أبشروا بالجنة التي اعدت للمتقين فكانت لهم جزاء ومصيراً.

أما بعد: فيقول الراجي من الاول والآخر والباطن والظاهر مغفرة ذنوبه، العبد المفرط عبدالقادر: لما كان علم معرفة الاول...»

دواي پێشەکییەکی لاپەڕەو نیويي دەنووسێ: «... فجاء بحمده تعالى في مدد شرف الاسلام ، وامداد انفاس الاقلام، لمخدرات ذلك الكتاب، كعقد اللؤالى لمعاقد الكواعب الأتراب، فى تنوير ظلام الليالي، فسميته: رفع الحاجب في شرح إثبات الواجب. واسأله النفع به الى يوم يلقونه إنه خير النافعين. قال رحمه الله...»

کۆتاییيەکەیشی ئاوایە:

«تم تصحيحه وتنقيحه بعد جمعه وتأليفه بعونه تعالى يوم الإثنين بعد ما مضى من الشهر التالي لشهر ولد فيه خير البشر، عليه وعلى آله الف الف صلاة وسلام في كل آن إلى يوم المحشر، خمسة عشر من الأيام في سنة الف ومائتين وثلاث وسبعين من هجرة من علت بانتسابه كعب بن كعب ومضر. والحمد لله على ما وفقني على ذلك مع عدم مراجعتي في تحريره الى كتاب من كتب القوم الا في موضع أو موضعين»

لەخوار ئەمەوە بە خەتێکی دی نووسراوە:

« كاتبه المؤلف عبدالقادر السنندجي. آه آه آه ، وأنا الحقير عبد الكريم».

مامۆستای موهاجیر بەم کتێبە- وەك لە ناوەکەیشیەوە دیارە- شەرحی نامیلکەی (اثبات الواجب)ی مامۆستا جەلالەددینی دەووانیی کردووە. ئەو نامیلکە لە سەردەمی خۆیدا لە حوجرەکانی کوردستان و لای مامۆستاکاندا زۆر باو بووەو، بە دەرز خوێندراوەو، حاشیەی بۆ کراوەو، شەرحی لەسەر کراوە، تەعلیقی لێدراوە و، دەیان لەو جۆرانەی بەسەرەوەیە. ئەم مامۆستایش کە شتێکی روونمان دەربارەی ژیانی لە دەستدا نییە، وا دیارە خەڵکی دەووان[1]- یان دووانی سەر چەمی سیروان - بووە، کە یەکێك بووە لە شوێن و قەڵا ناودارەکانی کۆنی کوردستان و، ئێستە هەر ناوەکەی ماوەو، ئەو دەورەی لە مێژوودا بوویەتی کاڵ بووەتەوە، ئێمە شتێکی ئەوتۆی دەربارە نازانین.

وەك گوتم مامۆستای موهاجیر کە زۆر کۆن نییەو لە شوێنێکی دیاری سەردەمی خۆی وەك سلێمانیدا بووەو جێگەو پلەی دیاریشی هەبووە کەچیی دانراوەکانی ئاوا پەرتەوازە بوون و، تەنانەت نازانین چەند دانراویشی هەبووە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ناوی ئەم چەند دانراوەی هێناوە:

١- شەرحی (تهذيب الكلام) کە سێ شەرحی لەم کتێبە کردووە: (قدیم) و (جدید)و (اجد).

٢- دانراوی لە (عیلمی خودای تەعالا)دا هەیە ناسراوە بە ( ریسالەی عیلمی یە)

٣- نامیلکەیەکی لە عەقائید دا هەیە.

٤- حاشیەیەکی مودەوەنەی لەسەر حاشیەی لاریی هەیە.

جگە لەمانە ناوی دانراوی دیکەی ئەم مامۆستام نەدیوە. وەك دەبینی ئەم دانراوەی لێرەدا باسم کرد هیچ کام لەم دانراوانەی سەرەوە نییە. جگە لەمەو لەوانەیش دانراوی دیکەی ئەم مامۆستا لە ( دار المخطوطات العراقيه)دا هەیە، کە بەداخەوە کاتی خۆی

(١) بڕوانە: شهرزور- السليمانية. عباس العزاوي بغداد، مطبعة السالمي، الطبعة الاولى، ١٤٢٠هـ ٢٠٠٠م.

ماوەم نەبووە وێنەی بگرم، یان بە درێژیی لە سەری بنووسم. ئەوەی کە دەربارەی نووسیومە ئەوەیە:

دەستخەتی ژمارە (٥٠٧٢ د.ع) ناوی (مختصر العقائد و شرحه)یە، شەرحەکەی دانراوی شێخ عەبدولقادری موهاجیرە. عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ مەعرووفی قەرەداغیی ساڵی ١٢٧٩ لەبەر خەتی دانەرەکەی لەبەر خاتری مەلا ئەحمەدی کەرکووکیی نووسیویەتیەوە.

لە دامێنی ئەم کورتە باسەدا دەربارەی شێخی موهاجیر بەناچاریی خۆم لە ناو ئەو باسەدا دەبینمەوە کە کەم جار هەیە- بە شێوەیەك لە شێوەکان- ئاماژەی بۆ نەکەم، ئەویش کەمتەرخەمیکردنی مامۆستایانمانە لە عاستی کەڵەزاناو گەورە پیاوانمان دوای کۆچی دواییان . مامۆستا شێخ عەبدولقادری موهاجیر لە سەردەمی خۆیدا ئەو رێزەی هەبووەو، بەو مامۆستا گەورە ناسراوە کە زانایانی وەك: پێنجوێنی و، قەرەداغیی و، قزڵجیی و چەندانی دی حاشیەو شەرح و تەعلیقاتیان بەسەر دانراوەکانیەوە نووسیوە، دانراوەکانی، بێ بڕیاری رەسمیی کەس- کراون بەکتێبی مەنهەجیی و، لە حوجرەکانا مامۆستا گەورەکان بە دەرز بە فەقێکانیان گوتوونەتەوە. کەچیی بە ماوەیەکی کەم دوای کۆچی دوایی خۆی ئەم باسانە هەموو لە بیرکراون و، دانراوەکانی پەرتەوازە بوون و، خۆیشی خەریکە دەچێتە ریزی مامۆستا لە بیرکراوەکان(٢).

بۆ دەرخستنی سووچێکی پلەو پایەی زانیاریی مامۆستا لە چەرخی خۆیدا ژمارەو ناوی هەندێ لە دانراوەکانی - تەنها ئەوانەیان کە من پەیم پێ بردوون و یاداشتم کردوون- لێرەدا تۆمار دەکەم:

تقريب المرام شرح تهذيب الكلام:

١- ٢١٦٩٠ د.ع لە کۆتاییەکەیەوە نووسراوە:

« الحمد لله الملك العلام على اتمام (تهذيب الكلام ) للعلامة التفتازاني الهمام، وشرحه الفائق اللائق ( تقريب المرام) للشيخ الفاضل الكامل المهاجر، بأنملة سميه عبد القادر، نجل عبد المؤمن الجوانرودي الميرعبد اللهى، حفهما الغفران ولطفه... مع حواشى أستادي ومن به اعتمادى، شمس فلك العرفان، سمي ابن عوف، عبدالرحمن، تالى الفاضل القزويني، مولانا المحقق الپينجوينى. ووقع ختم قراءته لدى ذلك الجناب لازال ظله العالى على زمرة الطلاب.

٢- ١٦٤٢٩د.ع نوسخەیەکی دییە مەحموودی کوڕی مەلا سەعیدی کوڕی مەلا

(٢) بڕوانە: بنەماڵەی زانیاران، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەفیق، ١٤٠٤-ك ١٩٨٤-ن، ل: ١٤٢.

مەحموودی کوڕی مەلا ئەحمەدی قەمچووغەیی ساڵی ١٣٠٥ لە خزمەتی شێخ نەسیمی برای شێخی موهاجیردا نووسیویەتیەوە.

٣- لە کۆتایی نوسخەی (١/٣٢٧٣٣ د.ع)ەوە نووسراوە:

« الحمد لله على الكلام ثم الصلاة على سيد الانام، قد تم باستعانة وتوفيق الملك العلام، على يد الطالب المتجرع من كؤس ذوي الأفهام الذي قصمت ظهره أحمال الأيام، وقضمت قواه مشاق الأيام، وانقضى كوكب طالعه بفوت الأقوام، ببلية الطاعون التي هدمت لذات الخواص والعوام، و فجفج فواحش الكلام، وقسا قلبه برمي الدهر بالازراء حافي الاقدام، وقبحت أحواله، وغربت آماله. وصار هذه المصائب الاسهام! زمن فوزه بفيض الشيخ الهمام، الشيخ عبدالله ابقاه الله إلى قيام الساعة في ساعة القيام، في زاوية (سياهگويز) في جمادى الأول، سنة سبع وثمانين بعد المائة والألف، من هجرة خير الأنام، محمد القسيم بن الشيخ أحمد بن الشيخ محمد القسيم التختي، غفراالله له ولوالديه الاحرام. وادخلهم الجنة دار السلام».

٤- (٥٣٨٨د.ع) نوسخەیەکە کە سەیید قولی کوڕی سەیید عەبدولقادر حسەینی لە شاری کۆیە ساڵی ١٣٠٤ لە خزمەتی مامۆستا مەلا صاڵحدا نووسیویەتیەوە.

٥- نوسخەی (١٨٣٢٠د.ع)ش شێخ عبدولقادری کوڕی شێخ محەمەد ئەمینی دەلووجەیی ساڵی ١٣٠١ لە مزگەوتی شێخ مصطەفای موفتیی لە سلێمانیی نووسیویەتیەوە .

٦- نوسخەی (٥٨٥٣د.ع)ش محەمەدی کوڕی حسەینی دێلێژەیی لە بەر خاتری سەید محەمەد صاڵحی کوڕی سەید مەحموودی دێلێژەیی ساڵی ١٢٩٠ نووسیویەتیەوە.

٧- دەستخەتی(٤٣٩٢٤د.ع)ش نوسخەیەکی دیکەی ئەم کتێبەیە محەمەد ئەمینی کوڕی عەبدوڵڵا ساڵی ١٢٨٥لە ژیانی دانەریدا نووسیویەتیەوە.

٨- نوسخەی (١٦٧٨٥د.ع)ش محەمەدی... کوڕی مەلا عەبدوڵڵای نازەنینی لەبەر خاتری مەلا عەلی (دارسیی) کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی حەسەنی کوڕی مەحموودی کوڕی محەمەدی کوڕی حەسەینی کوڕی حەسەنی کوڕی محەمەدی کوڕی نەبی هێرۆیی ساڵی ١٣١٥ نووسیویەتیەوە.

٩- نوسخەی (٢١٦٩١)ش سولەیمانی جوانڕۆیی لە شاری سابڵاخ نووسیویەتیەوە.

١٠- نوسخەی (١٨٣٧٤د.ع)ش پارچەیەك شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیی لە سەرەتاکەیەوە نووسراوە.

١١- ژمارەکانی (٧٢٦٠) و (١٥٨٩١) و (١٤٥١٢) و (١١٣١٢) و (٣٥٩٣٦) و (١١٩٦٠)

و (١٧١٢٥)ش نوسخەگەلێکی هەمان کتێبن لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراون.

١٢- نوسخەی (١٤٣٣١د.ع)ش دانراوی مامۆستای ناوبراوەو عەبدوسەمیعی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی چنارەیی ساڵی ١٣١٦ لە قەڵای ئەربیل لای مامۆستا مەلا ئەبوبەکری ناسراو بە مەلا گچکە نووسیویەتیەوە.

١٣- دەستخەتی ژمارە (٤٢٤٢٤د.ع)ش نوسخەیەکی دیکەی هەمان دانراوی مامۆستای موهاجیرە، عەبدوالقادری (الخوچ خوچی) ساڵی (١٣٢٨)نووسیویەتیەوە.

**تتميم المرام:**

١- دەستخەتی ژمارە (٤٣٩٠٩د.ع) نوسخەیەکی ئەم کتێبەیە مصطەفای کوڕی سەعید ئەفەندیی قەڵەندەر ساڵی ١٣٠٢ نووسیویەتیەوە.

٢- دەستخەتی (٢١٣١٦د.ع)ش نوسخەیەکی دیکەی (تتميم المرام)ە.

**چەند دانراوێکی لە عەقائید (عیلمی کەلام)دا:**

١- نوسخەیەکی دیکەی (رفع الحاجب في اثبات الواجب) ئەم نوسخە ساڵی ١٢٨٩ نووسراوەتەوە. بە ژمارە (١٦٦٥١)لە (د.ع)دا پارێزراوە.

٢- الشرح العجيب على الدواني: سەیید مەحموودی مودەڕیس و خەطیب[٣]ی شەوالی ساڵی ١٢٧٢ لە سلێمانیی نووسیویەتیەوە. بە ژمارە (١٣٩٤٣)لە (د.ع)دا پارێزراوە.

٣- (شرح مسأله العلم لعبدالحكيم فى علم الكلام): محەمەد صابیری کوڕی عەبدوڵڵای گردمەلایی ساڵی (١٣٧١) بۆ مەلا طەیبی دووشیوانیی نووسیوەتەوە. بە ژمارە (٣/٧٨٢١) لە (د.ع)دا پارێزراوە.

٤- (شرح العقائد)بە ژمارە (١/١٧٥٦٣) لە (د.ع)دا پارێزراوە.

٥- دەستخەتی ژمارە (٤٣٢١٥ د.ع) ئەم دانراوانەی خوارەوەی مامۆستا شێخ عەبدولقادری موهاجیری تێدایە:

أ- (شرح الانموذج في العقائد) شەرحەکەیش و مەتنەکەیش دانراوی مامۆستای موهاجیر خۆیین.

ب- (شرح الزوراء والحوراء).

(٣) بۆ زانینی زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: محمدعلي القرەداغي، (ورود الكرد في حديقة الورود) چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ج- حاشیەی شێخ عەبدولقادر بەسەر (اللاری) یەوە.

ئەم سیانە بە خەتی ماموستا مەلا مەحموودی مەزناواییین.

٦- دەستخەتی ژمارە (٥٠٧٥د.ع)ش کۆمەڵێك دانراوی ماموستای موهاجیری تێدایە، لەوانە حاشیەی بەسەر (اللاری) و حاشیەی بەسەر عەقائیدی دەووانی و، چەند مەسئەلەیەکی دیکەی عیلمییەوە. بەداخەوە کاتی خۆی کە لە (د.ع)دا سەیری ئەم دەستخەتەم کردووە وەك پێویست ناوەرۆکیم یاداشت نەکردووە.

٧- دەستخەتی ژمارە ( ٣٥٦٢٥د.ع) نامیلکەیەکی دیکەی ماموستای موهاجیرە لە عەقائیددا، بەشێکە لە دەستخەتێك بۆ تەماع و پارە - پارە -پارە کراوەو ئەمە بەشێکە لەو پارچە پارچانە.

٨- دەستخەتی (٢١٣١٦د.ع)ش کە پێشتر نووسیمان و سەرەتاکەی کتێبی (تتمیم المرام)ە ئەم دانراوانەی دیکەیشی تێدایە:

أ- رسالة في الامامة.

ب- حاشیەی بە سەر مەسئەلەی عیلمی خوداوە کە دانراوی (عبدالحکیم)ەو پێشتریش ناوی هاتووە.

ج- رسالة في العقل

د- رسالة في الزمان والزماني. لە کۆتاییەوە ناتەواوە.

ئەمانەی لێرەدا تۆمارم کردن بەشێکن لەو دانراوانەی ماموستای موهاجیر کە من پەیم پێ بردوون و تۆمارم کردوون، بێگومان هەر لەو کتێبخانەدا چەندین نوسخەی دیکەی ئەمانەو دانراوی دیکەی ئەم ماموستا هەن، کە کاتی خۆی من لە بەر بێ کاتیی نەمنووسیون، یان بەسەرمدا تێپەڕیون. ئەمانە بۆ یەك کتێبخانە. خۆ ئەگەر سەردانی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی و، کتێبخانەی زانکۆی صەلاحەدین و، چەندین کتێبخانەی دیکەی ناوەوەی وڵات بکەین رەنگە دەیان نوسخەو دانراوی دیکەی ئەم ماموستا بدۆزینەوە، با کتێبخانەکانی دەرەوەی وڵاتیش -بەتایبەتیی تورکیا- بوەستێ، کە دەزانین هۆی ناسین و ناوبانگ دەرکردنی ئەم ماموستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە نوسخەی (تقریب المرام)ەکەی ناردووە بۆ سوڵتانی عوثمانیی و، ئەویش لەبەر بایەخی کتێبەکەی خەڵاتی کردووەو، پلەو پایەی تایبەتیی و مووچەو بەراتیشی بۆ بڕیوەتەوە[٣].

لەکۆتاییدا: ئومێدەوارم یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم ماموستاو بەسەرهاتی ژیانی و

دانراوەکانی دیکەی ببنە مادەو بنەمای نامەیەکی ماجستێر یا دوکتۆرای قوتابییەکی زرنگ و دڵسۆز و لێهاتووی کورد، تا ئەم مامۆستایش لە گۆشەی لەبیرچوون دەربهێنرێت و، بە جیهانی زانست بناسێنرێت.


بسم الله الرحمن الرحيم الحمد لله الذي لم يكن له شريك في الملك وخلق كل شيء
فقدره تقديرا الذي يعلم ما يلج في الارض وما يخرج منها وهو معكم اينما كنتم فكبره
تكبيرا والصلوة والسلام الاتمان على نبيه الذي ارسله بالهدى ودين الحق الى كافة
الانام بشيرا ونذيرا وعلى اله واصحابه الذين ابشروا بالجنة التي اعدت للمتقين فكانت
لهم جزاء ومصيرا اما بعد فيقول الراجي من الاول والاخر والباطن والظاهر مغفرة
ذنوبه العبد المفرط عبد القادر لما كان علم معرفة الاول وصفاته من اعلى العلوم
واسناها بل اجلها واحليها ومقاصده العالية الجليلة الى نيل السعادات الابدية
وسيلة وكانت تحريرات المتقدمين في بيان مقاصده قاصرة عن تقريبها الى الافهام
وتقريرات المتاخرين في تهذيبها متقاصرة لدى الاوهام وقد الف العالم الرباني
العلامة الدواني في ذلك كتابا هو من اتقن الكتب المصنفة فيه واحسن الزبر
المؤلفة فيما يوافيه وكان مع ذلك اكثر مواضعه في انغلاق ونجم من كواكب
حقايقه في انمحاق فكان مما لا بد له من شرح يزيل خفاه ويهدي الى سناه وليس له
ذلك فيما رايته هنالك فجال في البال وخلج في الخيال ان اتي بما يكشف
وجوه خرايده عن القناع ويميط الاصداف عن فرايد فوايده بلا دفاع لكن قلة البضاعة
تمنعني عن هذه الصناعة وعن تلك السعادة يعوقني عدم القناعة الى ان استولت
الروضة الفخيمة على اوطاني واقتضى ذلك الى هجرتي الى ارض حمتها جنود السلطان
ابن السلطان السلطان المجاهد لاعلاء كلمة الله الغازي بجنوده في سبيل الله
السلطان عبد المجيد خان لا زالت نصرة جنوده على اعداء الدين مقرونة بالفتوح
ما دامت

## سەییدوسێنان: سێوسێنان

## بە پەراوێزی دەستخەتێکەوە(*)

٥٢٨

کاتێك پڕۆژەی کتێبەکەم -بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە-(١) بەو ناوە ناونا- هەرچەند هەندێك لە مامۆستایان ئەو ناوەیان بەلاوە درێژ بوو و وایان پێ باش بوو ناوەکەی کورت بێت- بۆ هەریەك لەو وشانە ماناو مەبەستێکم لە دڵ گرتبوو، بێ ئەو وشە ئەگەر ماناکە لەبار نەچوایەت ئەبڕسکا: چونکە دەستخەتی مامۆستایانمان گەنجینەی بەپێزو پیرۆزی مێژووی کوردەو، بێ ئەو گەنجینە گونجاو نییە و نابێت مێژووی نەناسراوی کورد بە دروستیی بنووسینەوە، وەك ناکرێت بێ ڕەچاوکردنی ناوەرۆکی ئەو گەنجینە هەڵە و پەڵەی مێژووی نووسراومان ڕاست و دروست بکەینەوە.

لە درێژایی کارکردنم لەو پرۆژەدا دەیان و صەدان گەنجینەی وەهام دەرگا دڕیوەتەوە بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە شتی وەها هەبێت و، بەرو بوومی ئەو گەنجینانەیش گەنجێکی لە بن نەهاتووی زانیاریی مێژووییان خستووەتە بەردەستی مێژوونووسان.

ئەم جارەیش بە تاوتوێکردنی دەستخەتێکی بچکۆلە سووچێك لە نرخ و بایەخی ئەو گەنجینە دەخەمە بەر چاوی خوێنەرانی ئازیز.

دەستخەتەکە: کتێبێکە کە ناسراوە بە شەرحی عیززی و سەعدینیی دانراوی مەسعوودی تەفتازانیی. دەستخەتەکە لە ڕووەی ئەوەوە کتێبێکی مەنهەجیی بووەو، بە دەرز خوێنراوەو دەیان نوسخەی هەیە، نرخێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لەو ڕووەی دییەوە کە باسی دەکەین ئەوە مەبەستی ئێمەیە.

ئەم دەستخەتە بەرهەمی ڕەنجی گەڕان و شەونخوونیی و ئەم حوجرەو ئەو حوجرە کردن و، دووریی لە زێد و کەس و کاری سەربازێکی گومناوە لەو صەدان و هەزاران فەقێ و،

---

(*) لە ژمارە (٧٣)ی گۆڤاری سلێمانیدا بڵاو بووەتەوە.

(١) ئەم کتێبە تا ئێستە شەش بەرگی لێ دەرچووەو، بەرگی حەوتەمی لە ژێر چاپدایەو، بە یارمەتیی خودا کاریش لە بەرگی هەشتەمیدا دەکەم.

دواتر مەلای، سەر خاکی پان و بەرینی کوردستانە. ئەم سەربازە گومناوە کە تا ئێستە – بیرم نایێ– ناویم لە هیچ سەرچاوەیەکی دیدا هێنابێ یا دیبێ، لە درێژایی دەستخەتەکەیدا کە دەیان جار لە کۆتایی پەراوێزەکانەوە ناوی خۆی دەنووسێ جگە لەوەی کە دەنووسێ سولەیمانی (سید و سینانی) یان (قەرەداغی) شتێکی دی نانووسێ و، تەنانەت بۆ جارێکیش ناوی باوکی خۆی نەنووسیوە.

ئەم مامۆستا وەك هەر فەقێیەکی دیکەی کوردستان بۆ خوێندن گەلێ جێگە گەڕاوەو، بە پێی بارو دۆخی ئەو کاتە، دووریی لە کەس و کارو نیشتمانی خۆی چەشتووە. ئەم دوورکەوتنەوەیش بەخێر– بۆ ئێمە– گەڕاوەو، سۆزی دووریی چەندین مێژووی پڕ بایەخی لە نووکی قەڵەمە قامیشەکەیەوە رژاندووەتە سەر لاپەڕەی دەستخەتەکەی، کە ئێستە بۆ ئێمە کەرەسەیەکی مێژوویی وەهان هەرگیز نرخیان تەواو نابێت.

گوندی سێوسێنان: ئەم گوندە کە یەکێکە لە گوندە گەورەکانی –بەڵکو گەورەترین– گوندی ناوچەی قەرەداغ و، ئەمساڵ بە رەسمیی کرا بە(ناحیە).. بە دروستیی مێژووی دروستبوونی و سەرەتای خەڵك تێدا نیشتەجێبوونی نەزانراوە. هەروەك نەیشزانراوە ناوەکەی لە چییەوە هاتووە. بەڵام خۆشبەختانە نووسەرەوەی دەستخەتەکە کە خۆی سێوسێنانیی بووە لە نووسینەکانیدا بە ئاماژەکردنی بۆ ناوی گوندەکە سەرەداوێکی دەست خستووین، بەڵام هێشتا ماومانە– بەڵکو بەگەڕان بگەینە ئەنجام– بزانین ناوەکە لە چییەوە هاتوە. مامۆستای نووسەرەوە– سولەیمانی قەرەداغیی سێوسێنانیی– هەموو جارێك لە پاڵ ناوەکەی خۆیدا– بەسەر و بۆرەوە– دەنووسێ (سیّدُسینان– سەیید و سێ نان) بێگومان ئەمە ئاماژەیە بۆ رووداو و بەسەرهاتێکی دیار و ناسراوی سەردەمی خۆی، بەڵام بە هۆی تۆمارنەکراویی رووداوەکەو، کۆنبوونی لە مێژوودا، بەسەرهاتەکە لە بیرکراوەو، ناوەکەیش سواوەو لە (سەیید و سێ نان)ەوە بووە بە(سێ و سێ نان)! دوای ئەمە گەشتێکی خێرا بە ناو دەستخەتەکەدا دەکەین. لەم گەشتەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**یەکەم**: مامۆستا سولەیمانی قەرەداغیی بە فەقێتی چووەتە ناوچەی (شوان)و بۆ یەکەم جار ئەوە دەخوێنمەوە دەنووسێ (ویلایەتی شوان). لەو ویلایەتەدا لە گوندی (کلاّوقوت) فەقێ بووەو، لە خزمەتی مامۆستایەکدا لەوێ خوێندوویە.

**دووەم**: لە شوان لە مەدرەسەی مامۆستا مەلا وەیسدا و لە خزمەتی ئەو مامۆستادا خوێندوویەتی. گەلێ جار لە دوای ناوی مامۆستاوە دەنووسێ: سەرداری شوان. گومانم بۆ

ئەوە دەچێت ئەم مامۆستا مەلا وەیسە مامۆستا مەلا وەیسی عەسکەریی بێت کە دواتر لە کەرکووکدا بووە بە مامۆستا و مەدرەسەی هەبووە(٢).

**سێ یەم**: لە مێژووی ١٢٩١ی ک.دا لە ناوچەی (ویلایەتی) شوان فەقێ بووە.

**چوارەم**: دیارە بەفەقێتی لەوێوە چووەتە گوندی (قفار) لە ناوچەی (بیبانی) کە بۆ ئەویش دەنووسێت (ویلایەتی بیبانی). لەو گوندە لە خزمەتی مامۆستا مەلا خضردا خوێندوویەتی.

**پێنجەم**: لە شوێنێکدا نووسیویە:

« درخدمت استاد مشفق ملا خضر داماد ملا ویسی در یوم شنبه در ماه صفر ١٢٩١».

لەمەیشەوە دەردەکەوێت کە مامۆستا مەلا خضر زاوای مامۆستا مەلا وەیسی بووە.

**شەشەم**: دواتر گەڕاوەتەوە سێوسێنان و لەوێ فەقێ بووە و مەدرەسەی تێدا بووەو، ئەمیش زۆر بە تەنگ دەرزەکانیەوە بووە، چونکە نووسیویە: «کتبە سلیمان در قریەء سیّد و سینان در وقت درز خواندن و خوابیدن استادم و تمام نشدن درز».

**حەوتەم**: گەلێك لە فەقێیان ذەوقی ئەدەبییان هەبووەو، حەزیان لە شیعر بووە، یان خۆیان دەستی شیعریان هەبووە. ئەمە لە دەستخەتی ئەو فەقێیانەدا بە ئاشکرا رەنگی داوەتەوەو ناو بەناو شیعریان لە قەراخ و پەڕاوێزی دەستخەتەکانیانەوە نووسیوە. مامۆستا سولەیمان یەکێکە لەوانەو، لە دەستخەتەکەیدا گەلێ شیعری بە عەرەبیی و فارسیی و کوردیی نووسیوە. گومان بۆ ئەوە دەچێت هەندێکیان شیعری خۆی بن. لەوانە:

**ادب مجوی ز من چونکی کشتەء بیهوشم**

**مپرسی راە ز من چونکی مست و حیرانم**

یان دەنووسێ:

**در غربت اگر مرگ رسد بر بدن من**

**ئایا کە کند گور؟ کە دوزد کفن من؟**

**تـا بـوت مـرا سوی بـلـنـد بـگـذار**

**شاید کە وزد باد وطن بر بدن من**

گەلێ شیعری دیکەی لە دەستخەتەکەیدا نووسیوەو ناوی کەسی لە پاڵیاندا نەنووسیوە. بەڵام دوو بەیتی نووسیوەو خاوەنەکانیانی دیاریی کردووەو، ئەم کارەی بایەخێکی گەلێ

(٢) بۆ زانینی شتێك دەربارەی ئەم مامۆستا مەلا وەیسە بڕوانە: محمد علي القرەداغي، هوية كركوك الثقافية والادارية، دار آراس أربيل، ٢٠٠٣، ل: ٢٢ (چاپی یەکەم) بەیارمەتی خودا چاپی دووەمیشی بەم زووانە دەردەچێت و، لەم چاپە تازەدا زیاتر دەربارەی مامۆستا مەلا وەیس زانیاریی بڵاوکراوەتەوە.

زۆری هەیە، چونکە ئەو دوو بەیتە لە دیوانی شێخ ڕەزادا بە ناوی شێخ ڕەزاوە تۆمار کراون(٣)، کەچی ئەم لێرە جیای کردوونەتەوەو، بەیتی یەکەمی بۆ مەستی ئەفەندیی داناوەو بەیتی دووەم بۆ شێخ ڕەزا. مێژووی نووسینی بەیتەکانیش بۆ سەردەمی ژیانی شێخ ڕەزا دەگەڕێتەوەو، ئەمەیش بایەخێکی دی بە باسەکە دەدات. ئەمەیش بەیتەکان:

من کلام مستی افندی:

**بۆ شۆڕشێ ئەستۆم دەخورێ و شەڕ دەفرۆشم**

**با بێتەوە مەیدانی سوخەن گەر هەیە مەردێ**

جوابی شێخ رضا:

**مـن داکـی هــەزاری وەك تـۆم ...... بـە فــەردێ**

**نەتبیستوە: ضرب المثلە (صەد قەل و بەردێ)؟!**

**هەشتەم**: لە کاتی فەقێتییەکەیدا – کە نازانین لەو کاتەدا تەمەنی چەند بووە– فەقێیەکی خوێندەواری باش بووەو وردەکاریی و حاشیەی بەسەر دەستخەتەکەیەوە هەیە.

**نۆیەم**: مۆری تایبەتیی خۆی هەبووە، مۆرەکەی بە دەستخەتەکەیەوەیە و نەخشەکەی (عبده سلیمان).

**دەیەم**: لـە کـۆتـایـی گـەلـێ لـە پـەڕاوێزەکـانـیـەوە داخ و خـەفـەت بـۆ شتێك دەردەبڕێ کە پێچاویـەتـیـە دڵـی خۆی و، دەڵێ خوا نەبێ کەس نازانێ چییە. ڕەنگە دڵداریی و حەز لێکردنێك بێت کە زۆر بە نهێنی ڕایگرتووە.

**یازدەهەم**: باسی بەفربارینی زۆر لە ناوچەی گەرمیاندا دەکات، ئەو کاتەی ئەو لەوێ فەقێ بووە.

**دوازدەهەم**: مامۆستایەك هەبووە لە گوندی سێوسێنان ئێمە ناویمان نەبیستووەو لە هیچ سەرچاوەیەکیشدا ناوی نەهاتووە، بەڵام وا دیارە مامۆستا و مودەڕیس و خوێندەوارێکی باش بووە، پێدەچێت دوای گەڕانەوەی مامۆستا سولەیمان لە شوان و بیبانییەوە بۆ ئەوێ کۆچی دوایی کردبێت، مامۆستا سولەیمان داخی زۆر بۆ کۆچی دواییەکەی دەردەبڕێت، ڕەنگە کۆچی دواییەکەی ڕێکەوتی ساڵی ١٢٩١و١٢٩٢ بێت. ئەو مامۆستا ناوی شێخ عەبدوڕەحمان بووە، مامۆستا سولەیمان وەك هیچ جارێك ناوی باوکی خۆی نەنووسیوە، ناوی باوکی ئەمیشی نەنووسیوە.

(٣) بڕوانە: شکور مستەفا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٠ ل: ١٦١.
هەروەها دیوانی شێخ ڕەزاکەی ئومێد کاکە ڕەش و مامۆستا حەمەبۆر: ٢٧٣.

# با له دەرەوەی وڵات خەمێکی نالی بخۆین(*)

٥٢٩

مامۆستایەکی کوردمان لە چوارخشتەکییەکیدا بە زمانی فارسی، کە نازانم کێیە و لە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسم پرسی فەرمووی: بە شیعری مەلا ئەبوبەکری موصەننیفی دەزانم.. نووسیویە:

**بملك روم کش رخت اقـامت ــــــ بمـال جـاه اگــر داری هـــوای**

**بـه يثـرب روترا... شـا اســت ــــــ کــه بـهـتــر نـيـســــت ...ی**

**اگر نەدين نه دنياتست مطلوب ــــــ منه بيرون ز کوردستان تو پای**

واتە:

جێگەو شوێنت بگوێزەرەوە بۆ وڵاتی ڕۆم
ئەگەر خواستیاری ماڵ و شکۆ و سامانیت
ئەگەر ئایین و سەلامەتیشت دەوێت
ڕوو بکەرە شاری مەدینەی پیرۆز
بەڵام ئەگەر نە بەتەمای دین نە دنیا بوویت
ئەوە هەنگاوێك بەرەو دەرەوەی کوردستان مەنێ!

دیارە گەلێ لە مامۆستایانی کوردیش، بێ ئەوەی ئاگایان لەم چوارخشتەکییە بێت، سەری خۆیان هەڵگرتووە و بارگەیان بەرەو ئاوارەیی لێکناوە و، لە ئاوارەییدا خزمەتیان کردووە و، زۆریشیان کە لە ئاوارەییدا سەریان ناوەتەوە هەواڵیان نە بە کوردستان و نە بە کەس و کاریان گەیوەتەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە منیش نووسیومە:

ئەگەر گەلی کورد و زانایانی کورد لە هیچ شتێکدا پێشی گەلانی جیهانیان نەدابێتەوە و، پلەی یەکەمیان لە هیچ بوارێکدا بە دەست نەهێنابێت، ئەوە لەوەدا کە بە عەرەبیی پێی دەڵێن: (هجرة العقول والادمغة) واتە کۆچکردنی زانا و هەڵکەوتووان، لە پێش هەموو گەلانی جیهانەوەن و، بڕوا ناکەم هیچ گەلێك هەبێت لە جیهاندا بە ئەندازەی کورد لە

(*) ڕۆژی ٣/٧/ ٢٠٠٦ لە دیداری حەزرەتی «نالی»دا خوێندمەوە.

کەڵەپیاو و زاناکانی وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتبێت و لە ئاوارەییدا سەریان نابێتەوە.

ئەمەیش هۆکاری زۆرە، لە سەرووی هەموویانەوە دووریی و چەپەکیی کوردستان و، دوور لە شارستانیەتیی خاکەکەی بووە، سەرەڕای ئەوەی کە کوردستان بە زۆریی شەڕگەی زلهێزان و، بواری شاڵاوی داگیرکەران و، ئامانجی تاڵان و بڕۆیان بووە و، دیارە لە زۆر لەو کاتانەیشدا مزگەوت و مەدرەسە و کتێبخانەکانیان تیکەی قەڵەوی تاڵانچییان بوون و، هەرچیش لە تاڵان ڕزگار بووبێت، بە کڵپە و لرفەی ئاگری ڕق و کینەی داگیرکەران خۆڵەمێشی لێ بەجێماوە.

بۆیە وا ئەزانم دوور نەڕۆیشتووم کە چەندین جار نووسیومە:

بەختەوەرترین مامۆستای کورد لە کۆندا–ئەگەر نەڵێین بە ئێستەیشەوە– ئەو مامۆستا بووە کە هەلی بۆ ڕەخساوە لە کوردستان دەرباز بووە و گەیوەتە مەڵبەندێك لە مەڵبەندە زانستییەکانی وڵاتانی جیهان و، بەوە پاش ماوەیەکی کەم ئەستێرەی درەوشاوەتەوە و، ناوبانگی دەرکردووە و؛ لە لایەکەوە خۆی حەواوەتەوە و ژیانی ئاسوودە بووە و، لە لایەکیشەوە خزمەتی باشی بە زانست کردووە.

هەروەها خۆشحاڵترین شوێنەوار و دەستخەتی مەلای کوردیش ئەوانە بوون لە کوردستان ترازاون و، لە کتێبخانەیەکی گشتیی یان تایبەتیی کتێبخانەکانی دەرەوەی کوردستاندا لەنگەری گرتووە، چونکە بەوە لە چنگی دوژمن و گڕپەی ئاگری رق و کینەیان بەدوور بووە و، دەستی قەدر و ڕێز ئەمدیوە و دیوی پێکردوەو، چاوی ناز بە لاپەڕەکانیدا گەڕاوە و، بە دێڕەکانیدا ئەمسەرە و سەری کردوە.

ئەگەر بۆ نموونەی ئەمانە بگەڕێین ماندوو بوونی زۆرمان ناوێت و، کات و دەرەتان و خەرجی مشەیشمان لە کیس ناچێت؛ چونکە کەم شار و وڵات و شوێنی جیهان هەیە زانای کوردی پێ نەگەیشتبێت و بە ئاوارەیی سەری تێدا نەنابێتەوە. شوێنەوار و دەستخەتەکانیشیان بەهەمان شێوە و، دەتوانین شوێن و پایتەختەکانی وەك: قاهیرە و، مەککە و، مەدینە و، شام و، چەندین شوێنی دیکە ناو ببەین، ئەمە جگە لەوەی دەتوانین بپەڕینەوە لە دەریا و دورگەکان و لە ئەندەنووسیا و مالیزیا و جێگەکانی دیش دەوری زانایانی کورد لە بەرەوپێشەوە بردنی ڕەوتی مێژووی زانستیی و ڕۆشنبیریدا بە ئاشکرا ببینین.

لێرەدا ماوەی نموونە هێنانەوە نییە و، نموونەکانیش لەوە زیاترن لە شوێنی وادا جێگەیان ببێتەوە.

دەمەوێ لەم سەرەتاوە بچمە ناو باسی ئەوەی، کە بە داخەوە ئاشکرایە وەك نەمانتوانیوە بە دروستیی مێژووی زانایانی کوردی ناو خۆمان، کە ئاوارە نەبوون و هەر لە کوردستاندا ژیاون و لە کوردستانیش چوونەتەوە سکی دایکی نیشتمان، بنووسین. بێگومان حاڵی ئەوانەی ئاوارەی تاراوگە بوون و، لەوێ سەریان ناوەتەوە لەمان باشتر نییە و، لە مێژووی ناودارانی کورددا لاپەڕەی زێڕینیان بۆ تەرخان نەکراوە.

لە ناو ئەو زانا کوردە ئاوارانەدا دەتوانین تەنیا ناوی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بێتووشیی ببەین کە مامۆستای خاڵ-خودا پاداشتی خێری بداتەوە- لای لێ کردەوە و بەشێك لە بەرهەمەکانی و نامەکانی بە جیهانی زانست و ڕۆشنبیریی ناساند و، بەشێکی باشی لە شیعر و ئەدەبی لە چنگی مۆتەکەی لەناوبردن دەرهێنا و، گیانێکی نوێی بە بەردا کردنەوە و، کتێبی (البیتوشی) بە ماندوو بوون و شەونخوونییەکی زۆر بەرهەم هێنا. کە لاپەڕەیەکی زێڕینی توانای زانایانی کوردی تێدا بە شێوەیەکی زانستییانە تۆمار کردووە.

بەندەیش سوپاس بۆ خودا توانیم بەشێك لە ئاواتێکی دێرینی مامۆستای خاڵ بێنمە دی و، چاوی ڕۆشنبیرانی کوردی شەیدای مێژووی زانایانی کورد بە بووژاندنەوەی سووچێکی مێژووی زانای گەورەی ئاوارەی کورد، موفتیی زەهاویی لە کتێبی (محمد فيضي الزهاوي)دا بگەشێنمەوە. ئیتر ناوی دەیان و صەدان زانای کوردی ئاوارەی هەندەران و، سەرناوە لە ئاوارەییدا، چاوی چاوڕوانییان بڕیوەتە قەڵەم و هیممەتی ڕۆشنبیرانی ئیمڕۆ و داهاتووی کورد.

لێرەیشەوە- لەگەڵ داوای لێبووردندا لە ئێوەی ئازیز کە ڕەنگە بڵێن: ئەم بابەتە چ پێوەندییەکی بە نالییەوە هەیە؟ - لە باسەکە نزیك دەبمەوە و دەڵێم: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ سەرچاوەی بە پێز و دروستی باسەکان هەنگاو لە کوردستان ببەینە دەرەوە و، بۆ زانیاریی نەبیستراو و ئاوارە -وەك خاوەنەکانیان و- دەست لێنەدراو، کێومالێکی ئەو شوێنانەی کە جێگەی گومانی ئەو زانیارییانەن، بکەین و، سۆراخی شوێنەوار و کەلەپووری ئەو زانایانە بکەین؟

حاجی قادری کۆیی کە دەفەرموێ:

**ئەی ڕەفیقانی وەتەن زۆر غەزەلم ماوە لەوێ**

**لە کەنارێکەوە تەقدیرە وەکوو هەڵبکەوێ**

ئەوپەڕی بەتەنگەوە هاتنی بۆ بەرهەم و شوێنەوارەکانی خۆی دەردەبڕێت و، بە وشەی

(ماوه لەوێ) ئەوەمان پێدەڵێت کە لەلای خۆیشی بەرهەمی دیکە هەبووە و ڕەنگیشە زۆر بووبن، بەڵام چیمان لێیان بەدەست هێناوە؟ چیمان لێیان بڵاو کردووەتەوە؟ کە دیوانی حاجی قادر تا ئێستە چەند جار چاپ کراوە کام لەو لێکۆڵەرەوە و پسپۆڕانە ئەرکی ئەوەیان وەبەر خۆیان داوە سەرێکی کتێبخانەکانی تورکیا بدەن و، بگەڕێن بە ناو دەستخەتەکانیاندا تا بزانن بەرهەمی حاجی لەو شوێنانەدا هەیە یان نا؟ من گومان نابەم ئەگەر دڵسۆزێك هەندێك خۆی ماندوو بکات بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە.

کە باس باسی حەزرەتی نالییە و، لە میحرابی یادکردنەوە و ڕێزلێنانی ئەو کەڵە شاعیرەداین. چاك وایە یادکردنەوە و ڕێزلێنانەکە بە جوینەوەی بابەتەکانی پێشوو و، سووڕانەوە لە ئەڵقە و دائیرەی ئەو زانیارییانەدا نەبێت کە تا ئێستە لەسەر نالیی کۆکراونەتەوە، چونکە بڕوا ناکرێت بەرهەم و شوێنەواری نالیی هەر ئەوەندە بووبێت کە ئێستە لە دەستی ئێمەدایە و دەیخوێنینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین. هەر وەك بڕوا ناکرێت نالیی هەرچی هەبووە هەمووی تێدا چووبێت!

بۆیە من لێرەدا داوای فراوانکردنی بواری لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی نالیی و بەرهەمەکانی و گەشتەکانی و شوێنەوارەکانی لە ئاوارەییدا دەکەم.

سەرەتا دەڵێم: ٣٠ سی ساڵە دیوانی نالی بە کۆششی مامۆستای مودەڕیس و کاك فاتیح و کاکە حەمە چاپ بووە، لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین جار ئەو دیوانەی وەك خۆی و بێ دەسکاریی و بێ ئەوەی زانیاریی نوێی بخرێتە سەر پەیتا پەیتا چاپ دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە لەم ماوە دوور و درێژەدا چەندین وتار و بابەت لەسەر دیوانی نالی نووسراون، چەندین کۆڕ و کۆمەڵی بۆ گیراوە کە دەکرا چاپی نوێی دیوانەکەیان پێ دەوڵەمەند بکرێت.

هەروەها لە دوای ئەو چاپەوە تا ئێستا چەندین کەشکۆڵ و دەستخەتی نایابی دیوانی نالی سەریان هەڵداوە و دۆزراونەتەوە، کە لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەو سەردەمەی دیوانی نالیدا هەواڵێکیان لێ نەبووە. بۆ نموونە تەنها لەوانەی کە من دۆزیومنەوە ناوی چەند دانەیەکیان دێنم:

١- کەشکۆڵی عەبدولقادری سەڵەسیی. ١٣٥/١
٢- کەشکۆڵی محەمەد ئەمینی خاکیی، بەننا. ١٥٧/١
٣- کەشکۆڵی گەلاڵە. ١٧٣/١
٤- کەشکۆڵی سۆرانیی. ٢٢٢/١

٥- کەشکۆڵی موفتیی زەهاویی. ٣٢٤/١

٦- کەشکۆڵی ئازاد. ٣٣٠/٢

٧- کەشکۆڵی حاجی مەولوود. ٣١١/٣

٨- کەشکۆڵی شێخی حیسامەدین. ١٨٣/٤

٩- گوڵزار و بەهار. ١٥٩/٥

١٠- کەشکۆڵی مەلا ئەحمەدی دەککە. ١٦٠/٥

١١- کەشکۆڵی سەیید محەمەد. ٣٠٨/٥[١]

ئەمانە تەنها ئەو سەرچاوانەن کە من دیومن و دۆزیومنەوە و لەوانەیە لای کەسانی دیکەیش چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر و لەمانەیش باشتر هەبێت و هەواڵیان زانرابێت.

هەروەها لە چاپکردنی (دیوانی نالی)یەوە تا ئێستە دەیان بابەت لەسەر نالی نووسراوە و، راو بۆچوونی نوێ و جیاواز لەسەر بەسەرهاتی ژیانی و، شیعرەکانی گوتراون و نووسراون، بەڵام هیچیان کۆ نەکراوەتەوە و لە چاپە نوێکانی دیوانی نالیدا رەنگیان نەداوەتەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم وتارێکی درێژم لەسەر چاپەکەی مامۆستای مودەڕیسی دیوانی نالی نووسیی و بە بۆچوونی خۆم لە چەند لایەنی کۆڵیمەوە[٢].

هەروەها باسێك هەیە لە چاپەکەی دیوانی نالیدا ئاماژەیەکی کورتی بۆ کراوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕەنگە حەبیبەی نالی ناوی حەبیبە نەبووبێت و، نالی لە دێی تەکیەی قەرەداغ فەقێ بووە و، دڵی لە ئایشێ ناوێك چووە. هەروەها پرسیاری ئەویش کراوە کە ئایا نالی حەبیبەی هێناوە یان نا؟

بۆ تیشك خستنە سەر ئەم باسەم دەڵێم:

کاتێ منداڵ بووم و لە تەکیە لە سەرەتای خوێندندا بووم، هاتوچۆی ماڵێکی خزممانم دەکرد کە ناوی دادە خەجێ بوو، چەند جار بۆی گێڕاومەوە کە نالی لە تەکیە فەقێ بووە و دڵی لە ئایشێی شێخ جامی چووە.

هەر نالی لە تەکیە بووە کە خوازبێنی ئایشێ کراوە و، دیارە وەك دەڵێن: ئەم شەکراو

(١) باسی ئەم کەشکۆڵانەم لە بەرگی یەکەمەوە تا پێنجەمی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە)دا کردووە.

(٢) بڕوانە ژمارە (٦١)ی گۆڤاری کاروان.

خواردنەوە لەسەر دڵی نالیدا بووە بە گرێ، بەڵام هەر ترووسکە هیوایەك لە تاریکایی دڵی گڕ گرتوویدا ماوە، تا ئایشێیان گواستووەتەوە.

کە ئایشێ گوێزراوەتەوە بە بووکیی براوە بۆ بەلەکجاڕ و، لە ڕێگەی (بەرانبەر)ی دێوە براوە و، ئەو ڕێگەیش بەرانبەر ئاوایی و حوجرەی فەقێکان بووە، کە نالی (کۆچی سووری) یاری دیوە بە بەرانبەریدا بە چەپڵە ڕێزان و (شیرینە لەیلانێ) لە دڵی ئەو دەرهێنراوە، لە هەیوانی مزگەوتدا وەستاوە بەرەو قیبلە و کۆچی یار، پارچەیەك شیعری بە سۆزێکی تەوەنتاوەوە خوێندۆتەوە و، ئیتر نەیتوانیوە لە تەکیەدا بمێنێتەوە و، کۆڵ و باری–کە دیارە وەك کۆڵ و باری هەموو فەقێیەك سووك بووە– لێکناوە و، بە دڵی شکاوەوە تەکیەی بەجێ هێشتووە!

منیش لێرەدا ئەوەندە دەخەمە سەر ئەم گێڕانەوەیە کە نالی دەڵێ:

**پێم دەڵێن: مەحبووبە خێڵ و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا**

**خێڵ و قیچە یا ترازووی نازی نەختێ سەر دەکا؟!** ل: ١٠٨

بە پشتەسوورییەوە دەڵێم: نالی ئەم شیعرەی بۆ ئایشێی شێخ جامی گوتووە، بەڵگەیشم ئەوەیە تا ئێستەیش لە نەوەی شێخ جامی باوکی ئایشێدا قیچی و تیلیی و خێلیی وەك نەخۆشییەکی ویراثیی چاو ماوەتەوە و، بگرە لە هەندێکیاندا لەوەیش خەستترە.

لەم خاڵەوە دەگوێزمەوە بۆ خاڵێکی دیکەی پڕ بایەخ لە ژیانی نالی کە بە داخەوە وەك پێویست لای لێ نەکراوەتەوە.

هەرچەندە گلەیی زۆرمان لە مامۆستا و ڕۆشنبیرانی کۆنی کوردمان هەیە کە لە سەردەمی خۆیاندا بیریان لەوە نەکردووەتەوە مێژووی کوردستان، یان مێژووی ژیانی خۆیان، یان بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە، من بە بەڵگەوە زانیومە کە ئەمە تەنها ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە هەر لە کوردستاندا ماونەتەوە و سەفەریان نەکردووە و ئاگایان لە بارودۆخی جیهان نەبووە. بەڵام ئەوانەیان کە بۆیان لواوە، بە هەر شێوەیەك، لە کوردستان بترازێن و، چاویان بە هەڵسوکەوتی زانایانی جیهان بکەوێت چاویان کراوەتەوە و، ئاسۆی بیر و بۆچوونیان فراوان بووە و، بیریان بۆ نووسینی گەلێ شت چووە.

من لە عاستی خۆمەوە گەلێ بەڵگەم لە لایە کە جێگەی شانازیمە کەس پێش من پەیی پێ نەبردوون. بۆ نموونە:

١– مەلا محەمەدی گەرەویی باوکی مەلا ئەحمەدی گەرەویی ناسراو بە (کتێبی شەرحی

گەرەویی) کە چووە بۆ حەج ئەگەر نەڵێم هەنگاو بە هەنگاو ئەوا دەڵێم: قۆناخ بە قۆناخ ڕووداوی گرنگی ڕۆژانەی خۆی نووسیوە و، لە پەنای هەموو باس و خواستەکانیشیدا مێژووی ڕۆژەکەی نووسیوە.

٢- صادقی پاوەیی کە شاعیرێکی کۆنی پاوەییە و ٢٥٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ ژیاوە و، تا ئێستە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ناوی نەهاتووە، کە چووە بۆ حەج سەفەرەکەی حەجی بە پارچەیەك شیعری درێژی هەورامیی تۆمار کردووە و، شیعرەکانی سیخناخن لە زانیاریی جۆراوجۆر و ناوی شار و گوند و شوێندا.

٣- مەلا یوسفی مەجمەر کە پێش من کەس باسی بەسەرهاتی ژیان و بەرهەمی نەکردووە و، شاعیر و زانا و خەتخۆشێکی گەورەی کورد بووە، کە چووە بۆ حەج بە وردیی سەفەری حەجەکەی بۆ گێڕاوینەتەوە(٣).

٤- هەروەها حاجی مەولوود ناوێك کە ئەویش وەك ئەوان هیچی- بە پێی ئاگاداریی من- لەسەر نەنووسراوە، باسی ڕێگەی حەجی بەچڕیی نووسیوە.

٥- مامۆستا مەلا یەحیایی مزووریی لە سەفەری حەجدا کە بەشامدا ڕۆیشتووە، لە شام چاوی بە چەند زانا کەوتووە، ئیجازەی بە گەلێکیان داوە، خۆیشی - وەك لەو سەردەمەدا باو بووە- ئیجازەی لە چەند کەس وەرگرتووە، ئەگەر ئەمانەیشی تۆمار نەکردایەت ئێمە هیچمان لێ نەدەزانین.

٦- مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان کە لەسەردەمی شەڕی جیهاندا بە (ضابط اعاشه)یی چووەتە تورکیا و ئەفسەر بووە لە سوپای ئەو وڵاتەدا، ئەگەر بەهۆی چاوکردنەوەی لەو وڵاتەدا نەبوایەت شاکاری وەك (اقتران النيرين)ی نەدەکرد بە دیاریی دەستی بۆ گەلی کورد.

دەمەوێ لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵەدا بڵێم: دەبێ نالی مەودای بیری لەو مەلا و شاعیرانە تەسکتر بووبێ؟ دەبێ نالییەك کە لە ئەستەموڵدا ماوەتەوە و ماوەیەك لە شامدا و، مەککە و مەدینەیشی دیوە و حەجیماڵی خوای کردووە..

(٣) یەکێك لەو بابەتانەی کە لە سەفەری حەجەکەیدا باسی کردووە ئەوە بووە کە کتێبێکی شەرحی (ذات الشفا)ی بووە، دیارە نوسخەی لەتەك خۆیدا بردووە، لە جیدە چاوی بە شێخ مەسعوود ئەفەندیی مەردۆخیی سەرۆکی دادگای بیدایە لە جیدە کەوتووە و لە ڕێگەی ئەوەوە کتێبەکەی ناردووە بۆ قاهیرە بۆ (فرج الله افندي زكي الكردستاني)و دوو لیرەیشی لەتەکدا ناردووە کە بۆی چاپ بکات. بە داخەوە هیچ هەواڵێکمان لەم کتێبە لە دەستدا نییە و، لەو بڕوایەیشدام نوسخەی ئەم کتێبە لەتەك شوێنەوارەکانی (فرج الله)دا لە قاهیرە پارێزرابێت، بەڵام کوا خەمخۆرێك؟

وەك ئەو زانا كوردانە بیری لەوە نەكردبێتەوە لەو شوێنانەدا شتێك لە بیرەوەریی خۆی بنووسیٚ؟ بڕوا ناكریٚ! ئێمە لە بەرهەمی دیاری ئاوارەیی نالی جگە لە پارچە شیعرە درێژەكە:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**

**ئەی پەیكی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)!**

كە بۆ سالمی ناردووە و، باسی حەجەكەی، ئاگامان لە چ بەرهەمێكی دیكەی ئاوارەیی هەیە؟

هەر رەنگە هۆی ئەم بیٚ ئاگاییەمان لە بەرهەمی نالی بێت كە مامۆستایەكی نالیوان بڵێت: «لە ژیانی شیعرایەتی نالی ئەوە دەردەكەویٚ چێژێكی ئەوتۆی لە زمانی عەرەبی وەرنەگرتبیٚ».

كەچیی كە سەیری پارچە شیعرە عەرەبییەكەی دەكەین كە لە مەككە و بۆ میرێكی ئەوێی گوتووە بۆمان دەردەكەویٚ نالی لە بواری شیعری عەرەبیشدا لە ریزی پێشەوەی شاعیرانی عەرەب و ئەو شاعیرانەدایە بە زمانی عەرەبیی شیعریان وتووە!

لێرەدا ئەو پرسیارەیش دێتە پێشەوە: دەبیٚ نالی هەر ئەم پارچە شیعرە هەتیوەی بە زمانی عەرەبی وتبیٚ؟ دووبارە بڕوا ناكریٚ!

كە باسی بەرهەم و شوێنەواری نالی دەكرێت ئەو پرسیارە سەر قوت دەكاتەوە: دەبیٚ نالی لە چەند بواردا دانراو و بەرهەمی شاكاری نەبووبێت؟ ئەمەیش هەر بێگومان نابێت؟

كە پرسیار– پرسیار بە شوێن خۆیدا كێش دەكات دەپرسین: ئایا ئێمە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە گەڕاوین تا دەستی مەئیووسیمان بكەوێتە ئەملاولاو، پاڵی نائومێدیی لیٚ بدەینەوە؟ بێگومان (نەء) ئەمەیە مەبەستی من لەم باسەدا كە سەری ئێوەی بەڕێزم پیٚ ئێشاند و كاتی بەنرختانم تیادا لە بەین برد.

كە: با ئەم كۆڕ و یادكردنەوەیە بكەین بە وێستەگەیەك لێیەوە هەنگاو بەرەو پشكنین و گەڕان بەدوای بەرهەمی ئاوارە و ونبووی ناڵی دا بنێین.

یەكێك لەم بەرهەمە نادیارانەی نالی كە حاجی قادری كۆیی لە بارەیەوە وتوویە:

**ئیتتیفاقەن ئیتتیفاقم بوو لەگەڵ (نالی) وەكوو**

**تاجیر و گەوهەر لەگەڵ گوهەرفرۆش و موشتەریی**

**چەند غەزەل بوون تازە بافتی کارگاهی موشتەریی**

**تاجیرو گەوهەر مەتاع و شامی غوربەت تاجیری**

**یەك یەکی هێنایە دەر، گەردی کەسادی لێ تەکاند**

**دایە من فەرمووی: درێغا کەس نییە سەوداگەری**

**دەست بە دەستی خستم و، هەم دایە بەر با مەجمەعم**

**ئاصەفی من، بای لە جەمعی تۆکە (حاجی) قادری**

من بیرم بۆ ئەوە دەچێت ئەم غەزەلانە-ئەگەر مابن- هەر ئاوارە بن و، تا ئێستە بڵاو نەکرابنەوە.

بەڵام دەبێ چۆن غەزەلێك بووبن کە حاجی بە گەوهەریان دابنێت؟ دەبی چۆن غەزەلێ بووبن کە نالی خۆی دەفەرموێ: درێغا کەس نییە سەوداگەری؟

لە پەنای ئەمانەیشدا دەڵێم: ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی چوونەتە ئەستەمووڵ و چاویان بە پێشکەوتنی گەلان کەوتووە، زوو هەستی نەتەوایەتیی لە دەروونیاندا بزواوە و، بیریان لە دواکەوتوویی و (پاش گەلانی جیهان کەوتوویی) گەلی کورد کردووەتەوە و، هەرچییان لە دەست هاتبێت بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، بە دانانی کتێب، بە وریاکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد، بە وتار و شیعری نیشتمانی درێغییان نەکردووە.. جا نالی خاوەنی ئەو هەست و بیرە تەڕ و پاراو و ناسکە کە ڕۆم و شام و حیجاز گەڕابێت دەبێ هەستی نەبزوابێت و چەندین پارچە شیعری بەرزی سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی نەوتبێت؟ دووبارە لێرەدا من گومانم بۆ ئەوە دەچێت ئەو غەزەلانەی (نالی) پیشانی حاجی داون لەو غەزەلانە بن و، بەڵکو دەستی قەدەر لە سووچێکدا پاراستبنی و چاوی نەوەی داهاتووی گەلی کوردیان پێ ڕوون ببێتەوە و مێشکیان زاخاو بدەنەوە.

بەڵگەی روونی ئەم قسەیەش پارچە شیعرە درێژە عەرەبییەکەیەتی کە جگە لەوەی لە سەرەتاوە هەندێ باسی میرێکی سعوودی دەکات بەشێکی زۆری باسی کورد و بابان و سیاسەتەو، دەکرێ بڵێین: کوردایەتییە.

حاجی قادر زۆر بە ڕاشکاوانە لە گەلێ لە شیعرەکانیدا باسی شیعرەکانی لە ئاوارەییدا دەکات و زۆریش مەبەستیەتی بگەنەوە وڵات و شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لە ناو ڕۆشنبیرانی وڵاتدا بەرپا بکەن و، لەم کارەدا نالی بە شاسواری وڵاتی (بەبە)و خۆیشی بە سوارچاکی

وڵاتی کۆیە دادەنێ و، یەکێکیان (حافظی شیرازیی)و ئەویان بە (کەلیم)ی (هەمەدانیی) ناو دەبات و لەم رووەوە دەفەرموێت:

**بە ئومێدی ئەثەری حوسنی رەزا دەچنە وڵات**

**شیعرەکانم، کە سەراپا وەکوو خۆم بێ سەروپان**

**(نالی)یو خاکی بەبە، (حاجی)یو کۆیە بە مەثەل**

**عەینیهی حافیظ و شیرازە، کەلیم و هەمەدان**

هەروەها ئەو بەیتەی حاجی کە تیایدا دەڵێ:

**زاهیرا بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نییە**

**طالیعم بەرگەشتەیە، بەدبەختە بەختم نوستووە**

دوور نییە لە سووچێکەوە ئاماژەی تێدا بێت بەو بەیتانەی نالی کە لە ئاوارەییدا گوتوونی و تۆزی کەسادییان لێ نیشتووە و سەوداگەریشیان نییە. خۆ ئەگەر بەم ئەندازە دەستبەرداری شیعر ببین و بگوێزینەوە بۆ لای شتی دی بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە بڵێین: نالی– وەك گەلێ لە مامۆستایانی کورد وابوون– نابێ تەنها شاعیر نەبووبێ؟ نابێ نالی دانراوی جۆراوجۆری لە بابەتە زانستییەکاندا هەبووبێت؟ دەبێ بەرهەمی سەرانسەری ژیانی نالی ئەو دیوانە شیعرە بووبێت؟ لەگەڵ ئەوەدا کەسانی وا هەیە تەمەنیان لە نالی کەمتر بووە و، لەوانەیە پلەی خوێنەواریشیان لە پلەی خوێنەواریی نالی نزمتر بووبێت، کەچی بە بارستایی نالی دانراو و شوێنەواریان لێ بەجێ ماوە. ئەمەیش پرسیارە و ئومێدەوارم بە گەڕان بە کتێبخانەکانی دەرەوەی وڵاتدا وەڵامی موثبەت و دڵخۆشکەرمان دەست بکەوێت.

### لە روانگەی وتارەکەی د. عەبدوڵڵا حەدادەوە

بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مامۆستای مودەڕیس لە سەرەتای (دیوانی نالی)دا لەسەر ئەوەی نازناوی شیعریی مەلا خدری شارەزوویی (نالی) یان (ناڵی)یە وردەکارییەکی باشیان کردووە و، ئەنجامی لێکۆڵینەوە و وردەکارییەکە هاتوتە سەر ئەوە کە نالی دروستە نەك ناڵی.

بەڵام من لێرەدا بەپێی ئەوەی لە سەرچاوە کۆنەکاندا هاتووە–وەك د. عەبدوڵڵا هێنای– خوازیاری ئەوەم جارێکی دی لە دەرگای ئەم بابەتە بدرێتەوە و هەڵوێستەیەکی قووڵ و

مەنگ و لەسەرخۆی لەسەر بکرێت؛ چونکە بە خۆڕایی نەبووە بە مەلا خدر گوتراوە (نعلی افندی). لەوانەیە ئەم (نعلی)یە هەر هەمان (نالی) بێت کە ئێمە پێمان ڕەوا نییە. جا ئیتر نالی خۆی چی مەبەست بووە؟ ڕەنگە ئەمەیش بەشێك بێت لە داونانەوە و وردەکارییەکانی نالی!

### دوا وتەم:

بابەتێك لە ژیانی ڕۆشنبیریی نالی دا هەیە بەلای زۆر کەسەوە مشتومڕ هەڵناگرێت و، (مسلّم)و بڕاوەیە و جێگەی قسە نییە. بابەتەکەیش ئەوەیە کە نالی یەکەم کەس بووە شیعر وتنی بە زاراوەی کرمانجی خواروو –سۆرانی– داهێناوە. لە وتارەکانی ئەم ڕۆژانەیشدا کە لەم کۆڕەدا خوێنرانەوە پێ لەسەر ئەم بابەتە داگیرا.

بەڵام من ئەمە بە ڕەوا نازانم و لام وایە بەمە مافی سەربازانی ڕێچکەشکێنی هەڵەت و هەڵدێری ئەدەب و شیعری کوردی پشتگوێ ئەخەین و، سەرقافڵەیی و پێشەوایی کەسانی دی کە دەمێك پێش نالی ئەو شەرەفەیان پێ بڕاوە بە هەند هەڵناگرین.

خۆ ئەگەر ئەو مافە بدەینەوە بەو کەڵە زانایانە هیچ لە پلەوپایەی نالی کەم ناکەینەوە؛ چونکە نالی لە شێوازی تایبەتیی خۆیدا ئەوەندە سەروەریی هەیە کەسمان نەدیوە لە چەرخی خۆیدا شانی لە شانی دابێت و، دوای خۆیشی نموونەیمان لە دەستدا نییە و، بە سەرقافڵەیی شێوازی خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵکو، بە پێچەوانەوە بەم کارە وەك دان بە مافی کەسانی پێش نالیدا دەنێین، شکۆمەندییەکی تایبەتیی بە ئەدەبی کوردیی دەدەین، کە مێژووی بە کوردی نووسینی شیعر، بە زاراوەی کرمانجی خواروو، بە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ و درێژترەوە لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا ئاودێریی دەکەین.

لەم بوارەدا چەند باسم بە بەڵگەوە نووسیوە، بەڵام وا دیارە بە بۆچوونی نالی دۆستان داننان بەم ڕاستییەدا لە مەزنیی نالی کەم دەکاتەوە. جێگەی شانازیمە یەکەم کەس بووم کە کۆمەڵێك دەقی کۆنی ڕەسەنی مێژوو زانراوی کوردیم بۆ یەکەم جار بەمێژووی ئەدەبی کوردی ناساندووە و، دەقەکانیش لە یەك و دووان زیاترن و، تەنها بە یەکەم جار سەرنجدانیان ئەو ڕاستییە بۆ هەمووان ڕوون دەبێتەوە. کە ماوەیەکی زۆر پێش نالی شیعر بەم زاراوە گوتراوە.

هەر بۆ نموونە ناوی چەند دانەیەك لەو دەقانە دەبەم و لەو کەسانە دەپرسم کە نالی بە

سەرقافڵە و ڕچەشکێن دادەنێن: وەڵامیان بۆ ئەم دەقانە چییە؟

١- دەقی مەهدی نامە. دانراوی مەلا محەمەدی ئیبنولحاجی بانەیی جێشانەیی کە خۆی نووسیویەتی ساڵی ١١٧٦ك. بەرانبەر بە ساڵی ١٧٦٢ کتێبەکەی داناوە.

٢- بەیتی ئەوەڵ و ئاخری مەلا محەمەدی سیوچیی-جەفایی- کە ساڵی ١١٩٢- بەرانبەر بە ساڵی ١٧٧٨ز. کۆچی دوایی کردووە.

٣-کارێزیی کە بەشیعری عەرووزیی و بە زاراوەی کرمانجی خواروو شیعری هەیە و ڕەنجووریی بە خەتی خۆی نووسیویە ساڵی ١١٩٥ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی ١٧٨ز. کۆچی دوایی کردووە.

٤- دەردین.

٥- ڕەنجووریی... و چەندین کەسی دیکەیش.

## (مەولەویی) و (سەودایی)و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەك لە دیوانی مەولەویدا

٥٣٠

ڕەنگە لە ڕاستی لانەدەم ئەگەر بڵێم: مەولەوی بە سۆز و بەکوڵترین پارچە شیعری طەرەب ئەنگێز و زەمزەمە ئاوەری ئەو پارچە شیعرانەیین کە بۆ هاوەڵان و دۆستانی گوتوون، ئیتر ئەم نامەی بۆ نووسیبن، یان ئەوان نامەیان بۆ ناردبێت و ئەم وەڵامی دابنەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەو نامانە و وەڵامەکانیان نازانرێت کەی و بۆ کوێ نووسراون و نێرراون، خۆ ئەگەر ئەم لایەنانە لە لایەنی هەردوو لاوە ئەوانەیان نامەی شیعرییان ناردووە و، ئەوانەیان نامە شعرییەکەیان بۆ چووە فەرامۆش نەکرایەن و، هەر کەس لەعاستی خۆیەوە ناوی خۆی و مێژووی ناردنی نامەکەی و ناوی ئەو کەسەی بۆی ناردووە، تۆمار بکردایەت ئێستە لەگەڵ پرسۆزیی و سەرشار لە وەفایی نامەکاندا، لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی ئەو مامۆستا و شاعیرانە و، هاوچەرخانیانمان لە دەستدا دەبوو، مێژوویەك کە هەرگیز لەوە ڕازاوەترو ڕاستتر لە مێژووی هاوەڵی گیانیی و دۆستی دەروونیدا گونجاو نەبێت و، وێنەی گەش و بریقەدار و لە کاڵبوونەوە نەهاتووی لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب دەست نەکەوێت.

لەوانەشە بەشێکی نەبوونی ئەم لایەنانە بخەینە ئەستۆی کەمتەرخەمیکردنی

نووسەرەوەی بەیاض و کەشکۆڵە کۆنەکانمان، چونکە گەلێ جار وا هەیە پارچە شیعرێك لە کەشکۆڵێکدا دەبینین ناوی شاعیرەکە و بۆنەی گوتنی شیعرەکەی لەپێشەوە نووسراون. کەچی هەر هەمان پارچە شیعر لە کەشکۆڵێکی دیدا نووسراوە و ئەو زانیارییانە بوێرراون.

نەبوونی ئەو لایەنانە لەهەر لایەکیانەوە بێت، جگە لەوانەی باسمان کردن، شتەگەلێکی دیکەیشیان لەکیس داوین کە لە بوونیاندا مانای دروستی شیعرەکان دەزانراو ئەو تەم و مژەی لە عاستی زانینی مانای گەلێ لە پارچە شیعردا هەیە دەڕەوانەوە.

کە لە لایەکی دیکەیشەوە سەرنجی ئەم بابەتە دەدەین دەبینین کەمتەرخەمیکردنی هەمەلایەنە لە عاستی شوێنەواری شاعیرانماندا زیانگەلێکی لێداوین کە هەرگیز بەهیچ شێوەیەك قەرەبووکردنەوەیان لە توانا و وزەی کەسدا نییە.

مەولەویی نامەی شیعریی بەرز و بەسۆزی بۆ دەیان و زیاتریش لە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی نووسیوە. ئێمە جگە لە ناوی چەند کەسێکیان وەك : خاڵۆی کۆماسیی و، بولبول و، شێخ حەسەنی هەزار کانیانیی و، شێخی ضیائەدین و، شێخی سیراجەدین و، داخیی و...چەند کەسێکی دی هەواڵی کێ و ناوی کێ دەزانین؟ لەوانەیش کە ناویان هەیە چ بەرهەمێکیانمان لە دەستدایە؟ یان ئەو نامانەی کە مەولەویی ناردوونی بۆ ئەو هاوەڵ و دۆست و مامۆستایانەی چییان بەسەر هاتووە؟ بەداخەوە وەڵامەکان دڵخۆشکەر نین و، ناسۆریان سەختە.

لەم دەرفەتەدا یەکێك لەو هاوەڵ و دۆستانەی مەولەوی کە تا ئێستە کەس ناوی نەهێناون و، مێژووی ئەدەبی کوردیش لێیان بێ ئاگایە، بەمێژووی کوردیی دەناسێنم و، لە پەنای ئەو ناساندنەیشدا هەڵەیەکی ناو دیوانی مەولەویی چاپی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و چاپەکانی دوای ئەویش ڕاست دەکەمەوە.

ئەوەندەم دەربارەی ئەو هاوەڵە گیانییەی مەولەوی زانیوە کە نازناوی شیعریی (سەودایی) بووە و، لە دێی (بێساران) بووە، ئیتر نازانم ناوی دروستی خۆی چی بووە. ئەوەندەیش دەزانم ئەم شاعیرە کە نامەی شیعریی بۆ مەولەوی ناردووە و مەولەویش بە شیعر وەڵامی داوەتەوە.. ئەم شاعیرە –سەودایی– پێش مەولەوی کۆچی دوایی کردووە و، یەك دوو پارچە شیعریش کە لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کراون لە دەستدان و لەم هەڵەدا بڵاویان دەکەمەوە.

پێش هەڵەکەیش کە ڕاستی بکەمەوە دەڵێم: نزیکی ٥٠ ساڵە دیوانی مەولەویی چاپ کراوە و، لەو کاتەوە هەزاران ڕۆشنبیر ئەو دیوانەیان خوێندوەتەوە و، چەندین جاریش دیوانەکەی مامۆستای مودەڕیس چاپ کراوەتەوە و، دوای چاپەکەی مامۆستاش چەندین هەوڵی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و لێ زیادکردنی بۆ کراوە و دراوە، بەڵام ئەو هەڵە بەسەر هەمووواندا تێپەڕیوە و کەس بیری بۆ لای دروستی باسەکە نەچووە.

هەڵەکەیش ئەوەیە– لە کۆتایی پارچەی:

«هەر چەند هیجرانت یەند زۆر ئاوەردەن»ەوە لە بەیتێکی پێش دوابەیتدا ناوی (بێساران) هاتووە و، خوا لێخۆشبوو مامۆستای مودەڕیس وای بۆ چووە مەبەست (مەلا مستەفای بێسارانی)یە و لە پەراوێزدا نووسیویە:

«٥– کەسێویٚ: کەسێك. واتە ڕەحمەت لەگۆڕی دڵداری ڕاستەقینە و سەر مەشقی دەردو مەینەت مەلا مستەفای بێسارانیی کە وتوویەتی: ماڵ وێرانی هەر بۆ من هاتووە، ناتوانم داوێنی کەس بگرم و گلەیی لێ بکەم. مەبەستی ئەوەیە هەر بەختم ڕەشە بۆیە یاریش منی لە یاد ئەچێ و دۆستی تازە ئەگرێ».

لەم لێکدانەوەیەدا دوو هەڵە هەیە:

یەکەم: مەبەست لە (بێساران مەنزڵ) کەسێکە کە ماڵی لە بێساران بووە، ئەو کەسەیش وەك لە بەیتەکەدایە شاعیرێك بووە نازناوی شیعریی (سەودایی) بووە، ئیتر باسی مەلا مستەفای بێسارانیی لە ئارادا نییە و، لە سەرتاسەری پارچە شیعرەکەدا باسی مەلا مستەفا نەهاتووە.

دووەم: مامۆستا کە لە مانای: «مەتاوۆگرتەی کەسیٚ و دامان»دا دەفەرموێ: ناتوانم داوێنی کەس بگرم و گلەیی لێ بکەم. وا دەزانم کەمێك لە مەبەست دوور مانای لێداوەتەوە؛ چونکە شاعیر مەبەستی ئەوەیە بڵێت: ماڵوێرانیی هەر بەش و بارەی منە و تایبەتمەندی منە و، ناتوانیٚ لە من بەولاوە داوێنی کەسی تر بگرێت.

شایانی باسە لە نوسخەی (توفیق)دا لە باتی (کەسیٚ و)،(کەسێوتەر)ە.

ئەمەیش ئەو دوو بەیتە کە ئەم مەبەستەیان لە خۆ گرتووە:

**های رەحمەت ئەو قەبر سەودایی کامڵ**

**سەرمەشق مەینەت، «بێساران» مەنزڵ:**

**یانەوێرانیی هەر وە من ئامان**

**مەتاوۆ گرتەی کەسێوی دامان**

## سەودایییەکان

لێرەدا جێگەی بیرخستنەوەیە کە بێجگە لەم سەودایییەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین -بەلای کەمەوە- دوو سەودایی دیکەمان هەیە.

یەکەم: شاعیرێکمان هەیە ئەوەندە دەزانین نازناوی شیعریی (سەودایی)یە و کتێبی (کفایة الاسلام)ی داناوە و شیعری دیکەیشی هەیە و، ئەم شاعیرە کۆنترین شاعیری کوردی شێوە کرمانجی ژوورووە کە دانراو و شیعری کوردیی لە بەردەستماندا هەبێت، نازانین ناوی خۆی چی بووە، ئەوەی دەیزانین ئەوەیە ئەم شاعیرە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچی لە ژیاندا بووە و شیعری فارسی و کوردی لە دەستدایە[١].

دووەم: سەودایی شاعیرێکی دیکەی کوردە ناوی شێخ ئیسماعیلی دۆڵان بووە و، ساڵی ١٨٤٢ لە دایك بووە و، ساڵی ١٩٢٧ کۆچی دوایی کردووە. دیوانی شیعری ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)یەوە لە چاپخانەی (دار الحرية) لە بەغدا چاپ کراوە[٢].

## سەرچاوەکانی ئەم باسە

سەرچاوەی سەرەکی ئەم باسە دوو دەستخەتە:

یەکەمیان: دەستخەتی دیوانی شیعری مەولەوییە کە گوایە مەولەویی بە خەتی خۆی بۆ مامۆستای مینبەریی لە سنەی نووسیوەتەوە و بۆی ناردووە. مامۆستایەك لەبەر ئەو دەستخەتەی خودی مەولەویی دیوانەکەی مەولەوی جارێکی دی نووسیوەتەوە.

ئەم دەستخەتە ١٣٠ لاپەڕەیە بە خەتێکی (نستعليق)ی وردی جوانی خۆشخوێن نووسراوەتەوە. مێژووی نووسینەوەی و، ناوی نووسەرەوەی دیاریی نەکراوە، ئەوەندە هەیە نووسەرەوە لە پێش دیوانەکەوە نووسیویە:

«این اشعار از روی نسخهء كه مرحوم مولوی (معدومی) در كنار كتابی بخط خود جهة

---

(١) بڕوانە: محەمەدعەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەمیض، بەغداد، ١٤١٩ك- ١٩٩٨ز. ل: ٣٤٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل: ٢٥٦.

مرحوم حاج ماموسای منبری[(٣)] بعنوان یادگار مرقوم فرموده بود نوشته شده. لذا در طرز ترقیم واستنساخ آن تغیری داده نشد، وکاملا مطابق آن نسخه است در آخر اشعار عبارت ذیل را نیز مرقوم فرموده بود:

(در خواطر محبان جانی، سوزش مشتاقان و آرزومندان جنانی، چه در لباس تازی و دری، وچه در کرباسی گورانی، تفاوتی نخواهد فرمود، وبر بی التفاتی نخواهد افزود، آری–هر یکی را اصطلاحی دادهایم. هر یکی را سیرتی بنهادهایم، پس فقرات گویای خاموش نایب فقیر مدهوش است.

یسلم علیکم و علی من لدیکم– عبدالرحیم المعدوم–».

وێنەی ئەم نوسخە لە لای منە پەڕە–پەڕەیە و، ژمارەی لاپەڕەی نییە و، هەروەها نیشانەی لاپەڕەی داهاتوو کە (تباعە) یان (رادود)ی پێدەڵێن لە کۆتایی لاپەڕەی یەکەمدا نییە. خۆم چۆن زانیم و توانیم پاش و پێشی لاپەڕەکانم یەکخست و ژمارەم بۆ دانان و کارم لەسەر کردن.

دەبێ ئەوە نەشارمەوە ئەو نووسەرەوە بەڕێزە کە ناوی خۆی نەنووسیوە و نووسیویە لەبەر دەستخەتی مەولەویی نووسیومەتەوە، ڕوونکردنەوەی زیاتری نەنووسیوە و منیش گومانم بۆ ئەوە دەچێت دەستخەتەکە دەستخەتی مەولەویی بێت، ئەم گومانەیشم لەبەر دوو شتە:

١– پارچەیەك شیعری تێدایە– هەرچەند هیچی لەسەر نەنووسراوە– پێدەچێت شیعری داخیی بێت شیوەن بۆ مەولەویی دەکات تیایدا. جا ناگونجێ مەولەویی شیعری شاعیرێك بنووسێتەوە کە شیوەنی بۆ کۆچی دوایی ئەم کردبێت.

٢– لەسەر هەندێ لەو پارچە شیعرانە کە بۆنەی گوتنەکەیان یان ئەو کەسەی شیعرەکەی

(٣) مەبەستی لە ماموستا مینبەریی ماموستا مەلا محەمەدی مینبەرییە کە مەولەویی ساڵی ١٢٤٨ی ك. لای ئەو ماموستا فەقێ بووە و، هەر لەو ساڵەدا مەولەویی دەستخەتێکی بۆ ماموستای ناوبراو نووسیوەتەوە، کە بریتییە لە ٣ دانراو:

یەکەم: (ایها الولد)ی ئیمامی غەزالیی.

دووەم: (الانوار الساطعة في شرح الفريدة الجامعة في العقائد النافعة).

سێیەم: (شرح قصيدة المديح).

ئەم دەستخەتە بە ژمارە (٣٢) لە کتێبخانەی شارەوانیی سنەدا پارێزراوە. (بڕوانە: بەرگی هەشتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد – ئەم بەرگە).

بۆ نووسراوە–نووسیویە (فرمودە) واتە: فەرمووویەتی. دووبارە ناگونجیٚ مەولەویی بۆ خۆی بنووسیٚ: فەرمووویەتی. مەگەر بڵێن نووسەرەوەی دووەم کە لەبەر دەستخەتەکەی مەولەویی نووسیویەتیەوە، بۆ ڕێزی مەولەویی نووسیبێتی: فەرمووویەتی.

دووەم: دەستخەتێکە ناوم ناوە (دەستخەتی تۆفیق) چونکە سەرەتا و کۆتایی نەماوە و ناوی کەسی پێوە نییە، لە یەك دوو جێگەدا نەبیٚ ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە بۆ (تۆفێق) ناوێك نووسراوەتەوە، ئەم دەستخەتەیش بایەخێکی تایبەتی بە شیعرەکانی مەولەویی داوە و، بە خەتێکی خۆش بەشێکی باش لە شیعرەکانی مەولەویی نووسیوەتەوە، دەستخەتێکی نایابە، نوسخەیەکی پوختە، لەو نوسخانە دەچێت کە لەبەر نوسخەی مەولەویی یان نوسخەی نزیکی ئەو نوسخە نووسرابێتەوە. بەڵام بە داخەوە، نووسەرەوەکە شیعرەکانی بە وردیی لە یەك جیا نەکردۆتەوە، کاتی وا هەیە دوای پارچەیەك شیعری مەولەوی نووسیویەتی (ولە) واتە پارچە شیعرەکەی دوای ئەمیش– واتە پارچەی هاتوو– هەر شیعری مەولەوییە، کەچی وا دەبێت شیعری مەولەوی نابێت.

ئەم دەستخەتەیش شیعری سەودایی تێدایە و بۆ ئەم باسە سوودم لیٚ وەرگرتووە و شیعرەکانیم نووسیوەتەوە و ئاماژەم بۆ سەرچاوەکە کردووە. کە باس باسی هاوەڵانی مەولەویی و دۆزینەوەی پێوەندی پتەوی مەولەوییە بە هاوەڵانییەوە و، باسی پارچەیەك شیعری (داخی)شمان کرد وا بە باش دەزانم ئەو پارچە شیعرە کە گومانم بۆ ئەوە دەچێت شیعری داخی بێت و دوای کۆچی دوایی مەولەویی شیوەنی بۆ مەولەویی کردبێت، لێرەدا بڵاو بکەمەوە. بەمەیش لاپەڕەیەکی نەزانراو لە ژیانی مەولەویی و پێوەندیی بە کوڵ و سۆزی لەتەك هاوەڵانیدا دەردەکەوێت.

دوای ئەمەیش شیعرەکانی نێوانی (مەولەویی) و (سەودایی) دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز.

**شیوەنی (داخی) بۆ (مەولەویی)**

**دڵـە بـا وەس بـۆ، دڵـە بـا وەس بـۆ**
**هـۆشیـار بـە وادەی مـەستـیت بـا وەس بـۆ**
**زیمامت بـا وەس وە دەس هـەوەس بـۆ**
**وەس فـامت نـەفـکـر کـردەی عـەبـەث بـۆ**

با وەس خەیاڵت خەیاڵی خاڵ بۆ
وەس حاڵت پەی زوڵف زوخاڵ بەدحاڵ بۆ
با وەس طەمای وەصڵ نازك نەوهاڵان
سەرمایەی عومرت بدەر وە تاڵان
بدیە هامدەردان هامفەرد هام مەشق
نازك خەیاڵان دەروون دەریای عەشق
گردین بەو خەیاڵ نازك کەردەوە
بەو بار لەبان ئەندۆی دەردەوە
هەر یەك وە طەمای نەوهاڵێکەوە
وە پەژارەی خەم بووم لاڵێکەوە
مەزەی بادەی ناب حەقیقیی چەشتەن
نەی وارگەی پڕ شووم جە ناکام وەشتەن
خاڵیی بی یاگەی نازك خەیاڵان
بێ مەدداح مەندەن نەو نوختە خاڵان
مەیخانە خاڵیی، مەیخواران بێ شەوق
بادەکەش ماتەم بادەنۆش بێ ذەوق
زیاد جە گردین شای سینە صافان
مەخدوومی مەعدووم مەولەویی جافان
جادار رەویەی بێسارانیی بی
صاحیب تەریکەی هادیی ثانیی بی
ئەشعار یوسف ئەبیات خانا
جە خەیاڵ خاصیش وە هیچ مەنمانا
فەرد وەش مەضموون مەلاکەی گۆران
ئەبیات تەریکەی مەدداح بۆران
واتە واچێوەند خانای دڵ خەمین
فەرموودەی شەفیع دەروون ماتەمین

ئـــەفـــكـــار ئـــەبـــكـــار صالحی كـــەردە
ئـــەبـــيـــات بـــەنـــات نـــەجـــەف پـــەروەردە
بـێ نموود جـە فـيكر خـەيـاڵ خـاصيش بين
بـێ وجـوود جـەلای خـاصان نـاسيش بين
وادەی مـــونـــاجـــات (قـــاضی الحاجـــات)
وە كـــــزەی دەروون صدق دڵ هـــــەرسات
ئـەی دانـەی نـەفـيس شەفـافـتـەر جـە لاڵ
مـــە سوفت وە قـــەڵـــەم سەرنـــووك خـــەيـــاڵ

## سێ پارچە شيعر

ئەم پارچە شيعرە كە لێرەدا دەينووسم لە دەستخەتی (تۆفيق)دا بێ ئەوەی هيچی لەسەر نووسرابێ يان لە شيعرەكانی دی جيا كرابێتەوە نووسراوە و، لەسەری نووسراوە (ولە) واتە هەر هی ئەو شاعيرەيە كە پێشتر پارچە شيعرێكی نووسراوە، بەڵام ئەو پارچە شيعرەی كە لە پێش ئەمەوە نووسراوە ئەو پارچە شيعرەی مەولەوييە كە سەرەتاكەی ئاوايە:

**دەرد وەبـــان دەرد زامـــان كـــاريـــی**
**گرد نە لام جەمەن يە تەشريف ماری**

بەڵام من ئەم پارچە شيعرە بە شيعری سەودايی دەزانم كە دوای پارچە شيعرێكی مەولەويی نووسيبێتی، هەر بە دوای ئەميشدا لە دەستخەتەكەدا بێ جياكردنەوە و ناوی كەس پارچە شيعرێك نووسراوە كە سەرەتاكەی:

**«حسب الاشارە»ی سەودايـی كـامـڵ**
**سۆچيای كوورەی كزەی چزەی دڵ»**

دێت، كە بە شيعری مەولەوی دەزانم بۆ سەودايی ناردبێت، بۆيە لێرەدا، بەرو دوا، وەك لە دەستخەتەكەدان هەردووكيان بڵاو دەكەمەوە، دوای ئەم دوو پارچەيش پارچەيەكی سێ بەيتيی بڵاو دەكەمەوە، كە لە دەستخەتی مينبەريدايە و، بە شيعری سەودايی دەزانم. ئەميش ناوی كەسی بەسەرەوە نييە:

١

نـــامـــەی دەوای زام تـــیـــرایش سەخت
یاوا وە سەروەخت (سەودایی) بەدبەخت
خـــەم رەم کـــەرد شادیـــی هـــەوا وەردەوە
وەك سەرو ئـــازاد ئـــیـــحـــیـــام کـــەردەوە
بـــەڵام دەست بـــە یـــاد شەوق ویـــەردە
ئـــامـــای وە نـــاکـــام لـــەذزەت نـــەبـــەردە
پێچ پێچ وێنـەی پێچ مـەفـتـوول دڵـبـەر
کـێشانـیش نـە تـۆی مـەیـنـەت زەڕگـەر
بـــنـــچـــیـــنـــەی زەوقـــم دا وە [کـــردەوە!]
نـێمـە گـیـانـێ بـی ئـەویـچ بـەردەوە
ڕەحمەت بە ئەو کەس دەس جەزام وەردا
وات: چۆن ئەی دەردە نە تۆی دڵ سەردا؟

٢

(حسب الاشارە)ی (سەودایـــی) کـــامـــڵ
سۆچـــیـــای کـــوورەی کـــزەی چـــزەی دڵ
ماچی وێنەی بەرگ خەستەی دەرد مەرگ
گـوڵـگـوڵـێ وە ڕەنگ هـۆنـاوەکـەی جـەرگ
بـافـتـەو دوگـمـەی خـولاصەی پـەسەنـد
بـەنـد چـون بـەنـد دڵ وە عـەلاقـە بـەنـد
گـیـان وە بـارمـتـە جـە یـاران ئـاستـم
سا ئـەر قـەبـووڵ بـۆ واستـم کـیـاستـم
ئـەو نـەبـیـر نـە سەر ئـێد وە دەستـەوە
هـەر گـلـدەر بـەو دڵ ماران گـەستـەوە

هەر کەسێ کەسێش دایم نە دڵ بۆ
گۆشەی جەرگ دڵ پەرێش وە کوڵ بۆ
یا مەواچۆ دەرد یا ماچۆ زووخاو
چە [یومکردا] وە دەس مەیۆ بە جەواو
وەرنە ساڵان بۆ بێ مەیلت مانۆ
[و برد سر دیوار سردت زانو!]
خۆ میعمار دڵ هەروەختەم تۆنی
من خۆ فێنکی تۆی سفتەم تۆنی
صەدا دەر وە زەنگ مارگەستەم تۆنی
مەیل دیدەی دڵ ئێش خەستەم تۆنی

٣

جەستەی خەستەی خار (سەودایی) خجڵ
با وەسبۆ تاکەی ئەی دڵوەشیی دڵ؟
چەپگەرد فرصەت باز شاناموورە نەرد
عومرێ بێ ئاما ویەرد گوزەر کەرد
زەحمەت خەڵاص بی جەی دووریی دەردە
ئەیهوو! تا بەیۆ عومر ویەردە



## وەڵامێك بۆ ئەنوەر قادر محەمەد
## لەسەر شیوەنی مەولەوی بۆ كوڕی مەحموودی یاروەیس

**٥٣١**

كە باسی شیعر و (دیوانی مەولەوی)یە و باسی شیوەنی كوڕی مەحموودی یاروەیسیش هاتە ناو، وا بە باش دەزانم لا لە بابەتێك بكەمەوە كە ئەنوەر قادر محەمەد لە (لیریكای شاعیری گەورەی كورد مەولەوی)دا بەلایدا چووە(١).

پێشەكی دەڵێم: دەبوو مامۆستا ئەنوەر دوای ئەوەی من جارێكی دی ئەو باسەم خستەوە ناو و پارچە شیعرە درێژەكەم وەك لە كەشكۆڵی ناسراو و باوەڕپێكراودایە بڵاو كردەوە(٢)، ئەویش چاوی بە كارەكەی خۆیدا بخشاندایەتەوە و سەرنجێكی شیعرەكانیشی بدایەت و، لە چاپی نوێی لیریكادا ڕای نوێی ببوایەت.

ئەنوەر لە سەرەتای كتێبەكەیدا زۆر سەرپێیی بە لای وتاری (شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی)دا چووە، كە هەرچەند وادەزانم – تا ئێستەیش – لە شێوەی وتاردا لەوەی من چڕ و پڕتر لەسەر مەولەوی نەنووسراوە. ئەنوەر تەنیا خۆی لە یەك بابەتیان داوە ئەوەیش بۆ ئەوە كە بۆچوونەكەی من بداتە دواوە.

بۆ ئەوەی ڕاستی ون نەبێت و دیوانی مەولەوی لە داهاتوودا– وەك پێویست– بە ڕێكی چاپ بكرێت دەڵێم: من ئەو كاتە ئەو قسانەم لە خۆمەوە نەكردووە و، دەستخەتی باوەڕپێكراوم لە بەردەستدا بووە و، پشتم–جگە لە بەڵگەی مەنطیقی– بەو سەرچاوانە بەستووە. ئێستەیش كە دێمەوە ناو ئەم باسە لە ڕووی ئەوە نییە بمەوێ سووربم لەسەر قسەیەك كە بەڵگەیم بەدەستەوە نییە. ئەوەندەی لێرەدا ماوە هەبێت و مەودای شوێنەكە بوار بدات دەچمەوە ناو ئەو باسە و زیاتر ڕوونی دەكەمەوە.

**یەكەم:** ڕەنگە بڵێم وەڵامی دروستی ئەم بابەتە هەر لەو چەند دێڕەی نامەكەی

---

(١) بڕوانە: لیریكای شاعیری گەورەی كورد مەولەوی بە دیالێكتی گۆرانی (هەورامی). ئەنوەر قادر محەمەد. چاپی سێیەم، ٢٠٠٧ سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل: ١٥٣.

(٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی كورد لە ڕێگەی دەستخەتەكانیانەوە، بەرگی پێنجەم، شركة الخنساء للطباعة المحدودة، بغداد، ٢٠٠٣، چاپی یەكەم ل: ١٥٩.

مەولەویدا بێت کە مامۆستا ئەنوەر بە بەڵگە بۆ دانەدواوەی بۆچوونەکانی من هێناونی. چونکە مەولەوی خۆی دەڵێ: (از بدل آمدن براي تعزيه) واتە: لەباتی هاتنی خۆم بۆ تەعزییە. ئەم قسەی مەولەویی هیچ گومانی تێدا ناهێڵێ کە ئەم پارچە شیعرە لە گەرماوگەرمی تەعزیەی کوڕی مەحموودی یاروەیسدا نووسراوە، هەموویشمان دەزانین کە لەو گەرماوگەرمەدا ئەدیب، نووسەر، شاعیر هێز و وزەی بیری دەخاتە کار بۆ ئەوەی بابەتەکەی لە قاڵبێکی وادا دابڕێژێت سوکنایی بە دڵی خاوەن کارەساتەکە بدات و، برینی ساڕێژ بکات و، داخ و کەسەرەکەی سووك بکات، بەڵام نەمانبیستووە و نەبووە بە عادەت و، عەقڵیش ئەوە قەبووڵ ناکات، پیاوێکی وەك مەولەویی بێت بۆ یەك تەعزییەنامە شەش حەوت پارچە شیعری جیا- جیا بنووسێت(٣) و، خاوەن تەعزییەیش کاتی ئەوەی نییە لەو سەرقاڵییەدا شەش حەوت نامەی یەك کەس بخوێنێتەوە!

**دووەم:** کە مەولەویی دەڵێ: چەند غەزەلێ، مەبەستی پێ زاراوەی ئامارەیی غەزەلە کە خۆی لە نزیکەی (١٢) بەیتدا دەنوێنێ، نەك مانای (إصطلاحی) غەزەل؛ چونکە ئاشکرایە غەزەل- بەزۆریی- بۆ دڵداریی و پیاهەڵدانی ئافرەت و شۆخانە نەك بۆ شیوەن.

**سێیەم:** ئەگەر ئەو پارچە شیعرانە جیا- جیا گوتراون بۆچی مەولەوی تەنیا لە یەك پارچەیاندا، کە لە لای من کۆتایی پارچە شیعرە درێژەکەیە، مێژووی کارەساتەکەی نووسیوە؟ ئایا نەدەبوو هەر هیچ نەبێ لە یەك دووانێکی دییاندا ئەو مێژووەی بە شێوەیەکی تر بنووسیایەت؟

**چوارەم:** لەبارەی ئەو قسانەی مامۆستا ئەنوەرەوە کە نووسیویەتی: «زانای مودەڕیس لەسەر بناغەی چەندین دەسنووس، بەراورد و چاپی کردوون».

لەتەك ڕێزی بێ پایانم بۆ گیانی مامۆستای مەزنمان مامۆستای مودەڕیس، ناچارم لەسەر ئەم دێڕە هەندێ بدوێم.

پێشەکی لەسەر کارەکەی مامۆستا لە دیوانی مەولەویدا لەوە زیاتر ناڵێم کە لە سەرەتای وتارەکەی (شارۆ)وە نووسیومە و، لەوێ بە بۆچوونی خۆم کارەکەی مامۆستام نرخاندووە.

---

(٣) وەك وتوومە: ئەمە بە بۆنەی جیا جیاوە دەگونجێ لە ماوەی چەند ساڵدا بۆ عەنبەر خاتوونی خێزانی کۆچکردووی بکات و، لە هەر موحەڕەمێکدا، یان لە هەر بەهارێکدا کە سوێکەی بە یادی کۆچی دوایی خێزانی تازە دەبێتەوە بە پارچە شیعرێکی بەسۆز کەف و کوڵی سینەی گڕگرتووی دابمرکێنێتەوە، بەڵام ئەو حاڵەتەی مەحموودی یاروەیس زۆر جیایە.

بەڵام بە مامۆستا ئەنوەر دەڵێم: وەك نووسەرێکی ئەکادیمی نەدەبوو لە ژێر تەئثیری عاطیفەیدا بۆ مامۆستای مودەڕیس بینووسیایە: (بەراورد و چاپی کردوون)، چونکە لەتەك لە داوای لێبوردنی زۆرمدا لە گیانی پاکی مامۆستامان دەڵێم: مامۆستا خۆی فەرموویەتی: (هەرچۆن بێ من ئەوەی لە توانامدا بوو کردم، وەنەبێ بڵێم کەموکورتی لە ئیشەکەما نییە)[٤] بەڵێ کەموکورتی لە کارەکەی مامۆستادا هەیە و، یەکێك لەو کەموکورتییە سەرەکییانە بەراوردنەکردنی دەستخەتەکان و دەقەکانیان و، بەڵکو سوودوەرنەگرتنی– وەك پێویست– لە دەقەکانە.

مامۆستای مودەڕیس لە سەرەتای دیوانەکەوە ناوی چەند کەس دەبات کە بە کەشکۆڵ و دەستخەتی دیوانی مەولەویی یارمەتییان داوە، لەوانە: (شێخ ئەحمەدی شێخ صدیقی نیرگسەجاڕ) و (مەلا کەریمی دەڵەمەڕی) و (مەلا کەریمی گولپی)و...

ئەگەر مامۆستا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی پەیڕەو بکردایەت، دەبوو پێش هەموو شتێك باسی یەکە یەکەی ئەو کەشکۆڵ و دەستخەتانەی بکردایەت و هەڵی بسەنگاندنایەو، لایەنە بەهێز و لاوازەکانیانی دیاریی بکردایەت و، ئەوەی ڕوون بکردایەتەوە کام نوسخەیان دایکانەیە و لە هەموویان چاکترەو، ئەو دیوانەکەی لە ڕووی کامیانەوە نووسیوەتەوە.

مامۆستا وەك ئەمانەی نەکردووە لەسەر پارچە شیعرەکانیشی نەنووسیوە ئەو پارچەی لە کام نوسخەی دەستخەت وەرگرتووە، ئەمە جگە لەوەی کە لە پەراوێزەوە وەك ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی جیاوازیی ناو نوسخەکانی لای خۆی دیاریی نەکردووە.

ئیتر مامۆستا ئەنوەر چۆن باسی (بەراورد) دەکات؟

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە بە مامۆستا ئەنوەر دەڵێم: نوسخەی شێخ ئەحمەدی شێخ صدیقی نێرگسەجاڕ، کە مامۆستا لە سەرەتاوە ناوی دێنێت، هەمان نوسخەی (ف)ی لای منە، کە پارچە شیعرەکەی بە یەکپارچەیی تێدایە و، چەندین بۆنەو جیاوازیی دیکەیشی تێدایە کە من لە وتارەکەمدا باسم کردوون و– لەبەر بەراوردنەکردن– بەسەر مامۆستادا تێپەڕیون.

ئەو نوسخەی (ف) نوسخەی مەلا فەتاحی کاگردەڵێیە[٥] کە لەنووسینەوەی شیعری

(٤) بڕوانە: دیوانی مەولەویی، مەلا عبدالکریمی مدرس، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ١٣٧٨ هەتاوی. ل: –د–.

(٥) بۆ شارەزایی لەم کەشکۆڵە بڕوانە: مەلا فەتاحی کارگردەڵی و ١٣ ساڵ گوڵبژێری باخچەی ئەدەبی کوردی، پاشکۆی عێراق، ژ: ١٥، ١٩٧٨.

مەولەوی و نالّی و سالم و شاعیرانی دیدا، لە وردەکاریدا، کەم وێنە بووەو، لەو هەموو کەشکۆڵانەدا من دیومن کەشکۆڵەکەی مەلا فەتاح بە یەکێك لە هەرە شاکارەکان دادەنرێت و، وێنەی کەمە.

جگە لەمانەیش مەلا فەتاح خۆی جاف و لە ناو جافداو لە نزیکی زادگای مەولەویی و ڕووداوی کارەساتەکەدا بووەو، دوور نییە پارچە شیعرەکەی لەبەر خەتی مەولەویی یان نوسخەی نزیك لەو نووسیبێتەوە. جا ئەگەر مامۆستای مودەڕیس بەراوردکاریی بکردایەت ئەو پارچە شیعرەی دەبینی و، یان لە دیوانەکەدا وەك ئەوە دەینووسی، یان قسەیەکی لەسەر دەکرد و هۆی پارچە پارچە بوونەکەی دەنووسی(٦).

بۆ زیادەڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەڵێم: دوای بڵاوبوونەوەی وتاری (شارۆیەك..) چەند کەشکۆڵی دیم دەستکەوتووە و وێنەی گەلێکیانم، لەلایە لە ناویاندا کەشکۆڵی (گوڵزاری بەهار) هەیە کە گومانم بۆ ئەوە دەچێت شیعرەکانی مەولەویی ئەگەر لەبەر دەستخەتی مەولەویی نەنووسیبێتەوە ئەوە لەبەر نوسخەیەك نووسیویەتیەوە کە زۆر نزیك بووە لە نوسخەی مەولەوییەوە، لەم کەشکۆڵەیشدا شیوەنی کوڕی مەحموودی یاروەریس بە یەکپارچەیی و، وەك (ف) وایە لە تەك کەمێك جیاوازیدا.

دوا وتەم:

دوا وتەم لەم باسەدا لەسەر قسەیەکی مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس دەبێت کە لە «دیوانی مەولەوی»دا لەبارەی شیوەنەکەی کوڕی مەحموودی یارەوەیسەوە نووسیویە. ماسۆستا لە پەراوێزی پارچەی (٣ پیتی پیّ)دا نووسیویە:

(مەولەویی ئەم قەسیدە درێژەی کە وەك چەند پارچە هەڵبەست وایە، بە زوبانی حاجی مەحموودی یاروەیسەوە وتووە لە لاواندنەوەی کوڕێکی مردوویا...)

ئەم دوو دێڕە نووسینەوی مامۆستا نووسینی زۆر هەڵدەگرێت، لە دوو خاڵدا کورتی دەکەمەوە:

* وەك پێشتر نووسیم نابێ مامۆستا ئەم پارچە شیعرەی لە کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵیدا نەدیبێت؛ چونکە ئەو کەشکۆڵە یەکێك لە سەرچاوەکانی بەردەستی مامۆستا بووە و سوودی لێ وەرگرتووە. ئەم نووسینەی سەرەوەی مامۆستایش ئەوە دەگەیەنێ؛

(٦) جگە لەم کەشکۆڵەیش وێنەی کەشکۆڵی مەلا کەریمی گوڵپی و مەلا کەریمی دەڵەمەڕیم لەلایە، لەوانیشدا نیشانەو شوێنەواری بەراوردنەکردن ئاشکرایە.

چونکە مامۆستا کە دەفەرمویّ: (ئەم قەسیدە درێژەی کە وەك چەند پارچە هەڵبەست وایە...) ئاماژە بۆ پارچەیەك شیعر دەکات کە (١٣) بەیتە. هەر لە پیتی (پیّ)دا و پێش ئەو پارچە پارچەی (٢٦) بەیتیی نووسیوەو ئەوەیشی بۆ نەوتوە. نازانم ئەمە چۆن بەسەر مامۆستادا تێپەڕیوە!

* ئەوەیش کە مەبەستمە لێرەدا بەسەریدا نەڕۆم ئەوەیە مامۆستا ئەنوەر ئەم نووسینەی مامۆستای کردووە بە بەڵگەیك لەسەر نادروستیی بۆچوونەکەی من، کە ئەم شیوەنە یەك پارچە شیعری درێژە، بەڵام پاش ئەوەی ئەنوەر نووسینەکەی مامۆستای هەڵگێڕاوەتەوە و چۆن بۆ بۆچوونەکەی خۆی بگونجێت وای نووسیوە.

ئەوەی لەسەرەوە نووسیم دەقی نووسینەکەی مامۆستا بوو، ئەویش دەقی نووسینەکەی ئەنوەر، وەك لە دواچاپی (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی)دا نووسیویە:

«شایانی باسە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خۆشی دەڵیّ، ئەم چەند غەزەلە وەك قەسیدەیەکی درێژ وایە» (:١٥٤ لیریکا).

قسەی ئەوەم نییە ئەنوەر ئەم قسەی مامۆستای لە شوێنێکی دی هێنابێت؛ چونکە لێرەدا ئاماژەی بۆ سەرچاوەی ئەم قسەی مامۆستا نەکردووە!

من هەموو ئەو بۆنانەم تەماشا کرد کە مامۆستا لە پەراوێزەوە بە عیبارەتی جیاجیا لە باسی شیوەنی مەولەوییی بۆ عەبدورڕەحمانی کوڕی مەحموودی یاروەیسدا نووسیونی، هیچیان ئەم دەقەی ئەنوەریان تێدا نەبوو، تەنها نووسینێك لەمەوە نزیك بێت ئەو قسەی مامۆستا بوو کە لە سەرەوە نووسیم ، وەك دەیشبینی قسەکەی ئەنوەر و قسەکەی مامۆستا زۆر لەیەك دوورن.





## گلەییەك و ڕێنماییەك:

دوا بەرهەمی دیوانی مەولەویی، یان باشتر بڵێم: دواکار کە من دیومە بۆ کۆکردنەوەی دیوانی مەولەویی کرابێت، ئەو دیوانە چاپەیە کە لە سەری نووسراوە:

«پێداچوونەوە و ڕێك و پێککردن و زیادکردنی شیعرە چاپ نەکراوەکان حەسەن گۆران موحەممەد حیجازی».

ئەم چاپە بە قەوارە و ژمارەی پارچە شیعرەکانی لە چاپەکانی پێشوو گەورەترە و خۆ بۆ ماندووکردنی پێوە دیارە و، لە سەرەتاوە دەڵێن (٦٢) پارچە شیعریان لە چاپەکەی مامۆستای مودەڕیس زیاتر لێرەدا چاپ کردووە. دیارە ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکانی مەولەویی و، ڕەنجێکی شایانی ڕێزە لەسەر ڕێگەی بە دوا قۆناغگەیاندنی دیوانی مەولەویدا دراوە.

بەڵام ئەم کارەیش بێ کون و کەلێن نییە و، دەکرا باشتر بوایەت و، ڕێکوپێکتر بکرایەت و، کاری خوێنەر و لێکۆڵەرەوانی دوای ئەوانیش ئاسانتر بکرایەت. بۆ ئەم مەبەستەیش چەند خاڵ هەیە ئەگەر بەوردیی پەیڕەویی بکرایەن کارەکەیان گەلێ لەمەی ئێستە تێر و تەسەلتر دەبوو، وەك:

١- گەڕان بەدوای سەرچاوەی زیاتردا.. لەوەتەی دیوانی مەولەویی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەرچووە -ئەگەر نەڵێم صەدان- دەیان بابەتی جۆراوجۆر لە وتار و، لێکۆڵینەوەو، شیعری بڵاونەکراوەی لەسەر بڵاو کراوەتەوەو، چەندین کۆڕ و سیمیناری بۆ گیراوە و، پسپۆڕان و شارەزایان باسیان تێدا پێشکەش کردوون، کەچی ئەو کارانە لەم چاپەی دوایی دیوانی مەولەویدا ڕەنگیان نەداوەتەوە و، دەنگیان نییە.

٢- سوود وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لەو ڕاو بۆچوونانەی لە سەر شیعرەکانی مەولەویی نووسراون و، دەرخستنی ڕووی ڕاستی، یان هیچ نەبێ بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو ڕاو بۆچوونانەی پێش ئەوان درکێنراون.

بۆ نموونە من لە بەرگەکانی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا چەندین جار باسی مەولەویم کردووە، گەلێ سەرچاوەی نایابی شیعری مەولەویم بە مێژووی ئەدەبی کوردیی ناساندووە، کەچیی وەك ئەو دوو مامۆستا ناوی ئەو کتێبە گەورەیان نەبیستبێ وایە.

با بڵێین: ئەوەیان نەبیستووە، خۆ لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا وتارێکم دەربارەی دیوانی مەولەویی نووسیوە، دەرگای چەندین بۆچوون و ڕای نوێم لە سەر بابەتەکانی دیوانی مەولەویی تێدا خستووتە سەر پشت و، چەندین بۆنەی شیعرەکانم

نووسیوه کە لە دیوانەکەی ماموستای مودەرپسدا یان نین، یان بەو شێوانە نین. هەر بۆ نموونـە لـەسەر شیـوەنـی کـوڕی مـەحـمـوودی یـاروەیس کـە مـەولـەویـی بـۆی کردووە، لـێکۆڵینـەوەیـەکی وردم نووسیوە و پێشم وایـە لێکۆڵینـەوەکـەم– بـەپێی ئـەوەی پشتم بـە سەرچاوەی دروست بەستووە تیایدا– جێگەی بایەخە و، پشتگوێخستنی لە لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەویدا بە قازانجی دیوانەکە تەواو نابێت.

بۆ ئەم بابەتەیش ئەگەر ماوەی ئەوە هەبوایەت بمانوتایە لەوانەیە ئەم دوو ماموستا لەبەر دووره دەستیی ئاگایان لەم سەرچاوە نەبووە ئەوە پاساوێك دەبوو بۆیان، بەڵام ئەوان لە لاپەڕە (٤٥٠)ی دیوانەکەدا ئاماژەیان بۆ ئەو وتارە کردووە، کەچی هەر ئەو ئاماژەیەیە و بەس، ئیتر خۆیان لەو هەموو باس و خواست و ڕاو بۆچوونانە بواردووە کە لەناو وتارەکەدا ورووژاندوومن. بێگومان ئەمە جێگەی گلەیی تەنها من نییە و، جێگەی گلەیی ڕێبازی لێکۆڵینەوەیە کە ناکرێت شتی وا بکرێت.

٣– پەیڕەوی نەکردنی ڕێبازێکی نوێ بۆ ڕێکخستنی شیعرەکانی مەولەویی، جگە لەو ڕێبازەی ماموستای مودەرپس لە سەری ڕۆیشتووە؛ چونکە دەکرا لەو ڕێبازە لابدرێت و، ڕێ و شوێنێکی نوێ و زانستییانە تر بۆ کۆکردنەوەی پارچە شیعرەکان بگیرێتە بەر؛ چونکە ڕزکردنی پارچە شیعرەکان بە گوێرەی پیتی یەکەمی سەرەتای پارچەکە کاری دیوانەکە یەکسەرە ناکاتەوە، بەتایبەتی بۆ کەسێك بیەوێت بۆ مەبەستێ بگەڕێت، یان بیەوێت – ئەگەر لە دەستخەتێکدا پارچە شیعرێك ببینێ– بزانێ ئەو پارچە شیعرە بڵاوکراوەتەوە یان نا، ئەگەر ئەو پیتە لە دەستخەتەکەدا گۆڕرابوو بەپیتێکی دی، ئەوە ئەو کەسە دەبێ هەموو دیوانەکە بەیت– بەیت بپشکنێ تا بزانێ لە دیوانە چاپەکەدا هەیە یان نا؟

لەو وتارەدا کە باسم کرد ئاماژەم بۆ ئەم ئاڵۆزییە کردووە. لە دیوانی ڕەنجووریدا زیاتر لام لەم باسە کردووەتەوە و ڕێبازێکی نوێم بۆ بابەتبەندیی شیعرەکان دۆزیوەتەوە کە بـریـتـییـە لـە بـابـەتـبـەنـدیـی شیـعـرەکـان بـە گوێرەی مـانـاو نـاوەرۆکیـان، وەك: ئـایـنیی صۆفیگەریی، بەهارییەکان، شیوەنەکان، نامەی دۆست و هاوەڵان... تاد ئەگەر ئەم ڕێبازە لە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی دیوانی مەولەویدا پەیڕەویی بکرایەت ئەوا کار ئاسانییەکی باش بۆ خوێنەر دەکرا و، کارەکەیش زانستییانەتر دەبوو.

جا ئەمەی لێرەدا نووسیم چەندە گلەییە لەو دوو ماموستا بەرێزە ئەوەندەیش ڕێنومایییە بۆ کەسانێك دەیانەوێ لەمەولا کار بۆ کۆکردنەوەی دیوانی مەولەویی، یان بێسارانی، یان وەلی دێوانە و ئەوانەی دی بکەن کە شیعرەکانیان وەك شیعری مەولەویی وایە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەوە بەخوێنەری ئازیز دەڵێم: جگە لەو دوو دەستخەتەی لەم

وتارەدا ئاماژەم بۆ کردوون، چەند کەشکۆڵ و بەیاض و وێنەی چەند کەشکۆڵم دەست خستووە کە – ئەگەر خودا یارمەتیم بدات و تەمەن و چاو و وزە بەبەریانەوە بێت– کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی باشی نوێی دیوانی مەولەویی پێکدێنن و، گەلاڵەی ئەم بابەتەم لە ڕووی ئەو سەرچاوانەوە کردووەو چاوەڕوانی زیاترم.

لەم شوێنەیشەوە دەسگورۆیی و ڕێنومایی هەرخوێنەرێکی بەڕێز بە خەڵاتێکی گەورە دەزانم کە کاری لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەویی پێ دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر دەبێت.

## شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە پەردەی بووك و زاواییدا(*)

٥٣٢

نازانم هەروا لە چارەم نووسراوە، یان بە هۆی ئەوەوە بۆ گەڕان بە دوای شوێنەواری کۆندا پەل بۆ گەلێ شوێن دەهاوێژم و، پەنا بۆ لای فرەکەس دەبەم.. کە ڕێگەم لە گەلێ شتی نایابی وا دەکەوێت کەس پێش من پەیی پێ نەبردووە و، بە خەیاڵی هیچ نووسەرێکی ئەم سەردەمەدا نەهاتووە!

یەکێك لەو کەسانەی لە بەرنامەی کارمدا نەبووە کاری سەربەخۆ و (جیدی) بۆ بکەم و، هەر وەك هەرکام لەو مامۆستایانەی دیکەی کورد کە عەودالی شتی نوێم دەربارەی بەرهەم و زانیاریی لەسەر ژیانیان کارم بۆ کردوە... شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. لەتەك ئەوەیشدا لەدوای دەرچوونی چاپی دیوانەکەیەوە، هیچ نووسەر و لێکۆڵەرەوەیەك سەرجەم بەقەدەر من شیعری نایاب و بڵاونەکراوەی ئەم شاعیرەی نەدۆزیوەتەوە.

دەبێ ئەوەیش نەبوێرم حەزم کردووە خۆم لە بڵاوکردنەوەی شیعرە داشۆرین و بێ پەردەکانی ببوێرم و لەم ڕووەوە گوتوومە:

«تێبینی: من کە ئەم شیعرانەی شێخ بڵاو دەکەمەوە لەو ڕووەوە نییە کە – خوانە خواستە– حەزم لە شەڕە جنێو بێت و هانی ئەم جۆرە خووە بدەم. بەڵکو لەو ڕووەوەیە شێخیش و ئەوانەیش شیعرەکانیان پێدا گوتراوە ئێستە لە بارەگای خودادان و، شیعرەکانیش چوونەتە قاڵبی کەلەپوورەوە و، دیوانی شێخیش ئەمڕۆ بێ یا سبەی بەلێکۆڵینەوەی وردەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە»(١).

(*) ئەم بابەتەم نارد بۆ گۆڤاری (ڕامان) بڵاویان نەکردەوە.

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، چاپخانەی (الخنساء)، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٤٢٢–ك ٢٠٠٢–ز. ل: ٢٠٠٣ (پەراوێز).

ئەمجارەیش بەدەستەبارەیەکی نەوازەی بێ وێنەی شێخ ڕەزاوە دێمەوە ئەم مەیدانە و، کەرەستەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی دیوانی شێخ ڕەزا دەخەمە بەردەستی ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەمەولا کاروانی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی بەرەو قۆناخی –ئەگەر کۆتاییش نەبێ– نزیك لە کۆتایی بەرن.

لێرەدا کە ئەم دەستەبارە دەخەمە سەر خەرمانی بەرهەمی شێخ رەزا جێگەی ئەوە نییە و، بۆ ئەوەیش نەهاتووم، ئەو کارانەی کە پێشتر بۆ دیوانی شێخ رەزا کراون هەڵبسەنگێنم، ئەوەندە بیری پسپۆڕانی بواری لێکۆڵینەوەی دیوانی شاعیرانی کورد و، بەتایبەتی شێخ ڕەزا دەخەمەوە، ئەو کارانەی تا ئێستە بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ رەزا کراون (هیچیان) وەك پێویست ئەنجام نەدراون. بۆ نموونە– وەك جاری دیش ئاماژەم بۆ کردووە–(٢) دیوانی شێخ رەزاکەی کە خوالێخۆشبوو شکور مستەفا چاپی کرد لەوانەی پێشوو زیاتر خۆماندووکردنی پێوە دیارە، بەڵام ئەویش گەلێ کەموکوڕیی وای پێوە دیارە کارەکەی لە بواری لێکۆڵینەوە دەبەنە دەرەوە و، تەنها کۆکردنەوەیەکی بێ پەیڕەوکردنی زانستی تەواو و لێکدانەوەی مانای بەیتەکانە.

گلەیی گەورە کە لەو کارە دەکرێت، یان ڕەخنەی زۆر ئاشکرا کە لێی دەگیرێت، لەوەدا خۆی دەنوێنێت:

– مامۆستا شکور لە سەرەتای دیوانەکەوە باسی ئەو سەرچاوانەی نەکردووە کە کاری لەسەر کردوون و شیعرەکانی لێ وەرگرتوون.

لەم ڕووەوە من خۆم دەیان پارچە شیعری نایابم لەبەر دەستخەتی نایاب لەتەك زانیاریدا دەربارەی دەستخەتەکان بۆ کۆپی کرد و خستمنە بەردەستی و سوودی زۆریشی لێ وەرگرتن، بەڵام لە بواری لێکۆڵینەوەدا ڕەنگیان نەدایەوە و، تەنها بەوە دەستبەردار بووبوو لە سەرەتای دیوانەکەوە سوپاسێکی سەرپێیی کردبووم.

– کە پارچە شیعرەکان لە دیوانەکەدا بڵاو بوونەتەوە، نەینووسیوە لە چ سەرچاوەیەك وەری گرتوون.

– کە جار جار باسی جیاوازیی نوسخە دەکات ئاماژە بۆ ڕەمز و نیشانەیەك دەکات کە پێشتر بەڕوونیی بۆ خوێنەری دیاری نەکردوون.

– ئەگەر خۆی لە هەڵسەنگاندن و ساغکردنەوەی شیعرەکاندا دەنگ و ڕەنگێکی بووبێت

---

(٢) سەرچاوەی پێشوو، بەرگی پێنجەم. ل: ٢٨٩.

ڕەنگدانەوەی ئەو دەنگ و ڕەنگە لە پەراوێزی دەقەکاندا –ئەگەر کەم جار هەبێ– زۆر کاڵە.

کە ئەم دەستەبارە دەخەمە سەر خەرمانی شیعری شێخ رەزا ئەزانم بابەتەکە زۆر هەڵدەگرێ و ڕەنگە لەمەولایش زۆر دەمەتەقەی لەسەر بکرێت و، راو بۆچوونی جۆراوجۆری لەسەر بڵاو بکرێتەوە. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە دەقەکە وەك خۆی چۆن بۆم ساغ بێتەوە بڵاو بکەمەوە و وێنەکەیشی لە تەکدا بخەمە بەردەستی کەسانی شارەزاو شێخ رەزا ویست، بۆ ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی نوێی دیوانی شێخ رەزادا جێگەی خۆی بگرێت.

ئەوەندە هەیە لێرەدا یەك دوو پرسیار و تێبینی دەخەمە ڕوو، بەڵکو بە بۆچوون و بیری تیژی شارەزایانی بابەتەکە لەتەك بابەتگەلی دیکەدا وەڵامیان بدرێتەوە:

**یەکەم**: ئایا دەبێ ئەم شیعرانە واقیعی بن و شێخ رەزا ڕۆژی دوای بەزاوا بوونی –وەك خۆی دەنووسێت (دوش)– بەم شیعرانە بەسەرهاتی ئەو شەوەی خۆی و بووکێی گێڕابێتەوە؟

**دووەم**: ئەگەر وایە ئەم شیعرانە لە شیعرە کۆنەکانی شێخ رەزان و بۆ سەردەمی گەنجیی دەگەڕێنەوە، ئەی بۆچی تا ئێستە لە پشتی پەردەوە ماونەتەوە و وەك شیعرە دیار و شاکارەکانی دیکەی نەخراونەتە بەر چاوی خوێنەران؟

**سێیەم: ئایا شێخ رەزا لەم شیعرانەدا لاسایی نالی کردووەتەوە؟ ئەگەر وابێ شێخ** رەزا لێرەیشدا –خۆی ئاسایی– سنووری بێ پەردەیی بەزاندووە، ئەگەر وایش نەبێ ئەوە واقیعی حاڵی خۆی –لەو شەوەدا– گێڕاوەتەوە.

**چوارەم**: شێخ رەزا لە دوا بەیتی پارچە شیعرەکەیدا باسی دوو مێژووی شەوی بووك و زاوایی خۆی دەکات، بەڵام کەسێك بە ئەنقەست ئەو مێژووەی سڕیوەتەوە، گومان بۆ ئەوە دەچێت بە شێوەیەك لە شێوەکانی (هینە)کەی خۆی یان (هی) بووکێی، یان هەردووکیانی لەو نیوە دێڕەدا بۆ ئەو مێژووە گونجاندبێت و، ئەو کەسەیش –هەرکەسێ بووە– ئەوەی لە هەموو باس و خواستەکانی ناو پارچە شیعرەکە بەلاوە زەقتر بووە بۆیە وای لێ کردووە.

**پێنجەم**: پارچە شیعرەکە بەیاسای قەصیدە –کە دەبێ کۆتایی، واتە قافیەی، هەردوو نیوە بەیتی یەکەم وەك یەك وابێت – سەرەتاکەی ناتەواوە، لەتەك ئەوەیشدا ناونیشانی پارچە شیعرەکە بەدروستیی نووسراوە و وا پێناچێت ناتەواو بێت و هیچی لێ کەوتبێت،

مەگەر بڵێین نووسەرەوەی دەستخەتەکە بەئارەزووی خۆی - لەبەر هەر هۆیەك بێت- چەند بەیتێکی لە سەرەتای پارچە شیعرەکە بواردبێت.

**شەشەم:** ئەم پارچە شیعرە بۆ یەکەم جار وەك کەرەسەی خاو بۆ ئەو مامۆستا و پسپۆڕانەی لەمەولا خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی شێخ رەزا دەبن بڵاو دەکەمەوە. بۆ ئەم قۆناغەیش وابزانم لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بەیتەکان و ماناکردنی وشەکان کارێکی زۆر پێویست نییە و، ئەوانە ئەخەینە ئەستۆی ئەوانەی لەمەولا سەرجەمی دیوانی شێخ رەزا بە لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بڵاو دەکەنەوە.

**حەوتەم:** وەك باسی ئەوەم کرد لەوانەیە تەئثیری نالی بەسەر شێخ رەزاوە هەبێت لەم پارچە شیعرەدا، دوور نییە شێخ رەزا ئاگای لە وەفایی و پارچە شیعری (شیرین تەشی دەرێسێ)کەی بووبێت، چونکە لە نێوان ئەو قسەی شێخ رەزادا کە دەڵێ:

«گل پریشان گشت و پژمردە ورق» و

بەیتەکەی وەفاییدا کە دەڵێ:

**بەدڵ بە دیدە سۆسەن بەغونچە گوڵ یەرەق بوو**

**شەشپەڕەکەی (وەفایی) کولوفت و تیژ و رەق بوو**

**گوڵی (...) هەموو وەرەق وەرەق بوو**

**بەعارەقی عورووقی کە سەرخۆشی عەرەق بوو**

**بە مەی چ موستەحەق بوو، شیرین تەشی دەرێسێ[٣]**

نزیکیی و لەیەکچوون هەیە.

### باسێکی دەستخەتەکە:

ئەو دەستخەتەی ئەم شیعرانەی لێ وەرگیراوە گەنجینەیەکی کەموێنەی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردییەو، شیعری گەلێك لە گەورە شاعیرانی کوردی تێدایە، بەداخەوە سەرەتا و کۆتایی نەماوە، نازانرێ کێ نووسیویەتیەوە، خەتەکەی - بەشی زۆری- خەتێکی زۆر خۆشە، خەتی یەك دوو کەسی دیکەی تێدایە خەتی ئەوان وەك خەتی نووسەرەوەی سەرەکیی کەشکۆڵەکە نییە.

(٣) بڕوانە: میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابڵاخیی، دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغیی. چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٨ ل: ١٩٨.

وەك كۆتایی نەماوە و ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە، لاپەڕە (٢٣)ی دوای روباعییەكی سەعدیی نووسراوە:

(برای نورچشمی توفیق نوشته شد. یادگاراً بماند ١٣٣٥)

واتە: بۆ نووری چاوم تۆفیقم نووسی، تا بەیادگار بمێنێ، ساڵی ١٣٣٥. دەتوانین لەمەوە بڵێین: دەگونجێ كەشكۆڵی ئەو تۆفیق ناوە بووبێت، یان كەوتبێتە لای ئەو، بەڵام مەرج نییە لەو مێژووەدا نووسرابێتەوە و، لەوانەیە گەلێ پێش ئەو مێژووە نووسرابێتەوە.

كەشكۆڵەكە كەمتەرخەمیكردن لە عاستیدای پێوە دیارە و، جارێك –ئەگەر زیاتر نەبێت– كەوتوەتە ناو ئاو و تەڕ بووە، بەڵام خۆشبەختانە مەرەكەبەكەی چاك بووە و ئاوەكە – هەرچەند هەندێك شێواندوویە– نەیكوژاندوەتەوە و، چەند جێگەیەكی، كە دوای نووسینەوەی یەكەم جار، بەمەرەكەبێكی دی نووسراونەتەوە، هەرچی بەر ئاوەكە كەوتووە، شۆراوەتەوە و ناخوێنرێتەوە.

لە یەكێك لەو شوێنە شۆراوانەدا پارچەیەك، یان روباعییەك، بۆ مێژووی كۆچی دوایی كەسێك نووسراوە، مێژووەكەی دەخوێنرێتەوە و ، ساڵی ١٣١٦ك.یە.

دەستخەتەكە تێكڕا، ئەوەی كە ماوە، (٣٢٧) لاپەڕەیە. جگە لەم پارچە شیعرەی شێخ رەزا كە لێرەدا بۆ یەكەم جار بڵاو دەبێتەوە، چەند پارچە و تاك و روباعیی شێخ رەزای تێدایە لەوانە:

١– سەبند شیخ رضا:

ای جهان آفرین ثناگویت

٢– ای ریزه خور خوان نوالت مه و ماهی.

حەوت بەیتە نیوەی شۆرراوەتەوە.

٣– مەربووطە حەیاتم بە سولەیمانی و خاكی.

٤– خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا.

٥– در باغ خیال تو دلم كشت سخن سنج.

٦– هەر بلۆكێكی عەجەم حاكمی غەمزە كونە بێ .

٧– هۆدەیەكم هەیە بە قەدەر لەپێ.



ئەمەیش ئەو پارچە شیعرەی کە لەم هەلەدا بڵاوی دەکەمەوە:

**کلام شیخ رضا در هنگامی که زفاف باحلیلهء خود نموده:**

**دوش آمد در برم آن آفتاب**
**مثل شمس تطلع فوق الافق**
**با جمال چون پری شد جلوهگر**
**تا فلك نور رخش بسته تتق**
**کاکل مشکین بطرف عارضش**
**همچو مار دور گنجی در حلق**
**تیر مژگانش بقصد صید دل**
**زلف مشکینش کمندا ست وهق**
**نخل قدش همچو سرو کاشمر**
**خوشهای زلف بر وی چون نمق**
**گفتمش: مارا زکاة حسن ده**
**تو غنیّ شهری و من مستحق**
**گفت: دو بوس از زکاة حسن خویش**
**می نهم بر خوان اخلاص، ای عنق**
**چون شنیدم این بشارت زان نگار**
**جستم و چسپیدمش همچون علق**
**آندر آغوشش کشیدم تنگ تنگ**
**سخت پیچیدم بر او همچون عشق**
**بر کشیدم بند شلوارش ز پا**
**وز حیا رخسار او شد پر عرق**
**گشت عریان آن سرین چون بلور**
**همچو بادام مقشر بر طبق**
**نه غلط کردم چو نیکو دیدمش**

کـوه بـرفین گشتـه از مـنشار شق
بـر قـفـا افـکـنـدم و جستـم بـر او
همچو شیری جسته بر سینهء وشق
ساق سیـمـیـنش ز جـا بـر داشتـم
(قد بدا لی الصبح والفجر انفلق)
هـمـچو مصروعی که بیند مـاه نـو
کـف بـلب آورده حـمـران از شبـق
وز پـی تـعـظـیم او بر پـای خـواست
ریـخت انـدر دامـنش مشتـی ورق
چـون بـدیـدم حـقـهء سیـمین او
هر دو چشمانم برون شد از حدق
از وفـور شهـوت و فـرط هـوا
اسمـان از ریسمـان نـاکـرده فـرق
چـون فشردم در مـیـان حـقـه اش
شد حـجـاب از دامـن خـورشیـد شق
نعرهء زد آن چنان از هوش رفت
بـاز آمد در أنین و جـق وق
گفت: ای بی رحم سنگین دل چه بود
مهر من ز انگشت پشتت گشت شق؟!
پـردهء نـامـوس مـن کز لـطـف بـود
نـرم تـر از قـاقـم و خـزّ و دلـق
بـر دریـدی بـاعـمـود یك گـزی
هـیـچ نـنـدیشیـدی از رب الـفـلـق!
مـن ز خـجـلت سر بـزیـر انـداخـتـم

همچو عاصی روز محشر پیش حق
چـون مـرا مـخـجـول دیـد و مـنـفـعل
دستــهــا در گــردنم بــنــمــود طــوق
بــوسه مــیــداد او لــبــان مــن چــنــان
کــز صدای بــوسه مــی آمــد شرق
حــلــقــهء گشتــیــم چــون انــگشتــری
جـان بـجـان پیوسـتـه گشت و مـلـتـحق
صحــنــه خــانــه پــرشد از آب انار
گــل پــریشان گشت و پــژمــرده ورق
چــون اساس قــافــیــه بس تــنـگ بــود
اسب فــکــرت مــانـد چـون خـر در زلـق
ورنــه در ایــن داد مــعــنــی دادمــی
چــون بــیــانــات (لــبــیــد) و (فــرزدق)
در زفافش خوان دو تأریخ ای (رضا)
زف... ... ... لـــیـــلا یـــا غـــرق

## دوو خاڵ بە پەراوێزی دیوانی شێخ ڕەزاوە

### خاڵی یەکەم:

وەك گوتوومە نازانم لە چارەی من وا نووسراوە کە زووـ زوو بەرهەم و شوێنەواری دەگمەن و بڵاونەکراوەی شێخ ڕەزا بدۆزمەوە، یان هۆی گەڕان و پشکنینی زۆرم بە شوێن ئەم جۆرە شتانەدا، یان زۆریی شوێنەوارەکانی شێخ ڕەزایە... یان هۆگەلی دیکەیش، کە ناوبەناو ڕێگەم لەشتی وا دەکەوێت پێشتر باسیان نەکراوە؟ بەهەرحاڵ و هەر کامیان بێت تێکڕا ئەوە دەردەخەن کە ژیان و بەسەرهاتی شێخ ڕەزا و دیوان و بەرهەمەکانی زۆریان بە بەرەوە ماوە و گەلێ شتیان تێدا ماوە جێگەی باس و خواست و تێڕامان و لێکۆڵینەوە بن.

هەرچۆن هەبێت گەلێ جار ویستوومە قەڵەمی خۆم لەو بابەتانە بپارێزم و بۆ کەسانی دییان بەجێ بێڵم، بەڵام دوایی ناچار بووم خۆم لە ناو بابەتەکاندا ببینمەوە.

ئەمجارەیش لە ئاسۆی دوو بابەتی جیاوە بە کورتیی دەچمەوە پەراوێزی دیوان و ژیانی شێخ ڕەزا و، لە دەرگای ئەو بابەتانە دەدەمەوەو، دەرگاکان بە کراوەیی بۆ لێکۆڵەرەوانی داهاتووی دیوانی شێخ ڕەزا بەجێ دێڵم:

لە کتێبی (محمد فیضي الزهاوي)[1] و (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)دا[2] گومانی خۆم لەوەدا دەربڕی کە ئەو بەیت و شیعر و جنێو و داشۆرینانەی لە نێوانی شێخ ڕەزا و موفتی زەهاویدایە، کە بە دەم خەڵکەوەن و لە دیوان نووسراوەکانیشدا نووسراون، ڕاست و بێ هەڵە بن و، گومانم بۆ ئەوە چوو دەستێك لە پشتی پەردەی ئەو شانۆوە بێت و، ناحەزانێك ئاگری ئەو دوژمنایەتیەیان خۆش کردبێت. بە بەڵگەیش ئەوەم ڕوون کردەوە.

هەر لێرەیشدا وەك بەڵگەیەکی دیکەی ڕێزی تایبەتیی شێخ ڕەزا بۆ موفتی زەهاویی دەڵێم: شێخ ڕەزایەك بە موفتی زەهاویی بڵێت:

**«ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی**
**زاتێکی وەکو فەیزی ئەفەندیی زەهاوی**
**مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق بە تەواوی**
**مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی!**[3]

یان شیخ رەزا موفتی زەهاویی لە ڕیزی کاك ئەحمەدی شێخ و موفتیی چاوماردا دابنێت و لە عاستیاندا بڵێت:

**بیحەمدیللا نەما کەك ئەحمەدی شێخ و**
**زەهاوی مرد و گۆڕی گوم بوو چاومار**[4]

چۆن بڕوا دەکرێت دوایی بێت قسەی وای پێ بڵێت کورد گوتەنی «بیخەیتە سەر نان سەگ بۆنی پێوە نەکات؟»

چەند تاك و بەیتی دی شیعری شێخ ڕەزا و-ئەمجارەیان- جەمیل صیدقی زەهاویم دەستکەوتووە، کە بە شیعری هەمان سەرچاوەیان دەزانم کە لە کتێبی (محمد فیضی

(١) بڕوانە: محمد فيضي الزهاوي نبذة عن حياته وشيء من آثاره، تأليف: محمد علي القرداغي، دار آراس، ٢٠٠٤، ص: ١٩٨ ومابعدها.

(٢) بڕوانە: محمەدعەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی (شركة الخنساء...) بغداد، ١٤٢٣ك- ٢٠٠٣ز، ل: ٢٨٨.

(٣) بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغ کردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل: ٢٢٨.

(٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٢١.

الزهاوی)دا باسیم کرد. واته: بە پیلانی مەحموود شوکری ئالووسی و دەستهەڵبەستی ئەویان دەزانم و، ناتوانێت خۆی ڕاستەوخۆ بەو شێوە قسە بە بنەماڵەی زەهاویی بڵێت و، شێخ ڕەزا دەکات بە دەسکەلاو لە پەنای ئەوەوە مەبەستی ناشیرینی خۆی بڵاو دەکاتەوە و، دەیخاتە ناو ئەدەبیات و دیوەخانی پیاوماقووڵانی ئەو سەردەمەی شاری بەغداوە. من ئێستەیش دەڵێم و دەیڵێمەوە: ئەگەر بزانم بە بێدەنگبوونی من ئەو شیعر و بابەتانە بەڵگ و بن دەکرێن و، باسەکان دەکوژێنەوە، ئەوە لە عاستی خۆمەوە بێدەنگەی لێ دەکەم، بەڵام کوردگوتەنی «قسە کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ» و، ڕەنگە ئەم بەیتانەی دەست من کەوتوون و بەیتگەلێکی دیکەیش کە هێشتا نەماندیون و لای ئەم و ئەو و لە پەنای کتێبە کۆنەکاندا ماونەتەوە، نوسخەیان لە گەلێ جێگەی تر هەبێت و، سبەینێ کەسانێك ڕێیان لێیان بکەوێت و، بە بۆچوونی خۆیان لەسەریان بنووسن و، ئاگایان لە هەندێك ڕاستیی نەبێت کە من پەییم پێ بردوون و، لەو ڕووەوە شیعرەکان بە ئاکارێکی دیکەدا بەرن.

بەڵگەی ئەم بۆچوونەیشم لە خودی ئەو بەیتانەدایە کە دەستم کەوتوون. هەندێك لەو بەیتانەی دەستم کەوتوون و لێرەدا تۆماریان دەکەم، بە خەتی (عەباس عەزاوی)ن و، عەزاویی دەڵێ: لە فلان کەسم وەرگرتوون. ئاشکرایشە کە ئەو لە کەسانی دی وەرگرتبێت، ئەوانیش یان بۆ کەسانی دیشیان گێڕاوەتەوە، یان لە کەسانی دییان وەرگرتوون، یان هەردووکیان. وەك بەڵگەیەکی دیکەیش بۆ قسەکانی پێشووم کە مەحموود شوکری ئالووسی لە پشتی پەردەی ئەم شانۆوەیە، ئاماژە بەوە دەکەم کە لەسەر تاکە بەیتێ کە ئەویش دیارە هەر دەسهەڵبەستی (محمودد شکری الآلوسی) خۆیەتی و نووسیویە:

**اگر پرسند: چرامفتست جماع در خانهء مفتی؟**

**وصیت کرد مرحوم وقف عام بنمود کس و کونرا**

ئالووسی هاتووە ئەم بەیتەی– دوای ئەوەی کە هەڵیبەستووە – کردووە بە «مقدمەیەکی مسلم» و نەتیجەی لەسەر دروست کردووە و، بە ئاب و تابێکی زۆرەوە شەرحێکی بێ ئابڕووانەی کردووە. کە بە خەتی ئالووسی لە لامە.

دەتوانین لەم بەیتەیشەوە بۆ ئەوە بچین کە پارچەی:

**«در هجو دختر مفتی بغداد»**

ڕەنگە سەرتاسەری دەستهەڵبەستی ئالووسی بێ و شێخ ڕەزا ئاگای لێی نەبێت؛ چونکە

هەر ئەم بەیتەی ئێرە لەو پارچە شیعرەدا بەم جۆرە هاتووە:

**جماع مفت اگر خواهی برو در خانەء مفتی**

**در آنجا قدریك جو نیست صد خرمن، كس و كون را**(٥)

***

پێش ئەوەی بێمە سەر بڵاوكردنەوەی شیعرەكان، وەك خۆیان، دەڵێم: سەیر ئەوەیە مامۆستا شكور مستەفایش لەم بوارەدا پێی هەڵخلیسكاوە و، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت بنەماڵەی موفتیی زەهاویی لەتەك (نەقیبی بەغدا)دا تێكەڵ كردووە.

بەیتێك لەوانەی كە لە لای منیش هەیە و دەقەكەیش وای دەردەخات لە هەجوی نەقیبی بەغدادایە و ئەمە دەقەكەیەتی:

**ارجع بغدادا وانّى غريبها**

**على جنة الفردوس لولا (نقيب) ها**

مامۆستا شكور مستەفا هەمان دەقی هێناوە بەڵام كە دوایی لێكدانەوەی لەسەر دەكات كۆتایی بەیتەكە دەگۆڕێت و دەیكات بە:

**ارجع بغدادا وانّى غريبها**

**على جنة الفردوس لولا جميلها!**

لەوەیش سەیرتر دوابەدوای ئەوە دەڵێت:

«لاوێك ئەم بەیتەی كردووە بە پێنج خشتەكییەك دەڵێ:

**عجبت لنفسي كيف ضاع نصيبها**

**من العيش في ارض وانى اديبها**

**فمن ظلمها اذ بان عنى نصيبها**

**«ارجع بغدادا وانى غريبها**

**على جنة الفردوس لولا جميلها!»**(٦)

مامۆستا شكور دەبوو ناوی ئەو لاوە بنووسێ كە قافیەی (.. لها) و (.. بها)ی لە یەك پێنج خشتەكییدا تێكەڵ كردووە.

(٥) ئەم بەیتەیان لە دیوانە چاپەكەدا هەیە. بڕوانە ل: ٥٤٧.

(٦) ئەم بەیتەیش بە شێوەیەكی دی هەیە. بڕوانە ل: ٢١٣.

ماموٚستا شکور ئەمەیشی بەسەردا تێپەڕیوە کە (جمیلها) و (غریبها) ناگونجێن و ڕاستیەکەی (نقیبها) و (غریبها)یە.

**دەقی بەیتەکان:**

**قبیل الموت قال ابو جمـــیل لزوجته: اصبری صبرا جمیلا**

**فلم تصبر عن الفحشاء یوما وقد جعلت سبیلیـها سبیـلا**

شیخ رضا

***

**لی ذکر لاست رضا دون الملام شیق**

**یعدل من بـنـاتــه ولاسته ینطـلـق**

**لاتعجبوا من ذکری کل طویل أحـمق**

جمیل الزهـاوی

***

**وضعت زبی علی ارزب بنت رضی**

**والـقـلـب خـافـق والـصبـر مـرتحل**

**فـزل مـن عـجـل مـنـه لمضرطـهـا**

**وقـدیـکـون مـع المستـعـجـل الـزلـل**

جمیل الزهـاوی

***

الکویتی کامل...

بندن صورکر بن طا نیرم ال جمیلی

اصحاب مکارم (مخازی) ولد واب وعم وجد

... ... ...

لا عانق الا وعلیه لهم الید

***

للشیخ رضا الطالبانی، ولکن الشطر الاول من البیت الثاني قد نسیه محدثي ولم یذکره. انتقل ذلك عن شاکر عطیه.

ئەمانە بە خەتی عەباس عەزاوین وەك خۆیان نووسیمن.

ئەمانەی خوارەوەیش بە خەتی مەحموود شوکری ئالووسی دەزانم:

«للشیخ رضا الطالباني في جمیل دعیّ الزهاویّ»:

**احرقتني جمیل نار هواکا**

**ان ایری وخصیتيّ فداکا**

**خذه مني مفضضا ببزاق**

**واعطنیه مدهنا بخراکا**

**کیف سماه بالجمیل ابوه؟**

**قبح الله یا جمیل اباکا!**

***

**ولدت جمیلا امه من دبرها**

**فلذا تری اثر الخری في وجهه**

***

**فی مضغ اعراضهم من خبزهم عوض**

**بني النفاق وابناء الملاعین**

***

ئەم بەیتەی دوایی بۆ ئەوەی درابێتە پاڵ کەس لەو پەڕەدایە کە بەخەتی ئالووسی دەزانم.

**خاڵی دووەم:**

ماوەیەك لەمەوپێش ماموستا ئەحمەد پشدەریی باسی بۆنەی وتنی پارچە شیعری:

**«شاه والا وقت طالع روی در ادبار داشت**

**این دل غم منزلم را غرق در اکدار داشت»**

شێخ ڕەزای کردو، وتی: چەند ساڵێك لەمەبەر پیاوێك لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەم پارچە شیعرە بۆ هێناوم و من هەر وەك خۆی دامناوە، وتی: ئەگەر حەز دەکەی بۆتی دەهێنم، لەگەڵ سوپاسدا لێکۆڵینەوەکەی بۆ هێنام، کە کاری ماموستایەکە ناوی (عەلی

حەمەدی برایم)ە. مێژووی نووسینەکە دیار نییە. خەتەکەی نوێیە.

نووسینەکەی ئەم مامۆستا لێکۆڵینەوەی زۆر و وردتری دەوێت تا تیایدا بگەینە ئەنجامی دروست، بەڵام من لەم هەلەدا پوختەی کارەکەی ئەو مامۆستا بەڕێزە دەخەمە ڕوو بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوەی داهاتووی دیوانی شێخ ڕەزا سوودی خۆی هەبێت.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی مامۆستا (عەلی حەمەدی برایم) ئەم پارچە شیعرەی شێخ ڕەزا وەڵامی نامەیەکی ئەحمەدشای قاجارە کە داوای لە شێخ ڕەزا کردووە مانای ئەو بەیتەی حافظی بۆ لێکبداتەوە کە دەڵێ:

**«بلبلی برگ گل خوش رنگ در منقار داشت»**

ئەمەیش کاتێك بووە کە ئەحمەد شا مانای ئەم بەیتەی لە شاعیرانی ئەو سەردەمەی فارس پرسیوەو کەسیان بە دڵی ئەو مانایان لێك نەداتەوە. دوایی شەوێك ئەحمەد شا لە لای خێزانەکانی دانیشتووە کە سێ ژنی هەبووە بە ناوەکانی: (جهان) و (حەیات) و (فەنا) لەو دانیشتنەدا ئەو باسە دێنێتە گۆڕێ و دیارە خێزانەکانیشی ڕۆشنبیر و شاعیر بوون. ئەوەیان لا دەدرکێنێ کە مانای ئەو بەیتەی مەبەستە و کەس بە دڵی ئەو مانای لێنەداوەتەوە. ئەمەیش لە شێوەی گفتوگۆیەکی ئەدیبانەدا دەبێت و ئەحمەد شا دەڵێت:

**نشستە بە میانی سی دلبەر و دوو دلەم**
**نەمیدانم سحبت باکدام کنم درین میان خەجەلم**

(بەیتەکان بەو ڕێنووسە دەنووسمەوە کە لە باسەکەی مامۆستا «عەلی»دا پێی نووسراون).

لەو کاتەدا جیهانی ژنی دێتە قسە و دەڵێت:

**تو کی پادشاهی جیهانی جیهانت بە کار آید**
**اگر جیهان نباشد پادشاهی بە چ کار آید**

دوای ئەمە حەیات دێتە وتار و دەڵێت:

**جیهان خوش است لکن حاجت حیات میباشد**
**اگر حیات نباشد جیهان بە چ کار آید**

دوای ئەمیش فەناخان بەم دێڕە شیعرە بەشی خۆی تێ دەخات:

**جیهان و حیات هردو را بی بقا است**

**فنـارا طلب کن کی آخـر فنا اسـت**

شا وەڵامەکەی خاتو فەنای بە دڵ دەبێت و بڕیار دەدات ئەو شەوە لەتەك ئەودا بەسەر بەرێت.

شەو لە نێوان قسە و باس و خواستدا ئەحمەد شا بەیتەکەی حافظ دێنێتەوە ناو و ڕوو دەکاتە خاتو فەنا و دەڵێ: نازدارەکەم تۆ دەزانی من هێندەی تاجی شاهی و موڵکی ئێران دڵم بە شیعر و ئەدەبیات خۆشە و، ئەو دێڕە هەڵبەستەی حافزیش کاری کردووەتە سەر هەست و دەروونم.

خاتو فەنا دەڵێ: بە ڕای من ئەمڕۆ شارەزاترین کەس لە زمان و ئەدەبی فارسیدا کەسێکە بە ناوی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی کە ئێستە لە شاری کەرکووکە.

ئەحمەدپاشا دەڵێت: بەڵگەت چییە؟ شاژن دەڵێت: ماوەیەك لەمەوبەر دیوانێکی دەستنووسی ئەو شاعیرەم لە سنەوە بۆ هاتووە، بەڕاستی هەڵبەستەکانی لووتکەی شیعری فارسین و، شان لە شانی شیعرەکانی حافز دەدەن.

ئەحمەد شا نامەیەك دەنووسێت و دەیدا بە شابەندەر و دەینێرێ بۆ کەرکووك.

شابەندەر دەکەوێتە ڕێ بەرەو کەرکووك و لەو سەردەمەدا (ناظم بەگی تورك) والی کەرکووك بووە لە لایەنی دەوڵەتی عوثمانییەوە.

دوای ئەوەی پێشوازیی لە شابەندەر دەکات شابەندەر دەڵێ: من نامەی ئەحمەد شام بۆ شێخ ڕەزا هێناوە. دەنێرن بە شوێن شێخ ڕەزادا و شێخ ڕەزا دێت و نامەکەی شای دەدەنێ؛ شێخ دەڵێت: شا بەم نامەیە داوای مانای بەیتێکی حافظی شیرزایی لێ کردووم. مۆڵەتم بدەن تا سبەینێ.

بەیانی شێخ ڕەزا وەڵامی نامەکەی شای دایەوە دەستیان. کە شابەندەر گەڕایەوە لای ئەحمەد شا و نامەکەی شێخ ڕەزای دایێ. ئەحمەدشا بە خوێندنەوەی نامەکەی شێخ ڕەزا لە توانا و وردیی شێخ سەرسام دەبێت و، دوای چەند ڕۆژێك شاعیر و ئەدیب و فەرهەنگناسەکانی ئەو سەردەمە کۆدەکاتەوە و نامەکەی شێخ ڕەزایان بۆ دەخوێنێتەوەو، سوێند دەخوات و دەڵێت: ئەگەر حافظ خۆی زیندوو ببێتەوە ناتوانێ مانای ئەو بەیتەی خۆی وەك شێخ ڕەزا لێکبداتەوە!

ئەمە کورتەی باسەکەیە و هیوادارم بتوانم زیاتر لێی بکۆڵمەوە و بگەمە ئەنجامی دروست تیایدا، چونکە وەك ئێستە گەلێك کەلێن لە باسەکەدا هەیە، وەك نەبوونی نامەکەی شێخ ڕەزا و نەبوونی نامەکەی ئەحمەد شا بە دەستخەتی خۆیان، یان بە دەستخەتی کەسانێکی سەردەمی ئەوان، یان سەرچاوەیەکی کۆن.

بەڵکو لەمەولایش سەرچاوەی دی هەڵبدا و کەسانی شارەزایش لە باسەکە لەسەری بنووسن و لێی بدوێن.

## کاریگەریی دەستخەتەکانی مامۆستایانی کورد لە نووسینەوەی مێژووی کورد و زانایانی کوردستاندا(*)

٥٣٣

### سەرەتایەکی کورت:

دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە بزانین کە مێژووی کۆنی کورد بەدروستیی نەنووسراوە و، لەتەك ئەوەدا گەلێك لە مێژوونووسە گەورەکانی جیهان وەك: ئیبنو ئەثیری جەزەریی و، ئیبنو خەلەکان و، ئیسماعیل پاشای بابانی و، چەندین مێژوونووسی دیکەی گەورە، کە کتێبگەلی گەورە و نایاب و جێگەی بایەخیان لە مێژووی وڵات و زانایانی وڵاتی ئیسلامیدا نووسیوە کورد بوون، کەسی وامان نەبووە بەتەنگ مێژووی گەلی کوردەوە بێت و، کتێبی سەربەخۆی لەسەر بنووسێت، نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەو مێژوونووسە گەورانە نەهاتوون بەش و بابەتی جیا لەناو کتێبەکاندا بۆ مێژووی کوردستان، یان زانا و ناودارانی گەلی کورد دابنێن و، هیچ نەبێ، وەك وڵات و زانایانی وڵاتان گەلەکەیان بەجیهان و مێژوو بناسێنن. نەك ئەمە تەنانەت ئەو مێژوونووسە کوردانە ئەوەندەیان بە خۆیشیان ڕەوا نەبینیوە لە سووچێکی لاپەڕەیەکی کتێبە گەورەکانیاندا بە یەك دوو دێڕ باسی خودی خۆیان بکەن و، بڵێن: ئێمە لە نەتەوەی کوردین و، ئاو و هەوای سازگاری کوردستان مێشکی زاخاو داوین و، لە پەنای چیا و دۆڵیدا گەشەمان کردووە و، مامۆستایانی کورد فێری خوێندن و زانیارییان کردووین.

لەلایەکی دیشەوە هەمیشە کوردستان شەڕگە و گۆڕەپانی گۆڕینەوەی دەسەڵات و، سەندنەوەی تۆڵەی ئەم زلهێز لەو زلهێز و، داگیرکردنی بنکە و جێگەی دەستەڵاتی ئەم

---

(*) لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (ئەکادیمی)دا بڵاو بووەتەوە.

میرو ئەو پادشا بووە و، ساڵانە و مانگانەیش چەند شەڕی گەورە و کارەساتی خان و مان سووتێن سەرتاسەری یان بەشی زۆری کوردستانی گرتووەتەوە و، بوونی قەڵا دێرین و گەورەکانی وەك قەڵاکانی: هەولێر و، کەرکووك و، چەمچەماڵ و، بەکراوا و، ئەحمەد ئاواو، باوەکورۆیی و دەیان قەڵای دیکەی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشانەیەکی ئاشکرای ئەم قسەن و، ئەگەر خوێنی ڕژاوی دەوروبەری ئەو قەڵایانە مابوایەن و، کەلاك و کەللەسەری بێ گیان کراوی دیفاعکەران و داگیرکەران -وەك یەك- نەڕزیبایەن و نەبوایەنەوە بە خۆڵ ئێستە بن ئەو قەڵایانە دەریای خوێن دەبوون و، بارسایی ئێسك و پرووسکی پاڵەوانان و جەنگاوەرانیش لە سەرووی قەڵاکانەوە دەبوون!

لە خوێندنەوەیەکی خێرای لاپەڕەکانی مێژوویشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئاکامی جەنگ چییە و، چ ماڵکاولییەك بەسەر شەڕگە و وڵاتی جەنگزەدە دادێت و، چ بەڵایەك بەسەر ئاسەوار و شوێنەوار و سامانی نەتەوایەتیی و مێژووییدا دێنێ!

گەلی کورد گەلێ جار و بەتایبەتیی لەم صەدانەی دواییدا خوازیاری ئەو جەنگانە نەبووە و، لایەن نەبووە تیایاندا و، هەرچی پێکرابێ بە زۆر پێی کراوە و، ئەنجامیش بەش و بارەی جگە لە ماڵوێرانی و خان و مان سووتانی بەشێکی دی نەبووە و، ڕوونیشە داگیرکەر دوای سەرکەوتنی بەسەر لایەنەکەی دیدا تا پێی کرابێت ڕووی تاڵان و بڕۆی کردووەتە سەر شوێنە گەورە و دیارەکانی وەك قەڵا و مەدرەسە و مزگەوت و، هەرچی شوێنەواری پڕ بایەخ و، سامانی بەسامانی وڵات بووبێت لەو شوێنانەدا پارێزراوە و، ئەو داگیرکەرەیش هەرچی بەلاوە پەسەند بووبێت و بۆی هەڵگیرابێت لەتەك خۆیدا بردوویەتی و، چیشی وا نەبووبێت بە ئاگری رق و کینەی سووتاندوویەتی و شتێکی لە دوای خۆیەوە لە خۆڵەمێش بەولاوە بەجێ نەهێشتووە!

کە ئەمەیش دەنووسین لەو بەری ڕەنج و کۆششی بیری مێشك و ئەرکی دەست و بازووی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانەی صەدان ساڵی ڕابوردوومان و هەزاران قەڵا و شار و گوندی بەرینی کوردستانە هەواڵمان لە هیچیان نییە و، نازانین چیمان بووە و دوژمن چی لێ کردوون و بۆ کوێی بردوون و چییان بەسەرهاتووە!

تەنها شتێك بۆرە هەواڵێکی دروستمان لەسەری لەدەستدا بێت -کە ئەویش بەقەڵەمی دوژمنانمان نووسراوە- هەواڵی گەنجینە و کتێبخانەی عەبداڵخانە کە دوای نیشتنەوەی جەنگ و تاڵانکردنی قەڵاکەی -قەڵای دمدم- ئەولیا چەلەبیی مێژوونووسی دەربار

بانگ کراوە بۆ سەرنووسکردنی ئەوەی کە ماوە لە سامانی عەبداڵخان و، ئەویش بەم شێوە –وەك مامۆستا ئەمین زەکی نووسیویەتی– تۆماری کردوون:

«ئەولیا چەلەبی خۆی (بالذات) لەگەڵ هەیئەتێك بۆ ضەبطی مەترووکاتی عەبداڵ خان مەئموور بووە، ئەڵێ: لەناو ئەم مەترووکاتەدا غەیری باری حەوت حوشتر کتێبی نایاب لە کتێبخانەی ئەمیردا، نزیکەی چوار هەزار کتێبی بەقیمەت و مەشهوور قەید کراو، ئەم کتێبانە هەموو دەستخەت و دائیر بە: دین، تەئریخ، لوغەت، عیلمی حەیوانات و، نەباتات و، طیب و، تەشریح و، شیعر و دیوان بوو، ئەنواعی خەریطە، ئەطلاس، صوورەت و لەوحەی نایابیشی تیا بوو و، جەڵدیان لە غایەت بەدەر بەقیمەت بوو. تەئلیفاتی عەبداڵ خان ٧٦ جەڵد کتێب و ١٠٥ ریسالە بوو بە عەرەبیی و فارسیی نووسرابوو....»(١).

ئەمە یەکەم کتێبخانەی کورد و میرە کوردێکە کە هەواڵێکی کەممان لە دەم و قەڵەمی دوژمنانەوە لێی هەیە، دەبێ ئەو هەموو میرە کوردە کە بەزۆریی خاوەنی قەڵاو چەك و قەڵەم بوون، چییان کتێب و دەستخەتی نایاب هەبوویێت؟ شوێنەوارەکانیان بە چ دەردێك چووبن؟

تەنانەت دەبێ ئەم گەنجینە و سامانە لە نرخ نەهاتووەی عەبداڵ خان پاش ئەوەی دەستی بەسەردا گیراوە و–دیارە– لە کتێبخانەی بابی عالییدا لەنگەریان گرتووە چییان بەسەر هاتبێ؟ لەو هەزاران دەستخەت و دانراوە دانسقە و نایاب و کەمیابە –تا ئێستە– هەواڵی پەڕەیەکیشیان لای مێژووی کورد و زانایانی نییە.

انتشارات سیدیان مهاباد.

عەباس عەزاویش لە (العمادیة في مختلف العصور)دا بەشێوەیەکی دی و کەمێك بە درێژیی باسی زێڕ و گەوهەر و شتی فرەنایابی ناو گەنجینەی عەبداڵ خان دەکات و دەڵێت: ئەوانەی لە کتێبی نایاب و، دەستخەتی بێ وێنە و، صەدان کتێبی نایابی تەفسیری قورئانی پیرۆز و، فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) و دەیان دانەی نایابی شانامە و، چەندین دانەی نایابی دیوانی گەورە شاعیرانی فارس و... جگە لەوەی دەیان نوسخە لە قورئانی پیرۆز بەخەتی خۆشنووسە ناودارەکانی جیهان کە وێنەیان بەو شێوە تەنانەت لە کتێبخانەی شێخولئیسلامیشدا دەست ناکەوێت! هەرچەند عەباس عەزاویی زۆر بەدرێژیی لەسەر ئەم باسە دەنووسێت و ناوی دەیان شتی سەرسوڕهێنەر دێنێت دوایی دەڵێ: ئەوەی ئەولیا چەلەبی نووسیویەتی لێرەدا جێگەی نابێتەوە و ئەگەر لەسەری بڕۆم زۆر زۆری دەوێت.

(١) بڕوانە: محمد امین زکی کورد و کوردستان بەرگی یەکەم، لاپەڕە: ١٩٧.

هەر لەو قسانەوە دەردەکەوێت کە ضیائەدین خانی میری بەدلیس لەو شوێنەدا بووە کە کتێب و شتومەکەکانی گەنجینەی عەبداڵ خانی تێدا هەڕاج کراوە و، کاتێ ئەو شتانەی دیوە خۆی پێ نەگیراوە و فرمێسك بەچاویدا هاتووەتە خوارەوە، ئەحمەد شای والی لێی پرسیوە: ئەمانە هی تۆن وا بۆیان دەگریت؟ ئەویش وتوویەتی: نەخەیر، بەڵام گەلێکیان بەختی منن. والیش ئەو شتانەی بەمیری بەدلیس بەخشیوەتەوە.

ئەولیا چەلەبیی لەناو قسەکانیدا دەڵێت: ئەو دەستخەتانەی هەڕاج کران و لەوێدا تالانفرۆش کران وەها فرۆشران کە پارەی دەستخەتێکیان بایی یەك نوقطە –خاڵی مەرەکەبی دەستخەتەکە نەدەبوو!

ئەم هەواڵەیش کە هەمانە لەم صەدانەی دواییدایە. ئەی هەواڵی مێژووی کۆن و، چەرخەکانی پێش زایین و دوای ئەوان و، ئەو شوێنەوارانەی لە: مۆری قوڕینە و، سواڵەتە و، تەختە و تەوەنی دۆزراوە، لە ئەنجامی کەنە و پشکنین و منەی شوێنەوارناسان و گەڕیدە بیانییە جۆراوجۆرەکان کە لەماوەی دەیان ساڵدا صەدان و هەزاران شوێنی دێرین و ئەثەریی کوردستانیان ئەمدیوە و دیو کردووە و، هەزاران پارچە نووسراوی بزماریی و کۆنی دۆزراوە لەو شوێنەوارانەیان لەتەك خۆیاندا بردووەتەوە و، لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی هەندەراندا پارێزراون و، گەلێکیان باسی ئەوەیشیان لەپاڵدا نەنووسراوە کە لە کوێ دۆزراوەتەوە یان چۆن دزراون و، لەبنەڕەتدا سەر بە چ گەل و خاکێکن!

هەر بەم پێیەش دەستخەت و دانراوی زانا و مامۆستایانمان، ئەوانەیان لەو هەموو کارەسات و جەنگانەی ڕابوردوو سەریان دەرکردووە، لە بن هەنگڵی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانەدا هەڵگیراون و ئاوارەی ناو کتێبخانە و مۆزەخانەکانی وڵاتانی دوور بوون و، ئێمەی خاوەنیان هەواڵێکی ئەوتۆمان لە شوێن و ژمارە و ناو و بابەتیان نییە.

ئەوەیش با لەولاوە بوەستێ کە دەیان هەزار دەستخەتی نایابی جۆراوجۆرمان لە کتێبخانەکانی بەغدا و تاران و ئەستەموڵ و دیمەشق و شارەکانی دراوسێی کوردستاندا پارێزراون و، دووبارە هەواڵێکی ئەوتۆمان دەربارەی تەنانەت ژمارەکانیشیان، کە چەندن، نییە!

لێرەدا بەسەر ئەوەدا ناڕۆم کە بنووسم: وابزانم کەم گەل هەیە –یان هەر نییە– لەم چەرخەدا بەئەندازەی گەلی کورد کەمتەرخەم و خەمسارد بێت بەرانبەر بە ئاسەوار و

دەستخەت و شوێنەوارەکانی زانایان و خاك و وڵاتەکەی. لەم سەردەمەدا هەر یەکێك لە ئێمە بگریت چەندین بەسەرهاتی سەرسورهێنەری دەربارەی پشکنینی ناڕەوا و نازانستییانە و، دۆزینەوە و هەڵکۆڵین و هەڵگرتنی ناشییانەی شوێنەواری دەگمەن و مێژوویی ژێر زەویی، دەیان گرد و تەپۆڵکە و گۆڕستان و شیو و دۆڵی کوردستان و، دوایی فرۆشتنیان بە قاچاخچییان و درانی شوێنەوار بەڕۆژی نیوەڕۆ و، بەدەنگ نەهاتنی کەسیش لە عاستی ئەم تاوانانەدا... نەبیستبێ و نەزانێ. ئەمە لەکاتێکدا گەلانی خواپێداوی وڵاتانی جیهان دەمێکە لە کۆکردنەوە و دۆزینەوەی زۆربەی شوێنەوارە مێژووییەکانیان بوونەتەوە و، ئەگەر شتێکیشیان مابێ زۆر وەستایانە و شارەزایانە و لەسەرخۆ کاری بۆ دەکەن و، باشترین و ڕازاوەترین شوێنی وڵاتەکانیان شوێنی پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانیان و مۆزەخانەکانیانە!

دوای ئەم سەرەتایە دەڵێم:

ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو – مێژوومان شێوێنراوە، شوێنەوارمان دزراوە، تەنانەت ناوی زانا و پیاوە بلیمەتەکانی گەلەکەیشمان پێ ڕەوا نەبینراوە و، زۆریان بە زۆر خراونەتە ریزی زانایانی وڵاتانی دیکەوە.

ئەو مێژووەیشمان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەهەوڵ و کۆششی چەند دڵسۆزێکی گەلەکەمان نووسراوەتەوە، لەتەك هەوڵی دڵسۆزانەی ئەو مامۆستایانەدا دەیان کون و کەلێنی تێدایە، بەیەکەم خوێندنەوە و چاوپێداگێڕانیان چەندین هەڵەی زەق و زلیان تێدا دەبینرێت. کە بۆ هۆی سەرەکیی ئەم ناتەواویی و کەموکوڕییانەیش بگەڕێین بێ ماندوو بوون دەگەینە ئەو ئەنجامە کە هۆکان – بەزۆریی– بۆ دوو لایەن دەگەڕێنەوە:

یەکەم: نەبوونی سەرچاوەی رەساو و دروست و ڕەسەنی باسەکەیان.

دووەم: پشتبەستن –بە ناچاریی– بە سەرچاوە گەلی بێگانە کە هەندێکیان بە ئارەزوو و ئەنقەست مێژووی کوردیان شێواندووە و، هەندەکەی دیشیان لەبەر نەبوونی سەرچاوە لەلایەکەوە و نەشارەزاییان لە بارودۆخ و بوومی وڵاتەکە و دوورییان لە کەش و هەواو بارە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی کوردەوە –بێ ئەوەی مەبەستیان بێت چونکە هەر ئەوەندەیان لە دەستدا بووە– کەوتوونەتە هەڵەگەلی ئاشکرا و، نائاشکرا و، مێژوونووسانی ئێمەش گەلێ جار هەڵەی هەردوو تاقمەکە دەگوێزنەوە ناو کارەکانیان.

## ئەی مێژوومان چۆن بنووسینەوە؟

بەپێی ئەوەی من بەتەنیا باڵ و بەو کەم دەرامەتیی و کەم تواناییەی خۆمەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا شانم داوەتە ژێر باری پرۆژەی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)و، بەگوێرەی ئەو ئەنجامەی بەدەستم هێناوە، دەتوانم بە پشتەسوورییەوە بڵێم: باشترین سەرچاوە و ڕاستتر و دروستتر بنەوان بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست و دروستی بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد لێ هەڵێنجین شوێنەوار و دەستخەتە کۆنەکانی ناو کوردستان و زانایانی کوردە.

پێش ئەوەی بێمە سەر نموونە هێنانەوە لەسەر ئەوەی کە دەستخەتەکان (چ کاریگەرییەکیان لە نووسینەوەی مێژوودا) هەیە و، مێژووی زانایانی کورد لە ڕووی دەستخەتەکانیانەوە چۆن ڕاست دەکرێتەوە و، چۆن گەشە دەکات و بەرەو دروستیی دەڕوات... دەڵێم:

دەبێ لەپێشدا بکەوینە کێومالّی شوێنەوارەکانمان و، ژیرانە، لەسەرخۆ چۆنمان پێدەکرێت و، چیمان لەتوانادا هەیە لە هەوڵ و وزە بیخەینە گەڕ و، بزانین لە مۆزەخانەکانی جیهان و کتێبخانەکانیاندا چی شوێنەوار و دەستخەتی سەربە کورد و کوردستان هەن سۆراخیان بکەین و هەواڵیان بزانین و، زانیاریی پێویستیان لێ وەربگرین و، ئەو زانیارییانە بابەتبەندیی بکەین و، لە ڕووی زانیاریی بەدەستهاتووی نوێوە یان سەرلەنوێ مێژووی کورد بنووسینەوە، یان بەشێوەیەکی زانستییانە و تێروتەسەل چاو بەمێژووی تۆمارکراوماندا بگێڕینەوە و بەزانیارییە نوێکان کون و کەلەبەر و کەند و پەسێوەکان پڕبکەینەوە و، چەوت و چەوێڵەکان ڕاست بکەینەوە و، لایەنە لاوازەکان بەهێز و دەوڵەمەند بکەینەوە.

بەڵام دەبێ پێش ئەم کارەیش لایەنێکی گرنگی دیکە هەیە باسی بکەین و بەسەریدا نەڕۆین؛ چونکە بێ وریایی لەو لایەنە کارەکانمان نابەکام دەبن.

ئەو لایەنەیش ئەوەیە بەهۆی ئەوەوە زمانی کوردی زمانێکی جیهانیی یان ناسراو و دیاری ڕووی زەوی نییە و، بەزۆریی لەژێر باڵی زمانەکانی فارسیی و تورکیدا حەشار دراوە و، نەیتوانیوە لەژێر باڵی فەند و فێڵ و دەستخەڕۆکردنی ئەو دوو زمانە سەر دەربێنێ و، هەوییە و پێناسەی تایبەتیی خۆی ون بکات، بەوپێیە ئەو بەرهەمانەیش بەزمانی کوردی نووسراون، کاتێ دەستخەتەکانیان ئاوارەی وڵاتان بوون و لە کتێبخانەکانی

هەندەراندا لەنگەریان گرتووە، لەوێش دەستخەتە کوردییەکان لەژێر کاریگەریی ئەو دوو زمانەدا بزربوون و، بۆیان نەلواوە لە سنووری دەسەڵاتی ئەو دوو زمانە دەربچن و پێناسەی خۆیان بدۆزنەوە.

واتە: دەستخەتی کوردیی لەهەر کتێبخانەیەکی گشتیی یان تایبەتیی وڵاتاندا هەبێت –تا ئێستە– لەژێر ناوی دەستخەتی فارسی یان تورکی یان زمانە هیند و ئەوروپییەکاندا کارت و ناسنامەی بۆ کراوە. لە وتارێکدا بەدرێژیی لەسەر ئەوەم نووسیوە کە هێشتا ناونیشانی دەستخەتە کوردییەکانی کتێبخانەی فڵان –هەر کتێبخانەیەك لە کتێبخانەکانی جیهان– لەسکی دایکی مێژوو دایە و، بەرەژانیشی پێوە نەگرتووە.

هەر وەك بەڵگەیەکی ڕوونی ئەم لایەنەیش دەڵێم: کتێبخانەی دەستخەتەکانی عیراق (دار العراق للمخطوطات) کە پێشتر پێی دەگوترا (دار صدام للمخطوطات) پێش ئەوەی من بچمە ناوی و کاری تێدا بکەم لە هیچ فیهرەست و ئەندێکسێکیدا ناوی دەستخەتی کوردی نەبوو، تەنانەت ڕۆژێك داوای دەستخەتێکم کرد کە لە کارتەکەیدا نووسرابوو (مخطوط فارسی) کاتێ بۆیان هێنام ئەمدیو و دیوێکیم کرد دەبینم دەستخەتی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە بەخەتی (خالص)ی کوڕی!

لەمەوە کەوتمە گەڕان بەدوای دەستخەتی کوردیدا لەو کتێبخانەدا، تا سەرەنجام گەیشتمە ئەوە پتر لە (٢٠٠) دوو صەد دەستخەتی نایابی جۆراوجۆری کوردیم لە: دیوان و، کەشکۆڵ و، فەرهەنگ و، عەقیدە و، چەندین بابەتی دیدا دۆزییەوە و، زۆریانم بە مێژووی ئەدەبی کوردیی ناساند و، کارتی تایبەتیشم بۆ هەموویان کرد و، جێگەی تایبەتیم لە (اندکس)دا بۆ بردان و، کارێکی وام ئەنجام دا هەر لێکۆڵەرەوەیەك بچێتە ئەو کتێبخانە دەتوانێ بێ ماندووبوون بزانێ چ دەستخەتێکی کوردیی تێدا هەیە.

### دوای ئەمانە

دوای ئەم باسە پێویستانە دێمە سەر ئەوە –وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد– بەتەنها خۆم و لەماوەیەکی کەم و لە سنووری یەك کتێبخانەدا کارێکی وام ئەنجامداوە بەشانازییەوە دەڵێم: دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو کارەی مندا یان جارێکی دیکە مێژووی ئەدەبی کوردیی بنووسرێتەوە، یان بە تێروتەسەلی چاو بەگەلێ لایەنیدا بگێڕرێتەوە؛ چونکە لە پرۆژەکەمدا گەلێ بیروبۆچوونی وەهای پێشووم بە بەڵگەوە هەڵوەشاندوەتەوە کە تا سەردەمێکی نزیك وا چەسپابوو کەس پرکێشی ئەوەی نەدەکرد بیر لە نادروستی یان لاوازیی ئەو بۆچوونە بکاتەوە.

بۆ نموونە:

١- تا سەردەمێکی نزیك - ڕەنگە تا ئێستەیش- لای زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد ئەوە چەسپابوو کە نالیی شیعرنووسینی بە دیالێکتی سۆرانی یان کرمانجی خواروو داهێناوە و، ئەو ڕچەشکێن و سەرقافڵەی ئەو کاروانەی ئەدەبی کوردی بووە، بەڵام من چەندین دەقی ڕەوان و ڕەسای زمانی کوردی بەزاراوەی کرمانجی خواروووم دۆزییەوە و بڵاوم کردنەوە، کە دەیان ساڵ پێش نالی و بگرە پێش لە دایکبوونی نالیش گوتراون و تۆمارکراون، وەك جەفایی مەلامحەمەدی سیوچیی خاوەنی بەیتی ئەوەڵ و ئاخر و، مەلا محەمەدی ئیبنولحاجی خاوەنی مەهدی نامە و، ڕەنجووریی خاوەنی دیوانی شیعری گەورە و تەڕو پاراوی و، کاریزیی هاوچەرخی ڕەنجووریی و دۆست و هاوەڵی گیانی و بیری و ... کەسانی دیش.

وەك ئەمەیش دەڵێم، ئەوەیش لەبیرناکەم کە ئەم ئەنجامانەی من بەدەستم هێناون دوا ئەنجام نین و بەدووری نازانم، ئەمڕۆ بێت یان سبەی، لە سووچ و قوشبنی کتێبخانەکانی جیهانەوە چەندین بابەتی دیکەی وەها سەرهەڵبدەن گەلێ قۆناخی سەرەتای نووسینی شیعر بە زاراوەی کرمانجی خواروو بە ناخی مێژوودا قووڵتر بکەنەوە.

٢- ڕاستکردنەوەی مێژووی زانایان و ناوداران:

گەلێ جار باس و خواست و مێژووی تاکەکەس و بنەماڵە دەماودەم لە دەمی ئەم و ئەوەوە وەردەگیرێت و تۆمار دەکرێت و، دوایی ئەو نووسراوە دەبێ بە بنەمایەکی مێژوویی وەها کە ڕاست و دروست و جێگەی متمانە بێت و، هیچ مشتومڕ هەڵنەگرێت، کەچی لەپڕ لە پەنای دەستخەتێکدا زانیارییەك یان زانیاریگەلێك سەر هەڵدەدەن ئەو بنەما -تا ئەو کاتە- ڕاست و دروستە -هەمووی یان هەندێکی- هەڵدەوەشێننەوە.

بۆ نموونە ژیانی مامۆستا مەلا ئەبوبکری موصەننیف -تا ئەندازەیەك- بەوردی نووسراوە و، چووەتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو، دەستاودەست ئەم و ئەو و بۆ باس و لێکۆڵینەوە زانیاری لێوە وەردەگرن. لەو ژینامەدا نووسراوە کە مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیف چوار کوڕی هەبووە و ناو و شوێنەوار و ژیانیان نووسراوە. بەڵام من لە پەنای دوو دەستخەتدا ئەوەم دۆزییەوە کە ئەم مامۆستا کوڕێکی پێنجەمی هەبووە و، کوڕەکەی زانا و هەڵکەوتوو بووەو، ساڵی ١١٢٥ك لە شاری مەدینەی پیرۆزدا بووە، ئیتر دوای ئەوە هەواڵێکی ئەوتۆم دەربارەی نەدۆزییەوە، لەم ساڵانەی دواییدا بیستم کە

نەوەی ئەم مامۆستا لە یەمەندان و، ئەو نەوانە دەزانن پێوەندییان بە بنەماڵەی مامۆستای موصەننیفەوە هەیە و، لەبنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوان. هەروەها بیستم پیاوانی ئەو بنەماڵە بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێن کەسێك ڕێنموونییان بکات و بگەنەوە کوردستان و، خزم و کەسی دێرینیان بەسەر بکەنەوە.

هەروەها وەك لە دەستخەتەکانەوە بۆم دەرکەوتووە مامۆستا موصەننیف وەك لە ڕووی نووسین و زانیارییەوە پیاوێکی پیرۆز و خاوەن زانیاریی زۆر و بەپێز بووە، لە ڕووی نەوەیشیەوە وەها بووە و، نەوەی زانا و پیرۆزی لە گەلێ ناوچەی جیهاندا وەك دیمان و دەیبینین، هەبووە.

یەکێکی دی لە نەوەکانی ئەم مامۆستا –ئەمیش لە ڕیگەی دەستخەتەکانەوە زانیومە– مامۆستا مەلا عەبدوڵلایە کە ناسراوە بە مەلا عەبدوڵلای رەبتەکیی و، دوا قۆناغی ژیانی لە موصڵدا بووە، زانایەکی گەورەی ئەو شارە بووە و گەلێ کەسی پێگەیاندووە و، ئیجازەی خوێندن و، خوێندنی قورئانی پیرۆز بە قیرائەتەکانەوەی پێداون و، رشتەی ئیجازەی زۆر لە زانایانی موصڵ بۆ سەر ئەم مامۆستا دەگەڕێتەوە. هەروەها دەگێڕنەوە ئەم مامۆستا ئەوەندە پیرۆز و دۆعاگیرا بووە لەلای خودا، لە موصڵدا بێبارانییەکی زۆر سەخت بووە، خەڵك ترسی قاتوقڕییان لێ نیشتووە، چوونەتە لای مامۆستا بۆ دۆعا و نوێژەبارانە، کە نوێژیان تەواو کردووە و مامۆستا دەستی کردووە بە پاڕانەوە لە خودا، خودا دوعاکەی گیرا کردووە و، هەور ڕووی ئاسمانی گرتووە و، تا هاتوونەتەوە ناو شار باران دەستی پێکردووە و، بەتەڕیی هاتوونەتەوە ماڵی خۆیان.

هەروەها لە ڕێگەی دەستخەتەوە دۆزیومەتەوە کە مامۆستای موصەننیف کوڕێکی دی بووە ئەویش هەر دوا قۆناغی ژیانی لە موصڵدا بووە، ئەم کوڕەیشی ناوی سەید عەبدوڵلا بووە شاعیرێکی مەزن بووە نازناوی شیعری (مەئالیی) بووە، بەشێکی ژیانی لە ناو شەبەکدا بەسەر بردووە، شەبەکیی زانیوە، شاعیرێکی زمانپاراو و، شیعرسوار و، تیانەوەستاو بووە، بەشی زۆری شیعرەکانی جنێو و داشۆرینن، شێخ رەزایەکی دییە بۆ خۆی، بەهەر چوار زمانەکە عەرەبی و، تورکی و، فارسی و، کوردیی شیعری هەیە.

جێگەی شانازیمە یەکەم جار ئەم شاعیرەم بە مێژووی ئەدەبی کوردی ناساند و، نموونەی شیعرەکانیم خستە سەر لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردی و، وێنەیشم لە دیوانەکەی بەدەست هێناوە و، چاوەڕێی پیاوی شارەزا و کارامەین، کە بە لێکۆڵینەوەوە، بڵاوی بکاتەوە و، کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پێ پڕ بکرێتەوە.

٣- هەر لە ڕێگەی دەستخەت و پشکنینی کتێبخانەی دەستخەتەکانەوە دەگەینە دۆزینەوەی کەرەستەی مێژوویی مێژوو:

مامۆستایەکمان هەیە بە ناوی ڕەسووڵ حاویی کەرکووکی ئەم مامۆستا کتێبێکی کەم وێنەی هەیە بە ناوی (دوحة الوزراء).

لە دوو لاوە مێژووی ژیانی ئەم مامۆستا ئاڵۆزێنرابوو.

لە لایەکەوە: کە تورکی باشی زانیبوو، زۆر لە داوود پاشای والیی بەغداوە نزیك بوو، کتێبەکەی بە تورکی نووسیبوو پێشکەشی کردبوو بە داوود پاشا. مۆرکی تورکایەتی نرابوو بەنێوچاوانی ئەم مامۆستا مەزنەوە و، مێژوونووسان نووسیبوویان: بەڕەچەڵەك تورکە. خۆشبەختانە لە ڕێگەی دەستخەتەکانەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە ئەم مامۆستا مەزنەیش مامۆستایەکی کوردە و، خەڵکی شاری (سنە) بووە و، لەوێوە هاتوون، وەك گەلێ کوردی هەڵکەوتووی دیکەی ئەو شارە مەزنەی کوردستان، قۆناغ بە قۆناغ بە سلێمانی و کەرکووکدا هاتوون و، ئەنجام بلیمەتی خۆیان گەیاندوونیە جێگەی بالآ لە دەرباری والی بەغدادا و، لەوێ لەنگەریان گرتووە و، ئەم پیاوە جگە لە خۆی چەند برای دیکەی بلیمەتیشی لەتەکدا بوون و، وەك ئەستێرە درەوشاونەتەوە، بەڵام نەخۆشی سیل بڕبەستی لێ بڕیون و، زوو ئەو ئەستێرە پرشنگدارانە ئاوابوون.

لایەنی دووەمی ئاڵۆزاوی ژیانی ئەم مامۆستا مەزنەی کورد کتێبەکەی بووە: کە هەندێ کەس لایان وابووە کتێبەکەی دوو بەرگ بووە، هەندێکی دی لایان وابوو، هەر یەك بەرگی داناوە و، مامۆستا کاظم نەورەس کە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی لە تورکییەوە کردووە بە عەرەبی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی دانەناوە. خۆشبەختانە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەیشم دۆزییەوە و ئەم شانازییەیشم پێ بڕاو، بەهەموو خوێنەران و گوێگران دەڵێم: ئەم کتێبە سیخناخە لە مێژووی کورد و کوردستاندا و، بەشی زۆری بۆ مێژووی بابان و ئەو جەنگ و ڕووداوانە تەرخان کراوە کە لەو سەردەمەوە تا سەردەمی دانانی کتێبەکە کە ساڵی ١٢٣٧- ١٢٤١ تەرخان کراوە و، کتێبەکە یەکێکە لەو سەرچاوە مێژوویانەی نەبوونی کەلێنێکی گەورەیە لە مێژووی کورددا و، دووبارە -داوای لێبووردن دەکەم- خۆشبەختانە توانیم وێنەی لێ بگرمەوە و لە لەناوچوون ڕزگاری بکەم و ، ئەم نوسخەی تاکە نوسخەیەتی کە ئێستە چاوەڕێی تورکیزانێکی کارامەیە کە بیکا بە عەرەبی یان بە کوردی و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات.

٤- نامەوێ درێژە بە وتارەکەم بدەم و کاتی بەڕێزان زۆر بگرم و، ئەمەی لێرەدا دەیخوێنمەوە هەر نموونە هێنانەوەیە بۆ بابەتگەلی جیا جیا کە لە مێژووی کورددا یان هەر تۆمار نەکراون، یان بەکەموکووڕی و لاوازی لە دەستدان. کوردستان لە ساڵانی دێریندا گەلێ دەرد و گرانی و قاتوقڕیی بەسەرداهاتووە، جاری وا هەبووە خەڵکەکە لەبەر برسێتی و گرانی خاك و شوێنی خۆیان و زێدی باو باپیرانیان بەجێهێشتووە و بەناچاری ڕوویان لە شوێنانی دیی کردووە و، لەو کۆچ و ڕەوەیشیاندا کەمیان گەیشتوونەتە جێگەیەك تیایدا لە مردن ڕزگاریان ببێت و، دوایی ئەگەر گەڕابنەوە بۆ شوێنی خۆیان داڵەوازیان گەڕاوەتەوە.

کە مێژوونووسانمان ئەمەیان تۆمار نەکردبێت و بمانەوێ شتێك لەم ڕووەوە بزانین، لەوە باشتر و دروستترمان لە دەستدا نییە کە فەقێ و مەلایانمان لە پەنای دەستخەتەکانیاندا تۆماریان کردوون. بۆ نموونە:

«گرانیی گەورە کە لە گرانیی یوسف گەورەتر بوو، عەلبەی دهۆك گەیشتبووە بیست قەران، باتمانی مێوژ لە موسڵ گەیبووە ٢٤ قەران، کەوێژی -مەنی- گەنم لە ناوچەی دۆسکان بە بیست قەران بوو، مەنی هەرزن و کزن و گاڵ گەیبووە ١٥ قەران، زۆری خەڵك لە برسانا مردن، تەغاری گەنم گەیبووە هەشت صەد قەران. ئەو گرانییەی ساڵی ١٢٩٧ بە جۆرێك بوو ٥ پێنج قەران لە گرانیی زەمانی حەزرەتی یوسف زیاتر بوو!» ئەمە بەشێك لە دەیان زانیاری کە مامۆستایەکی ڕووداونووسمان -لابەلا- لە پەنای دەستخەتێکدا تۆماری کردوون.

٥- هەروەها کاتێ کە دەزانین زۆری مێژووی جەنگ و ڕووداوەکانی سەر خاکی کوردستان بە دەستی دوژمن نووسراوە و، ئەوانیش چۆنیان ویستبێت وەها نووکی قەڵەمیان گێڕاوە و، ڕووی ڕووداوەکانیان وەرچەرخاندووە و، ئەگەر ئێمەیش دوای ئەوەی ئەوان ئەنجامیان داوە، بمانەوێ بۆ ڕووی ڕاستیی ڕووداوەکان بگەڕێین و بزانین کەی و لە کوێ و چۆن ڕوویانداوە، لە دەستخەتەکانی ناو حوجرەکانمان بەولاوە سەرچاوەی جێگەی بڕوا و متمانەمان بەدەستەوە نییە و، ئەگەر بتوانین ئەوانەی لەو لاپەڕانەدا نووسراون کۆبکەینەوە و، لە یەکیان بدەین و مێژوویان لێ پێکبهێنین، ئەوە ئەو لاپەڕانە باشترین و دروستترین سەرچاوەی ئەو باسانەن و، دەستخەتەکانمان گەلێ لەو باس و ڕووداوانەیان تێدا تۆمارکراوە و، لە بەرگەکانی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا لاپەڕەگەلێکم کۆکردۆتەوە کە پەردەی ڕووی شاراوەی گەلێ

ڕووداویـان هـەڵـمـاڵـیوە و، بـە پـوختـکـردن و یـەکـخستنیـان ڕووداوەکـان زیـاتـر ڕوون دەبنەوە.

٦- یان بمانەوێ دەربارەی میرنشینێك لە میرنشینە کوردەکان شتێك بنووسین چیمان لەدەستدایە؟ ئەگەر شتێك دەربارەیان لە مێژوودا نووسرابێت ئەوە -بەزۆری- لایان لە ڕووداوە خوێناویی و، جەنگە کارەسات ئاوەرەکان کردوەتەوە و، تیشکی زۆریان خستۆتە سەر دووبەرەکیی و ناکۆکیی ناو میرە کوردەکان و، چییان دژ بەیەك کردبێت یان پەنایان بۆ ئەملاو ئەولا و ناحەزانی کورد بردبێت، ئەوە بە ئاب و تابێکی کەم وێنەوە بەتان و پۆیدا چوون، بەڵام قەڵەمیان لە عاستی جوامێریی و، زانا پەروەریی و، خزمەتگوزاری هاولاتیان و مەلا و مەدرەسە و...دا لەنگ بووە، جا ئەگەر یەکێك لە ئێمە بیەوێ بەدروستی لا لە یەکێك لەو لایەنانە بکاتەوە و، بۆ ڕووی ڕاستی باسەکە بگەڕێت لە دەستخەتەکانی مامۆستایان و فەقێیانیان بەولاوە شتێکی ئەوتۆیان لەدەستدا نییە.

بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بیەوێ ناو و ژیان و بەسەرهات و بەرهەم و دانراو و...ی مامۆستایانی عیمادییە کۆبکاتەوە دەبێ چی بکات؟ گومان لەوەدا نییە کە لە هەندێ لە سەرچاوەکاندا ناوی چەند مامۆستایەکی دەست دەکەوێت، بەڵام ئایا ناوی هەموویان یان زۆربەیانی دەست دەکەوێت؟ ئایا ناوی دانراوەکانیان و سەردەمی ژیانیان و، مامۆستا و هاوەڵانیان و ئەو شوێنانەی تیایاندا خوێندوون و، ئەو مامۆستایانەی ئیجازەیان لێ وەرگرتوون و، ئەو مەلایانەی ئەمان ئیجازەیان داونەتێ و... چەندین لایەنی دیکە وەدەست دێنن؟ من لەم بابەتەدا دوودڵ و بەگومانم و، ئەوەی دیومە و دۆزیومەتەوە دەڵێ: تا دەستخەتەکان نەپشکنین ناگەینە ئەنجامی شیاو و دڵخۆشکەر.

من بەهەوڵ و کۆششی تەنیا باڵیی خۆم دەربارەی میرنشینیی عیمادیە ناو و بەرهەمی چەند مامۆستام دۆزیوەتەوە -بەگوێرەی گەڕان و پشکنینی خۆم- لەهیچ سەرچاوەیەکدا نەمدیون و کەس پێش من پەیی پێ نەبردوون ، دیارە خۆ ئەگەر چەند کەسێك لە جوغزێکی فراوانتردا بگەڕێن لەوانەیە زاناگەلێکی دیکە بەمێژووی زانایانی کورد بناسێنن.

بـۆ نموونـە چـەنـد دانـەم لـە کـتـێبـی (اعـلال الـتـصـریـف) دۆزیـیـەوە کـە مـامۆسـتـا مـەلا عەبدوڵڵای کوڕی شێخ ئیلیاسی (کلکوری) ساڵی (١٠٩٩ك) لە قەڵای عیمادییە دایناوە و، بۆ حەمادی کوڕی داناوە و، ئەو سەردەمە سەردەمی عوثمان بەگی کوڕی سەعید خان بووە.

ئەمە جگە لە مامۆستا مەلا حامیدی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی شێخ عەلی عیمادیی

و، عیمادەدین و، شەهابەدین و، عەبدورەحمان و چەندین مامۆستای دیکە... هەر لەڕێگەی دەستخەتەکانەوە دەزانین کە شاعیرێکی عیمادیی خاوەن دیوان هەبووە بەناوی صادقی عیمادیی، بەڵام دیوانەکەی ئێستە لەدەستدا نییە.

هەروەها لەڕێگەی دەستخەتەکانەوە زانیمان مامۆستایەکمان هەیە بەناوی ئیبراهیم، چەند دانراوی بۆ ئێمە زانراوی، لە تەفسیری قورئانی پیرۆزدا هەیە و دانراوەکانی پێشکەشی بەهرام پاشا کردووە.

هەروەها لەناو دەستخەتەکانەوە دەزانین لەناو بنەماڵەی عیمادیدا چەند زانا و مامۆستای بەڕێز هەبوون کە خوێندن و زانیاریی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پیشەیان بووە و تەنها شانازییان هەر لەو ڕێگە پیرۆزەدا بووە و، تەنانەت ناوی (عەللامە)یان بۆ کوڕەکانیان داناوە و چۆنیان ویستووە و ئاواتیان بووە وەها بووە و ئەو (عەللامە)انە بەڕاستی عەللامە و خوێندەواری باڵا بوون.

دەبێ ئەوەیش بزانین وەك دەڵێن: چەپڵە بە دەستێك لێنادرێ، ئەم مامۆستایانە بێ پشت و پەنا نەبوون و، بەتەنها و لەخۆیانەوە ئەو ڕێگە پیرۆزانەیان بۆ نەبڕراوە، بەڵکو میرانی عیمادییە هاندەر و یارمەتیدەر و پەنایان بوون لەو کارانەیاندا و، مامۆستایانیش ئەوەیان لەبەرچاو بووە و، ئەو بایەخەی میرانیان لەبیر نەکردووە و، بەرانبەر بەو کارەی ئەوان ئەمانیش دانراوەکانیان و، بەری بیر و کۆششیانیان پێشکەشی میرانی عیمادییە کردووە و، لە ڕێگەی دەستخەتەکانەوە نموونەی ئەم بایەخدانە دووقۆڵییەی میران و مامۆستایانی عیمادییە وەردەگرین.

ئەوەی بۆ میرنشینی عیمادییە و میرانی و، مامۆستا و زاناکانی دەگوترێ بۆ میرانی بابان و ئەردەڵان و سۆران و... شوێنانی دیش بەشێوەگەلی جیا-جیا دەگوترێت...

وەك گوتم مێژوونووسان بۆ میرنشینە کوردەکان و میرەکانیان - بەزۆریی- پێیان لەسەر لایەنی جەنگ و هەرا و دووبەرەکیی نێوانی میرەکان داگرتووە و، بایەخی زۆریان بەوە داوە بڵێن: فلان ساڵ فلان میر لەشکرکێشی کرد بۆ سەر فلان برای خۆی و، دەستی سوپای بێگانەی گرت و لە وڵاتی خۆی وەدەری نا و، ماوەیەك دوای ئەوە ئەمیش بە لەشکرێکی گەورەترەوە دایەوە بەسەر براکەیدا و رایفڕاند، یان گرتیی و وای لێکرد و وای لێکرد...

ئیتر مەگەر بە ڕاڕەو بەلای باسگەلی دیدا چووبن، بۆ وێنە میرانی بابان وەك لە جەنگ و هەرای نێوخۆیاندا دەورێکی دیاریان بووە، هەرگیز لایەنی ڕۆشنبیرییان پشتگوێ نەخستووە و ڕێزنان لە مامۆستایان و زانایان و، دروستکردنی مەدرەسە و مزگەوتی

گەورە بۆیان و، وەقفکردنی زەوی و زار و باخ و ئاش و... لەسەر مەدرەسەکانیان و، تەنانەت گەڕان و ناردن بەشوێن زانایانی ناودار و شارەزای ئەو شوێنانەیشدا کە لە ژێر رکێف و قەڵەمڕەوی خۆیاندا نەبوون و، هێنانیان و ڕێزلێنانیان... کارێك بووە میرانی بابان لەناو خۆیاندا پێشبڕکێیان تێدا کردووە.

بەڵام ئەمە لە مێژووی باباندا کەمتر ڕەنگی داوەتەوە و، مێژوونووسانێ کە لایان لە مێژووی بابان کردووەتەوە کەمتر کاریان بۆ ئەم لایەنە کردووە، کەچی کە چاوێك بە دەستخەتەکانی ئەو دەڤەرەدا دەگێڕین دەیان دەستخەتی گەورە و نایاب دەبینین کە میرانی بابان یان بەکڕین و هێنانیان لە وڵاتانەوە، یان بە فەرماندانیان بە خەتخۆشان بۆ نووسینەوەیان دەستیان خستوون و، لە کتێبخانەکانی مامۆستایانی میرنشینەکەیاندا کۆیان کردوونەتەوە و، دوایی وەقفیان کردوون لەسەر مامۆستایان و کتێبخانەکانیان.

## چەند ڕووداوێکی مێژوویی لە پەنای دەستخەتێکدا

٥٣٤

پێشتریش نووسیومە لەتەك ئەوەدا لە کۆندا مێژوونووسی وامان نەبووە بایەخی تایبەتی بە مێژووی کورد و کوردستان بدەن و، لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد بەڕوونی بخەنە یەك و مێژووی کورد بنووسن..(ڕووداونووس)مان هەبووە و، گەلێ مامۆستای دڵسۆزی وامان هەبووە بیری لەوە کردوەتەوە ڕووداوگەلی جیاجیامان لەو کارەساتانەی لە کوردستاندا ڕوویانداوە و، ئەو نەهامەتییانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون و، جەنگ و کارەساتی گەورە و دیاریی... یان هەر بابەتێکی دی کە سەرنجی ئەو مامۆستایانەی ڕاکێشابێ، لە پەنای کتێب و دەستخەتەکانیاندا تۆماریان کردوون و، ئەو کەسانەیش یەك و دووان نەبوون و، بەو پێیەیش ئەو بابەتانەی ئەوان تۆماریان کردوون دەیان و صەدان بابەت زیاتر بوون.

بەڵام –بەداخەوە– کەسانی وامان نەبووە قۆڵی دڵسۆزانە هەڵماڵێ و بەر بە دەستخەتەکاندا بگرێت و هەرچی چنگ کەوت –بابەتبوێری نەکات– یاداشتیان بکات و یەکیان بخات. بەمەیش زیانێکی دیکە لە مێژووی کورد کەوتووە و، زۆری ئەو ڕووداوە نووسراوانەمان تێداچوون. لەتەك ئەوەیشدا کە ئەو زۆرەمان لەکیس چووە، ئێستەیش گەلێ بابەتی دیکە ماون لەملاو لەولا لە پەنا دەستخەتەکاندا بێ ناز و بێ خەمخۆر لەبەر ترسی هەڕەشەی لەناوچووندان.

ئەمجارەیش دەیڵێمەوە: ئەو مێژووانە گەلێ بایەخی تایبەتییان هەیە و دەکرێ دوای کۆکردنەوە و بابەتبەندی کردنیان ببنە سەرچاوەگەلی دروست و بەپێزی زیادکردن و ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو مێژووانەی لەمەوپێش بۆیان نەڕەخساوە بە باشیی تۆماربکرێن.

یەکێك لەو بایەخانە لەوەدایە ئەو کەسانەی ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە یان خۆیان ڕووداوەکانیان بەچاوی خۆیان دیوە و هاوچەرخیان بوون، یان لەبەر نووسراوی کەسانێك ڕوونووسیان کردوون کە ئەوانە شایەتی ڕووداوەکان بوون و بەچاوی خۆیان دیویانن، دیارە ئەم جۆرە نووسراوانەیش جێگە و ڕێگەی گومانی هەڵە تیاکردنیان گەلێ کەمترە لەو بابەتانەی دەماودەم لە کەسانی ناشارەزا وەرگیراون، یان کەسانێك تۆماریان کردوون بەتەنگ دروستیی و نادروستیی مێژووی کوردەوە نەبوون!

ماوەیەکی زۆرە هەستم بەبایەخی ئەم جۆرە مێژوو و بەڵگەنامانە کردووە و، هەر کاتێك هەلێکم بۆ ڕەخسابێت لەکیسم نەداوە و، لەم بوارەدا شوێندەستم دیارە و، هیوادارم کەسانی دڵسۆزی دی بایەخی باش بەم لایەنە بدەن و، بتوانین بە کۆمەکی کەسانی کارامە سوود لەم لایەنە بۆ توێژینەوەی مێژووی کورد وەرگرین.

دەستەبارەی ئەمجارەیشم لاپەڕەیەکی دێرینە لە پەنای دەستخەتی (الوضوح)ی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیفدا کە تەمەنی لاپەڕەکە لە (٣٥٠) ساڵ پترە و، لاپەڕەکە ڕووداوگەلێکی تێدا تۆمار کراوە جێگەی بایەخن و، هەندێکیان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەن و، هەندێکیان هەر نین، یان بەو شێوەی ئێرە نین و لێرەدا دروستترو ڕەوانتر دەبینرێن.

دەستخەتی (الوضوح)ەکەیش کە ئەم زانیارییانەم لێ وەرگرتووە خۆی بۆ خۆی جێگەی باس و بایەخی تایبەتییە. چونکە ئەم دەستخەتە کە ئەو کتێبەی لەخۆگرتووە بە یەکێك لە نوسخە هەرە کۆن و خۆشخوێن و پوخت هەڵگیراوەکان دادەنرێت و، بۆ کاتی چاپ و لێکۆڵینەوەی کتێبەکە ئەگەر بەیەکەم سەرچاوەی کارەکە دانەنرێت، بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی دادەنرێت و بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم سەرچاوە کاری لێکۆڵینەوەی ئەو کتێبە دروست نابێت. ئەم دەستخەتە ٥٢٨ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە، بەشی یەکەمی هەتا لاپەڕە (٣٩٠)ی گرتوەتەوە و نووسەرەوەکەی لە کۆتایی ئەم بەشەدا کە کۆتایی روبعی دووەمی کتێبەکەیە ئەمەی نووسیوە:

«تمت الرابع الثاني من كتاب الوضوح في شرح المحرر من مصنفات فريد دهره ووحيد عصره سيد حسن الپيرخضري الحسيني بن هداية الله هدى الله لهما في دار الآخرة آمين يا آمين. على يد الضعيف عبد الاحد احمد يعني صاحبه و كاتبه، اللهم اغفر لي ولوالدي ولجميع المسلمين والمسلمات ولمن قال آمين يا مجيب»

لە خوار ئەمەیشەوە نووسراوە:

«صاحبه حسين ابن ملا يونس ابن ملا حسين چولاخ»

لە کۆتایی کتێبەکەیشەوە نووسراوە:

«تمت الكتاب المسمات بالوضوح بعون الملك الوهاب، على يد اقل العباد واحوجهم الى رحمة الرحمن ومغفرته، احمد بن حسين اللهم اغفر وارحم لهما ولوالديهما ولجميع المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات آمين يا مجيب السائلين و ياغافر المذنبين بالنبي وآله الاجمعين! الطاهرين الطيبين. وقع الفراغ في يوم الجمعة بعد صلاتها ومضى اثنا وعشرون يوما من شهر الصفر المظفر، ثلاث وعشرون من كانون الثاني، وقطعت الشمس من برج الدلو اربع عشر درجة. سنة ١٠٦٢».

لە لایەکی ئەمەیشەوە نووسراوە:

**اين دست من از خاكست هم خاك شود روزى**

**وين نام من از ديوان هم پاك شود روزى**

**هركس كه مرا داند ياخط مرا خواند**

**شايد كه كند يادم بدعاى وغمناك شود روزى**

لەلایەکی دیشیەوە نووسراوە:

**فردا كه چرخ بر من مسكين جفا كند**

**در زير خاك بند بندم جدا كند!**

(آه من الموت و حالاته احرق قلبي بحراراته)

ئەمە بە کورتی باسی دەستخەتەکە بوو، ئەو زانیاریی و مێژووانەیش ئێمە لێرەدا تۆماریان دەکەین لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ئەم دەستخەتە تۆمارکراون و، ئەو لاپەڕە لە لاپەڕەکانی دی زیاتر دەستی بەرکەوتووەو، لاپەڕەکە پواوە و، نووسینەکانی چوونەتەوە و، هەندێکیان هەر بەتەواویی سڕاونەتەوە و، بەهیچ شێوەیەك ناخوێنرێنەوە و، بۆ ئەو

شوێنـانـە چـەنـد خـاڵـێکم دانـاوە، هــەنـدێ شوێنـی دیـکـەیش بـەزەحـمـەت و سەرئێشە و چاوئێشەیەکی زۆرەوە دوای تێڕامان و ڕەنجێکی زۆرخوێنراونەتەوە و، ئەمەیان لێ بەرهەم هاتووە کە لێرەدا دەیانبینی. گومان بۆ ئەوە دەچێت ئەم مێژووانەیش بەخەتی نووسەرەوەی دەستخەتەکە بن، وەك گومان بۆ ئەوەیش دەچێت کە دڵسۆزێکی دی دوای ئـەو هـاتـبـێ ئـەم یـادگـارە بـەنـرخـەی بێ ئەوەی نـاوی خـۆی یـان مـێژووی سەردەمـی نووسینەوەکە تۆمار بکات، بۆ بەجێ هێشتووین.

مـن نـووسراوەکـەی ئـەوم چـۆن بـۆ خـوێنـراوەتـەوە و ساغ کـراوەتـەوە بـە ڕێنـووسە فارسییەکەی ڕوونووس کردووە. دوایی یەکە- یەکە پوختەی ئەو مێژووانەم بەکوردیی نووسیوە.

مەبەستی ئێستەی نووسینی ئەم بابەتانەم ئەوەیە وەك مادەیەکی خام و کاڵ لە لەناوچوون ڕزگاریان بکەم و بیانخەمە بەردەستی لێکۆڵەرەوانی مێژوو، بۆ ئەوەی دواتر سوودی خۆیان بگەیەنن.

دەکرا بۆ ئەم مێژووانە بەراوردکاریی بکەم و، یەکە یەکە لەتەك ئەو باسانەدا کە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا وەك ئـەمـانـن یـان نزیك بـەمـانـن ڕووبـەڕوویـان بکەمەوە و لەسەریان بنووسم، سەریشم لە سەرچاوەکانی وەك (مشاهیر الکرد)ی ئەمین زەکی و، مێژووی ئەردەڵان و، کورد و کوردستان و، بنەماڵەی زانیاران دا و، بۆم دەرکەوت هەندێك لەمانە لەواندا نین و، هەندێکیان تەواوکەری ئەوانن و پاڵپشتی مێژووەکانی ئەوێ دەکەن و دروستییان یان نادروستییان دەردەخەن بەڵام با ئەوە جارێ بمێنێ بۆ کاتی خۆی.

**واقعه و قصه‌های گذشته**

١- ... سلطان مراد بغداد را... شهر شعبان المعظم ١٠٤٨.

٢- ... طاعون فی ولایت... خصوصا در هاله سیاه شهر رجب المرجب ١٠٣٤.

٣- ... له کردن میر اسماعیل مع هلوخان... منهزم شدن میر اسماعیل ١٠٠٠.

٤- متوفی شدن شاه عباس أول سنه ١٠٣٨.

٥- رحلت نمودن شاه صفی از دار الفناء بدار البقاء فی شهر محرم الحرام سنه ١٠٥٢.

٦- ... شاه عباس ثانی فیه... سلیمان. برتبزیر سلطنت شهر محرم الحرام سنه ١٠٣٦.

٧- ... شاه عباس ثانی بر سر قندهار سنه ١٠٥٨.

٨- ... گرفتن قندهار در شهر صفر المظفر ١٠٥٩.

٩- ...مدن مصطفی بیك ولد محمدخان مع ... ار پاشاه بقزلجه بار دوم در شهر ربیع الآخر سنه ١٠٥٦.

١٠- رفتن نواب... سلیمان خان بأصفهان بنزد شاه عباس ثانی ١٠٦٠.

١١- باز آمدن سلیمان خان از اصفهان ١٠٦١.

١٢- آمدن خسرو پاشاه بشهرزور وجنگ کردن (نقای!) با قزلباش در مهربان فی شهر رمضان المبارك وشکستن قزلباش ١٠٣٩.

١٣- آمدن حسین خان لورِ بر سر قلعهء (حسن آباد) و مجادلهکردن با هلوخان سنه ١٠١٩.

١٤- قد بنا هلوخان مسجد جامع مهربان سنه ١٠١٠.

١٥- قد بنا مظفر پاشا قلعهء گل عنبر سنه ٩٧٠.

١٦- قد أخذ هلوخان قلعهء گل عنبر من ید عثمانلو سنه ١٠٣١.

١٧- جلوس خان أحمد خان بر سریر سلطنه فی شهر محرم الحرام سنه ١٠٣٦.

١٨- رفتن خان أحمد خان بجانب عثمانلو در شهر ربیع الاول و باز آمدن و جنگ کردن با قزلباش در شهر ربیع الآخر سنه ١٠٤٦.

ومتوفی شدن او در شهر موصل فی سنهء مذکور.

١٩- رفتن خان احمد خان بر سر علی بیگ فی وسط شهر رجب وفتح کردن ولایت قرداغ و گریختن علی بیك فی شهر شوال ١٠٤٤ [او ١٠٣٤!].

٢٠- رفتن خان أحمد خان بولایت عمادیه فی شهر جمادی الآخر سنه ١٠٤٣ وغارت کردن و آ...

٢١- گرفتن خان أحمد خان قلعهء اورامان بار دوم فی شهر صفر سنه ١٠٤٠.

٢٢- جنگ شدن قزلباش باعثمانلو در ناحهء فی شهر رمضان وشکستن قزلباش ١٠٣٩.

٢٣- جنگ شدن خان أحمد خان مع شیر بیگ درمندطِپَس سنه ١٠٣٢.

٢٤- رفتن خان أحمد خان بر سر ولایت بلباس و ببه در شهر ربیع الاول وساختن قلعه پشدر سنهء ١٠٢٥(!).

٢٥- جنگ شدن قزلباش با عثمانلو در محال مهربان در کا... وشکستن عثمانلو(!) در شهر ربیع الاخر ١٠٣٦.

٢٦- ...خان... ولد محمد خان...وا وفتح کردن قلعهء بالق فی شهر شعبان ١٠٤٨.

٢٧- رحلت شدن مولانا ابوبکر مصنف از دار الفنا بدار البقا ابن سید هدایة الله الپیرخضری الشاهوی سنه ١٠١٤.

٢٨- رحلت شدن مولانا عبدالکریم ولدش سنه ١٠٥٠.

٢٩- [هیچم بۆ لێ نەخوێنرایەوە].

## ڕووداو و چیرۆکەکانی ڕابوردوو

١- سوڵتان موراد بەغدای... مانگی شەعبانی گەورە ١٠٤٨.

٢- چاوە قووڵە- لە ویلایەتی... بەتایبەتی لە (هالە سیاه) مانگی ڕەجەبی بەڕێز، ساڵی ١٠٣٤.

٣- (جەنگکردنی...) میر ئیسماعیل لەگەڵ هەڵۆخان و... شکانی میر ئیسماعیل ساڵی ١٠٠٠.

٤- کۆچی دوایی شا عەباسی یەکەم، ساڵی ١٠٣٨.

٥- کۆچکردنی شاه صەفی لەم دنیای پووچ و بێ بایەخەوە بۆ دنیای هەمیشەیی لە مانگی (محرم الحرام)ی ساڵی ١٠٥٢دا.

٦-... شاه عەباسی دووەم تیایدا... سلیمان... دەستەڵات بەسەر تەبرێزدا، مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٠٣٦.

٧-... شاه عەباسی دووەم بەسەر قەندەهاردا ساڵی ١٠٥٨.

٨-... گرتنی قەندەهار لە مانگی صەفەری پیرۆزدا ١٠٥٩.

٩- ... دن مصطەفا بەگی کوڕی محەمەدخان لەگەڵ... ار پاشا جاری دووەم بۆ قزڵجە، لە مانگی رەبیعولئاخری ساڵی ١٠٥٦دا.

١٠- ڕۆیشتنی (نواب)... سولەیمان خان بۆ ئەصفەهان بۆ لای شا عەباسی دووەم ١٠٦٠.

١١- گەڕانەوەی سولەیمان لە ئەصفەهان ١٠٦١.

١٢- هاتنی خوسرەو پاشا بۆ شارەزوور. جەنگکردنی (نقا!)ی لەگەڵ قزڵباشدا لە

مەریوان و شکانی قزڵباش لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٠٣٩دا.

١٣- هاتنی حسەین خانی لوڕ بۆ سەر قەڵای حەسەناواو جەنگکردنی لەگەڵ هەڵۆخاندا. ساڵی ١٠١٩.

١٤- هەڵۆ خان ساڵی ١٠١٠ مزگەوتی گەورەی مەریوانی دروست کرد.

١٥- موظەفەر پاشا ساڵی ٩٧٠ قەڵای گوڵعەنبەری دروست کرد.

١٦- هەڵۆخان ساڵی ١٠٣١ قەڵای گوڵعەنبەری لە دەستی عوثمانییەکان دەرهێنا.

١٧- خان ئەحمەد خان مانگی (محرم الحرام)ی ساڵی ١٠٣٦ لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی دانیشت.

١٨- خان ئەحمەد خان مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی ١٠٤٦ چوو بۆ لای عوثمانییەکان و، مانگی (ربیع الاول)ی هەمان ساڵ گەڕایەوە و جەنگی لەگەڵ قزڵباشەکان کرد و، هەمان ساڵ لە شاری موصڵ کۆچی دوایی کرد.

١٩- چوونی خان ئەحمەد خان بۆ سەر عەلی بەگ لە ناوەڕاستی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٠٤٤ [یان ١٠٣٤!] و گرتنی ویلایەتی قەرەداغ و ڕاکردنی عەلی بەگ لە مانگی شەوالدا.

٢٠- چوونی خان ئەحمەد خان بۆ ویلایەتی عیمادییە لە (مانگی جمادی الآخر)ی ساڵی (١٠٤٣)دا و تالانکردنی ئەوێ.

٢١- خان ئەحمەد خان بۆ جاری دووەم لە مانگی صەفەری ١٠٤٠دا قەڵای هەورامانی گرتەوە.

٢٢- جەنگکردنی قزڵباش لەگەڵ عوثمانییەکاندا لە (ناحەی!) لە مانگی رەمەزاندا و شکانی قزڵباش ساڵی ١٠٣٩.

٢٣- جەنگکردنی ئەحمەد خان لەگەڵ شێرەبەگدا لە (مَنْدطِپَس) ساڵی ١٠٣٢.

٢٤- چوونی خان ئەحمەد خان بۆ سەر ویلایەتی بلْباس لە مانگی (ربیع الاول)دا و دروستکردنی قەڵای پشدەر ساڵی ١٠٢٥.

٢٥- جەنگکردنی قزڵباش لەگەڵ عوثمانییەکاندا لە دەوروبەری مەریوان لە (کا...)دا شکانی عوثمانییەکان لە مانگی (ربیع الآخر)ی ساڵی ١٠٣٦دا.

٢٦- ...خان... کوڕی محەمەد خان... و گرتنی قەڵای (باڵق) لە مانگی شەعبانی ١٠٤٨دا.

٢٧- کۆچی دوایی مەولانا ئەبوبەکری موصەننیف لەماڵی بڕاوەوە بۆ ماڵی نەبڕاوە، کوڕی سەید هیدایەتوڵڵای پیرخضری شاهۆیی ساڵی ١٠١٤.

٢٨- کۆچی دوایی مەلا عەبدولکەریمی کوڕیشی ساڵی ١٠٥٠.

(ئەم دەستخەتەم لای مامۆستا خالص لە هەولێر بینیی و ڕێگەی دام وێنەییم گرتەوە).



## گەشتێك بە كەشكۆڵێكدا

٥٣٥

كەشكۆڵ -یان بەیاض- من وام داناوە وەك بڵاوكراوە، یان نەشرەی دەوریی ئەدەب وابێت، لە كاتێكدا كە چاپخانە نەبووە و، دەنگی ڕادیۆ و دیمەن و شاشەی تەلەفزیۆن نەبیستراوە، دەبێ چی دەنگی بەسۆزی شیعری شاعیرانی بە گوێی ئەدەبدۆستان و شەیدایانی ئەو جۆرە بەرهەمانەدا دابێت؟ دیارە كۆڕ و سیمیناریش لە شێوەی ئێستادا نەبووەو، ئەگەر شتێك لەو بارەوە بوویێت سنووری تەسك بووە و، لە كۆڕ و كۆمەڵی فەقێیانی شەوانی سێ شەممە و جومعە دەرنەچووە.

ئەو نەشرە ئەدەبییانە خاوەنەكانیان -خۆیان- خاوەنی ئیمتیاز و، سەرنووسەر و، دەستەی نووسەران بوون، بڵاوكردنەوەی وتاریش تیایاندا بێ مز و خەڵات بووە، پەسەندكردنی بابەتەكانیش بەند بووە بەهزر و بیر و ذەوقی خاوەن ئیمتیازەوە، خۆی لە دەم و قەڵەمی شاعیران، یان لە دەمی خەڵكانی ئەدەبدۆست و بیرتیژ، یان لەو نەشرانەی پێشتر كەسانی دی بڵاویان كردوونەتەوە... بابەتیان هەڵبژاردووە و، بڵاوكراوەی خۆیان پێ ڕازاندوەتەوە.

هەندێك لەو بڵاوكراوانە خاوەن ئیمتیاز یان یەك كەسی كارامەی دیار بووە، وایش بووە چەند خەتخۆش و شارەزا و ئەدەبدۆست -ناوبەناو- كاریان لەو بڵاوكراوەدا كردووە و، بە هەموویان كارەكەیان ئەنجامداوە. وایش هەبووە خاوەن ئیمتیاز ناوی خۆی نەنووسیوە و بە نەناسراوی ماوەتەوە. وەك جاری وایش هەیە بڵاوكراوەكە باش نەپارێزراوە و دەست نەفام و نەزان كەوتووە و سەرەتا و كۆتاییەكەی تێداچووە و، ناوی خاوەن ئیمتیاز -كە بەزۆری هەر یەك نوسخە لە بڵاوكراوەكە دەرچووە- لەو لەناوچووانەدا دڕاوە و تێدا چووە. وەك هەندێ جاریش كەسانێك- بۆ شوێنەونی- ناوی نووسەرەوە- خاوەن ئیمتیازەكەیان دڕاندووە یان سڕیویانەتەوە.

نموونەی ئەمانە و نموونەگەلی دیكەیش لە دەستدان.

ئەگەر بۆ شناسنامەی وردی كەشكۆڵ یان، وەك وتمان، نەشرەی دەوریی، بگەڕێین ئەوە بە ئاسانیی ناگەینە ئەنجامی دروست و یەكلاكەرەوە؛ چونكە ئەو كەسانەی كە كەشكۆڵیان نووسیوەتەوە پەیڕەوی یەك ڕێبازی تایبەتییان نەكردووە و، هەركەسێكیان

بە ئارەزووی خۆی ماوە و شێوە و قەوارەیان بۆ داناوە.

کەسی وایان هەبووە لە ماوەی یەك دوو مانگدا تەواوی کردووە، کەسی وەهایشیان هەبووە کەشکۆڵەکەی چەند ساڵ هاوڕێی شەو و ڕۆژی بووە و لێی جیا نەبوەتەوە. لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە بەهەمان شێوە، کەسی وایان هەبووە کەشکۆڵەکەی لە شیعری شاعیرانی فارس و ئەو کوردانەی بە فارسی شیعریان گوتووە، ئاخنیوە. کەسی وایشیان هەبووە تەنها شیعری کوردیی تێدا نووسیوە، بوویشیانە کەشکۆڵەکەی تەرخان کردووە بۆ شیعری شاعیرانی یەك زاراوە. یان یەك ناوچە.

نموونەگەلی ئەمانەیش هەر زۆرن.

کە دەیشچینە لای خەت و شێوە و شێواز، دەتوانین بڵێین کەم وا دەبێت دوو کەشکۆڵ بەتەواوی لە ڕواڵەت و قەوارەدا لەیەك بچن؛ چونکە کەسی وایان هەیە قەوارەی زۆر گەورەی بەلاوە پەسەند بووە، بوویشیانە لەو نێوانەدا مامناوەندی بووە ومامناوەندی کردووە بە بناغەی کارەکەی.

هەروەها کەسی وایان هەبووە لە خەتخۆشیی و وردەکارییدا وێنەی کەم بووە کەچی کەسی وایشیان هەبووە تا دێڕێك لە خەتەکەی دەخوێنیتەوە هەزار جار ئاخ هەڵدەکێشی!

نموونەی وەهایش لەناو ئەو کەشکۆڵانەدا دەبینین لە نەخشێنراویی و زەڕکەفتاریی کراویدا لەوە جوانتر بەبیردا نایەت، لە هەمان کاتدا نموونەی زۆر سادە و خۆپێوە ماندوونەکراو دەبینیت. ئەمە سەرچاوەی ئەدەبی کوردی ئێمەن، چەند ئەم سەرچاوانەیش جۆراوجۆر و لەیەك نەچوون چەند ئەوەندە پەرتەوازە و یەکنەخراو و نەناسێنراو و دوورەدەستن.

بۆیە دۆزینەوە و ناساندنی هەر دانەیەکیان کەرەستەیەکی نوێی بووژاندنەوەی ئەدەبی کوردییە و، مایەی گوڕ و تین پێدانی کاری لێکۆڵەرەوان و، دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەگشتی و ئەدەبی کوردیی بەتایبەتییە.

لەم بوارەدا ئەوە دەڵێمەوە کە: مەگەر هەر خودا بزانێ چەند کەشکۆڵ و بەیاضمان تێداچوون و هیوابڕاویان بووین، ئەوانەیشیان کە ماونەتەوە هێشتا بەشێکی زۆریان بە نەناسێنراوی ماونەتەوە و، لێکۆڵەرەوان و شەیدایانی ئەو جۆرە بەرهەمانە ئاگایان لە هیچ دەنگوباسێکیان نییە.

منیش وەك پیشەی هەمیشەییم هەر کەشکۆڵێکم دیبێ حەزم کردووە شتێکی بۆ بکەم و، بە نەناسێنراوی نەیهێڵمەوە.

لەم ماوەدا برای هێژام مامۆستا حەمەی حەمە باقی وێنەی دوو دەستخەتی دا پێم؛ یەکێکیان لە باسێکدا کە لەسەر مەولەویی و سەودایی نووسیومە ئاماژەم بۆ کردووە[١]. ئەوەکەیان کەشکۆڵێکە لە کەشکۆڵە کەموێنەکانی بواری ئەدەبی کوردی. ویستم هەلی لە دەستدابوونی ئەم گەنجینە نایابە لەدەست نەدەم و، ئەم سەرچاوەیش لە ناساندنیدا بخەمە پاڵ سەرچاوەکانی دیکەی ئەدەبی کوردیی.



(١) وتارێکم لەسەر ئەو بابەتە بە ناونیشانی مەولەویی و سەودایی و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی دیوانی مەولەویی نووسیوە و ناردوومە بۆ (رامان).

## مەولەوی و پەخشانی کوردی، یان مەولەوی و عەقیدەی ئیسلامی:

لە وتارێکدا باسی ئەوەم کردووە کە مەولەویی بەتەنگی ئەوەوە بووە عەقیدەی ئیسلامی بگەینێت بە چینەکانی گەلی کورد و، هەرکەس بە گوێرەی توانا و بیر و لێهاتوویی خۆی دانراوی بۆ داناون و، رۆشنبیرانی کوردی کردووە بە سێ بەشەوە و: بالاّ و، مامناوەندی و، خوارتر. بۆ هەر چینێکیان کتێبێکی داناوە. ئەوەیش بوو بۆ یەکەم جار شەرەفی بلاّوکردنەوەی نامیلکە سەرەتاییەکەی بەناوی (عەقیدەی مەولەویی) بە بەندە بڕرا[٢].

دواتریش کەمێك لە خزمەت عەقیدە ناوەندییەکەیدا وەستام و، بە سەرنج و رەخنە لەسەریم نووسی.

هەروەك شەرەفی بلاّوکردنەوەی نموونەی -با کەمیش بێت- پەخشانی کوردیی مەولەویی بە بەندە بڕرا[٣]. بەلاّم ئەوەی کە من نەمبیستبوو و -وایشبزانم- تا ئێستە کەس باسی نەکردووە، بوونی کتێبی پەخشانی کوردیی مەولەوییە.

لەم کەشکۆڵەدا کە باسی دەکەم نامیلکەیەکی پەخشانی کوردیی لە عەقیدەدا هەیە، کە لە سەرەتا و کۆتاییەوە هیچ نەنووسراوە و، ناوی کەسی بەسەرەوە نییە بەلاّم بەشێواز و شێوەی زاراوەکەیدا من بە عەقیدەی مەولەویم زانی و کە دەربارەیشی لە مامۆستا حەمەی حەمە باقیم پرسی فەرمووی: هەر وایش بۆ منیان ناردووە.

لەم دەرفەتەدا تا ئەو کاتەی بەیارمەتی خودا سەرجەمی نامیلکەکە بلاّو دەکەمەوە چەند دێڕێکی وەك نموونە دەخەمە پێش چاوی خوێنەرانی ئازیز: (لە بابەتێکی پێشوودا دەقەکە ڕابورد).

### باسێکی دەستخەتەکە:

پێش هەموو شتێك دەتوانم بڵێم: ئەم دەستخەتە یەکێك بووە لە دەستخەتە نایاب و کەموێنەکانی کتێبخانەی کوردیی، هەروەها گومانم بۆ ئەوە دەچێت کە یان لەبەر نوسخەی مەولەویی یان لەبەر نوسخەی نزیك لە نوسخەی مەولەوی نووسراوەتەوە.

هەروەها گومانم بۆ ئەوە دەچێت ئەو کەسەی ئەم دەستخەتەی نووسیوەتەوە نزیکیی باش و پێوەندی پتەوی لەتەك مەولەویی یان کتێبخانەی تایبەتیی مەولەویدا بووە، وەك لەمەولا هەندێ ڕووی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێت.

(٢) بڕوانە: محەمەدعەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (السالمی) بەغدا، ١٤١٩-١٩٩٩ ل: ٣٧٧.

(٣) بڕوانە: محەمەدعەلی قەرەداغیی، شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەویدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا. ژمارە (٦).

ئەم دەستخەتە لە شێوەی (بەیاض)دا نووسراوەتەوە. سەرەتا و کۆتایی نەماوە، زۆری لێ لەناوچووە، دیارە کاتی خۆی شیرازەی پساوە و جارێکی دی جزووبەند کراوەتەوە، بەڵام لە جزووبەندکردنەوەکەیدا سەرنجی کەوتن و لەناوچوونەکان نەدراوە و، بێ پەیڕەویی نیشانەکانی سەرەتا و کۆتایی –لەو شوێنانەدا کە هەن– پەڕە پاشماوەکان یەکخراونەتەوە. ئەمەیش ئاڵۆزییەکی زۆری لە دەستخەتەکەدا بەدی هێناوە. دواتریش کەسێك هاتووە ژمارەی لاپەڕەی لەسەر لاپەڕەکان داناوە، ئەمیش یان هەستی بەو کەموکووڕییە نەکردووە، یان گوێی نەداوەتێ.

ئەوەی کە لە دەستخەتەکە ماوە (٢٢٤) لاپەڕەیە. پێوانەی لاپەڕەکان بە گوێرەی ئەو وێنەی لەبەردەستدایە (٣×٨)یە، ژمارەی دێڕەکانی وەك یەك نییە، لاپەڕەی وا هەیە ١٠ بەیت شیعری تێدایە، لاپەڕەی وەهایش هەیە (١٥) دێڕی تێدایە.

نووسەرەوەکەی زۆر خەتخۆش بووە. زۆر شارەزایانە و وەستایانە کارەکەی ئەنجامداوە. لە شوێنی پێویستدا سەر و بۆر و شەددەی بۆ ئەو وشانە کردووە کە خوێندنەوەیان زیاد لە ڕوویەك هەڵدەگرێت.

ناوی نووسەرەوەی دیار نییە. لەیەك شوێندا عەبدوللەطیف ناوێك دوای ئەوەی چەند بەیتێکی نووسیوە، نووسیویە: ئەم چەند بەیتە گۆرانییەم بە فەرمانی جەنابی سەیید مەحموود نووسییەوە. لەمەوە پێدەچێت سەیید مەحموود خاوەنی کەشکۆڵەکە بووبێت، بەڵام دووبارە سەیید مەحموود کێیە؟ کەی ژیاوە؟ لە کوێ ژیاوە؟

لە لاپەڕەکانی ١٠ و ٦٢ و ٣٤ و ٤٤ دا مۆرێك هەیە بەڵام بەبۆنەی ئەوەوە لە وێنەکەدا ڕەش دەرچووە ناخوێنرێتەوە.

لەوەی لەم کەشکۆڵە لە بەردەستماندایە بایەخێکی باش و لە هەموویان زیاتر بە شیعر و بەرهەمی مەولەویی دراوە.

### ئەمەیش ناوەرۆکی دەستخەتەکە بە کورتیی

١– لە لاپەڕە یەکی ئەوەوە کە ماوە تا لاپەڕە ١٠٤– سەد و چوار پارچە و روباعیی و تاکی شیعری مەولەویی تێدایە.

٢– لەوە بەدواوە چەند پارچە پەخشانی فارسیی مەولەویی تێدایە.

٣– لە لاپەڕە ١٤٤ وە ١٤ لاپەڕەی پەڕاگەندەی لە (عەقیدەی مەرضییە) تێدایە.

٤– لەوە بەدواوە لە لاپەڕە ١٥٢ وە ٨ لاپەڕەی لە عەقیدە کوردییەکەی مەولەویی تێدایە، کە نموونەمان لێ نووسی.

**فیهرستی ئەو دوای کەشکۆڵەکە بەم شێوەیە:**

٦١– وەلی دێوانە: قیبلەم رێش نەبۆ.

٦٣– ئەحمەد بێگ: چراخ وەفاتم

٦٤– مەولەوی

٧٥– شێخ حەسەنی مەولاناوا: قیبلەم مەستەنان

٧٦– ئەحمەد بێگ: دڵە ها یاران بەرشین جەی زامن

٧٦– مەولەوی.

١٠٦– پەخشانی فارسیی مەولەویی.

١٠٧– لەم پەڕە بەدواوە چەند پارچە پەخشان هەیە بەڕوونی دیار نییە هی کێن.

١٠٨– لە لاپەڕە ١١٦دا باسی نووسینەوەی قورئانێکی تێدایە، ئەگەر ئەو نووسراوە نووسراوی نووسەرەوەی کەشکۆڵەکە بێت دیارە خۆشنووس بووە و قورئانی نووسیوەتەوە.

١١٩– شیعری ناری شیوەن بۆ شێخی حیسامەدین.

١١٨– نامەی شێخ ئەحمەد بۆ شێخ حەسەنی کوڕی شێخ شەمسەدینی دەرە هەردیی.

١٢١– شیوەن بۆ شێخی حیسامەدین.

١٢٢– کلام مرحوم شێخ عبدالقادر...: رۆح هەوای... مەزارت کەردەن.

١٢٧، ١٢٨– چەند ڕووداوی مێژوویی کە لە شوێنگەلی دیکەیشدا نووسراون و وێنەیان زۆرە، لەتەك هەندێ جیاوازیدا.

١٣٠– تەعزیە نامەیەك بە فارسیی.

١٣٢– چەند لاپەڕەی شپرزە لە (عەقیدە مەرضیە).

١٤٢– لێرەدا باسی ئەو کتێبانە نووسراوە کە خوا ناردوونی بۆ سەر پێغەمبەران.

لەسەرەتاوە پەخشانێکی کوردیی هەیە لە چاپەکەدا نییە. ئەمەیش، وەك وتمان، ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە لەبەر نوسخەی مەولەویی خۆی نووسرابێتەوە.

دەقەکە ئاوایە: «ئەصلی سێیەمین بزانە، تەصدیق کردن (بخانە) بەجەمیعی ئەو کتێبانە، کە مەنقووش و حادیثە لە تەختدا، یا بە ئەلفاظی مورەتتەبە لە زبانی فریشتەدا، خالقی عالەمیان نازڵی فەرمووگن ئەسەر بەعزێ لە ئینسییان صەد و چوارن بە قەولی مەشهوور...»

١٥٥– لەتەك شپرزەیی ژمارەی لاپەڕەدا پاشماوەی کتێبێکی پەخشانی کوردیی عەقیدەیەکە بەعەقیدەی مەولەویی دەزانم.

١٥٧– ژمارەکە باش ناخوێنرێتەوە شیعری عیصمەت. تەعزیە نامەیەك بە فارسیی.
١٥٧– مەولانا مصطەفا.
١٥٨– شەفیع
١٦٥– ئیلیاس بیگ، شەفیع
١٧٣– مەولانا مصطەفا
١٧٥– حاجی محەمەدی تیلەکۆ
١٧٥– (للسیف الشافعی)
١٧٦– شەفیع
٢١٠– تا ئێرە هەر شیعری گۆرانییە و لەسەریان نووسراوە (ولە) ناوی کەسیان لەسەر نییە، بەڵام شیعرەکانی، بەپێی ئاگاداریم لە دیوانەکان، شیعری بێسارانی و وەلی دێوانە و چەند کەسی دیکەی تێدایە، شپرزەیی ژمارەی لاپەڕەکان ئەوەندەی دی شپرزەی کردوون، مەگەر بەوردی لەتەك دیوانەکاندا بەراورد بکرێن، ئەوسا شتێکیان لێ بزانرێت.
٢١٠– میرزا ابراهیم در جواب.
٢١٦– وەلی دێوانە.
٢١٧– فرد معدومی
٢١٧– احمد بیك کوماسی
٢٢٠– صادق
٢٢٢– کلام... بیك خوڕخوڕە.
٢٢٣– صادق
٢٢٤– کۆتایی کەشکۆڵەکە بە پارچەیەك شیعری خاوەن نەناسراو.

**دیارییەك لە کەشکۆڵەکەوە**

ئەم کەشکۆڵە لەتەك ئەو هەموو شپرزەیەیدا کە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە و، ژمارەی دروستی لاپەڕەی دوایی نابینرێ –وەك گوتم– سەرچاوەیەکی کەموێنەی دیوانی مەولەوییە. هەروەها سەرچاوەیەکی کەموێنەی لێکۆڵینەوەی دیوانی گەلێ لە شاعیرانی ناسراوی وەك: بێسارانی و، وەلی دێوانە و، کەسانی دییە. لەگەڵ ئەمانەیش و ئەوانیشدا ئەم کەشکۆڵە بەرهەمی چەند شاعیری کوردی تێدایە کە من لە کەشکۆڵەکانی دیدا نەمدیون و، لە سەرچاوەکاندا ناویانم نەبیستووە.

وەك: ئیلیاس بەگ و، سەیفی شافیعیی و، میرزا ئیبراهیم و، صادق و، حاجی محەمەدی تیلەکۆ...

لێرەدا یەك دوو نموونە لە شیعرەکانی ئەو شاعیرانەی من تا ئێستە هیچم لە شیعریان بڵاونەکردووەتەوە دەکەم بە دیاریی ئەمجارەمان.

**حاجی محەمەد تیلەکۆ:**

**مـــوطـــریب نـــەوای چـــەنـــگ**
**سەخت بی نەوانان پەرێ و نەوای چەنگ**
**ساقیی مروەتەن شەرابێ و گوڵڕەنگ**
**دەوران دەور نـەکـەن مـەکـەرە درەنگ**
**مـوطـریب بکێشە ئـاە و نـاڵـەی نـەی**
**کەیکاوس کۆ شی؟ دارا کێ بی؟ کەی؟**
**کـەمـانـچـەی شادیـی بگیرە وە دەست**
**مەست کەرە هۆشیار، هۆشیار کەرە مەست**
**بـا بـە (قـانـوون) بـۆ نـەغـمـەی رازانت**
**چون ئیمشەو چەنی ساقیی سازانت**
**تـا ئـەی مـەجـلـیسە بـویـارمێ وە شاد**
**ناشادیی و شادیی مویەران چون باد**

**(للسیف الشافعی):**

**بـــە حـــاڵـــم یـــاران... ...**
**شەرطـەن بـزانـان بـە حـاڵـم یـاران**
**چـونـکـە لـوامـان وە بـێ مـداران**
**شەرطـەن پـەرێمـان هـیـمـەت بداران(٤)**

---

(٤) لێرەدا لاپەڕەك تەواو دەبێت و نیشانەی سەرەتای لاپەڕەی دوایی نەنووسراوە، ئەم بەشەی خوارەوەم بە تەواوکەری پارچە شیعرەکە زانی بۆیە لێرەدا نووسیم.

بەهیمەت یار.......  ................................. (٥)
لــــوای نـــــاڕەزای ضەروریمانــــــەن
شەویٚ نــــە گــۆشم ئـــامـــا صەدایـــیٚ:
بـــیٚ جـــا مـــەنــیشە ساکــن نــە جـایـیٚ
کـــەمـــەر بـــەستـــە بـــە بـــە ئـیـخـلاص پـاک
چـــون خـــاکساران ڕوو مـــاڵـــە نـــە خـــاک
ئـێمـــەیــچ بـاگـردیـن روو نـە رای خـاصان
قـــەیس ئـــاسا جـــە زێدو زامــن هـــەراسان
قیسمەت و نەصیب رووماں کەرد نە توون
بـە لـەیلیٚ- لـەیلیٚ، بـە جـەستـەی مـەجنوون
پـــۆشامـــــان تـــەمـــام بـــەرگ عـــەبـدالاٚن
چـەنـیـمـان یـەکسەر پـارچـەی دەرمـالاٚن
بـەستـمـان ئـەو قـۆڵ کـەشکۆڵ کـە لٚپوست
بـــەڕو بـێدی گـێڵ وە یـــا دۆست یـــا دۆست
عـــــەصا چـــــە بـــــە دەست... یـــــا هـــــوو
قـــەدەم وە قـــەدەم یـــاهـــوو وە یـــاهـــوو
مـــەنــزڵ بـــە مـــەنــزڵ سەر نـیـام وە کـەف
پێشانـیـی پـەی تـیـر قـەضای حـەق هـەدەف
جـــەمـــــا ... بـــڕیـــــامـــــان پـــێوەنـــد
راضیـــم وە رەضای حـــوکـــم خـــوداوەنـــد
ئـــومـــێد هـــەن وە لـــوطـــف شەریـــف ... ران
وە دۆعـــــای خـــــەیـــــر مـــادیـــــان ئـــاران
جـــە یـــاران هـــەرکـــەس ئـێمـــەشان ویـر بـۆ
یـــــادمـــــان داران یـــــادشان خـــێر بـــۆ

(٥) لەبەر کاڵیی وێنەی دەستخەتەکە هەندیٚ جێگەیم بۆ نەخوێنرایەوە، هەندیٚ جێگەیشیم بۆ ڕاست نەکرایەوە بۆ ئەوانە(...) خاڵم دانا.

## بەرەو «گۆڤاری بەڵگەنامەکانی کوردستان»(*)

٥٣٦

گەلانی جیهان –زوربەیان– دەمێکە لە بواری شوێنەوار و کەلەپوور و بەڵگەنامەدا لە پشکنین و گەڕان بەدوایدا بوونەتەوە و، ئەرشیفی نەتەوەیی خۆیان بە نموونە و دیمەنگەلی جوان–جوانی زانایان و هونەرمەندان و پیشەوەران و دەسترەنگینانی گەلەکانیان ڕازاندوەتەوە. نەك هەر ئەوانە بەڵکو گەلێکیان زوو بیریان لە بایەخی شوێنەوار و کەلەپوور کردووەتەوە و، لە ڕێگەی گەڕیدە و دیبلۆماسییەکانیان و شوێنەوارناسانەوە چییان لە سامانی کەلەپووریی گەلانی ژێردەستە و نەفام و دواکەوتوو و بەشخوراوی جیهانیش دەستکەوتووە ماشیویانەتەوە و، لە دامودەزگا و مۆزەخانەکانی خۆیاندا، یان بەناوی خۆیانەوە، یان بە پشتگوێخستنی ناوی خاوەنە ئەسڵییەکانیان پاراستوونیان و، خاوەنەکانیشیان ئەگەر کێومالیشیان بۆ بکەن و، سۆراغی هەموو مۆزەخانەکانی جیهانیش بکەن ڕەنگە شتێکی ئەوتۆیان لێ نەناسنەوە مایەی دڵخۆشییان و بایی ماندووبوونەکانیان بێت.

ئەوەندەم دەربارەی سامانی نەتەوایەتیی بەتالانبراومان لەلایەن گەڕیدە و شوێنەوارناسان و باند و قاچاخچییانەوە بیستووە لە شوێن و دەرفەتێکی تایبەتیدا نەبێت نووسینیان گونجاو نییە(١).

ئەوەیش لە پاشماوەی شوێنەوارمان و بەڵگەنامەکانمان کە لەدەست دز و باند و قاچاخچیی و گەڕیدەکان ڕزگاری بووە تا ئێستەیش خەمی نەخوراوە و، لە بەردەمی هەمان هەڕەشە و مەترسیدا چاوەڕوانی چارەنووسی نادیار –بەڵکو ڕەش– ە.

ئێمەیش کە تا ئێستا مێژووومان –وەك پێویست و بە دروستیی – نەنووسراوەتەوە

(*) لە ژمارە (١١٦)ی ڕاماندا بڵاو بووەوە.

(١) لە ساڵەکانی حەفتادا سەردانێکی گوندی بەکراوا و گردە دێرینەکەیم کرد. کە لە گردەکە هاتمە خوارەوە و چوومە سەر ئاوەکەی، باسی گردەکەم لەگەڵ یەکێك لە پیاوانی گوندەکەدا کرد و هەندێ شتم لێ پرسی. دوایی خۆی باسی ئەوەی کرد کە چەند ساڵێك لەوەوپێش بەردێکی سپی پانی جوان لەسەر ئەو ئاوە بووە، نووسراوی پێوە بووە، کردبوویان بە بەردە نوێژ نوێژیان لەسەر ئەکرد. ڕۆژێ دوو ئینگلیز –مەرج نییە ئینگلیز بووبن، چونکە ئەوان هەر بیانییەکیان بدیایەت پێیان دەوت ئینگلیز– بە سواریی جێبێکەوە هاتن، کە چاویان بە بەردەکە کەوت خستیانە ناو جێبەکەیانەوە و بردیان!

پێویستمان بە بچووکترین بەڵگە و سەرچاوە و هەواڵ هەیە، وەك كەرەستەی نووسینەوەی مێژوو سوودیان لێ وەرگرین و كەلێنگەلێكیان پێ پڕ بكەینەوە كە تا ئێستە دەمیان كردووەتەوە.

بۆ ئەمەیش دەكرێ – ئەگەر بكرێ و بتوانین– شوێنپێی گەلانی جیهان و دراوسێمان هەڵگرین و، كەڵك لە خیبرە و ئەزموون و شارەزایی ئەوان وەرگرین و، چ تایبەتمەندییەكی خۆیشمان هەیە ئامێتە و سەرباری ئەوانەی ئەوانی بكەین.

وەك وتم هێشتا لە كوردستاندا و دوور لە دەستی شارەزا و بەتەنگەوە هاتووی دڵسۆزانە صەدان – و ڕەنگە هەزاران– بەڵگەنامەی كەموێنە و ئاخنراو لە زانیاریی جۆراوجۆری بایەخدار لای ئەم و ئەو و لەناو كتێب و دەستخەتە كۆنەكان(۲) و سنووقی ماڵاندا مابن و، كار بۆ كردنی بەپەلەیان لەم ڕۆژەدا كە كەرەستەی باشی پاراستنیان زۆر لە دەستدایە ئەركی گەورە و بەپەلەی سەرشانی بەرپرسان و لێپرساوان و دڵسۆزان و پسپۆڕان و مامۆستا و خەمخۆرانە و، هەر خەمساردیكردنێكیش لە عاستیاندا زیانەكەی پێش ئەوەی بۆ مێژووی نەتەوەییمان بگەڕێتەوە بۆ یەكە یەكەی نووسەران و ڕۆشنبیران و ئەوانەمان دەگەڕێتەوە لە هەوڵی ئەوەدان شتێك بۆ مێژووی ڕابوردووی كورد بكەن.

**بەڵگەنامە كامەیە؟**

ئەگەر لە رووی بابەتبەندیی و پۆلینكردنی بەڵگەنامەكانەوە سەر بكەین بەناو ئەم باسەدا، دەبینین جۆرەكانی بەڵگەنامە گەلێكن و، چەندین باس و بابەت و نامە لەژێر ئەم ناونیشانەدا جێگەیان دەبێتەوە. لەوانە:

**یەكەم**: قەباڵەی كڕین و فرۆشتنی زەوی وزار و باخ و بێستان و كانی و كارێز و، تەنانەت ماین و ئەسپ و ئاژەڵ.

**دووەم**: وەقفنامەی كتێب و قورئان و رەز و باخ و جۆگە و كارێز و گوند و مەزرا.

**سێیەم**: شەجەرەی بنەماڵە ئایینی و زانیارەكانی كوردستان.

**چوارەم**: تەعزیە نامە و وەڵامەكانیان.

(۲) چەندین بەڵگەنامەی پڕ بایەخیان لایە كە لەناو كتێبە دەستخەتە كۆنەكاندا وەك (زوائد) بەكارهێنراون. واتە دیوێكیان نامەی مامۆستایان و زانایان بووە بۆ یەكدی و، پڕ بووە لە زانیاریی، كەچی مامۆستایەك هاتووە سوودی لە دیوە –یان لە بەشە– سپیەكەی وەرگرتووە و، حاشیە و تەعلیقاتی تێدا نووسیوەتەوە و، لەناو دەستخەتەكەیدا دایناوە.

**پێنجەم**: قەسیدە و شیعری شیوەن و پیاهەڵدان.

**شەشەم**: ئەو پارچە شیعرانەی کە بە بۆنەیەکەوە بۆ کەسێك نێرراون.

**حەوتەم**: نامەی شەخصیی و تایبەتیی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی.

**هەشتەم**: نامەی مامۆستایەك بۆ مامۆستایەك بۆ جێگەکردنەوەی فەقێ.

**نۆیەم**: نامەی مامۆستایەك بۆ مامۆستایەك بۆ داواکردن و خواستنی کتێب.

**دەیەم**: فەتاوای مامۆستایان بۆ مەسەلەکانی تەڵاق و خولع و بابەتە شەرعییەکانی دی.

**یازدەهەم**: ئیجازەنامەکان کە مامۆستایان بۆ مەلا ئیجازە پێدراوەکانیان نووسیونەتەوە.

**دوازدەهەم**: ئەو شکات و دەعوانەی لە دادگاکانی پێشوودا تۆمارکراون.

**سیازدەهەم**: هەر فەرمانێك بۆ دامەزراندنی قازییەکان و مامۆستایانمان لە دەوڵەتان، یان لە میرانی کوردستانەوە دەرچووبێت.

**چواردەهەم**: نامەی ناوبژیکردن و ئاشتکردنەوەی نێوانی دوو کەس، یان دوو هۆز، یان دوو گوند، یان...

**پازدەهەم**: تۆماری ڕووداوەکان کە لە لایەن ڕووداونووسانەوە لە پەنای دەستخەتەکاندا نووسراون.

**شازدەهەم**: تۆماری مەشقکردنی نووسین و خوێندنی قوتابیان.

**حەڤدەهەم**: وەصیەتنامە کە مامۆستایان و گەورە پیاوان نووسیویانە بۆ دوای مردنی خۆیان و چەندین بابەتی دیش.

## چەند سەرنجێك

ئەم بەڵگەنامانە کە زۆریان بەشێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش نووسراونەتەوە و ئێستە لە دەستی ئێمەدان، دەستی چەندین کەس لە پشتیانەوەیە و کاریان تێدا کردووە.

١- بۆ نموونە کە دەبینین دەقی بەڵگەنامەکە کە بە سەجعئارایی و وشەسازیی و شێوازێکی ئەدەبی بەرزی عەرەبیی یان فارسیی یان تورکیی نووسراوەتەوە، دیارە کاتی خۆی پیاوی خوێندەوار و شارەزا و ئەدیبی بۆ دیاری کراوە و داوای لێ کراوە ئەو دەقە -ئیتر لە هەر بابەتێکدا بووبێت- بنووسێتەوە، ئەویش دیارە درێغیی نەکردووە لەوەدا کە بە بالآترین شێوەی ئەدەبی دەقەکە دابڕێژێت، بەڵام نەبینراوە ئەو کەسە -مەگەر بە دەگمەن- ناوی خۆی بنووسێت، واتە نازانین کێ ئەو دەقانەی داڕشتووە.

٢- ئەو دەقانە بە زۆری بەخەتی خۆشنووسانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە یان شارەکە نووسراونەتەوە؛ چونکە گەلێ لەو دەقانە بە خەتێکی نوسخی نایاب یان ثولث، ئەگەر دەقەکە عەرەبی بێت، یان نستعلیق یان شێوەیەك لە شێوە جوانەکانی خەتی فارسی، ئەگەر دەقەکە فارسی بێت، نووسراوەتەوە، بەلاّم لێرەیشدا مەگەر دەگمەن ئەگینا نازانرێت کێ نووسەرەوەی ئەو دەقانە بووە.

٣- ئەو مامۆستایانەی دەقەکانیان مۆر کردووە و شایەتییان لەسەر ناوەرۆکی دەقەکان داوە بەزۆریی ئەوپەڕی دیقەت و ئەمانەتیان لە دەقی شایەتییەکانیاندا- کە بەزۆریی لەیەك دوو دێڕ تێنەپەڕیوە- بەکارهێناوە و نەهاتوون بێ بەڵگە لە خۆیانەوە بەڵگەنامەکان مۆر بکەن.

٤- بەداخەوە ئەو مامۆستایانەی شایەتییان لەسەر بەڵگەنامەکان داوە و مۆریان کردووە زۆر کەمیان مێژوویان لەدوای نووسینەکەیانەوە داناوە.

٥- ئەوەی لەو بەڵگەنامانە ماوەتەوە و لە دەستدایە ئەوەندە دەستا و دەستی کردووە و لوول کراوەتەوە دەقی بەو لوولکراوییەوە گرتووە و لەو کارەیشدا بەشێکی پواوە و تێداچووە و ناخوێنرێتەوە.

وەك دەقی وایان هەیە بە خەیاڵی پاراستنی لە لەناوچوون چەند جار پشتی پەڕۆ و قوماش و کاغەزی تێ گیراوە و، ئەمەیش ئەوەندەی دی باری گران کردووە و ڕێگەی تێداچوونی خۆش کردووە. ئەم بەڵگەنامەی دەقەکەیمان نووسی یەکێکە لەوانە و، سێ جار بەرگی - یەك بەسەر یەکدا- تێ گیرابوو.

٦- جاری وایش هەیە بۆ پاراستنی دەقەکە وێنەی وەك خۆی (طبق الاصل)یان لەبەر نووسیوەتەوە و جارێکی دی مامۆستایان شایەتییان لەسەر ئەو نوسخە دووەمە، یان سێیەمە، داوەتەوە. ئەم دەقەی بەردەستمان دوو جاری دی بەرو دوا نووسراوەتەوە.

یەکێك لەو بەڵگەنامە کۆنانەی من دیومن و کۆنترین دەقە تا ئێستە من دیبێتم و وێنەیم لە لایە، دەقێکە کە ساڵی (٩٠٩ ی ك. ١٥٠٣ی ز.) نووسراوەتەوە، ئەم دەقە دوای نووسینەوەی تازەی چەند مامۆستا شایەتییان لەسەر داوە، یەکێك لەو شایەتانە نووسیویە:

«طبقت هذا السواد باصله الاصيل، متطابقا من دون نقص وتطويل، حرره الداعي (عبدالعزيز الحسيني) شيخ الاسلام» لە لایەکی دیشیەوە نووسراوە:

«هذا السواد مطابق لاصله الاصيل. حرره الاقل الاثيم- مۆرەکەی- (شيخ المشايخ وسيم)»

تازەکردنەوەی ئەم بەڵگەنامە ساڵی ١٣٣٩ بووە بە دەستی (ملك الكلام) عەبدولحەمید مەجدیی سەقزیی ئەردەڵانیی لە تاران نووسیویەتیەوە.

لە دەقەکەدا دەردەکەوێ سکەی ڕەواجی ئەو سەردەمە پێی گوتراوە: (تنکە- تەنکە).

٥- بەداخەوە مامۆستاکان دوای مۆرکردنی بەڵگەنامەکان -چونکە ئەو کاتە ناسراو بوون- ناونیشانی خۆیان نەنووسیوە و، تەنها مۆرەکەیان داناوە، کە هەر ناوێکی تێدا بووە.

## شێوەی سوودوەرگرتن لە بەڵگەنامە

بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامانەی باسمان کردن لەرووی ناوەرۆکی نامەکانەوە هیچ سوودێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییان نەماوە و، باسکردنیان لەو ڕووانەوە بۆ ئەمڕۆی ئێمە هیچ جێگایەك ناگرێت. بۆ نموونە: یەکێك ئاشێکی ئاوی بەیەکێك فرۆشتووە و قەباڵەیەکی بۆ نووسراوە، ئێستە جگە لەوەی کەسەکان کەسیان نەماون، ئاشەکەیش داری بەسەر بەردیەوە نەماوە و، مابێتیش کەس باری لێ ناکا. یان کەرێك یان گایەك دزراوە و بە نامە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی و ناسرانی دزەکە دراوە، ئێستە نەگا و نە دز و نەگا دزراو کەسیان نەماون. دیارە لەم ڕووانەوە باسکردنی ئەو بەڵگەنامانە یان نووسینەوەیان جارێکی دی لە کارێکی بێهوودە زیاتر شتێکی دی نییە.

بەڵام گەلێك جار ئەو نامانە شێخێك یان مەلایەکی ناوداری ناوچەیەك لە ناوچەکان نووسیویەتی بۆ پیاوێکی ناوداری گوندێ یان ناوچەیەکی دی، لە پەنای نامەکەدا مێژووی نووسینی نامەکەی نووسیوە؛ لەم ڕووەوە ئەو ڕووداوە دەبێ بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی پڕ بایەخ هەرچەند کاتی خۆی بۆ باسی کەر و گا دزران نووسرابێت؛ چونکە وا دەبێت ناوی یەکێك لەو دوو کەسەمان هەر نەبیستووە، یان ناوی هەردووکیانمان نەبیستووە، یان ناویانمان بیستووە بەڵام نازانین کەی و لە کوێ ژیاون... لە مێژووی نامەکەیانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەی و لە کوێ ژیاون و، لەو سەردەمەدا لە ژیاندا بوون.

یان لە پەنای فەتاوای مامۆستایاندا کە دەربارەی تەڵاق و خولع و مەسەلەی شەرعیی نووسیویانن، ئێستە پرسیارکەر و ژن و مێرد و خاوەن باسەکان کەسیان لە ژیاندا نەماون و، کەس پێویستی بە باسکردنی خۆیان و مەسەلەکانیان نییە و نەماوە. بەڵام کە بمانەوێ

–بۆ نموونە– باسی قازیی و موفتییەکانی ناوچەیەکی کوردستان بنووسین، ئەگەر چەند دانەمان لەو بەڵگەنامانە بە کۆن و نوێیانەوە، لە دەستدا بێت ناوی چەندین قازیی و موفتیی ئەو ناوچەمان دەست دەکەوێت و، دەزانین کەی ژیاون و لە کوێ بوون. خۆ ئەگەر مەودای بەڵگەنامەکان فراوان بێت. ئەوا دەگونجێ ناوی کۆمەڵێکی زۆر لەو قازیی و موفتیانەمان دەستکەوێت کە لە شوێنانی دیدا ناویانمان نەبیستووە. هەروەها گەلێ جار وا دەبێت یەك فەتوا، یان یەك بەڵگەنامە مۆر و ناوی کەسانێکی زۆری پێوەیە کە دەکرێ لە ڕووی چەند دانەیەکیانەوە مێژووی ژیانی، یان بەشێکی ژیانی، چەند کەس لەو مامۆستایانە لەو بەڵگەنامەوە وەربگیرێت.

هەروەك نموونە ئەم قەباڵە کە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە دەبینی ناو و مۆری چەند مامۆستای پێوەیە. جا ئەگەر چەند بەڵگەنامەی وەهای چەند ساڵێك پێش ئەم بەڵگەنامە و دوای ئەم بەڵگەنامەمان دەست کەوێت ئەوا ڕوونتر مێژووی ژیانی ئەو مامۆستایانەمان لە دەستدا دەبێت کە لەو سەردەمەدا ژیاون.

دەکرێ وەك نموونەی سوودوەرگرتن باسێکی دیش بێنمە گۆڕێ:

ئەم بەڵگەنامەی بەردەستمان بایەخێکی زۆری پێدراوە و دوای ئەوەی کۆن بووە چەند جاری دیکە نوێ کراوەتەوە و، تەنانەت بڕیاری (امان الله خان)ی والی کوردستانی دەربارە دەرچووە.

لەم بەڵگەنامەدا، بەپێی دەقە کۆنەکە، من گەلێ ناویم بۆ نەخوێنرایەوە، بەڵام لە تازەکردنەوەیەکیاندا لە سەرەتاوە ناوی چەند لەو مامۆستایانە نووسراوە کە کاتی خۆی شایەتی بەڵگەنامەی یەکەم بوون. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتای ئەو تازەکردنەوە دەخەمە ڕوو:

**«استشهاد میدارد که حدود اربعهء قریهء قتلو آباد –شهیر به پیرخضران– چنانکه در قبالهء قدیمهء که در کتاب خانهء حضرت سید حسن شهیر بملا ابوبکر مصنف پیدا بود، وبجهة کهنگی واندراس در قبالهء علیحدهء مرقومه وموشحه بخطوط وختوم مشایخ الإسلام کردستان مرحومین: مولانا ابراهیم، ومولا محمد شریف، وحاجی شیخ محمد قسیم، وسید محمود، وسید زکی... و سائر علما واعیان عهد ایشان... زیور تجدید پزیرفته ونزد فقیر ضبط است...»**

وەك لەم دەقەوە هەندێك لەو ناوانەمان بۆ ڕاست بووەوە، دەقەکە خۆیشی کە مێژووی ساڵی ١٣٠٦ی ك. پێوەیە و ٨٥ ساڵ دوای دەقەکەی دی نووسراوەتەوە ناوی چەند کەسی

لە زانا و ناسراوی ئەو سەردەمە وەك: مەحموود و، محەمەد و، عەبدولقادر و، لطفعلی... پێوەیە.

جا ئەگەر بێت و ئەو دەقانەی کە ماون هەموو دەست بخرێن و بنووسرێنەوە و، ئەو ناوی زانایانەی تیایاندایە جیابکرێنەوە و، بابەتبەندی بکرێن، ئەوە سەرچاوەیەکی ڕەوانی دروستی نووسینەوەی مێژووی زانایانمان لە دەستدا دەبێت.

جاری وا دەبێت تەنها لە دوو سێ بەڵگەنامەدا کە سەر بەیەك ناوچەن گەلێ زانیاری دەست دەکەوێت.

لەم بەڵگەنامەی بەردەستماندا ناوی شێخ محەمەد قەسیم هاتووە کە ساڵی ١٢٢١ لە ژیاندا بووە و ماموّستا و مودەڕیس بووە. بەڵگەنامەیەکی بچکۆڵەی دیم لە بەردەستدایە:

محەمەدی کوڕی شێخ عیمادەدین وەك وەفایەك بۆ شێخ محەمەد وەسیم گوندی دەرزیان و شادی ئاباد هیبە و نەذر ئەکا بۆ شێخ محەمەد قەسیم تا باش بخوێنێت و کۆشش بکات و جێگای خوالێخۆشبوو چۆڵ نەبێت.

ئەم بەڵگەنامەیان ساڵی ١١٧٠ نووسراوە. جا ئەگەر ئەم دوو شێخ محەمەد قەسیمە یەك کەس بن ئەوا دەردەکەوێت کە شێخ محەمەد قەسیم لە ساڵی ١١٧٠دا هێشتا خەریکی خوێندن بووە و فەقێ بووە، بەڵام لە ساڵی ١٢٢١دا ماموّستایەکی ناسراو و مودەڕیس بووە و، هێشتا لە ژیاندا بووە.

ئەمە لە دوو بەڵگەنامەوە ئەوەندە زانیاریی وەرگیرا، جا ئەگەر چەند بەڵگەنامەی جیا -جیای سەر بەو ماموّستایەمان دەست بکەوێت، ئەوا بێگومان دڕن بەو تەمومژە دەدرێت کە ڕێگەی لە زانینی شتێك دەربارەی ژیانی گرتووە.

لە لایەکی دییەوە گەلێ ماموّستامان هەیە هەر ناویان کوێر بووەتەوە و بەختیان یار نەبووە لە لاپەڕەیەکی - با بچووکیش بێت - مێژوودا ناویان ببرێت. بەڵام بەڕێکەوت لە بەڵگەنامەیەکدا دەبینی ناوی هاتووە و کەڵە مەلا و گەورە زانای چەرخی خۆی بووە، لەمەیشەوە گەلێ جار ئەوە دەست دەکەوێت کە ئەو ماموّستا لە چ چەرخێکدا ژیاوە.

هەر بۆ بایەخی بەڵگەنامە با ناوەرۆکەکەیشی کاتی خۆیشی بێ بایەخ بووبێت و ئێستەیش هیچ دەورێکی نەمابێت کەچیی لە پەنای ئەو ناوەرۆکە بێ بایەخەدا گەلێ زانیاریی وەها بەدەست دێت نرخی هەر تەواو نابێت!

من بزانم لە هیچ سەرچاوەیەکی بەردەستماندا باسی ئەوە نەکراوە ڕەواندز پێش (١٥٠) ساڵ (لیوا- پارێزگا) بووبێت، بەڵام من بەڵگەنامەیەکم لەلایە بۆ (دزرانی دوو کەر!)

نووسراوه کەچیی لە پەنای ئەو کێشەدا ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ڕەواندز ساڵی (١٢٨٤ك- ١٨٦٧ز) پارێزگا بووە(٣).

## باسێکی دەستخەتەکە

دەستخەتی ئەم بەڵگەنامە -وەك باسم کردووە- یەکێکە لە دەستخەتە کۆنە پواوەکان، لەبەر کۆنیی چەند جار تازە کراوەتەوە و لەبەری نووسراوەتەوە.

دەستخەتەکە لەبەر پواویی و بۆ پاراستنی سێ جار یەك لەسەر یەك بەرگ و پەڕۆی تێ گیراوە و، بەو کارەیش دەقە ئەصڵییەکە چرچ و لۆچ بووە و، زۆر لە وشەکانی لەناو چرچ و لۆچەکاندا تێداچوون.

پێوانەکەی (٢٨×٤٠)ه. (٢٠) دێڕی تێدایە، بە خەتێکی نوسخ لە بەشە عەرەبییەکەیدا (نستعلیق) لە فارسییەکەیدا و، بە مەرەکەبی ڕەش و سوور نووسراوەتەوە. وەك زوربەی بەڵگەنامەکان ناوی نووسەرەوەی دیار نییە، وەك لە دەقەکەدا نووسیم ساڵی **١٢٢١** نووسراوەتەوە. خەتەکەی زۆر جوانە. لای چەپی ئاوی بەرکەوتووە و تەڕ بووە، بەڵام بەهۆی چاکیی مەرەکەبەکەیەوە، مەرەکەبەکە تێکنەچووە و کاڵ نەبووەتەوە و، کاری نەکردووەتە سەر خوێندنەوەکەی.

بە ئینشایەکی ڕەوان و باڵا نووسراوەتەوە. نووسەرەوەکەی وەك ئاماژەی بۆ دەکەم لەیەك دوو جێگەدا هەڵەی لە نووسینەوەکەیدا کردووە. هەروەها، وەك وتم، نایشزانرێت کێ دایڕشتووە.

## ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە

وێنەی دەقی چەند بەڵگەنامەم لەبەردەستدایە کە گەلێکیان پێوەندییان بە بنەماڵەی (مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیفی چۆڕی)یەوە هەیە و، تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گوندی چۆڕ موڵکی ئەو بنەماڵەیە.

لەو بەڵگەنامانە ئەو دانەمان هەڵبژارد کە دەقەکەیم - بەو جۆرەی بۆم خوێنرایەوە- نووسییەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمان ئەو زانیارییانەیە کە لە بەڵگەنامەکە وەردەگیرێن، نەك ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە کە ئێستە سوودێکی ئەوتۆی بۆ ئێمە نەماوە، بە پێویستم نەزانی هەوڵی بەکوردیکردنی دەقەکە بدەم.

(٣) بڕوانە: محەمەدعەلی قەرەداغیی، ڕەواندز ساڵی ١٢٨٤ك. لیوا -پارێزگا بووە، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (٦٦).

کورتـه و پوختـەی نـاوەرۆکەکە ئـەوەیـە: کە کتێبخـانـە و شوێنـەوار و بـەڵگەنـامـەکـانـی مـامۆستا مـەلا ئـەبوبەکری موصەننیف بـەزۆری تێداچوون و کارەساتی ڕۆژگار لە بـەینی بردوون، لـەبـەر ئـەوەی ئـەو زانیارییانـەی پێوەندییان بـە موڵکایەتیی گوندی چۆڕەوە هـەیە بـەیەکجاری لـەبـەین نـەچن ئـەو دەقە نووسراوە و مـامۆستا و گـەورە زانـایـانی ئـەو سـەردەمـەی کوردستـانیش شایەتییان لـەسەر نـاوەرۆکی بـەڵگەنـامـەکە داوە. هـەوڵ دەدەم ئـەگـەر گونجا وێنـەی یەك دووانێکی دی لـەو بـەڵگەنـامـانـە بخـەمـە ڕوو، کە یـەکێکیـان فـەرمـانێکی (امـان اللە خـان)ی والیی کوردستـانـە و، یـەکێکیشیـان تـازەکردنـەوەی ئـەو بـەڵگەنـامـەیـە دوای نزیکـەی (٨٥) ساڵ لـەبـەر کۆنبوون و پـەڕپووتبوونی بـەڵگەنـامـە پێشووەکە.

لێرەدا ئـەو پرسیـارە دێتـەوە نـاو کە شوێنـەواری مـامۆستـایـەکی وا نـاسراو و بنـەمـاڵـەیـەکی زانیـاریی کە پشتـاوپشت زانـایـان لـێ نـەبڕاوە ئـاوای بـەسـەر هـاتبێ، دەبێ شوێنـەواری بنـەمـاڵـەکـانی کە لـەوان کۆنترن و نـەوەی زانـایـان لـێ بڕاوە چییان بـەسـەر هـاتبێ؟ یـان دەبێ ئێستـە دوای ئـەو مـاوە چ هـەواڵێك لـە شوێنـەواری بنـەمـاڵـەی چۆڕیی بزانین؟ یـان دەبێ دانراوەکـانی مـامۆستـای موصەننیف چییان بـەسـەر هـاتبێ؟

**دەقی بـەڵگەنـامـەکە**

**«الحمد لله المالك المعطي المانع، الضار النافع، العالم بعواقب الامور، الذى ينبت بالتهاب النار نباتا خضرا.. وأنهارا يخرج منه حبا. كان لم تمسسه نار، نور على نور، يعلم خائنة الاعين وما تخفى الصدور، ولا يتغير ملكه بتغير الأحقاف(٤) والدهور، والصلاة والسلام على سيدنا محمد الذى بشر به في التوراة والانجيل و الزبور، وعلى آله وأصحابه الفائزين يوم النشور.**

**اما بعد: چون در كارگاه بارگاه كن فكان بناى عالم را [برو تغير!]... ثابته معمور، ونقش صورى موجودات را درهرحين و اوان بعنوان طغراى غراى (كل من عليها فان)، (وكل يوم هو في شأن) منقش مسطور. فرمود، لا جرم بر هر فردى از افراد متحتم كه متملكات متصرفات، ومخصوصات و متعلقات، وقبالجات و سجلات خودرا بقدر قواى بشرى، ووسعت وقدرت نظرى، از رخنه ، واخلال واندراس انمحلال وتفريت وابلال مصون دارد، واز تكدر تقلبات روزگار وا گذارد. لهذا بنا بحدوث حوادث روزگار، وتجدد اغتشاش ازمنه ادوار، قبالجات و سجلات اقطاعات ولات عادل واجب الاطاعات، وكتب خانهٔ گنجينهٔ اسرار وثائق وكالات سلاله اولاد شرف السادات، وزبده اقطاب عصره، وخلاصة اولياء دهره، صاحب الكرامات الظاهرة، وخوارق**

(٤) ئـەمـە دیـارە هـەڵـەی نووسـەرەوەیـە و (الاحقـاب) راستـە.

العادات المتواترة المتكاثرة، مجتهد الدين في اوانه، قدوة الواصلين المتفوقين على اقرانه، سيد حسن ابن سيد هداية الپير خضرى المعروف بملا ابوبكر الچورى، نورالله ضريحه، وكثّر منيحه. همگى بگردباد تلف مقرون، وپايمال ناملايمات غير مصون بوده اند، بعضى از آنها فرتوت، و برخى بمشوشى كلمات و حروف غير منوط، بلكه سلب نقوش و خطوط بر اوها سارى (لا يرى ولا يقرأ) در شأن آنها حكميست جارى. ازانجمله توقيع رفيع مطاع، وقباله ممهور معتبر ملكيت بلا نزاع، كه پادشاه جمجاه ظل الله فى الارضين، مقرب الدين لا زال مقربا يوم الدين. قريه پيرخضران را من محال كُره وز باقطاع التملك ووقف بر اولاد واحفاد سيد محمد مشهور بپيرخضر شاهوى مفوض و مرجوع، ومقرر ومدفوع فرموده ضايع وتلف شده. شاهد صدق مقال، ، وچهرەنماى شاهد اين منوال، كتاب (جامع الكرامات) ست كه در ذكر منقبت سيد محمد كه از نبيرەء علي بن موسى..[٥] است، كه اين زمان مشهور به پيرخضر شاهوست وجه تسميه... و پير خضر، وقريه پير خضران، وشفقت أمير مقرب الدين قريەء پيرخضران را كه محدود بحدود اربعه است:

حدود اول (قبر فيروز)، حد دويم (برده چوكين)[٦]، حد سيوم (سردره پيداو) حد چهارم (بازوى شرطه) بحضرت پير خضر بصيغەء اقطاع. و تمليك ووقف فرمود... براولاد واحفاد معزو اليه بطنا بعد بطن مراتب را بتفصيلا زيور فرموده، وهم شمع شبستان حقيق، و ولي الحق على التحقيق، حضرت ملا ابوبكر در كتاب سراج الطريقة همان حكايت را بعينه نقل بالمصدر فرموده.

چون ثبوت وحقانيت ملكيت قريەء پير خضران مر اولا پير خضررا بطريق استفاضه وحد تواتر رسيده بديهي الدليل ومحتاج باقامەء بينة بر ثبوت عين مدعا نداشت، حكم قطعي بر ثبوت ملكية قريەء مذكور بجهة اولاد مرحوم مغفور نموديم، كه اكنون ملك طلق وحق محض مشار اليهم است. احدي در آن دخل ملكيت و تصرف حقيت ندارد.

اين چند كلمة جهة تجديد توثيق امضاي حكم توقيع رفيع، و ترويج قبالەء نميقەء عتيق، وتذكار مراتب قديمەء معلومەء حقيق، قلمي شد، تا لدى الحاجت حجت ومعاندان را از درجەء اعتبار ساقط و هابط گرداند.

والسلام علي من اتبع الهدي. تحريرا في غرة ربيع الثاني سنة الف و مائتين واحدي وعشرين. سنة ١٢٢١. من الهجرة النبوي، علي هاجرها افضل الصلاة والتحية».

---

(٥) لێرەدا وشەیەك ناخوێنرێتەوە رەنگە (رضا) بێت.

(٦) لەم دەقەدا نوختە بۆ (ن)ى (چوكين) دانەنرابوو، بەلاّم لەو دەقەدا كە تازە كراوەتەوە نوختەكەى هەيە.

بە پەراوێزی ئەم بەڵگەنامەوە شایەتیی و مۆری چەند لە گەورە زانایانی ئەو سەردەمەی لەتەك مۆرەكانیاندا پێوەیە، هەوڵ دەدەم چیم بۆ خوێنرایەوە بینووسم.

**یەكەم:** «راینا مضمون القبالة منقولا من كلام سيد حسن الپيرخضرانى المكنى بمولى ابوبكر المصنف. نور الله مرقده وفضله وهو مشهور في ولايته. وانا الحقير محمد سليم.»

**دووەم:** راينا مضمون القبالة من كتاب سراج الطريق.

سێ مۆر لە خوارییەوە، وا پێدەچن:

ابو المحسن. خواهد محمد. يوسف أيها الصديق بن.

**سێیەم:** از ملاحظهء مضمون مسطورها، ومشاهدهء امهار و خطوط مطالعين امانى شرع مطاع زاد الله فضلهم واقع است. الاقل (المتوكل على الله محمد)یان (الله، محمد، علي. المتوكل عبده.. صادق)(٧).

**چوارەم:** «راينا مضمون القبالة من كتاب السراج الطريق. وذلك لاريب فيه على التحقيق» سێ مۆرە ناخوێنرێنەوە، سێیەمیان وەك (يوسف الصديق) وایە.

**پێنجەم:** «بسم الله خير الاسلام. الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله، وآله خيرة عباد الله. اما بعد: فقد رأينا مضمون القبالة منقولا في كتاب سراج الطريق للعالم العابد الزاهد، ولي الله بلا نزاع، ومحرر المحرَّر للامام الرافعي بشرح واف بلا دفاع، مولانا المصنف السيد حسن المكني بالمولى ابي بكر و شهدنا له بالفضل التام والصدق في كل مقال و مقام، وانا العبد تراب اقدام العلماء الكرام محمد القسيم المدرس المردوخي».

دوو مۆر لە خوارییەوەیە بۆم نەخوێنرانەوە.

**شەشەم:** «هكذا وجدت في كتاب سراج الطريق ووثقت به فمهرته، وانا الداعي...»

مۆرێك لە خوارییەوەیە ئەوەندەی لێ دەخوێندرێتەوە:

«لا اله الا الله الملك الحق المبين عبده إبراهيم»

**حەوتەم:** «رأيت مضمون القبالة في كتاب سراج الطريق، وسمعته بالاستفاضة وحكمت بصحته وأنا الداعي».

مۆرێكی لە خوارەوەیە تیایدا نووسراوە:

---

(٧) مۆرەكەم باش بۆ نەخوێنرایەوە دوو سێ جۆر خوێندنەوە هەڵدەگرێت، یەكێكیان كە بە لامەوە وایە ئەوە دروست بێت (المتوكل على الله عبده محمد صادق)ە.

«لا اله الا الله الملك الحق المبين. عبده محمود...»

هەشتەم: نووسینێکی تر هەیە بۆم نەخوێنرایەوە. ئەوەندەی خوێنرایەوە لە کۆتاییدا نووسراوە (وحکمت بصحة القبالة...)

***

**لە کۆتاییدا:**

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەدا دەربارەی بەڵگەنامە دەڵێم:

هێشتا بەشێکی زۆر لەم سامانە گرانبەهامان ماوە و، ئەوەیش کە ماوە –بەزۆریی– جێگەی خۆی نەگرتووە و، لای ئەم و ئەو و، ئەو بنەماڵە و، فلان خێزان و، فیسار پیاو لە بارودۆخێکی مەترسیداردا هەڵگیراون و، هەڕەشەی لەناوچوونیان بەسەرەوەیە. بۆیە هۆشیارکردنەوەی ڕۆشنبیران و خاوەن بەڵگەنامەکان کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بە هانای ئەو بەشە ماوەوە بچین. دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەتی وەرزی بێ، یان دوو سێ مانگ جارێك بێت، سووچێکی هۆشیارکردنەوەی ئەو کەسانە دەگرێتە ئەستۆ و، دەلاقەیەك دەبێت بۆ کەسانێك بیانەوێ چییان لەو بەڵگەنامانە لایە بڵاوی بکەنەوە.



## شوێنەوارێکی دیکەی عەبدولعەزیزی بەردەڕەشیی بانەیی(*)

٥٣٧

لە بەرگی سێیەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی دەستخەتێکەوە چەند مێژووی ورد و دروستی بەسەرهاتی ژیان و خانەوادە و خێزان و کۆچی دوایی پیاوانی بنەماڵەی بەردەڕەشیی بانەییم بڵاوکردەوە کە لەو سەردەمەدا جێگەیەکی تایبەتییان لای ڕۆشنبیران گرت(١).

شایانی باسە ئەم بەرگە بەهۆی ئەو باسەی بنەماڵەی بانەوە پێشوازییەکی باشی لێ کراو، زەلامی وا هەبوو بەتەنها خۆی (١٥) دانەی لێ کڕیبوو.

هەروەها لە بەرگی پێنجەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد...دا لەسەر شوێنەوار و کتێبخانە و بنەماڵە زانیارییە بانەییەکان هەندێ شتم نووسی. بەڵام دیارە شوێنەواری بنەماڵەی بەردەڕەشیی بانەیی گەلێ لەوە زیاترن کە من پەییم بە هەندێکیان بردووە و، لەوانەیە ڕۆژانی داهاتوویش گەلێ شتی دیمان بۆ دەربخەن کە پلە و ڕێزی زانیاری ئەو بنەماڵە بەرزتر بنوێنن.

لەم ڕۆژانەدا لەناو ئەو دەستخەتانەدا کە مامۆستا عوثمانی موفەتیشی ئەوقاف دەیانهێنێ بۆ ئەوەی بیانبینم و سوودیان لێ وەربگرم، دەستخەتێکی نایابی مامۆستا عەبدولعەزیزی بانەییم بینی، جێگەی خۆیەتی لەم دەرفەتەدا بە کورتیی باسێکی بکەم و بە دەستخەتخانەی کوردیی بناسێنم.

دەبێ لێرەدا بەسەر ئەوەدا نەڕۆم کە گومانی گەلێ گەورەم هەیە لەمەولا شوێنەواری دیکەی ئەم بنەماڵە لەملاو لا سەر هەڵبدەن و پێشتریش ئەم گومانەم بووە و نووسیومە:

«ئەوەی بۆ بنەماڵەی بەردەڕەشی لواوەو کراوە، بۆ بنەماڵەکانی پاشبەردیی و، ئیبنولحاج و، صەدباریی و... نەکراوە و، بەهۆی ئەوەوە پاشماوەی کتێبخانەکانیان ئەگەر مابێ بەگەلێ جێگەدا بڵاو بووەتەوە و، لەوانەیە لەمەولا سەرهەڵبدەن و بدۆزرێنەوە و، زانیاریی زیاترمان لێیانەوە دەست بکەوێت، بۆیە لەم کاتەدا تەنها ئەو زانیارییانە کە لە

(*) لە ژمارەی (٧٦)ی گۆڤاری سلێمانیدا بڵاوبوەتەوە.

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم. (دار الحرية) بەغدا ١٩٨٦.

دانراو و دەستخەتەکانیانەوە وەردەگیرێن دەکەین بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ڕەنجی ئەو زانایانە و-وەك چەند جار نووسیومانە- هیوادارین ئەم نموونە بچووکانە هاندەری شارەزا و دڵسۆزان بن بۆ ئەوەی کاری گەورە و بەپێز ئەنجام بدەن و، بتوانین قەرزێکی کەمی ئەو سەربازە گومناوانە بدەینەوە»[٢].

دیارە -وەك دەبینی- لەو گومانەدا بەهەڵەدا نەچووم و ئێستەیش بەهەمان گومانەوە لە چاوەڕوانیی ڕۆژانی داهاتوودام، بەڵکو بە کۆڕپەی کۆنە ساڵی نەوازە ئاوس بن.

ئەم شوێنەوارەی لێرەدا باسی دەکەم دەستخەتی عەبدولعەزیزی دووەمە. کە دەبێتە کوڕەزازای عەبدولعەزیزی یەکەم بەم شێوەیە:

عەبدولعەزیزی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولعەزیزی یەکەمی کوڕی محەمەدی بەردەڕەشیی بانەیی.

ئەوەی لەم دەستخەتەدا جێگەی سەرنجە - وەك لەمەولایش باسی دەکەم- کە هیچ شیعری کوردی و بەرهەمی شاعیرانی کورد لەم بەیاضەدا نییە، کەچی مامۆستای نووسەرەوەی ئەم بەیاضە لە دەستخەتێکی دیدا کە بەرهەمی چەندین شاعیرانی کوردی تێدایە، خۆی پەخشانی کوردی نووسیوە، کە پەخشانەکەی دەکرێ بە نموونەی کۆنی پەخشانی ناوچەیەك دابنرێت.

### باسێکی دەستخەتەکە

دەستخەتەکە لە شێوەی (بەیاض)دایە و، پێوانەکەی (١٨×٨,٥)ە.

ئەو دێڕانەی لە لاپەڕەکاندا نووسراون وەك یەك نین. لاپەڕەی وا هەیە (١٤) دێری تێدایە و، هەیشە زیاتر و هەیشە کەمتر. لە سەرەتاوە پەڕەیەکی کەوتووە. کۆتاییەکەی ماوە. تێکڕا (٤٥٠) لاپەڕەیەکە.

بەخەتێکی زۆر جوان و نایاب نووسیویەتییەوە. بەداخەوە ناوەڕۆکەکەی هەمووی فارسی و عەرەبییە، ئەگەر وا نەبوایەت و بەرهەمی شاعیرانی کورد و، ڕووداوگەلی کوردستانی تێدا تۆمار بکردایەت، ئەوا گەنجینەیەکی بێ وێنەی لە پاش خۆی بە دیاریی بۆ گەلەکەی بەجێ دەهێشت، هەرچۆن ببێت ئێستەیش یادگارێکی گەورە و، ڕەنجێکی فەرهادانەی لێ بەجێماوە و، بەکورتیی ناوەڕۆکەکەی دەخەینە ڕوو.

(٢) بڕوانە: محەمەدعەلی قەرەداغی. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی پێنجەم، چاپخانەی (الخنساء) بەغدا، ٢٠٠٣ ل: ٤٥.

١- سەرەتای دەستخەتەکە بە (اللوائح)ی شێخ عەبدورەحمانی جامی دەست پێدەکات و لە لاپەڕە ٨٠دا تەواو دەبێت و کۆتاییيەکەی ئاوایە:

«بزیور اتمام رسید، وبحسن اختتام انجامید این رسالهء شریفة من مصنفات مولانا عبدالرحمن الجامي علیه الرحمة والرضوان. کتبه العبد المذنب عبدالعزیز ابن احمد ابن محمد البردرشي البانوي، غفرالله ذنوبهم آمین. سنهء ١٢٨٨، در قریهء بوین».

٢- دوای ئەوە تا لاپەڕە (٢٢٦) هەمەچەشنە و هەمەجۆر و کەشکۆڵانە هەڵبژاردەی شیعری فارسیی دەنووسێ بێ جیاکردنەوە و، بێ ئەوەی ناوی شاعیرەکان بنووسێ.

٣- لە لاپەڕە (٢٢٧)دا چەند قسەیەکی پەخشان دەنووسێ.

٤- لە لاپەڕە (٢٢٨)دا غەزەلی نووسیوە.

٥- لە لاپەڕە (٢٣٠)دا شیعری (نشاطی) نووسیوە.

٦- لاپەڕە (٢٣٦) بە شیعری (ابن یمین) دەست پێدەکات.

٧- لاپەڕە (٢٣٨) شیعری بایەزیدی تێدایە.

٨- لاپەڕە (٢٣٩) شیعری (مولوی) و (ابو سعید ابو الخیر) بە فارسی.

٩- لە لاپەڕە (٢٤٠)دا نووسراوە: (تمت شد کتاب آتشکده در سنه ١٢٨٨ من ید عبدالعزیز آە) مۆرەکەیشی لە پاڵیدا داناوە تیایدا نووسراوە (یا عزیزالله).

١٠- لە لاپەڕە (٢٤١)دا نووسراوە:

«بسم الله الرحمن الرحیم. بتأریخ یوم ٥ شمه ٢٥ شهر صفر المظفر، في سنه ١٣٢٥ این بیاض مال ملا حسن پسر مرحوم ملا صالح که برحمت خدا شاد شد بعد از او به بنده که رسول هستم رسید. هالا پیش بنده است دست بر دست بدست بنده رسیده نمی دانم بعد از بنده بدست که خواهد رسید. یا رب برحمت خودت مرا از عصیان برهان. یا رب مرا سلب مکردان یارب...».

١١- دوای ئەوە بێ ژمارەی لاپەڕە کەشکۆڵ ئاسا هەر بە خەتی مامۆستا (عبدالعزیز) دەست پێدەکاتەوە و، شیعر و پەند و ئامۆژگاریی یەك بەدوای یەکدا دێت. لە دوای ئەوەوە ژمارەی لاپەڕەی سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە.

١٢- لە لاپەڕە (٨)دا بەشیعر نەسەبی حەزرەتی یوسف نووسراوە. دوای ئەوە رشتەی (زلیخا) دەنووسێ و، باسی یوسف و زلێخای بەدوادا دێت.

١٣- بەکۆتایی هاتنی ئەم (یوسف و زلیخا) کە دانراوی (آذري)یە دەستخەتەکە تەواو دەبێت. مامۆستای بانەیی داخ و کەسەری زۆری خۆی بە بۆنەی کۆچی ناکاوی محەمەد ئەمینی جوانەمەرگی برایەوە دەردەبڕێ.

باسی ئەوەیش دەکات کە دانراوەکەی (یوسف زلیخا)ی لە ماوەی شەش ڕۆژدا نووسیوەتەوە. ڕۆژی تەواوبوونی نووسینەوەی دەستخەتەکەیش چوارشەمەی شەشەمی مانگی (ذي الحجة الحرام)ی ساڵی (١٢٨٨)ه.

لە لاپەڕە (٥٩) و لە ژمارە دانانە نوێکەدا شێوەیەکی دی گرتووەتە بەر و بووە بە (٥١٠) و تا کۆتایی لەسەر ئەو ژمارە ڕۆیشتووە. کۆتایی دەستخەتەکە بووە بە پەڕەی (٥٤١) نەك لاپەڕە.

بەشی یەکەمی دەستخەتەکە تا سەرەتای (یوسف زلیخا) کە (١٢١) پەڕە (٢٤٢) لاپەڕەیە. دوایش ئەو شێوە هاتووە کە باسمان کرد. کە بەشەکەی دواییش نزیکی (٢٠٠) لاپەڕەیە.

دەبێ ئەوەیش بڵێم: لە هەندێ شوێنیدا پەڕە کاغەزی شینی کاڵی تێدایە. هەندێ جێگەیشی بەڕەنگێکی قاوەیی کاڵ ڕەنگ کراوە. ئەو ڕەنگە بۆنێکی تایبەتی بە دەستخەتەکە داوە.



بسم الله الرحمن الرحیم
کیست که بنمایدم راه خرابات را
تا بدهم مزد او حاصل طاعات را
لذت ساقی و می ذوق خرابات عشق
چاشنی از دل ببرد جمله طامات را
کاش دهندی بهشت عاریتم زاهدان
تا بکرد کوی وجه خرابات را
زهد و عبادت بسر بودم لیک من
دادم و بردم بجاک زهد و عبادات را
خاک سگان درت تحفه چشم منست
تا ببرم زیر خاک بهر مباهات را
گرچه رواییش زهد و ورع این زمان



## ئیجازەنامەکانی تەریقەتیش بەڵگەگەلی مێژووی ناودارانی کوردن

٥٣٨

پێشتر باسی ئەوەم نووسی کە ئیجازەنامەکان بەڵگەگەلی مێژووی زانایانی کوردن[١]. لەوێدا بەتایبەتی باسی ئیجازەنامەی ماموستایانم کرد بۆ ماموستای تازە خوێندن تەواوکردوو، بەدرێژیی باسی جۆرەکانی ئیجازە نامەم نەکرد و، باسی ئیجازەنامەی تەریقەتم نەکرد کە شێخانی تەریقەت داویانن بەخەلیفە و مەنسووب و موریدەکانیان.

ئەگەر سەرنجی مێژووی تەریقەت – بەهەردوو لقەکەیەوە: قادریی و، نەقشیی – لە کوردستاندا بدەین دەبینین ئەم ڕێبازەیش لەڕووی ئەوەوە کە ئیجازەنامەکانی بەڵگەنامەی مێژوویی زانایان و ناودارانن و، دوای ئیجازەنامەی زانایان ئیجازەنامەی شێخانی تەریقەت بۆ خەلیفە و مەنسووبەکانیان دێت.

بەڵام بەداخەوە کە سۆراخی ئەم سەرچاوە کەموێنە دەکەین و، بەشوێن ئەو سامانە مێژووییەدا دەگەڕێین ئەگەینە ئەو ئەنجامە حاڵی ئەمانیش لە حاڵی ئیجازەنامەی ماموستاکان باشتر نییەو، ئەو دەرد و بەڵایانەی ئەوانیان لە ناوبردووە ئەمانیشیان نەبواردووە!

بۆ نموونە خوالێخۆشبوو ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە یادی مەرداندا بەدرێژیی لەم باسە دواوە، لە باسی خەلیفەکانی مەولانا و شێخی سیراجەدیندا ناوی (٨٦) خەلیفەی نووسیوە، بەڵام دەقی یەك ئیجازەنامەیشی بڵاو نەکردوەتەوە، بڕوایش ناکەم دەقی ئیجازەنامەکانی دەستکەوتبێت و بڵاوی نەکردبنەوە، چونکە کە باسی خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نووسیوە دەقی ئیجازەنامەی مەولانای بۆ حەوت خەلیفەی نووسیوە، دیارە ماموستا هەر ئەوەندەی دەست کەوتووە ئەگینا بڵاوی دەکردنەوە[٢].

دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێت کە ئەو موجاز–ە ئێجازە پێدراوانە – بەمەلا و خەلیفەوە – لە ژیانی خۆیاندا ئیجازەنامەکانیان وەك بەنرخترین دەستکەوتی هەوڵی خوێندن یان

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی سێیەم، چاپخانەی الخنساء، بەغداد، ١٤٢١ك.– ٢٠٠٠ز. ل: ١٩٣.

(٢) بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عیراق، دەستەی کورد، بەرگی یەکەم، ل: ٤٣٦، بەرگی دووەم، ل: ٢٤.

سلووك هەڵگرتووە و، وەك بیبیلەی چاویان پاراستوویانن، بەڵام بەداخەوە دوای خۆیان وا بۆیان نەڕوانراوە و، هەر ئەمەیشە هۆی ئەوەی کە بەدەگمەن لەو شوێنەوارانە لەملا لەولا دەست دەکەون.

هەر لەبەر ئەمە و چەند بەڵگەی دیکەی ئاوایە گوتوومە و دەیڵێم: ئەوەی لە شوێنەواری مامۆستایان و زانایانمان و بەڵگەنامەکانمان تێداچوون گەلێ لەوە زۆرترن کە ئێستە ماون و لە دەستدان.

جا لە ڕوانگەی ئەوەوە لە وتارێکی دیدا نووسیم کە دەرچوون و دەرکردنی (گۆڤاری بەڵگەنامەکانی کوردستان)[٣] کارێکی زۆر پێویستەو، دەبێ بایەخی باش بەو کارە بدرێت، لێرەدا بەڵگەنامەیەکی ئیجازەی تەریقەت دەخەمە ڕوو، بەهیوای ئەوەی هاندەر بێت بۆ کەسانێك شتی وایان لەلایە یان لەلای ئەم و ئەو دەیانبینن تا زووە وێنەیان بگرن و لەسەریان بنووسن و، لە هەڕەشەی لەناوچوون قوتاریان بکەن.

ئەم بەڵگەنامە دەقی پەیمانێکی تەریقەتە لە قەوارەیەکی گەورەدا، سەرەتاکەی بەزمانی عەرەبییەو، دەقی مەبەستەکە بەزمانی فارسییە، پێوانەکەی (٢١×٣٠) مێژووی نووسینەوە و ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە، ئەوەندە هەیە لەو مۆرەدا کە لە کۆتاییەوە دانراوە مێژووی ساڵی (١٢٩٠ك.) هەیە. ئیمزای مۆرەکە کە بەخەتە تیایدا نووسراوە: **(أقل العلماء خادم الفقراء عثمان العثماني)** لە ناو مۆرەکەیشدا نووسراوە: **(عثمان النقشبندي المجددي العثماني)**.

ئەم بەڵگەنامە لەلای مەلا عوثمانی موفەتیشی ئەوقافی سلێمانی بوو، هەر لە تەك ئەم دەقەدا دەقێکی دیکەی ئیجازەنامەی طەریقەتی بەزمانی عەرەبیی پیشاندام کە لە لایەنی بەرپرسی حەرەمی مەککییەوە دراوە بە شێخ عەلی کوڕی شێخ عوثمان، لە ڕۆژی **١٠/ی** موحەڕەمی ساڵی **١٣٢٣دا** کە دیارە ئەم شێخ عەلییە بۆ حەج چووەو، دوای حەج و لە ڕۆژی جەژنی قوربانادا ئیجازەنامەکەی بۆ نووسیوە.

بەداخەوە لای چەپی ئیجازەنامەکە تێدا چووەو، بەوەیش ناوی ئەو کەسەی ئیجازەکەی داوە بەر ئەو بەشە کەوتووە کە لەناوچووە.

ئەم دەقەیش دوای دەقە فارسییەکە وەك خۆی دەنووسم.

سوپاسی برام مامۆستا عوثمان دەکەم کە مافی ئەوەی دا پێم وێنە لەبەر ئەم بەڵگەنامانە بگرمەوە و بڵاویان بکەمەوە.

---

(٣) ئەم وتارەم نووسیوە و بەهیوام لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو ببێتەوە.

### پوختەی ناوەرۆکی بەڵگەنامە فارسییەکە ئەوەیە

(عثمان العثماني) کە لە دەقەکەوە دەردەکەوێ ماوەیەك لە تەك مەلا محەمەد صاڵحدا لە خزمەتی شێخ عوثمانی سیراجەدیندا سولووکیان کردووە و، دیارە دوایی ئەم بووە بە خەلیفە و شایستەی ئەوەی ئیجازە بدات بە کەسانی دی، ئەم ئیجازەی داوە بەم مامۆستا مەلا محەمەد صاڵحە.

لە ئیجازەنامەکەدا ئامۆژگاری مامۆستا مەلا محەمەد صالّح دەکات کە خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و، ڕێنومایی موسوڵمانان بکات بۆ پەیڕەویی ڕێبازی تەریقەت و، ئەو پەیمانە وەك ملوانکە و بەڵێن لە گەردنیدایە و دەبێ باش بیپارێزێ و چی لەسەر شانی پێویستە جێبەجێی بکات و، موسوڵمانانیش دەبێ ئەم مامۆستا بەشیاوی ئەو کارە بزانن.

لەبەر ئەوەیش مەبەستی سەرەکیم لەم کارە ڕزگارکردنی بەڵگەنامەکەیە لە لەناوچوون و، بەڵگەنامەکەیش وشەئاراییەکی زۆری تێدا کراوە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردیی – وەك خۆی – کارێکی ئاسان نییە. بەوەندە دەسبەردار بووم کە دەقەکە وەك خۆی و، وێنەکەی بڵاو بکەمەوە.

بەڵام چەند خاڵێك دەربارەی دەقەکە دەنووسم:

**یەکەم:** بۆم ساغ نەبووەوە ئەم (عثمان العثماني)یە کێیە؛ چونکە شێخ عوثمانی سیراجەدین نییە؛ چونکە مێژووی ئەم دوای ئەوە و، مۆرەکەی مێژووی ساڵی (١٢٩٠ك)ی پێوەیە. هەروەها شێخی سیراجەدین لە دوای نامەکانیەوە دەنووسێ: (عثمان الخالدي المجددي النقشبندي) ئەم دەنووسێ: (عثمان العثماني...).

**دووەم:** وەك لە پێشەوە نووسیم دەبێ ئەم (عثمان العثماني)یە خەلیفەی شێخی سیراجەدین بووبێت؛ بەڵام کە بەناوی خەلیفەکانی شێخی سیراجەدیندا گەڕام دوو عوثمان ناوم بینی:

١– مەلا عوثمانی باڵەخیی.

٢– مەلا عوثمانی کانی کەوەیی(٤).

ئەگەر ئەم (عثمان العثمانی)یە یەکێك لەو دووانە نەبێت ئەوا ئەمە عوثمانێکی سێیەمە و، خەلیفەیەکی دیکەی شێخی سیراجەدینە و، لە ڕیزی خەلیفەکانیدا ناوی تۆمار نەکراوە.

**سێیەم:** مامۆستا مەلا محەمەد صالّح کە پەیمانەکە بۆ ئەو نووسراوە، ڕوون نییە کێیە و، هیچم دەربارەی ژیانی دەست نەکەوت.

---

(٤) سەرچاوەی پێشوو ل: ٢٤.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە ڕیزی مورید و مەنسووبەکانی شێخی سیراجەدیندا دوو جار ناوی (مەلا صاڵح سنەیی) نووسیوە، نازانم هەردوو ناوەکە یەك کەسن و دووپات بووەتەوە، یان دوو مەلا صاڵحی سنەیی بووە، بەهەرحاڵ هەرچۆن بێ نازانم ئەم مەلا محەمەد صاڵحی ئێرە لە تەك ئەو مەلا صاڵحی سنەییەدا یەك کەسن یان نا؟

**چوارەم:** لە دەقەکەدا ناوی ئیجازەی خەلافەت نەهاتووە و باسی عەهد و پەیمان کراوە و باسی ئەوە کراوە ڕاگرتنی پەیمان پێویستە و پەیمانشکێنی کارێکی خراپە.

**پێنجەم:** لە بارەی ئەو کەسەیشەوە ئیجازە عەرەبییەکەی دراوەتێ هیچ زانیاریم دەست نەکەوت.

**دەقی بەڵگەنامەکە وەك خۆی**

**«الحمد لله جعل قلوب العارفين مخزن اسرار الألوهية، وظلّل عليهم بلواء الربوبية، فيستريحوا في فضاء العبودية، زين بهم الأنام، وكمّل بهم السلام، هم جلساء الله لا يشقى جليسهم، ولا يخشى أنيسهم، بهم يرزق، وبهم يمطر، وبهم يعبد ويشكر، فسبحان من جعلهم نوابا عن المصطفين الأخيار، وأنابهم مناب الأصحاب للأنبياء الأطهار، والصلاة والسلام على الوسط الأسنى لبساط الجود، والعلَم الاعلى على جبال الوجود، شمس سماء السماحة، وقمر فلك الحسن والملاحة، ناشر ديوان الحقيقة، ومقوم ميزان الطريقة، مؤسس مباني الشريعة، شريعته غراء، ومعجزته بيضاء، كلماته جوامع، ،كلامه للنشأتين نافع، طريقه القويم. ونهجه المستقيم، من تبعه فهو المحبوب، ومن اجابه فهو المرغوب، أول الخلائق و أكملهم، وخاتم الانبياء وأجملهم، سيد المرسلين، وشفيع الذنبين، مولانا ومقتدانا محمد المصطفى–صلى الله عليه وعلى جميع الانبياء وآلهم وصحبهم أجمعين.**

**آما بعد: گذارش مى نمايد: فقير پر تقصير، ومسكين بي رأى وتدبير، عثمان عثمانى، عفا الله عنه، وجعل اخراه خيرا من اولاه، كه در طفوليت و صباوت وشباب ومشيب، ابا عن جد مخمّر بطينت سدهء ابواب عاليهء فقراء، وتربيت كردهء نظرات اكسيريهء اوليا، وادب دادهء خدمت علما آمده، تا بحدى رسيده ازآنها پرتوى يافته، وازينها انموذجى گرفته. الحمد لله نسبت بهيئة طرفين شرابا طهور ساغر الست، واين عبد ضعيف برشحاتش ملتذ وسرمست گرديده، وازنفحاتش دماغ جان معطّر شده، الحق رحراحيست راحت بخش ارواح، وقوه دهندهء جناح بطيران عالم قدسى، وشورانگيز غزالان رياض انس، گاهى چون طرهء خوبان لبلاب آسا قامت چون سرو بالا ببالاى تايبين شبّاب پيچيده، وگاهى طفل وار بآغوش پيران كهن سال آرميده، از بسكهء سلسلهء مباركهء نقشبنديه بحضرت صديقة–**

رضى- مى انجامد، مافوق همه آمده: (ما فضلكم ابوبكر بكثرة صوم ولاصلاة، ولكن بشى•• وقرفي صدره- رضى-) وازين كلمهء نبويهء قدسيه- عليه الصلاة والتحية- تصديق بايد كرد كه غايتش نامتصوراست، نعم ما قال العارف الجامي قدس سره السامى:

اول ما آخر هر منتهى

زآخر ماجيب تمنا تهى

چونكه شاه دين پناه الشيخ محمد بخارى نقشبند- قدس الله سره العزيز- بتحريرش تشمير فرموده، زيور زينت بخش قلوب عارفين گرديده، از نفوس بشريه هريك ازان قلزم محيط، وبحر بسيط، بمدادي منتصب گشته، وهركس از فرايد آن يمّ عظيم بعددي مددى يافته، وبفوايدى چند مباهى وسر بلند گرديده، حتى بمضمون (إن الله ليصنع بضعيف ما يتعجب القوى منه) وهم ببركت عظمى خدمت عقبهء بارگاه معلاى حضرت قطب الانام، غوث الاسلام شيخى ومولاى وسيدى، ومقتداى سندى ومعتمدى، وذخيرة يومى وغدى، مركز دين مبين، بتبعية سيد المرسلين- صلى الله عليه وعلى آله واصحابه اجمعين- سراج الملة والدين الشيخ عثمان- قدس سره العزيز وروحى وجسمى وفؤادى فداه- مقدارى چند از اصحاب صفا، وارباب وفارا بتهذيب لطايف بتعريج اوتنزيل وجرح وتعديل (مقنون!) بآداب سلوك وتسليك، وترجيع آنها باصول خودشان كه مبدء ولايت صغرى كه ظل ولايت كبرى وعليا است، تشريف داده، من جمله اخ فى الله محب صديق، ودوست وثيق، ملا محمد صالح- اصلح الله حاله في الدارين - كه سالهاي متعدده بصحابت اين مسكين حضور خدمت آن قاپى معلا داشته، مايهء عظمى از هر باب معمول... وفراهم آورده. لله المنه براى طالبان طريقه عليه نقشبنديه پيك نامورى است از ديار بارگاه قدس انتباه حضرات عظام... وصيت باد ويرا باتباع شريعت غرا، وباشتغال آداب طريقهء بيضا، وساير مسلمانان را غنميت توجه صحبت وى از دست ندهند، اميدست بدين بركهء عظمى از مكايد أمارة بالسوء، وازحيل و دسايس غدار وارهند. فأسأل الله العظيم ان يغفر لى بفضله وكرمه وله ولسائر المسلمين. اجمعين والحمد لله رب العالمين. وصلى الله وسلم على خير خلقه سيدنا و مولانا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين.

مۆرەكەی: عثمان العثماني المجددي النقشبندي ١٢٩٠.

ئيمزاكەی: اقل العلماء خادم الفقراء عثمان العثمانى.

وخاتمهء وصيت سابقه اينكه باقتضا واشارهء حديث شريف:

«لاتزال طائفة من امتى ظاهرين على الحق حتى يأتي امر الله» امر واشاره بملاي سابق

الذكر میرود که بتعلیم وتوجه متلقین اذکار واوراد ومجاهدات طریقه علیه نقشنبدیه- قدس اله اسرار حضراتها- که عبارت از: ذکر جلال، وکلمة الله هي العليا، والاسم الجامع هو الله وكلمهء طيبه موحّده لا اله الله ومراقبهء معهودهء مقرره بحديث نبوى- عليه وعلى آله وصحبه الصلاة والسلام: «الاحسان ان تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك» ورابطهء روح پر فتوح حضرت شيخ- روحى وجسمى وفوآدى فداه- كه در معنى واسطه (وصمهء!) سلوك راه هدايت واتباع شريعت غرا ميباشند، برويهء مرضيه كه حضرات عارفين، وعلماء ربانيين آنهارا تهذيب وتحقيق فرموده اند حسب الطاقه نهاية سعى نمايد، وغايت اهتمام بكار برد. ونگذارد كه اوقات عزيزه بضايع رود، خصوصا درين آخر الزمان، مبادا نَفَسى بغفلت انجامد، نعوذ بالله در خسارت وخيبت آفة، از بسكه شيطان لعين دلاور، ونفس نا امين در كمين وزور آوراست. چنانكه اين قلادهء مباركه بگردن آنداخته اگر بحكم: «العدة دين» بدين عهد مبارك وفا نمود فذاك اخلاق الكرام، والا فالعهدة عليه، وصلى الله وسلم على خير خلقه، سيد الانبياء وخاتم المرسلين سيدنا ومولانا ومقتدانا محمد وعلى اله وصحبه آجمعين.

ووظيفهء فقير ترقب ورجاى ادعيه خيريه از جميع برادران دينيه است. والسلام التام... ... على من اتبع الهدى»

اقل العلماء وخادم الفقراء عثمان العثمانى.

مۆرەکەی: عثمان العثمانى المجددى النقشبندي. ١٢٩٠.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله واصحابه اجمعين الى يوم الدين.

... اجزت حامل كتابى هذا الشيخ علي بن الشيخ عثمان أفندي في الطريقة القادرية والخالدية وساير الطرق، لتعليم الراغبين فيها، واوصيْتُه بدوام محبة الله تعالى ومحبة حضرة سيد المرسلين وآله وصحبه الطاهرين. واسأل الله التوفيق له والمداومة على ما امرته بها، ان الله خير موفق ومعين، وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.

وصلى الله على سيدنا محمد وآله واصحابه أجمعين.

١٠ محرم الحرام سنة ١٣٢٣

الداعى النبوى

مستلم حرم.

## بەرەو دیوانی شێخ شەهاب(*)

٥٣٩

کەم وا دەبێ کە دەست دەدەمە قەڵەم بۆ نووسینی باسێکی کەلەپووریی بەڵگەی زۆر زەق و ئاشکرای زیانی گەورەی سامانی کەلەپووریی لە بەرچاومدا بەرجەستە نەبێ!

گەلێ جاریش – با بە کورتیش بێت – باسێك لەو زیانە دەکەم، بەزۆریی لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: بەڵکو ڕۆشنبیرانمان چاو بکەنەوە و لا لە پاشماوەی ئەو سامانە دێرینە زێڕینە بکەنەوە و، ئەوەی لە دەستدا ماوە لە دەمی هەڕەشەی لەناوبردنی دەربێنن.

دووەم: بەتۆمارکردنی ئەو بەڵگانە تۆمارگەی ناونیشانی زیانی هەرگیز قەرەبوونەکراوەی شوێنەوارەکانمان لە دەستدا دەبێت و، ئەگەر بکرێ ڕۆژێك خەمی ئەوە بخۆین بزانین چیمان تێداچووە– هیچ نەبێ– بەڵگە و ناونیشانی (هەندێ) لەو زیانە گەورانەمان لەدەستدا دەبێت کە لە سامانی کەلەپووریی و کولتووریمان کەوتووە. گومانیشم لەوەدا نییە ئەوانەیان هیچ ناونیشانێکیان لە دەستدا نییە گەلێ لەوانە زیاترن کە شتێکیان لێ دەزانین.

کە دەچینە خزمەتی ناوی شاعیرانمان – نەك دەیان– صەدان ناوی دیار و نادیار و، ناسراو و نەناسراو دەبینین، کە بەرهەمی کەمیان بەتەواویی لە دەستدایەو، ئەوانەیان شوێنەواریان نەماوە هەر زۆر زۆرن و، ئەوانەیشیان هەواڵی کەمێك لە بەرهەرمەکانیان دەزانین زۆر کەمن.

کە دەیشچینە خزمەتی ئەوانەیان هەندێك کۆنن و ماوەیەك لەمەوپێش لە ژیاندا بوون، دیوان و بەرهەمی کەسیانمان بەتەواویی و بەدەستخەتی خۆیان نەدیوە و دەست نەکەوتووە. ئەمەیش نەك بۆ شاعیرە نەناسراو و کەمناسراوەکان، بەڵکو بۆ شاعیرە ناودارەکانیش هەر وەهایە و، گەلێکیان ئەوەندە لە شوێنەواریان نەماوە بتوانین لە عاستیدا توانای شیعرییان بزانین، گومانیش لەوەدا نییە زۆریان شاعیری باش و، خاوەنی دیوان و بەرهەمی زۆر بوون، بەڵام چونکە ئێستە هیچیان دیار نییە ناویشیان وەك شاعیر نابرێت.

---

(*) لە ژمارە (٧٨)ی پەیامی ڕاستیدا بڵاو بووەتەوە.

لە دوو باسی جیا جیادا باسی دیوانی (ئەحمەدی خانی)[١] و (خانای قوبادیی)م کرد[٢]. ئەمجارەیش دەچمە خزمەتی شاعیرێکی دیمان کە پێشتریش شتێکم دەربارەی نووسیوە.

## شێخ شەهاب

ئەم شاعیرە ناوی شێخ شەهابە و بە شێخ شەهابی کاکۆ زەکەریا ناسراوە. وەك ناوی پیاوێکی ئایینی و زانا ناوی هاتووە[٣]، لە باسی شیعریشی چەردەیەك نووسراوە[٤]. بەڵام باسی دیوانی نەکراوە، شتێکی ئەوتۆ لە شیعری بڵاو نەکراوەتەوە.

لە دوو سێ بابەتی پێشوودا لام لە بەرهەمی ئەم شاعیرە کردووەتەوە و بەرهەمەکانیم بەرز نرخاندووە[٥]. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمانە سەرچاوەیەکی نایابی دیکەی شیعری ئەم شاعیرەم بینی و، چەند پارچە شیعری تێدایە کە یان لە سەرچاوەکانی دیدا نین، یان هەن و جیاوازییان هەیە.

ئەم جارەیش لە خزمەتی ئەم کەڵە شاعیرەدا دەوەستمەوە و ئەم گوڵچنییە لە باخی ڕازاوە و پڕ بەرو بوومی شیعریدا دەکەم، بەڵکو ئەمانە و ئەوانەی پێشتر بڵاوم کردوونەتەوە ببنە بەردی بناغەی دیوانی شاکاری ئەم شاعیرە، کە بێگومان یەکێك بووە لە کەڵە شاعیرانی– نەك چەرخی خۆی– کورد و، دیوانەکەی یەکێك بووە لە دیوانە ڕەنگینەکانی باخچەی ئەدەبی کوردیی، بەڵام بەختی کورد و خەمساردیکردنی ڕۆشنبیرانمان لە ئاستی شوێنەواری شاعیرانماندا دیوانی ئەمیشی بەدەردی دیوانی دەیان شاعیری دیمان بردووە.

ئەوانەی پێشتر دەربارەی ئەم شاعیرە و شیعرەکانی نووسیومن لێرەدا دووبارەیان ناکەمەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم: ئەم شاعیرە لە شێوەی گۆرانیدا ڕچەشکێن بووە و، خاوەنی ڕێبازی تایبەتی خۆی بووە و، تا ئێستە هیچ شاعیرێکی زاراوەی گۆرانم نەدیوە

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، خشتی یەکەم لە ساختمانی دیوانی خانییدا، بەرگی٣ ل:١٠٨.

(٢) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، لە ڕێگەی دیوانی خانای قوبادییدا، گۆڤاری بەیان، ژمارە :١٠٩، ١٩٨٥.

(٣) بڕوانە: نور الانوار في كرامات ذراری سيد المختار، دانراوی (سید عبدالصمد موسوی، تووداری)، ناشر سيد حسين عبداللهی، سنندج. (بێ ساڵی چاپ و ناوی چاپخانە)

(٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٨٠ ل: ١٤٥.

(٥) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، دوو شتی بچووك بۆ دوو شاعیری گەورە. گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردستان (ئەکادیمی) ژمارە (١).

بەئەندازەی (شێخ شەهاب) شیعری عەرووزیی بەزاراوەی گۆرانیی گوتبێ.

زیاد لەوەیش لەم پارچە شیعرانەدا کە لەم هەلەدا بۆ یەکەمجار بڵاویان دەکەمەوە پارچە شیعرێکی تێدایە لە دیوانی دیماندا بەم شێوە نەمدیوە.

تا ئێستە من چەند پارچە شیعری مولەممەعم بڵاوکردووەتەوە، هەر لە قانیعی یەکەمەوە[٦]، تا ئەو پارچە مولەممەعەی کە خاوەنی نەزانراوە[٧]، ئەو مولەممەعانە هەموو نزیکن لە یەکەوە و بریتین لە تێکەڵکردنی چەند زمان لە یەك پارچە شیعردا، بەڵام شێخ شەهاب لەم پارچە شیعرەدا کە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە ڕێبازێکی نوێی سەربەخۆیی بەکاربردووە؛ چونکە دەبینی هاتووە پێنج خشتەکییەکی لە سێ زمان و دوو زاراوە پێکهێناوە، بەم شێوە: سەرەتا بەیتێکی فارسیی، دواتر نیو بەیت بەزاراوەی سۆرانیی، دوای ئەوە نیو بەیت بەزاراوەی گۆرانیی. دواشتیش نیو بەیت بەزمانی تورکیی.

ئەمەیش چەندە داهێنانی شێخ شەهاب خۆیەتی، ئەوەندەیش دەرخستنی توانایەتی لە بەکارهێنانی ئەو زمانانەدا لە یەك پارچە شیعردا. زیاد لەمیش و لەویش ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەردەمێکی کۆن و پێش نالی زاراوەی کرمانجی خواروو- سۆرانیی- بەشیعری عەرووزیی بەکار هێنراوە.

## سەرچاوەی ئەم شیعرانە

سەرچاوەی ئەم شیعرانە کەشکۆڵێکی نایابە، بەزۆریی شیعری گۆرانیی- هەورامیی- تێدایە و، بایەخێکی باشی تێدا بەشیعری مەولەویی دراوە، لە شوێنی دیدا بەدرێژیی باسیم کردووە، لێرەدا ئەوەندە دەڵێم: کە ناوی (تۆفیق)م لە نووسینەکانمدا بۆ ئەم سەرچاوە داناوە. دەبێ ئەوەیش لەبیر نەکەم بەداخەوە ئەم کەشکۆڵە جگە لەوەی هەندێکی تەڕبووە و سەرەتا و کۆتایی نەماوە، لە ناوەڕاستیشەوە شیرازەکەی پساوە و لێی لە ناوچووە، ئیتر نازانم لەناوچووەکە چەندە، ئەوەندە هەیە بەداخەوە بەشێك لە شیعرەکانی شێخ شەهاب بەری ئەو لەناوچووانە کەوتووە.

ئەو شوێنانەیشی لە دەستختەکەدا بۆم ساغ نەکراونەتەوە بەگوێرەی توانا بەڕێنووسەکەی خۆی نووسیومە و لەنێو دوو کەوانەی ئاوام [...!] داناوە.

لەبەر ئەوەیش من مەبەستم ئەوەیە دەقەکان وەك مادەی خاو بخەمە بەردەستی

(٦) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی دووەم، ل: ٢٤٢.

(٧) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، مولەممەعێکی خاوەن نەزانراو، ڕەنگین ژمارە: ١٤٢، ١٤٣- ٢٠٠١.

لێکۆڵەرەوان- جارێ- ئەم شیعرانەیش بێ لێکدانەوەی ماناو لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکەکانیان بڵاو دەکەمەوە، بەڵکو لە مەولا کات و دەرفەتی باشتر بڕەخسێت و چی پێویستە بۆیان بکرێت.



**١**

**عاریفان کەس پێم نەواچان ئەز فەقیرو سایرم(٨)**
**گەر چە ظاهیر رووکەشم ئەمما بە مەعنا طاهیرم**
**دەر حەقیقەت حەق شناسم دەر شەریعەت شاعیرم**
**شیعر وەش پڕ مەغزو مەعنا چون جەواهیر ظاهیرم**
**لایەقەن پەی گشت موسوڵمانان بواچان صوبح و شام**

***

**مەجلیسم فەرشم موهەییا پڕ عەبیرو عوودو شەم**
**ئایر شەمعم مسۆچۆ هەر جە شەو تا صوبحدەم**
**شەککەرو قەندو نەباتم حاضرەن بێ کەسرو کەم**
**قیبلەم ئامانەن وەیانەم بۆ قەدەم باوەر قەدەم**
**تا بە پایەنداز تۆ ئەز وێم کەروو سەر تا قەدەم**

***

**دیدە نەرگس کیمیای لەب چوو یاقووت تەڕی**
**دەم پڕ ئاب زیندەگانیی صاحیبی بەحرو بەڕی**
**بۆ قەدەم باوەر وە یانەم مەقدەم خێرو فەڕی**
**کافیەن پەی من کە جارێ ار بینیە شووشەو زەڕی (!)**
**پاك مەیۆ بەر جە ئاهیر صاف [درد !] فکروغەم**

***

(٨) ئەم دوو پێنج خشتەکییە لە لاپەڕەیەکدان وا دیارە بەشێکن لە پێنج خشتەکییەکی درێژ ڕەنگە لەناو چووبێت، لێرەدا قافیەی پێنج خشتەکیی یەکەم (شام)ە، بەڵام پێنج خشتەکیی دووەم (قەدەم)ە، شیعرەکانیش لێرەدا بەهیچ جیا نەکراونەتەوە، لاپەڕەی دوای ئەمەیش دوو پێنج خشتەکیی تێدایە پێدەچێت تەواوکەری ئەم بن، بەڵام ئەوانیش نیشانەی سەرەتا و کۆتایی لاپەڕەیان بۆ دانەنراوە تا بزانین بەشێکن لەم پارچە، یان ئەگەر بەشێکن لەم بەشوێن ئەم بەشەی دیدا دێن یان نا؟ هەروەها ئەم پێنج خشتەکییەیش سەرەتای دروستی پارچە شیعرەکە نییە.

**ئەز خودایی عەرش و کورسی ئێد موازوو صوبح و شام**
**کوحل دیدەی نابینایيم خاك پایەت بۆ مەدام**
**مەقدەم و خەیرت [مدا !] تا کەم نەبۆ دایم جە لام**
**لایەقەن ئازیز (شەهاب)ت تا قیامەت بۆ غولام**
**نارو نوور تۆ هەنەن پەیدا جە رۆم و هەم عەجەم**

***

**٢** (٩)

**دولبەرا تا کەی ئەمن نالان لە دەرگاه تۆ بم؟**
**چاو بە فرمێسکی فیراق و وەصل و دڵخواهی تۆ بم**
**سەر بە سوجدە لەب بە خاکی ئەقدەسی پایی تۆ بم**
**ئەز بە قوربانی دوو چاوی ئاهوو ئاسایی تۆ بم**
**سەر فیدای بالآی نازك قەدی رەعنایی تۆ بم**

***

**هەر وەکوو یەعقووبی کەنعانم لە بۆت ئەز سینە چاك**
**دایم و دەرهەم دەکێشم نالەهایی دەردناك**
**کەڕڕوویینی هەفت ئاسمان ئەز ناڵەئەم تا قەعری خاك**
**تا بەکەی من بۆ کراسی یوسفی بم سینە چاك؟**
**دڵ بە داغی فیرقەتی شەوقی زوڵەیخایی تۆ بم؟**

***

**رەفتە رەفتە، ئەندەك ئەندەك، عاجزم ئەزخۆم لە خۆم**
**دەمبەدەم ساعەت بە ساعەت فەرشی میحنەت رادەخەم**
**لەحظە لەحظە لێم دەبارێ حەسرەتاوی سەیلی غەم**
**هەر وەکوو (وامیق) بە کەیفی قافی هاموون خۆین دەخۆم**
**دەربەدەر بۆ عاریض و و زوڵفی عوزارایی تۆ بم**

***

(٩) ئەم پارچە بەدوای پارچەیەکی شێخ شەهابدا دێت، بەڵام وەك دەبینی سەرەتاکەی ناتەواوە و، لە کۆتایشیەوە وا پێدەچێت هەر ناتەواو بێت؛ چونکە نازناوی شاعیری تێدا نییە. تا ئێستە بەبڵاوکراوەیی نەمدیوە، بۆیە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە، تا دوایی دەردەکەوێت شیعری کێیە و تەواویی و ناتەواوییەکەیشی دەزانرێت.

کۆ طەبیبێ حاذیقێ بێ دەردی من دەرمان بکا؟
یا وەکوو عیسا بە مردوویی جان (دریو!) فرمان بکا
یا لە شیعرا بە رەوانیی خۆی ئەمن قوربان بکا
من لەکوێ؟ مەجنوون لە کوێ؟ ئاخر تەفاوت کەی دەکا؟
شێت و شەیدا (بریومی!) بۆ چاوی لەیلایی تۆ بم

***

ئەی شەهەنشاهی خەطا بەخشی (شکوە!) سەهمناک
پادشاهی هەفت کیشوەر زێری فەرمانت هیلاک
ئەطلەس ئەفلاك پایەنداز پای تو (رواك!)
من لە باتی طاق وستانت دەکەم جارووب پاك
یا نە جەرگم جانی شیرین طاقی کیسرای تۆ بم

***

ئەی پەری ئەندازی رازو نازی تۆ عالەم پەسەند
حۆر ئاهوو، چەشمی ئاهوو، روو چو ماه و، لەب چوقەند
حەلقە حەلقە، دەستە دەستە، زوڵف بەستە چون کەمەند
کشتەك و شەمع و عەبیرو مەجمەرو عوودو سپەند
گشت لە کن من حاضرە، ئەی ئەز فیدای چاوی تۆ بم!

***

چی دەبێ جارێ بەشەفقەت تۆ بە ماڵم نەی قەدەم؟
ئینتیظاری تۆ دەکێشن صەف بە صەف خێڵ و حەشەم
ئەز زەکاتی حوسنی عالەمگیری تۆ بم دەمبەدەم
هەر وەکوو پەروانە بۆ شەوقی شەمت دەوران دەکەم
تا نەسۆزم ئەز بەوی شەمعا تەماشای تۆ بم

***

**تـاب و طـاقـەت پـێم نـەمـاوە ئـەز لـە حـاڵا مـەردەنی**

**حەیف دەبێ خوێنی سەگی وەك من بچێ لەو گەردەنی**

**عەیب و عارە ئەی عوقوویەت ئەو قیامەت کەردەنی**

**دولـبـەرا ئـەر تـۆ نـەکـەی رەحمێ بـە حـاڵم لـەو دەنی**

**دەس بـــە دامـــێنـــی قـــەبـــای یـــاسەمین سای تـــۆ بم**

***

**٣**(١٠)

**ولە**

**«ای خـــم طـــاق دو ابـــروت بـــوو قـــبـــلـــەء مـــا »**

**«بـــر کـــنـــد (قـــنسە!) چشمت دل عشاق ز جـــا»**

**چە دەبێ رەحمێ لە من کەی؟ نیە بۆت عەیب و مونا؟**

**چون نیەن کەس جە تۆ فێشتەر بەرووم ئەی دەردو دەوا**

**«قـویمە خـچسن ایـلـە جـانم کـە دکـل رسم وفـا»**

***

**«از غـم و هـجـر تـو هـر شام و سحـر گـریـەکـنـان»**

**«بـــر سروسیـــنـــەزنم دست و کشم آه و فـغـان»**

**بـۆچـی نـاپرسی لـە مـن: داخـۆم چـلۆنی؟ لوقمان!**

**نـیـەنم بـێ تـۆ هـەنـی تـاب نـەمـانـۆ نـە ژیـان**

**«بـر زیـان گـیـل مـنـە تـاج کـوزنجە در جـور و جـفـا»**

***

(١٠) ئەم پارچەیش تا ئێستە نەمدیوە بڵاوکرابێتەوە، وەك وتم ئەم پارچە داهێنانێکی تێدایە تا ئێستە لە دیوانی شاعیرانی کورددا نەمدیوە. دەبێ ئەوەیش بزانین ئەم شیعرانەی لێرەدا بڵاو دەبنەوە تـەمـەنـیـان – بـەلای کـەمـیـیـەوە – ٣٥٠ ساڵ دەبـێت. لـەوەیشەوە نـرخـی ئـەو داهـێـنـان و دەستپێشخەرییەی شێخ شەهاب دەزانین.

«مست نازاست نبـــــاشد زره بیخبری»
«آگه از ضعـــف دل حسرت سوزان جـــگری»
کێ دەکا عەرضی دڵی من لە کن ئەو رەشك پەری
هەن ئومێدم بە تۆ هەرکا بە مەکانش ویەری؟
«بر جوابی منم ایچون کتیرای باد صبا»

***

«دلبرا چند شوم از غم هجر تو حزین؟»
«هیچ ظالم نکند ظلم بمظلوم چنین!»
من لە بەر جەورو جەفای عیشقی تۆکوێر بووم لە گرین
تا بە کەی پێسە بنیشوون خەجڵ و دیدە نمین؟
«با شوە دونم منە بر رحم ایلە حورا صنما»

***

«کشتە أز آتش عشق تو مرا سینە کباب»
«چندای یار نشینم ز غمت دیدەه پر آب»
لە گیان عاجزو بڕیا لە دڵم طاقەت و تاب
بە عەبەث پەی چە (شەهابە)ت مەکەری یانە خەراب؟
«بو قدر محنت چکمە کە دکل عمر بقا»

***

٤(١١)

موخەممەسی شێخ شەهاب

ئەی عەزیزا صەد سولەیمان عاشقی کاریت مەبا
صەد چو یوسف خۆشەچینی بەیع و بازاڕیت مەبا
صەد چو ئیسماعیل قوربان حوسن سەرشاریت مەبا
ئافتاب و مەهـ –عەزیزم!– مەحوی روخساریت مەبا
سەوسەن و نەرگس فیدای چەشم بیماریت مەبا

***

(١١) ئەم پارچەم لە بەرگی دووەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام چونکە لەوێ ناتەواویی هەیە و، جیاوازییش لە نێوانی هەردوو دەقەکەدا هەیە وام بەباش زانی جارێکی=

**عەنبەرو، عەطرو، عەبیرو، میشك صەحرای خوتەن**
**صەندەل و، سووراو، عوودو، کوحل و، طوور نوورزەن**
**ئاب و رەنگی گوڵ شەقایق صەف بە صەف ئەندەر چەمەن**
**لالەیی حەمرا، قورونفول، نەستەرەن با یاسەمەن**
**بێ تەکەللوف گرد زەکاتی حوسنی گوڵزاریت مەبا**

***

**طورڕەی گێسووی حووری جەننەت فیردەوس فەڕ**
**زوڵف شەهباڵ پەریی سەرچەشمەیی کوهسار تەڕ**
**جەوهەری تێغی قەضا، هەم حەلقەیی زنجیر زەڕ**
**بەیدی مەجنوون و چنوورو سونبول و رەیحانی تەڕ**
**دایما لەرزان نە هەیبەت زوڵف زونناریت مەبا**

***

**ئەی شەریفیت از مەلایك هەفت سەماسەندەن شەرەف**
**ئینس و جین و، وەحش و طەیرو، ماهییان از هەر طەرەف**
**گشت گرفتارن جە عیشقت یەك بە یەك هەم صەف بە صەف**
**عەقد پەروین و سەماو و دانەی دوڕڕ دەر صەدەف**
**هەردوو حەیران جەلاجیل دوڕڕ گۆشواریت مەبا**

***

**رەنگ پڕ خوون شەفەق، با لالەیی صوبح بەهار**
**ئەطلەس سورخ شەقایق هەر سەحەر دەر کۆهسار**
**ئەختەر بورج یەمانیی، نەوسوەیل لالەزار**
**لەعل و یاقووت و عەقیق دانەیی مەرجان نار**
**گرد بەسەرگەرد فیدایی لەعل خونباریت مەبا**

***

= دیکەیش لێرەدا بڵاوی بکەمەوە. بەڵکو بەیارمەتی خودا بۆ کاتێ کە (دیوانی شێخ شەهاب) دۆزرایەوە و کۆکرایەوە ئەمانەیش یارمەتیدەری لێکۆڵەرەوان بن.

ئـابی حـەیوان سکـەندەر قـاطیـع مـەرگ و ئـەجـەل
قەطرەیی ئاب موصەففا رەوشەن کەوثەر مەثەل
چەشمەسار خۆشگواری رۆح بەخش پای جەبەل
شەککەرو قەندو نەبات و شەربەت و نوقل و عەسەل
بێ تەئەممول گشت بە ئاب زوڵف (کفتاریت !) مەبا

***

از فـیـدای خـاکـپـایت یـوسف گـوڵ پـیـرەهــەن
جـاڕووکێش ئـاستـانـەت حـەضرەت (ویس القـرن)
عـاشق لـەعل لـەبـانت طووطیی شیریـن سوخـەن
فلفل و، گوڵعـەنبـەرو، غونـچـە بەنەفشان چەمەن
هـەرسە شەرمـەنـدەی خـەیـاڵ خـاڵ روخساریت مـەبـا

***

چێش مەبۆ – نوور چەمانم!– جارێ از رووی کەرەم
عیسائاسا وەقت مەرگم پەی قەدەم باری قەدەم؟
خەیلێ بەو تەشریف فەیض لوطف تۆ مننەت بەرەم
عەرعەرو سەروو صنەوبەر نەخل طووبایی ئیرەم
سەرەفگەندەء قامەت چون نەیشەکەر باریت مەبا

***

ئـەی عـەلـەمـداری سوپـاهـی تـۆ (امیر المؤمـنین)
غـاشیــەدار ریـکـابت حـەضرەتـی (روح الامین)
چـاوەش دەریـان دەرگـات خـضر هـەم دەریـانشین
طاوس و کەبك و تەذەرو ئاهووی صەحرای چین
گشت سەراسیمەی خەرام خاص ڕەفتاریت مەبا

***

**کەی میاونۆ ئەز بە ئەنجام مەدح تۆ، صاحیب تەمییز؟**
**فەرش و عەرش و تەخت و کورسیی ئەو روو تۆکەردەن لەذیذ**
**ئەولیاهانت غولام و حۆرییانت هەم کەنیز**
**لەیلیٚ و عەزراو و شیرین، هەم زولەیخایی عەزیز**
**شێت و شەیدایی بزورگیی طەورو ئەطواریت مەبا**

***

**گشت بە فەیض لوطف تۆ یاوان بە شاهان دەمبدەم**
**ئەر (فەرەیدوون) ئەر چە(ئەسکەندەر) چە (دارا) ئەر چە (جەم)**
**گشت بە تۆ موحتاجن ئەی سەروەر صاحیب عەلەم**
**رۆح و جان و زیندەگانیی هەم (شەهاب) شاە غەم**
**بێت بە قوربان و تەصەددوق وەخت ئازاریت مەبا**

***

**٥**(١٢)

**قومریی و طووطی موعەططەل طاوس و قومری و غەزال**
**بولبول ئەز غەم حەسرەت شاخ گوڵت دڵ پڕ مەلال**
**طووطیی پەی رێزەی کەلامت قومرییان دەر ئاه و ناڵ**
**هوو مەکێشان پەی دو طاق حاجیبانت چون هیلال**
**ئەی دریغا طاق ئەبرۆی تۆ بدیامان مەدام!**

***

**هەر چە تۆ واتت نەکەردم هەم (مضی) هەم (ما مضی)**
**بویەرە بەخشم بە لوطف وێت تۆ ئەی صاحیب جەزا**
**غەیر جە خاصیی پێت بواچان بەندەیۆت کەردەن رەضا**
**ئەهلی ئەرواحان بە تۆ نازان مەنازان رۆی جەزا**
**چەتر سەبز بێستوونت سایەیی گشت خاص و عام**

***

(١٢) ئەم پارچەم لە بەرگی دووەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا بڵاو کردۆتەوە. وەك دەبینی لێرەدا بەپێی سەرەتاکەی ناتەواوە، لەوێیش هەروەها، جیاوازیش لە نێوانی ئەم دوو دەقەدا هەیە،=

نوور دیدەم ! دین و ئیمان، رووح و قالب بۆ فیدات
مـەطـڵـەبم، عـەرضم، نـیـازم مـاوەروو جـانـا وە لات
مـوخـلـیـصان وێت شمـارم ئـەی حـەبیب کـائـینـات
دەردمـەنـدم، موستـەمـەندم، ئـارەزووم هـەن وێم بـەجات
بــەر رەواق مــەسنــەد پــێغــەمــەریت صەد سەلام

***

ئـەز فـەقـیـرو بـێ نـەوا هـەم تـۆ حـەبیب ئـەکـبـەری
پـەی جـەمـیـع ئـوممەتـانت شافـیـع رۆی مـەحشەری
چێش مەبۆ (کم !) پادشاها لوطفێ پێم ئیحسان کەری؟
بـاریـم ئـەنـدەر زێر چـەتـر سایـەی گـوڵ پـەروەری
بــەر بــەهــار عــاریض رووی تـۆ بـادا صەد سەلام

***

ئـەی غـوبـار خـاکـپـایـەت طۆطـیـایـی کوحل چەم
مـەرقـەد عـەرش ئیشتـیـبـاهت قـیـبلـەیی کولل ئومـەم
قــەطـرەیـی ئـاب شەفـاعـەت پـێم بـدەی وەقت کـەرەم
ثـابـیـتـەن دنـیـاو قـیـامـەت بـەردەنت (حسب الـرقـم)
دەمــبــەدەم بـەر ئـافـتـاب عـاریـضت بـادا سەلام

***

ئـەز (شەهـاب) دەردمـەنـدم تـۆ حـەکـیـم حـاڵـزان
ئـــەز ضەعـــیـــف و رەنگ زەردم داڕووی دەردم بمان
شۆ وە مـیـعـراج قـەدیمت ئـەی شەهـ عـالـیـمـەکـان
پـێم بـەر ئـاوەر سەرخـەط ئـازادیـی ئـەمـن و ئـەمـان(!)
بـــەر سوپـــەهسالاری رۆی جـــەزایـــەت صەد سەلام

= بۆیە بەگوێرەی کەشکۆڵەکەی (توفیق)یش لێرەدا جارێکی دی بڵاوی دەکەمەوە، بەڵکو بۆ کاتی لێکۆڵینەوەی (دیوانی شێخ شەهاب) تەواوکەری یەکتر بن.

# مەلا محەممەدی قازیی پێنجوێنی(*) ناسراو بە (خوا هەرزاد)

٥٤٠

لەو کاتەوە کە خۆری ئایینی ئیسلام بەسەر دەشت و دوند و هەرد و چیای کوردستاندا هەڵهاتووە و تیشکی هیدایەتی بەسەر گەلی کورددا پەخشاندووە، سەدان بەڵکو هەزاران گەورە مەردی زانا و بلیمەت و هەڵکەوتووی بوارە جیاجیاکان لە سایەی ئەم ئایینەدا و لە مێژووی گەلەکەماندا پەیدا بوون، کە ئەگەر مێژوویان بنووسرایەتەوە لەوانەیە دەیان بەرگ کتێب بۆ تۆمارکردنی مێژووی ژیانیان و جێ دەستی خاوێنیان و باسی بەرهەمە بەپێز و ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکانیان پێویست بوایە، تاکو بەشێکی ڕەنگدانەوەی بوونی ئەوان لەناو ئەم گەلەدا پێش چاو بخرایە و، بە نەوەکانی دوای خۆیان بناسرانایە. بەڵام خۆنەویستیی ئەو زانایانەو، کارکردنیان تەنها بە نیازی ناو هێنانیان لای خوای گەورە و، چاوەڕوانیی پاداشتی ئەو دنیا، وێڕای دووریی وڵاتمان لە مەڵبەندە ژیارییەکانەوە، کارێکی کردووە کە ناوی زۆربەی ئەو زانا و مەردە بلیمەت و هەڵکەوتوانە، تەنانەت بەرهەمەکانیشیان، تۆمار نەکراوە یان وەکو زانایەکی کورد نەناسێنراون.

لەگەڵ ئەوەشدا– خۆش بەختانە– هێشتا ناونیشان و مێژووی بەشێکی ئەو هەڵکەوتوانەی گەلەکەمان و ڕەنگدانەوەی هەوڵ و تەقەلایان بۆ خزمەتی ئایین و گەل و نیشتمانیان لە بەردەستدایە، دەتوانین بە نەوەکانی ئێستا و داهاتوویان بناسێنین، تاکو بە مێژووی باوك و باپیرانی خۆیان ئاشنا ببن و سوود لە بەرهەم و ئاکار و کەلەپووری بەنرخیان وەربگرن.

یەکێك لەو زانایانە کە لەم کوردستانەدا ژیاوە و هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە ئایین و گەل و زمانی خۆی بەخشیوە: خوالێخۆشبوو (مامۆستا مەلا محەممەدی قازیی پێنجوێنی)یە. کە ئەم وتارەمان ئەرکی ناساندنی ئەو زاتەی – بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدان– بە خوێنەری بەڕێز لە ئەستۆ گرتووە.

---

(*) ئەم بابەتە لەسەر داوای من لەلایەنی مامۆستا هیبەتوڵڵا و مامۆستا فارووق ڕەسوڵ یەحیاوە ئامادەکراوەو، منیش دوای کەمێك دەسکاریی لێرەدا بڵاوم کردۆتەوە.

## ڕەچەڵەك و بنەماڵەكەی

ناوی (مەلا محەممەدی كوڕی مەلا عەبدولكەریم كوڕی مەلا ئەحمەد كوڕی مەلا حسەین كوڕی مەلا عەبدوڵڵا)یە[١] بنەماڵەكەشی یەكێكە لەو بنەماڵانەی كە باپیرانیان شارۆچكەی "پێنجوێن" یان ئاوەدان كردووەتەوە.

باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە (مەلا عەبدوڵڵا) لە بنەچەیدا دەگەڕێتەوە سەر (حەسەن حسەینی) كە لە میرانی میرنیشینی ئەو دەمەی "ئەفغانستان" بوون، بەڵام لەبەر ناكۆكیی باری ناوخۆی ئەوێ نزیكەی سێ سەد ساڵ پێش ئێستا كۆچی كردووە بۆ كوردستانی باشوور و تیایدا نیشتەجێ بووە[٢].

دایكیشی خوشكی گەورە زانای كورد (مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنی )یە كە لەناو زانایاندا بە (عەللامەی پێنجوێنی) بەناوبانگە و، لای خەڵكی پێنجوێنیش بە (مەلای گەورە) ناسراوە[٣]. هەر لەبەر ئەوەش پێی وتراوە: (خواهەرزاد) واتە: خوشكەزا.

(١) مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس لە كتێبی (علماؤنا ص٥٣٨)دا ناوی باوكی مامۆستا مەلا محەممەدی بە (سەعید) نووسیوە، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە ناوی (عەبدولكەریم)ە.

(٢) ئەم بنەماڵەیە شەجەرەیەكی تایبەت بە خۆیان هەبووە كە لەسەر پێست نووسراوەتەوە و، لە ماڵی ئامۆزایەكی مامۆستا مەلا محەممەدی قازی دا هەڵگیراوە كە ناوی (مارف زازا) بووە. بەڵام لە ڕووداوێكی ئاگركەوتنەوەدا ئەو شەجەرەیەش لەگەڵ چەندین شتی بەسوودی تردا سووتاوە .

(٣) ناوی مەلا عەبدوڕڕەحمان كوڕی مەلا محەممەد كوڕی مەلا ئیبراهیمە و، لە ساداتی بریفكانە. بەناوبانگترین زانای ڕۆژگاری خۆی بووە. دەوروبەری ساڵی (١٢٥٠ك) لە شارۆچكەی پێنجوێن لە دایك بووە. لای گەورە زانایانی ئەو دەمەی كوردستان زانستەكانی خوێندووە، وەك: مەلا ئەحمەدی موفتی بەناوبانگ بە "موفتی چاومار" و، مەلا عەبدلقادری شێخەڵمارێنی و، مەلا محەممەدی فەخرولعولەما و، مەولانا عەلیی قزڵجی و، مەولانا ئەحمەدی نۆدشی و، مەولانا عومەری خەیلانیی و، سەیید حەسەنی چۆڕی. لە كۆتاییدا ئیجازەی زانستیی لای (مەولانا عەلیی قزڵجی) وەرگرتووە. پاشان لە "پێنجوێن"دا نیشتەجێ بووە و، ژیانی بە خزمەتی ئایین و زانست بەسەر بردووە، زۆر كەس لە گەورە زانایانی كوردستان لەسەر دەستیدا پێگەیشتوون و ئیجازەیان وەرگرتووە، وەك: مەلا حسەینی پیسكەندی و، مەلا ڕەشید بەگی بابان و، گەلێ زانای تر. هەروەك چەندەها فەتوای فیقهیی وردی زۆر و چەندین پەڕاوێز و تەعلیقاتی لەسەر كتێبە گرنگەكانی ئەو زانستانە نووسیوە كە لە خوێندنگاكانی كوردستان و جیهانی ئیسلامیدا خوێندراون. ئەم زاتە لە دوای نوێژی خەوتنان لە شەوێكی مانگی زیلقەعیدەی ساڵی (١٣١٩ك) لە شارۆچكەی پێنجوێن ماڵئاوایی لە خانەی دنیا كردووە و، لە ژووری تەدریسی خۆی لە مزگەوتی پاشای پێنجوێن بە خاك سپێرراوە ، مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمان سێ برای بووە: ( مەلا محەممەد ئەمین، مەلا عەبدوڵڵا، مەلا عەبدوڕڕەحیم). دوو كوڕیشی بووە ( مەلا ئەحمەد و مەلا جەلال ). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (علماؤنا في خدمة العلم و الدين) نووسراوی گەورە زانای هاوچەرخ خوالێخۆشبوو. (مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس) ل (٢٧٨–٢٨١).

بەم پێیە، مامۆستا مەلا محەممەدی قازی لە هەردوو سەرەوە لەناو بنەماڵەیەکی ئاییندار و زانست پەروەردا لە دایك بووە و گەشەی کردووە.

## لەدایکبوون و سەرەتای خوێندنی

ئەم زاتە ساڵی (١٢٨٥ك)[٤] بەرامبەر بە (١٨٦٨-١٨٦٩ز) لە شارۆچکەی ″ پێنجوێن″ چاوی بە دنیا هەڵهێناوەو، لە سایەی بنەماڵەکەی دا گەورە بووە. بەڵام کە گەیشتووەتە تەمەنی چوار ساڵی باوکی کۆچی دوایی کردووە. دوای ئەوە لە ژێر چاودێریی خاڵیدا گەورە بووە و گەشەی کردووە.

هەر لە منداڵییەوە وریایی و زیرەکی و بلیمەتیی پێوە دەرکەوتووە. بۆیە هەر کە فامی کردووەتەوە قورئانی پیرۆزی خوێندووە و لە ماوەیەکی کەمدا خەتمی کردووە. پاش ئەوەی کە مەشقی لەسەر نووسین کردووە و هەندێ لە کتێبە سەرەتاییەکانی نووسیوەتەوە، لە قوتابخانەکەی خاڵی  یەك بە یەکی کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووە.

## گەڕانی بە ناوچەکانی تری کوردستاندا بۆ درێژەدان بە خوێندن

کە گەیشتووەتە سەرەتای لاوی و تەمەنی ڕوشد خاڵی بەڕێزی بە مەبەستی پتر چاوکردنەوە و وریابوونەوە، مەلا محەممەدی خوشکەزای و مەلا ئەحمەدی کوڕی[٥]. پێکەوە لەگەڵ نامەیەکدا دەنێرێت بۆ گوندی ″ تورجان″ لە موکریان بۆ لای مامۆستایەکی زانا و بەتوانای ئەوێ کە دۆستی مەلای گەورە بووە. ئەوانیش ساڵێك لەوێ دەخوێنن. ئنجا خاڵی نامەیان بۆ دەنێرێت کە بڕۆن بۆ ″ مهاباد″ بۆ لای زانایەکی تر کە خۆی بۆیان دەستنیشان دەکات.

دوای مانەوەی ساڵێکیش لە ″مهاباد″ خاڵی بەڕێزی دەنێرێتەوە بە شوێنیاندا تاکو بگەڕێنەوە بۆ پێنجوێن.

کە هاتووەتەوە بۆ پێنجوێن لە خزمەتی خاڵی ( مەلا عەبدوڕڕەحمان) دوا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و، هەر لای ئەویش ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە[٦].

(٤) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (علماؤنا ص ٥٣٨)دا ساڵی لە دایکبوونی مامۆستا مەلا محەممەدی بە (١٢٨٧ك) نووسیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مێژووی لە دایکبوونی بە حسابی ئەبجەد لە (مظهر علم)دا دەستنیشان کراوە، ئەوا بەو پێیە دەکاتە ساڵی (١٢٨٥ك).

(٥) مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلای گەورە دوو کوڕی بووە: ( عەبدوڕڕەحمان و محەممەد).

(٦) دەگێڕنەوە کە ماوەی خوێندنی، هەر لە سەرەتای دەستکردنی بە خوێندن هەتا وەرگرتنی ئیجازەکەی، نۆ ساڵی خایاندووە.

دوای کۆتایی هێنان بە خوێندن و وەرگرتنی ئیجازە، لە مزگەوتێکی شاری پێنجوێندا– کە ئێستا بە مزگەوتی قازی ناسراوە– بۆ تەدریس و خزمەتی ئایینی پاکی ئیسلام لێ براوە، لە مزگەوتی جامیعەیش وتاری هەینیی خوێندوەتەوە.

لەڕووی توانای زانستی و زیرەکی و ڕەوشت و خووی بەرزیەوە هێندە جێی ئومێدی خاڵی بووە کە زۆر جار پێی فەرمووە: (کاکە حەمە! هەر تۆ وەجاخی منی)!.

## کۆچکردنی مامۆستا مەلا محەممەد بۆ مەریوان

مامۆستا مەلا محەممەد پاش چەند ساڵێك لە وانەوتنەوە بە قوتابیانی زانستە ئاینییەکان و پێشکەش کردنی وتاری هەینی و خزمەت بە نیشتمان و گەلی موسڵمانی خۆی، لە شارۆچکەی پێنجوێن، ناکۆکییەك دەکەوێتە نێوان حاجی ″مستەفا″ی برای[۷] و یەکێك لە ئامۆزاکانی لە ئاکامدا مامۆستا دڵی دەڕەنجێت و، لەگەڵ حاجی مستەفای برایدا بەرەو مەریوان کۆچ دەکات. زانایان و بەگزادەکانی ناوچەی مەریوان بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکەن. تەنانەت ″ خەسرەو بەگ″ی گوندی دەرەتفێ[۸] داوا لە زانایانی مەریوان دەکات کە تەکلیف لە مامۆستا مەلا محەممەد بکەن لە گوندەکەی ئەودا بمێنێتەوە بۆ تەدریس کردن. ئەویش داواکەیان وەردەگرێت و، دەبێ بە مودەڕریسی گوندی دەرەتفێ.

## کۆچکردنی بۆ گوندی ″نزارە″ی نزیکی پێنجوێن

مانەوەی مامۆستا مەلا محەممەدی قازی لە مەریوان ساڵێك زیاتر ناخایەنێت، چونکە دوای یەك ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری پێنجوێن و، لە گوندی ″نزارە″ دەبێت بە پێشنوێژ و وانەبێژ و، کۆمەڵێ فەقێی لە دەور کۆدەبنەوە. شێخانی ″نزارە″ش، کە دەستەڵاتداری ئەو گوندە بوون، گەلێ ڕێزی لێ دەگرن و بە باشی خزمەتی خۆی و فەقێکانی دەکەن.

## گەڕانەوەی بۆ ″ پێنجوێن″

دەستەڵاتداری ئەو دەمەی پارێزگای سلێمانی– جگە لە ناوچەی پشدەر– وەسمان پاشای

(۷) حاجی مستەفای برای مرۆڤێکی ئایینداری و بەشی خۆیشی خوێندەوار بووە. دواتر لە شاری ″سنە″ نیشتەجێ بووە. هەتا ئێستاش لەوێ ناوی بنەماڵەکەیان (پێنجوێنی)یە. گەلێ کوڕ و کچ و نەوەی هەن کە بە سنە و مەریوان و تاراندا بڵاو بوونەتەوە و، لە کوڕەکانی تەنها (حاجی ڕەئووف) لە ژیاندایە، ئەویش باوکی: (شەهاب، جەلال، ڕەزا)یە.

(۸) گوندێکی دڵگیر بەسەر دەریاچەی زرێباردا دەڕوانێت و، بە بێستانی کاڵەك بەناوبانگە. تەنانەت (قانع)ی شاعیر– خوا لێی خۆش بێت – پێی دەوت (کاڵە کاوا)!

جاف بووه و، مامۆستا مەلا محەممەدی وەك زانایەكی هەڵكەوتوو خۆش ویستووه. ئەو حەلەی كە مامۆستا مەلا محەممەد لە گوندی نزاره دەبێت، وەسمان پاشا سەردانێكی هاوینە هەواری پێنجوێن دەكات و، نازانێت كە مامۆستا مەلا محەممەد لەوێ نەماوه. بۆیە هەواڵی مامۆستا لە پیاو ماقووڵان و زانایانی ئامادەبووی كۆڕ و مەجلیسەكەی دەپرسێت. یەكێ لەو زانایانە بەسەرهاتی كۆچكردنی مامۆستا لە پێنجوێن بۆ وەسمان پاشا دەگێڕێتەوه.

وەسمان پاشا كە ئەو بەسەرهاتە دەبیستێ، یەكسەر چەند پیاوێكی بەڕێز هاودەم لەگەڵ چەند سوارچاكێكدا بە چەندین وڵاخی بار هەڵگرەوه دەنێرێت بۆ " نزاره" و، ماڵی مامۆستا مەلا محەممەد بار دەكەنەوه بۆ " پێنجوێن". ئنجا مامۆستا مەلا محەممەد لە مزگەوتەكەی خۆی ( مزگەوتی قازی) دادەمەزرێنێتەوه و سەرلەنوێ قوتابخانەكەی بۆ ئاوەدان دەكاتەوه. ئەویش بە وێنەی ژیانی پێشووی دەست دەكاتەوه بە تەدریس و خزمەتی موسوڵمانان.

## بوونی مامۆستا بە (قازی)ی پێنجوێن بە فەرمانی ڕەسمی

وەسمان پاشا جگە لەو هەنگاوه مەردانەیە، لەلایەنی خۆیەوه فەرمانیش بۆ مامۆستا مەلا محەممەد دەردەكات كە ببێت بە "قازی"ی پێنجوێن، ئینجا نامەش لەم بارەیەوه بۆ ئەستەمبووڵ دەنێرێت و، لەوێشەوه فەرمانی سوڵتانیی بۆ دێتەوه كە "قازی"ی پێنجوێن بێت.

دوای ئەمە، نازناوی (قازی) بۆ خۆی و، ناوی (مزگەوتی قازی)ش بۆ مزگەوتەكەی بڵاوبووەتەوه.

مامۆستا بە درێژایی حوكمی عوسمانی لە ناوچەكەدا چ وەك مودەڕڕیس و پێشنوێژ و چ وەك قازی لە خزمەتی موسڵمانانـدا بەردەوام بووه و كارەكانی خۆی بە ڕێكی ڕاپەڕاندووه.

پاش ئەوەی كە دەسەڵاتی عوسمانی لەوێ كشاوەتەوه، لە لایەن میللەتەوه بەوپەڕی ڕێزەوه ئەو جێ و ڕێیەی خۆی پێ ڕەوا بینراوەو، وەك قازییەك حوكمی شارەكەی بە پێی شەرعی ئیسلام بەڕێوه بردووەو، سەقامگیر كردنی ئاسایش و باری یاسایی شارەكەی لە ئەستۆدا بووه، هەتا حكوومەتی عیراقی دامەزراوه.

كاتێ كە حكوومەتی عیراقیش دامەزرا، جارێكی تر فەرمانی " قازێتی" ی لە

حکوومەتی تازەوە بۆ هاتووەتەوە و، هەر لە "پێنجوێن"دا و لە رووی ئەرکی سەرشانیەوە فەرمانەکانی ئایین و شەریعەتی ئیسلامی پیادە کردووەو، لە هەمان کاتیشدا سەرقاڵی وانە وتنەوە بووە بە فەقێکانی.

## ئەو زانایانەی کە ئیجازەیان لە لا وەرگرتووە

لە ماوەی تەدریس کردنیدا ئیجازەی زانستی بە چەندین کەس لەو فەقێیانە داوە کە لای ئەو خوێندنیان تەوا کردووە. لەوانەی کە زیاتر ناونیشانیان دیارە ئێمە ناوی ئەم چەند مامۆستایەمان دەستگیر بوو:

١- مامۆستا مەلا صاڵحی مودەڕیسی مزگەوتی بەرکێو. لە پێنجوێن.

٢- مامۆستا مەلا ڕەحیمی گلەیی، کە دوایی بووە بە مودەڕیس لە گوندەکانی ناوچەی مەریوان.

٣- مامۆستا مەلا عومەری هەولێری .

٤- مامۆستا مەلا ڕەحیمی مودەڕیسی گوندی دارۆخان لە ناوچەی شلێر، کە بە(قازی مەلا ڕەحیمی دارۆخان) بەناوبانگە.

## شێوەی باڵا و ڕوخساری مامۆستای قازی

ئەم زاتە لە باڵادا بە بەرزیدا ڕوانیویەتی و، چوارشانەیەکی میانە بووە لە نێوان لاوازی و قەڵەویدا، ڕەنگیشی سوور و سپی و، چاویشی ڕەش و گەش بووە. بە دەنگی خۆش و ڕەوانیی قسە و گوفتار ناوبانگی هەبووە. تەنانەت لە هەر کۆڕێکدا قسەی کردبێت گوێ بیستان هێندە گوفتارەکانی ئەویان پێ خۆش بووە کە حەزیان کردووە لە قسەکانیدا بەردەوام بێت.

## ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکانی

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پرسیار کردن لەو زانا و مرۆڤە بە تەمەنانەی کە یادەوەرییان لەسەر مامۆستا مەلا محەممەدی قازی مابوو، چ ئەوانەی دەرسیان لە خزمەتیدا خوێندووە و چ ئەوانەی لە نزیکەوە لە حاڵی شارەزا بوون، ئەم ڕەوشت و ئاکارانەی مامۆستای قازیمان لە لا کۆبووەتەوە کە لە خوارەوەدا پێشچاوی خوێنەری بەرێزیان دەخەین:

ئەم مامۆستایە خاوەنی کەسایەتییەکی دامەزراوی توندوتۆڵ و، ئەدەب و شەرم و حەیایەکی ئەوتۆ بووە کە هەر لە سەردەمی فەقێیەتییەوە تا کۆتایی تەمەنی خەڵکانی

دەوروبەری – چ خزم و بێگانە، چ زانا و عەوام– خۆشیان ویستووە و شەرمیان لێ کردووە.

هەروەها نموونەی ڕەفتار و ئاکاری شیرین بووەو، هەردەم بە قسەی نەرم و گوفتاری نیان لەگەڵ خەڵکی دواوەو، مەگەر بۆ لابردنی "مونکەر"ێك و بەپێی پێویست دەنا نەبینراوە توندوتیژیی نواندبێت.

ئنجا بە ڕادەیەك غیرەتی بۆ پیادەکردنی فەرمانەکانی شەرع دەربڕیوە کە ئیتر لە سەردەمی ئەودا لە پێنجوێن بە ئاشکرا بێ شەرعی نەکراوە.

هێندە خاوەنی ئەدەب بووە کە هەرکات لە ماڵ یان مزگەوت دەبوو– تەنانەت گەر تەنیاش بوایە– زۆربەی جار هەر لە سەر چۆك دادەنیشت. کە لێیان دەپرسی: خۆ تۆ هیچ کەسێکت لەگەڵدا نییە تا بەو جۆرە شەرمی لێ بکەیت؟ لە وەڵامدا دەیوت: ( خوای گەورە لە هەموو کەسێ چاکترە شەرمی لێ بکرێت. مرۆڤ گەر بە تەنیایی خۆی لەسەر ئەدەب ڕابهێنێت دەتوانێ لە هەموو شتێکی تردا ئەدەب بەکاربهێنێت . هەروەك ئەگەر خاوەنی شەرم و حەیا بوو خوای گەورە وا لە خەڵکی دەکات شەرمی لێ بکەن).

خۆ ئەگەر هەر کێشەیەکی بهاتایەتە لا، زۆر ئازا و جوامێرانە و بێ سڵکردنەوە لە هیچ ئاستەنگێك و بێ گوێدانە ئەوەی کە لایەنێکی ئەو کێشەیە دۆست بێ یان بێگانە، فەرمانی دادپەروەریی شەرعی پیرۆزی ئیسلامی پیادە دەکرد. هەر ئەو دادپەروەرییەش بوو وای لە خەڵکی کردبوو کە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان پشتی پێ ببەستن.

یەکێکی ترلە ڕەوشتە بەرزەکانی (سەخاوەت) بووە.

هاوسەردەمانی دەگێڕنەوە کە: هەمیشە دەرگای دیوەخانی بە ڕووی میوان و غەریبەدا کراوە بووە و، مەگەر بە دەگمەن دەنا بە تەنیا نانی نەخواردووە. گەر میوانیشی نەبووبێت هەر مجێوری مزگەوتەکەی هاودەمی سەر سفرەو خوانی بووە. بەردەوام لە ماڵەوە چ خواردنێك ئامادە بووبێت بۆ حوجرەی فەقێکانیش لەو خواردنە ڕەوانە کراوە. هەروەك دەگێڕنەوە زۆر جار مامۆستای قازی دووچاری قەرزاری بووە لە ئەنجامی خزمەتی سەخی تەبعانەی بە میوانەکانی.

## خەمخۆریی بۆ خەڵکی پێنجوێن

هەر لێپرسراوێك هاتبێتە پێنجوێن یەکەم شوێنی میوانی و پشوودانی ماڵی مامۆستای قازی بووە و، لەو ئەرکەیدا کە خراوەتە ئەستۆیەوە ڕاوێژی بە مامۆستا کردووە. مامۆستاش لە بارەی کاروباری ناوچەکەوە ڕاو بۆچوونی لەگەڵدا گۆڕیوەتەوە و، بەو

جۆرەی کە خزمەتی وڵات و میللەتەکەی و هێنانەدی دادگەریی تێدا بووبێت، ڕێنمایی پێویستی پێشکەش کردووە.

## پێوەندیی لەگەڵ جوولەکەکانی پێجوێندا

بەڵگەیەکی تر لە هەوڵ و تەقەلاکانی ئەم زاتە بۆ خزمەتی ئاینی پاکی ئیسلام ڕوونکردنەوەی ڕاستی بووە نەك تەنها بۆ موسوڵمانان بەڵکو بۆ جوولەکەکانیش، کە ئەو دەمە لە پێنجوێن گەڕەکێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە. لە ئەنجامی ئەم هەوڵە خاوێنەی مامۆستادا چەندین کەسی جوولەکەکان، لەوانەی کە عەودالی ڕاستی بوون و لە گوشار و کۆت و زنجیری چاولێکەریی کەسوکار خۆیان دەرباز کردووە ( چ ژن و چ پیاو) لەسەر دەستی مامۆستای قازی موسوڵمان بوون و، ئێستاش نەوەکانیان بەشانازییەوە– وەکو هەموو خەڵکی پێنجوێن – لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلامن.

## پێوەندیی بە زانایان و کەسایەتییە ناودارەکانی سەردەمی خۆیەوە

لەگەڵ زانایانی ناوچەکانی دەوروبەر (مەریوان، شارەزوور، هەڵەبجە، سلێمانی) پێوەندیی باشی بووە بەتایبەت لەگەڵ زانا و شاعیری بەتوانا مەلا کاکە حەمەی بێڵوو ناسراو بە (ناری). پێوەندیی لەگەڵ ئاغاکانی مەریوان و دەوروبەری پێنجوێن و بەگزادەکانی جافدا زۆر باش بووە و، ئەو پێوەندییەشی لە پێناوی هاندانی ئەواندا بەکارهێناوە بۆ پیادەکردنی فەرمانەکانی دادگەریی شەرع لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا.

هەروەك پێوەندیی توندوتۆڵ و خۆشەویستیی تایبەتی لە نێوان مامۆستای قازی و خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفیددا هەبووەو، شێخی ڕەحمەتی ئەو ماوانەی کە لە ناوچەی پێنجوێن و گوندی پیران بووە زیاتر حەزی بە هاودەمیی مامۆستای قازی و مەلا کاکە حەمەی ناری کردووە و، ئەم دووانە جێی متمانە و ڕاوێژی شێخ بوون.

## خێزان و نەوەکانی

مامۆستا مەلا محەممەدی قازی لە ماوەی ژیانیدا سێ جار ژنی هێناوە:

خێزانی یەکەمی: ناوی" ئامان" و ئامۆزای خۆی بووە. خوای گەورە لەم خێزانەی منالی پێ نەبەخشیوە و، هەر لە ژیانی مامۆستادا وەفاتی کردووە.

خێزانی دووهەمی :ناوی "سورەییا" بووە.. سورەییا خان کچی خاڵی خۆی:" مەلا عەبدوڕڕەحیم"ە .دەگێڕنەوە کە مامۆستا مەلا محەممەد نیازی بووە"خورشیدە" خانمی کچی

خاڵە گەورەی:( مەلا عەبدوڕڕەحمان) مارە بكات. بەڵام دواتر مامۆستا نیازەكەی دەگۆڕێت و لە بری " خورشیدە خانم"ی كچی مەلا عەبدوڕڕەحمان" سورەییا خانم"ی كچی مەلا عەبدوڕڕەحیم مارە دەكات. تەنانەت ئەم ڕووداوەی لە دێڕە شیعرێكیدا بەم جۆرە باس كردووە:

**خیالّم شد به كف آرام زمام چهرهء خورشید**

**بحمد الله كه طالع شد "ثریا" رخت ما پوشید**(٩)

لەم خێزانەی دووهەمی خوای گەورە تەنیا یەك كوڕی پێ بەخشیوە، كە زانا و خواناس و شاعیری بەناوبانگ (مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازی) بووە(١٠) خوا لێی خۆش بێت.

ئەم خێزانەی دووهەمیشی هەر لە ژیانی مامۆستادا كۆچی دوایی كردووە.

(٩) من ئەم بەیتەم بەم جۆرە بیستووە:

خیالم بود بدست آرم زمام جلوهء خورشید

بحمد الله والمنه"ثریا"رخت ما پوشید

(فارووق)

(١٠) مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازی ساڵی (١٩٢٠ز) لە پێنجوێن لە دایك بووە. لە خزمەتی باوكیدا سەرەتای خوێندنی دەست پێ كردووە. پاشان بۆ خوێندن هەردوو بەشەكەی كوردستانی باشوور و خۆرهەڵات گەڕاوە و، لە (سلێمانی و قەرەداغ و سەنگاو و بیارەو بانە و سەقز و مهاباد و شنۆ و لاجان) خوێندوویەتی و، دوایی گەڕاوەتەوە لە پێنجوێن لای مامۆستا مەلا عارفی مودەڕیسی مزگەوتی پاشا ئیجازەی وەرگرتووە. ئینجا لە مزگەوتەكەی باوكی (مزگەوتی قازی)بووە بە پێشنوێژ و مودەڕیس . ساڵی (١٩٥٩ز) بۆ ماوەی یەك دوو ساڵێك كۆچی كردووە بۆ مەریوان و سنە . دوایی گەڕاوەتەوە بۆ پێنجوێن و لە مزگەوتی قازی لەسەر خزمەت بە ئایین و موسوڵمانان بەردەوام بووە. ساڵی (١٩٦٥ز) كۆچی كردووە بۆ سلێمانی و بووە بە پێشنوێژی مزگەوتی (سەیید ئەحمەدی نەقیب). گەلێ كەس لە خەڵكی سلێمانی– بە تایبەت توێژی لاوان – لەسەر دەستی ئەودا ڕێگای ڕاستی خواناسییان گرتووەتە بەر. لە تەریقەتیشدا موریدی شێخ عەلائەددینی بیارە و دوای ئەویش موریدی شێخ عوسمانی سیراجەددین بووە. خوا پلەیان بەرز كات. لە شەوی هەینی ١٩٨٣/٨/١٢ز كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە سلێمانی بە خاك سپێرراوە. خوا لێی خۆش بێت. لە ژیانی خۆیدا كوڕە گەورەكەی (عەبدوڵڵا) كۆچی دوایی كردووەو، سێ كوڕیشی دوای خۆی لە ژیاندان: عەبدولحەمید و حامید و ماجید. چەند بەرهەمێكی شیعری و چەند كتێبێكیشی لە تەسەووفدا نووسیوە، كە زۆربەیان تا ئێستا دەستنووسن و، جگە لە بڵاوبوونەوەی چەند پارچە شیعرێكی لە هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەدا تەنها دوو بەرهەمی سەربەخۆی چاپ كراون: (گەنجینەی گەوهەر) و (باخچەی بۆن خۆشان).

خێزانی سێهەمی: ناوی "حەبیبەی کچی وەستا عەبدوڕەحیم"ە کە ئەویش لە بنەماڵەی مەلا خدری بەناوبانگە بە "مامۆستا سەربراله".

خوای گەورە لەم خێزانەی سێهەمی چەندین کوڕ و کچی پێ بەخشیوە:

ئامینە خان(١١).. فەهیمە خان(١٢).. ئەفسەر خان..(١٣).. حاجی مەلا هیبەتوڵڵا(١٤).. حاجی وەستا ڕەحمەتوڵڵای خەیات(١٥).

**بەرهەمەکانی**

ئەم زانایە جگە لە تەدریس، بەشێکی کاتەکانی تری بە خوێندنەوە و نووسین بەسەر بردووە، بە تایبەت گەلێ موتاڵای لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەبووە، بە ڕادەیەك کە شارەزایی باشی لە بواری مێژوودا پەیدا کردووەو، ئاگاداری ڕێگاکانی چاکسازی و گەشەکردنی کۆمەڵگا بووە. هەروەك لە تەفسیرەکەشیەوە دەردەکەوێ زۆر ئاگاداری بەراوردی نێوان ئایینەکان (مقارنة الأديان) بووە. ئنجا لەبەر ئەوەی پێنجوێن جوولەکەشی تێدا بووە" تەورات" و کتێبی ئایینەکانی پێشووی لە لا بووە و خوێندوونیەتەوە و شارەزای ناوەرۆکیان بووە. تەنانەت دەگێڕنەوە کە لەم بوارەدا هەردەم بە دوای زانیاریی نوێدا گەڕاوە. بۆ نموونە: دوای دەرچوونی تەرجەمەی عەرەبیی ئینجیلی "بەرنابا" لە میسر هەوڵی بەدەستهێنانی نوسخەیەکی ئەو ئینجیلەی داوە و پەیداشی کردووە.

وێڕای موتاڵا و خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی، چەندین بەرهەمی نووسراویشی بووە کە- بەداخەوە- زۆریان تیاچوون.

(١١) لە ٢٤/١/ ٢٠٠٧دا کۆچی دوایی کرد، دایکی هەریەك لە عوسمان، عیرفان، بورهان، کوڕانی مەلا کەریم فەتحوڵڵایە.

(١٢) شەوی هەینی ٢٠٠٣/١٢/١٢ز کۆچی دوایی کردووەو، دایکی : فارووق کوڕی سەیید ڕەسووڵ سەیید یەحیایە.

(١٣) لە ١٩٩٩/٣/٤ز. وەفاتی کردووە و ، دایکی هەریەك لە ڕەسووڵ و، عەلی و، تایەر، کوڕانی سەیید عەبدوڕەحمانی سەیید ئەحمەدە.

(١٤) دوای تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی ئیجازەی زانستی، چەندین ساڵ پێشنوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی جامیعەی پێنجوێن بوو. ئنجا کە پێنجوێن لە ساڵی (١٩٨١ز)دا بوو بە مەیدانی جەنگی ئێران و عیراق و خەڵکەکەی ئاوارە بوون، کۆچی کردووە بۆ سلێمانی و، دوای وەفاتی مامۆستا مەلا ئەحمەدی برای بوو بە پێشنوێژی مزگەوتی سەیید ئەحمەدی نەقیب تا ئێستا و، باوکی هەریەك لە: محەممەد و، ئەمین و، صوهەیب و، فەهمی و، ئەحمەدە.

(١٥) لە ژیاندایە و، باوکی هەریەك لە: محەممەد و، حامیدە.

شایـانی بـاسه نووسینـەکـانی ئـەم زاتـە بـە زمـانـی کوردین، وەك خۆی لـە پێشەکیی تـەفسیرەکـەیدا ڕوونی کردووەتەوە.

دەتوانین نووسینەکانی مامۆستای قازی بەپێی ئەو زانیارییانەی لە لامان گەڵاڵە بوون، بەم شێوەی خوارەوە بە خوێنەری بەڕێز بناسێنین:

١– کتێبێکی بە کوردی نووسیوە لە زانستی " نەحوو"دا بەناوی (ئەحمەدی) بۆ مەلا ئەحمەدی کوڕی. ئەم کتێبە دەستنووس بووە و، ئێستا نەماوە.

٢– مودەووەنەیەکی بە کوردی نووسیوە لەسەر کتێبی (عەبدوڵڵا یەزدی) لە زانستی مەنتیقدا. ئەم دەستنووسەش فەوتاوە.

٣– موحاکەمەیەکی نووسیوە لە نێوان هەردوو حاشییەی مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی و مامۆستا مەلا عومەری قەرەداغی مەشهوور بە (ابن القرەداغی) بەسەر کتێبی ( گەلەنبەوی بورهان)ەوە لە زانستی مەنتیقدا. نوسخەی ئەم دەستنووسە خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی کوڕی کاتی خۆی داویەتی بە (مەلا حەسەنی هێجانانی) کە دانیشتووی دەوروبەری " سەقز" بووە. بەڵام دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر دەستی بنەماڵەکەی نەکەوتووەتەوە.

٤– (منهاج)ی ئیمامی نەوەویی لە فیقهی شافیعیدا تەرجەمە کردووە بە کوردی . ئەم دەستنووسەش – بە وێنەی ئەوی پێشوو– مامۆستا مەلا ئەحمەدی کوڕی داویەتی بە مەلا حەسەنی ناوبراو، بەڵام ئێستا بێ سەر و شوێنە.

٥– چەند ساڵێك پێش وەفاتی دەستی داوەتە" تەفسیری قورئانی پیرۆز" بە زمانی کوردی و، لە نزیکی کۆچی ماڵئاوایی لە دنیا تەواوی کردووەو، ناوی ناوە: (تیذکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان)[١٦].

لەبەر ئەوەی ئەم تەفسیرە شاکاری مامۆستای قازییە و، تاقانە بەرهەمیەتی کە ئێستا لە بەردەستدا مابێت، لێرەدا هەندێ زانیاریی لە بارەوە باس دەکەین:

**تەفسیری:( تیذکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان)**

مامۆستا مەلا محەممەدی قازی ئەم تەفسیرەی بە زمانی کوردی داناوە، لە کاتێکدا کە نووسین بە کوردی دەگمەن بووە، نەخوازەڵا تەفسیری قورئان!

(١٦) لە هەندێ شوێنی تەفسیرەکەیدا کە ناوی ئەم تەفسیرە دەبات پێی دەڵێت: (تیذکاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان).

ئەم تەفسیرە لە نۆ دانە بەرگی دەستنووسی گەورەدایە و، لەسەر کاغەزی گەورەی نزیك لە قەبارەی (A3)ی ئەمڕۆدا نووسراوەتەوە.

هەر بەرگێکی ئەم دەستنووسە (٢٩٠–٣٠٠) لاپەڕەیەو، هەر لاپەڕەیەکیش بە تێکڕایی (٢٣) دێڕی تێدا نووسراوەتەوە. ڕووبەری نووسینیش لە هەر لاپەڕەیەکدا بە تێکڕای (١٧سم× ٣٠سم)ەو، بە شێوە خەتێکی نزیك لە شێوە خەتی فارسی و، بە ڕێنووسێکی کوردیی تایبەتیش کە لە نێوان شێوە ڕێنووسی فارسی و عەرەبیدایە. هێشتا کە خۆی لە ژیاندا بووە هەوڵی چاپکردنی ئەم تەفسیرەی داوە..

دەگێڕنەوە کە: کاتێ "مەلیك فەیسەڵی یەکەم" سەردانی پێنجوێنی کردووە و لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێ کراوە، زانایان و پیاو ماقووڵانی ناوچەکە داوا لە مامۆستا مەلا محەممەدی قازی دەکەن وتارێکی پێشوازی و بە خێرهاتن بە ناوی هەموویانەوە ئاراستەی مەلیك بکات. ئەویش کە وتارەکە دەخوێنێتەوە، مەلیك فەیسەڵ لە ڕەوانبێژیی و زمانپاراویی وتارخوێن سەرسام دەبێ و، سەرسوڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێ کە لەناو کورددا زانای هۆشیار و ڕەوانگۆی ئاوا هەبێت. لەو حەلەدا یەکێك لە زانایانی ئامادەی کۆڕەکە ئەوە لای مەلیك فەیسەڵ دەدرکێنێ کە ئەم زانایە تەفسیرێکی بەپێزی بۆ قورئانی پیرۆز نووسیوە. یەکسەر مەلیك بەڵێن دەدات کە لەسەر ئەرکی دەوڵەت تەفسیرەکەی بۆ چاپ بکات. بەڵام دوایی کە لە نێوان قسە و گفتوگۆکانی هەمان کۆڕدا بۆی دەردەکەوێت ئەو تەفسیرە بە (زمانی کوردی)یە، لە بەڵێنەکەی پەشیمان دەبێتەوە!

جارێکی تر بەرگی یەکەمی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی کە خوالێخۆشبوو (شێخ مەحموودی حەفید) لەسەر ئەرکی خۆی چاپی بکات، بەڵام گرفتێکی بۆ دروست دەبێ و، لە چاپ نادرێت.

لە دوای ساڵی (١٩٧٥ز) ڕژێم هەڵمەتێکی ساز کرد بۆ کۆکردنەوەی گەنجینەی دەستنووسەکانی کوردستان، کە بەشی هەرە زۆری دەستخەتی نووسەرەوەی کورد و بەشێکیشی دانراوی زانایانی کورد بوون. بەم جۆرە گەلەکەمان ئەو سامانە بەنرخەی لێ زەوت کرا کە ساڵەهای ساڵ بوو لە کوێرەوەری و ئاوارەیی و بۆردمان وماڵوێرانیدا هەر پارێزگاریی لێ کردبوو، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەو دەستنووسانە لە کوردستان دوور خرانەوە و بران بۆ بەغدا! یەکێك لەو دەستنووسانەی کە بەر ئەو هەڵمەتە کەوت تەفسیری (تیذکاری ئیمان) بوو..

بنەماڵەی مامۆستای قازی هەوڵێکی سەرومڕیان دا کە تەفسیرەکە لەو شالاوە بپارێزن، بەڵام دوای تەقالایەکی زۆر نەیانتوانی تەفسیرەکە لە دەست بەسەرداگرتنی حکوومەت دەرباز بکەن، بەڵام توانییان دوو مەرج دابنێن: یەکەمیان ئەوەیە کە لە کوردستان نەچێتە دەرەوە و ببێت بە موڵکی زانکۆی سلێمانی (صەلاحەددینی ئێستا). دووهەم ئەوەیە کە زانکۆی ناوبراو لەسەر ئەرکی خۆی تەفسیرەکە چاپ بکات.

مەرجی یەکەمیان جێبەجێ کرا و بوو بە موڵکی زانکۆی سلێمانیی ئەو کاتە صەلاحەددینی ئێستا. بەڵام مەرجی دووهەم تائێستاش ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، نە لەو کاتەدا کە هی زانکۆی سلێمانی بوو، نە لەو کاتەشەوە کە هی زانکۆی صەلاحەددینە. تەنانەت دوای تێپەڕ بوونی پازدە ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی گەلی کورد و، کردنەوەی چەندین دامودەزگای پەخش و چاپکردن و، بڵاوبوونەوەی سەدان کتێب لەم ماوەیەدا کەچی هێشتا ئاوڕ لە چاپکردنی ئەم تەفسیرە نەدراوەتەوە، کە ئەویش کارێکە لە توانای تاکە کەس و بنەماڵەکەیدا نییە، بەڵکو کارێکی هێندە گەورەیە کە تەنها ئامادە کردنی بۆ چاپ بە لێژنە نەبێت ئەنجام نادرێت، هەروەك ئەرکی لە چاپدانیشی دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەت، بەتایبەت کە ئەو تەفسیرە کەلەپوورێکی نەتەوەیییە، وێڕای ئەوەش بەو مەرجە بووە بە موڵکی لایەنی ناوبراو کە بە چاپی بگەیەنێت. هیوادارین چیتر چاپکردنی ئەو تەفسیرە دوانەخرێت، چ لە لایەنی بەرپرسەوە بێت لە زانکۆ و چ لە لایەنی خەمخۆرانی کەلەپووری کوردییەوە بێت، بەڵکو هەوڵێکی دڵسۆزانەی بۆ بخرێتە کار و، ئەم ئاواتە و سەرجەم هیوا و ئاواتەکانی تری بنەماڵەی زانیارانی کوردستان بهێنرێتە دی.

[illegible]

[illegible] والله تعالی اعلم

سورة الناس مدنية قيل و توية مكية و اولی اصح و ایاتها ست

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس [illegible]

[illegible]

ولا يوبه [illegible] قل الله احد و قل اعوذ برب الفلق و قل اعوذ برب الناس [illegible]

[illegible] و صلى الله على سيدنا محمد و على اله و صحبه و سلم

١٢٧٩ رمضان ٢٩

محمد خواجه زاده

## کۆچی ماڵئاوایی

ئەم مامۆستا دڵسۆز و گەورەیە، دوای ئەوەی کە تەمەنێکی پڕ پیت و بەرەکەتی لە خزمەتی ئایین و زانست و خاك و میللەتەکەیدا بەسەر برد، لە ڕۆژێکی هەینیی ساڵی (١٩٣٥ز) بەرامبەر بە (١٣٥٣-١٣٥٤ك) لە شارۆچکەی پێنجوێن کۆچی ماڵئاوایی لە دنیای فانی کرد و، هەر لە پێنجوێن لە گۆڕستانی (حاجی شێخ) بە خاك سپێررا. خوای گەورە لێی خۆش ببێت و بە بەهەشت و مهرەبانیی فراوانی خۆی شادی بکات. ئامین . لە خوا داواکارین کە نەوەکانیشی لەسەر ڕاستە شەقامی ئایینی پاکی ئیسلام و، خزمەت بە نەتەوە و وڵاتی خۆیان بەردەوام بکات، کە مامۆستای ڕەحمەتی هەموو تەمەنی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کرد.

## تێبینی

١- جگە لەو زانیارییانەی کە لە مامۆستا مەلا هیبەتوڵڵام وەرگرت و، ئەوانەش کە لای خۆم هەبوون، سوودیشم لە کتێبی (علماؤنا)ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس- خوا لێی خۆش بێت- وەرگرتووە، کە هەمان ئەو زانیارییانەی لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران)یشدا بە کوردی بڵاو کردووەتەوە.

٢- بابامەردۆخی ڕۆحانی- خوا لێی خۆش بێت- ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە مامۆستا مەلا محەممەدی قازی لە کتێبی (علماؤنا)وە کردووە بە فارسی و لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەیدا (تاریخ مشاهیر کرد) بڵاوی کردووەتەوە.

## بانگی محەمەد بەئاشکرا خۆشە(*)

٥٤١

گەلێ جار خوێنەر کە چاو بەلاپەڕەکانی ڕۆژنامەکاندا دەگێڕێت – بەموناسەبە و بێ موناسەبە – چاوی بەوتارگەل و باسگەلێکدا هەڵدەتەقێ تیایاندا هێرشی توند و ناڕەوا دەکرێتە سەر مزگەوت و بانگ و ئەوقاف و مەلا و کاربەدەستانی مزگەوت، دیارە ئەو کەسانەیش ئەو بابەتانە دەنووسن – نازانم بۆ – بیر لەوە ناکەنەوە بڵێن: پێش من – یان ئێمە– لەفلان ڕۆژنامە و فلان ڕۆژنامە – یان هەر ئەم ڕۆژنامە کە وتارەکەی ئەوی تێدایە–دا چەند جار ئەم باسە نووسراوە و، با ئیتر کۆتایی بێت و، ئەم بوارە بەسواو دابنێین؟ بابەتەکانیش ناشارەزایانە لە کەسانێکەوە دەردەچن یان هەر ئاگایان لە بارودۆخی مزگەوت نییە و مێژووی مزگەوت نازانن، یان خۆیانی لێ گێل دەکەن و لەبەر مەبەستی خۆیان گومەز و منارەکانی مزگەوتەکان دەکوتنەوە.

دەبێ لەپێشدا ئەوە بڵێین: بەداخەوە وەك زۆر لایەنی مێژووی نەریت و کولتوور و ڕێ و ڕەسمی کوردەواریی ڕەسەن نەنووسراوە، مێژووی مزگەوتی کوردستانیش نەنووسراوە، ئەوانەی لە دەرگای ئەو بابەتە دەدەن تفەنگ بەتاریکییەوە دەنێن و خۆیان لە بابەتێك هەڵدەقورتێنن بابەتی ئەوان نییە.

جاری دیش گوتوومە و دەیڵێمەوە[(١)]: ڕۆشنبیریی کورد ڕۆشنبیریی حوجرە و مزگەوتە، نازانین پێش هاتنی ئایینی ئیسلام شێوەی فێرکردن و خوێندن و ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا چۆن بووە و، بەڵگەی ڕوونی ئەم لایەنەمان لە دەستدا نییە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئایینی ئیسلام هاتووە یەکەم هەنگاوی بۆ ئەو خەڵکەی کە شوێن ڕێبازەکەی کەوتوون دروستکردنی مزگەوت بووە. مزگەوتیش لەتەك ئەو کارە زۆرەیدا کە تیایدا ئەنجامدراوە – هەر لە خودا پەرستییەوە تا کاروباری کۆمەلایەتیی – خوێندن و فێرکردنی نەوەی ئەو شوێنە ئەرکی سەرەکی مزگەوت بووە و، هەمیشە حوجرەی فەقێ و مەلا بەتەنیشتی مزگەوتەوە بووە و، تاکە سەرچاوەی ڕۆشنبیریی گەل و وڵات بووە.

بۆیە ئێستەیش هەر کەسێك لە ئێمە– کورد وتەنی– ڕەش و سپیی لەیەك جیابکاتەوە و سەر

(*) ئەم بابەتەم نارد بۆ (هاوڵاتی) بڵاویان نەکردەوە.

(١) بڕوانە: محمدعلي القرەداغی، هوية كركوك الثقافية والادارية، دار آراس، ٢٠٠٤، الطبعة الاولي، ص:٩.

و دەروویەکی خوێنەواریی بکات، قەرزاری حوجرە و مزگەوت و ئەو مامۆستایانەیە کە لەو مزگەوتانەوە– هەر لە کوێرە دێیەکەوە بیگرە تا شارۆچکە و شارە گەورەکان – دەرچوون.

خۆ قەرزاریی ئەدەبی کوردیش بۆ مەلا و مزگەوت لایەنێکی حاشاهەڵنەگری وەهایە هەموومان لە عاستیدا ملکەچین. هەر لە بابا تاهیری هەمەدانیی و، مەلای جزیریی و، ئەحمەدی خانیی و، ناڵیی و، سالم و، کوردیی و، وەفایی و، حاجی قادری کۆیی و، شێخ ڕەزای تاڵەبانیی و... کێ و کێوە، تا ئەم سەردەمەی دوایی کامیان بووە لە حوجرەدا نەیخوێندبێ و ئیجازەی مەلایەتیی و دەرزوتنەوەی لای مەلای مزگەوت وەرنەگرتبێ؟!

هیچ زیادەڕەویم نەکردووە ئەگەر بڵێم: ڕۆشنبیرانی سەدەی ڕابووردوویش تا ئەمڕۆیش قەرزاری مزگەوتن و، ئەوانەیان مەهەکی خوێندنی حوجرە و مزگەوتیان تیادا نەبێت قەڵەمیان بەبڕشت و زمانیان پاراو نییە. هەر بۆ نموونە دەڵێم: هەژار و، هێمن و، مەلا شوکور و، لەوانەیش زیندوون د.عیزەدین مستەفا و، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و، چەندین کەسی کە ئەستێرە گەلی دیاری ئاسمانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی ئەم سەردەمەن، ئەو ڕۆشنبیرییەیان لە کوێ هێنا؟

کە بیشچینەوە بۆ لای سەرکردەکانی بزووتنەوەکانی شۆڕشە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد، کامیان ناوی مەلای پێوە نییە؟ کامیان هەیە لەتەك دەرزی ڕۆشنبیریدا دەرزی کوردایەتیی لە حوجرە و مزگەوتەوە فێر نەبووبێت؟

بەرپرسانی ئەمڕۆی کوردستانیش ئەوانەیان پێشمەرگایەتییان کردووە کامیان هەیە قەرزاری مزگەوت نەبێ؟ کامیان هەیە دەیان و صەدان شەو ژووری مزگەوتی لادێ داڵدەی نەدابێت و، لە زریان و تۆف و زوقم و باران و بەفر نەیپاراستبێ؟ کاتێ کە ئێوارە لە ماڵی خانەخوێ جوتیارە هەژارەکەیدا هەرچی خودا دابێتی خواردوویە و لێفە و سەرینێکی ناوەتە بندەستی و لە مزگەوتی گونددا لە تەك پێشمەرگەکانی هاوەڵیدا شەویان ڕۆژ کردوەتەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێ بیری ئەو قەڵەم بەدەستانەی بێنینەوە و بڵێین: ئایا لە مێژووی کۆن و ناودارانی کورددا بەدرێژایی مێژووی کۆنمان کەسێکمان جگە لە مامۆستایان و مەلایانی مزگەوت هەیە شانازییان پێوە بکەین؟ ئەگەر ساڵەها بەلاپەڕەکانی مێژوودا بگەڕێن (یەك) کەسیان دەست دەکەوێت کە دەرچووی مزگەوت و حوجرە نەبووبێت؟

کە باسی ئەوە دەکەن ئەوقاف پارەی زۆری بۆ مزگەوتەکان خەرج کردووە ئێمە دەڵێین: بەپێچەوانەوە ئەوقاف زۆر کەمتەرخەمیی لە ئاوەدانکردنەوە و پاك و جوان ڕاگرتنی مزگەوتەکاندا کردووە. مزگەوتەکان شوێنانێکن ڕۆژانە پێنج جار لە لاو و پیر و

دەوڵەمەند و فەقیر و هەموو چین و توێژەکانی گەل بەژمارەی زۆر ڕوویان تێدەکەن و خوداپەرستیی و ئەرکی ئاینیی خۆیانیان تێدا بەجێ دێنن.

خاڵێك هەیە ئەو نووسەرە بەڕێزانە زۆر پێی لەسەر دادەگرن و، بە ناڕەوا دەیجوونەوە، بێ ئەوەی بزانن، یان بیر لەوە بکەنەوە، کە بیر و بۆچوونەکەیان لنگەو قووچ و، قیاسەکەیان وەك (قیاسی کەشك لە مەشکە) وایە، دەڵێن: ئەو پارەی بۆ مزگەوت دروستکردن خەرج دەکرێت با بۆ دروستکردنی کتێبخانە و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی دروستکردن خەرج بکرێت.

بەو قەڵەم بەدەستانە دەڵێم: حەق وایە پێش ئەوەی قەڵەم بخەنە سەرکاغەز بچن سەرژمێرێکی مزگەوتەکان بکەن و، لە تەك ئەوەدا سەرژمێرێکی ورد و دروستی نوێژکەران و ئەو کەسانەیش بکەن کە ڕۆژانە ڕوو لە مزگەوتەکان دەکەن، دواییش بچن سەردانێکی کتێبخانە گشتییەکان بکەن و ڕێژەی هاتوچۆکەرانی ئەوانیش بزانن، ئەوسا باس و بابەتەکانیان بنووسن؛ چونکە هەموومان دەزانین یەکێك دەستی بڕوا و ژیریش بێت بەگوێرەی پێویستی خۆی خانوو دروست دەکات، هەروەها بۆ خواردن و جل و بەرگ و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و ساڵانەی. مزگەوت و کتێبخانەیش لەمە بەدەرنین.

لێرەوە بەو قەڵەم بەدەستانە دەڵێم: لە ئێوە زیاتر دڵم بەڕۆشنبیریی دەسووتێت و، زۆر لە ئێوەیش زیاتر حەزدەکەم گەنج و پیری گەلەکەمان ڕۆشنبیر و خوێندەوار و پسپۆڕی بوارە جیاجیاکانی جیهان و ژیان بن، ئەوەندەی من دڵم بەمێردمنداڵان و گەنجانی قوتابیی ئەمڕۆمان دەسووتێ بڕوا ناکەم ئێوە وەهابن. من دەڵێم: کاتێك چاوم بەمێردمنداڵان دەکەوێت چوار و پێنج و زیاتریش لەسەر کووچە و کۆڵانەکاندا سەریان کردووە بەیەکدا و، لووتیان ژەندووەتە مۆبایلەکانیان و، سەرگەرمی (ئەسپێ کوشتن!) و گۆڕینەوەی وێنە و دیمەنی بەدڕەوشتیی و قیزەون و ماڵکاولکەرن، یان زۆربەی کاتەکانیان بەرانبەری سەتەلایت و ئینتەرنێت – بۆ زانست نا – بۆ سەیرکردنی بابەتگەلی کات بەفیرۆدەر و، سەر لێشێوێن و، ڕەوشت ڕووخێنەر بەسەر دەبەن و، بەو بۆنانەوە پلەی زانست لە وڵاتەکەماندا ئەوەندە دابەزیوە گەنجێك کە زانکۆ تەواو دەکات – یان پێی و بۆی تەواو دەکەن –و لە دەزگایەکدا دادەمەزرێت ناتوانێ بەدوو دێڕ لاپەڕەیەك ڕەش کاتەوە و دەستبەکاربوونی خۆی بدات بە بەرپرسی دەزگاکەی! ئەوە با گەندەڵیی و گزیی لە تاقیکردنەوەدا و (ڤیتامین واو) بۆ دەرچواندن و، هەڕەشەکردنی لە مامۆستا ئەگەر لە دەرزەکەی ئەودا بکەوێت و، ئەنجام بڕوانامەی ساختە و درۆو کڕرا و لەولاوە بوەستێت.

ئەمە وای کردووە کە کتێبخانە گشتییەکان بێ ناز و بێ خوێنەرن و، چەند ڕۆژێکی کاتی

تاقیکردنەوەی لێ دەرچێت کورسیی وا هەیە لە کتێبخانەکاندا بەماوەیەکی زۆر – ئەگەر نەڵێم بە ساڵ – کەسی لەسەر دانانیشێت. بەڵام بارودۆخی مزگەوت زۆر پێچەوانەیە و، لەم شارەدا – سلێمانی – لە پتر لە حەفتا مزگەوتدا ڕۆژانی هەینی نوێژی جومعە دەکرێت و، ئەگەر ئەو قەڵەم بەدەستانە هەر بۆ بینین بە بەردەمی مزگەوتەکاندا بڕۆن و، لەکاتی وتاری هەینیدا چاوێك – هەر لە دەرەوە – بەمزگەوتەکاندا بگێڕن، دەبینن تەنانەت سەربانی مزگەوت و حەوشە و کۆڵانیش بەر ناکەوێت و، دەرزیی هەڵدەیت لەبەر نوێژکەر ناکەوێتە زەوی! خۆ بەو ئەندازەیش زیاتر مزگەوت هەیە کە جومعەیان تێدا ناکرێت و تەنها بۆ نوێژەکانی دی تەرخان کراون، ئەوانیش پێنج فەرزە نوێژیان تێدا دەکرێت و، لە هەموو نوێژەکاندا جمەیان دێت لە نوێژکەردا.

خۆ ئەگەر بەئەندازەی چواریەکی مزگەوتەکان کتێبخانەی گشتیی لەم شارەدا هەبێت ڕەنگە بڵێم یەکی بەحەفتەیەکیش (مراجع) خوێنەرێکی بۆ نەچێت.

من کە ئەم قسەیە دەکەم وەنەبێ بۆ شاکامی دەربڕینم بێت بەو بارە ناهەموارەی ڕۆشنبیریی و، بڕواتان هەبێت گەلێ دیمەنی سەرگەردانیی و نەخوێندەواریی و ناڕۆشنبیریی گەنجانمان دەبینم، هەر یەکێکیان وەك ئەوە وایە خەنجەرێك لە جەرگم بدرێت، بەڵام من بڵێم چی؟ زۆر حەز دەکەم لە وڵاتەکەمدا خوداپەرستیی و ڕۆشنبیریی دەستلەملانی یەك بن و، بەئەندازەی مزگەوتەکان و زیاتریش کتێبخانەی گشتیی و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەبێت و، گەنجان وەکو هەنگ سەر بکەنە کتێب و هەڵاڵەی بیری بەسوود و زانستی بەکەڵك هەڵمژن.

دووبارە هەر لە باسی دروستکردنی مزگەوتدا حەز دەکەم خاڵێکی دی ڕوون بکەمەوە:

مزگەوت بەدرێژایی مێژووی ئایینی ئیسلام – یەك مزگەوتی گەورەی شارە گەورەکانی لێ دەرچێت – هەمووی لەسەر ئەرکی دەوڵەمەندان و خێرخوازانی وڵات دروست کراون و بنیات نراون. گەلێك لەو دەوڵەمەندانە لە تەك دروستکردنی مزگەوتەکانیاندا جۆگە، یان زەویی، یان ماڵ و بازاڕ و دووکانیان بۆ مزگەوتەکان وەقف کردووە، تا بەروبوومی ئەو وەقفانە بۆ پێداویستییەکانی مزگەوتەکان خەرج بکرێت.

سەرنجدانێکی ناوی مزگەوتەکان هەر لە کۆنەوە تا ئێستە ئەوە بەڕوونیی دەسەلمێنێ، هەر بۆ نموونە بڕوانە: مزگەوتی هەمزە ئاغا، مزگەوتی حاجی عەزیزی خەیات، مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی، مزگەوتی عەلی کەمال، مزگەوتی حاجی محەمەدی کۆڵەك، مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە، مزگەوتی مام ئەمین...، دەیان مزگەوتی دیکە، هەروەها ئەگەر ناوی شوێنە وەقفکراوەکان بخوێنیتەوە، جگە لەوەی گەلێ لە مزگەوتەکان ریزە دووکانیان

بەدەورەوەیە، ناوی وەقفی شوققەکانی سەیید حەسەن و، شوققەکانی قامیشان و چەندین ماڵ و حەمام دەبینی.

تەنانەت لە سەردەمێکدا، پێش ئەوەی دەسکاری وەقفەکان بکرێت و وەقفەکان بگۆڕرێن و بفرۆشرێن، وەزارەتی ئەوقاف دەوڵەمەندترین وەزارەت بوو، هەر لەسەر ئەو بنەمایشە کە ئێستەیش (ديوان الوقف السني) و (ديوان الوقف الشيعي) هەیە.

بۆیە هەرچی بۆ مزگەوت خەرج بکرێت هیچ منەتێکی تێدا نییە و، لە لایەکەوە ڕۆنی خۆیەتی دەدرێتەوە لە سمێڵی خۆی و، لە لایەکی دیشەوە کە زۆربەی هەرە زۆری گەلەکە موسوڵمان و نوێژکەرە و نوێژیش شوێنی دەوێت و مزگەوت یەکێکە لە پێداویستییەکانی مرۆڤی موسوڵمان، وەك چۆن حوکوومەت لە سەریەتی نەخۆشخانە و شوێنی گشتیی بۆ خەڵك دابین بکات، ئاوایش لەسەریەتی مزگەوت و شوێنی خوداپەرستیی بۆ هاووڵاتییە موسوڵمانەکان دابین بکات.

بەڵام بەپێچەوانەوە ئێستە حوکوومەت کۆمەڵێك مەرج دادەنێت لە بەردەمی ئەو کەسانەدا کە دەیانەوێت لەسەر ئەرکی خۆیان مزگەوت دروست بکەن، ئەو مەرجانە لە گەلێ ڕووەوە دەبن بەکۆسپ لە ڕێگەی ئەنجامدانی دروستکردنی مزگەوتەکاندا.

هەر نزیك لەمەیشە خەڵك گلەییان لە وەزارەتی ئەوقاف و دەزگا بەرپرسەکان هەیە کە بەناوی وشككردنی سەرچاوە و بنەوانی تیرۆرەوە حوجرەی مزگەوتەکانیان کوێر کردووەتەوە و، خوێندنی حوجرە نەماوە و، دەنگی فەقێ لە مزگەوتەکانی کوردستاندا – بە لادێ و شارەوە – خەریکە بەیەکجاریی خامۆش دەبێت و، بەمەیش ڕەسەنترین سەرچاوەی دێرینی ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا وشك دەکرێت و، زیانێك لە گەلی کورد دەکەوێت کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

خەڵك دەڵێن تیرۆر بیانووی ئەنجامدانی ئەم کارەیە، ئەگینا بۆچی صەدان ساڵە بەدرێژایی مێژوو حوجرە تیرۆریستێکی دروست نەکردووە و، هەر کەس لە حوجرە دەرچووبێت نموونەی ڕەوشتی پاك و ڕۆشنبیریی باڵا بووە.

یەکێکی دی لەو لایەنانەی ئەو قەڵەم بەدەستانە ناو بەناو دەیورووژێنن و دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەو ورووژاندنەوە یاریی بە هەستی کەسانێك بکەن و بگەنە ئەو ئامانجەی کە مەبەستیانە ئەویش کپکردنی دەنگی ئیسلامە، ئەگینا گەلێ دەنگی نەشاز هەیە گەلێ جار دەدرێن بەگوێی خەڵکدا و لەوانەیە کاسیان بکەن، کەچی نابینین بە تەنگیانەوە بن و گوێیان لە عاستیاندا کەڕ دەکەن.

بانگ لە کۆنەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی موسوڵمانان بووە لە کاتی نوێژەکاندا و، شار و شوێنی وا هەیە ئێستەیش لەمبەرە و بەری شەقامێکەوە دوو مزگەوت هەیە و، لە هەردووکیشیاندا بانگ دەدرێت و، تەنانەت لە هەردووکیشیاندا مەراسیمی نوێژ و وتارخوێندنەوە بەبڵندگۆ دەدرێت بەگوێی خەڵکدا و خەڵکیش قەڵس و تووڕە نابێت.

بەڵێ بۆ دەنگبەرزیی و چاودێریکردنی بارودۆخ و هەستی خەڵك و نەخۆش و منداڵ، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە دەنگەکە ئەوەندە بەرز نەبێت خەڵك بێزار بکات و، دەنگی بانگدەرەکەیش ناساز نەبێت کە خەڵك پێی ناخۆش بێت. ئەگینا وەك پەندی کوردیی لێهاتووە: (بانگی محەمەد بە ئاشاکرا خۆشە).

## یەکەمە کوردەکان - کوردە یەکەمەکان(*)

٥٤٢

بەبۆنەی بێکەسی و بێ خەمخۆری کارلێهاتووی کوردەوە – جگە لەوەی بەهرە و توانا و وزەی لێهاتوو و بلیمەتانی کورد وەك ئاردی بندڕکی لێ هاتووە – دەیان بابەت و باسی سەر بەزانستیی و زانیاریی و مێژووی جۆراوجۆرمان وەك مەنجەڵی سەر نراوە و بوخچەی نەکراوە لە پەناو پەسێوی چاوەڕوانیدا لارەمل و سەرکز چاوەڕوانی هیمەتی دەستی ڕێزو قەدری دڵسۆزانن بەڵکو تا لەمە دێرتر نەبووە دەستێ بدەنە دەستیان و لە چاڵی چاوەڕوانیی دەریان بهێنن.

یەکێك لەو لایەنانە کە دەکرێ – ئەگەر کاری بۆ بکرێ – کتێبێکی باشی لەسەر بنووسرێت لایەنی دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ریزکردنی ناو و چەردەیەکی ژیانی بلیمەت و هەڵکەوتوو و یەکەمە کوردەکانە لە بوارە جیاجیاکانی پیشەسازیی و، زانستیی و، فەرهەنگیی و، پاڵەوانێتی و، ئازایەتیی و، خەتخۆشیی و، دەنگخۆشیی و، ڕەوانبێژیی و، کەشناسی و، گەردووناسی و، ئەستێرەناسیی و، دەرماناسیی و، بیرتیژیی و، چاوتیژیی و، تەمەندرێژیی و... دا ئەم لایەنە یەکێك لەو لایەنانەیە دەمێکە هەستم بەوە کردووە پێویستە هەوڵی بۆ بدرێت و زەمینەی بۆ خۆش بکرێت و، وەك شیاویەتی بەرهەمی تێدا بەرهەم بهێنرێت(*).

بەڵێ ئەم بوارە بەربلاو و جوغز پان و بەرینە و، سوارچاکی چاپوکسواری دەوێت تا بە

(*) لە ژمارە (١٢١) گۆڤاری (رامان)دا بلاوبووەوە.

(*) لە پیشانگای کتێبی (دار المدى)دا کتێبی (معجم الاوائل)م بینی، دەبێ چەندی لە یەکەمەکانی ئێمەی تێدا بێت.

هەموو لایەكیدا بگات و، ئەگەر نەیشكرا بەبەشی زۆریدا بگات؛ چونكە لە مێژووی كۆنەوە تا ئێستە چەند بلیمەت و هەڵكەوتووی كورد هەبوە - جگە لەوانەیان بەناحەق لكێنراون بەگەلانی دیيەوە و، جگە لەوانەیشیان كە هەر بەیەكجاریی و بۆ یەكجاریی ناویان كوێر بـووەتـەوە و لـە لاپـەڕەی مـێژوو سڕاونـەتـەوە - بـیری ئـەوەیـان لـێ نـەكـراوەتـەوە و بـۆ نەكراوەتەوە كە لە خانە و شوێنی شیاوی خۆیاندا - هیچ نەبێت - ناویان تۆمار بكرێت و نەوەی ئێستە و داهاتووی گەلەكەیان شانازییان پێوە بكەن و، بڵێن: ئێمەیش وەك گەلانی جیهان و لە ڕیزی گەلانی جیهاندایین و زانا و مامۆستا و بلیمەتمان هەبووە، وەك فلان و فلان و، ئەوەیش ناو یان نموونەی بەرهەمەكانیانە.

ئەم بابەتە بابەتێكی بەربڵاو و مەیدان فراوانە و، ئەگەر كەسی پشوو قووڵ و بەتوانا كاری تێدا بكات دەتوانێ كتێبێكی گەورەی باشی لێ بەرهەم بهێنێ و، شاكارێكی هەمیشە زیندووی لێ بخاتە كتێبخانەی جیهانەوە.

گەڕان بەدوای كەرەسەی ئەم بابەتەدا گەلێ جۆر و شێوەی هەیە، جاری وا هەیە بۆ هەندێ كەرەسە گەڕانت ناوێت و باسەكە لە بەردەستتدایە، كاتی وایش ڕێك دەكەوێت زۆر دەگەڕێیت و بێ دەستكەوت دەگەڕێیتەوە. چونكە كەرەسەكان یەك بابەت و یەكڕەنگ نین و، شوێن و كاتی جیاوازیان هەیە، جا با هەندێ نموونەی ئەو كەرەستانە بخەینە ڕوو كە دەكرێ وێنە و نموونەیان زیاتر بكرێت و باسەكەیان پێ دەوڵەمەند بكرێت:

## شایەتیی تۆماركراو لە مێژوودا

١- دەربارەی موفتیی زەهاویی - محەمەد فەیضی زەهاویی - بەشایەتیی مێژوو دەتوانین لە دوو بواردا - بەلای كەمییەوە - بەتاقانەی چەرخی خۆی و یەكەمی وڵاتانی ئیسلامیی دابنێین، ئەوەتا لە سیجیلی عوثمانیدا دەربارەی خوێندەواریی و توانای زانستیی ئەو پیاوە نووسراوە: لە سەرووی هەموو زانایانی چەرخی خۆیەوەیە و، كەس توانای زانستیی ئەوی نییە![1]

٢- هەر دەربارەی ئەم مامۆستا مەزنە و لە ڕووی بیرتیژییەوە كەس لە چەرخی خۆیدا هاوتای نەبووە، بەجۆرێك ئەو شتانەی ئەو وتوونی و نووسیونی لە چەرخی خۆیدا بیری كەس پێی نەگەییوە، (سری پاشا) كە باسی ئەم لایەنەی موفتیی زەهاوی دەكا دەڵێ: ئەو شتانەی ئەو ئەیكردن یان ئەیوتن ئەگەر یەكێك بەچاوی خۆی نەیدیبایەن و

---

(١) بڕوانە: محمدعلی القرەداغی، محمد فیضي الزهاوي، نبذة عن حیاته وشئ من آثاره، دار آراس للنشر والطباعة، الطبعة الاولى ٢٠٠٤. ل: ١٠.

بۆی بگێڕرایەتەوە لەوانە بوو باوەڕیان پێ نەکات. بەڵکو وەك ئەفسانەی عەنتەر و شتی وەها بوون(٢).

## شایەتیی بەبینین و بەشوێنداچوونی شوێنەوار

گەلێ جار ئەو شوێنەوارانەی لە کەسێك بەجێ دەمێنێن بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەوەن کە ئەو کەسە لەو بوارەدا تاقانەی چەرخی خۆی بووە و، یەکەمی داهێنەری ئەو کارە بووە. بەگەڕان و پشکنین نموونەی ئەم بابەتە زۆر دەدۆزرێتەوە، وەك:

١- مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان یەکەم زانای کوردە کە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری (د.خ) کە لە موسلیم و بوخاریدان، کۆکردوەتەوە و بەشێوەیەکی زانستییانەی کەموێنە تەرجەمەی کردوون بۆ زمانی کوردیی و، کتێبەکەیشی تا ئێستەیش گەورەترین کتێبی کوردییە لە بواری خۆیدا(٣).

٢- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە چەند بواردا یەکەمیی بۆ خۆی قۆرخ کردووە و کەس ناتوانێ لەو بوارانەدا بەتۆزی پێی ئەسپی چالاکییەکانیدا بگات، بۆ نموونە:

أ- یەکەم کەس بووە وتاری ئایینیی لە ناوچەی سلێمانیی - ئەگەر نەڵێم لە هەموو کوردستان -دا بەزمانی کوردیی لەسەر مینبەری مزگەوت خوێندووەتەوە.

ب- یەکەم کەس بووە شەریعەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی ڕەسا و ڕەوان بەزمانی کوردیی داناوە و بڵاوی کردوەتەوە.

ج- یەکەم کەس بووە تەفسیری قورئانی پیرۆزی بەزمانی کوردیی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوەتەوە.

د- جگە لەوەی مامۆستای مودەڕیس لەگەلێ لە بەرهەمەکانیدا یەکەم کەسە بەو شێوە کاری وای کردبێت، لە ڕووی چەند و چۆنیی و بەرهەم زۆریشەوە، مامۆستا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە و، لەم چەرخەی ئێمەدا هیچ مامۆستایەکی کورد بەئەندازەی مامۆستای مودەڕیس دانراوی بەزمانی کوردیی نەبووە.

٣- مامۆستا عەلادین سەجادیی: جگە لەوەی لە بواری نووسینەوەی ڕشتەی مرواریی و چەند بەرهەمی دیدا دەستپێشخەر بووە و کەس پێش ئەو ئەو کارانەی نەکردووە، لە

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ل: ١٥٤.

(٣) بڕوانە: مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان (اقتران النيرين في مجمع البحرين) لێکۆڵینەوەی محەمەدعەلی قەرەداغیی بەرگی ١-٩ چاپخانەی جیا جیا و ساڵانی جیا جیا.

بواری نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردیدا کەس پێشی نەداوەتەوە و، یەکەم کەسە مێژووی ئەدەبی کوردیی بەو شێوە و قەوارە و بابەتە نووسیبێتەوە.

٤- مامۆستا محەمەد طاهیری کوردیی: بەگەڕان و پشکنین دەزانین ئەم مامۆستایش لەگەڵیّ بواردا یەکەمیی بەدەست هێناوە:

أ- یەکەم مامۆستای کوردە کە قورئانی پیرۆز بەخەتی ئەو نووسرابێتەوە و لە شاری مەککەی پیرۆزدا چاپ کرابێت. بەڵکو قورئانە دەستخەتەکەی ئەو یەکەم قورئانە لە شاری مەککەدا چاپ کرابێت و، بە(مصحف مكة المكرمة) ناسراوە.

ب- یەکەم مامۆستایە - ئێمە بزانین - لە ورد نووسییدا پێشی هەموو خۆشنووسانی کوردی - ئەگەر نەڵێین هەموو جیهانی - دابێتەوە. چونکە لەسەر دەنکە گەنم ڕوباعیی شیعری عەرەبیی نووسیوەتەوە، لەسەر دەنکە برنج سوورەتی (الاخلاص) و (قريش)ی نووسیوەتەوە.

ج- یەکەم زانای کوردە ئەندامی لیژنەی نوێژەنکردنەوەی (المسجد الحرام) بووبێت.

وەك لە چەند بواری دیکەیشدا یەکەمیی بۆ خۆی قۆستۆتەوە.

٥- کاتی وایش هەیە بەپشکنینی زۆر و گەڕان و ماندووبوونی سەرومڕ نەبیّ ناگەیتە ئەنجام و یەکەم لەو بوارەدا بەشوێنیدا دەگەڕێیت بەئاسانیی نادۆزرێتەوە. بۆ نموونە لە (قاهیرە)ی پایتەختی (میصر)، (الجامع الازهر) بووە، لەو شوێنە دێرینە گەورەدا بەشێکی تایبەتیی بۆ کورد هەبووە بەناوی (رواق الاكراد) دیارە چەندین مامۆستای کورد سەرپەرشتیار و بەرپرسی ئەو شوێنە بوون، وەك بیستوومانە دواکەس تیایدا مامۆستا عومەر وەجدیی بووە، بەڵام بۆمان ڕوون نییە یەکەم بەرپرسی ئەو شوێنە کام زانای کورد بووە، ئەگەر یەکێك بەشێنەیی بەلیستی ناوی مامۆستایانی ئەزهەر و مامۆستا کوردەکانیدا بگەڕێت لەوانەیە بگاتە ئەنجام و بۆی دەربکەوێت کیّ یەکەم زانای کورد بووە لەو شوێنەدا.

هەروەها بێگومان لەو شوێنە گەورەدا - الازهر - چەندین قوتابیی کورد خوێندوویانە و خوێندنیان تەواو کردووە و بڕوانامەیان وەرگرتووە و، ئەگەر بمانەویّ ناویان تۆمار بکەین دەتوانین ناوی چەند کەس بنووسین، بەڵام بەڕوونیی بۆمان دەرنەکەوتووە کیّ یەکەم قوتابیی کورد بووە بۆ خوێندن چووەتە ئەویّ، بەڵام ئەمیش بەگەڕان و پشکنین دەکریّ بدۆزرێتەوە.

ئەم باسە بۆ مەدرەسە گەورەکانی دیکەی جیهان هەمان باس هەڵدەگرێت و، دەکریّ

بەپشکنین یەکەم مامۆستای کورد بدۆزینەوە کە لە مەدرەسەکانی (النظامیة) و (المستنصریة) و... دەرزی گوتوتەوە و فەقێ و مامۆستای پێگەیاندووە.

هەروەها چەندین کەس لە شاری مەدینەی پیرۆزدا قازیی بوون، بۆ نموونە مامۆستا مەلا محەمەدی وانیی ناسراو بە(وانقولی) ساڵی ١٠٠٠هـ – ١٥٩٢م کۆچی دوایی کردووە قازیی شاری مەدینەی پیرۆز بووە. هەروەها مامۆستا ئیسماعیلی ئامودییش کە ساڵی (١١٢٤ك) لە ژیاندا بووە قازیی هەمان شوێن بووە، دوور نییە پێش ئەوانیش و دوای ئەوانیش مامۆستایانی مەزنی کورد قازیی هەمان شوێن بووبن، بەڵام گەڕان و پشکنینی دەوێ تا بزانین کام مامۆستای کورد یەکەم قازیی ئەو شارە پیرۆزە بووە.

خۆ ئەگەر بۆ ناوی ئەو مامۆستا کوردانەیش بگەڕێین کە تەنها بەبلیمەتیی و لێهاتوویی خۆیان پلەی ئیمامەت و تەدریس و کاری دیکەی مزگەوتی مەککە (المسجد الحرام)و مزگەوتی مەدینەی پیرۆزیان بەدەست هێناوە، یان پلەی هەردوو لایان و بە (امام الحرمین) ناسراون، ئەوە بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێینەوە و ئەوانەیش کەم نین و چەندین مامۆستامان لەو شوێنانەدا بوون، جگە لەوانەیش چەندین مامۆستامان لەو دوو شوێنەدا پیشەی دەرزوتنەوەیان بووە و، مامۆستا و (مدرس) بوون، دۆزینەوەی یەکەم کەسی ئەوانەیش بەگەڕان و پشکنینی ورد و سەرومڕ بەدەست دێت.

هەر نزیك بەمەیش چەندین مامۆستای مەزنمان لە مێژووی کۆندا لە مەدرەسە گەورە و بەناوبانگەکانی جیهاندا (زاویە)و حوجرە و شوێنی تایبەتی خۆیان هەبووە، بەڵام دۆزینەوەی یەکەمەکانی ئەو شوێنانەیش بێ ماندووبوون و گەڕانی زۆر نابێت.

هەندێ جاریش بۆ دۆزینەوەی یەکەمی هەندێ بوار لەبەر هاوچەرخێتیی ئەو کەسە، یان لەبەر شایەتیدانی مێژوو و مێژوونووسان، یان لەبەر هۆگەلی دیکە بێ ماندووبوونێکی ئەوتۆ ئەو یەکەمە دەزانرێت، بۆ نموونە: ئیبنو صەلاحی شارەزووریی کە زانایەکی کەموێنەی چەرخی خۆی بووە و گەلێ دانراوی پڕ بایەخی هەیە، بەشایەتیی ئەوانەی ژیانیان نووسیوە دەڵێن: یەکەم زانایە لە جیهاندا بەشێوەیەکی زانستییانە کتێبی لە (علوم الحدیث)و فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا (د.خ) نووسیوە.

هەر لەو ڕووەوە کە بۆ یەکەمە کوردەکان بگەڕێین دەکرێ بیشگەینە وڵاتانی دوور و سنووری گەلێ شوێن ببەزێنین بۆ دۆزینەوەی یەکەم لە هەندێ بواری دیدا. نموونەی ئەم بابەتە لەوەدا دەردەکەوێت کە لە وڵاتی ئەندەنووسیادا ئایینی ئیسلام بڵاو بووەتەوە زانایانی کورد دەوری کاریگەریان لەو بڵاوبوونەوەدا بووە. بۆ ئەمەیش چەند زانای کورد ناو دەبرێن وەك مەلای گۆرانیی و، مەلا ئیبراهیمی گۆرانیی و، جەعفەری

بەرزنجیی و زانایانی دیکەیش، بەڵام لە ناو ئەو زانایانەدا کێ یەکەم کەس بووە کە ڕێگەی بۆ ناساندنی کورد بەو دوورگانە خۆش کردووە تا تەنانەت وایان لێ بێت منداڵەکانیان بە(کورد) ناو بنێن؟(٤)

## بواری چاپخانە و بڵاوکردنەوەی کتێب

یەکێکی دی لەو بوارانەی زانایانی کورد هەوڵیان بۆ داوە و، پێش گەلێ لە زانایانی چەرخی خۆیان کاریان بۆ کردووە و دەستپێشخەرییان تێدا کردووە. بواری چاپ و بڵاوکردنەوەیە. پێشتر لە نووسینێکدا باسی ئەوەم کرد کە یەکەم کتێب لە یەکەم چاپخانەی بەغدادا چاپ کراوە دانەرەکەی کورد بووە(٥).

ئەمەیش تاقانە و هەتیو نەبووە و کەسی دیکە و کەسانی دیکەیشمان لەم بوارەدا هەبوون و، ڕەنگە ئەگەر هەموویان بدۆزرێنەوە و ناونووس بکرێن دەوڵەمەندیی ئەم بابەتە بەهەڵکەوتووانی کورد ببڕێت. لە حەجی ئەمساڵدا ١٤٢٧ک. ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ز. لە شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە سەرم لە چەند کتێبخانە دا و، هەواڵی شوێنەواری زانایانی کوردم پرسی. لە کتێبخانەی مەککەی موکەڕەمە کە لە نزیکی حەرەمدایە و، وا باوە ئەو شوێنە – ئەو شوێنەیە کە پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەدی–د.خ– تێدا لە دایك بووە– بەسەر دەرگای یەکێك لە ژوورەکانەوە چاوم بەناوێك ڕوون بووەوە کە نووسرابوو (مکتبة ماجد الكردي). لە بەرپرسی کتێبخانەکەم پرسیی: ئەم پیاوە کێیە؟ وتی: ئەمە یەکەم کەسە کە چاپخانەی لەسەر پشتی هێستر لە عێراقەوە لە ڕێگەی بەصرەوە گەیاندووەتە مەککەو، ئێستەیش چاپخانە یان (دار النشر)ی ماجید لە مەککەدا یەکێکە لە دەزگا ناسراو و ناودارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە.

لێرەدا – بەکورتیی – لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە مەزنە لەلای ئێمە نەناسراوە شتێکی کورت لەسەر ژیانی دەنووسم:

ئەم مامۆستا ناوی محەمەد ماجیدی کوڕی محەمەد صالحی کوڕی فەیضوڵڵای کوردییە. ساڵی ١٢٩٢ی ك. لە شاری مەککەی پیرۆز لەدایك بووە. هەر لەمەککەدا گەورە بووە و لای زانایانی مەککە خوێندوویە و، قورئانی پیرۆزی لە بەرکردووە و، زۆر شەیدای

(٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، چاپخانەی (الخنساء) بەغداد، ١٤٢٢ک ٢٠٠٢ز چاپی یەکەم، ل: ٣٧٧.

(٥) بڕوانە: علماء الكرد وطلابهم الاندونوسيين (!) آثار التأثير الكردي في اندونيسيا، بقلم مارتن فان بروينسن. (لە ئینتەرنێت وە گیراوە).

زانست و بڵاوکردنەوەی بووە. گەلێ کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کردووە. بۆ ئەم مەبەستە چاپخانەیەکی پێکەوە ناوە و، دەستی کردووە بەچاپکردنی کتێب و کڕین و فرۆشتنی کتێب. بەم بۆنەوە بووە بە خاوەنی گەورەترین کتێبخانە لە حیجازدا. ئێستە کتێبخانەکەی دراوە بەکتێبخانەی مەککەی موکەڕەمەو بەناوی خۆیەوە و لە بەشێکی تایبەتیدا پارێزراوە و، ژمارەی کتێبەکانی دەگاتە چوار هەزار و دووصەد ناونیشانی کتێب، کە کۆنترین و نایابترین چاپکراو لەخۆ دەگرن. ئەم کتێبانە لە هۆڵێکی گەورەدا – وەك وتمان – بەناوی (ماجد الکردی)یەوە پارێزراون. ئەم کتێبانە یەکەم کتێبخانە و گەورەترین بەشن لەو کتێبخانەدا و، ئاوێنەیەکی باڵاڕوانن کە هەست و بیرو ئاوات و ئارەزووی خاوەنەکەیان تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە، کە بەڕاستیی شێخ ماجید زانایەکی بەڕێز و یەکێك لە گەورە زانایانی (البلد الحرام) بووە. ماڵەکەی جێگەی کۆڕ و کۆمەڵی زانایان و ئەدیبان بووە، خۆی ناوبانگی گەورەی لە جیهانی ئیسلامیدا بووە.

لە ڕێگەی چاپخانەکەیەوە کە ساڵی ١٣٢٧ك بەناوی (مطبعة الترقي الماجدية)وە دایناوە و بەناوبانگ بووە، بزووتنەوە و ڕابوونێکی زانستیی گەورەی لە شاری مەککەدا بەدی هێناوە. دانراوی گەلێ لە زانایانی شاری مەککە و زانایانی دیکەیشی چاپ کرد.

فیهرەست و ببلیۆگرافیای کتێبخانە و چاپکراوی چاپخانەکەی چوار بەرگە، کە مامۆستا ماجید خۆی ڕێکی خستووە و ژیانی دانەرانی ئەو کتێبانەی تێدا نووسیوە.

ئەم دانراوانەی – بێجگە لە فیهرەستی کتێبخانەکەی – هەیە:

١– معجم كنز العمال.

٢– معجم التخاميس، شعر.

٣– المنتخبات الماجدية، أدب.

هیچیان چاپ نەکراون.

ئەم مامۆستا ساڵی ١٣٤٩ك. کۆچی دوایی کردووە(٦).

دەبێ لە کۆتایی ئەم کورتە باسەدا ئەوە بڵێم: مەبەستم ژماردن و ناونووسکردنی یەکەمە کوردەکان نییە و، وەك وتم ئەمە کات و لێهاتوویی و پشووقووڵیی زۆری دەوێت، بەڵکو مەبەستم لە دەرگادانی ئەم باسەیە بەڵکو کەسانی بەتوانا و لێهاتوو بە دەنگمەوە بێن و هەوڵێکی باش بۆ ئەم بابەتە بدەن.

(٦) بڕوانە: اعلام المكيين من القرن التاسع الى القرن الرابع عشر الهجري، جمع وتصنيف عبدالله بن عبدالرحمن بن عبدالرحيم المعلمي، الجزء الثاني، مؤسسة الفرقان للتراث الاسلامي. ص: ٨٠٠.

## ماموستا شێخ محەمەد نەسیمی سنەیی و مەدرەسەی روشدییە

٥٤٣

کە ساڵی (١٨٩٢ ز) مەدرەسەی روشدییە لە سلێمانیی دامەزرا کۆمەڵێك ماموستای ناوداری شارەکەی گرتە خۆی وەك ماموستا و دەرزبێژ تیایدا، هەروەها کۆمەڵێك قوتابیی لە چینە جیا جیاکانی شار بوون بە خوێندکاری ئەو قوتابخانەیە و، دواتریش بووون بە ماموستا و ئەفسەرو فەرمانبەرو پیاوی دیاری شارەکە.

لەملاو لاو لە بیرەوەریی چەند کەسدا ناوی چەند کەسێك لە ماموستا و قوتابییانی ئەو مەدرەسە هاتووە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بکرێت ئەوەیە بە نامیلکەیەك یان بە کتێبێکی گەورە سەرەتای دروستبوونی ئەو قوتابخانە و، دامەزرێنەری و، یەکەم چینی ماموستا و، یەکەم پۆلی قوتابیی تیایدا و، ناسراوترین و ناودارترین ماموستای و، تا کەی ئەو قوتابخانە بەردەوام بووە و، کاریگەریی لەسەر ڕۆشنبیریی لاوانی شارەکە و... تاد بە بەڵگە و وێنەی ماموستا و قوتابیەکانیەوە و وێنەی شەهادەکانیان و، وێنەی کۆتایی ساڵەکانی دەرچوونی پۆل بەپۆلی قوتابیەکان لەتەك ماموستاکانیدا... ئەگەر ئەمانە لە قاڵبی کتێبێکدا بگونجێنرایەن لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی ڕۆشنبیری شاری سلێمانیی تۆمار دەکرا.

کە ئەمە نەکراوە هەر بابەتێکی نوێ و نەبیستراو لەم ڕووەوە بخرێتە ڕوو کەرەستەیەکی باش دەبێ بۆ ئەو کەسەی ئەم ئەرکە پیرۆزە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت.

ئاشکرایشە یەکەم چینی ماموستای سەرەتای دروستبوونی ئەو قوتابخانە ماموستایانی ئاینیی و دەرچووانی حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستان بوون. ماموستا مەلا ڕەشید بەگی بابان و، شاعیری گەورە زێوەر نموونەی هەرە دیاری ئەم راستییەن. بەڵام بێگومان ناوی چەندین ماموستا لە ماموستایانی ئەو قوتابخانە بەهۆی خەمنەخوراوییەوە بزر بوون و ڕەنگە بۆ هەمیشەیش لە بیرچووبن.

خۆشبەختانە لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا کە خوشکی بەڕێز سوهەیری کچی پارێزەر شێخ عەبدوڵڵای سنەیی ماوەی سوود لێ وەرگرتنی پێدام، دوو سێ نامەی زانای گەورەی کورد ماموستا شێخ محەمەد نەسیمی سنەیی هەیە. ئەم ماموستا برای ماموستایان

شێخ عەبدولقادری موهاجیر و شێخ محەمەد وەسیم و شێخ محەمەد قەسیمە، کە بەهۆی ئاژاوە و کێشەیەکی مەذهەبییەوە لە شاری سنەدا ڕووی داوە، ئەو شارەیان بەجێهێشتووە و، لە سلێمانیی گیرساونەتەوە.

ماموستا شێخ عەبدولقادر لە براکانی دیکەی زیاتر لە سلێمانی و ناوچەکەدا ناسراوە و ناوبانگی دەرکردووە و، کتێبی داناوە و، دانراوەکانی لە مەدرەسەکانی کوردستاندا وەك کتێبی مەنهەجیی بەشێکی زۆری فەقێی ئەو سەردەمە خوێندوویانن.

بەڵام شێخ محەمەد نەسیم ناوبانگێکی ئەوتۆی نەبووە و، ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی بنەماڵەی زانیاراندا دەربارەی ئەفەرموێ: کە هاتوەتە عیراق لە خورماڵدا نیشتەجێ بووە و لەوێ ماموستا بووە تا کۆچی دوایی کردووە. ئیتر شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو ماموستا لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا ناخوێنینەوە.

بەڵام یەکێك لەو نامانەی باسم کردن نامەیەکە ماموستا شێخ محەمەد نەسیم بۆ زانایانی خزمی لە بنەماڵەی سنەیی نیشتەجێی بەغدا نووسیوە، گومانم بۆئەوە دەچێت بۆ شێخ طاهای سنەیی نووسیبێت. لە نامەکەدا باسی ئەوە دەکات ١٣-١٤ساڵ لە مەدرەسەی ڕوشدییەی عەسکەرییە لە سلێمانیی بووە و، دواتر لەو کارە بێتاقەت و بێزار بووە و، حەزی کردووە بگەڕێتەوە بۆ ماموستایی لە حوجرە و مەدرەسەکاندا. بۆ ئەو مەبەستەیش چووەتە کەرکوك و لەو کاتەدا ماموستا مەلا وەیسی عەسکەریی کە ماموستای مەدرەسەی فەرهاد ئۆغڵی بووە لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە، ماموستا شێخ محەمەد ناسراویی باشی لەتەك ئەو بنەماڵەدا نەبووە و، وەك لە نامەیەکی دیکەیدا دەردەکەوێ لە تەکیەی تاڵەبانیی دانیشتووە و، بەنامە داوای لە خزمانی کردووە هەوڵی بۆ بدەن ئەو جێگەی دەست بکەوێت و، بەگوێرەی توانا خزمەتی باشی وەها بکات جێگەی ڕەزامەندیی خاوەن مزگەوت و مایەی سەربەرزیی بنەماڵەی سنەیی بێت.

بەداخەوە لە نامەیەکی دیکەی ماموستا شێخ محەمەد نەسیمدا کە مشك نیوەی خواردووە، هەمان باس هەیە، بەڵام بەو نیوە ناتەواوییە سوودی لێ وەرناگیرێ، ئەوەندە نەبێت ئەم نامەیان مێژووی پێوە نییە، لەو نامەکەیاندا مێژووی ساڵی ١٢٩٩ ك. ی بەرانبەر بە ١٨٨١ز. هەیە. لە پشتی نامەکەوە بە خەتێکی دی نووسراوە: **ئەمە نامەی بەدبەختی چارەڕەش محەمەد نەسیمە و وەڵامی درایەوە.**

ئەم ماموستا کە بەو شێوە ناوبراوە لەوە زیاتر دەربارەی لە دەستی ئێمەدا نییە. دوور نییە ئەگەر بەوردیی لەسەر مەدرەسەی روشدییە بنووسرێت و، چیی زانیاریی دەربارەی

ماوە كۆ بكرێنەوە شتی دی دەربارەی بدۆزرێتەوە و زیاتر كوێرەوەریی ژیانی ڕوون ببێتەوە.

لەم سەروبەندەدا ئاواتی ئەوە دەخوازم ماموستایەكی كارامە و، بە پشوو ئەركی ئەم پرۆژە لە ئەستۆ بگرێت و، چی پێویستە بۆی بكات، وەك ماموستا عەبدولحەمیدی حیرەتی سەججادیی بۆ قوتابخانەكانی كوردستان – سنە – كردوویە[١].

شایانی باسە دەڵێن: مەدرەسەی ڕوشدییەی عەسكەرییە تەنها لە بەغداد و سلێمانیدا هەبووە[٢]. بەڵام ماموستا عەباس عەزاویی دەڵێ: ڕەواندزیش مەدرەسەی ڕوشدییەی عەسكەرییەی لێ بووە و عەبدولحەكیمی كوڕی ماموستای گەورەی كورد مەلا محەمەدی خەتێ لەو مەدرەسەدا ماموستا بووە[٣]. تۆ بڵێی كە ڕەواندز ماوەیەك پارێزگا بووە[٤] مەدرەسەی ڕوشدییەیشی تێدا بووبێت؟

ئەم بابەتەم بەم شێوە نووسیبوو تایپ كرابوو (ساڵنامەی عوثمانیی موصل)م بینی كە تەماشای ناوەرۆكەكەییم كرد بینیم لەوێدا نووسراوە كە ڕەواندز مەدرەسەی ڕۆشدیەی تێدابووە و، (عەبدللە افندی) ماموستای ئەو مەدرەسە بووە و، سێ قوتابیی –شاگردی– بووە[٥].

---

(١) ئەم ماموستا بەڕێزە كە باوباپیری ئەو خوێندنی ڕەسمییان هێناوەتە شاری سنە و دەوروبەری، خۆی ئەركی نووسینی مێژووی ئەو خوێندنە و قوتابخانەكانی و ماموستایان و قوتابیانی قوتابخانەكانی لە ئەستۆ گرتووە و لەسەرخۆ زانیاریی لەسەر بابەتەكەی كۆكردووەتەوە و، گوند بەگوند و قوتابخانە بەقوتابخانە گەڕاوە و، ناوی گوند و قوتابخانە و ماموستایانی قوتابخانەكان و قوتابیانیان و وێنەیان و ژمارەیان و ژمارەی پۆل و ساڵی خوێندن و دەرچوونی قوتابیان و، سەرەتای دروستبوونی قوتابخانەی هەر گوند و شارۆچكەیەك و بەردەوامبوونی و... دەیان بابەتی دی بەبەڵگەی ڕەسمی و گەواهینامە و... لە كتێبێكی كەم وێنەی گەورەی سێ بەرگیدا كۆكردوەتەوە. كارەكەی مایەی ئەوەیە چاوی لێ بكرێت و دڵسۆزانی مێژووی پەروەردە شوێنپێی هەڵگرن.
(بڕوانە: پیشینۀ آموزش و پرورش كردستان، تألیف سید عبدالحمید حیرت سجادی. سنندج پاساژ عزتی انتشارات كردستان. ١٣٨٢).

(٢) بڕوانە: شاری سلێمانی، ئەكرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة، بغداد) ل: ٤٤٥.

(٣) بڕوانە: محمد علي القرداغي، ورود الكرد في حديقة الورود، چاپی دووەم لاپەڕە ٢١٢.

(٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، ڕەواندز ساڵی ١٢٨٤ ك. لیوا بووە، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە: ٢٠٠٦/٦٦.

(٥) بڕوانە: ساڵنامەی عوثمانی ساڵی ١٣٣٠ك (ساڵنامەی موصل).

وەك وتم سەرچاوەی ئەم باسە دوو نامەی دەستخەتی مامۆستا شێخ محەمەد نەسیمن کە بەداخەوە مشك لە هەردووکیانی خواردووە، یەکێکیانی زۆر بەرباد کردووە. ئەوەکەیان کە کەمتری لێ خوراوە مێژووی پێوە نییە.

لەم دەرفەتەدا نامە دووەمەکەیان، ئەوەندەی بۆم ساغ ببێتەوە، دەنووسمەوە، جگە لەوەی هەندێکی مشك خواردوویەتی یەك دوو جێگەی کە مانا نەگۆڕن بۆم نەخوێنرانەوە، لەو شوێنانەدا وردە خاڵم دانا.

ئەم نامە دەکرێ وەك بەڵگەنامەیەکی چڕو پڕو پڕ زانیاریی و مەبەست لێی بکۆڵرێتەوە و لە گەلێ ڕووەوە سوودی لێ وەربگیرێت، وەك: ئەو باسەی کە لە نێوانی موصڵ و سنەدا بەنامە و مۆر و طوغرا قسەی لێ کراوە چی بووە؟ لە نێوانی کێ و کێدا بووە؟ دەبێ ئەو کەسەی لە موصڵەوە نامەکەی ناردووە شێخ طاهای سنەیی بووبێت؟

هۆی دەست لەکار کێشانەوەی مامۆستا شێخ محەمەد کە لە عەریزەکەیدا بەدرێژیی نووسیویەتی دەبێ چی بووبێت؟ دەبێ هەر ژیان بووبێت؟ یان شتی دیکەی لە پشتەوە بووبێت؟ لە نامەکەی دیدا – کە وەك وتم بەربادە – کە هەمان مەبەستی تێدا نووسراوە ناوی قازیی سەیید حەسەنی موصڵی هاتووە دوور نییە (نائب الشرع) کە لەم نامەیاندا ناوی هاتووە هەر هەمان سەیید حەسەن بێت.

هەروەها لە نامەکەی دیدا هاتووە کە بەمیوانیی لە تەکیەی شێخ عەلی ئەفەندیی دانیشتووە.

لەم نامەدا دەڵێ – کە مێژووەکەی **١٢**ی صەفەرە – دوو مانگە لە کەرکووکم، بەڵام لە نامەکەی دیدا دەڵێ: دوو ساڵە لە سلێمانیی بێزار بووم و ئێستە لە کەرکووکم، مێژووی ئەم نامەیان – کە ساڵەکەی دیاریی کردووە – **٢٦**ی صەفەری **١٢٩٩** ك. یە.

هەروەها لە نامە دڕاوەکەوە بۆنی ئەوە دێت ژیانی سنەیی لە سلێمانیدا خۆش نەبووبێت.

جگە لەمانەیش پرسیاری ئەوەیش دێتە پێشەوە: کە کتێبخانە و مەوقووفاتی مەدرەسەی فەرهاد ئۆغڵی گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا دوایی هاتوەتەوە بۆ کەرکووك؟

نەوەکانی مەلا وەیسی – کە بە مەلا وەیسی عەسکەریی – دەزانم کێ و کێ بوون؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەیش لە دوو توێی ئەم دوو بەڵگەنامە مشك خواردووەدا حەشار دراون و دەکرێ زیاتریان لەسەر بنووسرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستی

سەرەكیمان ئەوەبوو كە: مامۆستا شێخ محەمەد نەسیمی مەردۆخی نزیكەی ١٤ ساڵ لە (مەدرەسەی ڕوشدییەی عەسكەرییەی سلێمانیی) مامۆستا بووە، كە من ئەم باسەم لە هیچ سەرچاوەیەكدا نەدیوە.

ئیتر نایشزانین ئەم مامۆستا خێزان و منداڵی بووە یان نا؟ هەروەها بۆ بەدبەختیی لە چارەی نووسراوە، وەك یەكێك لە مامۆستایانی بنەماڵەكە دەربارەی نووسیویە؟ منیش دەڵێم: لایەنێكی دیكەی بەدبەختیی ئەو پیاوە لە نامەكانیدا دەردەكەوێت؛ لە دەیان نامەی بنەماڵەی سنەییدا كە من بەخزمەتیان گەیشتم تەنها ئەم دوو نامەی مامۆستا شێخ محەمەد نەسیم مشك دەمی پێیان گەییوە!

**دەقی یەكێك لە دوو نامەكەی مامۆستا شێخ محەمەد نەسیم:**

**«جناب صاحبان وصاحبزادەگان گرامی فدای وجود سامی روم، دائما دعاخوان صحت امزجه شریفه میباشیم.**

**امیدست که موجب ملالی بخواطر شریفه عارض نشده ونشود، ودائما مهجوران خدمت را بنوید خوشخبر خود مسرود فرمایند.**

**پارسال جناب صاحب والامناقب از ولایت موصل حقیررا بدستخط شریف یاد فرموده، ونسخه دو طغرا مکتوب را که باعزه دولت مرقوم داشته بود برسم هدیه و داعی نوازی روانەکرده بود، بلی بقدر فهم خود حلاوت چشید و... یکطغرا مکتوب سربسته بمهر جناب سیف الدین افندی صاحبزاده که بصاحبی شیخ مصطفای ابن العم مرقوم دا... رسید، بنده هم آن روانه سنندج کردم، درماه شوال گذشته جواب آن رسید، ودر همان ماه انجواب را با... که خدمت شما وصاحب والامناقب نوشته بودم مصحوب حاجی عبدالله نام سلیمانیی که عازم سفر حجاز بود روانه خدمت... کردم، بعد ازان هم دفعه دیگر باینمضمون عریضه نگار شده، تا حال جواب وصول وناوصول آنها بمن نرسیده، نمی دانم جواب را ننوشته اند یا از طرفین مکاتیب نرسیده اند.**

**حالتحریر که یوم جمعة ٢٢ صفر المظفراست دو ماه است در لواي کرکوك مي باشم، حاصل این است: از معلمي (مکتب رشدیه سلیمانیه) استعفا نمودەام، وعلت استعفارا در عریضه[٦] مرقومه خدمت جناب مستطاب مفتي افندي تفصیل دادەام، حاجت بعرض نیست. مختصر این است: در سلیمانیة وجه معاشي براي من فراهم نمي آمد، من هم از انجا برون آمدم، بلکه درهر جا باشد بمعاش درویشانهء نائل بشوم، چون بکرکوك**

رسیدم باعانه نائب الشرع كركوك وبعض از اهالي بامر والي مدرسهء را كه مشهور بمدرسهٔ فرهاد اغلي است براي من معين كرده‌اند، ولي وارثان موقوفجات وكتبخانه آنمدرسه الآن در بغداد در محله (حيدرخانة) متوطن گشته اند، گويا باشما جوار دارند، وميشنوم اوهاهم طالب مي باشند كسي لايقي را... در مدرسهء خود بمدرّسى قرار بدهند، ولى چونكه در ميانهء من و اوها معارفهء نيست احتياج بمعرّف مى باشد، توقع دارم كه يكى از جناب شما اوهارا ملاقات فرمايند، تشويق كنند كه رضا نامهء را براى نشتن حقير مدرسه روانه دارند، و هرچه اوهارا براى بنده معين دارند من قانعم. از فرهاد دزادگان برادر بزرگ ومطاع همگى محمود آغا مى باشد، وازو كوچكتر فتاح آغا واسماعيل آغا هستند، چنانچه مى شنوم در خدمت شما معارفه دارند، در فرض كه نداشته باشند بايد شما بهر وسيلهء باشد اوهارا تشويق نمايند كه اولاده(٦) مرحوم ملا ويس مدرّس آنجا از رويهٔ علم گذشته اند، وآغايان مزبور سعى مى كنند كه حسنهء آباء واجدادشان منقطع نشود...(٧) بنده نيز طورى مى كنم كه اوها راضى باشند وممنمون شما بشوند. بايد زود جواب را براى من ارسال فرمانيد. والسلام...كم».

---

(٦) ڕەنگە (اولاد) دروستتر بێت.

(٧) لێرەدا ئەوەی بۆم نەخوێنرایەوە وەك (آە و آە) وایە.



## شوێنەوارێکی مەلا سەعید صیدقی کابان

٥٤٤

ئەم مامۆستا یەکێکە لەو مامۆستا کوردانەی کە سەرچاوەی خوێندنی لە حوجرەکانی مزگەوتەکانی سلێمانی – و رەنگە دەوروبەریشی – هەڵگرتووەو، هەر لەلای مامۆستایانی حوجرە و مزگەوت گەشەو نەشەی کردووەو، دەروون و مێشکی بەو رۆشنبیرییە زاخاو دراوە. ئەم مامۆستا دوای خوێندنی حوجرە ، کە دیار نییە ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە یان نا، لە مایسی (١٣٢٧ك ١٩١١ز)دا چووەتە کۆڕی مامۆستای قوتابخانە رەسمییەکانەوە و، وانەکانی (قرآن) و زمانی عەرەبیی، فارسیی گوتووتەوە، دوای خانەنشین بوونیشی لەسەر ئەو رێبازە رۆیشتووەو، بە دەرزوتنەوەو نووسین خزمەتی رۆشنبیریی و لاوانی سلێمانیی کردووە. لە بواری نووسیندا چەند کتێبی هەیە.

**چاپکراوەکانی**:

١– موختەصەری صەرف و نەحوی کوردیی– بەغداد ١٩٢٨.

٢– مەعلوومات دینیە– معلومات دینیة. ١٩٣٢ (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە)

**دەستنووس**:

١– هەدییەتولعیباد ئیلا سەبیلی رەشاد (هدیة العباد الی سبیل الرشاد) دوو بەرگ: ب ١، ١٩٢٥، ب ٢، ١٩٢٨.

٢– جوغرافیا ١٩٢٨.

٣– شەش هەزار مەسەلەی بیرکاریی/ ستة آلاف مسألة حسابية.

٤– قەواعیدی تەجوید. قواعد التجويد. (وەرگێڕان لە تورکییەوە).

٥– تەئریخی پۆلی سێیەم / تأريخی صنفی سێ هەم[١].

ئەمە ئەو بەرهەمانەی ئەو مامۆستایە دوای تەواوکردنی خوێندنی حوجرەو بوونی بە مامۆستای قوتابخانە ڕەسمییەکان، بەڵام دانراو یان دەستخەت یان شوێنەواری پێش ئەو مێژووەی باس نەکراوەو، وەك ئەوە وایە ئەو دەستخەت و کارانەی کە لە کاتی

(١) بڕوانە: کەمال رەئووف محەممەد، ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی، جزمی ١ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل :٤٢٩.

خوێندن و حوجرەدا نووسیونیەوە و ئەنجامی داون تێداچووبن. دەبێ لێرەدا ئەوەیش بڵێم: مامۆستا جەمال بابان ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم مامۆستای بە ساڵەکانی: ١٨٦٨– ١٩٦١ز دیاریی کردووە(٢). بەڵام مامۆستا کەمال ڕەئووف محەمەد ساڵی لە دایکبوونی بە ١٨٧٥ز داناوە.

من بۆم لوا دەستخەتێکی گەورەی ئەم مامۆستام دۆزییەوە کە لە سەردەمی فەقێتیدا نووسیویەتیەوە، لێرەدا دەستخەتەکەی بە دەستخەتخانەی کوردیی و شوێنەواری زانایانی کورد دەناسێنم، بەڵکو ئەم دەستخەتە دوا دەستخەتی ئەم مامۆستا نەبێت هەواڵی دەزانین و، شوێنەواری دیکەی لە مەلاو لا مابن و بدۆزرێنەوەو، بەوەیش ئەڵقە نەزانراوەکانی ژیانی فەقێتیی ئەم مامۆستا باشتر بزانرێن.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

ئەم دەستخەتە کتێبی (تقریب المرام في شرح تهذیب الکلام)ی دانراوی مامۆستا شێخ عەبدولقادری موهاجیرە.

دەستخەتێکی گەورەیە (٥٠٠) لاپەڕە زیاتر دەبێت، لاپەڕەی (١١) دێڕی تێدایە، پێوانەکەی (٢١× ١٤) سەرتاسەری: دەستخەتەکە بە خەتی خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعید صیدقی کابانە، حاشیەی گەلێ لە مامۆستایانی بەسەرەوەیە، لەوانە حاشیەی چروستانی، شەرحی طەوالیع ، شەرحی مەواقیف، شەرحی مەقاصید. بەشی زۆری حاشیەکانیش، کە بەخەتی مامۆستا سەعید صیدقی کابان خۆیین، حاشیەی مامۆستای پێنجوێنییە کە لەو سەردەمەدا مامۆستای پێنجوێنی خۆی لە ژیاندا بووە. دیارە ماوەیەك دوای ئەوە مامۆستای پێنجوێنی کۆچی دوایی کردووە؛ چونکە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی دەستخەتەکە نووسراوە: «قد توفي ورجع الی دار البقاء حضرة مولانا عبدالرحمن الپینجویني المحشي لهذا الکتاب، لیلة الجمعة سلخ شهر ذی القعدة الواقعة في سنة الف وثلاثمائة وتسعة عشر من هجرة سید الانام. اللهم اغفر له وادخله بحبوحة جنانك بجاه من لا نبي بعده آمین».

لە هەندێ جێگەدا جگە لە خەتی مامۆستای کابان گەلێ حاشیەی دیش بە خەتێکی دی نووسراون، بەڵام نووسەرەوەی ئەم خەتەیان ناوی خۆی نەنووسیوەو، خەتی مامۆستای کابانیش لە خەتی ئەم خۆشترە.

مامۆستا سەعید صیدقی بەم شێوە کۆتایی بە نووسینەوەی دەستخەتەکەی هێناوە:

---

(٢) بڕوانە: جمال بابان. اعلام کرد العراق. سلیمانیة، ٢٠٠٦. وزارة الثقافة لحکومة اقلیم کردستان، السلیمانیة . ص : ٣٥٦.

«الحمد لله الملك العلام، والصلاة والسلام على خير الانام، وعلى آله وأصحابه البررة الكرام، وبعد: فقد تم تحرير كتاب تقريب المرام في شرح تهذيب الكلام ، بانامل الحقير الى عفو الملك العلام، سعيد صدقى، يوم الخميس مضت سبعة ايام من ثلث الاول من ذى الحجة الحرام، سنة ١٣١٨، ببلدة سليمانية، في خدمة مولاه عرفان أفندى، مد ظله العالي والسامي، اللهم وفقه على قراءته، كما وفقته على كتابته، في قليل من الايام، وصل على حبيبك محمد سيد الاولين والآخرين، واغفر له ولوالديه ولجميع المسلمين، وعلى آله وصحبه الطاهرين الى يوم الدين آمين. برحمتك يا أرحم الراحمين، قد بدأت بكتابته اول الشعبان في تلك السنة، وختمت كتابته مع جميع حواشيه في ذلك التأريخ، وكل ذلك باعانته وحسن توفيقه. اللهم اجعلنا من الموفقين في الدارين، بجاه طه ويس».

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی داربەڕوولەییدا لە سلێمانی پارێزراوە.

ئەوە ماوە بزانین ئەو مامۆستای کە مامۆستای کابان لە لای خوێندوویەتی و زۆر بەڕێزەوە باسی کردووە کێیە؟

بەداخەوە گەلێ گەڕام بۆ بەسەرهات و مێژووی ژیانی ئەم مامۆستا شتێکی دڵخۆشکەرم دەست نەکەوت. ئەوەی کە زانراوەو تا ئێستە بە باویی ماوەتەوە مزگەوتەکەی مامۆستایە کە تیایدا مودەڕیس و مامۆستای بووەو بەناوی خۆیەوە ناوی دەرکردووەو بە مزگەوتی (بن طەبەقی عیرفان) ناسراوە. جگە لەمە مامۆستا مەلا محەممەدی قزڵجیی دەربارەی دەفەرموێ: مزگەوتی بن طەبەق، کە پێشی دەڵێن: مزگەوتی عیرفان. خضر ئاغای دەستەڵاتدار لەلای بابانییەکان دروستی کردووە. لە سەرەتای صەدەی چواردەی کۆچییەوە تا جەنگی جیهانیی مامۆستای پایەبەرز مەلا عەبدوڵڵای ناسراو بەعیرفان دەرزی تێدا گوتوەتەوە. مامۆستا عیرفان زانایەکی گەورەو ئەدیبێکی بالادەست بووە، بە زمانەکانی: عەرەبی و، فارسیی و، تورکیی و، کوردیی شیعری گووتوە. لە ماتماتیك و، ئەستێرەناسیی و گەردوونناسیدا لەسەر هەردوو رێبازی کۆن و نوێ زۆر شارەزا بووە. خەڵکی وریاکردوەتەوە بۆ کەڵك وەرگرتن لە زانستە نوێکان. خوێندنی لای مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنیی بووە[٣].

---

(٣) بڕوانە: محمد القزلجي، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، مطبعة النجاح، بغداد، ١٣٥٦هـ. ١٩٣٨م ص : ٤١.

نقصان ما تحرجت عنه مما لا عذر له تم تم تم

---

أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله

الحمد لله الملك العلام ٥ والصلوة والسلام على خير الانام ٥ وعلى آله و
اصحابه البررة الكرام ٥ وبعد فقد تم تحرير كتاب تقريب المرام ٥
في شرح تهذيب الكلام ٥ بأنامل الحقير إلى عفو
الملك العلام ٥ سعيد صديقي يوم
الخميس مضت سبعة ايام ٥
من ثلث الاول
من ذي
الحجة

الحرام سنة ١٣١٨ مبلدة سليمانية في خدمة مولانا عرفان افندي
مد ظله العالي والسامي اللهم وفقه على قراءته ٥ كما وفقتني على كتابته في قليل
من الايام ٥ وصل على حبيبك محمد سيد الاولين والآخرين ٥ واغفر لي و
لوالدي ولجميع المسلمين ٥ وعلى آله واصحابه الطاهرين ٥ إلى يوم الدين آمين
برحمتك يا ارحم الراحمين ٥ قد بدأت بكتابته اول الشعبان في تلك السنة
وختمته كتابته مع جميع حواشيه في ذلك التاريخ وكل ذلك باعانته
وحسن توفيقه اللهم اجعلنا من الموفقين في الدارين بجاه طه ويس

بەداخەوە ئەم مامۆستا کە لەو پلەو توانای زانستیی و ئەدەبەدا بووە کە مامۆستای قزڵجیی بەو شێوە باسی دەکات هیچ لە بەرهەمەکانیمان لە دەستدا نییەو، گومان لەوەدا نییە مامۆستایەك توانای ئەوەی بووبێت بە چوار زمان شیعر بڵێت و نازناوی شیعریشی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت دیوانی شیعری بووە، بەڵام ئێمە ئاگامان لە هیچی نییە. دەمێنێتەوە ئەوە بڵێم: شاعیرێکی دیمان بە هەمان نازناوی شیعریی هەیە و ژیانیشی لە ژیانی مامۆستای خاوەنی باسەکەمانەوە نزیکە و، بە عەرەبیی و، کوردیی و فارسیی شیعری هەبووەو شتێکیش لە بەرهەم و شیعری لە دەستدایە . ئەوەندە هەیە ئەم مامۆستا ناوی عەبدولحەمیدە و، لە کوردستانی ئێران بووەو لەوێیش ژیانی بەسەر بردووە[٤].

ڕەنگە لە بابەت دوور نەکەومەوە، ئەگەر پارچەیەك شیعری بڵاونەکراوەی عیرفان لەم هەڵەدا بڵاو بکەمەوە، بەڵام نازانم شیعری کام لەم دوو عیرفانەیە، ئەگەر شیعری عیرفانێکی سێیەم نەبێت.

شیعرەکان لە پەڕەیەك لەو پەڕە- پەڕە پرژو بڵاوانەی لای خۆمدان کە لەملاو لا کۆم کردوونەتەوە و هێشتا بۆیان نەکراوە یەکبخرێن. پەڕەکەی کە شیعرەکانی تێدایە پێدەچێت بەشێك بێت لە کەشکۆڵێکی کۆن کە شیرازەی پساوەو پەڕە-پەڕە بووەو، لەوانەیە بەشی زۆریشی تێدا چووبێت. من ئەوەندەم کردووە شیعرەکانم هێناوەتەوە سەر ڕێنووسیی باوی کوردیی و وێنەی دەستخەتەکەیش بڵاو دەکەمەوە بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێك شتێکی زیاتری لێ زانی یان بۆچوونی دیکەی بوو لە ساغکردنەوەی شیعرەکاندا بەشی خۆی بخاتە سەر باسەکە.

**کلام عرفان**

**قەددی شمشاڵ و تاری زوڵفی تاری لوولی لەولاوە**
**کە لەو باڵایە ئاڵاوە چە لەم لاوە چە لەو لاوە**
**یەقینم بوو کە ئەم مارو ئەویش دووپشکی جەڕاڕە**
**هەتا ئەم زوڵفی بەرداوە هەتا ئەو زوڵفی هەڵداوە**
**مەگەر تۆ چاوەکەم چاوی منی وا پەردەیی ئاڵت**

---

(٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی چوارەم، چاپخانەی (الخنساء) بغداد. ساڵی ٢٠٠٢ ل: ١٤٠.

**بە ڕۆژو شەو لە ڕووی میرئاتی ئەو ڕوخسارە کێشاوە؟**
**خـەیـاڵـی مـیـهری ڕوخسارت لـە دڵدا تـا طولووعی کرد**
**شەفـەق وەك ڕەنـگـی لا لـە نـێوچـاوانت هـەڵستـاوە**
**لە عەکسی ڕوومەتت – قوربان– فەضای چاوم گوڵستانە**
**وەرە ئەی نەوگوڵی گوڵزارە نێو گوڵزاری ئەم چاوە**
**عەجەب نەزهـەتگەهێکی خوڕەم و پاراو و گوڵگەشتە**
**لـەلایـێ عـەیـنـی سەرچـاوە، لـەلایـێ سەیل و لێشاوە**
**بـەڵـێ خـەڵوەتگـەهـی یـارە، مـەقـامـی خـاص و دڵدارە**
**لـە بـۆ حـیـرمـانـی ئـەغـیـارە حیـجـابـی ئـاڵـی داداوە**
**مەکەن لۆمەی دڵی مەفتوونی (عیرفان) گەر بناڵێنێ**
**کە بەو موژگانی وەك پەیکانی ئەو فەتتانە پێکیاوە**
**لە تاوی شەعشەعەی ڕوخساری عالەمتاوی سووتاوە**
**لـە سەودای سیسیلـەی زوڵفـی پـەرێشانـی پـەرێشاوە!**

دوای نووسینی ئەم بابەتە لە ناو دەستخەتەکانی مامۆستا ئیسماعیل سپیندارەییدا کەشکۆڵێکی شیعری نایابم دی کە بە خەتی مامۆستا سەعید صیدقی کابانە، هەروەها لەوەیشەوە گومانم بۆ ئەوە چوو کە ئەو کەشکۆڵە گەورەی ناوی (کەشکۆڵی بێ ناو)م بۆ داناو یەکێکە لە کەشکۆڵە گەورەو نایابەکانی دەستخەتخانەی کوردیی و لە ٥٠٠ لاپەڕە زیاترە بەدەستخەتی مامۆستا سەعید صیدقی کابانی دەزانم(٥).

---

(٥) باسی ئەم دوو کەشکۆڵەم لە بەرگی یەکەمی (ئەلبوومی کەشکۆڵ)دا کردووە.

# بابەت و سەرباسەکانی بەرگی هەشتەم


وتەیەك ..... ٥

پیتی ئەلف ..... ٥

پیتی بێ ..... ٦

پیتی دال ..... ٧

پیتی سین ..... ٨

پیتی قاف ..... ٨

پیتی کاف ..... ٨

پیتی هێ ..... ٩

لە خزمەتی دەستخەتی قورئانی پیرۆزدا ..... ١١

قورئانی دەستخەتی سیروزی ..... ١٣

قورئانە دەستخەتەکەی شێخ عەبدوڵڵای ئەلی پەکانی ..... ١٦

قورئانە دەستخەتەکەی بنەماڵەی شێخ محێدینی کەرکووك ..... ١٨

قورئانی دەستخەتی مصطەفای ئەییووبی– یەکەم ..... ٢١

قورئانی مصطەفای ئەییووبی– دووەم ..... ٢٤

قورئانی بابا محەمەدی ئەسکۆیی ..... ٢٧

قورئانی دەستخەتی قازیی زادەی ئەییووبی ..... ٢٨

قورئانی مەعرووفی سابڵاخی ..... ٣١

قورئانی مامۆستا محەمەدی مصطەفا ..... ٣٤

قورئانی یەحیای خەولانی ..... ٣٩

قورئانی محەمەد حەسەن ..... ٤٢

قورئانی ئیسماعیل حەقی ..... ٤٣

قورئانی سولەیمانی کوردیی کاتڕاگری مزگەوتی پێغەمبەر –د– ..... ٤٦

قورئانی دەستخەتی عوثمانی خەرپووتی ..... ٤٩

قورئانی محەمەد حەسەنی دیاربەکری ..... ٥٢

قورئانی بەکر صیدقی ..... ٥٥

قورئانی عوثمانی کوردی ..... ٥٧

قورئانی شێخ سەعدوڵڵای مەردۆخی ..... ٦٠

نامەیەکی محەمەد عەلی عەونیی بۆ حەفصەخانی نەقیب ........ ٦١
چەند دانراوێکی مامۆستا شیخ عومەری قەرەداغی ........ ٦٧
منیحة الاحباب علی صفیحة الاسطرلاب ........ ٦٩
الدرة المنجیة علی فرائض القزلجیة ........ ٦٩
دانراوێکی شێخ عەبدوڵڵای قوطبی قەرەداغی ........ ٧٠
حامیدی قەرەداغی کێیە؟ ........ ٧٢
نموونەی شیعری حامید ........ ٨٠
حسەینیەی شێخ عومەری قەرەداغیی ........ ٨٥
حاشیەی قزڵجی بەسەر تەصریفی مەلا عەلییەوە ........ ٨٨
حاشیەی قزڵجی بەسەر (الفوائد الضیائیة)ەوە ........ ٨٨
دانراوێکی مامۆستا مەلا محەمەدی تورجانی ........ ٨٩
مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی داودی گەرەوی ........ ٩١
ئیجازەکانی مامۆستا ........ ٩٢
حەجکردنی ........ ٩٤
ڕووداوێکی مێژوویی ........ ٩٦
باوکی مامۆستا مەلا ئەحمەدی گەرەوییە ........ ٩٧
الرسالة الشهیرة بسیف الله القاطعة ........ ٩٩
مەجمەر شاعیرێکی نەناسراوی کوردە ........ ١٠٠
باسێکی دەستخەتەکە ........ ١٠١
بەشی کوردیی ........ ١٠٢
بەشی عەرەبی ........ ١٠٣
بەشی فارسی ........ ١٠٤
(الشافیة البلیة)ی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر ........ ١٠٨
پرۆژەی کۆکردنەوەی نامەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ........ ١١٢
نامەی یەکەم ........ ١١٤
نامەی دووەم ........ ١١٦
بانگەوازێك ........ ١١٦
نامەیەکی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بۆ مامۆستا عەلادین سوجادی ........ ١١٧
باجی سەرەوەی و تاجی سەروەری ........ ١١٩

دوای کۆچی دواییشی ........ ١٢٦
دوا خاڵ ........ ١٣١
(انذار الاخوان)ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیف ........ ١٣٢
منیش دەربارەی بەرهەمە ٧٠٠ لاپەڕەییەکەی مەولەوی قسەم هەیە ........ ١٣٤
باسێکی دەستخەتەکە ........ ١٣٥
دوا بەڵگە ........ ١٤٠
پەراوێزێك ........ ١٤١
مەولەویی یەکەم مەولەویی دووەم ........ ١٤٢
مەولەوی و دەستخەتەکەی ........ ١٤٥
خاتمة الکتب بالخیر والصواب ........ ١٤٧
دعاء للامیر صاحب البر والاحسان امان الله خان ........ ١٥٠
دۆزینەوەی دانراوێکی مەولەویی بە پەخشانی کوردی ........ ١٥٥
باسێکی دەستخەتەکە ........ ١٥٨
نامە و مۆر و ئیمزای مەولەوی ........ ١٦٨
مەولوود نامەی مامۆستا مەلا محەمەد عەلی حیسامەدینی هەولێری ........ ١٧١
مەولوود نامە ........ ١٧٤
باسێکی دەستخەتەکە ........ ١٧٤
شوێنەواری دی ........ ١٧٦
چەند زانیارییەکی پەراگەندە ........ ١٧٧
پێشتر دەستخەت چۆن بە دەست هێنراوە و ئێستەیش چۆن بایەخی پێ دەدرێت؟ ........ ١٨١
دەقی نامەکەی وەك خۆی ........ ١٨٣
سەرچاوەیەکی دیکەی کەلەپووری ئەدەبی کوردی (کەشکۆڵی نەناسراو) ........ ١٨٥
باسێکی دەستخەتەکە ........ ١٨٦
دەستخەتی (١٠/ع) ئەم چەند زانیارییەی تێدایە ........ ١٩٠
سەماو زەمین ........ ١٩٠
کەشکۆڵی گەرمیانیش سەرچاوەیەکی کەموێنەی ئەدەب و کەلەپووری کوردییە ........ ١٩١
نموونە گەلێك ........ ١٩٧
شێخ رەضا ........ ١٩٨
شوکری فەضلی لە دژی پارچە شیعرەکەی شێخ ڕەزا ........ ١٩٩

گریانی ........ ٢٠٠
فرمودن میرزا محمد خلیل شاعر سنة ١٣١٢ ........ ٢٠١
نامەی گریانی بە هۆی شەوقیی سەیید ئەمینەوە ........ ٢٠٥
کاتب الاشعار ........ ٢٠٦
ئەگەر کەس پێ لە هەڵەی خۆی نەنێت دەبێ قەڵەمەکانی ڕەخنە بشکێنرێن ........ ٢١٢
چەند ڕووداوێکی مێژوویی ........ ٢١٧
چەند زانیارییەکی دی ........ ٢٢٣
ڕووداوی مێژوویی ........ ٢٢٤
خورشید و خاوەر ........ ٢٢٥
وەفاتنامەی پێغەمبەر –ص– ........ ٢٢٥
شیرین و فەرهاد ........ ٢٢٦
سیرة النبي –ص– بە فارسیی ........ ٢٢٧
(رفع الحاجب في شرح اثبات الواجب) ........ ٢٢٨
باسێکی دەستخەتەکە ........ ٢٢٩
(تتميم المرام) ........ ٢٣٣
چەند دانراوێکی لە عەقائید (عیلمی کەلام)دا ........ ٢٣٣
سەیید و سێنان: سێو سێنان بە پەراوێزی دەستخەتێکەوە ........ ٢٣٦
با لە دەرەوەی وڵات خەمێکی ناڵی بخوێین ........ ٢٤٠
لە ڕوانگەی وتارەکەی د. عەبدوڵڵا حەدادەوە ........ ٢٤٩
دوا وتەم ........ ٢٥٠
مەولەوی و سەودایی و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەك لە دیوانی مەولەوییدا ........ ٢٥١
سەرچاوەکانی ئەم باسە ........ ٢٥٤
شیوەنی داخی بۆ مەولەوی ........ ٢٥٦
سێ پارچە شیعر ........ ٢٥٨
وەڵامێك بۆ ئەنوەر قادر محەمەد ........ ٢٦٢
گلەیییەك و ڕێنومایییەك ........ ٢٦٨
شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە پەردەی بووك و زاواییدا ........ ٢٧٠
باسێکی دەستخەتەکە ........ ٢٧٣
کلام شێخ رضا درهنگامی کە زفاف باحلیلەء خود نمود ........ ٢٧٦

خاڵی یەکەم بە پەراوێزی دیوانی شێخ ڕەزاوە ........ ٢٧٨
دەقی بەیتەکان ........ ٢٨٢
خاڵی دووەم ........ ٢٨٣
کاریگەریی دەستخەتەکانی مامۆستایانی کورد لە نووسینەوەی مێژووی کورد و... ........ ٢٨٦
سەرەتایەکی کورت ........ ٢٨٦
دوای ئەمانە ........ ٢٩٢
بۆ نموونە ........ ٢٩٣
چەند ڕووداوێکی مێژوویی لە پەنای دەستخەتێکدا واقعە و قصە گذشتە ........ ٢٩٩
ڕووداو و چیرۆکەکانی ڕابوردوو ........ ٣٠٤
گەشتێك بە کەشکۆڵێکدا ........ ٣٠٧
مەولەویی و پەخشانی کوردیی ........ ٣١٠
باسێکی دەستخەتەکە ........ ٣١٠
ئەمەیش ناوەرۆکی دەستخەتەکە بەکورتیی ........ ٣١١
فیهرستی ئەو دوای کەشکۆڵەکە بەم شێوەیە ........ ٣١٢
دیارییەك لە کەشکۆڵەکەوە ........ ٣١٣
حاجی محەمەدی تیلەکۆ ........ ٣١٤
للسیف الشافعي ........ ٣١٤
بەرەو (گۆڤاری بەڵگەنامەکانی کوردستان) ........ ٣١٦
بەڵگەنامە کامەیە؟ ........ ٣١٧
چەند سەرنجێك ........ ٣١٨
شێوەی سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامە ........ ٣٢٠
باسێکی دەستخەتەکە ........ ٣٢٣
ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە ........ ٣٢٣
دەقی بەڵگەنامەکە ........ ٣٢٤
لە کۆتاییدا ........ ٣٢٧
شوێنەوارێکی دیکەی عەبدولعەزیزی بەردەڕەشیی بانەیی ........ ٣٢٩
باسێکی دەستخەتەکە ........ ٣٣٠
ئینجازە نامەکانی تەریقەتیش بەڵگە گەلی مێژووی ناودارانی کوردن ........ ٣٣٤
پوختەی ناوەرۆکی بەڵگەنامە فارسییەکە ئەوەیە ........ ٣٣٦

دەقی بەڵگەنامەکە وەك خۆی ..... ٣٣٧
بەرەو دیوانی شێیخ شەهاب ..... ٣٤٠
شێخ شەهاب ..... ٣٤١
سەرچاوەی ئەم شیعرانە ..... ٣٤٢
مەلا محەمەدی قازیی پێنجوێن ..... ٣٥٣
بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە ..... ٣٦٨
یەکەمە کوردەکان ـ کوردە یەکەمەکان ..... ٣٧٣
شایەتیی تۆمارکراو لە مێژوودا ..... ٣٧٤
شایەتیی بە بینین و بە شوێنداچوونی شوێنەوار ..... ٣٧٥
بواری چاپخانە و بڵاوکردنەوەی کتێب ..... ٣٧٨
مامۆستا شێخ محەمەد نەسیمی سنەیی ..... ٣٨٠
شوێنەوارێکی مەلا سەعید صیدقی کابان ..... ٣٨٧